# ڕۆڵی میتافۆر لە دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیدا

پ.ی.د. ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا فەتحوڵڵا

٢٧١٤کوردی ٢٠١٤زاییینی

ناوی کتێب: ڕۆڵی میتافۆڕ لە دەوڵەمەندکردنی زمانی کزردیدا

بابەت: زمانەوانی

نووسینی: پ.ی.د. ڕۆژان نوری عەبدولا

بەرگ ئیبراهیم ساڵح

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٢٤-

تیراژ: ٥٠٠ دانە

شوێنی چاپ: چاپخانەی چوارچرا

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەسپاردنی (١٨٩٨ ) ساڵی ٢٠٢٤ ی پێدراوە

بسمِ اللهِ الرَّحمَنِ الرَّحِيمِ

﴿ وَلَو كُنتَ فَظًا غَلِيظَ ٱلقَلبِ لَٱنفَضُّواْ مِنۡ حَولِكَ ﴾

سورة الـ عمران الاية (١٥٩)

ئـەم کتێبـە، لـە بنچینـەدا تێزێکـی دکتۆرایـە، لـە بـواری ( واتاسـازی - پراگماتیک)، لەساڵی (٢٠١٣ ـ ٢٠١٤)دا، پێشکەشـی بەشـی زمـانی کوردی، کۆلێژی زمـانی زانکـۆی کۆیـە کـراوە، بەسەرپەرشـتی (پ.د.بـەکر عومـەر عەلی)، بە ناونیشانی (ڕۆڵی مێتافۆر لە دەوڵەمەندکردنی زماندا)، بـە پلـەی نایاب وەرگیراوە، لیژنەی گفتوگۆکردن لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێکهاتووە: فەرەیـــدون عەبـــدول محمـــد بەرزنجی(پرۆفیســـۆر)، صـــباح رشـــید قادر(پرۆفیسۆری یاریدەدەر)، طالب حسـین علی(پرۆفیسۆری یاریدەدەر)، عبـدوالوهاب خالـد موسی(پرۆفیسـۆری یاریـدەدەر)، عمـر محمـود کـریم (پرۆفیسۆری یاریدەدەر)، بەکر عمر علی(پرۆفیسۆر).

**پێشکەشە بە:**

- ❖ **دایک و باوکی بەڕێز و خۆشەویستم، هیوای تەندروستی و تەمەن درێژییان بۆ دەخوازم.**
- ❖ **خوشک و برا ئازیزەکانم.**
- ❖ **هاوژین و هاوڕێی ژیانم.**
- ❖ **هەموو ئەو مرۆڤانەی، کە بە دڵسۆزییەوە خزمەتی نەتەوە و زمانی کوردی دەکەن.**

# پێڕستی ناوەڕۆک


| کۆدی ژمارەیی | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ٠) | **پێشەکیی** | ١٠ |
| ١\٠) | **بەشی یەکەم:** میتافۆرو گۆڕانی واتا | ١٤ |
| ١\١) | دەروازە | ١٤ |
| ١\٢) | چەمک و ناساندنی میتافۆر | ١٥ |
| ١\٢ـ١) | چەمک و زاراوەی زمانەوانی درکپێکردن | ٣٢ |
| ١\٢ـ٢) | میتافۆری چەمکی | ٣٥ |
| ١\٢ـ٢ـ١) | تیۆری کارلێکی | ٣٧ |
| ١\٣) | میتافۆر وگۆڕانی واتا | ٤١ |
| ١\٣ـ١) | هۆکارەکانی گۆڕانی واتا | ٦٠ |
| ١\٣ـ١ـ١) | هۆکاری کۆمەڵایەتی و مێژوویی | ٦١ |
| ١\٣ـ١ـ٢) | دۆخی گوێزانەوەی زمان | ٨٧ |
| ١\٣ـ١ـ٣) | هۆکاری زانستی و داهێنان | ٨٩ |
| ١\٣ـ١ـ٤) | پێویستی ناولێنان | ٩٠ |
| ١\٣ـ١ـ٥) | پڕوپاگەندە | ٩١ |
| ١\٣ـ١ـ٦) | هۆکاری دەروونی(تابۆ) | ٩٢ |
| ١\٣ـ١ـ٦ـ١) | تابۆی سێکسی | ٩٤ |
| ١\٣ـ١ـ٦ـ ٢) | تابۆی ئاینی و کۆمەڵایەتی | ٩٥ |
| ١\٣ـ ١ـ ٦ـ٣) | تابۆی ترس | ٩٥ |
| ١\٣ـ ١ـ ٦ـ٤) | تابۆی ڕامیاری و سیاسی | ٩٦ |
| ١\٣ـ١ـ٦ـ٥) | پۆشین | ٩٧ |
| ١\٣ـ١ـ٦ـ٦) | بەکارهێنانی وشەی نهێنی | ٩٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ١١/٣ـ١ـ٦ـ ٧) | زیادەڕەویی | ٩٨ |
| ١١/٣ـ١ـ٧) | ئایین | ٩٩ |
| ١١/٣ـ١ـ٨) | هۆکاری زمانیی | ١٠٠ |
| ١١/٣ـ١ـ٩) | هۆکاری ڕەوانبێژیی(کورتبڕی و درێژبڕی) | ١٠١ |
| ١١/٣ـ١ـ١٠) | گۆڕانی واتا بەهۆی تاکە کەسەوە | ١٠٣ |
| ١١/٣ـ٢) | تایبەتمەندییەکانی گۆڕانی واتایی | ١٠٣ |
| ١١/٤) | شێوەکانی گۆڕانی واتا | ١٠٤ |
| ١١/٤ـ١) | تەسکبوونەوەی واتا | ١٠٤ |
| ١١/٤ـ ٢) | فراوانبوونی واتا | ١٠٨ |
| ١١/٤ـ٣) | نزمبوونەوەی واتا | ١١٤ |
| ١١/٤ـ٤) | بەرزبوونەوەی واتا | ١١٥ |
| ١١/٥) | مێتافۆر و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی زمان | ١١٨ |
| ١١/٥ـ١) | بەکارهێنانی وشەی تاک(سادە) | ١٢٢ |
| ١١/٥ـ٢) | لێکدان و مێتافۆر | ١٢٣ |
| ١١/٥ـ٣) | بەپێکهاتەبوون | ١٢٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ١١/٥ـ٤) | داڕشتن | ١٢٥ |
| ١١/٥ـ٥) | پۆلگۆڕین | ١٢٦ |
| ١١/٥ـ٦) | وەرگرتنی زاراوە | ١٢٦ |
| ١١/٥ـ٧) | ڕێبازی شوێنکەوتوویی و پێوانەسازی | ١٣٠ |
| ١١/٥ـ٨) | موتوربەکردن | ١٣١ |
| ١١/٥ـ٩) | داتاشین | ١٣١ |
| ١١/٥ـ١٠) | ڕێبازی وەرگێڕانی مێتافۆر | ١٣٢ |
| ١١/٥ـ١١) | بچوککردنەوە | ١٣٣ |
| ١١/٥ـ١٢) | داهێنان | ١٣٤ |
| ١١/٥ـ١٣) | لاساییکردنەوە(وشە دەنگییەکان) | ١٣٤ |
| ١١/٥ـ١٤) | وشەی کورتکراوە | ١٣٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ١١\٥ـ١٥) | ئەکرۆنیم | ١٣٦ |
| ١١\٥ـ ١٦) | ڕێگای تێکەڵکردن و تێکهەڵکێشکردن | ١٣٦ |
| ١١\٥ـ١٧) | بنجەوانی میللی | ١٣٦ |
| ١١\٥ـ١٨) | جێگۆڕکێی ڕەوانبێژی | ١٣٧ |
| ١٢\٠) | بەشی دووەم: مێتافۆر لە وشەی فەرهەنگیدا | ١٣٩ |
| ١٢\١) | سیاق و کۆتبەند لە گواستنەوەی واتادا | ١٣٩ |
| ١٢\١ـ١) | جۆرەکانی سیاق ـ دەوروبەر | ١٤٧ |
| ١٢\١ـ٢) | سیاقی زمانیی | ١٤٧ |
| ١٢\١ـ٢ـ١) | دەوروبەری فۆنۆلۆجی | ١٤٨ |
| ١٢\١ـ٢ـ٢) | دەوروبەری مۆرفۆلۆجی | ١٤٩ |
| ١٢\١ـ٢ـ٣) | دەوروبەری سینتاکسی | ١٤٩ |
| ١٢\١ـ٣) | دەوروبەری نازمانی | ١٤٩ |
| ١٢\١ـ٣ـ١) | سیاقی بارودۆخ (بار) | ١٤٩ |
| ١٢\١ـ٣ـ٢) | سیاقی سۆزداری و دەروونی | ١٥٠ |
| ١٢\١ـ٣ـ٣) | سیاقی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی | ١٥١ |
| ١٢\١ـ٣ـ٤) | سیاقی بابەت | ١٥١ |
| ١٢\١ـ٣ـ٥) | سیاقی فیزیکی | ١٥٤ |
| ١٢\١ـ٣ـ٦) | سیاقی پێگە و بۆنەی ئاخاوتن | ١٥٤ |
| ١٢\٢) | هێمای بابەت (اشارة الموضوع) | ١٥٨ |
| ١٢\٢ـ١) | ئاماژەی ڕەمزیی | ١٥٩ |
| ١٢\٢ـ٢) | ئاماژەی ئەزموونیی | ١٥٩ |
| ١٢\٢ـ٣) | ئاماژەی شارستانیەتی | ١٦٠ |
| ١٢\٢ـ٣ـ١) | مێتافۆر و زمانی جنێوفرۆشی | ١٧٧ |
| ١٢\٣) | سیاق و هێزی نائاخاوتن | ١٧٩ |
| ١٢\٣ـ١) | فرەواتایی | ١٨٣ |
| ١٢\٣ـ٢) | هاوبێژیی | ١٨٧ |
| ١٢\٣ـ٣) | هاوواتا | ١٩٠ |
| ١٢\٤) | کۆتە زمانیی و واتاییەکان | ١٩٣ |
| ١٢\٤ـ١) | کۆتی ڕێزمانی | ١٩٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢\٤ـ٢) | کۆتی شیکردنەوەی ڕێزمانیی | ٢٠١ |
| ١٢\٤ـ٣) | کۆتی پێکهاتەیی | ٢٠٢ |
| ١٢\٤ـ٤) | کۆتی فەرهەنگیی | ٢٠٤ |
| ١٢\٤ـ٥) | کۆتی لۆجیکی | ٢٠٤ |
| ١٢\٥) | سیاق و بەکارهێنانی کۆت | ٢٠٧ |
| ١٢\٦) | پەیوەندییە زمانییەکان | ٢٠٨ |
| ١٢\٦ـ١) | بەزاندنی کۆتەکان و داهێنانی واتایی | ٢١٢ |
| ١٢\٦ـ١ـ١) | پێکچوونی مەعنەوی | ٢١٢ |
| ١٢\٦ـ١ـ ٢) | هەستگۆڕکێ | ٢١٣ |
| ١٢\٦ـ١ ـ٣) | هاوسێیەتی | ٢١٣ |
| ١٢\٧) | ڕۆڵی یارییەکان لە دروستبوونی مێتافۆردا | ٢١٧ |
| ١٢\٨) | گواستنەوەی واتا | ٢١٨ |
| ١٢\٩) | پارادایم و بەشەکانی ئاخاوتن | ٢٢٥ |
| ١٢\٩ ـ١) | پارادایمی ناوی | ٢٢٥ |
| ١٢\٩ ـ٢) | پارادایمی جێناو | ٢٢٦ |
| ١٢\٩ـ٣) | پارادایمی بەراورد | ٢٢٦ |
| ١٢\٩ـ٤) | پارادایمی داڕشتن و لێکدان | ٢٢٨ |
| ١٢\٩ ـ ٤ـ١) | ناو | ٢٢٩ |
| ١٢\٩ ـ٤ـ١ـ١) | ناوی داڕێژراو | ٢٣٢ |
| ١٢\٩ـ٤ـ١ـ٢) | ناوی لێکدراو | ٢٣٥ |
| ١٢\٩ـ٥) | کار | ٢٣٩ |
| ١٢\٩ـ٥ـ١) | کاری داڕێژراو | ٢٣٩ |
| ١٢\٩ـ٥ـ٢) | کاری لێکدراو | ٢٣٩ |
| ١٢\٩ـ ٦) | ئاوەڵناو | ٢٤٠ |
| ١٢\١٠) | مۆڕفۆسینتاکس | ٢٥٣ |
| ١٣\٠) | بەشی سێیەم: مێتافۆر لە دەقدا | ٢٥٥ |
| ١٣\١) | دەستپێک | ٢٥٥ |
| ١٣\٢) | چەمک و پێناسەی دەق | ٢٥٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣\٣) | جۆرەکانی مێتافۆر | ٢٧٥ |
| ٣\٣-١) | خواستن | ٢٧٥ |
| ٣\٣-٢) | خواستنی درکاو | ٢٨١ |
| ٣\٣-٣) | خوازەی بەڕڵڵا | ٢٨٤ |
| ٣\٣-٤) | مێتافۆرە باوەکان(سواوەکان) | ٢٨٧ |
| ٣\٤) | ئاماژە - هێما - مێتافۆر | ٢٨٧ |
| ٣\٤-١) | ئەرکی سیمیۆتیکی مێتافۆر | ٢٩٤ |
| ٣\٤-١-١) | مێتافۆر وئەرکی نیشانەیی بۆ یەکەکانی شوێن | ٢٩٤ |
| ٣\٤-١-٢) | مێتافۆر و ئەرکی نیشانەیی بۆ یەکەکانی کات | ٢٩٦ |
| ٣\٤-٢) | بنەما لۆجیکییەکانی لێکدانەوە | ٣٠١ |
| ٣\٥) | مێتافۆر لە شیعردا | ٣٢٤ |
| ٣\٥-١) | وێنەی شیعری | ٣٢٧ |
| ٣\٥-٢) | بەشەکانی ئاخاوتن | ٣٨٠ |
| ٣\٥-٢-١) | ناو | ٣٨٠ |
| ٣\٥-٢-٢) | کار | ٣٨٦ |
| ٣\٥-٢-٣) | ئاوەڵناو | ٣٨٧ |
| ٣\٦) | مەبەستەکانی مێتافۆر لە شیعردا | ٣٩٢ |
| ٣\٧) | ناونیشانی چیرۆک | ٣٩٦ |
| ٣\٨) | مێتافۆر لە وتاردا (ڕۆژنامە و گۆڤار) | ٤٠١ |
| ٣\٨ -١) | ناونیشانە دەقی وتار | ٤٠٧ |
| ٣\٩) | مێتافۆر لە ئەدەبی تەنزدا | ٤١٠ |
| ٣\١٠) | دەقی ئیدیۆمی | ٤١٨ |
| ٣\١١) | پەندی پێشینان | ٤١٨ |
| ئەنجامەکان | | ٤٢٢ |
| سەرچاوەکان | | ٤٢٦ |

## ١\١٠) پێشەکیی:

ئەم کتێبە، بەناونیشانی((**ڕۆڵی مێتافۆر لە دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیدا**))یە، باس لە دیاردەی مێتافۆر، وەک هۆکارێک بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان دەکات، تێڕوانینی کلاسیکی و تێڕوانینی تیۆرییە نوێیەکان، لەبارەی مێتافۆرەوە بەرباس دەخرێن.

لە ئاستی واتا (سیمانتیک ـ پراگماتیک)ی زماندا، لێکۆڵینەوە لەم دیاردەیە دەکات، بەڵام هەندێکجار بەپێی پێویست سود لە ئاستەکانی دیکەی وەک سینتاکس و فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجیش وەرگیراوە و لێکۆڵینەوەکە پێویستیی خۆی لەم ئاستانەدا دەبینێتەوە.

لە چوارچێوەی دیالێکتی کوردی ناوەڕاستدا، باس لە مێتافۆر و دەوڵەمەندبوونی زمان و هۆکارەکانی پەرەسەندنی واتایی و بوارە پڕاکتیکییەکانی بەکارهێنانی مێتافۆر دەکات.

**کەرەستەی لێکۆڵینەوەی ئەم کتێبە:** ئاخاوتنی ڕۆژانەو شیکردنەوە و خستنەڕووی دەربڕینە مێتافۆرییەکانە لە سیاقە جۆراوجۆرەکانی بەکارهێناندا، هەروەها سود لە دەقە نوسراوەکانی وەک شیعر و چیرۆک و وتاری ڕۆژنامە وەرگیراوە، لەبەرئەوەی لەم پەرتوکەدا، مێتافۆر بە واتایەکی فراوان بەکارهاتووە، هەموو لقەکانی وەک: خوازە و خواستن و لێکچواندن و درکە و ...هتد. دەگرێتەوە، هەروەها تیشک خراوەتە سەر ئەو وشانەی کە لە ڕەگە بنچینەییەکانەوە دەبنەوە و لە دایک دەبن و مێتافۆر دروست دەکەن.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

ڕێبازی وەسفی ـ شیکاریی، لە چێوەی ئاستی واتا(سیمانتیک ـ پڕاگماتیک)دا پەیڕەوکراوە. واتە گرینگی بەو مێتافۆرانە دەدات، کە لە زمانی ئەمڕۆی کوردیدا وەک سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، لەلایەن قسەکەر ان و نوسەرانەوە، بەکاردێن.

## هۆی هەڵبژاردن:

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، بریتی بوو لەوەی، کە زمان هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن. لە هەردوو بواری زانستی _ تیۆری و کارەکیدا زانیاری و ئەزموونەکانی ژیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازێتەوە، دیاردەیەکی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە، بەهۆی زمانەوە مرۆڤایەتی گەشە دەکات و شارستانیەتی پەرەدەسەنێت و بیری مرۆڤیش پێشدەکەوێت.

پەرەسەندن و دەوڵەمەندبوونی زمان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، پێویستە گرینگی پێبدرێت و داهێنانە زۆر و خێراکانی ئەم سەردەمە، بۆ دەربڕینی چەمک و واتاکان پێویستی بە زمانێکی پەرەسەندوو هەیە. چەمکی دەوڵەمەندبوون تەنیا پەیوەندی بە بواری ئابورییەوە نییە، بەڵکو، پەیوەندی بە هەموو بوارەکانی دیکەی ژیانەوە هەیە و لە هەموو بوارە زانستی و بیرییەکاندا دامەزراوەی تایبەت بەم بوارە هەیە. پەرەسەندن چەمکێکە پەیوەندی بە گۆڕانەوە هەیە، هەوڵدەدات بارودۆخی ژیان و کۆمەڵگا باشتر بکات، مرۆڤ خۆی سەرچاوەی سەرەکی پەرەسەندن و پێشکەوتنە.

زمانی کوردی ئەمڕۆ بە قۆناغێکی باشی گەشەسەندن و پێشکەوتندا تێدەپەڕێت، بووە بە زمانی پەروەردە و فێرکردن و زمانی کارگێڕی و ڕامیاریی و زمانی دادگا و یاسادانان و چەندین بواری دیکە، دیاردەی میتافۆریش بەڕێژەیەکی فراوان لەلایەن قسەکەرانی ئەم زمانەوە بەکاردەهێندرێت، بەشێوەیەک لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و سەرجەم بوارەکانی دیکەدا زۆربەی وشە و دەربڕینەکان سەرەڕای واتای بنەڕەتی خۆیان بە واتای خوازراو و میتافۆریش بەکاردێن، لێرەدا گرنگیی میتافۆر و چۆنیەتی بەکارهێنانی، لە بواری زاراوەسازیی و سەرجەم بوارەکانی دیکەی زماندا دەردەکەوێت، ڕەنگدانەوەی میتافۆر لە ئاخاوتندا، دەبێتە یەکێک لە ڕەهەندەکانی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمان.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

ئامانجی ئەم پەرتوکە، هەوڵێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەی میتافۆر و ئەو ڕۆڵەی کە لە دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زماندا دەیبینێت، هەروەها مەبەستمان زیاتر ئاشنابوونە بەو دەربڕینە میتافۆرییانەی، کە لە بوارە جیاجیاکانی زماندا بەکاردێن و لە ڕووی چەمک و واتاوە زمان دەوڵەمەند دەکەن. دیاردەی میتافۆر لە زمانە پێشکەوتووەکاندا، گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت وچەندین لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری لە بارەوە کراوە، هەرچەندە تێڕوانینە دێرینەکان، میتافوریان بە بەشێک لە ئەدەب دادەنا و لە چوارچێوەی ئەدەبەوە لێکۆڵینەوەیان لەم دیاردەیە دەکرد، بەلاَم ئەم لێکۆلینەوەیە، ئەو بیروبۆچوونانە ڕەت دەکاتەوە، کە میتافۆر تەنیا ئامرازێکی جوانکاری ئەدەبی بێت، لەزمانەوانی نوێدا، میافۆر بە بەشێک لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان دادەندرێت و گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە:**

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە، کە بە شێوەیەکی فراوان باس لە کاریگەری و ڕۆڵی میتافۆر لە پەرەسەندن و دەوڵەمەندبوونی زمان و هۆکارەکانی گۆڕان و شێوەکانی گۆڕان و ڕێگاکانی دەوڵەمەندبوونی زمان دەکات، لەم ڕوانگەیەوە لە میتافۆرمان کۆڵیوەتەوە، کە تایبەتە بە زمانی کوردی و میتافۆر وەک دیاردەیەکی زمانیی سەیرکراوە و بە بەشێک لە زمان دادەندرێت و لەناو زمانەوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت . گرنگییەکی دیکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لەوەی، کە بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی وشە، لە سیاقی جیاوازدا ڕووندەکاتەوە، هەروەها دەربڕینە میتافۆرییەکان، بە بوارەکانی ئاخاوتن و ئەدەب، بەتایبەتی شیعرو ڕاگەیاندن و وتاری ڕۆژنامە و بزوتنەوەی نەتەوەیی وکۆمەلاَیەتی و ئاینی و کارگێڕی و چەند بوارێکی دیکەوە دەبەستێتەوە، بەکارهێنانی میتافۆر لە هەریەکێک لەم بوارانەدا دەبێتە هۆی پەرەسەندنی زمان و بوژانەوەی فەرهەنگی زمان. هەروەها هەوڵدەدات، وەلاَمی ئەو پرسیارەش بداتەوە، کە میتافۆر چ ڕۆڵێکی لە سیستەمی بیرکردنەوەی مرۆڤدا هەیە؟

**لێکۆڵینەوەکە**، لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە: **بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە**، تایبەتە بە ناساندنێکی کورتی گۆڕانی واتا و هۆکارەکانی گۆڕانی واتا، دواتر باسی تایبەتمەندییەکانی گـــۆڕانی واتامـــان کـــردووە، لە تەوەرەی دووەمـــدا، کە بە ناونیشـــانی (شێوەکانی گۆڕانی واتایە )، باس لەم بابەتانە کراوە:(تەسکبوونەوەی واتا، فراوانبوونی واتا، نزمبوونەوەی واتا، بەرزبوونەوەی واتا )، کە هەریەکەیان دەبنە هۆی پەرەسەندنی واتایی، لە تەوەرەی سێیەمدا، کە بە ناونیشانی (ڕێگاکانی دەوڵەندبوونی زمانە)، باسی چەند ڕێگایەک کراوە، وەک:( لێکدان، داڕشتن، داتاشین، ئەکرۆنیم، کورتکردنەوە، بنجەوانی میللی، جیگۆڕکێی ڕەوانبیـژی، بە پێکهـاتەبوون،...هتـد)، **بـەشـی دووەم**: لەم بەشـەدا، باسـی دیاردەی مێتافۆرمان لە وشەی فەرهەنگیدا کردووە، تەوەرەی یەکەم، کە بە ناونیشـانی (سـیاق و کۆتبەنـدە لە گواسـتنەوەی واتـادا) بـاس لەم بابەتـانە کراوە:(تیۆری سیاق، جۆرەکانی سیاق: سیاقی فیزیکی، سیاقی سۆزداری، سـیاقی رۆشـنبیری و کـۆمەڵایەتی، سـیاقی پـێگە و بـۆنەی ئاخـاوتن، کـۆتە زمـانیی و واتاییەکـان: کـۆتی ریزمـانی، کۆتی پێکهـاتەیی، کۆتی فەرهەنگی، بەزانـدنی کۆتەکـان و دروسـتبوونی مێتـافۆر)، هـەروەها بـەکورتی باسـی دیاردەی مێتافۆرمان لە تیڕانینی نوێدا کردووە و هەردوو بواری سەرچاوە و ئامانجمـان لـە شـیکردنەوەی چەمکـە مێتافۆرییەکانـدا خسـتۆتە ڕوو، تەوەرەی دووەم: بـریتییە لە پـارادایم وبەشـەکانی ئاخـاوتن، باسـی ئەو کۆتانەمان کردووە، کە زمان لە سەر ئاخێوەرانی دادەنێت. **بەشی سێیەم**: تایبەتە بە مێتافۆر لە دەقدا، سەرەتا باسێکی کورتی دەقمان کردووە، دواتر باسی جۆرەکانی مێتافۆر (خواستن، خوازەی بەڕەڵا، درکە)مان کردووە، هەروەها، مێتافۆر و ئەرکی نیشانەیی شوێن، مێتافۆرو ئەرکی نیشانەیی کـات، بنەمـا لۆجیکییەکـانی لێکـدانەوە، مێتـافۆر لە شـیعردا، مێتـافۆر لە چیرۆکدا، مێتافۆر لە ناونیشانی وتاری رۆژنامەدا، مێتافۆر لە دەقی گاڵتە و گەپدا، هەروەها هەوڵدراوە، ئەو مێتافۆرانە بخرێنە ڕوو و شیبکرێنەوە، کە لەلایەن نووسەر و شاعیرانەوە بەکاردەهێندرێن و دواتر دەپەڕنەوە بۆناو

فەرهەنگی زمان و دەوڵەمەندی دەکەن، دواتر ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لە چەند خاڵێکدا خراوەتە ڕوو. لە کۆتاییشدا ئەو سەرچاوانە ریزبەندکراون کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا سودیان لێوەرگیراوە.

## ١) میتافۆر و گۆڕانی واتا:

### ١\١) دەروازە:

زمان مەزنترین بەهرەیە، کە مرۆڤ لە دێرزەمانەوە پێی ئاشنابووە، بەهۆیەوە؛ مرۆڤ دەتوانێت پێویستییەکانی ژیانی جێبەجێ بکات و ناخی خۆی دەرببڕێت و ببێتە کەسێکی کارا لە کۆمەڵگادا، لە ڕێگای زمانەوە مرۆڤ توانیویەتی بگاتە ئاستێکی پەرەسەندوو، گەشە بە بیر و بۆچوونەکانی بدات و ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێکبخات.

ئەرستۆ لەدێر زەمانەوە باسی لەم دیاردە گرینگە کردووە و بایەخی پێداوە، میللەتی کوردیش هەرچەندە بەدرێژایی مێژوو، داگیرکراوە و هەوڵی لەناوبردنی دراوە، بەڵام درکی بەڕۆڵ و گرنگی زمان لە پێشخستنی بوارەکانی ژیان و ناسنامەی نەتەوایەتیدا کردووە، بۆیە چەندین پەندو وتەی بەنرخ و دەربڕینی میتافۆریی دەبیستین، کە باس لە گرینگی و بایەخی زمان و ڕەنگدانەوەی لە بوارەکانی ژیاندا دەکەن.

(ئاخاوتن، جیهانی داخراوی ناخ دەکاتەوە و بوارمان پێدەدات، دەربڕین بکەین و ئەوەی لە دەروونماندا پەنگی خواردۆتەوە، بیهێنینە دەرەوە، زمان داهێنەرە و پێکهێنەری ژیانی کۆمەڵایەتییە)، (Vendrys: ١٩٥٠:٥)

ـ لە دەرەوەی بازنەی زماندا، ناتوانین مرۆڤ بناسین و لێکۆڵینەوە لە ڕەچەڵەکی مرۆڤ بکەین، هەر شتێک لەم جیهانەدا ڕوو بدات، پەیوەندی بە زمانەوە هەیە. زمان گرنگترین هۆکاری پێشکەوتن وچالاکی زانستی و هزری و کۆمەڵایەتییە، بۆیە پێویستە، هەمیشە گرینگی پێبدەین و بەرە و پێشەوەی ببەین و لە گەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا، بیگونجێنین و فەرهەنگەکەی دەوڵەمەند بکەین.

زمان، وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی سروشت، بە بەردەوامی لە ئەگەری خۆگونجاندن و پەرەسەندن دایە. بیر و هۆشی مرۆڤ بە گۆڕان و

پەرەسەندنێکی خێرا و گەورەدا تێپەڕیووە، ئەمەش لە زماندا ڕەنگی داوەتەوە.

لەبەرئەوەی واتــا لە زمانــدا بێســنورە و هەمیشــەش لە زۆربوونــدایە، بەڕادەیەک کە لە توانای زماندا نییە، بۆ هەر چەمک و واتاییێک دەربڕینێکی نوێ دابهێنێت. لێرەدا، بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە زمان دەتوانێت سود لە دیاردەی مێتافۆر وەربگرێت و دوبارە وشە بنەڕەتییەکان، بەواتـایەکی نـوێ بەکـاربهێنێتەوە. دواکەوتـن لە بـواری زانسـتدا، دەبێـتە هـۆی دواکەوتـن لە بواری زاراوەسازیدا، کاتێک زانایەک لەبوارێکی زانستیدا داهێنانێک دەکات، هەوڵ دەدات زاراوەیەکی گونجاوی بۆ دابنێت، بۆیە ئەو گەلانەی لە بـواری زانسـتیدا داهێنانیـان هەیە، لە بـواری زاراوەسازیشـدا داهێـنەرن. چونکـە زاراوە پەیوەستە بە چەمک و بیر و واتا و داهێنانی کۆمەڵگاوە.

زمـان ڕۆڵێکـی گرینگـی لە ژیـانی مرۆڤـدا هەیە، کە بەدرێژایـی مێـژوو کاریگەری خۆی لە دەست نەداوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە تێپەڕبوونی کات لە ڕوی جۆرەوە پێشکەوتووە و دەوڵەمەندبوونی پتری بەخۆیەوە بینیوە و لق و پۆپی هاویشتووە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو دیاردە یەک بە دوای یەکانەدا بگونجێـت کە لە ســەدەکانی رابــردووە وە تــاوەکو ئەم چــاخەی ئێســتا هاتوونەتە ناو ژیانی مرۆڤەوە.

لەم قۆنـاغەی ئەمـڕۆی زمـانی کوردیـدا، پێویســتە گرینگـی بە بـواری زاراوەسـازیی و دەوڵەمەنـدکردنی زمـان بـدەین، بـۆ ئەوەی بتـوانین لەگەڵ ڕەوتە خێراکانی پێشکەوتندا هەنگاو بنێین.

**٢\١) چەمک و ناساندنی مێتافۆر:**

دانانی پێناسەیەکی هەمەکی بۆ دیاردەی میتافۆر، کە تویژەران لەسەری هاوڕابن کارێکی ئاسان نییە، بۆیە توێژەران هەندێکجار وای بۆ دەچن، کە میتافۆر ڕوونکردنەوەی لەبارەوە بدرێت باشترە، تا ئەوەی پێناسە بکرێت. بۆیە زۆرجار هەوڵدەدرێت، سەرەتا نمونەیەک بخرێتە ڕوو، دواتر لە ڕێگای نمونەکەوە، میتافۆر بناسێنرێت:

وشەی (Metaphor) یۆنانییە و بە مانای ((گواستنەوە)) دێت،

بۆیەکەمجار ئەرستۆ بەکاریهێناوە، وەک سیفەتێکی شتێک دەگوێزرێتەوە بۆ شتێکی تر یان مرۆڤ یان لە سروشتەوە بۆ مرۆڤ و بە پێچەوانەشەوە، ئەمە گرینگترین و بڵاوترین فیچەری زمانە کە تیایدا، یەک شت بیر یان کارێک بە و شە و دەربڕین دەگەڕێندرێتەوە بۆ شت، بیر، کارێکی تر، چونکە هەندێ خاسیەتی هاوبەشیان هەیە))، (پیتەر هالبێرگ:٢٠١٠: ٧٩).

میتافۆر، لەلای زانایانی ڕوونبێژیی، بریتییە لە گواستنەوەی وشەیەک لە واتای بنەڕەتییەوە، بۆ گەیاندنی واتایەکی نوێ.

بە واتای ئەوەی، ئەو وشە و دەستەواژانەن، کە واتایەکی ڕاستەوخۆ ناگەیەنن، وشەیەک لەبری وشەیەکی دیکە بەکاردەهێندرێت و بەپێی تێڕوانین و هزر و ئاوەزی ئاخێوەر، یان کۆمەڵگا واتاکەیان لە دەوروبەردا لێکدەدرێتەوە.

میتافۆر جۆرێک بەکارهێنانی زمانییە، کە تێیدا وشە و دەربڕینە زمانییەکان ئاماژە بەو شتانە نادەن، کە لە بنەڕەتدا و لە بەکارهێنانی ئاساییانەی زماندا ئاماژەی پێدەدەن، واتا بە مانای بنەڕەتی و حەرفییەکەی خۆیان بەکارناهێندرێن، مەبەستیش لە بەکارهێنانی میتافۆر، دروستکردنی چونییەکی یان پەیوەندییەکە لەنێوان دوو شتی ناچونییەکدا ( Knowles and Moon, ٢٠٠٦, ١٢٤٤).

- میتافۆر(Metaphor) وشەیەکی فەڕەنسییە، لە (Metaphora)ی گریکییەوە هاتووە میتافۆرای گریکیش لە (Meta) بە واتای سەروو، یان ئەو دیو و ( pherein ) بە واتای گواستنەوە پێکهاتووە، واتە میتافۆر لە بنەڕەتدا، واتای گواستنەوەی گەیاندووە، بەپێی پێناسە باوە کلاسیکییەکەش، میتافۆر گواستنەوەی وشەیە لە مانای بنەڕەتی و پیتی یان فەرهەنگییەوە بۆ مانایەکی دیکە، بە واتای ئەوەی بەخشینی مانایەکی تازەیە، بە وشە یان دەربڕینێکی زمانییەوە) ، ( Abrams and Harpham, ٢٠١٢, ٢١٢).

- میتافۆر دۆخێکە کە تێیدا وشەیەک، فرەیزێک یان دەربڕینێکی خوازەیی بە واتایەکی نائاسایی بەکاردێت، بیرۆکەی میتافۆر پەیوەستدارە بە چەمکی

گواستنەوەی واتاوە، هەر شرۆڤەکردنێک لەسەر میتافۆر بە ئەرستۆ و کارەکانی دەست پێدەکات، بەشێوەیەکی گشتی (ئەرستۆ) بە یەکەم بیرمەند دادەندرێت، کە تیۆری خوازەی درێژە پێداوە، ئەرستۆ میتافۆر بە هێمایەک بۆ وەستایی زمانەوانی وەسف دەکات، کەواتە جۆرێکە لە بلیمەتی.

ئەرستۆ دەڵێت: میتافۆر شتێکە ناتوانین لە کەسێکەوە فێری ببین و هێمایەکە بۆ بلیمەت بوون، چونکە خوازەیەکی باش تێبینییەکی ژیرانە دەگەیەنێت لە لێکچوون و لێکنەچوون(Evans &Green, ٢٠٠٦, ٢٣٩).

هەروەها ئەرستۆ باسی میتافۆر و لێکچواندن دەکات و دەڵێت: (( لێکچواندن جۆرێکە لە جۆرەکانی میتافۆر و تەنیا جیاوازییەکی بچووک لە نێوانیاندا هەیە)) (أرسطو: ١٩٨٦: ٢٠٤).

ئەرستۆ پێیوابووە، میتافۆر ( ئەوەیە ناوی شتێک بۆ شتێکی تر بەکاربێت، ئەمەش بەهۆی گواستنەوە دەبێت لە ڕەگەزەوە بۆ جۆر، یان لە جۆرەوە بۆ ڕەگەز، یان لە جۆرەوە بۆ جۆر، یان بۆی هەیە پەیوەندی هاوئەرکی بێت)، (عەزیزگەردی: ٢٠٠٤ :٧٨).

واتە: ئەرستۆ پێناسەی خوازە دەکات، وەک پێدانی ناوێک بە شتێک کە شتەکە هی شتێکی ترە، ئەم گواستنەوەیە یان لە ڕەگەزەوە بۆ جۆر یان لە جۆرەوە بۆ ڕەگەز، یان لە جۆرەوە بۆ جۆرە.

هەموو شتێک لە سروشتدا ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە، خوازە جۆرێک لە پابەند نەبوون لەم یاسایە پێکدەهێنێت، بەشێوەیەک کە لە هەموو بۆنەکاندا ناوەکان لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر دەگوازرێتەوە، مەبەستە بنچینەییەکە بۆ ئەوەیە کە ئاماژە بۆ لێکچوون بکات، وەک گواستنەوەی ناوی (گوڵ)، لە ڕووەکەوە بۆ مرۆڤ، یان گواستنەوەی ناوی (شێر)، لە ئاژەڵەوە بۆ مرۆڤ، گواستنەوەی ناوی (مانگ)، لە سروشتەوە بۆ مرۆڤ.

لە تێڕوانینی ئەرستۆدا، میتافۆر گواستنەوەی ناوێکە لە کاتیگۆرییەکەوە بۆ کەتیگۆرییەکی تر، بۆ نمونە کاتێک دەگوترێت:

**ـ کات پارەیە.**

لەم دەربڕینەدا، ناوی (پارە)، کە چەمکێکی کۆنکریتییە، بۆ ناوی (کات) گواستراوەتەوە، کە چەمکێکی ئەبستراکتە. ئەم کردەی گواستنەوەیەش پەیوەندی و چونیەکییەک لەنێوات کات و پارەدا دروستدەکات، دەبێتە هۆی درککردن بەو سیمایانەی (کات) کە هاوتای (پارە)یە.

بەڵام لە ڕوانگەی میتافۆری چەمکییەوە، میتافۆر ئامرازێکی پێویستە، کە لەلایەن (Ungerer & Schmid) پێناسەی کراوە بە نەخشەکێشانی پێکهاتە لە شێوازی سەرچاوە بۆ شێوازی ئامانج و خوازەی چەمکی لە ئاخاوتندا بەدی دەکرێت((Ungerer & Schmid,٢٠٠٦,١٢٠)).

لاکۆف و جۆنسۆن دەڵێن: کاتێک باسی خوازەی چەمکی دەکەین بۆ نموونە:وەک(کات پارەیە)، (Lakoff and Johnson, ١٩٨٠,٧_٨) ئێمە بیر لە چەمکی ئامانج لە ڕێگای چەمکی سەرچاوە (پارە) دەکەینەوە، زمانەوانی درکپێکردن ئەم گواستنەوەیە بە نەخشەکێشان لە سەرچاوەوە بۆ ئامانج ناودەنێت، بە واتایەکی دیکە لە ڕوانگەی زمانەوانی مەعریفییەوە، خوازە نەخشەکێشانی مۆدێلی پێکهاتەی سەرچاوەیە بۆ مۆدێلی ئامانج.

پرۆسەی گواستنەوە و بەکارهێنانی ناوی شتێک بۆ ئاماژەدان بە شتێکی تر سەرپشکییانە نییە، واتە: نوسەر یان ئاخێوەر سەرپشکییانە و بێ ڕەچاوکردنی هیچ جۆرە لۆجیکێک ناتوانیت دەربرینێکی زمانی وەک میتافۆر بۆ ئاماژەدان بە شتێکی تر بەکاربهێنێت، بەڵکو دروستکردنی پەیوەندی و بەراوردەکە دەبێ سیستەماتیکییانە و لۆجیکییانە بێت، واتە ئاخێوەر کە (گوڵ) میتافۆرییانە بۆ جوانی کچێک بەکاردەهێنێت، لەخۆوە نییە، بەڵکو دەبێت لۆجیکێک لە پشت ئەم هەڵبژاردنەوە هەبێت، وەک:لۆجیکی جوانی و ناسکی و بۆنخۆشی و گوڵ،...هتد.

بە بەراوردکردنی ئەو پەیوەندییەی، کە لەنێوان میتافۆر و لێکچواندندا هەیە، دەکرێت بەم شێوەیە، پێناسەی میتافۆر بکەین:

((بەکارهێنانی وشەیەکە بۆ مانایەکی دیکە، ئەو وشەیەی کە لەبری شتێک بەکاردێت. لێکچواندنێک هەیە لەنێوان لێخواستراو و بۆخواستراودا، لە

لێکچواندندا مەرجە هەردوو بنەڕەتەکە لێچوو و لەوچوو هاتبن، بەڵام لە خواستندا یەک لەم دوو بنەڕەتە هاتبن بەسە، لە خواستندا تەنیا یەکێک لە بنەما سەرەکییەکان دەردەکەوێت، ئەویش بە زۆری لێخواستراوە، هەندێ جار بۆخواستراو دەردەکەوێت، ئەوسا لێ خواستراو دەرناکەوێت تەنیا پەیوەستێک لە لێخواستراو وەردەگرێت، ئەوکاتە خواستنی درکاو دروست دەکات))، (هاوژین صلیوە،٢٠٠٩،١٤).

میتافۆر بەشێکە لە زمانی بە وێنە، ((زمانی بە وێنە چەترێکە چەردەیەک دەربڕین و شیکردنەوەی هەمەجۆر لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، میتافۆر یەکێکە لەو هونەرانەی بەهۆیەوە زمانی بە وێنە دادەڕێژرێت و لەسەر بنەمای پەیوەندی ((لێکچوون))،(پیتەرهالبێرگ: ٢٠١٠ : ٧٧).

ـ عەزیز گەردی بە بەکارهێنانی زاراوەی (خواستن)، پێناسەی میتافۆری کردووە دەڵێت: ((خواستن بریتییە لە بەکارهێنانی ووشەیەک بۆ دەربڕینی مانایەکی تر، بێجگە لە مانای درووستی وشەکە، بە مەرجێ پەیوەندی نێوان مانای درووست و مانای خوازەیی وشەکە پێچوون بێت مانا نەبی، نیشانەیەکیشی هەبێ کە ئێمە مەبەستمان ئەم وشە خواستراوەکەیە، نەک مانا درووستەکە))،(عەزیز گەردی، ١٩٧٢ : ٦٩).

ـ (عەلائەدین سوجادی) سەبارەت بە میتافۆر دەڵێت: ((ئەوەیە کە وشەیەک لە شتێکدا بەکارهێنراوە کە ئەو شتە چوێنراوە بە گوزارەی ڕەسەنی وشەکە لەبەر پەیوەندی لێکچوون ـ مشابە))،(علاءالدین سجادی، ١٩٧٨: ٣٤).

ـ نوزت ئەحمەد عوسمان بەم شێوەیە میتافۆری دیاریکردووە: ((خواستن زمانێکی تایبەتییە، بریتییە لە دروستکردنی بەرگێکی ڕەنگین و خنجیلانە بۆ ڕازاندنەوەی ئاخافتن و بیر بەکاردێت بە ڕێگایەک کە دووربکەونەوە لە ڕواڵەت و ئەرکی ڕەسەنی زمانەوە))،(نوزت أحمد عثمان،١٩٩١: ١٠١).

لە ڕووی وەرگێڕانەوە میتافۆر دەکرێت دابەش بکرێت بۆ سەر ئەو میتافۆرانەی کە لە ڕووی وەرگێڕانەوە کراوەن و ئەوانەی کە داخراون. میتافۆرە کراوەکان ئەوانەن، کە خوێنەر یان گوێگر، چەندین وەرگێڕانی بۆ

بکات وەک میتافۆرەکانی نێو شیعر، کە هەست و سۆز و خەیاڵیان تێدایە، بەلاّم میتافۆرە داخراوەکان وەرگێڕانیان ڕوون و ئاشکرایە، ئەم جۆرە خوازانە لەنێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا زۆر بەدی دەکرێن ( Aitchison,J.٤٠,٢٠٠٤ ) .

((هەتاوەکو دەربڕینەکان لە سەر زار پتر بڵاو ببنەوە و بەکاربهێندرێن، چەمکە دیاریکراوەکەیان فراوانتر دەبێت، بۆی هەیە واتای تر وەربگرن، کە لە هەندێ ڕوانگەوە، لە واتا کۆنەکە جیاوازە))،(عزالدين إسماعيل: ١٩٥٥: ٢٧٨) بۆیە دەتوانین بڵێین: میتافۆر بزوێنەری وزەی دەربڕینە لە زماندا، بۆ بەرهەمهێنانی واتای نوێ بەکاردەهێندرێت، بە تایبەتی لە بواری سامانی زاراوەسازییدا، بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە مەعریفییەکان سوودی لێوەردەگیرێت.

ــ بەکارهێنانێکی گرینگی میتافۆر دەڵەمەندکردنی زمانە، هەندێک پەرەسەندن و فراوانبوونی واتایی بەهۆی میتافۆرەوە دروست دەبێت، دواتر بەهۆی زۆربەکارهێنانەوە لە زماندا وەک وشەی ڕەسەن یان بنچینەییان لێدێت، بەهەریەک لەلاکانی کورسی، دەوترێت پێچکە، ئەمەش بەهۆی ئەولێکچوونە فیزیکییەی کە لەنێوان پێ و لاکانی کورسیدا هەیە، ئەم جۆرە پەرەسەندنە دەبێتە هۆی گۆڕانی ناوێک، کە لەبنچینەدا، بۆ شتێکی دیاریکراو و هەستپێکراو دانراوە، بۆ ئەوەی دیاردەی تر بگرێتەوە، واتا خوازراوەکە، هەندێکجار بەشێوەیەک بڵاو دەبێتەوە، وا هەست دەکرێت، کەواتایەکی بنجییە (محمود السعران: ١٩٩٢: ٢).

بۆنموونە: ئەگەر بڕوانینە، ئەم دەربڕینە میتافۆرییانە، کە ڕۆژانە قسەکەرانی زمانی کوردی بەکاریاندەهێنن، (چاوت ڕوون، خۆی کڕییەوە، زمانیان لێداوە، چاویانلێداوە، بازاڕی گەرمە، دڵم پێت دەکرێتەوە، زمانی گەرمە، خۆی کڕییەوە، کێشەکەیان بڕییەوە، ...هتد)، چەندین میتافۆری دیکەش کە ڕۆژانە بەسەر زاری ئاخێوەرانی زمانی کوردییەوەن و بەکاریاندەهێنن، دەربڕینی میتافۆرین، بەلاّم هێندە باون و بەشێوەیەک بڵاوبوونەتەوە، کە هەستیان پێناکرێت ئەمانە دەربڕینی میتافۆریی بن.

ـ لێرەدا، بۆمان دەردەکەوێت، کە لە دیاردەی میتافۆردا، هەندێکجار واتا خوازراوەکە (واتا میتافۆرییەکە)، لە واتا بنچینەییەکە باوتر دەبێت و لەنێو قسەکەراندا بەکاردەهێندرێت، هەندێکجاریش بەسانایی ناتوانرێت، واتا بنەڕەتییەکە بدۆزرێتەوە.

مرۆڤ، ناتوانێت تەنیا بەو وشانەی کە لە فەرهەنگی بنەڕەتی زمانەکەیدا هەیە، لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەمەکەیدا، خۆی بگونجێنێت وجێبەجێیان بکات، (( هەرچەندە ڕەگی وشە مانای سەرەکی وشە هەڵدەگرێت، بەڵام هیچ زمانێک ئەوتوانایەی نییە تەنیا بە ڕەگ و وشەی سادە مەبەست دەرببڕێت)) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٧: ٣١).

بۆیە زمانەکان، بۆ دەربڕینی واتاو چەمکی تازە، پەنا دەبەنەبەر چەند ڕێگایەک، کە یەکێکیان میتافۆرە.

ـ لەبەرئەوەی میتافۆر داهێنان و نوێبوونەوە و قوڵبوونەوەی بیریی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان دەگەیەنێت، سیستەمی هزریی مرۆڤ کە شێوەی بیرکردنەوە و چالاکیمان دیاریدەکات، لە بنەڕەتدا سروشتێکی میتافۆرییانەی هەیە. ئەگەر پێڕەوی بیریمان لە سروشتدا میتافۆریی بێت، ئەوا شێوەی بیرکردنەوە و شێوەی پەی بەشت بردن و هەموو چالاکی ڕۆژانەمان بە زۆری بە میتافۆر دەکرێت. ئەوەش کە سیستەمی هزری بە سروشت میتافۆرییە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئێمە زۆربەی جار لە ڕێی چەمکێکەوە لە چەمکێکی تر تێدەگەین و هزر بەو جۆرە کاردەکات، زمانیش ڕەنگدانەوەی هزرە، بۆیە زمانیش لە بنەڕەتدا، هەڵگری چییێتی میتافۆرییە.

- **کەنگر و ماست بە وادەی خۆی.**

لە ڕێگای ئەم ئیدیۆمەوە، کە دەربڕینێکی میتافۆرییە، مرۆڤی کورد، لەو چەمکە تێدەگات، کە هەرکارێک ئەگەر لە وادە و کاتی خۆیدا نەکرێت، بێسود و بێکەڵک دەبێت و بەرهەمی چاکی لێناکەوێتەوە، لەم دەبڕینەدا، (کەنگر و ماست)، بواری سەرچاوەیە و سەرەکییە، تەمەن و کاتیش بواری

ئامانجە. ئەم دەبڕینە نەخشاندنی درکپێکردنی ژیانی مرۆڤە، بۆ دەبڕینی کات و تەمەن و ماوەی کارکردن و بەسەرچوونی دیاردەکانی ژیان.

- **کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە**

بەهۆی ئەم دەربڕینە میتافۆرییەوە، مرۆڤی کورد درک بەو واتا و چەمکە دەکات، کە کەس شتی خۆی پێ ناشیرین و خراپ نییە و بەڵکو کار و کردەوە و شتی خۆیان پێ جوان و گونجاو و ڕێکوپێکە و تا ڕادەیەک بە دۆی ترشی خۆشیان ناڵێن ترشە!

ـ بواری سەرچاوە لەم دەربڕینە میتافۆرییەدا دۆیە، بواری ئامانج مرۆڤ شتی خۆی پێ باش و بێ کەموکورتییە، ئەم میتافۆرە لە بوارێکی بەرجەستەی تاک ئاڕاستەوە کە دۆیە، بۆ بوارێکی نابەرجەستە، کە پێباشبوونی بەرهەمی خۆتە دەڕوات.

ـ بەهۆی میتافۆرەوە، نەک تەنیا دەتوانین، واتاو چەمکی تازە بە وشەکانی زمان بدەین، بە لکو زۆربەی دەربڕینە میتافۆرییەکان، بەهۆی زۆر بەکارهێنانەوە نەژادە میافۆرییەکەیان ون دەبێت و لە بیری قسەکەر اندا وەک وشەی فەرهەنگی مامەڵەیان لە گەڵدا دەکرێت. هۆراس، لە بارەی داڕشتنی وشەی تازەوە، دەڵێت: ((بە هەموو وەچەیەک ڕێگا دراوە و هەمیشە ڕێگایان پێ دەدرێت، بە گوێرەی باوی سەردەمەکەیان زاراوە و وشەی نوێباو سازبکەن))، (کامل حەسەن: ١٩٧٩: ١٩ ). ڕەگی وشە، بە تێپەڕ بوونی کات، چەندین وشەی دیکەی لێدەبێتەوە، لەم پرۆسە بەردەوام و بێکۆتاییەدا، بۆی هەیە هەندێک لە وشەکان واتاکەیان، لە ڕەگە بنچینەییەکە، دوور بکەوێتەوە، کە ئەمەش هەنگاوێکە، بۆ دروستبوونی فرەیی لە واتا و میتافۆر، بۆ نمونە، ئەگەر سەیری چاوگی (سووتان) بکەین:

ڕەگی چاوگی (سووتان)، (سووتێ)یە، لەم چاوگ و ڕەگەوە، چەند وشەیەکی دیکەی لێبەرهەم هاتووە:

**{ سووتان ـ سووتاندن ـ سووتانەوە ـ سووتوو ـ سۆتەک ـ سۆتکە ـ سووتۆک}** وشەی **{سۆتکە}** : جۆرە گیایەکە، هەروەها، وشەی {سووتەن}،

ناوی جێگەیە. مەسعود محەمەد، لەبارەی وشەی (سووتەن))ەوە دەڵێت: ((تاقمە وشەی قۆپەن، پووشەن، گێژەن، ڕەقەنیش، تاکە نموونە ((سووتەن)) تێیاندا لە بەشی فیعلە.وشەکان هەموویان ناوی جێگەن))، ( مەسعود محەمەد: ٢٠١١ :٩٤)، دواتر لە بابەتی پارادایمی وشەکاندا، زیاتر ئەم دۆخە ڕوون دەکەینەوە.

ـ میتافۆر، ڕۆڵێکی گرینگ لە پەرەسەندنی وشە و دەوڵەمەندکردنی زماندا دەبینێت. بەهۆی میتافۆرەوە، وشەی تازە دەکەوێتە ناو فەرهەنگی زمانەوە و هەندێ وشەی فەرهەنگییش، کە ئێستا بەکاردەهێندرێن، لە بنچینەدا، میتافۆربوون، دواتر بەهۆی زۆر بەکارهێنانەوە خۆیان چەسپاندووە، بۆنموونە وشەی (**چاوەڕێ**) واتابنجییەکەی، بەم جۆرەیە:

**{چاو + لە + ری}** یە، بۆتە وشەیەکی فەرهەنگی، بە واتای (منتظر) دێت. میتافۆرەکە بە پرۆسەی بە وشەبووندا تێپەڕیوە، فۆنیمی (ل)، کرتاوە و میتافۆری (چاوەڕێ) دروستبووە، هەروەها وشەی (**چاوەڕوان**)یش بەهەمان شێوە دروست بووە: (چاو + لە + ڕوانین).

ـ هەریەک لە ئاوەڵکارەکانی (سەر، پشت)، لەبنچینەدا ئەندامانی لەشی گیانلەبەربوون، بە پرۆسەی بە وشەبووندا تێپەڕبوون، دواتر بوون بە بەشێکی ئاخاوتن، وەک میتافۆر بەشدارییان لە دروستبوونی وشەدا کردووە: (سەربان، پشت خانوو) ئەم وشانە دواجار، دەکەونە ناو فەرهەنگی زمانەکەمانەوە و دەوڵەمەندی دەکەن، ئەگەر لە وشەی(دڵ) بڕوانین، تێبینی ئەوە دەکەین، بە پرۆسەی گەشەسەندندا تێپەڕبووە و چەندین وشەی دیکەی بە واتای میتافۆریی لێ بۆتەوە وەک: (دڵدار، دڵبەر، دڵشاد، دڵگەورە، دڵشکاو، دڵپیس، دڵتەڕ، دڵبرین، دڵخواز، دڵپاک، دڵئارام، دڵخۆش، دڵناخۆش، دڵدانەوە، دڵشێر، دڵکۆ...هتد)، هەریەک لەم وشانە بەهۆی بارودۆخێکەوە سەریان هەڵداوە و پەیوەندییان بە لۆجیکی (دڵ)، وەک ئەندامێکی گرینگی لەشەوە هەیە، چەمکی سەرچاوە (دڵ)، ئەو ئەندامە گرنگەی لەشە، کە لێدەدات و خوێن بۆ ئەندامانی لەش دەنێرێت و سەرچاوەی ژیانە. هەریەکەیان بۆ ئامانجێک خوازراون، کە بواری ئامانجە. هەروەها، وشەی (دڵ)، بە ڕادەیەکی بەرچاو چۆتە، ناو شیعر وچیرۆک و گۆرانی کوردییەوە:

- عاشقی بێ دڵ دەناڵێ، مەیلی گریانی هەیە
بێ شکە هەورە تریشقە تاوی بارانی هەیە (نالی)

(عاشقی بێ دڵ)، میتافۆرێکە، خوازراوە، بۆ کەسێکی سەرمەست و شەیدا و عاشق، کە لە خۆشەویست و ئەوینێکی زۆردایە.

سەرەڕای ئەمە، میتافۆر لە بواری ویژەیی و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، چالاکییەکی بەرچاوی هەیە، بەڕادەییێک زۆربەی وشە فەرهەنگییەکان، بە واتای بنجی و واتای خوازراویش بەکاردێن، زۆر نمونەی بەکارهێنانی وشە بەرچاو دەکەوێت، لە ئاستی مەدلوولی یەکەمەوە بۆ ئاستی مەدلوولی دووەم بە پرۆسەی ئاڵو گۆڕبوونـدا تێپەڕبوون، بەهۆی سیاقی بەکارهێنانەوە وەک میتافۆر دەردەکەون: وەک: {**سەری ساڵ، پشتی کتێب، بن باڵی دۆڵ، چاوی کانی، هەستی بریندارکردم، قسەی پووچ، قسەی بێتام دەکات، سڵاوێکی گەرم، پەیوەندییەکی گەرم، کەسێکی ساردە، کەسێکی وشکە، داری ئازادی، ئاخاوتنی کرچوکاڵ، زمانی پێڵاو، قسەی بێ سەرو بەر، زمانی رۆژنامە، شێرەکانی شاخ ، گوڵی هیوا، پەپوولەی ئارەزوو، سکی سووتاوە، جەرگی سووتاوە، پشتی شکاند، گەردنی ئازاکرد، چاوی شکاندووە، قۆڵیانبڕی، ئاڵقە لەگوێیە، دڵی لەئاسن دروستکراوە، گوێی مسی تێکراوە، مێشکی بۆتە بەرد، دڵی ژەنگی هەڵهێناوە،** ...هتد}.

ناتوانین نکۆڵی لەو ڕاستییە بکەین، کە زمانی کوردی لە دەربڕینە میتافۆرییەکاندا دەوڵەمەندە، لەم دۆخەی بەکارهێنانەدا، وشە تەنیا لە ئاستی مەدلوولی یەکەمدا ناوەستێت، بەڵکو لە چوارچێوەی ئاخاوتندا، مەدلوولی دووەمیش وەردەگرێت. بۆنموونە:

**وشە : (پوچ)**

**مەدلوولی یەکەم: گوێزی پوچ <+ ناوەرۆکی نییە، + ناخورێت>**

**مەدلوولی دووەم: قسەی پوچ، مێشک پوچ، کەللە پوچ < + ناوەرۆکی نییە، + ئامانج ناپێکێت > .**

**لەم دەربڕینە میتافۆرییانەی وەک: ( قسەی پوچ، مێشک پوچ، کەللە پوچ، کەسێکی هیچ و پوچ، ...هتد).**

سود لە چەمکی (پوچ) وەرگیراوە، لە بوارێکدا، کە ئاوەڵناوێکە و وەسفی دیاردەی کۆنکرێتی دەکات، بۆ بوارێکی دیکە، کە ئەبستراکتە گوێزراوەتەوە.

ئەو زانیارییانەی کە لە هزری ئاخێوەردا کۆبۆتەوە، لەبارەی وشەی (پووچ)ەوە، میتافۆرەکەی دروستکردووە، بەڵام واتای یەکەمی (پووچ تایبەتە بە شتی بەرجەستە، کە ناوەرۆکێکی واتایی هەبێت، نەک (قسە).

**وەفا:**

**مرۆڤی بە وەفا: بوارێکی مەعنەوییە، وەسفی کەسێک دەکات.**

**گوڵی وەفا: میتافۆرە.**

ـ لێرەدا، پرۆسیسی گوێزانەوە، ئەو واتا لاوەکییانەش بۆ سەرەوە ڕادەکێشێت، کە دەوری وشەکەیان داوە، بۆ ئەوەی ڕۆشناییان بخاتە سەر، کە بەبۆچوونی ئێمە، ئەم دۆخە کردەیەکی گرینگی زمانە، چونکە ئەگەر ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕییە واتاییە نەبێت، زمان ناچار دەبێت، بۆ هەر واتا و بارودۆخێک وشەیەکی نوێ دابهێنێت، ئەوکاتەش ئەرکێکی گران دەکەوێتە سەر بەکارهێنەرانی زمان، توانای دەربڕینیش بێهێز دەبێت.

ـ هەر سەردەمێک یاسای تایبەت و سیستەمێکی تایبەت بە خۆی هەیە، پێویستە وشە تازەکان، جێگای وشە کۆن ولە ناوچووەکان بگرنەوە، بەتایبەتی لەو کاتانەدا، کە گۆڕان بەسەر دەسەڵات و بواری ژیاندا دێت.((ئەگەر سەیر بکەین لە ڕێنسانسدا، تا ڕادەیەک نیگەرانی و پەستانێکی یەکجار زۆر کەوتە سەر بەکارهێنانی واتاکان، کە فۆرمی زمان بەرگەی ئەو هەموو واتایەی نەدەگرت، زۆر واتا دەرکەوت، وەک ئەمانە نەبوو کە مرۆڤ بە شێوەیەکی ئاسایی لە ئاخاوتندا بەکاری دەهێنان)) (John D Jump Rhetoric, Peter Dixon,٤٣ ).

لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا، واتای وشە پەرەیسەندووە، کە پێویستە لەپاڵیدا فۆڕمی وشەکانی زمانی کوردیش پەرەبسەنێت، بۆئەوەی بتوانن، دەربڕین لە واتا و مەبەستی تازە بکەن، بۆیە لە چەندین بواردا پێویستمان بە وشە و زاراوەی سەردەمییانە هەیە و ژمارەیەکی زۆریش واتا و فۆڕمی نوێی وشە کەوتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە.

ـ لەگەڵ پێشکەوتنەکاندا، پێویستی ناوی تازە دێتەکایەوە، لە توانای زمانیشدا نییە بۆ هەر چەمکێک زاراوەیەک دابنێت، بۆیە میتافۆر لە گەیاندنی واتا زمانییەکاندا، گرینگی پێدەدرێت، لەبەرئەوەی لەگەڵ پەرەسەندنی عەقل و هۆشی مرۆڤدا زمانیش پەرەی سەندووە، توانیویەتی

لە سیستەمی ئاخاوتندا، بوارە ئەبستراکتەکانیش دەرببڕێت، کە گونجاوە لە گەڵ گەشەسەندنی هزریي، لایەنی تەجرید لە میتافۆردا، بە بەراورد لەگەڵ دەربڕینی ئاسایی و لێکچواندنیش، ڕێژەکەی بەرزترە، بۆیە میتافۆر، سەرەتا نامۆ دێتە بەر چاو و پێویستی بە بیرکردنەوەی پتر هەیە.

ئەگەرسەیری ئەم ڕستانەی خوارەوە بکەین، کە لێکچواندنیان تێدایە، لە پلەی ئەبستراکتدا، جیاوازن:

- **شیلان لەجوانیدا، وەک مانگە.**
- **شیلان وەک مانگە.**
- **شیلان مانگە.**

ڕستەی دووەم، پتر لە ڕستەی یەکەم،ڕستەی سێیەمیش، لە ڕستەی دووەم، پلەی بەرزتری لە تەجرید (ئەبستراکت) وەرگرتووە.

ڕستەی دووەم، بەراورد بە ڕستەی یەکەم، جە ختکردنەوەیەکی پتری تێدایە، بە ڕستەی سێیەم دەوترێ ڕونبێژی، لەبەرئەوەی پلەیەکی بەهێزتری واتا دەردەبڕێت، ڕستەی یەکەم، واتاکەی، لە ڕستەی دووەم و سێیەم ڕوونترە و بۆ تێگەیشتن ئاسانترە.

ـ هەرکاتێک واتا پێویستی بە وردبوونەوە و قووڵبوونەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن هەبێت، بە هێزترو کاریگەرترە هەربۆیە لە میتافۆردا، دەبێت بابەتی گوتنەکە دیاربێت، بۆ ئەوەی، بە هۆی دەوروبەری ئاخاوتنەوە، جۆری گۆڕانی واتاکە بناسرێتەوە. هەندێکجار، بە هۆی پەیوەندییەکەوە، گوێگر ـ خوێنەر، لەوە تێدەگات، کە ئاخێوەر ــ نووسەر، مەبەستی واتای بنجی وشەکە نییە: (( **ئاگرێک لە پۆل دانیشتووە**))، وشەکانی **{پۆل}،{ دانیشتووە}**، دەری دەخەن، کە (**ئاگر**)، بە واتای بنجی بەکارنەهاتووە، بەڵکو مەبەست لە کەسێکی هار و هاجە، لەبەرئەوە لە هۆشیاریی وەرگر(گوێگر)دا، ئەو زانیارییە زمانییە هەیە، کە هەردوو وشەی (**ئاگر**) و (**دانیشتن**)، هاوڕێیەتییان لەگەڵ یەکتریدا نییە، هیچ سیمایەکی واتایی ئەم دووانە کۆناکاتەوە.

ــ هەروەها، کاتێک لە دەوروبەرێکی ئاخاوتندا، قسەکەر لەگەڵ بیستنی ڕوداوێکی ترسێنەر، یان هەواڵێکی لەناکاودا، دەڵێت: (ناوکم کەوت)، مەبەستی واتای بنجی دەستەواژەکە و وشەکانی (ناوک) و (کەوت)، نییە،

بـەڵکو مەبەسـت لـە بێهێزییـەکی جەسـتەییە، کـە لـەو بارودۆخـەدا، دوچـاری هاتووە، واتا: دەترسێت، زراوی چووە،...هتد.
ـ قسـەکەر، کـە دەڵێت: (چـاوت کەوتییـە)، مەبەسـتی ئـەوە نییـە، کـە چـاوی بەڕاستی کەوتییە، بەڵکو، مەبەستی ئەوەیە کە (ماندووە، یان خەوی دێت).
ـ کاتێـک گوێمـان لـە دەربڕینـی میتـافۆریی (جـەرگی سـوتاوە)، دەبێـت، هەریـەک لـە وشـەکانی (جـەرگ) و (سـوتاو)، بـە واتـای دروسـتی خۆیـان بەکارنەهاتوون، بەڵکو، بە واتای خوازراو بـەکارهاتوون و سـود لـە چـەمکی سەرچاوە، بۆ بونیاتنانی چەمکی ئامانج وەرگیراوە.
ـ ئەگەر قسەکەر لە بارودۆخێکی ئاخاوتندا، بە گوێگر بڵێت: (وەرە سـەمون و تەماتـە بـە ڕووتـی بخـۆ)، مەبەسـتی ئـەوە نییـە، کـە کەسـی بەرانبـەر جلوبەرگەکانی دابکەنێت و خۆی ڕووت بکاتـەوە و نانەکـەی بخوات، بـەڵکو مەبەسـتی ئەوەیـە، کـە لەگـەڵ سـەمون و تەماتەکـەدا، هـیچ شـتێکی دیکـە نەخوات.
ـ لە زمانی کوردیدا، وشەکانی (شیرین، شـەکر، هـەنگوین، گوڵ، ...هتد)، بـۆ خۆشەویسـتی و جـوانی بـەکاردێن، بـەڵام وشـەی (پیـاز و بیبـەر، کەلەرم،...هتد)، بۆ دەربڕینی ئەو بارودۆخە بەکارنایەن، بۆ نموونە: قسەکەر ئەگەر بـە هاوسـەرەکەی بڵێت: (ئـەو ژنـەی خـۆم زۆر خـۆش دەوێت، وەک پیاز وایە)، ئەوا گوێگر بەم میتافۆرە زمانییە، ڕازی نابێت و تورە دەبێت، بـەڵام ئەگـەر بڵێـت: (وەک سـێو وایـە)، دڵـی پێـی خـۆش دەبێـت و لـەلای پەسـەندە. چونکە لە زمـان و کلتوری کوردیدا، (سـێو)، بۆتـە میتافۆرێک بـۆ جوانی و ناسکی، بەڵام (پیاز)، بۆ بۆنی ناخۆش و تیژ و سوێر خوازراوە.
ــ بەبۆچـوونی ئـێمە، میتـافۆر هۆکـارێکی گرینگـی گـۆڕانی واتـا و پڕکـردنەوەی فەرهەنگـی وشـەیە، بەتـایبەتیش بەهـۆی ئەوەی لە کـردەی گواستنەوەی واتاییدا، بەرەو پرۆسـەی بە میتـافۆربوون، واتـای بنجـی دە ناسـرێتەوە، بەڵکـو لە بـوارێکەوە بـۆ بـوارێکی تـر دەچێت، بەم هۆیەشـەوە وشە واتایەکی تریش هەڵدەگرێت: **(دڵ ئاوێنەیە)، (نازدار پەپوولەیە )، (زمان دوژمنە)، ( وڵات دایکە)، (پارە دایک و باوکە)،...هتد.**
تـایبەتییەکی تـری میتـافۆر، ئەو توانـایەیە، کە بە قسـەکەرانی دەدات، بـۆ ئەوەی بەراوردێکـی کـورتی نێـوان دیاردەکـانی دەوروبەر بـکەن، وەک

بەراوردکردنی(یار) و (گوڵ)، لە ناسکی یان جوانیدا، بەراوردکردنی (هزر) و ( کۆمپیوتەر)، لە وردی و خێراییدا، بەراوردکردنی. (مرۆڤ) و( مانگ)، لە جوانیدا، ئەم بەراوردکردنە: دەچێتە بواری ڕەوانبێژییەوە، بە هۆی یاسای بەزاندنی کۆتەکانەوە ڕوودەدات، وەک لەم ڕستەیەدا دەردەکەوێت:

**ـ { ئازاد کۆمپیوتەرە}.**

(کۆمپیوتەر)، وشەیەکی وەرگیراوە، وەک میتافۆر لە زمانی کوردیدا، بەکارهاتووە، کۆتی بکەر بەزێنراوە، دیارخراو و دیارخەر لە ڕووی هاوڕێیەتییەوە لەگەڵ یەکدیدا ناگونجێن، (ئازاد)ی مرۆڤ نابێت بە (کۆمپیوتەر)، کە ئامێرێکی بێگیانە.

ـ هزری مرۆڤی کورد، لە دیاردە سەردەمییەکاندا، میتافۆرەکانی (لێگزز، ئاڵتێما، وەنەوشە)ی بۆ جوانی و شۆخی و شەنگی ڕەگەزی مێینە خواستووە، وەک میتافۆر بەکاری هێناون و بەراوردی ئەم دیاردانەی لەگەڵ مرۆڤدا کردووە، لە کاتێکدا، لە سەردەمی پێشووتردا میتافۆرەکانی لەسەر بنچینەی دیاردەکانی دەوروبەری خۆی دروستکردووە کە هەبوون، وەک: (دەڵێی کارمامزە، دەڵێی بەرخە، ئەسپەژن، شێرەژن، دەڵێی پۆڕە، دەڵێی سوێسکەیە، دەڵێی قولێنگە، گەردن قاز، کاڵە بەی، گەردن کێل،...هتد).

ـ هزری مرۆڤ بارودۆخێکی گونجاو دەخولقێنێت، بەهۆی بابەتێکەوە، وێنەیەکی ڕەمزی بۆ شتەکان دروست دەکات، کە دوور نییە، دواتر ئەم وێنە میتافۆرییە بێتە ناو زمانەوە و ببێتە بەشێک لە زمانەکە.هەر بۆیەش تێبینی ئەوە دەکەین، کەبوارو پێگە و پیشەی جیاوازی کەسەکان، میتافۆری جۆراو جۆر دروست دەکەن، هەر یەک لەم میتافۆرانەی خوارەوە بەهۆی پێگە و دەوروبەرەکەیانەوە کەوتونەتە ناو زمانەوە، بۆنموونە:

**(خوێندکار):{ بابەتێکی قورس، پرۆگرامێکی سەقەت، وانەکەم لەبەرکردووە، وەک ئاو دەیڵێمەوە}.**

**(شۆرشگێڕ): {چیاسەرکەشەکان، ڕۆژانی سەخت، ڕۆژگارە نەمرەکان، یادگارییە تاڵەکان}.**

**(ڕۆژنامەنووس):{ باڵی سیاسەت، کوشتنی ئیرادە، خنکاندنی ئازادی، مەساجی سیاسی}.**

ـ میتـافۆر یەکێکـە لـە هونـەرە دیـار و گرینگـەکانی ڕەوانبێـژی، لەسـەر پەیوەنـدی لـەنێوان واتـای دروسـت و واتـای خـوازراو ڕادەوەسـتێت، ئەگـەر پەیوەنـدی لـەنێوان هـەردوو واتـادا لێکچـوون بـوو، دەبێتـە خواسـتن، ئـەو پەیوەندیی لێکچوونییە، وا دەکات، کە خواسـتن لەگـەڵ مـەجازی سـەربەست لەیەکدی جیا ببنەوە.

میتـافۆر گرنگییـەکی تایبـەتی لـە زمـانی هـۆنراوە و شـیعردا هەیـە، ئـەم گرینگییەش لە گواستنەوەی ئاستی دەربڕینی ئاسایی بۆ ئاستێکی هونـەری بـەرز دەردەکـەوێت، کـە بـەکارهێنانی وشـە بـە تـەنیا، بـە واتـای ڕاسـت و دروسـتی خـۆی ناتوانێـت بیگەیـەنێت، بـەمجۆرە میتـافۆر دەربازبوونـە لـەو شـێوازەی لەسـەر بنـەمای ڕاسـتی و دروسـتی دێتـە ئەنجامـدان و دانـانی یاسـای جوانکـاری تایبـەت بـە خۆیـەوە هەیـە، لـە دەرەوەی زمـان و واتـای بنەڕەت(حسين الاسود، ٢٠٠٦:١٢٩).

(ئـــەبی هـــیلال ئەلعەســـکەری) لـــەبارەی میتـــافۆرەوە دەڵێـــت: میتـــافۆر گواسـتنەوەی دەسـتەواژەیەکە لـە جێگـای ڕەسـەنی خۆیـەوە لـە زمانـدا، بـۆ جێگایــەکی دیکــە بــۆ ڕونکردنــەوەی مەبەســتێک، ئینجــا چ بــۆ مەبەســتی ڕونکردنـەوەی واتـایی و باشـتر دیـاریکردنی ئـەو واتایـە بێـت، یـان بـۆ پتـر جەختکردنەوە و زیادەڕۆیی بێت(أبی هلال العسكري، ١٩٥٢، ٢٦٨).

ـ هەروەها (عەبدولقاهر ئەلجورجانی) دەڵێت: خواستن ئەوەیە، کە پەیڤـەک لە زماندا جێگەیەکی تایبەتی خۆی هەبێت، بەڵام شاعیر یان کەسێکی دیکە، بێـت و ئـەو پەیڤـە لـە جێگـای ڕەسـەنی خۆیـەوە بـۆ جێگایـەکی دیکـە بگوازێتەوە(الجرجاني، ١٩٨٨: ٢٢).

ــ (چـاڕلس فۆڕسـفیایل) دەربـارەی میتـافۆر دەڵێـت: جەوهـەری میتـافۆر تێگەیشـتن و هەڵسـەنگاندنی شـتەکانە، بـە دیـد و تێڕوانینێکـی دیکـەوە (Charles Forecville, ١٩٩٦: ٥).

ـ (ڤیڤیـان و میلان) بـەو شـێوەیە باسـی میتـافۆر دەکـەن:میتافۆر یەکێکە لـە هونـــەرەکانی ڕەوانبێـــژی کـــە لەکۆنـــدا بـــۆ ڕازیکردنـــی کەســـانی دیکـــە بەکاردەهات، ئەویش بە ڕێگای بەکارهێنانی شێوازەکی نوێ لە ئاخاوتندا،

کە مەبەست لە میتافۆر بەکارهێنانی پەیڤێکە، لە جێگایەکی دیکە، نەک لە جێگای بنەڕەتی خۆی لە زماندا، کە بەهۆی پەیوەندییەکی لێکچواندن لەنێوانیاندا دروست دەبێت(Evans and Green, ٢٠٠٦ ,٢٩٣).

لە کۆی ئەم پێناسانەوە، دەتوانین بڵێین: میتافۆر بەکارهێنانی وشەیەکە بە واتایەکی دیکە، لە واتای ڕەسەن و بنەڕەتی خۆی، لەسەر بنەمای پەیوەندی لێکچوون لەنێوان واتای بنەڕەتی و واتای خوازراو دروست دەبێت، لەگەڵ هەبوونی قەرینەیەک کە ڕێگرە لەوەی کە وشەکە بۆ واتای بنەڕەتی خۆی بەکاربێت.

ــ توێژینەوە لە میتافۆر مێژوویێکی دێرینی هەیە، بە درێژایی ئەم مێژووەش، پەیوەندییەکی ناجێگیر بەڵام پتەوی بە فەلسەفەوە هەبووە. فەلسەفە هەندێکجار میتافۆری ڕەتکردۆتەوە و زۆرجاریش بایەخ و گرینگی پێداوە، بۆیە لە مێژووی فەلسەفەدا ڕەوتی ناکۆک و دژ بە بەکارهێنانی میتافۆر بەدیدەکرێن، هاوکات ڕەوتی کۆک و پشتگیریکردن لە میتافۆر بەرچاو دەکەون.

لای فەیلەسوفانی گریک ((بیروڕاکان جیاوازبوون و دابەش بووبوون بەسەر نەیاران و لایەنگراندا، هەندێک هەموو جۆرە شێوازێکی میتافۆرییان چ لە ئەدەب و چ لە زماندا ڕەت دەکردەوە و بە لادان و تێکدانیان دادەنا بەڵام هەندەکەی تر پەسەندیان دەکرد و میتافۆریان بە دەربڕینێکی بە کەڵک لە قەڵەم دەدا))، (بەکر عومەر عەلی، ٢٠٠٠، ١٨). ئەفلاتون سەر بەو ڕەوتە فیکری و فەلسەفییەیە، کە دژی بەکارهێنانی هونەری و ڕەوانبێژییانەی زمانە، لە تێڕوانینی ئەم ڕەوتەدا، میتافۆر کۆمەڵ لە حەقیقەت دوردەخاتەوە و دەبێتە هۆی بزربوونی واتای ڕاستەقینەی وشە، ئەمەش پەیوەستە بە بڕوابوون لە سروشتی پەیوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراودا.

سۆفستاییەکان پشتگیریان لە بەکارهێنانی هونەرییانە و میتافۆرییانەی زمان کردووە، ئەم پشتگیریکردنەیان بە جۆرێک بووە کە بە ئارەزووی خۆیان و بێ ڕەچاوکردنی لۆجیک واتای تازەیان بۆ وشە داتاشیوە.

لەناو یۆنانییەکاندا، ئەوەی بایەخێکی تەواو بە میتافۆر دەدات و بە وردی پێناسەی دەکات ئەرستۆیە، چەند ڕێسایەکی بۆ بەکارهێنانی زمانی میتافۆری دانا، ئەگەرچی ئەرستۆ هەندێ کۆت و بەندی بۆ بەکارهێنانی میتافۆر داناوە بەڵام بە گشتی بەلای میتافۆردا دای دەشکێنێ و پشتگیری لێ دەکات.

عەرەبە موسوڵمانەکانیش، بەسەر سێ ڕەوتی جیادا دابەش دەبن، ڕەوتێکیان زمانی میتافۆری ڕەتدەکەنەوە و بە درۆ و دوورکەوتنەوە لە حەقیقەت لە قەڵەمی دەدەن، سیوطی پێی وایە: ((ئاخێوەر ئەو کاتە پەنا بۆ دەربڕینی میتافۆڕی دەبات کە گوتنی ڕاستی بۆ نایەت))، (نصر حامد ابوزید، ١٩٩٦، ١٢٦). لە بەرانبەر ئەم بۆچوونەدا، بیرکردنەوەیەکی دیکە بەدی دەکرێت، کە بڕوایان بە بوونی میتافۆر و ڕاڤەی میتافۆری بۆ قورئان و پەیامبەر هەیە. بۆچوونی سێیەمیش بریتییە لە بۆچوونی ((ئەشعەرییەکان، ئەمانە لە نێوەندان، بە واتایەکی تر نە لەگەڵ ئەوانە دان کە میتافۆر ڕەت دەکەنەوە و نە لەگەڵ ئەوانەشدان کە زیادە ڕۆیی لە بەکارهێنانیدا دەکەن))، (بەکر عومەر عەلی، ٢٠٠٠، ٢٥).

فەیلەسوفە ڕۆژئاواییەکانیش بایەخێکی زۆریان بە میتافۆر داوە و سەرنجی جیاجیایان لە ڕوانگەی بۆچوونی فەلسەفییانەوە خستۆتە ڕوو، لە ڕوانگەی هیگڵەوە، دەربڕینە میتافۆرییەکان پاش بەکارهێنانیان بە بەردەوامی و بۆ ماوەیەکی زۆر سیما میتافۆرییەکانیان ون دەکەن و وەک دەربڕینی باو و ئاساییان لێ دێت، دەبن بە دانەی فەرهەنگی ئاوەزی و بنەڕەتە میتافۆرییەکانیان ون دەکەن، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییەش کە لەجیهانی دەرەوەی زماندا ڕوو دەدەن، زمان میتافۆری دیکە بەرهەمدەهێنێ و دێنێتە ئاراوە، هیگڵ پێی وایە: مرۆڤ بۆ دوورکەوتنەوە لە دەربڕینی سواو و بەکارهاتوو پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی میتافۆر (هیگڵ، ١٩٨٩ ، ١٥٣ - ١٥٤) (ئاشنا،٦٥).

- ئەوەی خرایە ڕوو، تێڕوانینی کلاسیکییە بۆ میتافۆر، کە بنچینەکەی بۆ کارەکانی ئەرستۆ دەگەڕێتەوە، لەو تێڕوانینەدا میتافۆر وەک ئامرازێکی

ڕەوانبێـژی بـۆ جوانکـاری و ڕازاندنـەوەی زمـان بـەکاردێت، بـەو واتایـەی ئـەرکێکی هونـەری و ئیسـتاتیکی هەیـە و بـەزۆریش شـاعیر و ئەدیبـەکان بەکاری دەهێنن، لەم ڕوانینەدا میتافۆر گواستنەوەی وشەیە لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تر، ئامرازێکی زمانییە و بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ڕەوانبێژی و شیعردا بەکاردێت.

بـەڵام دواتـر ڕەخنـە لـەم ڕوانگەیـە و تیـۆری (گواسـتنەوە) گیـرا، کـە بابـەتی میتـافۆری لەسـەر بابـەتی زمـان کورتـدەکردەوە، بۆنموونـە (ڕیچـاردز) پێی وایـە: ئـەوەی لـە میتـافۆردا ڕوو دەدات، ئاوێتـەبوونی دوو بیرۆکەیـە، کـە پێکەوە بیرۆکەیەکیان لێ دروست بووە، جیاوازی لەنێوان بیرو زمانـدا ڕەت دەکاتەوە و میتافۆر بە ڕێڕەوی بیرکردنەوەکانـەوە پەیوەسـت دەکات، پێی وایە بیرکردنەوە خۆی سروشـتێکی میتافۆرییانـەی هەیـە. ( Richards: ٢٠٠١ : ٩١).

## ١-٢\١) چەمک و زاراوەی زمانەوانی مەعریفی:

زاراوەی زمانەوانی مەعریفی بەرانبەر بە (Cognitive Linguistics) ی ئینگلیزی دەوەستێت، ڕیشەی وشەی (Cognitive) بۆ (cognoscere)ی لاتینی دەگەڕێتەوە کە بە واتای زانین \ناسین دێت، لە co - بە واتای پێکەوە و(( gnoscere)) بە واتای زانین پێکهاتووە، بەیەکەوە واتای گەیشتن بە زانین \ مەعریفە دەگەیەنن( Partridge, ١٩٨٥, ١٠٩).

زمانەوانی مەعریفی قوتابخانەیەکی زمانەوانی نوێیە، زاراوەکە بۆ یەکەمجار لەلایەن زمانەوانی ئەمریکی جۆرج لاکۆف George Lakoff) لە ساڵی (١٩٥٧) دا بەکارهێنراوە، بریتییە لە ((لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان زمانی مرۆڤ و ئاوەز و ئەزمونە جەستەیی و کۆمەڵایەتییەکان))، ( Evans, Bergen and Zinken, ٢٠٠٧, ٢) .

لەم پێناسەیەدا جەختکراوەتە سەر سێ لایەنی پەیوەندیدار: زمان، ئاوەز و ئەزمون. لە ڕوانگەی زمانەوانی مەعریفییەوە، ئەم سێ لایەنە بەیەکەوە پەیوەستن، واتە زمانەوانی مەعریفی ڕۆڵی ئاوەز لە پەیوەندیدا بە

زمانەوە فەرامۆش ناكات، وەک چۆن لە بۆچوونی ڕەوشتییەکاندا دەبینرا، هەروەها ڕۆڵی ئەزمون پەیوەست بە زمان و ڕۆنانە زمانییەکانەوە پشتگوێ ناخات، وەک لە ڕێبازە ئاوەزییەکانەوە بۆنمونە، ڕێزمانی بەرهەمهێناندا بەدیدەکرا.

لە ڕوانگەی زمانەوانیی درکپێکردنەوە، میتافۆر تەنیا وشەیەک نییە، بەڵکو ئامرازێکی بیریی و هزرییە، کە مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ئەبستراکت لە ڕێگای چەمکی کۆنکریتییەوە بەکاری دەهێنێت، کە بەهۆی بەراوردکردنەوە، تێگەیشتن لێیان ئاسانترە، چەمکی کۆنکرێت، بواری سەرچاوەیە و چەمکی ئەبستراکت بواری ئامانجە.
. ( Mark, J.et.al, ٢٠١٤, ٤ )

- زمانەوانیی درکپێکردن لە دەرئەنجامی کاری ژمارەیەک لە توێژەرانی چالاک لە سالانی (١٩٧٠)کاندا، کە سەرنجیان لەسەر پەیوەندی نێوان دوانەی زمان و هزردا هەبوو، گەشەی سەند و ئاڕاستەیەکی نوێی توێژینەوە سەری هەڵدا، کە پەیوەندی پێکهاتەی زمان بە شتەکانی دەرەوەی زمان بپشکنن. دیارترین ئەو زمانەوانانەی کە بە درێژایی ئەم ڕەوت و ئاڕاستەیە کاریان کردووە، تیشکیان خستۆتە سەر بنەما و سیستەمە درکییەکان، بریتین لە: والێس چاڤی، چارلس فیلمۆر و جۆرج لاکۆف و ڕۆناڵد لانگاکەر، لیۆنارد تالمی.

- زمانەوانی درکپێکردن قوتابخانەیەکی نوێی زمانەوانی ئاوەزییە، لەم قوتابخانەیەدا کۆزانیاری زمانەوانی وەک بەشێکی دانەبڕاو لە توانا درکپێکردنەکانی مرۆڤ دەخرێتە ڕوو، جیاوازییەکی ئەوتۆ و ئاشکرا لەنێوان کۆزانیاری زمانیی و کۆزانیاری ئینسکلۆپیدیایی نابیندرێت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی، کە ((دیدێکی نوێ لە ئاستی بەرهەمهێنان و هەڵهێنجانی واتای فەرهەنگیدا تۆماربکرێت))، (تریفە عومەر ئەحمەد ، ٢٠١٣، ٧٦)، زمانەوانی درکپێکردن زمان وەک پردی پەیوەندی لەنێوان ئاوەز و شارەزایی و ئەزموونی مرۆڤ دەبینێت، لەو جیهانەدا کە تێیدا دەژین.

- زمانەوانی درکپێکردن بانگەشە بنەڕەتییەکەی بەرهەمهێنانی ڕەتکردەوە، کە بریتی بوو لە چەمکی (مۆدولاریتی)، بە بۆچوونی قوتابخانەی بەرهەمهێنان ئاوەزی مرۆڤ بۆ چەندین پێکهاتە دابەش بووە، کە بە هەر یەکێک لەم پێکهاتانە دەوترێت مۆدوڵ (MODULE)، کە بریتین لە( درکپێکردن، زیرەکی، ناسینەوە، هۆش، کات و شوێن ...هتد). کە ئەمانە لە ئاوەزدا جیاجیان و سەربەخۆن، تەنانەت لەناو خودی زمانیشدا چەندین مۆدوڵ هەن، کە بریتین لە (فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکس، سیمانتیک) کە هەریەکە لەمانە لە کارکردندا سەربەخۆن و بە هەموویانەوە مۆدوڵی زمان پێکدەهێنن، ڕێزمانی جیهانی هەموو ئەمانە دەگرێتەوە زانستی زمانی درکپێکردن(( لە خودی ئەرکی درکپێکردنی زمان دەکۆڵێتەوە، لێکۆڵینەوەی زمان لە خودی ئەرکی درکپێکردندا)، کە تێیدا زاراوەی (درکپێکردن)، ئاماژە بە ڕۆڵی سەرەکی و یەکلایی کەرەوەی دروستە زانیارییە نێوەندییەکان (واتە زمان) دەدات، بە مەبەستی شارەزابوونی مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا (واتە واقع)))، (کاروان عمر قادر، ٢٠١٢، ٧٨).

- زمانەوانی درکپێکردن، لە ئەنجامی ئەو ڕەخنە و ناڕەزایەتییانە هاتە کایەوە، کە لە ڕێبازە فەرمییەکانی زماندا هەبوون. واتە، زمانەوانی مەعریفی لە کاری کۆمەڵێک توێژەری چالاکی حەفتاکانی سەدەی پێشوو، کە بایەخیان بە پەیوەندی نێوان زمان و ئاوەز دەدا، پەیدابوو. ئەو توێژەرانە دوای ئەو ئاڕاستە باوە نەکەوتن، کە لە لێکدانەوەی تەرز(Pattern)ە زمانییەکاندا، پشتی بە تایبەتمەندییە ڕۆنانییە ناوخۆییەکانی زمان دەبەست، بەڵکو جەختیان کردە سەر ئەو پڕەنسیپە مەعریفییانەی کە تایبەت نەبوون بە زمان، بە تایبەتی کردەی پۆلکردن(Evans and Green, ٢٠٠٦,٣). یەکێک لەو گریمانە گرنگانەی کە هەموو ئەم زمانەوانانە هاوبەشییان تێدا کردووە ئەوەیە، کە واتا ئەوەندە سەرەکییە بۆ زمان کە دەبێت تەوەرەیەکی سەرەتایی خوێندن بێت.

### ١\٢-٢) میتافۆری چەمکی (Conceptual Metaphor):

زمانەوانی درکپێکردن، تێڕوانین و چوارچێوەیەکی جیاوازی بۆ چەمکی میتافۆر هەیە، بۆچوونی میتافۆری چەمکی سەرەتا لە لایەن (جۆرج لایکۆف و مارک جۆنسن)ەوە لە ساڵی (١٩٨٠)دا، لە کتێبی (ئەو میتافۆرانەی لەگەڵیاندا دەژین) دا پێشنیازکراوە و خراوەتە ڕوو. لایکۆف و جۆنسن ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە کرۆکی میتافۆر، تێگەیشتن و ئەزموونکردنی جۆرە شتێکە، لە ڕوانگەی یەکێکی دیکەوە و ئاماژەیان بەوە کردووە، کە میتافۆر ڕەگەزێکی سەرەکی پرۆسەی بیرکردنەوەیە و وشەکان هەڵگری چۆنیەتی بیرکردنەوەی درکپێکردنی ئێمەی مرۆڤن.

هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی سیمانتیکی درکپێکردن( Cognitive semantic)، میتافۆر بووە چەقی گرینگی پێدانی نێو بوارەکە، فەلسەفەی پشت قوتابخانەکە بەهەند وەرگرتنی واتا بوو، کە لە ساڵەکانی حەفتاکانەوە، وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر ئەو تیۆرانەی لەو کاتەدا لەبارەی زمان بە گشتی و واتای زمانی بە تایبەتی لە ئارادابوون هاتە کایەوە، زیاتر گرنگی بە واتای ئینسکلۆپیدی دەدا، لەبەرئەوە جیاواز لە قوتابخانەکانی دیکە، کە جەخت لە بنەمای ڕێزمانی دەکەنەوە، زانستی زمانی درکپێکردن جەخت لەسەر ڕۆڵی واتا دەکاتەوە، گریمانەی سەرەکی بۆچوونەکەش ئەوەیە کە میتافۆر سیمایەکی شێوازناسیی زمانی نییە، بەڵکو هزری مرۆڤ لە بنچینەدا و بە سروشت میتافۆرییە (Lakoff and Johnson,١٩٨٠, ٣)، لەم تێڕوانینەدا، میتافۆر خەسڵەت و تایبەتمەندیی وشەکان نییە، بەڵکو هی چەمکەکانە و وابەستەیە بە هزری مرۆڤەوە، مەرج نییە، هەموو کات میتافۆر لەسەر بنەمای هاوشێوەیی و لێکچواندن دابمەزرێت، خودی پرۆسەی بیرکردنەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان میتافۆرییانەیە، میتافۆر سیمای تەواوی سیستەمی عەقڵییە.


- میتافۆری چەمکی لە دوو بواری چەمکی پێکهاتووە، کە تێگەیشتن لە یەکێکیان لەڕێگای ئەوەی ترەوە ڕوو دەدات (Evans,٢٠٠٣,١٦ ).

ـ میتافۆرە چەمکییەکان لە سروشتی پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە جیهانەوە سەریانهەڵداوە و ڕەگیان داکوتاوە، بە واتایەکی دیکە میتافۆرە چەمکییەکان بناغەیەکی ئەزموونییان هەیە. بۆنموونە: لە میتافۆرێکی چەمکی وەک: (ژیان گەشتە) دا:

بوارێکی چەمکی ژیان لە ڕێگای بوارێکی چەمکی دیکەوە (گەشت) لێکدانەوەی بۆ کراوە.

لە ڕوانگەی میتافۆری چەمکییەوە، دروستەی هزریی مرۆڤ لەسەر بنەمای پەیوەندی و نەخشەکێشان لەنێوان بوارە چەمکییە جیاجیاکانەوە ڕێکخراوە، واتە: هزر لە ڕێی بوارێکی چەمکی دیاریکراوەوە تێگەیشتن و لێکدانەوە بۆ بوارێکی چەمکی دیکە دەکات و سیستەمی هزری بە سروشت میتافۆرییە.

بواری سەرچاوە بە شێوەیەکی گشتی بەرجەستەیە، چەمکێکە میتافۆرییانە بەکاردێت، بۆ ئەوەی کردەی تێگەیشتن لە چەمکێکی دیکە ئاسان بکات و دەربڕینە میتافۆرییەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرن، هەرچی بواری ئامانجە، ئەو بوارەیە، کە هەوڵی تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەدرێت، لە ڕێگای بواری سەرچاوەوە. کرۆکی میتافۆری چەمکیی نەخشەکێشانە، لەنێوان ئەم دوو بوارەدا.




**هێڵکاری (٥) نەخشە کێشانی چەمکی لە میتافۆری چەمکیدا**

بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کە میتافۆر دیاردەیەکی کۆن و بڵاوی زمانە، لە شێوەی جۆراوجۆری وەک ئاخاوتن و گوتار و هتد ... بەرچاو دەکەوێت، میتافۆر یەکێکە لە سەرەکیترین دیاردەی لادانی واتایی، زمانەوانان هاوڕان

لەسەرئەوەی، کە میتافۆر یەکێکە لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی زمانی مرۆڤ. (یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی میتافۆر بریتییە لە بەخشینی واتای زیاتر، یان مەبەستی زیاتر و لە ڕێگای دەربڕینی ترەوە)،( :Evans and Green). ۲۰۰٦: ۳۸

دەربڕینە زمانییەکان، خاوەن بونیادێکی میتافۆرین، میتافۆریش بۆ وەسفکردنی و چۆنیەتی ئەو توخمە هۆشەکییانە بەکاردێنین، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و فیزیکییەوە لە زماندا چالاک دەکرێن، ڕۆڵی ئەمەش لە درکپێکردنی بینین دایە، بۆ ئەوەی لەبارەی شتێکەوە بدوێین، پێویستە لە ڕێگای یەکێک لە هەستەکانەوە درکی پێبکەین. (دونالد شون)، بۆ ئەو ڕێگایانەی کە تێیدا میتافۆر پشتدەبەستێت بە چەمکی خوازە، وێناکردنێکی پێشکەش کرد(میتافۆری بەرهەمهێنان ئەو میتافۆرەیە، کە وەسفی بابەتێک یان کێشەیەک دەکات، لە هەمان کاتدا پێشنیازی چارەسەرێکیش بۆ ئەو بابەتە، یان ئەو کێشەیە دەکات)،(schon:۱۹۷۹:۱۳۷-۱۳۹).

میتافۆر بریتییە لە ڕەگەزێکی سەرەکی بیرکردنەوە و بۆ دەربڕینی ئەندێشە وخەیاڵ نییە، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ خەیاڵ و بیرکردنەوە، وشە و دەربڕینە میتافۆرییەکان کە لە زماندا دەردەبڕدرێن ڕەنگدانەوەی بیری ئێمەن و ئێمە بە میتافۆر بیر دەکەینەوە. (Lakoff, G., ۱۹۸۰,۳۷).

## ۱\۲-۲- ۱) تیۆری کارلێکی (Interaction Metaphor Theory)

تیۆری کارلێکی وەک جێگرەوەیەک بۆ تیۆری (گواستنەوە)(Comparisionthyory) دادەندرێت، ئەم تیۆرە لێکدانەوەی میتافۆر لەسەر بنەمای ڕەوانبێژی کلاسیکی تێدەپەڕێنێت و پەیوەستە بە زانستی مەعریفی و دەروونناسی ( جەشتاڵتییەوە)، لەناو پۆزەتیڤیزمدا جێگیر دەبێت. ئەم کتێبە لەلایەن ڕیچاردز، لە کتێبی(فەلسەفەی ڕەوانبێژی) و ماکس بلاک لە کتێبی (نموونەی میتافۆرەکان) خرایە ڕوو، دواتر مارک جۆنسۆن و جۆرج لایکۆف لە کتێبەکەیاندا، (ئەو میتافۆرانەی بە هۆیانەوە دەژین)، بنەمای تیۆرەکەیان دانا.

**(ماکس بلاک)** دوو ئاستی لە مێتافۆر دیاریکرد **ئاستی وشەی** سەنتەر(focus)، ئاستی چوارچێوە (frame) یان بەشەکانی تری ڕستە، وتی وشە دەستبەرداری هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی دەبێت بۆ ئەوەی تایبەتمەندی تری بۆ زیادبێت، ئەمەش لە ئەنجامی کارلێکی نێوان سەنتەر و چوارچێوە دروستدەبێت، کاتێک دەڵێین (کاروان شێرە) ئەوا شێر بەشێکی تایبەتمەندییە ئاژەڵییەکەی دەبەخشێت و تایبەتمەندی مرۆیی بەدەستدەهێنێت، کاروانیش بە پێچەوانەوە سیمای ئاژەڵی بۆ زیاددەبێت، بەم شێوەیە کارلێکدەکەن و دەچنە قۆناغی یەکبوونەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازییەکان، بەرهەمەکە شتێکی نوێ دەبێت. ماکس بلاک ئەم ئاوێتەبوونەی بەهەند وەرگرت و دژی تیۆری(گواستنەوە) بەکاریهێنا بەو پێیەی کاتێک مێتافۆرێک بەکاردەهێنرێت، لە بەرانبەر دوو بیرۆکەدا دەبین لەهەمان کاتدا، پەیوەستن بە دەربڕینێکەوە، واتاکەی لە ئەنجامی کارلێکی نێوانییان دروستدەبێت.(Black:١٩٦٢:٢٨)، ئێمە لە بەرانبەر دوو بیرۆکەی جوڵاو داین لە هەمان کاتدا، کە جیاوازن و هەردووکیشیان جەخت لەسەر یەک دەربڕین دەکەنەوە، واتاکەشیان لە ئەنجامی کارلێک بوونیان دەردەکەوێت، بەم جۆرە، واتایەکی نوێ دەستدەکەوێت، کە لە واتا بنچینەییەکە و واتای وشە سەنتەرەکە فراوان دەبێت. بەهۆی ئەمەش دەرکەوتەی مێتافۆر و وەرگرتنی واتا و فراوانبوونی واتای وشەی سەنتەر، لە ئەنجامی پێکەوە بەستنی هەردوو یەکەکەوە دروست دەبێت.

مێتافۆر، کایەیەکی گەورەی سیستەمی بیرکردنەوە و وێناکردنی مرۆڤە، لە تیۆری کارلێکی، مێتافۆر بە شێوەیەکی گشتی لەسەر کارلێکی مرۆڤ و دەوروبەری بەندە، بەپشت بەستن بە تاقیکردنەوە فیزیکییەکان، کە بەشێوەیەکی بەتین بە تاقیکردنەوە جەستەییەکانی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەرییەوە بەستراوە، ئەم تیۆرە لەسەر چەند بنەمایەک بەندە:

بەپێی بنەمای تیۆری کارلێک، مێتافۆر کارلێکی مرۆڤە لەگەڵ دەوروبەریدا، لە هەردوو لایەنی مێتافۆر(سەرچاوە sorce domain/مەبەست target domain) ڕەنگ دەداتەوە، ئەمانە ڕەخنەیان

لە تیۆری کلاسیکی (گواستنەوەی واتا) گرت و بە کەموکوڕی تاوانباریان کرد، ئەو بیرۆکەیان ڕەتکردەوە، کە میتافۆر دەربڕین بێت، لە گواستنەوە و خواستن پێیان وایە میتافۆر بریتییە لە کارلێک و ئاوێتەبوون. ئەم تیۆرە چەند بنەمایەک بۆ میتافۆر دیاریدەکات، وەک:

**- میتافۆر بابەتێکی جوانکاریی وێژەیی نییە، بەڵکو بابەتێکی خۆڕسکی بیرییە:**

ئەم تیۆرە میتافۆر بە هۆکارێکی سەرەکی بیرکردنەوەی مرۆڤ دادەنێت، لایکۆف و جۆنسن، جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکەنەوە، کە میتافۆر لە هەموو کایەکانی ژیاندا بوونی هەیە و تەنانەت لە کردەکانی ڕۆژانەشدا ئامادەبوونی هەیە. سیستەمی وێناکردنی مرۆڤ لە بنەڕەتەوە میتافۆرییانەیە (Lakoff and johanson:٢٠٠٣:٢١). زمان لە بنەڕەتەوە خۆی میتافۆرییە و چالاکی لەسەر بونیات نراوە، وێناکانمان ئەو شتانە بونیات دەنێن، کە درکیان پێدەکەین، لەو ڕێگایانەوە مامەڵە لەگەڵ جیهان و دونیای دەوروبەرماندا دەکەین، لێرەدا هزر بەپێی کردەی کارلێک کاردەکات و بە تۆڕێکی سیستەمی وێناییەوە بەستراوەتەوە، نەک هێمای ئەبستراکت و ماتماتیکی. لە ئەزمونی ژیان و جەستەمانەوە هەڵێنجراوە. ئەوەی واتا بەم هێمایانە دەدات، ئەزمون و کۆمەڵگایە.

**- میتافۆر تەنیا لەسەر خواستن کورت نەکراوەتەوە:**

لە تیۆری کارلێکی دا، مەبەستەکانی میتافۆر، تەنیا خواستن و لێکچواندن نییە، (ڕیچاردز) پێیوایە، بەڵکو مەبەست لە لێکچواندن و خواستن زیاترە و دەیەوێت وەسفی هزری شتەکان بکات (ڕیتشاردز: ٢٠٠٢ : ٨٤). میتافۆر کۆکردنەوەی دوو شتە کە سەر بە دوو سیستەمی جیاوازن، پەیوەندییەکە ئەوەندەی جیاوازی و لێکنەچوونە، ئەوەندە لێکچواندن نییە، لەبەرئەوەی ئەنجامی لێکچواندنەکە شتێک دەبێت، زۆر جیاواز ترە، لەوەی کە دروستمان کردووە، بۆنموونە، میتافۆری (کۆترێک لە ئاگر)، ئەم دوو بیرۆکەیە زۆر لەیەکەوە دوورن و هیچ پەیوەندییان بە یەکەوە نییە، بەڵام بەهۆی ئەم میتافۆرە لەیەکەوە نزیک کراونەتەوە.

**- ئەم تیۆرە بایەخ بە دەربڕینی میتافۆریی دەدات، لە بری ئەوەی گرنگی بە واتای وشەیەک بدات:**

بەپێی ئەم بنەمایە، میتافۆر نابێت وەک لادانی واتایی، لێی بڕوانرێت و تەماشای بکرێت، لەبەرئەوەی میتافۆر واتاکەی بە سیاقەکانەوە بەستراوەتەوە، بە تاکە وشەیەکەوە پەیوەست نییە، واتای میتافۆریی بەندە بە کارلێکەکانی نێوان دەقەکان و بەپێی سیاقە جۆراوجۆرەکان دەگۆڕێت و میتافۆر بەرهەمی کارلێکی نێوان یەکەکانە، ڕیچاردز جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەو واتایەی لەنێوان هەڵگر و هەڵگیراودا دروست دەبێت، نابێت وەک واتایەکی جوانکاری تەماشا بکرێت، بەڵکو وەک کارلێکی نێوان هەردوو واتاکە سەیری بکرێت، واتای میتافۆرقیی نوێی خوڵقاندووە و ناکرێت لە یەکدی جیابکرێنەوە (ریتشاردز:٢٠٠٢: ١٠١) .

- میتافۆر **نرخێکی ڕەفتاریی مەعریفییانەی هەیە:**

لە چێوەی ئەم تیۆرەدا، ئەوە خراوەتە ڕوو، کە دەکرێت میتافۆر بابەتێک بێت، بۆ بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤ، بەمجۆرە وێناکردنەکانی مرۆڤ تا ڕادەیەکی زۆر میتافۆرییانەن (لایکۆف: ٢٠٠٥ : ٣٨)، لەم ڕوانگەیەوە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و ڕەفتارمان بە شێوەیەکی سەرەکی بە میتافۆرەوە دەبەسترێت، میتافۆرەکان ئامرازی درککردن و تێگەیشتنن و پێگەیەکی بەرزیان لە گەیاندنی واتادا هەیە، بە بۆچوونی ئەمان میتافۆر نرخێکی زۆر گەورەتری هەیە، لەوەی کە تەنیا ئامرازێکی جوانکاریی بێت، ئەم تیۆرە میتافۆر وەک یەکەیەکی تێگەیشتن و درککردن دەبینێت، نەک وەک تیۆری (گواستنەوەی واتا)، کە پشتی بە بنەمای عەقڵ و لۆژیکی وشک دەبەست، بڕوای بە کارلێکی نێوان یەکەکان نەبوو، لەم تێڕوانینەدا، میتافۆر، تەنیا ئەرکی وەسف و لێکچواندنی دەبینی، ڕۆڵی جوانکاری و ڕەوانبێژی پێ بەخشرا بوو، تیۆری کارلێک پێی وایە، کە میتافۆر توانای دروستکردنی واقیعی هەیە، نەک هەر تەنیا وەسفێک بێت بۆ واقیع.

## ١\ ٣) میتافۆر و گۆڕانی واتا

گۆڕانی واتا (Semantic change)، بریتییە لەو کردەیەی، کە بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵگا وتێپەڕبوونی کات لە خۆوە ڕودەدات، لە ئەنجامدا، هەندێ وشە واتاکانیان فراوان یان تەسک دەبێتەوە، یان لەبوارێکەوە بۆ بوارێکی تر دەگوێزرێنەوە، لە زمانەوانی نوێدا، وشەی پەرەسەندن بە واتای ڕەهای گۆڕان بەکاردێت، بەبێ ڕەچاوکردنی پێوەری باشی و خراپی پلەی گۆڕانەکە ( ابراهیم السامرائی:١٩٨٣: ٢٩).

- زانایانی بواری واتا گرینگییان بە گۆڕان و پەرەسەندنی واتایی داوە، لێکۆڵینەوەیان لە جۆر و شێوە و هۆکارەکانی گۆڕانی واتاییدا کردووە.

زمان پەیوەستە بە هۆش و بیری مرۆڤەوە، نەوە یەک بە دوای یەکەکان بەکاری دەهێنن. ئاخێوەران هەمیشە بەدوای شێوازێکی باشتری دەربڕیندا وێڵن، دیاردەی گۆڕان و نوێبوونەوەی واتا، هاوجووتە لەگەڵ پەرەسەندنی شارستانییەتیدا. بیرو دەرونی مرۆڤ لە زمانەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە، عەقلی پێشکەوتوو بە بەراورد لەگەڵ مرۆڤی بەراییدا، ئامادەگی گۆڕان و نوێبوونەوەی پتری تێدایە. (رجب عبد الجواد: ٢٠٠١: ٨) لەبەرئەوەی وشە و واتاکەی لە پەیوەندی دان، بۆیە هەر ئاڵوگۆڕێک بە سەر جۆری پەیوەندییەکەدا بێت، گۆڕان لە واتادا دەهێنێتە کایەوە (منقور عبد الجلیل: ٢٠٠١: ٦٩).

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی و دەرونناسییەوە، زمان بوونێکی زیندوویی دینامیکی چالاکە، لە دایک دەبێت وگەشەدەسەنێت وپەلوپۆ دەهاوێژێت. دیاردەکانی ناو زمان بە نەگۆڕیی نامێننەوە، هەمیشە لە دۆخێکەوە بەرەو دۆخێکی تر دەڕۆن، هەرچی ئاڕاستەی گۆڕانیشە، بە پێی کات وسەردەم دەگۆڕێت. بایەخدان بە زمان، لە چاخە دێرینەکانەوە مرۆڤی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، ئەگەر چاوێک بە مێژووی شارستانیەتی گەلاندا بگێڕین بۆمان دەردەکەوێت کە زمان لە گرینگی پێداندا، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، سەرەڕای ئەوەی کە تایبەتمەندان و پسپۆڕانی بوارەکە بڕێکی زۆریان لەسەر نوسیوە، لە لایەن فەیلەسوف و پیاوانی ئاینی ومێژوونووس و

زانایانی مرۆڤناسی و دەروونناسی و کۆمەڵناسی و بوارەکانی دیکەشدا، گرینگییەکی زۆری پێ دراوە. هەریەک لەمانە، لە ڕوانگەی بابەتەکەی خۆیەوە گرینگی بە زمان داوە و پێناسینی بۆ کردووە. بەڵام، دوای ئەوەی زمانەوانی بوو بە زانستێکی سەربەخۆ، لێکۆڵینەوەکان بە خودی زمانەوە تایبەتکران. ( لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوە لە زمان پێویستە سەربەخۆبێت و دوور بکەوێتەوە لە هەربیرێک کە زمان لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا بەرێتە دەرەوە)،(منذر عیاشی: ٢٠١٣ : ٦٥).

دیاردەی گۆڕانی واتایی، بەشێکە لە لێکۆڵینەوە واتاییەکان، کە پەیوەندی بە بوارەکانی فەرهەنگ و داڕشتن و دەوربەر و مێژوو و ڕامیاری و ئاین و دەروونناسی و ڕەوانبێژییەوە هەیە ( نور الهدی لوشن:٢٠٠٦: ٥٥). هەر گۆڕانێک، کە بەسەر دیاردەکانی ژیان و بواری فەرهنگسازیی و شێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و ڕامیاری و جۆری دەسەلاتدا بێت، لە زمانیشدا ڕەنگ دەداتەوە. ( هەمیشە زمانەکان لە بەردەم ئەگەری گۆڕاندان، ئەگەرچی قسەکەرانی هەر زمانێکیش بە ئاگانین لەوەی کە ئەم گۆڕانانە ڕوودەدەن)، ( دەیڤید هاریس: ٢٠٠٧: ٤٦). بۆ ئەوەی خوێنەرێکی کورد ئەمڕۆ لە شیعرەکانی بابا تاهیری هەمەدانی تێبگات، پێویستی بە بەکارهێنانی فەرهەنگ دەبێت، تاوەکو واتای هەندێ وشە و دەستەواژە و ڕستە لێکبداتەوە.

دیاردەی گۆڕانی زمان، تەنیا تایبەت نییە بە زمانێک یان چەند زمانێک، بەڵکو لە هەموو زمانەکاندا ڕودەدات، بەڵام جۆرو شێواز و ڕادە وچەندییەتی گۆڕانەکە، لە زمانێکەوە، بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت و جیاوازە. ئە گەر بەراوردێکی زمانی فەرەنسی بکەین، کە لە سەدەکانی دوازدە و سێزدەدا قسەی پێکراوە، لە گەڵ زمانی فەڕەنسی ئەمڕۆدا، ئەوا هەست بە گۆڕانێکی گەورە دەکەین، کە بەسەر وشەکان و هەندێ پێکهاتەدا، هاتووە (عبد القادر المهیری: ٢٠٠٧: ١٤١). لەوانەیە خوێنەرانی ئەم سەردەمە پێویستییان بە چەندین تێبینی و ڕونکردنەوە هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن بە تەواوی لە نوسینەکانی (ولیەم شەکسپیر)ی شانۆنوس تێبگەن، کە لە

کۆتاییەکانی سەدەی شانزە و سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەدا نووسیویەتی (دەیڤید هاریس: ٢٠٠٧: ٤٦).

لەگەڵ گۆڕانەکانی سەردەمدا، جۆری کەلوپەل و شێوازی بیرکردنەوەش گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆیە مرۆڤ هەمیشە هەوڵدەدات، کات و وزەی ئاخاوتن کەم بکاتەوە و زیاتر گرینگی بە لایەنە پڕاکتیکییەکانی ژیان بدات، بۆ نموونە: شێوازی هەواڵپرسین و چاک و چۆنی بە تێپەڕبوونی کات، بەرەو کورتبوونەوە و ئاسانی دەڕوات، لە ڕوی ماوە و بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکانەوە، ئەم جۆرە گۆڕانە لە ئاستەکانی تری زمانیشدا، هەستی پێ دەکرێت( زمان لە گەڵ پێویستییەکانی سەردەمدا، خۆی دەگونجێنێت و وەک دیاردەیەکی پەیوەست بە پێی لێکۆلینەوەکان لە سەر بنەمای (ئابوری زمان) بەرەو ئاسانبوون دەڕواو باجی ئەو ئاسانبوونەش لە دەستدانی هەندێ لە دەنگەکانی زمانە، زمانیش لە بەر ئەوەی هۆییێکی لە یەکتر گەیشتنە بە بۆچوونی (جەسپێرسن – jespersen )دەکەوێتە ژێر کاریگەری گەشەسەندنێکی سروشتی کە شێوە و ڕێزبوونە ڕێزمانییەکەی دەگرێتەوە، ئەو گەشەسەندنەی زمان بەرە و ئاسانبوونی دەبات، بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە هەموو قۆناغەکاندا و بگاتە بارێکی وا، کە زۆرترین چالاکی زمانیی بە کەمترین وزە ئەنجام بدات)، ( محمد معروف: ٢٠٠٦: ٣٤ ).

بۆ چوونە دێرینەکان، دیاردەی گۆڕانیان پەسەند نەدەکرد و پێیان وابوو گۆڕان دەرچوونە لەیاسا باوەکان و زمان بەرە و تێکدان دەبات. پیاوانی ئایینی هیندییەکان زوو درکیان بەوە کردووە، کە سروشتی زمان وایە بگۆرێت، ئەو گۆڕانە سروشتییەی زمان ئەوانی هەراسان کردبوو، چونکە ئەوان باوەڕیان وابووە، کە هەر گۆڕانکارییەک لە خوێندنەوە و تەئویلکردنی کتێبی Ring-Veda دا بکرێت، کتێبەکە پیرۆزی خۆی لە دەست دەدات.)،(سەلام ناوخۆش :٢٠٠٨ : ١٤).

لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە، گرینگی بە زمانەنە تەوەییەکان درا، بەڵام پێش ئەو ماوەیە یۆنانی و ڕۆمانییەکان، تەنیا گرینگییان بە زمانی نەتەوەیی

خۆیـان دەدا، پێیـان وابـوو: تەنیـا زمانەکـانی ئەوان شـایانی بـایەخ پێدان و لێکـۆڵینەوەن، هەرچـی زمانـانی دیکەیـە، بـێ بـایەخن و بە (بەربەری) و ژاوەژاو، ناویان دەبردن )،(نور الهدی لوشن:٢٠٠٦: ٥) .

هەندێ لە بیرمەندەکان سەبارەت بە گۆڕانی زمـان، بیـروڕای خۆیـان دەربڕیـوە، دانتـی لەم بـارەیەوە دەڵێـت: (( لەسـەردەمی تێکچـوونی تـاوەری بابل بەملاوە، هەموو زمانێکی مرۆڤ بەپێی حەزەکانی مرۆڤ سەر لە نـوی پێکهـاتۆتەوە چـونکە مـرۆڤ بـوونەوەرێکە زۆر شـیاوی گـۆڕانە، زمـانیش نـاتوانێ نەگـۆڕو هەمیشـەیی بێـت، بەڵکـو وەکـو هەمـوو شـتەکانی دیکـەی مـرۆڤ، وەک داب ونەریـت و جـل وبەرگ، بێگومـان بە پێـی کـات وشـوێن دەگۆرێت))، (حسین یەعقوبی:٢٠٠٧: ٧).

لە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەیەمـدا گرینگـی بە ڕاسـتییە زمـانییە درکپێکراوەکان درا، ئەمەش وەک دەرچوونێک وابوو لە زمانەوانی سـەدەی هەژدەیەم، کە گرینگـی بە لایەنـی لـۆجیکی و گشـتییەتی لە زمانـدا دەدا. دۆزینـەوەی زمـانی سانسکریتیش هۆکـارێکی تـری پێشـکەوتنی زمـانەوانی سـەدەکە بـوو. هەر لەو کاتەشـدا، ڕێبـازی مێژوویی لە لێکۆڵینەوەی زمانـدا خۆی چەسپاند (میلکا افیتش: ٢٠٠٠ : ٤٥ ).

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، بیردۆزی داروینDarwinism بەنـاوی (ڕەسـەنی جۆرەکـان) کە لەسـاڵی (١٨٧٥ز)دا، بـڵاوی کـردەوە، کـاریگەرییەکی زۆری لە سـەر زانسـتە سروشـتی و زانسـتەکانی تـریش لە ڕووی بیر و ڕێبازی لێکۆڵینەوەدا هەبوو، زانسـتی زمـانیش لەم کـاریگەرییە بەدەرنەبوو( احمد مختار عمر: ١٩٨٢: ٣٢٨).

بە پێـی ئەم بیـردۆزە، هەمـوو شـتێکی ئەم سروشـتە لە گـۆڕان و پەرەسـەندنێکی بەردەوام دایە، بەهـۆی پەرەسـەندنەوە، بـوونەوەرە زینـدووەکان دوای ئەوەی لەگەڵ هۆکـارە جیاوازەکـانی ژینـگەدا، دەکەونە ململانێ، لە سادەوە بۆ ئـاڵۆز و لە بـاری بێ هێزییەوە بەرە و بەهێزبـوون دەچـن، ئەم بۆچـوونە لە زانسـتە ڕامیـاری و کـۆمەڵایەتی و قوتابخـانە و ڕێبـازە فەلسـەفی و دەروونیەکانیشـدا ڕەنگـی دایەوە، هەنـدێ لە زانایـانی

وەک: (**کارل مارکس، برتراند راسل، سیگموند فرۆید، دۆرکهایم**)، ژمارییەک لێکـۆڵەری زمـانەوانی بەم بۆچـوونە کـاریگەر بـوون. زمانەوانـان، لەم بارەیەوە، پێیان وابوو: زمان وەک بوونەوەرە زیندووەکان بە بەردەوامی لە گۆڕانـدایە، بەهـۆی گـۆڕانەوە زمانەکـان پەرەدەسـەنن و پێشـدەکەون، لە توانای کەسیشدا نییە پێش بە گۆڕانەکە بگرێت.

زۆر کەس باوەڕییـان وابـوو، ئەو بنەمایـانەی کە (**داروین**) لە بـارەی بوونەوەرە زیندووەکانەوە داینابوو دەتوانرێ لە بوارەکانی تری چالاکی مرۆڤایەتیدا تیشـکیان بخـرێتە سـەر، بە هـۆی گشـتیەتی بنەماکـانەوە، زمـانەوانی ئەڵمـانی **ئۆگسـت شلایشـەر** (AugustSchleicher )، ئەم بۆچـوونەی لە بـواری زمانەوانیـداجێبەجێ کـرد: زمـان دیـاردەیەکی سروشتییە، وەک هەر دیاردەیەکی تر کە لە سروشتدا هەیە پەرەدەسـەنێ (مليكـا أفيـتش:٢٠٠٠: ٥ ـــ ٥٨). پێویسـتە زمـان لەگەڵ کـات و شـوێن و سەردەمدا خۆی بگونجێنێت، هەروەک چۆن بوونەوەرە زیندووەکان، لەگەڵ ژیـنگە و دەوروبەردا، بەمەبەسـتی پەرەسـەندن خۆیـان دەگـونجێنن. (لایەنگرانـی بیـردۆزی داروین، بۆچوونیـان وابـوو، کە گـۆڕان ڕوکـارێکی پێـوانەیی هەیە و هەمیشـە بە ئاڕاسـتەی بەرزبـوونەوەدا دەڕوات. بەڵام ڕێبـازی وەسفی، بیـرۆکەی پێـوەری ڕەتـدەکاتەوە و گرینگـی بە دیـاردە و تایبەتمەنـدییەکان دەدات، بـۆیە هەنـدێک پێیـان وایە، زاراوەی گـۆڕان (change) لە بـری پەرەسـەندن (Development)بەکاربێـت، باشـترە)، (احمد محمد قدور: ١٩٩٦ :٣٢٣).

لەگەڵ ئەوەدا، هەندێ زمانەوان بە توندی لایەنگری بیردۆزەکە بوون، بەڵام هەنـدێکی تـر، پێیـان وابـوو، کە بیـردۆزەکە دەسـتە وەسـتانە لە لیکدانەوەی هەموو ئەو گۆڕانانەی کەبەسەر زماندا دێت، بە تایبەتی لایەنی واتـایی، لە دیـارترین بەرپەرچـدەرەوەکانیش( ئـە**سـکولی Ascoli ئیتـاڵی، سیس Says، سویت swe، جسپرسن Jespersen، بریل**) بوون. ئەمانە بەشـێوەیەکی گشـتی نکۆڵییـان لە جەبرییەتـی گـۆڕانی دیـاردە زمانییەکـان دەکرد. بۆنموونە،( **بریـل**) پێی وابوو: هەموو ئەوگۆڕانە واتاییانەی کە لە

زمانـدا ڕوودەدەن، بە مەبەسـتی چاکسـازیی ئەنجـام دەدرێـن، پشـت بە هەوڵدان وماندوبوونی قسـەکەرانی ئەو زمانە دەبەسـتن، هەمیشـە ڕووە و تەواوکاری دەڕۆن، گرینگترینیان ئەو هەوڵانەیە، کە ئەدیب و نووسـەران لە هەموو سەدەیەکدا، بۆ سەرخستنی زمان دەیدەن)، ( علی عبد الوافی:١٩٨٤: ٥٨ ـ ٥٩).

لە سـەدەی نۆزدەیەمەوە، زانایـان، گرینگییـان بە گۆڕان و پەرەسـەندنی واتـا داوە، هەوڵیـان داوە گـۆڕانی واتـا بە یاسـاو ڕێسـای ڕێزمـانییەوە پەیوەست بکەن. گۆڕان و یاساکانیان، بەچەند زاراوەیەکی چاولێکەری، وەک: ( **فراوانبـــوون و تەســـکبوونەوە و خـــوازەی بەڕەڵـــلا و درکە metonymy و خواسـتن metaphor**) ڕوونـدەکردەوە. دواتـر دیـاردەی گۆڕان و پەرەسـەندنی واتـای فەرهەنگـی بە شـێوەیەکی سیسـتەماتیکی لە لایەن (١٩٣١ - stern ) و چەنـد کەسـێکی تـرەوە گرینگـی پێـدرا و شیکرایەوە ( محمد محمد یونس: ٢٠٠٤: ٦٢).

**ڕێزماننووســە گەنجەکــان**، کەســەر بە قوتابخــانەی **لایبــزگ** بــوون، دەورێکی دیار و گەورەیان لە پێشخستنی زمانەوانیدا بینی، نوێنەرانی وەک (**برۆکمـان، ئیسـتهۆف، پاوڵ.....هتـد**) لە سـاڵی (١٨٧٦ )دا، ئەمـانە، بـاوەڕی تەواویان بە ڕێکوپێکی گۆڕان هەبوو، بە باوەڕی ئەوان یاساکانی گۆڕانی دەنگ ناوێزەییـان تێدا نییە (سـاجیدە عەبدوڵلا فەرهـادی:٢٠٠١:٤٥)، بەڵام (**سـورێنSeuren**) ، وای دەبینێـت، کـە دانـانی یاسـا بـۆ گـۆڕانی واتـا لە زمـانێکی دیـاریکراودا یـان کۆمەڵە زمانێـک، کە لە یاسـادەنگییەکاندا بەیەک بچن، کارێکی ئەستەمە ( ١٩٩٨:٨٣: Seuren). لە سـەدەی بیستەیەمدا، بۆ یەکەمجــار(**میشـــیل بریـــل**) کە زانـــایەکی فەرەنســـی بـــوو، زاراوەی (Semantiqu)ی بەرانبەر بـە زانسـتی واتـا بەکارهێنـا، دواتـر بە زاراوەی (Semantics)بۆزمـــانی ئینگلیـــزی وەرگێـــڕدرا ( رجـــب عبـــد الجـــواد ابــراهیم:٢٠٠١: ١١). لەگەڵ بەرەو پیشــچوونی واتاســازییدا، لێکـۆڵینەوەی زیاتر لە بارەی گۆڕانە واتاییەکانەوە ئەنجامدرا، لە بەرئەوەی واتـا هەمیشـە لە گۆڕانێکی بەردەوام دایە.

لەبەرئەوەی گۆڕان ئاراستەیەکی بازنەیی هەیە، مەرج نییە لە هەموو کات و سەردەمێکدا و لە هەموو زمانێکدا، بە هەمان پێوەر و ڕوکار ڕوویدات، دەشێ دیاردە لە ناوچوو یان مت بووەکان، دووبارە بگەڕێنەوە ناو زمان، بە پێی پێویستییەکانی ئەو خەڵکەی کە قسە بەو زمانە دەکەن، هەندێ وشەی مردوو دووبارە بۆ ناونانی دیاردە نوێیەکان بەکاردەهێنرێنەوە. لە میتافۆریشدا هەمان دیاردە هەیە، میتافۆر لە ڕەوتی بەکارهێناندا دووچاری متبوون دەبێتەوە، بەڵام دەشێ دووبارە بگەڕێتەوە ناو زمان، نەک بە تەواوی بمرێت و لەناوبچێت.

بۆیە دانانی یاسا، بۆ گۆڕانی واتا، لە زمانێکدا یان لە نێوان کۆمەڵە زمانێکی دیاری کراودا، کارێکی ئاسان نییە بە پێی ئەو دەرەنجامەی، کە میتافۆر و گۆڕانی واتا پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، ناتوانرێ، یاسایەکی تایبەت لە زمانێک یان کۆمەڵە زمانێکی دیاریکراو، بۆ دروستبوونی میتافۆر دابنرێت، لەبەرئەوەی لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر یەکسان نییە و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە. گۆڕان، لە زمانی کوردیدا ڕێچکەی تایبەتی خۆی هەیە، واتە لەگەڵ ئەوەدا، گۆڕانی زمان ڕووکارێکی گشتی هەیە، بەڵام لە هەر زمانێکدا، ئاراستەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆ نموونە، بۆی هەیە زمانێک لە قۆناغێکی مێژووییدا، پەرەسەندنێکی تەواو بەخۆیەوە ببینێت، بەڵام زمانێکی دیکە لە هەمان قۆناغدا بە بارودۆخێکی خراپدا تێپەڕ بێت و بە تەواوی لەم قۆناغەدا لە گەشەسەندن بوەستێت، بۆیە ناتوانین هەموو زمانەکان لەیەک قۆناغی مێژووییدا لە ڕووی پەرەسەندنەوە وەک یەک بەراورد بکەین، یان بە هاوتایان دابنێین.

گەشە و گۆڕانی واتا دەکەوێتە بواری **زمانەوانی مێژووییەوە**، پەیوەندی بە سیمالۆجی ( Semasiology) و واتاسازیی مێژووژییەوە ( Historical Semantics) هەیە، کە سەرەتا لای ئەڵمانەکان ( ١٨٠٠) دەستی پێکرد و دواتر گواسترایەوە بۆ کۆمەڵناسە فەڕەنسییەکان، لەم سەردەمەدا هەوڵدرا،

لە گـۆڕانی واتـای وشـەکان بکۆڵـدرێتەوە لە سـەر بنچینەیەکـی لـۆجیکی پۆلێنیان بکەن (عەبدولواحید موشیر:١٩١:٢٠١١).

گۆڕانی واتا، لە چوارچێوەی سیستەمی جوڵەیەکی هێمن و بەردەوامی زمانـدا ڕوودەدات، لە ڕەوتـی گۆرانـدا هێمـای زمـانیی لە و بـوارە واتـاییە دیـاریکراوەی کە بـۆی دانـراوە، بـۆ بـوارێکی تـر دەچێت و دەگـوازرێتەوە، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی لێکـۆڵینەوەی خـوازەی زمـانییەوە، لە کـردەی بەکارهێنـانی زمانـدا، دەشـێ واتـای بنجـی وشـە و دەسـتەواژە و پێکهـاتە زمانییەکان گۆڕانیان بە سەر دابێت واتای پێگە یان شێوازی و ڕەوانبێژی، جێگەیـــان بگـــرێتەوە، بەمجـــۆرە یەکەی زمـــانیی واتـــایەکی نـــوێ هەڵدەگرێت(منقور عبد الجلیل:٧٠:٢٠٠١ ).

زمـان، یەکـێکە لە گرینگتـرین ڕەگەزەکـانی کۆمەڵگـای مرۆڤـایەتی، کە نـاتوانین پشـتگوێی بخەیـن، لەگەڵ گۆڕانکارییەکـانی کۆمەڵـدا کارلێکـدەکات، بـۆیە بە بنەمـایەکی سـەرەکی پێشـکەوتنی مرۆڤـایەتی دادەنـدرێت. قۆنـاغی دەربڕین بە وشە، بە سەرەتای دەسپێکی شارستانیەتی مـرۆڤ دادەنـدرێت، کە بەهـــۆیەوە توانیـــویەتی تۆڕێـــک لە وشـــە دابهێنێـــت، هەر زمانێـــک سیســـتەمێکی نـــاوەکیی هەیە، کە ئـــاخێوەرانی بەکـــاری دەهێـــنن بـــۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکدی و کۆمەڵگاکانی تریشـدا، پەرەسـەندنی هێما بۆ چەمکی ئەبستراکت و ڕەمز بە واتای پەرەسەندنی ئەرکی هەواڵ و گەیاندن بۆ وێنا و پێکهاتە (داڕشتە) دێت.

ئەو توانـایەی لە مرۆڤـدا هەیە بۆگواسـتنەوەی شـت و دیاردەکـان لە بوارێکی بەرجەستەوە، بۆ بـواری ئەبسـتراکت و نابەرجەسـتە، لە دەربڕینـی چەمـــکە ڕوت و ڕەمزەکانـــدا ڕێگـــای پێـــدەدات، لە بـــازنەی دەربـــڕینە سنووردارەکان دەربچێت و گوزارشت لە دیاردە بێسنوورەکانیش بکـات، لە گەڵ توانســـتی نوانـــدن و هەنـــدێ بیروبۆچـــوون کە لەهـــزردا هەن و لە دەرەوەی ئەم گواسـتنەوەیەدا، بەهـیچ شـێوەیەک نـاتوانین دەربڕینیـان بـۆ بکەین.

لە زمانی قسەکردندا، ناونانی شتەکان ڕووداوێکی گرینگ بوو، ئەم ڕووداوە کاریگەرە گۆڕا بۆ کرانەوەیەکی مرۆڤایەتی گەورە، کاتێک ناوەکان لە بوارە بنجییەکەی خۆیانەوە لە ڕووی مادیی و کات و شوێنەوە گوێزرانەوە بۆ ناونانی ئەو شتانەی کە لە ئەرک یان لایەنێکدا لەگەڵیاندا هاوبەشن. بەمجۆرە زمان لە ڕوویچۆنیەتیەوە، گواستنەوەیەکی تریشی بە خۆوە بینی، لە ناونانەوە بۆ کردەی چەمک و شتە واتاییەکان، بە هۆی ئەمەش مرۆڤ توانی لە زمانی ئاساییەوە بەرە و ئاستێکی بەرزی بواری ڕۆشنبیری هەنگاو بنێت، دەربڕینی میتافۆریی، بە واتای جیهانبینی و ئەزموونی قسەکەرانی ئەو زمانەوە دێت، بۆ پۆلێنکردنی بیرو بەکارهێنانی زمان بە شێوازێکی ڕەمزئامێز.

هەر وشەیەک کە لەبیری ئاخێوەردا هەیە، کۆمەڵێک زانیاری زمانیی و دونیایی تێدا کۆبۆتەوە، ئاخێوەر لە کاتی ئاخاوتندا بە پێی پێویست، لە بۆنە و ئاخاوتن و بارودۆخدا واتایەکی گونجاو بەکاردەهێنێت، واتە: هەر وشەیەک جگە لەو واتا بنجییەی کە لەفەرهەنگدا بۆی دانراوە، لە بواری بەکارهێنان و کۆمەڵ ودەوروبەردا چەند واتایەکی تریش هەڵدەگرێت. کە بە پێی مێژوو، هەنگاو بە هەنگاو بۆی دروست بووە. وشەی (**خواردنەوە**)، سەرەڕای واتا فەرهەنگییەکەی، بە واتای خواردنەوەی کحولیش دێت، کە لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی بەپێی بواری بەکارهێنان و بە تێپەڕبوونی کات، بۆی دروست بووە( **ئازاد دەخواتەوە**) لە بارودۆخێکی زمانیی دیاریکراودا، بە واتای مەشروب خواردنەوە دێت، ئەم واتایەی بە پێی یاسای بەشێک لە گشت(جزء من الکل) بۆ دروست بووە، کە ڕێگایەکە بۆ دروستبوونی درکە.

| |
|---|
| خواردنەوە: هەموو جۆرە شلەمەنییەك (گشت)<br>↓<br>خواردنەوە: کهول و جۆرەکانی (بەش) |

ـ وشـەی (**خـواردن**)، جگە لەواتـا بنەڕەتییەکەی، کە <جـوین و قوتـدان وهەرسـکردن> ە، بە واتـای ئەو شـتانەش دێـت، کە حەلال نـین، وەک: (**پـارەکەی خـوارد**)، (**ئەوانە سـەرمایەی گەل دەخـۆن**)، (**حەرام دەخـوات**)، (**سوێندیان خوارد**)،...هتد.

وشەی (**پیس)** لە هزری ئێمەدا، سەرەتا ئاوەڵناوێکە و بۆ وەسفکردنی شـت و دیـاردەی بەرجەسـتە بەکارهـاتووە، بەڵام بە پێپەڕبـوونی کـات، وەسـفی دیـاردەی نابەرجەستەشـی کـردووە، بەهـۆی ڕێبـازی فرەواتـاوە، هەندێک لە وشەکانی زمان لە بواری بەرجەستەوە بۆ بواری نابەرجەستە دەپەڕنەوە، کە ئـێمە دەیخەیـنە چوارچێـوەی دەربڕینـی میتـافۆرییەوە، لە بەرئەوەی وەسفی دیاردەی مەعنەویـی دەکەن: لەم ڕسـتانەی خـوارەوەدا، ئاوەڵنـاوی( **پـیس)** وەسـفی نـاوێکی بەرجەسـتە دەکـات و بە واتـای زمـانیی بەکارهاتووە:

- ئاوێنەکە پیسە{ + **بەرجەستە** }

(ئۆتۆمبیلەکە، قاپەکە، شوشەکە، کراسەکە، ...هتد) پیسە{ + **بەرجەستە**}

بەڵام، لەم بەکارهێنانانەی خوارەوەدا، ئەم سیمایەی بەزاندووە:

- **چاوی پیسە**
- **دەمی پیسە**
- **دەستی پیسە**
- **زمانی پیسە**

**ـ پاشەڵی پیسە، پیس خۆر، پیس نەفەر { ـ بەرجەستە }.**

هەروەهـا، ئاوەڵنـاوی (**پـاک)،** کە دژ واتـای (**پـیس**)ە، هەمـان بەکارهێنـانی هەیە: ماڵەکە پاکە، جلەکان پاکن... هتد{+ **بەرجەستە**}

ـ بەڵام لەم بەکارهێنانانەی خوارەوەدا، ئەم سیمایەی بەزاندووە:

- **دەستی پاکە**
- **نیەتی پاکە**
- **دڵی پاکە**
- **مرۆڤێکی پاکە{ ـ بەرجەستە}**

ـ **پاک، پیس**:{ئاوەڵناوە، بۆ وەسفکردنی شتی بەرجەستە}.

ـ **پاک، پیس**:{ئاوەڵناوە، بۆ وەسفکردنی شتی نابەرجەستە}.( میتافۆر)

ئەم بەکارهێنانە میتافۆرییانە، پەڕیونەتەوە بۆ فەرهەنگ و وشەی فەرهەنگیشیان دروستکردووە، بەشێکن لە میتافۆر لەبەرئەوەی جۆرە گواستنەوەیەک، لە نێوان واقیعی و ناواقیعی و بەرجەستە و نابەرجەستەدا، ئەنجام دەدەن.

- وشەی **{پیسکە}** کە بەم شێوەیە دروستبووە:

پیس + (ـ کە) ←—— پیسکە، بۆ وەسفکردنی کەسێکی لاواز، نابوت یان قرچۆک بەکاردێت.

پیس: ئاوەڵناوە بۆ وەسفکردنی شتی بەرجەستە
بەکاردێت: (کراسەکەم پیسە).
↓
پیس: وەک میتافۆرێک بۆ وەسفکردنی شت و
دیاردەی واتایی بەکاردێت: (دڵی پیسە).

ـ وشەی **(گرێ)**، بە واتای بنجی، ناوێکە بۆ پەت یاخود گوریس، ...هتد، بەکاردێت. ـ داوەکە گرێ بدە{ **+بەرجەستە**}.

لەم رستانەی خوارەوەدا، بۆ واتای نابەرجەستە، بەکارهاتووە:

- **گرێی دە ڕوونی.**
- **گرێی ئابووری.**
- **گرێی سیاسی{ ـ بەرجەستە}.**

لە رێزماندا،( **گرێی ناوی، گرێی کاری، گرێی ئاوەڵناوی، گرێی ئاوەڵکاریی**) هەیە,کە ئەمانە زاراوەی بواری ڕێزمانن.

لە ئاخاوتنی ڕۆژانەشدا، بە واتای گرفت وکێشە، دێت.

- **چەند ئاستەنگ وگرێیەک تێکەڵ بە ژیان بوون.**

لە پەندی پێشینانیشدا، بە واتای کێشە، هاتووە:

- **گرێی دەست، مەخەرە ددان.**

واتە: کێشەکانت، زوو چارەسەر بکە، با ئاڵۆزتر نەبێت.

وشەی گرێ، بەهۆی فرەیی لە واتاوە، لە بوارە بەرجەستەییەکەی خۆیەوە بۆ بواری نابەرجەستە، گوێزراوەتەوە. مەبەستمان لە پەرەسەندن، ئەو دۆخە نییە، کە زمان بە ئاراستەی بەرزبوونەوە یان نزمبوونەوەدا ببات، چەمکی پەرەسەندن: هەڵگری هیچ بارگە و پێوانەیەکی باش یان خراپ نییە، بەڵکو مەبەست لە گۆڕانە، کە بەسەر هەندێ لە بەشەکانی وشە و پێکهاتەی زمانییدا دێت. وەک: ئەو گۆڕانەی، کە لە دەنگ ومۆرفیمەکانی هەندێ وشەدا ڕوودەدات، دواتر گۆڕانی واتا، لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت (عبد السلام المسدی: ١٩٨٦ : ٣٨). لێرەدا، تێبینی ئەو دۆخە دەکەین، کە لە هەندێ باردا، گۆڕان لە دەنگەکانی وشەیەکدا، بۆی هەیە واتای نوێ، لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، یان بەشێک لە واتاکە بگۆڕێت، کە ئەمەش هۆکارێکی ترە، بۆ دروستبوونی میتافۆر بۆ نموونە، وشەی (**مەرد**)، سەرەتا بۆ هەردوو ڕەگەزی < **نێر و مێ** >، بە واتای <**مرۆڤ** > بەکارهاتووە، بەڵام دواتر بە گۆڕانی دەنگی (ە) بۆ (**ێ**)، تەنیا بە واتای ڕەگەزی نێر <پیاوی ژن >، بەکارهاتووە.

**مەرد:** ← **{+ نێر}**
↙ **{+ مێ}**

تاوەکو ئێستاش بنجێکی بەکارهێنانی <مەرد>، بۆ هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ، لە هەندێ دەربڕیندا ماوەتەوە: **ــ ژنێکی مەردە.**

- { **ئەی کوردینە ئەی مەردینە**}، لە دۆخی بانگکردن دایە، بۆ کۆی نێر و مێ هاتووە، لەم دۆخەشدا، بۆتاکی نێر مۆرفیمی **{ە}** بەکاردێت، بۆ تاکی مێ، مۆرفیمی { ێ } بەکاردێت.

**{ ین }**، بۆ کۆ { **نێر و مێ** }، بەکاردێت ( واتە: دەلالەت لە هەردوو ڕەگەز دەکات).

گۆڕانی { **< ە > بۆ < ێ >** }، لە ئێستادا بۆ { + **نێر** }.

- **مێرد: پیاوی ژن** ← { + نێر } / { ـ مێ }
- **ئەو ژنە مێردەکەی مامۆستایە. (+ ڕەگەزی نێر)**
- **بە میردا نییە، بەخوڵایە. (+ ڕەگەزی نێر)**
- **جوان + مێرد ←—— جوامێر (بۆ پیاو بەکاردێت).**

**ئەندرێ مارتنی**، گرینگی بابەتییانەی گۆڕانی واتا دەخاتە ڕوو، پێی وایە: ئەرکی زمانەوان، تۆمارکردنی ئەو گۆڕانە زمانیانەیە، کە لە چوارچێوەی نەریتە زمانییەکاندا ڕوودەدات، بەڵام مافی ئەوەی نییە، فەرمان بۆ گۆڕانە زمانییەکان دەربکات (شهرزاد بن یونس www.lahajat.vanan.net).

گۆڕان لە هەر ئاستێکی زماندا، کە ڕوودەدات دەکەوێتە ژێر یاسای سروشتی زمانەکە و لە توانای تاکەکەسدا نییە، ڕەوتی گۆڕان ڕابگرێت، یان ئاڕاستەکەی بگۆڕێت، بۆ نموونە: دیاردەی جێگۆڕکێی دەنگ، کە لەنێوان وشەکانی زار و شێوەزارەکاندا ڕوودەدات، بە پێی یاسای زمانەکە خۆیەتی، وەک:

- **بەفر ـ بەرف**
- **تەزرە ـ تەرزە**
- **هەوراز ـ هەرواز**

هەندێ وشەی وەرگیراوکە لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی، بە پێی تاکەکەس و ئاستی خوێندەواری، دەنگەکانیان جێگۆڕکێی پێدەکرێت:

- جومعە ـ جوعمە
- ئەرزاق ــ ئەزراق، روبع ــ روعب، دەعوەت ــ دەوعەت، تەسلیم ــ تەسمیل... هتد.

زمانەوان تەنیا دۆخی گۆڕانە زمانییەکان و ئەو دیاردانەی، کە لە سەردەمێک لە سەردەمەکان هەبوون و ئێستا نەماون یان شێوەکانیان

گۆڕاوە وە سف دەکات، بەڵام بە هیچ جۆرێک فەرمان بۆ جۆری گۆڕان دەرناکات، کە ڕەوتی، کۆمەڵگا دروستی دەکات.

(گۆرانی واتـایی، بەزۆر شـێوەی وەک: بەرزبـوونەوە و نزمبـوونەوە، تـازەکردنەوە و خستنەسـەریی واتـایی فراوانبـوون و تەسـکبوونەوە و گشتییەتی لە واتادا ڕوودەدات. لە پرۆسیسی گواستنەوەدا، واتا هەندێکجار لە بـوارێکی تەسـک و تایبەتمەنـدەوە، بـۆ بـوارێکی فـراوان و گشـتی دەگوازرێتەوە، یان بە پێچەوانەوە، لە بەرئەوەی، زمان ئامێرێکە بۆ هەڵس وکەوت و بەسـتنی پەیوەنـدی لە نێـوان مرۆڤـدا، لە هەمـوو ئاسـتەکاندا لە پەرەسەندن دایە)، ( خالد الزواوي: ٢٠٠٦:٢) ئەم پرۆسەیە لە ئەنجامی چەند هۆکارێـک وەک: کـۆمەڵایەتی و بەکارهێنـان و پەرەسـەندنی ئاسـتی ژیـانی تاکەکـان و زیـادبوونی پێویسـتییەکان، دوچـاری زمـان دەبێـتەوە، ئەم گۆڕانەش هەندێک جار دەبێتە هۆی دەرچوونی هەندێ لە دیاردە باوەکان و یاسـاکانیان و بـۆی هەیە وشـە و دەربڕینـی تـر شـوێنیان بگـرنەوە، بە بۆچوونی هەنـدێک، ئەم جۆرە گۆڕانە لادانە لە دروسـتی و لەوانەیە زمـان تێکبدات، لێرەدا بە ڕەنگاری دوو لایەن دەبینەوە:

١ـ لایەنـی نـاوازەیی ( Anomalie) بەرانـبەر ڕێکـوپێکی، ئەم ڕێکیـیە چ لەبەکارهێناندا بێت، یان لە پێوانەی ڕێزمان و یاسادا بێت.

٢ ـ بابەتی هەڵە ( Incorrection) بەرانبەر بە دروستی.

ئەم دوو بـابەتەش، لە ڕوانـگەی ئەرکیـیەوە لەگەڵ میتـۆدی پێـوەریی (التصور المعیاری)، جیاوازیی هەیە. بەبۆچوونی **سوسێر**، زمان سیستەمێکە لە هێمـاو بەڵـگەی زمـانیی، بەرهەمێکـی بۆمـاوەیی نەوەکـانی پێشـووە، واتە: زمان پێکهاتەیەکیی ئامادەکراوە، بەڵام لە ڕەوتی بەردەوامبوونیدا، گۆڕانی بەسـەردادێت، ئەم گـۆڕانەش لە وشـەکانیدا ڕوودەدات، کە نـوێنەرایەتی بوونێکی هەستپێکراو دەکەن، هەروەک چۆن لە سیستەمە ئەبستراکتەکەشدا ڕوودەدات، بەڵام ئەو گـۆڕانەی کە بەسەرسیسـتەم و یاسـا ڕووتەکـانی زمـانەکەدا دێـت زۆر لەسـەرخۆو بە هێواشـیی دەردەکەوێـت، ئەم لەسەرخۆییەش، بە تایبەتمەندیی سیستەمی پارێزگاریکردن ناودەبردرێت.

لە بەرئەوەی ئەرکی زمان مسۆگەرکردنی گەیاندنە لە نێوان نەوەکاندا و پا ڕاستنی یەکێتی زمانییە، هەروەک چۆن گلبار ( Guilbert)، هەمان بۆچوونی هەیە، بەڵام وشەکانی زمان لەبەرئەوەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە داهێنان و شتە تازەکانەوە هەیە، پتر دوچاری گۆڕان دەبنەوە(محمد شندول:٢٠١٢: ٢٩).

ئیبن جونی، لە پۆلێنکردنی بەشەکانی ئاخاوتندا، بۆ ( ناوازەیی و ڕێکوپێکیی، ناوازەیی بە دوو بنەمای سەرەکیی لە بنەماکانی پەسەندییەتی زمانەوانیی (المقبولیە _ Acceptabilite)، پەیوەستکردووە. کە ئەوانیش، پێوانە و بەکارهێنانن.

ڕێبازەکەش بەمجۆرەیە، ناوازەیی دوو جۆرە: ناوازەیی لە بەکارهێناندا (شذوذ فی الاستعمال)، ناوازەیی لە پێوانەدا (شذوذ فی القیاس)، جۆری یەکەم، بریتییە لە ڕەفتارێکی زمانیی واتایی نەناسراو و نادیار کە لەلایەن خەڵکییەوە بڵاونییە، جۆری دووەم، کە پەیوەندی بە پێوانەوە هەیە، سەرپێچی کردنە لە یاسایەکی دروست و زانراوی زمانەکە)،( ابن جنی:١٩٥٥ / ٢٠٠٠: ٩٧ _ ٩٨).

چۆمسکی، لە زمانەوانی نوێدا، چەمکیی پەسەندییەتی دیاریکردووە، بریتییە لەو دیاردە زمانییەی، کە بە پێی هەردوو بنەمای پێوانە و بەکارهێنان دیاری دەکرێت، یەکەزمانییەکان، کە ئەرکی گەیاندن دەبینن، ئەوانەن کە تاکی قسەکەر ی زمان دایاندەهێنێت، ئەو یاسا ڕێزمانییانەی، کە پێشتر لە هۆشیدا، بوونیان هەیە، بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی تازە، لە کردەی گەیاندندا ڕەنگدانەوەیان دەبێت.

بەمجۆرە، وتەی ناوازەیی، لە دوانەیەکدا، دیاریدەکرێت:

ـــ ناوازەیی، کە بەرانبەر زۆر بەکارهێنان دەوەستێت ( ناوازەیی/ زۆر بەکارهێنان).

ـــ ناوازەیی، کەبەرانبەر قیاس دەوەستێت (ناوازەیی/ پێوانە)،(Chomsky:١٩٧١: ٢٣).

هەریەک لەم دوو دوانەیە، خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، بە پێی چەمکی زمانەوانی، مەبەست لە ناوازەیی، زانینی چۆنیەتی دروستبوونی لادانە لە زمانی گشتیدا ( Languau Common ) بەبێ ئەوەی دووری بخەینەوە لە بەکارهێنان و سیستەمی زمان، ئەمەش ڕێبازی پێوانەیی تێدەپەڕێنێ، کە دیاردەی لادان و ناوازەیی بە خراپ و بێبایەخ دادەنێت، وای بە باش دەزانێ لە زماندا بکرێتە دەرەوە.

**لەڕوانگەی پەسەندییەتییەوە، وشەکانی زمان بۆ چەند بەشێک دابەش دەکرێن:**

- وشەی باو و ناسراو: ئەو وشانەن کە لەلایەن قسەکەر انەوە بەکاردەهێندرێن و ناسراون.
- وشەی ناوازە: ئەو وشانەن، کە پێچەوانەی باو و ناسراوەکانن، ئەمانە بە وشەی نامۆ و ناباویش ناودەبردرێن، کە بە پێچەوانەی یاسای گشتی زمانەکەوە دروستبوون (السیوطی: ١٩٧٦:٢٣٤).
- وشەی ناچالاک: پلەیان لە وشەی باو و ناسراو کەمترە، ئەو وشانەن کە بە کەمی بەکاردێن، ئاخێوەران هێندە، پێویستیان بەو دیاردانە نەماوە، کە ئەم وشانە ئاماژەیان پێدەکەن.
- وشەی بێسوود وبێ کەڵک: پلەیان نزمە و سود بە زمان ناگەیەنن.
- وشەی مردوو: ئەو وشانەن، کە دیاردەکانیان لە کار کەوتوون و هیچی تر قسەکەران پێویستیان پێی نەماوە، ئەم وشانە لە فەرهەنگدا دەپارێزرێن، دەشێ دووبارە لە ناونانی واتا و دیاردەی تازەدا سوودی لێوەربگیرێت.

لە ڕوانگەی زمانەوانی ئەرکییەوە، کە گۆڕانی زمانیی بە گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەست دەکرێت، دەتوانین بڵێین: پەرەسەندن بە چەمکە زمانەواییە گشتییەکەی( بریتییە لە هەر گۆڕانێک کە بەسەر ڕەگەزە زمانییەکاندا دێت )،(رمزی منیر:١٩٩٠: ١٧٩).

( Bertil Malmberg ) دەڵێت: پەرەسەندنی زمان و شارستانیەت بەرانبەر یەکدی دەوەستن، گەشەسەندنی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی

پێویستی بە خۆگونجاندنی زمان لەگەڵ دیاردە نوێ و داهێنەرەکاندا هەیە)،(منذرعیاشي: ٢٠١٣:٧٩ ). بۆیە ناتوانین، بەبێ زمانێکی پێشکەوتوو، باس لە هۆکارەکانی شارستانیەت و داهێنراوەکانی سەردەم بکەین، زمانی گۆشەگیر ناتوانێت لەگەڵ واتاو چەمکە تازەکاندا هەنگاو بنێ و دەریانببڕێت، لەدایکبوونی هەرشتێکی نوێ، پێویستی بە لە دایکبوون یان دووبارە بەکارهێنانەوەی وشەکانی زمان هەیە، بۆ ئەوەی ئەو هاوکێشەیەی کە لە نێوان بیرو واتاو زماندا هەیە لاسەنگ نەبێت.

مبەست لە پەرەسەندن لێرەدا، کەرتبوون و پارچە بوون نییە، بەڵکو بەردەوامی رابردووە لە ئێستاداو ژیانەوەی داهاتووە، بەڵام کەرتبوون، تەقینەوەی زمانێکە و دابەش بوونیەتی بۆ چەند زمانێک، هەروەک چۆن ئەم دیاردەیە، بەسەر زمانی سانسکریتی و لاتینیدا هاتووە. بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، پەرەسەندن دەربڕین لە دوو دۆخ دەکات کە نابێ تێکەڵاویان بکەین: یەکەمیان بە واتای بەردەوامبوونی ژیانی کۆمەڵگا و نوێبوونەوەی دێت، کە ئەمەیان دیاردەی گۆڕانی ڕەگەزەکانی زمانە لە بارێکەوە بۆ بوارێکی تر و ڕێگایەکە بۆ دروستبوونی میتافۆر، بەڵام دووەمیان پچڕان و کەرتبوونە، کە ئەمەیان مەبەست لە پێکهاتنی زارو شێوەزارە، هەندێکجار لقە زمانی ترە، لە زمانە بنچینەییەکەوە پەرەسەندنی سروشتی لە دۆخی ئاساییدا، چوار لایەن دەگرێتەوە:

**١ـ پەرەسەندنی زەمەنی: مەبەست لە گواستنەوەی زمانە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بۆجێبەجێکردنی پێویستییەکانی کۆمەڵگا.**

**٢ ـ پەرەسەندنی شوێنی: مەبەست لە پەرەسەندنی زمانە لە چوارچێوەی جۆگرافیدا.**

**٣ ـــ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی: مەبەست پەرەسەندنی زمانە لە چوارچێوەی کۆمەڵدا.**

**٤ ــ پەرەسەندنی تاکیی: مەبەست لە پەرەسەندنی زمانە، لە ژیانی مرۆڤدا لە منداڵییەوە، تاوەکو پیری.**(منذر عیاشی: ٢٠١٣:٨٥ )

واتە: لە پرۆسـەی پەرەسـەندندا: زمـان، یـان بە گـۆڕانێکی تەواودا تێدەپەڕێت، کە بە پێی قۆناغە مێژووییەکان، هەنگاو بە هەنگاو ڕودەدات و دروستبوونی زمانی دووەمی لێدەکەویتەوە، یان گۆڕانەکە لە ناو سیستەمی زمانەکە خۆیدا دەبێت و جۆرە گونجانێک، لە نێوان بونیاتی زمان و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانـدا دروسـت دەکـات، هەروەک ئەو گـۆڕانەی کە لە دوای ڕاپەریـنەوە بە سـەر زمـانی کوردیـدا هـاتووە بە بەراورد لە گەڵ قۆنـاغی پێشووتردا، لە ڕووی فەرهەنگ و پێکهاتەکانی زمانەوە.

ئەندرێ مارتنی (AndreMartinet) کە خـاوەنی تێڕوانینـی ئەرکییە لە زمانەوانی هاوچەرخدا، لەکتێبەکەیدا، کەبەناوی بنەماکانی زمانەوانی گشتییە (Elements de linguitique general ) باسـی ئەوە دەکـات، کە پەرەسەندنی زمانێک، پەیوەستە بە پەرەسەندنی پێویستییەکانی گەیاندن لە نێوان ئەو کۆمەڵەدا، کە قسەی پێدەکەن (Martinet:١٩٩١:١٧٣).

بەپێـی ئەم بۆچـوونە، ئەرکـی سـەرەکی زمـان گەیانـدنە، گۆڕانەکـانی زمانیش، هەموو ئەو پەرەسـەندنانە دەگرێتەوە، کە لە چوارچێوەی قۆناغە مێژووییەکـانی زمانـدا ڕودەدەن، بـۆ ئەوەی وەک ئـامێرێکی گرینـگ ئەرکـی گەیانـدن بەجێبهێنێـت پێویسـتە لێـرەدا ئامـاژە بەوە بـدەین، کە بۆچـوونی جیاواز لە بارەی دیاردەی گۆڕانەوە لە زماندا هەن، هەندێک تێڕوانین، پێیان وایە: کە ئەو گۆڕانانەی بەسەر یەکەکانی زماندا دێن، لە ڕوی دەنگ و وشە و فەرهەنگ و پێکهاتەی ڕستەسازیی و واتـا و شـێوازی دەربـڕینەوە ئەگەر بەپێـی پێویسـتی زمـانەکە بێـت، زمـانەکە دەوڵەمەنـد دەکـات و زیـانی پێناگەیەنێت، بەڵام بە بۆچوونی هەندێکی تـر زۆربەی ئەو گۆڕانـانەی کە لە زماندا ڕوودەدەن، بەپێوەری دروستیی و هەڵەیی، لە دەستوور و ڕێزمـان لادەدەن و نـاوازەیی دروسـت دەکەن، لە بەرئەوەی زمـان بەهەمـان دۆخـی پێشووی لە توانایدا هەیە لەگەڵ پێویستییەکانی کۆمەڵدا خـۆی بگونجێنێت. ئەو بەرهەمهێنانە زمـانەوانییە گشـتییانەش، کە بە شـێوەیەکی هەڕەمەکـی لە دایک دەبن، لەڕوانگەی پارێزگارانی زمانەوە، تەنیا بەکارهێنانی وشەکانە، لە

بوارێکی تردا و ئەمەش دەبێتە هۆی تێکدانی زمان. ( محمد شندول:٢٠١٢: ١٦).

بە بۆچوونی ئێمە، ئەگەر بەچاوی ڕێزمانی پێوەری لە دەربڕینە ناوازە و لادانە زمانییەکان بڕوانین، کە بەتێپەڕبوونی کات دەکەونە ناو زمانەوە، هەندێک دەربڕین بە دروست و هەندێکی تر بە هەڵە دابنێین، فەرمان بۆ بەکارهێنانی زمان دەربکەین، زمان لە قالب دەدەین و سنوورداری دەکەین، لەبەرئەوەی سیستەمی زمان خۆی توانای بەرهەمهێنان و لە دایکبوونی وشە و دەربڕینی نوێی هەیە، زمان توانستی خۆگونجاندنی هەیە، ئەو گۆڕانانەش کە لە زماندا ڕوودەدات، لە چوارچێوەی یاساگشتییەکانی زمان دەرناچێت وکار لە بونیاتی گشتی زمان ناکات، ئەمەش مانای ئەوەیە، کە سیستەمی زمان بە پاریزراوی دەمێنێتەوە هەرچەندە لە گەڵ پێشکەوتنەکانی ژیاندا، دوچاری گۆڕانی بەردەوام دەبێتەوە، بەمەرجێک ئەم گۆڕانە بە هەژموون نەبێت و کار لە بونیات و پێکهاتە گشتییەکەی زمان نەکات، بەپێی زمانەوانی ئەرکیی (بونیاتی زمان لە بنەڕەتدا، پێکهاتەیەکە بۆ وەلامدانەوەی پێویستییەکانی گەیاندن و پەیوەندی نێوان ئاخێوەران دانراوە)،(: ٢٢ :Mahmoudian:١٩٧٩ ).

دەربڕینە میتافۆرییەکان، لە سەرەتادا، ناوازە دێنەبەرچاو، بەلام ناکرێ بە هەڵەی واتایی دابنرێن، بۆی هەیە بە تێپەڕبوونی کات ناوازەییەکەشیان نەمێنێت و قسەکەر زیاتر بە واتاکانیان ئاشنا بێت. زمانیش وەک هەر دیاردەیەکی تری کۆمەلایەتی، لەهەموو ڕەگەزەکانیدا، دووچاری گۆڕان دەبێتەوە: لە ڕووی ڕێزمان و دەنگ و ناوەرۆک و واتاوە، ئەم گۆڕان وپەرەسەندنەش هەڕەمەکی نییە و بە پێی یاسا ڕوودەدات، هیچ کۆتێک ناتوانێ ڕێگا بە پەرەسەندنە سروشتییەکەی زمان بگرێت (علی عبد الوافی:٩١:١٩٤٦).

هەرگیز زمان لەیەک قالبدا نامێنێتەوە (لەبەرئەوەی زمان هۆکارێکە بۆ پەیوەندی و گفتوگۆ، لە نێوان خەڵکیدا بە گشتی، نەک کەرەسەیەکی

جوانکاری بێت، کە لە گەنجینەی شوشـەدا، خەزن کرابێت) ( أحمـد حمـاد: ١٩٨٣: ١١٩).

دیـاردەی گـۆڕان، کە بەسـەر ڕەگەزە زمانییەکانـدا دێـت، ڕوکـارێکی پلەبەندی هەیە و بە یەک قۆناغ دروست نابێت، زانایان کۆکن لەسەر ئەو بۆچوونەی، کە گۆڕانی واتا، ڕاستییەکی دانپێدانراوە و نکۆڵی لێ ناکرێت. پلە بە پلە و لەسەرخۆ ڕوودەدات دەتوانین دوو قۆناغی گۆڕانی واتا دەست نیشان بکەین:

- قۆناغی دەستپێکردنی گۆڕان و داهێنان و نوێکردنەوە.
- قۆناغی بڵاوبوونەوەی گۆڕانەکە.

## ١-٣\١) هۆکارەکانی گۆڕانی واتا:

چەند هۆکارێک، کار لە واتا دەکەن و دەیگۆڕن، هەرچەندە، ناتوانین بە ڕەهایی پشتیان پێ ببەستین، لەبەرئەوەی زۆر و جۆراو جۆریشن، بە پێی کات و سەردەمیش دەگۆڕێن، بەڵام بە ڕێژەیی هەندێکیان دیاری دەکەین، کە وەک فاکتەرێـک کـار لە واتـا دەکەن و لە بـوارێکەوە بـۆ بـوارێکی تـر دەیگـوێزنەوە، ئەم هۆکـارانە، پەیوەنـدییان بە دروسـتبوونی میتـافۆر و دەوڵەمەنـدبوونی فەرهەنگـی زمـانەوە هەیە، لەبەرئەوەی زۆربەی گـۆڕانە واتاییەکـان، میتـافۆر دەهێنـنە کـایەوە و میتـافۆر خۆشـی دەبێـتە هـۆی گۆڕانی واتا.

هۆکـارە زمـانی و دەرەکییەکـان، کـار لە پێکهـاتە و ڕەگەزەکـانی زمـان دەکەن و ڕەهەنـدی گۆڕان لە زمانـدا، دەهێنـنە کـایەوە، هەمـوو زانایـان، لە سەر سروشتی ئەو هۆکارانە کۆکن، کە بەشداری لە گۆڕانی واتـادا دەکەن، بەڵام لە پۆلێنکردنی هۆکارەکاندا، جیاوازییان هەیە: هەندێک بۆ دوو کۆمەڵە دابەشـی دەکەن: هۆکـارە ناوەکییەکـان و هۆکـارە دەرەکییەکـان، بەشـێکی دیکە بۆ هۆکـارە زمـانی و مێژووییەکـان، دابەشـی دەکەن، کۆمەڵەیەکی تر، گۆڕانی واتا بۆ کۆمەڵە هۆکارێک دەگەڕێننەوە، کە هەندێکیان پەیوەندی بە بەکارهێنـانی وشـەوە لە ئاخاوتنـدا هەیە، هەنـدێکی تـر بە پـلەی ڕونـی و

شاراوەیی واتای وشەوە، ژمارەیەکیشیان، پەیوەندی بە گۆڕانی دەنگ و ڕێزمانەوە هەیە.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، چەند هۆکارێک دەخەینە ڕوو، کە کاریگەرییان لەسەر گۆڕانی واتا و دروستبوونی میتافۆر لە زماندا هەیە، لە هەمان کاتدا بە ڕێگایەکیش بۆ دەوڵەمەندبوونی زمان دادەندرێن، هەندێکیان زمانین و هەندێکیان پەیوەندییان بە دەوروبەری زمانییەوە هەیە. وەک: هۆکاری کۆمەڵایەتی، مێژوویی، کلتووریی، ڕامیاری، ئاین، هۆکاری زمانی وگۆڕانی دەنگ، هۆکاری زانستی و داهێنان، پێویستی ناولێنان، دۆخی گوێزانەوەی زمان، پڕوپاگەندە، کورتکردنەوە و درێژبڕی، هۆکاری دەروونی(تابۆ)، زیادە ڕەویی، گۆڕانی واتا بەهۆی تاکەکەسەوە. هەندێک لەم هۆکارانە بە مەبەست دەکرێن، بۆ نموونە، کۆڕی زانیاری و دەزگا زانستییەکان، کاتێک پێویستییان بە گۆڕینی واتای هەندێک وشە (Vocabulary)دەبێت، بۆ بوارێکی تر دەیگوێزنەوە، دوای ئەوەی زاراوەکە پەسەنددەکرێت و لە لایەن ئاخێوەرانەوە بەکاردەهێندرێت، بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە وشەیەکی باو. بەڵام هەندێک جۆری تری گۆڕان بەبێ مەبەست ڕودەدات، وەک پەرەسەندن و گۆڕانی دەنگ کە دوچاری هەندێک وشە دەبێت و شێوەی گۆکردنەکەی وەک وشەیەکی تری لێ دێت.

(هەروەها دیاردەی تێگەیشتنی هەڵەی هەندێک وشە (FalsceAnalysis)، لێرەدا پێویستە جیاوازی لە نێوان بەکارهێنانی پێوانەیی بکەین، کە دوورە لە هەڵە، لەگەڵ بەکارهێنانە تاکە کەسییەکان، کە بەهۆی پێوانەی هەڵەوە، دروست دەبێت. مرۆڤ پێوانەی شتە نەزانراوەکان دەکات، بە پێی ئەو شتانەی کە پێشتر دەیانزانێت، لە زمانی عەرەبیدا، وشەی{عتید}، واتاکەی لە هزری ئاخێوەراندا، لە ئەنجامی هەڵە تێگەیشتنەوە بۆ{عتیق} یان{عنید}، پەرەی سەندووە)،(رمضان عبد التواب: ١٩٩٥: ١١٢).

**٣\١١- ١-١-١) هۆکاری کۆمەڵایەتی و مێژوویی:**

گرینگترین فاکتەری گۆڕانی واتا بە هۆکاری کۆمەڵایەتی، بریتییە لە پەرەسەندنی پێویستییەکانی گەیاندن و جۆراوجۆری پەیوەندییە

مرۆڤایەتییەکان. پێشکەوتنی هزریی و گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، بەتایبەتی کار لە فەرهەنگ و دواتریش لە ئاستەکانی تری زماندا دەکات.

بەهۆی جۆراو جۆری پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و پێشکەوتنی شارستانیەتی، بوارەکانی هەڵسوکەوتی نێوان مرۆڤەکان پتر دەبێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە ئەزموونی زمانیی تاک و ڕێکخستنی ڕەگەزە زمانییەکاندا دەبێت. تێکەڵاوبوون و پێکداچوونی نێوان زمانەکانیش ( Interfere linguistique) ئاکامێکی تری ئەم پەیوەندییانەیە، وەرگرتن و کاریگەربوونی زمانەکان بە یەکتری، بەهۆی بەکارهێنانی وشە و شێوازی زمانێکی ترە لە پال زمانی دایکدا، زمانەکان بە تەنیا لە ئاستەکانی دەنگ و مۆرفیم و وشە و ڕستەسازیی و واتاوە کاریگەرییان بۆسەر یەکتری نییە، بەڵکو لەهەمان کاتدا، لە چۆنیەتی شێوازی بەکارهێنانی زمانیشدا، سوود لە یەکتری وەردەگرن، بۆ نموونە زمانی کوردی هەندێ وشە و دەستەواژەی ڕێزمانی بەکاردەهێنێت، کە کاریگەری زمانەکانی تری لەسەرە، شێوازی دەربڕینی داخوازی لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر وەک یەک نییە، هەروەها بە پێی شوێن و پێگە و پلە و پایەی تاکەکانیش دەگۆڕێت. مێژووی زمان، لە مێژووی کۆمەڵ و بواری ڕۆشنبیری و هۆشەکیی مرۆڤ جیاناکرێتەوە، ژیانی کۆمەڵایەتی، پێویستی بە زمانێکی هاوبەش هەیە. بۆیە زمان لەگەڵ پێویستییەکانی کۆمەڵدا، هەمیشە لە فراوانبووندایە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری وشەی (نەتەوە) بکەین، چەند وشەیەکی تری لێ بۆتەوە، وەک: (نەتەوە پەرستی ←— نەتەوایەتی ←— زمانی نەتەوەیی ← مێژووی نەتەوەیی ← یاسای نێو نەتەوەیی ← بە نەتەوە بوون... هتد).

بە بۆچوونی ئێمە، ئەم جۆرە لە دایکبوونەی وشە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە فراوانبوونی ژیان و پیشکەوتنی ڕۆشنبیری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سەرجەم بوارەکانەوە هەیە، وشەکانی زمان بە قۆناغی وەچە نانەوەدا تێپەڕدەبن، بۆ ئەوەی لق و پۆپی تر لە وشە بنەڕەتییەکە بکەوێتەوە، زمان بە زیندووی بمێنێتەوە و بەردەوام چینێک

وشەی نویَ بتوانێت شوێنی وشە ناچالاک و متبوو وشە مردووەکان بگر ێتەوە، وەک پارسەنگێک لە نێوان مێژو و ئێستای زماندا، لە بەرئەوەی، مێژووی زمان، مێژووی ئەو کۆمەڵگایەیە، کە قسەی پیَ دەکەن، وێنای شتەکانی دەوروبەر، لە زماندا ڕەنگ دەداتەوە، بە ڵکو بیری بەکارهێنەرەکانیشمان بۆ دەگوێزێتەوە، لە مێژووی ناولێنانی زمانی کوردیدا، ئەو نەخۆشییەی کە لەش بەهۆیەوە سوور دەبێتەوە پێی دەوترێت

**(سووریژە): سوور + (ـ یژە)      سووریژە.**

**(سۆریکە) : سۆر + (ــ یکە)⟵ سۆریکە**

بەهۆی ئەو درکپێکردنانەی، کە کۆمەڵگا بۆ ڕەنگی (سور ــ سۆر)، هەیەتی، وشەکانی (سووریژە، سۆریکە ـ سۆرکە) دروستبوون.

واتە: سەرەتا ئاخێوەری کورد، درکی بە ڕەنگی (سور، سۆر)، کردووە، ئینجا ناو لە نەخۆشییەکە نراوە، لە ڕێگای وشەی یەکەمەوە، وشەی دووەم لە دایک بووە. سەرەتا، وێنای (سوور،سۆر)، لە ئاوەزی ئاخێوەراندا بوونی هەیە، پاشان توانیویانە وێنای (سووریژە ــ سۆرکە) بکات، دوای دروستبوونی واتاکەی بە وێنەی (سووریژە ــ سۆریکە ــ سۆریکە)، نمایندەی دەکات.

ئەو زانیاریانەی بە پێی ئەزموون بۆ مرۆڤ دروست دەبێت، لە زماندا ڕەنگ دانەوەی دەبێت، بۆ نموونە **(ملشکان)**، کردەیەکە، بە ئاسانی چاک نابێتەوە، ئەم زانیارییە لە زماندا، ڕەنگی داوەتەوە، ڕۆژانە، ئاخێوەر، چەندین جار ئەم دەستەواژەیە، بە واتای ناڕاستەوخۆ، بەکاردەهێنێت **(ملتبشکیَ، ملیانبشکێنە...هتد)**، بەسەرنجدان و وردبوونەوە لە کرداری لێکدراوی **(ملی شکا)**، وێنای وێنەیی دەسەڵاتپێدان دیارە و درکی پێدەکرێت، کە هێزێکی نادیار بۆتە هۆی شکانی ملەکە، هەرچەندە ئاخێوەر لە واتای میتافۆریدا، بە واتا بەرجەستەییەکەی بەکاری ناهێنێت، بەڵکو مەبەست لە ملشکانی مەعنەوییە، بەڵام ئاخێوەر لە ڕێگای درکپێکردنەکانییەوە لە وێنا وێنەییە فیزیکییەکەوە، هەمان وێنەی بۆ ئەمیش دروستکردووە.

بەم جـۆرە، بۆمــان دەردەکەوێـت، بیـری مـرۆڤ لە زمانەکەیـدا ڕەنـگ دەداتەوە، هەر بەهـۆی زمـانەوە دەتـوانین، دەوروبەرمـان پـۆلێن بکەیـن و پێوانە بۆ شتەکان دابنێین، وە ک (مەتر، کیلۆمەتر، کیلۆگرام ..هتد)،(تەمەنی هەرزەکاری، تەمەنی لاوی، تەمەنی بێ ئومێدی..هتد). ئەم جۆرە پۆلێنکردنە یارمەتیمـان دەدات، کە لە دیاردەکـانی دەورەبەرمـان وردبیـنەوە و بە پێـی سیستەمی زمان ڕێکیان بخەین. بەڵام پێویستە لێرەدا، تێبینی ئەوە بکەین، کە مەرج نییە هەموو پۆلێنەکان، پێوانەی زۆر وورد و دروست بە دەستەوە بدەن، بۆنموونە: سەرەتای دەستپێکردنی تەمەنی هەرزەکاری، یان پیری لە کەسێکەوە، بۆ کەسێکی تر، دەگۆڕێت و جیاوازە. کەواتە، ئەو سیستەمەی لە زماندا دیاردەکانی دەوروبەری پێ ڕێکدەخەین، بە نەگۆڕی نامێنێتەوە لە بەرئەوەی، سیستەمی زمان، بە سروشتی خۆی سیستەمێکی ناجێگیرە و لە گۆڕاندایە، هەر ئەمەشە، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی میتافۆر لە زماندا.

هەندێجار، دیاردە بەرانبەرییەکان دوچاری ناونانی یەکتایی و بێ لایەنی دەبـنەوە، بـۆ نمـوونە، کە دەڵێـین: (( **لە پـاریس، پـازدە رۆژ مـاینەوە**))، مەبەستمان ((**پازدە رۆژ و پازدە شەوە**)) (روبیرمارتان:٢٠٠٧: ١٥٧). بەڵام بـۆ هەردوو دیـاردەکە، تەنیـا وشـەی (ڕۆژ) مـان بەکارهێنـاوە. بە وتەی زارەکی (پازدە رۆژ، تەنیا نیوەی کاتەکە وتراوە، دیاردە بەرانبەرەکە، کە (**شەو**) ە، فەرامۆش کراوە.

بەڵام دەوروبەری ئاخاوتن، ئەم بارەمان بۆ چارەسـەر دەکات و بە پێـی زانیاری پێشینە بە واتای مەبەست دەگەین. مەبەستمان لە سیستەم لێرەدا، سیستەمی تایبەتییە، نەک یاساو بنەما گشتییەکانی زمان، لەبەرئەوەی زمان بە پێـی سـەردەم و بـارودۆخ وچوارچێـوەی بەکارهێنـانەوە، دوچـاری ئـاڵوگۆڕبوون دەبێـتەوە، هەمیشـە بە جێگیـری نـامێنێتەوە بە هـۆی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە، ( واتا لە شتی هەستپێکراو و بەرجەستەوە، بۆ شتی ئەبستراکت دەگوێزرێتەوە، ئەم کردەیە پلە بە پلە دەبێت بە یەک هەنگاو ڕوونـادات. هەنـدێجار، واتـای بەرجەسـتە لەنـاو دەچێت و واتـای ئەبستراکت، جێگەی دەگرێتەوە، یان وادەبێت، کە وشەکە بە هەردوو واتـای

بەرجەستە و ئەبستراکت لە زماندا دەمێنێتەوە)، (ابراهيم أنيس: ١٩٧٦: ١٦١ - ١٦٢). ئەمەش بە هەنگاوێک بۆ پرۆسەی گۆڕانی واتاو پەرەسەندنی هزر و بیرکردنەوەی مرۆڤ دادەندرێت، لە زمانی کوردیدا، ((**زاخاودان**))، تەنیا لە بواری زەڕنگەری و مسگەریدا بەکاردەهات، لە ئەنجامی ئەوەی مرۆڤ هەستی بە پاککردنەوەی مێشکی کرد، بە هۆی بینینی چەند دیمەنێکی خۆش و سەرنج ڕاکێشەوە گۆڕا بۆ ((**زاخاوی مێشک**))، (عەبدولواحید موشیر:٢٠١١: ٨٨).

وشە لە زماندا، سەرەتا بۆ واتایەکی دیاریکراو دانراوە، بە تێپەڕبوونی کات و بە پێی پێویستی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە، کە بەو زمانە ئاخاوتن دەکەن، بۆ واتایەکی تر بەکاری دەهێنن، بەمجۆرە زمان دووبارە چەمکەکان دادەرێژێتەوە و وشە واتایەکی تر وەردەگرێت و دەبێتە دەربڕینێکی میتافۆریی، بۆ نموونە، ئەگەر سەیری ئەم دەربڕینانەی خوارەوە بکەین ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت:

**تاڵ** ← **تاڵی خواردن (+ تام، + بەرجەستە). (واتای بنەڕەتی)**
**تاڵ** ← **تاڵی ژیان (ـ تام، ـ بەرجەستە). (میتافۆر)**

**شووشتنەوە** ← **شووشتنەوەی سەوزەو میوە (+ بەرجەستە)**
**شووشتنەوە** ← **شووشتنەوەی مێشک ( ـ بەرجەستە) – (میتافۆر)**

چاوگی (**شوشتنەوە**)، لە دانانی زمانیدا و بە واتای فەرهەنگیی، لەگەڵ شتی بەرجەستە بەکارهاتووە، دواتر بە واتای ئەبستراکتیش هاتووە. لە دەربڕینی (**تاڵی ژیان**) دا، وشەی (تاڵ) کە نابەرجەستەیە، خراوەتە پاڵ(ژیان)، هەرچەندە ئاوەڵناوی (تاڵ) لە بنچینەدا وەسفی شتی بەرجەستە دەکات . زمان یارمەتیمان دەدات، کە دەوروبەرمان، لە پەیڕەوێکی سیستەماتیکیدا ڕێکبخەین، یەکێک لە ڕێگاکانی دیاری کردنی واتا،

شـیکردنەوەی پێکهـاتە واتاییەکـانە بە پێـی ئەم بۆچـوونە، وشــە لە ڕوی واتاوە، لە لێکدان و کۆبوونەوەی چەندین سیمای واتایی دروست دەبێت ( منقورعبد الجليل: ٢٠٠١: ٦١).

بـۆ نمـونە: وشــەی (ژن)، خـاوەنی ئەم سـیما واتاییـانەیە: (+ مـێ، + هەراش، +مـرۆڤ). لە پـاڵ ئەم سـیما سـەرەکییانەدا، بە تێپەڕبـوونی کـات، وشە هەندێ سیمای لاوەکی دیکـەش وەردەگرێت، کە هەندێکجار میتـافۆر دروست دەکەن، وەک: وشەی ( زەعیفە)، کە بۆ ژن بەکاردێت.

ئەم وشـەیە، لە کۆمەڵگـای کوردەواریـدا، وەک میتـافۆرلە لایەن هەنـدێ کەس، بـۆ (ژن)، بەکاردێـت، گوزارشـت لە بیـرو بـاوەڕی تاکەکـانی ئەو کۆمەڵگایە دەکات، بەرانبەر بە تواناو دەسەڵات و پێگەی (ژن).

لە گەڵ ئەوەشدا، دەشێ، بە پێی گۆڕان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانـدا، میتافۆری تر، سەرهەڵبدات کە گوزارشت لە هێزو تواناو هزرمەندی (ژن)،لە کۆمەڵگادا بکات.

لێرەدا پێویسـتە ئامـاژە بەوە بـدەین، کە چەمکـی وشـەش بە تێپەڕبـوونی کات بۆی هەیە گۆڕانی بەسەردابێت، هەندێ وشە و دەربڕین واتـایەکی تـر وەردەگـرن، کە ئەمەش ڕێگـایەکی تـرە بـۆ دەوڵەمەنـدکردنی ئاسـتی واتـا لە زمانـدا: ((کاتێـک کە باسـی پەیوەنـدی نێـوان وشـە و چەمـکەکەی دەکرێـت، پێویســتە ئامــاژە بــۆ ئەو خــاڵە بکرێـت، کەلەوانەیە، لە وشــەیەکدا چەنــد چەمکێـک هەبێـت)) بـۆ نمـوونە: وشــە یـان مـۆرفیمی (پەڕۆ) کە بەتەنیـا و سـەربەخۆ، بەشداری پێکهاتەی لەم جۆرە وشـانەدا، کـردووە: (پـارچە پەڕۆ، پەڕۆکـۆن، پینـەوپەڕۆ)، جـگە لە (پەڕۆ) کە بە میتـافۆر بەرانـبەر بە مرۆڤـی سووک و چروک بەکار دەهێندرێت، قوماشێکیش، بتەوێت سـووکی بکەیت، بە پەڕۆ ناوی دەبەیت.

بەکارهێنــانی (پەڕۆ)، بە و واتــایەی ئەمـرۆ، نمـونەیەکە، بـۆ نیشــاندانی گۆڕانی واتای وشە:

**پەڕۆ: قوماشێکی بێکەڵک.**

↓

**پەڕۆ: مرۆڤی سووک**

هەر گۆڕانێک، کە بەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بێت، لەگەڵ خۆیدا چەندین چەمکی نوێ دەهێنێت، کە پێویستیان بە دەربڕینە))، (فاروق عومەر صدیق:٢٠١١: ٥٠).

وشەی (باوکایەتی)، واتا سەرەکییەکەی (سۆزو پەروەردەکردنی خێزانە)، هەندێ واتای تری وەرگرتووە:

**( باوکایەتی)**


- ❖ + دەسەڵات
- ❖ +گەورەیی
- ❖ + بەڕێوەبردنی وڵات
- ❖ + بەزەیی

ئەگەر بڕوانینە هەریەک لە وشەکانی (شێر)، (فیل)، بە تەنیا و سەربەخۆ، بە واتای ئاژەڵ دێت، بەشداری پێکهاتەی ئەم جۆرە وشانەی کردووە:

(شێرەکە ئاسکەکەی گرت).

( فیل گیاندارێکی گەورەیە).

هەردوو وشەکە، وەک میتافۆر بەرانبەر بە مرۆڤی ئازا و بەهێز و مرۆڤی کەتەش بەکاردێن:



ـ وشەی ڕێوی، خاوەنی کۆمەڵێک سیماو پێکهاتەی واتاییە، بەڵام سیمای <+ فێڵبازیی> لەکۆمەڵگای ئێمەدا، ڕۆشنایی خراوەتە سەر و بەهۆیەوە میتافۆرەکە دروست بووە، وەک لەم ڕستەیەدا، دەردەکەوێت: **{ئەم جا ڕەش ڕێوییەکە هەڵی خەڵەتاندین}** .

لێرەدا، دوچاری ئەو پرسە دەبینەوە: ئایا زمانی کوردی، بە چ ڕێگایەک میتافۆر دروست دەکات، ئایا دەتوانین، تیشک بخەینە سەر تیۆرییەک، کە بە هۆیەوە میتافۆر لە زمانی کوردیدا دروست بکرێت و جیاواز بێت، لە زمانەکانی تر؟. بۆ نموونە: بۆچی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، لە نێو سیماواتاییەکانی وشەی (**کەر**) دا، سیمای < + **بێ هۆشی** >، زەق کراوەتەوە، { **کەر** }، لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بەو سیمایە دەناسرێتەوە، ئەی بۆچی سیمای <+ **لەسەرخۆیی و ئارامگرتن** >، زەق نەکراوەتەوە و ڕۆشنایی نەخراوەتە سەر، بۆنمونە، لە زمانی عەرەبیدا بە کەر دەوترێ (أبوصبار).

بە بۆچوونی ئێمە، هۆشمەندی و جۆری بیرکردنەوەی کۆمەڵگا، لەدروستبوونی میتافۆردا، کاریگەرییان هەیە و ڕۆڵ دەبینن. واتە: بەزاندنی کۆتەکان و ئەو ڕێگایەی، کە کۆمەڵگای کوردەواری، لەدروستبوونی میتافۆردا، دەیگرێتە بەر، پەیوەندی بە جیهانبینی مرۆڤی کوردەوە هەیە، بۆ نمونە: لە کۆمەڵگای کۆنی کوردەواریدا، بەهۆی زاڵبوونی سیستەمی دەرەبەگایەتی و داگیرکردنی کوردستان، لە لایەن داگیرکەرانەوە، میللەتی کورد لە ڕوانگەی ئایدۆلۆجیای دەسەڵات و هێزەوە، نرخی بۆ کەسانی ناو کۆمەڵگا داناوە. ئەمەش، لە هەردوو میتافۆری**{شێر}** و **{کەر}**دا، ڕەنگی داوەتەوە: ئەگەر بڕوانینە، ئەم دەربڕینانەی خوارەوە، کە ئەم دوو میتافۆرەیان تێدا بەکارهاتووە، دەتوانین ئەم ڕاستییە بسەلمێنین:

**ـ ئازاد شێرە! { بەدەسەڵاتە}**

**ـ ئەو کەرە، نازانێ من کێم ! { ئەو کەسێکی نەزان و بێ دەسەڵاتە، ناتوانێ لە ئاستی مندا قسە بکات، کە من کەسێکی خاوەن دەسەڵات و بە هێزم }.**

میتافۆری (**سەگ**)، ئەوە دەردەخات، کە مرۆڤی کورد، لە سەردەمی کۆنەوە، نرخی بۆئەم ئاژەڵە دانەناوە، بەڵکو تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆی، بەکاری هێناوە، هەروەها کاریگەری داب و نەریت و کلتووری نەتەوەکانی دەوروبەریش، وەک میللەتی عەرەب، تورک، فارس ... هتد لەم ڕووەوە ڕۆڵیان هەبووە، بۆیە جیهانبینی مرۆڤی کورد، لایەنە چاکەکانی سەگی نەبینیوە و سیمای وەڕین و گازگرتن، لە دروستبوونی میتافۆرەکەدا، تیشکی خراوەتە سەر و میتافۆری (سەگ)، دروستبووە.

بۆ نموونە، کە دەڵێین: **{فلانە کەس سەگە}**.

مەبەستمان ئەوە نییە، کە کەسێکی باش و بە ئەمەکە، بەڵکو مەبەستمان وەسفکردنی لایەنە سلبییەکانی کەسەکەیە. کۆمەڵگای کوردەواری، وشەی (**مردن**)، وەک میتافۆر لە گەڵ زۆر دەستەواژەدا بەکاردەهێنێت:

**< مردم لە برسا >، < مردنم بە چاوی خۆم بینی >، < مان و مردنمان بە یەکەوە دەبی >، < بۆ پارە مردووە >، < بۆ خۆشەویستی تۆ دەمرم >، < لە خۆشییاندا مردم >، < مردنی زمان >،<مردنی هێز> ،< کەسێکی مردووە >، ... هتد.**

دروستبوونی میتافۆری (**مردن**) و ڕەنگدانەوەی لە ئاخاوتندا، بۆی هەیە پەیوەندی بە بارودۆخی میللەتی کورد و دۆخی داگیرکاری کوردستانەوە هەبێت. هەر لەو ڕوانگەیەوە، کە دیاردەی نەزۆکی، بەرهەمی لێناکەوێتەوە، ئەم میتافۆرەی خوارەوە دروستبووە:

**{کەسێکی نەزۆک ⟷ بیرێکی نەزۆک}**

هەروەها، مرۆڤی ئیفلیج، ناتوانێ کاروبارەکانی ڕۆژانەی بەرێکوپێکی بە ڕێوە ببات، ئەمەش لەم میتافۆرەی خوارەوەدا دەردەکەوێت: {ئیفلیجبوونی مرۆڤ ⟷ ئیفلیجبوونی کۆمەڵگا}.

مەبەست لە هێنانەوەی نموونەکان خستنەڕووی ئەو دۆخە نییە، کە جیهانبینی مرۆڤی کورد سلبییە و بە چاوێکی نەرێنی، سەیری دیاردەکانی

دەوروبەری کردووە و لە چوارچێوەی ئەم تێڕوانینەدا، میتافۆری دروست کردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، تێڕوانینی مرۆڤی کورد بۆ هەندێ دیاردەی دیکە، پۆزەتیڤە و لایەنە جوان و باشەکان، لە دروستبوونی میتافۆردا ڕۆشناییان خراوەتە سەر.

هەندێ وشە، کە پەیوەستن بە دیاردەی سروشتی وگیانلەبەرو ڕووەکەوە، لە بەکارهێناندا، واتای تریان وەر گرتووە: (مانگ، رۆژ)، کە دوو دیاردەی سروشتین، بە واتای جوانی و ڕووناکی و ئازادیش دێن، هەورە بروسکە، واتای راپەڕین و خێرایی دەدات، ڕەشەبا، چالاکی وبزووتنەوە، خێرو بەرەکەت........هتد. گوڵ، بۆ واتای جوانی و ناسکی دەخوازرێ، ڕەیحانە: بۆنی خۆش، کانی: ڕەنگی سەوز بە واتای بژێویی و ئاوەدانی بەکاردێت...هتد.

هەرچەندە، بابەتی میتافۆر، لە چوارچێوەی زانستی پراگماتیکەوە، لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و شیدەکرێتەوە، بەڵام دەوروبەری کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر زمان هەیە و ئەمەش، لەدروستبوونی میتافۆردا، ڕەنگدانەوەی دەبێت، بۆیە ناکرێ باس لەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانە نەکرێت، کە دەبنە هۆی دەوڵەمەندبوونی وشەی فەرهەنگی و ئاستی واتا لە زماندا.

ژمارەیەکی زۆر لە وشە و زاراوە و دەستەواژە، کە پەیوەندییان، بە مێژوو، ڕووداوەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە، هەیە، وەک: {هەڵات هەڵات، تاڵان وبڕۆ، سنورداش، تاراوگە} .

هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، ئەمنە سوورەکە، بەردەرکی سەرا، گەندەڵی، پەناهەندە، سەدەی کۆچ، کۆچڕەو، زیندانی سیاسی، دایکی پێشمەرگە، ئەنفال، کیمیاباران، زیندە بەچاڵکردن، زنجیرسازی، کۆمەڵگایچەپێنراو، بن دیوار، تیرۆرکردنی ڕۆژنامە و....هتد } .هەموو ئەم چەمکانە بە شێکن لە مێژووی نەتەوەی کورد و لە زماندا، ڕەنگیان داوەتەوە. دەتوانین فەرهەنگێک بۆ ئەو وشانە ئامادە بکەین، کە بەهۆی ڕووداوی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە کەوتونەتە ناو زمانەوە.

لە ڕوانگەی فەلسەفەی ئەزمونگەراییەوە، مرۆڤ کە دێتە جیهانەوە، هەڵگری هیچ جۆرە مەعریفەیەکی زگماکی و خۆڕسکی نییە، مەعریفە لە ئەزمونی هەستەکییەوە پەیدادەبێت، ((ئەزمونی هەستەکیش وابەستەیە بە ئۆرگانەکانی هەستکردنەوە، وەکو چاو، گوێ، لووت، زمان و دەست. مرۆڤ لە ڕێگەی ئەم ئۆرگانانەوە هەست بە جیهانی دەرەوەی بوونی خۆی دەکات))،(کەمال، ٢٠٢٠، ٢٩). بەمجۆرە، ئەم قوتابخانە فەلسەفییە، هەستەکان دەکات بە سەرچاوەی بە دەستهێنانی مەعریفە و پێیوایە، ((ئاوەز توانای تێگەیشتن یاخود سود وەرگرتنی لە ڕوی زانستییەوە لە شتێکدا نییە، ئەگەر هەستی پێنەکات))، (سلێمان، ٢٠٠٩، ٩٨). بەپێی ئەم تێڕوانینە بێت، مرۆڤ بە مەعریفە و کۆزانیاری ئامادەکراوەوە نایەتە ناو جیهانەوە و سەرەتا هزری وەک لاپەڕەیەکی سپی وایە و هیچی لەسەر تۆمار نەکراوە، بەو واتایەی ئەزمونی دەرەکی نەک ئاوەز سەرچاوەی مەعریفەیە و هیچ جۆرە بیرۆکە و مەعریفەیەکی زگماکی لە دەرەوەی ئەزمونەوە بوونی نییە.

ئەم ڕوانگەیەی فەلسەفەی ئەزمونگەرایی، لە بۆچوونە زمانەوانییەکانیشدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، بۆ نمونە، قوتابخانەی ڕەوشتکاری، بە هەمان تێڕوانین ـ ئەزمونی دەرەکی دەکاتە بنەما لە کردەی زمان وەرگرتندا، لە ڕوانگەی ڕەوشتییەکانەوە، مرۆڤ کە دێتە ناو جیهانەوەهیچ جۆرە مەعریفەیەکی زمانی لە ئاوەزیدا هەڵنەگیراوە، لە تێڕوانینی ئەواندا ((زمان بریتییە لە پەیدابوونی کۆمەڵێک خووی دەنگیی لە منداڵدا. دایک و باوک و دەوروبەرەکەی لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ منداڵدا دەئاخڤن، منداڵ گوێ لە دەنگ و وشەی ئەوان دەگرێت و قۆناغ بە قۆناغ دەست بە لاساییکردنەوەی ئەو دەنگانە دەکات ... منداڵ بەم شێوەیە وردە وردە زمانی دایکی فێر دەبێت))، (باتنی، ٢٠١٥، ٥٧ ـ ٥٨).

بەپێی ڕێبازی ڕۆنانکاری دی سوسێرش زمان لە بنەمادا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەدەستهێنان و مەعریفەی زمانی پشت بە فاکتەرە دەرەکی و کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت(غەریب، ٢٠١٦، ٢٥).

لــە کاتێکــدا فەلســـەفەی ئاوەزگــەرایی، بـــە پێچەوانـــەی فەلســـەفەی ئەزمونگەراییـەوە، پێیوایـە مەعریفـە لـە ئـاوەزەوە سـەرچاوە دەگرێـت. لـە ڕوانگـەی ئـەم ڕێبـازەدا، مـرۆڤ بـە ئـاوەزێکی بـەتاڵ و خاڵییـەوە نایەتـە دونیاوە، بەڵکو هەر لەگەڵ پەیدابوونییـەوە، مەعریفـەی زگمـاکی لـە ئاوەزیـدا هەڵگیراوە. ئەم مەعریفە زمانییەش هەستەکی نییە و پێویستی بە ئـەزمون نییە، لە دیدی ئەفلاتوندا مـرۆڤ کـە هاتۆتـە دونیـاوە خـاوەنی مەعریفەیـەکی زگمـاکی بـووە، بـەڵام مەعریفەکـەی بیرچۆتـەوە، واتـە ئـەفلاتون ((زانـین بـە گشـتی و هـــەموو بیرۆکـــەکان ((هۆشـــەکی و هەســـتەکی بـــە بیرکەوتنـــەوە دادەنێت. ئەمە ئەو واتایە دەبەخشێت، کە مرۆڤ لە پێشتردا زانینی هـەبووە و بیرۆکـەکان لـەنێو مێشـکی دابـوون، ئـەوەی فێـری دەبێـت بیرکەوتنـەوەی بیرۆکـە پێشـترەکانییەتی و هۆشـی مـرۆڤ ئافەریـدە کـراوە و ئافەریدەکـەر بیرۆکە زگماکییەکانی لەنێو هۆشی مرۆڤدا جێهێشتووە))،(کەمال، ٢٠٢٠، ١٥ ـ ١٦).

کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئەم ڕوانگە فەلسەفییە لە کارەکانی چۆمسکیدا بە دیـدەکرێت، لـە ڕوانگـەی چۆمسـکییەوە، منداڵ لەگـەڵ لـە دایکبوونیـدا، چـەند مەعریفەیەکی زمانی لە ئاوەزیدا هەڵگیراوە کە بە توانست ناوی دەبات، واتە بە یارمەتی ئەو مەعریفە زمانییە ((دەتوانێت ژمارەیـەکی بێ کۆتـا لـە ڕسـتە دروسـت بکـات و بیانڵێـت و لێیـان تێبگـات و ڕسـتەی ڕاسـت لـە ڕسـتەی ناڕاسـت جیـا بکاتـەوە. لـە ڕاسـتیدا کاتێـک دەگوترێـت فـلان کـەس زمـان دەزانێـت مەبەسـت لـە زانـین هـەمان ئـەو یاسـایانەیە کـە بـە شـێوەیەکی خۆڕسکی لە مێشکی ئەو کەسەدا جێگیر بووە))، (باتنی، ٢٠١٢، ٤٩).

بەپێی زمانەوانی درکپێکردن، مرۆڤ خاوەنی مەعریفە و توانستێکی گشـتیی ناوەکییـە، ئـەم توانسـتە لەسـەر بنـەمای ئـەزمون تـەواو دەکرێـت، مـرۆڤ ئەزمونـــەکانی بەرجەســـتە دەکـــات پاشـــان مەعریفـــەی لەســـەر بونیـــات دەنێت(غەریب، ٢٠١٦، ٢٦).

زمان دەفرێکە بۆ مێژووی ڕۆشنبیری، چەندین وێنا و خـوازەی زمـانیی، لە بیـرو بۆچـوون و دابونەریـت و کلتـور و زانیارییەکـانی نـاو کۆمەڵگـاوە،

کەوتوونەتە ناو فەرهەنگەکەیەوە، پەیوەندییەکی پتەو، لە نێوان مێژووی کۆمەڵ و مێژووی زماندا هەیە هەربۆیەش، لە زماندا، زۆر دەستەواژە و پێکهاتەی ئیدیۆمی هەیە، کە واتاکانییان لەمێژووی کۆمەڵگاوە وەرگرتووە، بۆ گەیشتن بە واتای دروست وبنچینەکانیان پێویستە بگەڕێینەوە، بۆ کات وشوێن وبوارو مێژووی سەرهەڵدان، وەک:

- **لێمان بووە بە خولە پیزە.**
- **دیوەخانی حەمەقەدۆی موسڵ.**
- **ساڵی لافاوەکە.**
- **شاربەدەرییان کرد.**
- **هەر بە ڕبەی تەق تەقە.**

بۆ ئەوەی لە واتاکانیان بگەین، پێویستمان، بە زانیاری دونیایی و کلتوری وبارودۆخی ئاخاوتن و مێژووی دیاردەکە هەیە. ئەگەر نەزانین (**خولە پیزە، حەمە قەدۆ**)، کێن و لە چ سەردەمێکدا هەبوون، ناتوانین لە واتاکانیان تێبگەین، هەروەها، دەبێ بزانین، کەی ئەم لافاوە و لە چ شوێنێکدا ڕوویداو بۆ ئەوەی واتاکەی لێکبدەینەوە، بە هەمان شێوە پێویستە زانیاریمان لە بارەی دیاردەی شاربەدەرکردن و پێوەری ڕبەی تەق تەق هەبێت، تاوەکو واتاکانیان بزانین و شیبکەینەوە.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، کات وقۆناغ ڕۆڵێکی بەرچاویان لە سەرهەڵدانی واتای لاوەکی و میتافۆردا هەیە، بە تایبەتی لە ناوی کەسایەتیی و ڕووداوە مێژووییەکاندا بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کە هەیانبووە، دواتر گوێزراونەتەوە، وەک میتافۆر بۆ واتای تایبەتی بەکاردەهێندرێت، هەندێک لەمانە، لێکدراون، وەک: {**•سێوی ئادەم ، کراسی یوسف ، سەبری ئەیوب، ساڵی گرانی، ... هتد**}.

هەریەک لە میتافۆرەکانی {**خولە پیزە، حەمەقەدۆ، شاربەدەر، ساڵی گرانی**}، کەوتوونەتە ناو زمانەوە و فەرهەنگەکەیان دەوڵەمەند کردووە.

هەندێک ڕووداوی گرینگ، کە لە کۆمەڵگادا ڕوودەدەن، بە هۆی ئەو دەنگدانەوەیەی کە دروستی دەکەن، بە تێپەڕبوونی کات، وەک میتافۆر لە

لایەن قسەکەرانی ئەو زمانەوە، بەکاردەهێندرێن، کاتێک ڕووداوێکی هاوچەشنە دێتە پێش بۆ بەهێزکردنی واتا و مەبەستی ئاخاوتن، قسەکەر ئەم جۆرە دەربڕینانە دەردەبڕێت بۆ نموونە: (**دڕکی مەم و زین**): میتافۆرێکە ئاماژە بە کەسێک دەکات، کە نێوانی دوو کەس تێکبدات، بەم جۆرە دروست بووە: { **دڕک + ی + مەم + و+ زین** }، (**دڕک**)، سیمای (**+ ڕووەک**) ی هەیە، درواتە پاڵ (**مەم و زین**)، کە پێکهاتووە لە دوو ناوی مرۆڤ.

کلتوری کۆمەڵگاش، کاریگەریی لەسەر دروستبوونی میتافۆر هەیە، هەندێکجار، کلتوری جیاواز میتافۆری جیاواز دروست دەکات، زمان بەشێکە لە کلتور و کلتوریش لە زماندا، ڕەنگ دەداتەوە:

(هێماو میتافۆ ر و پەندەباوەکان، پەیوەندییان بە کلتور و مێژووی کۆمەڵگاوە هەیە و هەر بۆیەش وەرگێڕانیان لەنێوان کلتورە جیاوازەکاندا، کارێکی ئاسان نییە)،(حوسێن یەعقوبی: ٢٠٠٧: ٦٢).وەرگێڕانی ئەم پەند و ئیدیۆمانەی خوارەوە، بۆ زمانێکی دیکە کارێکی ئاسان نییە، چونکە لە کۆمەڵگای کوردەواری لە دایکبوون و پەیوەندییان بە دابونەریتی کوردییەوە هەیە: (بنە کوندە، بنە مۆم، بابردەڵە، بە تەمای فرۆی مانگا زەردە، بشفڕێ هەر بزنە، بە کەرویشک دەڵێ ڕاکە، بە تانجیش دەڵێ بیگرە، بۆ باجی حەلاوی باسکە، لیمان بووە بە خولە پیزە، بۆرە پیاوە، پیسکەی تەڕپیر، پیاو کەندووە، ژن لە دووە، پەرێزی پاک نییە،...هتد).

ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی هەریەک لەم پەند و ئیدیۆمانە، پێویستیان بە ئاوڕدانەوە، لە دەوروبەر و کلتور و شێوازی ژیان و جیهانبینی مرۆڤی کوردەوە هەیە، سەبارەت بە ژیان و ڕووداو و دەوروبەر و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سەرجەم بوارەکانی دیکەی ژیانەوە.

دروستبوونی میتافۆر، لەناو کۆمەڵگادا بە ڕێگای کلتورەوە، هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگ و ئاستی واتا. دابونەریتی کۆمەڵایەتی وێنایەکی هۆشەکی بۆ دیاردەکان لە هزری مرۆڤدا دروست دەکات، کە دەبنە بنەمایەک بۆ دروستبوونی میتافۆر و بەکارهێنانی وشەکە بە

واتایەکی تر لەو واتا زمانییەی کەبۆی دانراوە. (سەرتاشین)، دیاردەیەکی ئاساییە، بەڵام بەهۆی باروودۆخێکی تایبەتی کۆمەڵایەتییەوە، قسەکەر هەندێکجار، وەک میتافۆر بەکاری دەهێنێت، بۆ نموونە، دەکرێت لە چوارچێوەی ئاخاوتندا، ئەم ڕستەیەی خوارەوە، دوو جۆر لێکدانەوەی بۆ بکرێت:

ـ **((سەری بە تاشین چوو))**. ( نەسرین فەخری:١٩٧٦: ٨٨).

واتای فەرهەنگی | {**سەر تاشین**}: **بڕین وریێکخستنی قژ**.

میتافۆر | {**سەرتاشین**}: **تاشینی سەر و ماست پێداکردنی، بە مەبەستی ئابڕوو بردن**.

ــ (**بە بووک بردن**)، دیاردەیەکی ئاساییە، بەڵام لە سیاقی ئاخاوتندا، هەندێکجار بۆ سووککردن و ڕیسواکردنی کەسێک بە کاردێت.

قسەکەر: بە نیازین خۆپیشاندانێک ریکبخەین.

گوێگر: ئەگەر ئەم کارە بکەن، **بە بووکتان دەبەن**. (کلتوری کوردەواری، ئەم واتایەی پێداوە).

( ماستاوکردن): واتای مەعنەوی بەپێی سیاقی بەکارهێنان وەرگرتووە.

ڕۆشنبیری و مێژوو، لایەنی بیری و هۆشمەندی هەر نەتەوەیەک، لە مێژووی زمانەکەی جیاناکرێتەوە، کەڵچەر و نەریتی کوردی وایانکردووە، ئەم میتافۆرانە بکەونە ناو زمانەوە، هەر نەتەوەیەک، دابونەریتی تایبەت بە خۆی هەیە، پێوەرەکانی ئێستاتیکا و ڕوانگە و ئاسۆی بیری مرۆڤ، وێنای لە زماندا، دەردەکەوێتەوە. **لیۆشتراوس**، باس لە ((پێکهاتەی نەستیی شتەکان)) یان ئەنجامناسی نائاگایانەی زەین دەکات، کە لە پشت دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دروستکراوی مرۆڤ خۆیان شاردۆتەوە، نەست یان نائاگایی خود، بریتییە لە (( بنەماپێکهاتەییە بنیاتییەکان کە بەسەر زماندا زاڵن. زمان بە وتەی لیۆشتراوس، ئاوەزی مرۆڤانەیە، خاوەنی هزرمەندی خۆیەتی، ئێمە شتێکی ئەوتۆی لێ نازانین))، (بابەک ئەحمەد: ٢٠٠٥: ١٢).

ئەمەش ئەرکە سەرەکییەکانی پێکهاتەی زەین دەنوێنێتەوە، لەڕوونکردنەوەی کار وکەرەستەی ئاماژەی واتایی لە کردەی مرۆڤدا، ژیان

و پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا، پێویستی بە زمانێکی هاوبەش هەیە، ئەم زمانەش بەکاریگەری ڕۆشنبیری هاوبەش پارێزگاری لێدەکرێت، زمانەوانی لەم بارەیدا، ڕەهەندێکی ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆجییە، کە ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت، بەهۆی زمانەوەیە، کە زانیاری و ڕۆشنبیری بە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا دەگات.

زمان پەیوەستە بە ڕۆشنبیرییەوە، بە هەمان شێوە ڕۆشنبیریش پابەندە بە کارلێککردن لە گەڵ ئەوزمانەی کە دەریدەبڕێت، تاوەکو زمان زیاتر پارێزگاری لە ئاسارو شارستانیەتی کۆمەڵگا بکات، هێندە دەوڵەمەندتر دەبێت و پەرەدەسەنێت، کلتور و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا، زمان دەپارێزێت و بە هۆکارێک بۆ مانەوەی زمان دادەندرێت.

لەزماندا، توانایەکی تایبەت بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئایدۆلۆجییەتی پێشینە هەیە، دەشێ ئایدۆلۆجییەتە کۆنەکان، بەهۆی زمانەوە سەرهەڵبدەنەوە، بەمجۆرە دەشێ، زمان بە تێپەڕبوونی کات ببێتە هۆکارێک بۆ دەربڕینی ئایدۆلۆجییە کۆن ونوێیەکان، هەندێ وشە هەرچەندە دیاردەکانیان لە کارکەوتوون و ئێستا بەکارنایەن، یان زۆر کەم بەکاردێن، بەڵام جارێکی دیکە وەک میتافۆر لە زماندا بەکاردێنەوە و دەکەونە ناو فەرهەنگی زمانەوە :ئەم وشانەی خوارەوە، تاوەکو ئێستاش لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەرانبەر بە مرۆڤ بەکاردێن:

- **{جەنجەڕ} : بۆ کەسێکی شڕو بڕ، بەکاردێت.**
- **{ئاش} : بەرانبەر بە مرۆڤی زۆرخۆر بەکاردێت.**
- **{بنەکوندە} : مرۆڤی کورت وقەڵەو.**

وشە و زاراوەکان، لەناوکۆمەڵدا بەکاردەهێندرێن و پەیوەندییان بەو بیر و واتایانەوە هەیە، کەلە کۆمەڵگادا سەر هەڵدەدەن، کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان زاراوە گەلێکی پتریان بۆ دەربڕینی چەمک و واتاکان هەیە، ( چەمک و دەربڕینەکان، دەکەونە چوارچێوەی هۆشیاری وبەئاگایی مرۆڤ و شێوازەکانی بیرکردنەوە و چۆنییەتی تێڕوانین بۆ جیهانی دەرەکی، هەروەها تاقیکردنەوە و بەکارهێنانی چالاکی زمانیی، کە دەبێتە

هۆی پەرەسەندن و بەرزکردنەوەی تواناکانی زمان و ڕونکردنەوەی بیرە ناوەکییەکان، بەم جۆرە بەهرەی زمان، بەهرەیەکە بۆ توانامەندی هزر، لە دەربڕین و شیکردنەوەی ناوەکی وخودیی و درکپێکردنی ڕاستی وماهیەتی شتەکان)، ( مخلوف سید أحمد:٢٠١٠: ١٦٠).

توانای زمان لە دەوروبەردا، زیاتر گەشەدەسەنێت و مرۆڤ دەتوانێ بیرە ناوەکییەکانی بە واتا و چەمکی پەرەسەندوو دەرببڕێت، بەهۆی تێکەڵاوبوونەوە، وشە و زاراوەی نوێ وەردەگرێت، بەهۆی ئەمەشەوە ئاستی زانیاری بەرزدەبێتەوە.

زمان تەنراوێکە، لە هێما و وشە و پێکهاتەکان لە هزردا خەزنکراوە، بۆ پەیوەندی لە گەڵ کەسانی تر و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بیرو چەمکەکان بەکاردێت. هەندێک وشە هەیە، یەکەی واتایی تایبەتمەندن بەو زمانە، بۆیە هەندێک پێیان وایە، کە (باشترین ڕێگا بۆ لێکۆڵینەوەی زمان، لێکۆڵینەوەیەتی، لە ڕووی ڕۆشنبیری و کلتوور وبیرەوە)، ( هدسن: ١٩٨٧:١٣٠) بۆ نموونە، وشەکانی{ **بنپشک، ژن بە ژن، گەورە بە بچووک**} یەکەی واتایی تایبەتمەندن بە کلتووریی کوردەواریی، مەرج نییە لە فەرهەنگی هەموو زمانێکدا، ئەم وشانە هەبن، ماهیەتی شتەکان لە بیر و هزری مرۆڤدایە، کە بەوشە و زاراوە دەردەبڕدرێت، وەک هۆکارێک بەو کۆمەڵگایەی کە بەکاریان دەهێنن.

جۆرێک لە پەرەسەندنی وشەکان، دەچنە چوارچێوەی ناوی میللی کە لەڕێگای ڕێککەوتنی کۆمەڵێک کەسی تایبەتییەوە دروست دەبێت، دەچێتە چوارچێوەی هۆکاری کۆمەڵایەتییەوە، کە لەلایەن خەڵکی ناپسپۆرەوە دروستدەکرێت، وەک:{ **هێزی ئارئار، علوج، پۆستاڵ لە پێ، کڵاو سوورەکان، مۆنیکا، مەرزیە، وەنەوشە...هتد** }.

هەریەک لە وشەکان، بۆ شتێک بەکاردێت، کە واتای ڕاستەقینەی خۆی نییە، یان واتایەکی تری وەرگرتووە، بۆ نموونە،{ **پۆستاڵ لەپێ**} : ئەمنەکانی ڕژێمی بەعس.

-{ **هێزی ئارئار**} : **تاڵان و بڕۆ.**

وشـەکان کـات و بـارودۆخی تـایبەت بە خۆیـان هەیە، ئێسـتا لە زمـانی کوردیدا، وشەیەکی تری میللی دروست بووە { **پیلەقە** }، بەو جۆرە گاز و بەنزینـانە دەوترێت، کە لە کوردسـتاندا پڕدەکرێنەوە و بۆنێکی ناخۆشـیان هەیە، هەرچەندە ئەم جۆرە وشانە، کە دەچنە خـانەی میللییەوە، فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند ناکەن، بەڵام ئاماژەیەکیان تێدایە، بۆ جوانی یان نرخ یان جـــۆری دەســـەڵات، هەنـــدێک جـــاریش بـــۆ پڕوپاگەنـــدەی کاڵاکـــان بەکاردەهێندرێن.

هۆکـارێکی گرینگـی سـەرچاوەی گـۆڕانی واتـا، پرۆسـەی هەمیشـەیی گواستنەوەی کلتوری بووە، نەوەکـان دەبێ ڕێگـایەک بدۆزنەوە، بۆ سـوود وەرگـــــرتن لە زمـــــانی نەوەی پـــــێش خۆیـــــان لەم پرۆســـــە بەردەوام و بێ کۆتاییەدا، کە بە هۆی ئەوەوە هەموو تاکێک کەڵک لە زمـان وەردەگرێ دەبێ بۆ خۆی سەر لە نوێ، زمـانی کۆمەڵگا دروست بکـاتەوە، لێرەدا، زمان دوچاری ئاڵو گۆڕ وگۆڕان دەبێتەوە.

بۆیە ئێمە پێمـان وایە، زمـان ناتوانێت بە تەواوی لە ڕابردوو دابـبڕێت و لە هەمـان کاتیشـدا لە دۆخێکـی وەسـتاودا نـامێنێتەوە، مرۆڤـی سـەردەم پێویسـتی بە زمـانێکی مـۆدێرنی پێشـکەوتوو هەیە، کە بتوانێت بە هـۆیەوە گوزارشت لە دیاردە نوێیەکانی ژیانی تازە بکات، ئەو ژمارە وشـەیەی کە لە فەرهەنگـی قۆنـاغی کشـتوکاڵی بـاب و باپیرانمانـدا هەبـووە هاوشـان نیـیە لەگەڵ ئاستی زانسـت و تەکنۆلـۆژیی ڕۆژگـاری ئەمـڕۆدا، بـۆیە لەم ڕەوتەدا دووبـارە بە سـوود وەرگـرتن لە قۆنـاغی پێشـوو، زمـان بونیـات دەنـرێتەوە (زمـــان تەنیـــا هۆکارێـــک بـــۆ لە یەکترگەیشـــتن ونـــاردن و پەیـــامی نێـــوان مرۆڤەکان نییە، بەڵکو لە گەڵ ئەوەشدا، کەرەسـەی ناسـین و ناسـاندنی تـاک و کۆیە، سـەرەڕای ئەمە ڕەنگدانەوەی کلتـور و بەهاکـانی کۆمەڵ وهۆکـاری مانەوەی ئەم کلتورو بەهایانەشـە) (کریسـتین نۆردنسـتام:٢٠٠٩: ٨). بەهـۆی زمانەوە دەتوانین، کلتوریی میللەتەکەمان درێژە پێبدەین و بیپارێزین، نـاوی یاری ودیاردە فۆلکلۆرییەکان تۆماربکەین، لە هەندێ بواری نوێدا، دووبـارە بەکاریان بهێنینەوە.

گۆڕانی سەردەم، لە دۆخێکی لاساییکردنەوە، بۆ دۆخێکی کارەکیی، بەو مانایە نایەت کە کلتور سیستەمێکی داخراوە، بەڵکولە ویۆە دێت، کە کلتوور دەزگایەکە بۆ بونیادنانی مانا، هەوڵ دەدات بەهۆی دووبارە داڕشتنەوەی چەمکەکانەوە، لە ڕێگەی ئەزموون و لە بەر ڕۆشنایی دەستکەوتە هەنووکەییەکانەوە بە شێوەیەکی نوێ، مرۆڤی بە میرات بۆ ماوە بگۆڕێت ((هێماو میتافۆرو پەندەکان پەیوەندییان بە کلتوور و مێژووی کۆمەڵگاوەیە و زۆربەی کاتەکان وەرناگێڕدرین))، (حسێن یەعقوبی:٢٠٠٧:٦٢)، وەرگێڕانیان کارێکی ئاسان نییە، دۆزینەوەی هاوواتا بۆ ئیدیۆمێکی وەک:(ئاگری بن کایە)، بۆ زمانێکی دیکە، ئاسان نییە.

تەنیا بەگەڕانەوە بۆ مێژووی زمان، دەتوانین لێکدانەوە، بۆ هەندێک دیاردەی زمانیی بکەین:وەک ئەوەی، بۆچی لە وشەی (Wright) لە زمانی ئینگلیزیدا، پیتی (W) دەنووسرێت، بەڵام ناخوێندرێتەوە. هەروەها، بەهۆی مێژووەوە دەتوانین، لە بارودۆخی هەندێک فەرمان و یاسای ناپێوانەیی ((اللاقیاسی)) Irreguliere)، کە لە زماندا هەیە تێبگەین چەند هێزێک، کاریگەرییان لەسەر گۆڕانی زمان هەیە، وەک: گۆڕان لەدەنگ وشێوەی مۆرفۆلۆجی و پێکهاتەی سینتاکسی، هەروەها هۆکاری دەروونی و وەرگرتنی وشە لە زار یان زمانانی ترەوە(Crystal:١٩٩٧:١٦). فێردینان برونوت (FerdinandBrunot) دوو جۆرە مێژووی زمان جیادەکاتەوە، دەرەکی وناوەکی. مێژووی زمانی دەرەکی، وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، هۆکاری پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ڕۆشنبیری و گواستنەوەی کۆزانین( المعرفه)، لە زمان دەڕوانێت. مێژووی زمانی ناوەکی، گرینگی بەو گۆڕان وپەرەسەندنانە دەدات، کە پەیوەندی دارە بە زمان خۆیەوە، لە ڕووی بونیات و پێکهاتە دەنگی ومۆرفۆلۆجی و وشەیی وفەرهەنگییەکانەوە(عبد القادر المهیری ٢٠٠٧:: ١٤٨ ).

گۆڕانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، دەبێتە هۆی گۆڕان لە چەمک و وشەکانی زمان، بۆیە زمان بە بەردەوامی، پێویستی بە وشە و زاراوەی نوێ دەبێت، (هەر کەسێک زمانی کوردی بزانێت، بێ ئەوەی ئەرکێکی ئەوتۆ

بکێشێ، دەتوانێ چەندین وشـەی نوێی وەهـا نـاو بێنێ کە لەم سـەردەمەی ئـێمەدا پەیـدابوون. لەم قۆنـاغەدا، کە ژیـانی ڕونـاکبیری و زانسـتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسـی میللەتی کوردی لە برەو دایە و تێکڕای جیهان لە پێشکەوتندایە، بێگومـان زمـان پێویسـتی بە وشـەی نوێ دەبێ و ڕۆژ بە ڕۆژ، وشەی نوێ پەیدا دەبێت) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٦: ٤).

(( وەک ئەو گـۆڕانە بەرچـاوەی، کە لەم سـەردەمەی ئێسـتادا بەسـەر زمـانی کوردیـدا هـاتووە، هەنـدێک لە وشـە نوێیەکـان، کـوردی پـەتین و ڕەسـەنن، هەنـدێکی تریـان وەرگیـراون یـان جیهـانین، لەبەرئەوەی واتـا لە زمانـدا بێ سـنوورە و هەمیشـە لە زۆربـوونیش دایە. لە بـواری ئەنـدازەی کارەباییدا ، پتر لە چوار ملیۆن چەمک هەیە، کەچی گەورەترین، فەرهەنگی هەر زمانێک لە شەش هەزار دەروازە تێپەڕ ناکات)).( علی القاسمی:١٩٨٥: ١).

ــ بەشـێکی تـر، ئەو وشـانەن، کە واتاکانیـان گـۆڕاوە، یـان بەڕێبـازی فرەواتادا، چەند واتایەک دەگەیەنن، وەک:

**{گۆڕانی واتا}**

**((چاوی مرۆڤ)) : (( شەڕی دوژمن)) ـ ( سەرچاوە)**

**↓ ↓**

**((چاوی کانی )) : (( شەڕی ژیان)) ـ (ئامانج)**

**↓ ↓**

**((چاوی کامێرا)) : ((شەڕی زمان)) ـ ((میتافۆر))**

**ـ بە هـەمان شـێوە، ئـەم دەسـتەواژانەی خـوارەوە، دوچـاری گـۆڕانی واتایی بوونەتەوە:**

**(( چەتری باران)) : (( نەزیفی خوێن )) ـ ( سەرچاوە)**

**↓ ↓**

**(( چەتری سیاسی )) : ((نەزیفی گەندەڵی)) ـ (ئامانج)**

**هەروەها، ئەم مێتافۆرانەی خوارەوە، بە هەمان ڕێگا دروستبوون:**
**{چاوەی دەرگا، دەفری ئاو خواردنەوە، دەفری بیرکردنەوە، یاری کردن بە عەقڵی خەڵک، قسەی بێ ناوک...هتد}.**

مانەوەی مێتافۆر، پەیوەستە بەو کاریگەرییە ناوەکییەی کە لە نەستی قسەکەرانی ئەو زمانەدا ڕەگی داکوتاوە، دیاردەی مێتافۆر، لە ناو کۆمەڵگادا، سەرهەڵدەدا و ئەندامانی کۆمەڵگاش، بە کاریدەهێنن، دوای ئەوەی، کە ئاخێوەری کورد، ئاشنایەتی لەگەڵ **{تیشکی لێزەر}**دا پەیداکردووە، مێتافۆرێکی وەک **{چاو لێزەر}**، کەوتۆتە ناو زمانەکەوە، پێشتر ئەم مێتافۆرە لەناو کورددا نەبووە، کەواتە هۆکارێکی سەرهەڵدانی مێتافۆر، پەیوەستە بە هزر و دیاردەی نوێوە، مرۆڤ ئارەزوو دەکات دیاردە بەرجەستەکانی دەوروپشتی، بە دیاردەی واتایی بچوێنێت و جۆرە لێکچواندنێک لەنێوانیاندا دروست بکات.

أ ـ **{ تیشکی لێزەر}** ⟵ ب ـ**{ چاو لێزەر}**.

< لێزەر >، لە بنەڕەتدا، جۆرە تیشکێکە، بەهۆی کردەی مێتافۆرەوە بۆ (چاو)، گوێزراوەتەوە.

مەبەستیش لە (چاولێزەر)، ئەوە نییە، کە چاوێکی تیژی هەیە، بە واتای بنەڕەتی، بەڵکو مەبەست لە کەسێکی چاوپیسە.

ـ بەهەمان شێوە، دوای ئەوەی خەڵکی کوردستان ڕێکخراوی تیرۆرستی **(داعش)** یان ناسی، خەریکە ئەم وشەیە دەکەوێتە ناو زمانەوە و وەک مێتافۆرێک بەرانبەر بە کەسی خراپ بەکاردێت، یان بە شێوازی تەنز ئامێز وتوانج تێگرتن و گاڵتەجاڕی، قسەکەران ئەم وشە عەرەبییە بە یەکدی دەڵێن.

أ ــ ( داعش): { دولة إسلامية فی العراق و الشام}.

ب ـــ (داعش):{ مرۆڤی خراپ و تێکدەر و توندڕەو}.

هەروەها، لە سەردەمێکدا، کە ئاگردان، بۆ چێشت لێنان، بەکارهاتووە چەند درکەیەکی وەک: **(ئاگردانیان گەرمە)**،( **دوکەڵ لەماڵیان هەڵناستێ)**، **(ئاگردانیان کوێر بۆوە)**،**(ئاگری ئاگردانیان کوژایەوە)**، **(تاوی مەیدان و**

**قسەی بەر ئاگردان یەک نییە**)،**(وەجاغ کوێر)**. کەوتۆتە ناو زمانەوە، کە ئێستا شێوازەکەی گۆڕاوە، لەبەرئەوەی ئەو ئامێرانەی کە بۆ چێشتلێنان بەکاردێن، لەم سەردەمەی ئێستادا، گۆڕانیان بەسەرداهاتووە.

**أ ـ {ئاگردانیان گەرمە}**: بە واتای بنەڕەتی، ئاگردانیان هەیە و چێشت لەو ماڵەدا لێدەنرێت.

**ب ـــ {ئاگردانیـان گەرمە}**: هەبوونن، ماڵێکی بە میوانن، خاوەن ماڵ ماوە.

بەپێچەوانەوە، (ئاگردانیان کوێربۆتەوە)، بە واتای گەورەی ماڵەکە، یان بنەماڵەکە نەماوە.

- **{ دوکەڵ لە ماڵیان هەڵناستێ}**:

أـ لەو ماڵەدا دوکەڵ نابیندرێت، بە هەر هۆکارێک بێت. (واتای بنەڕەتی).

ب ـ ڕژدن(قرچۆکن)، هەژارن. ـــ ( میتافۆر).

ـ هەروەها، لە وشەی (ئاگر)یشەوە، چەندین، میتافۆر کەوتوونەتە ناو زمانەوە، وەک: (**ئاگری بن کایە، دەڵێی ئاگرە، ئاو و ئاگرن بەیەکەوە، ئاگری گەرمە، ئاگری ژێر پۆڵوان بە تینە، ئاگری لەسەر پشتی کردەوە، ئاگری بەردایە ژیانی، ئاگر بە ئاوی پیسیش دەکوژێتەوە، ئاگر بەربوو، لە ماڵم، ئاگر لە ماڵیان ناکرێتەوە، ئاگر بێ دوکەڵ نابێت، ئاگری تێ بەربووە، تەنیا خەرمان ئاگر تێبەردان دەزانێت، ئاگر لە ماڵی بەربێت، بۆن سۆی لێ نایەت، درۆزن ئاگر لە ماڵی بەربێت، کەس بڕوای پێ ناکات، سەرما ئاگر نازانێت، کوچک لە ئاگر گەرم تر نییە، نەبوونی کراسێکی ئاگرە ...هتد).**

ـ ئەگەر بڕوانینە، هەریەک لەو میتافۆرانەوە، کە بەهۆی دیاردەی (**ئاگر**)، وەک بواری سەرچاوە، بۆ دەربڕینە میتافۆرییەکان دروست بوون، جۆرە درکپێکردنێکی مرۆڤی کورد، لەنێوان بواری سەرچاوە، کە (ئاگر)ە، بواری ئامانج، کە دەربڕینە میتافۆرییەکانن، هەست پێ دەکەین،

مرۆڤ لە ڕێی ئەزمونەوە، بۆی دەرکەوتووە، کە ئاگر گەرمە و سوتێنەرە، هەروەها بەهۆی ئاگرەوە دەتوانێت، چێشت لێبنێت و خواردن

دروست بکات و خۆی گەرم بکاتەوە، ...هتد. بۆیە واتای (**+ هەبوونی)، (+گەرم وگوڕی)، (+چالاکی)، (+بەجەرگی)**، ...هتد. لە ئاگر بارکردووە.

لە کاتێکدا، (ئاش بۆ هاڕینی باراش بەکارهاتووە، میتافۆری (**ئاشی نەزان**)، (**ئاشی ئاولێبڕاو**)، (**ئاش و بۆش**)، (**ئاش بە تاڵ**)، (**ئاشە کۆن**)، (**کاولە ئاش**)، (**دەڵێی ئاشە**)، (**ماڵەکەم کاولە ئاشی خۆتە**) ...هتد، کە تۆتە ناو زمانەوە.

ـ پڕۆسەی بە چەمککردنی چەمکی بوارێک و بیرکردنەوە بەهۆی چەمکێکی دیکەوە، پڕۆسەیەکی سیستماتیکییانەیە، بە واتای ئەوەی میتافۆری چەمکیی پڕۆسەیەکی مەعریفییە، هەوڵی بونیادنانی کۆمەڵێک پەیوەندی سیستماتیکییە، لەنێوان دوو بواری چەمکیدا، لە ڕێگەی کردەی نەخشەکێشانەوە، ئەو مەعریفەیەی لە بواری (ئاش)دا هەیە، دەگوازرێتەوە، بۆ بواری (ژیان) و (گوزەران)، ...هتد.

وەک شاعیری گەورەی کورد، حاجی قادری کۆیی، دەفەرموێت:

**(( بێ بستە فەلەک ئاشێکی وای ناوەتەوە**

**بۆ هاڕدنی ئێمە چ عەجایب دەگەڕێت))**

لە ڕێگای کردەی نەخشەکێشانەوە، ئەو مەعریفەیەی لە بواری ئاشدا هەیە، دەگوازرێتەوە بۆ بواری فەلەک و ژیان، لە ئەنجامدا، کۆمەڵێک سیمای چەمکی ((ئاش)) بەر ڕوناکی دەدرێن و هەندێک لە سیماکانیشی پەنهان دەکرێن، سیما بەر ڕوناکیدراوەکان بۆ ئاخاوتن بەکاردەهێندرێن، لە بارەی ڕەهەندە ئاشییەکانی ژیانەوە، واتە ئێمە بە شێوەیەکی سیستماتیکی لە بارەی ژیانەوە دەدوێین و ئەو وشە و دەربڕینە زمانییانەی بۆ ئاش بەکاریاندەهێنین، بۆ ژیانیش بەکاریان دەهێنین.

ـ لە ڕێگای چەمکی بەرجەستەی ئاشەوە، میتافۆری (**ژیان ئاشە**)مان دروست کردووە.

**أ ـ ئاشی نەزان**

**ب ـ کارو باری کەسی نەزان. (میتافۆر)**

**أ ـ ئاشی ئاو لێبڕاو**

**ب ـ شتێک یان بارێک، کە بێ سوود بووبێت. (میتافۆر)**

**أ ـ ئاش و بۆش**

**ب ـ شتی بێ ناوەڕۆک. (میتافۆر)**

لە سەردەمێکدا، سود لە کەوڵ و پێستە وەرگیراوە، میتافۆری (**کەوڵە کۆن**)، کە بەواتای (**کەسێکی پیری پەککەوتە**) دێت، لە زماندا سەری هەڵداوە.

**أ ـ کەوڵە کۆن**

**ب ـ مرۆڤی پیری پەککەوتە.**

**خاڵی(ب)، شیکردنەوەی میتافۆرەکانی خاڵی(أ)ە.**

زمانیش وەک هەر دیاردەیەکی تری سروشت لەگۆڕاندایە (گۆڕان یاساییێکی ئەزەلیی ئەم سروشتەیە، باری ئێستای هەر شتێ، جیایە لە هی هەرکات و سەردەمێکی تر. هیچ هێزێ نییە گۆڕین بوەستێنێ.گۆڕان دوو هۆی هەیە، ( **ناوەکی**) Internal و ( **دەرەکی**) External هۆی(**ناوەکی**) ئەوەیە، کە هێزێکی شاراوە هەیە، کار لە شت دەکات و دەیگۆڕێت، ئەم هێزە هەرگیز کۆنترۆڵ ناکرێت و ڕاناگیرێت.گۆڕین پێوەندی بە دینامیکییەتی ناوەوەی گەوهەری کەرەسەو سروشت خۆیەوە هەیە، هۆی ( دەرەکی) کە ژینگە دەگرێتەوە، ڕۆڵی بالا دەگێڕێت لە ئاڕاستەکردنی سروشتی گۆڕینەکە.ئەگەر سیستەمێک خرایە دوو ژینگەی جیاوازەوە پاش ماوەیێ دەگۆڕێ، لە هەر ژینگەییێک بە جۆرێ و لە ئەنجامدا دەبێ بە دوو سیستەمی جیاواز، هەریەکە بە گوێرەی بار و دۆخی ژینگە تایبەتییەکەی خۆی)، (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ٢١).

ئەگەر بەراوردێک، لە نێوان ئێستاو ڕابردووی زمانی کوردیدا، بکەین زۆر وشە و زاراوە دەبینین، کەوتوونەتە ناو زمانەوە، وەک:( **کۆمپیوتەر، داتاشۆ، سلاید، پاوەرپۆینت، وۆرد، داتا، هۆتمەیل، فەیس** بووک، **پەیج، پارالێل، پێرفێکت، ئەتۆم، کۆپی، جینۆساید، پۆزەتیف، نێگەتیڤ، داتاشۆ، مایک، کۆمێنت، سپەیس، لایک، تێلیگرام، ڤایبەر، سایت، ... هتد**).

ـ ژمارەیەک وشەی دیکە، چوونەتە خانەی وشەی ناچالاکەوە، وەک: **(مەشکە، سێگاسن، کوندەڵان، سێپا، دەستاڕ، تەشی، جاجم، سەرهەویرک، شەدە، هەیاسە، گاجووت، سەرانە، نان وسک، لۆرکە، نۆکەر، سەپان، هەیاسە، چۆچە، سەربسکە، بلبلە، کرمۆکە، تاس، کوپە، شەربە، جەنجەڕ....هتد** ). لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا، بەهۆی نەمانی دیاردەکانیان، بەرە و لەناوچوون دەڕۆن. بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە، جیاوازی زمانی قسەکردنە، لە نێوان نەوە یەک بە دوای یەکەکاندا، زمانی هەر نەوەیەک، کۆمەڵێک وشەو زاراوەی تازەی تێدەکەوێت، کە جیاوازە لە نەوەکانی پێش خۆی، لە هەمان کاتدا، لە فەرهەنگی کەسە بەساڵاچووەکاندا، هەندێ وشە و زاراوە هەن، کە نەوەی تازە پێگەیشتوو، بە کاری ناهێنن، یان هەندێ وشە بە واتایەکی تر لە واتابنچینەییەکەی خۆی بەکاردەهێنن.کەسە بەساڵاچووەکان، لە وەڵامی چاکوچۆنیدا، دەستەواژەی (خودا عەفوت بکات)، بەکاردەهێنن، بەڵام نەوەی تازە پێگەیشتوو، کەمتر بەکاری دەهێنن، یان هەر بەکاری ناهێنن. هەندێ وشەی وەرگیراو کەسە بەساڵاچووەکان بەکاری دەهێنن، بەڵام لە ئاخاوتنی ئەمڕۆدا، زۆر بەکەمی بەکاردێن:

بۆنموونە، وشەی (داسەکنێ)، لە (ساکین) ی عەرەبییەوە هاتووە، بە واتای (ئارامگرتن)، دوای ئەوەی، چەند گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی بەسەرداهاتووە و پێشگری (دا) ی کوردی بۆ وشە عەرەبییەکە زیادکراوە، لە هەندێک بەکارهێناندا، وشەکە بە تەواوی گۆڕانی بەسەرداهاتووە:

داسەکنێ | داکەسێ

وشەی (داکەسێ)، بەگۆڕانێکی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجیدا، تێپەڕیوە و ئەم شێوەیەی وەرگرتووە.

ـ بێجگە لە گۆڕانە دەنگسازییەکە، پێشگری(دا)ش، چۆتە پێشی وشەکە و بەهۆی ئەمەش بە ڕێگای موتروبەکردن، کە بریتییە، لە یەکگرتنی (پێشگر یان پاشگر)ێکی کوردی و وشەیەکی بیانی، یان وشەیەکی کوردی و وشەیەکی بیانی، وشەکە دروستبووە.

زمـان لە هەمووئاسـتەکاندا لەگۆڕانـدایە، واتـاش لەگەڵ گۆڕانکارییەکـانی بـواری ژیانـدا، پەرەدەسـەنێت وگـۆڕانی بە سـەردادێت دەشـێ پەرەسـەندنی واتا فراوانتر بێ و خێراتریش ڕووبدات، لە بەرئەوەی واتـا پەیوەسـتە بەو پەرەســــەندنانەی، کە لە بوارەکـــانی زانســـت و وێـــژە و هـــونەردا ڕوودەدەن.هەموو گۆڕانکارییەکی بیرو هۆشیش، دەبێتە هۆی گۆڕانی زمان و بە هـۆیەوە دیـاردە نوێکـان بـۆ نەوەکـانی تـر دەگـوازرێنەوە (غـازی مختار:٢٢٦:٢٠٠٠) .

هەنـدێ لێکـۆڵەر، جیـاوازی دەکەن، لە نێـوان گـۆڕانی واتـا، لە گەڵ ئەو گۆڕانـــانەی، کە لە ئاســـتەکانی تـــری زمانـــدا ڕوودەدات. (فنـــدرێس)، وای دەبینێت: (گۆڕان لە وشەدا، لە هەموو گۆڕانەکانی تر لەڕووی ژمـارەوە پـتر و ئاڵۆزترە، هۆکارەکان بۆ وشـە، پـتر یارمەتیدەرن و کاریگەرییـان زیـاترە، وەک: پەیوەنـدییە کـۆمەڵایەتی وپیشەسـازی و کلتـووری و زانسـتییەکان و چەنـد هۆکـارێکی تـریش، کە وادەکەن وشـەی نـوێ لە دایـک ببێـت و وشـە کۆنەکانیش لە نـاو بچـن یـان واتایـان بگـۆڕێت، وشـەکانی زمـان، لە بارێکدا جێگیـر نـابن، لەبەرئەوەی، شـوێنکەوتووی کـات و سـەردەمن، گەنجینـەی وشـەکانی زمـان زیـاد دەکـات، بەڵام لە هەمـان کاتـدا، کەمـیش دەکـات، لە زماندا چالاکییەکی بەردەوامی وەرگرتن ودەرچوونی وشە هەیە)، ( فندریس:١٩٥٠: ٢٤٦ – ٢٤٧) ئەمڕۆ ئەرکی هەرە گرینگـی زمـان، گەشـە سـەندن و چـوونەپێش وپێشـکەوتنێکی هـاوتەریبە لەگەڵ گەشەسـەندن وپێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیادا.

لە کۆتاییدا، ئەوەمان بـۆ ڕوون دەبێتەوە، کە گـۆڕانی ژیـانی کـۆمەڵایەتی لە بارێکەوە بۆ بارێکی دیکە، دەبێتە هۆی گۆڕانی چەمک و واتای وشـەکانی زمـان و هەنـدێکجاریش دروسـتبوونی میتـافۆر، ئەمەش بەمەبەسـتی گواسـتنەوەی واتـایی و ئـابووریکردن لە ئاسـتی واتـادا، لە بـابەتی سیاق و کۆتبەنـدا، زیـاتر باسـی بەزانـدنی ئەو کۆتـانە دەکەیـن، کە کۆمەڵگـا لە سـەر ئاخێوەرانی دادەنێت، بە مەبەستی دروستکردنی میتافۆر.

### ١١\٣ـ ١ـ٢) دۆخی گوێزانەوەی زمان

پەرەسەندنی شارستانیەتی، هۆکارێکی ترە بۆ گۆڕانی واتای وشەکان هەرکاتێک کۆمەڵگا لە بارێکی دواکەوتووییەوە، بۆ بارێکی پێشکەوتوو، بچێت، بۆ دەربڕینی واتا و چەمکی نوێ، پێویستی بە وشەی نوێ دەبێت، لە وشەی ( شوشتن)ەوە، ( شوشتنگە) داڕێژراوە، کە بە واتای ( غەسل) دێت، هەروەها لە چاوگەکانی (فێربوون)، (تۆمارکردن)، (پرسین)، خوێندن)، وشەکانی (فێرگە)، (تۆمارگە)، (پرسگە)، (خوێندنگە) دروستکراون. لەم بارەدا، هەندێ وشە، کە لە کۆندا بەکارهاتوون، دەگوازرێنەوە بۆ کاتی ئێستا، هەرچەندە ناوەڕۆکی واتاکان، گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، ئەمەش بەڕوونی لەو وشانە دەردەکەوێت کە لە چاخێکی مێژووییەوە بۆ چاخێکی دیکەی مێژوویی دەگوازرێنەوە. دەتوانین ئەم دۆخە بە نوێکردنەوەی ناوەڕۆک و واتای کۆن بۆ واتای نوێ دابنێین.

وشەی ship ((کەشتی))، کە لەسەردەمی ئەنجلۆ ساکسۆنییەوە، ئەو ناوەی بۆ دانراوە، لەگەڵ ئەوەدا، کەشتی ئێستا لە زۆر لایەنی وەک شێوە و پێکهاتە وتایبەتمەندییەوە لە کەشتی ئەوکاتە جیاوازە، بەڵام تاوەکو ئێستاش لە زمانی ئینگلیزیدا، وشەی ((ship))، بەکاردێت. پەرلەمانی ئەمڕۆ، لە ڕووی یاسا و تایبەتمەندییەکانییەوە، لەگەڵ پەرلەمانی سەدەی هەڤدەیەمدا جیاوازی هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستاش، ئەم بێژەیە بۆ واتاکە بەکاردەهێندرێت (محمودالسعران: ١٩٦٣: ١١٤).

هەندێ دیاردە، شێوە، یان ئەرکەکەی دەگۆڕێت، بە لام ناوەکەی دەمێنێتەوە( وشەی (( قطار، لە زمانی عەرەبیدا، بە کۆمەڵێک وشتر وتراوە، کە بەدوای یەکدا ڕۆیشتوون، دواتر بەپێی پێشکەوتنی هۆکارەکانی گواستنەوە، واتا بنجییەکەی، گۆڕاوە بۆ ئەو ئامێرەی، کە ئێستا بەکاردێت)، ( طالب محمد اسماعیل: ٢٠١٠: ٥٢ )، لە زمانی کوردیدا، کاریگەری واتا بنجییەکە ماوەتەوە:بۆ نموونە دەوترێت: ( **قەتارەی بەستووە**).

زۆر وشە هەن بە تێپەڕبوونی کات، واتای بنجییان گۆڕانی بەسەردادێت، واتای نوێ وەردەگرن و بەو واتایە نوێیە بڵاو دەبنەوە، بەهۆی زۆر

بەکارهێنانیانەوە، واتابنجییەکەیان لە یاد دەچێتەوە، هەندێ جاریش وشەکە، بە هەردوو واتاکە، لە زماندا دەمێنێتەوە وشەی (الذکاء)، بە واتای گڕی ئاگر هاتووە، دواتر گوێزراوەتەوە بۆ خێرایی لە تێگەیشتندا. گۆڕانی سروشتی ئەو شتەی، کە وشەکە ئاماژەی پێدەکات، دەبێتە هۆی گۆڕانی واتاکەی یان ڕەگەزەکانی، یان ئەرکەکەی، وەک گۆڕانی وشەی **(قوتابی)**، لە شاگردی حوجرەوە، بۆ ئەو واتایەی ئێستا، کە هەیەتی، لە زمانی کوردیدا.

- **قوتابی: شاگردی حوجرە.**
- **قوتابی: خوێندکاری سەرەتایی.**

هەرچەندە (**قوتابی**)، شێوازەکەی گۆڕاوە، بەڵام ناوەکەی بەکاردەهێندرێت.

هەندێک جار، گۆڕان بەسەر بیرو بۆچوونیشماندا دێت، بەرانبەر بە چەمک و واتای وشەیەک( زانا کۆنەکان، وای بۆ دەچوون، کە**{ گەردیلە}**، بچووکترین بەشی مادەیە. لە یۆنانی کۆندا، پێی دەوترا **(ئەتۆم)** ، واتە: ئەو پارچەیەی کە بۆ شتی بچووکتر دابەش ناکرێت، بەڵام زانستی نوێ دەریخستووە، کە بەشی بچووکتر لە گەردیلە، وەک: ئەلیکترۆن ونیوترۆن وپرۆتۆن هەیە. شەراب: لەپێش ئیسلامدا، نیشانەی کەرەم و میوانداری بووە، بەڵام دوای هاتنی ئیسلام، بۆتە دیاردەیەکی حەرام وڕێگە پێنەدراو. (سالم الخماش ـ www.angelfire.com) .

سۆفستاییەکان، ڕێبازێکی فەلسەفی سەردەمی ئەرستۆ بوو، بە بۆچوونی لایەنگرانی، لەوکاتەدا جۆرێک لە پێشکەوتوویی هزریی بووە، بەڵام دواتر بە هۆی بێهێزبوون و کەوتنی ڕێبازەکە، ئەم زاراوەیە لە ڕەوتی پێشکەوتنیدا، ڕێرەوێکی تری وەرگرتووە، بۆ وەسفکردنی کەسێک بەکاردێت، کە بۆچوونەکانی نەزۆک و بیرەکانی بێ بەرهەم بێت، زاراوەکە لە بواری لۆجیکی خۆشەویستییەوە چۆتە بوارێک کە پێچەوانەیەتی، بۆکەسێک کە لۆجیکی نا خۆشەویستی هەبێت. لە زمانی ئینگلیزیدا، {Sophiticated}، بەکاردێت بۆ دەربڕین لە کەسێک کە ئاڵۆزو داواکەر بێت (متكلف)، لە زمانی ئەڵمانیدا، {Sophestere} بۆهەڵەبەکاردێت، لە زمانی فەرەنسیدا، بۆ دەلالەت لە خەوش و درۆ و بەتاڵی بەکاردێت، لە

زمانی ئیسپانیشدا، {Sofesteria}دەلالەت لەهەڵە بازی و درۆزنی دەكات. هەروەها ئەم زاراوەیە، لە زمانی فارسیدا، بۆ واتای نكۆڵی ڕاستی و بەدیهیەت بەكاردێت. (سمیر شریف: ٢٠٠: ٣٧٩). لەم ڕێبازەدا، هەندێ وشە بۆ واتا كۆنەكەیان بە كاردێن، هەرچەندە لە كاتی ئێستادا گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، بەڵام هەندێكجار بەهۆی گۆڕانی بیروبۆچوونەكانمان بەرانبەر دیاردەیەك وشەكە بۆئەو ناوەرۆكە بەكاردێت، كە ئەمڕۆ باوەڕمان پێی هەیە.

بە بۆچوونی ئێمە، دەتوانین سوود لەم ڕێگایە بۆ دەوڵەمەند كردنی فەرهەنگەكەمان وەربگرین، لەبەرئەوەی زمانی كوردی خاوەنی فەرهەنگێكی بە پیت و فراوانی ئەو وشانەیە كە دیاردەكانیان لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا بەسەرچوون یان شێوازەكانیان گۆڕاوە، دەتوانین جارێكی تر ئەم وشانە بە واتاو ناوەرۆكە تازەكانیانەوە بەكاربهێنینەوە.

## ٣-١-٣\١) هۆكاری زانستی و داهێنان

ئەمەش، هۆكارێكی گرینگی گۆڕانی واتایە، بنەمایەكیشە بۆ دروستبوونی واتای نوێ و زاراوە لە زماندا، كە بەهۆی ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەی چەمك و داهێنانە زانستییەكانەوە، دروست دەبێت. داهێنانی چەمك و واتاكان، پێویستی بە زاراوەی نوێ دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش، هەندێ لە وشەكان، بەواتایەكی دی، لەو واتا بنجییەی، كە هەیانە بەكاردەهێندرێن، لە ئاكامدا فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەكەن.

زاراوە كۆمەڵێك واتا و دەلالەت لە خۆی دەگرێت، (زاراوە بەرهەمی هزرە، پوختەی زانستەكانن، لە گەڵ پێشكەوتنی مرۆڤ و بیرو مەعریفەی ژیاریدا، ئەویش دەگۆڕێت و پێش دەكەوێت),(نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد: ٢٠١١: ٣٧). بە هۆكاری زانستی و داهێنان، وشەی فەرهەنگی بە ڕێڕەوی گۆڕانی واتایی وبەكارهێنانی تردا دەڕۆن، بۆ ئەوەی ببن بە زاراوە.

**(پشكنین):**

**واتای فەرهەنگی : ((١_ گەڕان ، ٢_ هەڵوەشاندنی خوری و لۆكە))، (هەژار موكریانی: ١١٠:١٣٦)**

**زاراوە : پشکنین: { پشکنینی DNA }، { پشکنینی پزیشکی }**

## ٣\١-١-٤) پێویستی ناولێنان

زمان هۆیەکە بۆ پەیوەندی و بەهۆی هێماوە کاردەکات و ئاماژە بە شتەکانی دەوروبەر دەکات. هەموو کات، لە ململانێ و پارێزگاری مانەوە دایە، بۆ ئەوەی ناو لە دیاردە تازەکان بنێت، پەنا بۆ چەند ڕێگایەکی وەک: داڕشتن ولێکدان وداتاشین وخواستن و... هتد، دەبات.

هەندێک جار، بەهرەمەندانی بواری ئەدەبی و زمانەوانی وکۆڕە زانستی و زانیارییەکان، وشەی نوێ دادەنێن، یان دەدۆزنەوە، بۆ دەربڕینی بیرو چەمکی تازە، لە سەرەتادا، زاراوەیە، دواتر شوێنی خۆی لە زمانەکەدا دەکاتەوە، بۆی هەیە بە تێپەربوونی کات، وەک وشەیەکی ئاسایی لە زمانەکەدا، بەکاربێت.

ئەمەش لە چەند بوارێکدا دەبێت، وەک: ڕێزمان و زاراوەکانی زانست و هونەر....

**<< ڕەگ >> :**

**واتای فەرهەنگی : ( ڕەگ) :ڕەگی ڕووەک**

**زاراوە : ( ڕەگ) : ڕەگی دووجا (بیرکاری)**

**||**

**ڕەگی چاوگ**

---

**<< قەد >> :**

**واتای فەرهەنگی: ( قەد): قەدی ڕووەک**

**زاراوە: ( قەد): قەدی کار**

---

**<< کارا >> :**

**واتای فەرهەنگی : (کارا) : کەسێکی چالاک**

**زاراوە : (کارا): فاعل**

---

**<<پەنجەرە >>**

**واتای فەرهەنگی : پەنجەرەی خانوو**

**زاراوە : پەنجەرەی دڵ**

ـ زمانی کوردیش، وەک زمانەکانی تر، بۆ ناونانی بەشە زانستییەکان، سوودی لەم ڕێگایە وەرگرتووە، بە بۆچوونی ئێمە، ئەمە ڕێگایەکی گرینگە، بۆ دەوڵەمەندکردنی ئاستی واتا، لەبەر ئەوەی دۆزینەوەی وشە، بۆ هەمووچەمکێکی زانستی، کارێکی ئاسان نییە و لەوانەیە تەگەرە بخاتە بەردەم زاراوەسازانی بواری زاراوە تەکنیکی و زانستییەکان.

ناولێنان لە بوارە زانستییەکاندا، پێویستی بە کەسانی پسپۆری ئەو بوارە هەیە، لە ئاخاوتنی ئاساییدا، هەندێ جار پەنا دەبردرێتە بەر بەشەکانی لەش بۆ ناولێنان، ئەمەش ڕێگایەکە بۆ دروستبوونی درکە و مێتافۆر و دواجار دەوڵەمەند بوونی زمان لە چەمک و واتای نوێدا، بەهۆی لێکچوون لە نێوان واتای بنەڕەتی و واتا خوازراوەکە.

**مل : ملی شوشە**

**پشت: پشتی قەڵاکە**

**سنگ : سنگی داکوتان**

**دەست: دەسکی ئاونەکە (چاو: چاوی کامیڕا، دەم : دەمی ئاوەکە، ددان : ددانی شمشێر، جەرگ : ناوجەرگەی شار، گوێ : گوێچەم، لووت : لووتکەی چیاکە، زمان : زمانی پێڵاوەکە).**

## ٣\١١ـ ١ـ٥) پڕوپاگەندە

پڕوپاگەندەی ڕامیاری و ئابوری هۆکارێکی گرینگی لە دایکبوونی ئەو وشانەن، کە واتای نوێیان هەیە.بازرگانەکان، بۆ بە برەو خستنی کاڵاکانیان، وشە و دەستەواژەی نوێ دادەهێنن، وەک: {**دەشتی بەهەشت، شاری خەونەکان، شاری سەیران**}. دەستەواژەکان، بە شێوەیەکی دیکە گوتراون، کە واتای فەرهەنگیی نین، بۆ نموونە: {**دەشتی بەهەشت**}، لە دونیای ڕاستەقینەدا نییە، بەڵام وەک  مێتافۆر بەکاردێت.

**{شاری خەونەکان}** بە واتای ڕاستەوخۆ، شار بۆ خەون نییە، بەڵکو بۆ نیشتەجێبوونە، بۆ نموونە، ئەگەر سەیری ئەم دوو دەربڕینەی خوارەوە بکەین، ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت:

**{شاری هەولێر}** : دەربڕینی ئاسایی

**{شاری خەونەکان}** : میتافۆر

زۆربەی دەربڕینەکان، میتافۆرن، ئەمەش بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشانی بەرانبەر، هەندێ جار بە ڕستە واتای نوێ دەردەبڕن: ( **ژیان لێرەوە دەست پێدەکات، برنجی مەحمود ژیانتان پێ دەبەخشێت، .... هتد).**

هەروەها، دوکاندار هەندێکجار بەمەبەستی بازاڕپەیداکردن، ناوی تازە لە سەوزە و میوەکانی دەنێت: { **ناسکە چەمیلە، خەیاری گوڵ بەدەم، بەشەرتی خوێن**، ...هتد.}

کەسانی ڕامیاریش، بەمەبەستی پڕ و پاگەندە و برە و پەیداکردن، هەندێ دەستەواژەی نوێی میتافۆریی بەکاردەهێنن: {**وڵات سەوزدەکەینەوە، واتە: ئاوەدانی دەکەینەوە، کەرکوک دڵی کوردستانە، یەکێتی ئایندەیە، دەیگۆڕین** }.

هەرچەندە، ئەم ڕێگایە زۆر چالاک نییە، بەڵام هۆکارێکە بۆ گۆڕانی واتا و دروستبوونی میتافۆر لە زماندا، دواجار وشە یان دەستەواژە نوێیەکە دەکەوێتە ناو زمان و فەرهەنگی زمانەکە دەوڵەمەند دەکات.

## ٣\١١ـ ١ـ ٦) هۆکاری دەروونی( تابۆ)

ئەمەش دوو هۆکاری گرینگ دەگرێتەوە، کە بریتیین لە: دۆخی قسەکەر لە کاتی ئاخاوتندا و چۆنیەتی فێربوونی زمان لای منداڵ. زۆربەی کردەکانی گەیاندنی زمانیی، کە قسەکەری زمان بەکاریدەهێنێت، پەیوەندی بە بارودۆخی دەروونی ئەو کەسەوە هەیە، بۆ نموونە: ڕۆژنامەنووس، ئەگەر هات و بە پەلەبوو، هەوڵدەدات ئەو وشە و دەستەواژانە دەرببڕێت، کەپێویستییەکانی جێبەجێ دەکەن، بۆیە لەوانەیە، هەندێک لادان لە ڕێزمان و دەستوورەکانی زماندا بکات بەمەش گۆڕانێک لە زماندا دێتەکایەوە، کە هەندێکجار بە داهێنانی زمانیی دادەندرێت و جۆرێکە لە پەرەسەندن. دواتر

بـۆی هەیە وشــە داهێنـراوەکە، بـڵاو ببێـتەوە، واتـا و چەمـکەکەی لەلایەن کەسانی ترەوە پەسـەندبکرێت و بەکاربهێندرێت، لەم بارەدا، ئەگەر وشـەکە دوچــاری ڕەخــنەش ببێــتەوە، دەتــوانێ خــۆی بچەســپێنێت، لەبەرئەوەی ئاخێوەران پەسەندییانکردووە (محمدشندول: ٢٠١٢:١٨).

جــۆری دووەم: منـــداڵ، وشـــە و دەســـتەواژەکانی لە دەوروبەرەوە وەردەگرێت، لە قوتابخانەشدا فێری ڕێزمـانی نموونەیی زمـانەکەی دەبێت، بەم جـۆرە، چەنـد یاسـایەکی نمـوونەیی لە هزریـدا جێگیـر دەبێـت، بەڵام لەتوانای هیچ کەسێکدا نییە، کە هەموو یاسا نموونەییەکانی زمـانەکەی لە ئاخاوتندا جێبەجێ بکات، تەنانەت ئەگەر بشیانزانێت جگە لەمەش ئەو یاسـا نموونەییانە، کە ئـاخێوەر وەریـان دەگرێت بە تەنیا پێویستییەکانی زمانیـان پێ دەستەبەر ناکرێت، بۆیە بە ناچاری لاسـایی چەنـد دیاردەیەکی بـڵاو و گشـتی دەکـاتەوە وشــە و دەربڕینەکـان کـار لە دە ڕوون و هـزری مـرۆڤ دەکەن، زمــان بە ڕێککەوتــن لە گەڵ کۆمەڵــدا هەنــدێ وشـــە و زاراوە لە بەکــارهێنەرانی قەدەغە دەکــات، لەبەر ئەو واتــا نەشــیاوەی، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دە ڕوونییەوە هەیانە. لە زانستی زمانی نوێدا، ئەم وشـانە بە (تــابۆ– Taboo)، ناســراون. کە بـۆ (ئاخــاوتن یــان ڕسـتەی قەدەغەکـراو، بەکاردێت)، (محمد علی الخولی: ١٩٨٢: ٢٨٢).

واتای وشە، بە هۆکاری دە ڕوونی، گۆڕانی بەسـەردادێ. ئاخێوەر، بە شــێوەیەکی تــر، ئەو وشـــە و دەســـتەواژانە بە کاردەهێنێــت، کە کـــار لە دەروونیگــویگر دەکەن، یــان لە ڕووی کــۆمەڵاییە تیــیەوە، پەســـەند نــین هەروەهـــا، تـــابۆ، دەچێـــتە چوارچێـــوەی میتـــافۆڕو واتـــای ئیحـــایی و ناڕاســـــتەوخۆوە، هەنـــــدێکجار ئـــــاخێوەر، بــــۆ ئەوەی، کــــــاریگەری دەروونیئاخاوتنێک، لەسەر گوێگر کەمبکاتەوە، بە شـێوازێکی ناڕاسـتەوخۆ، ئاخـاوتنەکەی دەردەبڕێـت. بـۆ نمـوونە: دەکـرێ هەمـان مەبەسـت، بە دوو شێوازی جیاواز دەرببڕین. کاتێک قسەکەر، دەیەوێت ئاخاوتن لەگەڵ گوێگر بکات، کە هەڵەی کردووە، یان بە باشی کارەکانی ئەنجام نادات:

شــێوازی یەکــەم: **{تــۆ، نازانیــت هــیچ کارێــک بکەیــت، هەمیشـــە لە ئەنجامدانی کارەکانتدا، هەڵە دەکەیت}.**

شێوازی دووەم: {**بڕوانە بەڕێز، ئەگەر کارەکانت بە شێوازێکی تر بکەیت، ئەنجامەکەی باشتر دەبێت**}.

هەردوو شێوازەکە، باس لەو هەڵانە دەکەن، کە کەسێک لە کارەکانیدا دەیکات، شێوازی یەکەم، بە ڕاستەوخۆیی دەربڕاوە و دووەم نا ڕاستەوخۆیە، کە بۆی هەیە ئەنجامێکی باشتری هەبێت.

زمان، ئامێرێکی گرینگی دامەزراندنی پەیوەندی نێوان تاکەکانە.کە ئەمەش نموونەیەکی بەرچاوی ئەرکی کۆمەڵایەتی(social function) ی زمانە، وشە تابۆکان پەیوەندییان بە ڕۆشنبیری وکۆمەڵگا وکەلـچەر و جۆری بیرکردنەوە و لایەنی پەروەردەییەوە هەیە، بۆیە تابۆ، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە و دەگۆڕێت هەندێ وشە لە کۆمەڵگایەکدا بە تابۆ دادەندرێت، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی دیکەدا بەدیاردەیەکی ئاسایی دادەندرێت. هەروەها، بەکارهێنانی تابۆ، پەیوەندی بە بابەت و بۆنەی ئاخاوتنەوە هەیە، بۆ نموونە: پزیشکێکی بواری ئافرەتان، بۆی هەیە باسی هەندێ بابەت بکات، کە بۆ کەسانی دی بە تابۆ دادەندرێت.

تابۆ، هۆکارێکە بۆ دروستبوونی میتافۆر، بۆنموونە: قسەکەری زمان، بۆ ئەوەی ئەو کۆتانە نەبەزێنێت، کە کۆمەڵگا لە سەر تاکەکان دایدەنێت، بەجۆرێکی دی و بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ وشە و دەستەواژەکان دەردەبڕێت، ئەمەش لەگەڵ میتافۆردا یەکدەگرێتەوە.

وشەی قەدەغەکراو (تابۆ)، لە چەند بوارێکدا، بەکاردێت، وەک:

## ٣\١١ـ ١ـ ٦ـ١) تابۆی سێکسی

لەم بوارەدا، لەبەرئەوەی وشە بنەڕەتییەکان، پەیوەستن، بە ئەندامانی زاوزێ و لایەنی سێکسییەوە، وشەی دیکەیان بۆ بەکاردێت، دەشێ، لە بواری میللیدا، وشە بنجییەکە، بەکاربێت.

وشەی (**سینگ**)، لە بری (**مەمک**)، بەکاردێت .

دەستەواژەی (**دووگیانی**) یان (حامل)، لە جیاتی سکپڕیی بە کاردێت.

دەستەواژەی (لە دایکبوون)، لەبری (**زان**)، بە کاردێت.

**{چۆتە ڕێی خۆی} _ { شووی کردووە }.**

**{دڵیــان بەیە کەوەیە} _ {حەز لەیەکـدی دەکەن }، {دەســتیان تــێکەڵ کردووە}، { دڵی تەڕە }، {چاو لەدەرە}، ...هتد.**

## ١١\٣ـ١ـ ٦ـ ٢) تابۆی ئایینی و کۆمەڵایەتی

ئەو وشانەن، کە ئاین ڕێگەی پێ نەداون، قورئانی پیرۆز، ئەو فرمـان و وشـانەی، کەلایەنـی ڕەگەز و سـێکس دەگەیەنـن، بە جـۆرێکی دیکـە دەری بڕیـون، وەک: (النکـاح)، (البـأس) (الحـرث)، (الملامســة)، (المباشـرة)، خـودای گەورە دەفەرموێت : [ نساؤکم حرث لکم ] (البقرة:٢٢٣)، [ أولا مستم النساء ](النسـاء: ٢٣)، [ولا تباشـرهن وأنـتم عـاکفون فـی المسـاجد ] (البقـرة:١٨٣). هەندێ وشە، بە هۆی ڕێزگرتن لە بەها ئاینی و مرۆڤایەتییەکانـەوە، لە بـۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشێوازێکی دی دەردەبڕدرێن:

**{ نابینا} ـ { کوێر}**

**{ ناڕاست} ـ { درۆ }**

**{ خاوەن پێداویستی تایبەت} ـ {کەم ئەندام }**

**{ چۆتە جێی خۆی } ـ {مردوو }**

**قسەکەر: چەند منداڵت هەیە ؟**

**گوێگر: چوار خزمەتکار ( چوار منداڵ )**

## ١١\٣ــ١ـ ٦ـ٣) تابۆی ترس

ئەو وشانەن، کە لەبەر تـرس لە چـاو و زار یـان نەخۆشـی، یـان هێزێکـی بەرجەسـتە، یـان مەعـنەوی بە شـێوازێکی دیکـە دەوتـرێن, ئەمەش گـۆڕانی واتـایە بەهۆکـاری دەروونـی، کە دوچـاری ئەو وشــانەی واتـای تـرس و ناخۆشی و ئازار دەگەیەنن دەبێتەوە. بۆیە وشـە سـەرەکییەکە ناوترێت و وشـەی دیکـە بەکاردەهێنـدرێت، کە واتـای گەشـبینی و بەرز ڕوانـین بـدات. وەک: بەکارهێنـانی دەسـتەواژەی (**کـۆچکردن**) لە بـری (**مـردن**)، بـۆ ئەوەی کەمێک لە گرانی بارەکە کەمبکاتەوە، **چاو ساغ**: **کەسێکی شارەزا**. **دەردەکە: بۆ شێرپەنجە**. هەروەها، لە کوردەواریدا بە (جنۆکە) دەوترێت: (لەمەچێتر)، دەستیان لێ وەشاندووە.

**{جنۆکە}** ←—— **تابۆی ترس**

↓

**{لەمەچێتر}**

واتە: هەندێک تابۆ، بە پێچەوانەی واتای خۆیان بەکاردێن وەک:

بەکارهێنانی وشەی (سالم)، بۆ کەسێکی نەخۆش، ( عەنتەر): بۆ کەسێک کە هەست بە بێهێزی خۆی بکات.

**سالم**

↓

**کەسێکی نەخۆش**

ـ بە پێچەوانەی ئەم دۆخەوە، هەندێکجار ئاخێوەران لەبەر ترس لە چاو و زار یان هۆکاری دیکە، ناوێکی ناخۆش یان ناپەسەند، بۆ شتێکی جوان یان باش دادەنێن، وەک ناونانی منداڵێکی جوان، بە ناوی دیاردەیەکی ترسناک، یان ناپەسەند لە ڕوویکۆمەڵایەتییەوە. لە مێژووی ناولێناندا، ئەو بارە هەیە، کە دایکان وباوکان، ناوی ناشیرینیان لە منداڵەکانیان ناوە. بە مەبەستی پاراستن لە چاو و زار یان جادوو بۆ ئەوەی لە چەپۆکی (شەوە)، ڕزگاری بکەن، لە کۆمەڵگای کوردەواریشدا، ئەم نەریتە هەبووە، وەک: (گەڕە، شمشێر، شینە، ڕەشۆ، بۆزێ، بۆرە، .... هتد)، (مەحمود زامدا: ٢٠١١: ٢٠).

## ٣\١ ـ ١ـ ٦ـ٤) تابۆی رامیاری و سیاسی

لە ڕووی ڕامیارییەوە، بەکارهێنانی هەندێ وشە و دەستەواژە ڕێگە پێدراونین، لە کۆمەڵگا دیکتاتۆرییەکاندا ڕەخنەگرتن لە سەرۆک و دەسەڵات قەدەغەیە و دەچێتە چوارچێوەی تابۆوە. لە هەندێ کۆمەڵگادا، پێویستە چەند دەستەواژەیەک، لەگەڵ ناوی سەرۆکدا بوترێت، وەک: {پایەدار، خاوەن شکۆ ریزدار، خودا بیپارێزێ...هتد}.

## ٣\١ـ ١ـ ٦ـ٥) پۆشین

بە شێکی دیکەی وشەی تابۆ، ئەوانەن: کە ماناکانیان، لە وشەی دیکەوە، شاردراوەتەوە. دەچێتە خانەی پۆشین و توانج پۆشییەوە. لەم جۆرە دەربڕینانەدا، لەبەر هەر هۆکارێک بێ، مەبەست بە شاراوەیی دەردەبڕدرێت، لەگەڵ گوتنەکەدا یەکناگرێتەوە، وەک ئەوەی (کاتیک مەبەستەکان بەیەک دادەدەن، واتە: دوو مەبەست د ژ یەک دەوەستن، **(پزیشک: باشبوو زوو هاتیتە لام).**

هەرچەندە ڕستەکە لە ڕووکەشدا هەواڵگەیاندنە، بەڵام لە ناوەرۆکدا مەبەست هەواڵگەیاندن نییە، واتە: {نەخۆشی یەکەت خراپە!}.

هەندێک مەبەست بە توانج دەردەبڕدرێت:

**{ قسەکەر: گەندەڵی لە کوردستان زۆرە}.**

**{گوێگر: هێشتا حکومەتەکەمان ساوایە !}**

وشەی (**ساوا**)، بە توانج وتراوە، ئاخێوەر مەبەستێکی تری هەیە.

مەبەستی قسەکەر، بە پێچەوانە دەربڕدراوە، (لە ڕوویتەمەنەوە، حکومەتەکەمان ساوا نییە، بەڵام کردەوەکانی ساوایە!

**{ قسەکەر: ئەمجارش، فیڵ لە کورد کرا}.**

**{ گوێگر: ئێمە دڵمان باشە !}**

مەبەستی گوێگر، لە بە کارهێنانی دەستەواژەی ( **دڵمان باشە**) دا، واتایەکی ترە.

لە پۆشیندا، ئاخێوەر، لە بەرچەند هۆکارێک، هەندێ لایەنی واتایی دەشارێتەوە و بە ئاشکرا نایڵێت ( وشەکە لێرەدا، دەلالەت لە دوو واتا دەکات، لە پێشدا بۆ واتایەک و دواتر بە تێپەڕبوونی کات، بۆ واتایەکی دژ و پێچەوانە، بە کارهاتووە، واتە: وشەکە، دیاردەکە و پێچەوانەکەشی دەگەیەنێت)،(محمود السعران:١٩٦٣: ٤٧).

## ٣\١ـ١ـ٦ـ٦) بەکارهێنانی وشەی نهێنی

جۆرێکی تری وشەی تابۆ، بەکارهێنانی وشەی نهێنییە. کە کۆمەڵێکی تایبەتمەند بۆ مەبەستی پاراستن و ئاسایش، یان ئاشکرانەبوونی بارو

دۆخێک، بە جۆرێکی تر وشەکە، دەڵێن، وەک: بەکارهێنانی وشەکانی (هەنار)، (زەماوەند)، ..هتد. بەرانبەر بە وشەکانی (ڕومانە) و (هێرش بردن)، لە بواری جەنگدا.

**هەنار: جۆرە خواردنێکە**

**هەنار: مەمک**

**هەنار: رومانە**

**زەماوەند: شایی و خۆشی**

**زەماوەند : هێرش بردن**

٣\١١ـ١ـ١ـ٦ـ٧) زیادەڕەویی:

(ئەم جۆرە وەسفکردنە دوو جۆری هەیە: جۆری یەکەم، ئەو وەسفەیە، کە سنوری مرۆڤ تێناپەڕێنێت، بەڵام دووەمیان، لادان و دەرچوونە، لە تایبەتییەکانی مرۆڤ)، ( عبد العزیز عتیق: ٩١). وەک: بەکارهێنانی وشەکانی، (**باڵاچنار، چاوئەستێرە، ددان مرواری، ئەبرۆکەوان، مانگی چواردە، گەردن بلوور، بێ وێنەیە، شازە... هتد**).

- خودا بۆخۆی دروستی کردووە.
- لە جیهاندا، وێنەی نییە.
- لە حەوت ئاوی داوە و قاچی تەڕ نەبووە.

هەندێکجار، ئاخێوەر وا هەست دەکات، کەبەکارهێنانی وشەی ئاسایی، نایگەیەنێتە ئامانج، بۆ دەربڕینی ناخ و هەڵچوونە سۆزدارییەکانی، بۆیە پەنا دەباتە بەر ئەو وشانەی کە سیمای ترسیان تێدایە بۆ وەسفکردنی دیاردە جوانەکان: وەک ئەوەی دەڵێت: (**جوانییەکی تۆقێنەری هەیە**) لە سیاقی ئاخاوتن دا، دەردەکەوێت:

**تۆقێنەرە: جوانییەکی زۆری هەیە.**

**هەژێنەرە: لە ناخەوە، دەتهەژێنێ.**

بۆی هەیە زیادەرەوییەکە، بە هۆی وشە و بێژەوە بێت، وەک: دووبارەکردنەوەی هەمان لێکسیم: {جوانی جوانان }، { لە هەموو جوانان

جوانتری }، { باشترینی باشەکان }... هتد.،دووبارەکردنەوەی هەمان ژمارە: **هەژدە هەژدە قسە دەکات.**

## ١١\٣-١- ٧) ئاین

هەندێ وشەی سادە، یان داڕێژراو، لە بواری ئایینیدا، واتایەکی تایبەت بەو بوارە پەیدادەکەن، وەک: **نوێژ، دەست نوێژ، سەرچاککردنەوە، سەرفترە، بەرماڵ، وشەی (ڕۆژ)، لە گەڵ پاشگری (- وو)، واتایەکی ئاینی دەگەیێنێ. ڕۆژ + ( - وو) ← ڕۆژوو.**

هەر لە گەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا، کۆمەڵێک وشە وزاراوەی ئاینی هاتە ناو زمانی کوردییەوە، کە هەڵگری چە مکی ئایینی بوون، بە هۆیەوە فەرهەنگی زمانییان دەوڵەمەند کردووە، وەک: ((زەکات، حەج، کوفر، فەرز، سوننەت، تەلاق، نیکاح، ڕەحمان، شەیتان....هتد)) (حوسێن محمد عزیز:٢٠٠٥:٤٣). بە هەمان شێوە، چەند دەستەواژەیەکی نوێ، کەوتۆتە ناو زمانەکەوە، کە هەڵگری چەمکی ئاینین: (**بیسمیللا، سەلام وعەلەیکوم، ئەستەغفیروڵڵا، سوبحانەڵڵا، ئەعوزو بیللا، ئەلحەمدولیللا....هتد**). بەهۆی ئەوەی، ئەم وشانە کار لە چەمک و بیرو باوەڕی قسەکەران دەکەن، دەبنە هۆی گۆڕانی واتاش، لەبەرئەوە ، ئاین بە هۆکارێکی تری گۆڕانی واتا، لە زماندا، دادەندرێت.

ئەونەتەوانەی، کە زمانی ئاینی و زمانی نەتەوەییان یەکە، زمانە ئاینییەکە کاریگەری دەبێت لە سەر گۆڕان و پەرەسەندنی زمانە نەتەوەییەکە، بۆ نموونە: زمانی عەرەبی لە گەڵ هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆزدا، پەرەسەندنی بە خۆیەوە بینی، هەروەک چۆن دوای هاتنە خوارەوەش بەهەمان شێوە گۆڕا و پەرەیسەند (منذر عیاشی: ٢٠١٣: ٧٩). هەروەها، ئاینی ئێزیدی ویارسان، ژمارەیەکی زۆر، وشەو زاراوەی کوردی تێدایە، لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا، هەندێ وشە وەک میتافۆر لە بواری ئایندا بەکاردێت: وەک: { ڕۆژووشکاندن، دەست نوێژ شکاندن، کە بە واتای مەعنەوی بەکاردێت}.

کرداری (**شکاندن**)، کۆتی هەڵبژاردنی بەزاندووە، لە گەڵ بەرکارێکدا هاتووە، ئەو مەرجانەی تێدا نییە، کە (شکاندن)، داوای دەکات، بۆ نموونە، ئەگەر بەراوردی ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە بکەین، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت:

**ئەو پەنجەرەکەی شکاند. <+بەرجەستە، +بەخشینی دەنگ، +بەجێمانی پاشماوە >**

↓

**ئەو رۆژووەکەی شکاند. < ـ بەرجەستە، ـ بەخشینی دەنگ، ـ بەجێمانی پاشماوە >**

↓

**ئەو دەستنوێژەکەی شکاند. < ــ بەرجەستە، ــ بەخشینی دەنگ، ــ بەجێمانی پاشماوە >**

## ٣\١١ـ١ـ ٨) هۆکاری زمانی:

زمان کۆمەڵە دەنگێکە کە بەپێی سیستەم ڕێکخراوە، هەر نەتەوەیەک بۆ مەبەستەکانی خۆی بەکاری دەهێنێ، دەنگەکان لە پێکهاتەی مۆرفیمەوە، بۆ وشەی سەربەخۆ دەگۆڕێن، چەند وشەیەک بەپێی یاسای زمانیی فرێز پێکدەهێنن، ڕستەش لە پێکهاتە سینتاکسییەکان، دروست دەبێت، کە واتاکەی لە وشەو دەستەواژە فراوانترە، ژیانی زمانیش بەندە بە واتا و بەکارهێنەرەکانییەوە ( زمان لە دۆخێکدا جێگیر و وەستاو نییە، لە هەموو ئاستەکانی دەنگ و پێکهاتە و ڕەگەز و شێوە و واتای وشەکان لە پەرەسەندن دایە، هەرچەندە هەندێکجار پێشکەوتنەکەی بە هێواشی دەڕوات، هەروەها پلە و ڕادەی گۆڕانەکە، لە ماوەیەکی زەمەنییەوە بۆ ماوەیەکی ترو لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر دەگۆڕێت، ئەگەر بە وردی بەراوردێکی دوو کاتی جیاوازی مێژووی زمان بکەین، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت)، ( ستفن اولمان: ١٩٦٢: ١٥٦).

گـۆڕانی واتـا، هەنـدێکجار بەهـۆی زمـان خـۆیەوە دەبێـت، لەبەرئەوەی زمان، لە هەموو پێکهاتەو ڕەگەزەکانیدا، دووچاری گۆڕان دەبێتەوە وەک ئەوەی، گۆڕان لە دەنگەکانی زمان، گۆڕان لە واتا دەهێنێتە کایەوە.
( غـازی مختـار: ٢٢٧:٢٠٠٠). دیاردەی گۆڕانی دەنگ لە زمانـدا، جـۆراو جۆرە، بۆ نموونە: ((کە دوو دەنگی کۆنسنانت لە سەرەتای وشەدا، بە سـەر یەکەوە دەردەکەون، یەکێکیان دەسووێت))، ( طالب حوسین: ١٩٨٩: ٥٩).

**ددان ←——— دان**

**دان ١: ددانی مرۆڤ**

**دان ٢: دانەوێڵە**

هاوشـێوەبوونی دەنگەکـانی دوو وشــە، وا دەکـات: هەمـان وشــە دوو واتـای جیـاوازی هەبێـت، ئەمەش، دەبێـتە هـۆی گـۆڕانی واتـا. هەنـدێکجار، هۆکاری زمانیی لە گۆڕانی واتادا، بە هۆی وەرگرتن و وەرگێڕانـی وشـەوە دەبێت، لە زمـانێکەوە بۆ زمـانێکی تـر، کە بەوەرگرتنـی وشـە ناودەبردرێت، ئەمەش دیاردەیەکە لە نێوان زمانەکاندا ڕوودەدات.

## ١١ ٣ـ ١ـ٩) هۆکاری ڕەوانبێژی (کورتبڕی و درێژبڕی)

گــۆڕانی واتـــا، بە هــۆی ڕێبـــازی کــورتکردنەوەی هەنــدێ وشــــە و دەستەواژە و ڕستەوە دێتەکایەوە، کاتێک ڕستە، یـان دەستەواژەیەک، بە مەبەسـتی ئـابووریکردن لە زمانـدا، کورتـدەکرێتەوە، بـۆی هەیە بە تێـپەڕ بوونی کات، گۆڕان لە پەیوەندی نێوان واتای یەکەم و واتای دووەمدا، بێتە کایەوە (رجب عبد الجواد: ٢٠٠١: ٩٥). کە دەڵێین: **{ئەوان هەبوون}**. بۆ کاتی ئێستا، کورتکراوەی ڕستەی **{ئەوان سامانیان هەیە}**یە.

جورجـانی لە وەسفی کورتکردنەوەدا، دەڵێت: (بـوارێکی وردی ڕەفتارە، کەم بێژییەکــی جــوان وســـەرنج ڕاکێشــــە وەک ئەفســـوون وایە، لادان و کورتکردنەوەی هەندێ بەشە، بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئەرکی ئاخـاوتن وجوانی دەربڕین)، (عبد القاهر الجرجاني: ١٩٦٥: ٢٢).

هەندێ کەرەسە لە ڕێزمانـدا، لادەبردرێ، بەڵام بە زۆری کەرەسـەیەکی تــر، جێگــای دەگــرێتەوە، وەک: جێنــاوە لکاوەکــان، کــە جێگــای جێنــاوە

سەربەخۆکان دەگرنەوە: کراسەکەی تۆ جوانە ⟵ کراسەکەت جوانە. بەڵام لە ڕەوانبێژیدا، بە هۆی ناوهێنانەوە، یان زانیاری و بە بیرهاتنەوە، کەرەسە لابردراوەکە، دەدۆزینەوە. جاحز، بەم شێوەیە چەمکی کورتکردنەوەی دیاریکردووە: ((کۆکردنەوەی واتایەکی زۆرە بە ژمارەیەکی کەمی وشە))،(عبد العزیز عتیق: د.ت ١٧٤).

**کورتکردنەوە دوو جۆرە:**

١–_ کورتکردنەوە، بەبێ لابردن: لێرەدا، واتایەکی زۆر بە ژمارەیەکی کەمی وشە دەردەبڕدرێت، بەبێ لابردنی بەشەکان.

٢ _ ئەو جۆرەیە، کە بەهۆی لابردنی وشەیەک یان ڕستەیەک یان دەستەواژەیەک یان زیاتر ڕوودەدات، لەگەڵ هەبوونی قەرینەیەک، کە ئاماژە بۆ لادانەکە دەکات.

هەرچی درێژبڕییە، بەکارهێنانی بێژە و کەرەستەی زمانی زیاترە بۆ ڕوونکردنەوەی واتا، ئەمەش بە مەبەستی بەهێزکردنی واتا و جەختکردنەوەیە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی واتایی و سوود وەرگرتن لە واتا بە کاردەهێندرێت، بە چەند شێوازێک، جێبەجێ دەکرێت:

أ ـ ڕوونکردنەوەی نادیار وشاراوە.

ب ـ ناوهێنانی شتی تایبەتی لە دوای گشتی یان بە پێچەوانەوە.

ج ـ دووبارەکردنەوە.

د ــ خستنەسەر یان هێنانی ڕستەیەک لە دوای ڕستەیەکی تر بۆ سەر واتاکەی، بە مەبەستی جەختکردنەوە ( طالب محمد اسماعیل:٢٠١٠: ٧٧ ).

نالی لە دێرە شیعرێکدا، دەڵێت:

**نەمردم من ئەگەر ئە مجارە، بێ تۆ**

**نەچم شەرت بێ هەتا ئەم خوارە بێ تۆ** ( دیوانی نالی:١٣٧٩ه:٣٩١).

لە نیوە دێری یەکەمدا، بە مەبەستی جەختکردنەوە، جێناوی (من)ی، بەکارهێناوە.

درێژبڕی و کورتبڕی، کە لە بواری ئەدەب و ئاخاوتنی ڕۆژانەشدا هەیە، هۆکارێکی ترە بۆ گۆڕانی واتا، بۆ نموونە، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا یان لە

شیعردا، ئاخێوەر یان شاعیر، کە وشەیەک دووبارە دەکاتەوە، مەبەستی دەربڕینی واتایەکی ناڕاستەوخۆیە، ئەم دۆخەش دەچێتە چوارچێوەی ئیحا و واتای شاراوەی زمانەوە.

## ٣\١ـ ١ـ ١٠) گۆڕانی واتا بەهۆی تاکە کەسەوە:

ئەو واتایەیە، کە بە هۆی تاکە کەسەوە، لە لایەن بەکارهێنەرانی زمانەوە، نێرەر و وەرگرەوە بۆ وشەیەک دروست دەبێت. زمانەوانان، پێیان وایە: ئەم جۆرە واتایەیە، کە بەهۆی جیاوازی تاکە کەس و ئەزموونەکانیان بەرانبەر ئەو وشەیە دروست دەبێت، لە واتای کۆمەڵایەتی، گرینگی کەمترە، چونکە واتاکە خودییە، نەک بابەتی. تێڕوانینی تاکەکان و تەئویلکردنیان بۆ وشەکانی زمان و سروشکاری و پلەی گرینگی پێدان و سەرنجیان بۆ واتای تایبەتی جیاوازی هەیە (طالب محمد اسماعیل: ٢٠١٠: ٥٨ ).

لەم ڕووەوە، ئەگەر سەیری وشەی { سەرکەوتن } بکەین، واتاکەی بە پێی جیاوازی کەسەکان لێکدەدرێتەوە.

**سەرکەوتن**

**ئەندازیار: باڵەخانەیەکی باش** ⟵

**خوێندکار: دەرچوون لە تاقیکردنەوە** ⟵

**بازرگان: مامەڵەیەکی بازرگانی** ⟵

**پزیشک: نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتوو** ⟵

لە گەڵ ئەوەدا، ئەم چوار کەسە و کەسانی دیکەش، کۆکن لە سەر چەقی واتای سەرکەوتن (سەنتەری واتاکە)، کە بەجێهێنانی ئەرک و گەیشتن بە ئامانجە، بەڵام لەگەڵ هەر دەوروبەرو ناوێکدا، واتایەکی تایبەتی هەیە، هەروەها واتای بنەڕەتی سەرکەوتنیش، بە مانای بەرزبوونەوە بۆ شوێنێکی بەرز دێت، لەگەڵ واتای هەموویان جیاوازە.

## ٣\١ـ٢) تایبەتمەندییەکانی گۆڕانی واتایی:

(١ـ گۆڕانی واتایی بە هێواشی و لە سەرخۆیی ڕوودەدات، واتای وشە لە ناکاو و لە پڕ ناگۆڕێت.بەڵکو قۆناغ بە قۆناغ و پلە بە پلە دەبێت.

٢ ـ هەبوونی پەیوەندی لە نێوان واتای بنجی و ئەو واتایەدا، کە گۆڕاوە)، ( طالب محمد اسماعیل: ٢٠١٠: ٥٤).

(٣ـ هەموو زمانەکانی جیهان هەمیشە لە گۆڕاندان و لە توانای کەسدا نییە ئەم گۆڕانە ڕاگرێت یان کەمی بکاتەوە یان بە تەواوی نەیهێڵێ، چونکە گۆڕان لەگەڵ هەڵکەوتی زمان خۆیدایە.

٤ ـ مەرج نییە گۆڕان زمان بەرەو تێکدان و هەڵوەشاندن و لە ناوچوون بەرێ، بەڵکو گۆڕان لەوانەیە زمانەکە ئاسانتر بکات و وزەپارێز بێت.

٥ـــ گـۆڕان بە پێـی یاسـاو دەسـتوور ڕوودەدات و لە خـۆوە و بـێ ڕێوشـوێن نابێت، هەر لەبەرئەمەشـە، کە تەنیا چەند جۆرێک لە گۆڕان لە زمانی مرۆڤدا دەبینرێت و هەر ئەمانەش بە گۆڕانی ئاسایی دادەنرێن.
( محمد معروف فتاح::١٩٨٧ ٩١).

(فەرهەنگـی وشـەی زمـان بەردەوام لە گـۆڕان دایە. گـۆڕانی فەرهەنـگ دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک: ١) **خواستن** ٢) **گۆڕانی واتایی** ٣) **گۆڕان لە شـێوەی دارشـتنی وشـەدا.** بۆنمـوونە: وشـەی ( **ئیمەیـڵ**) لە ئینگلیـزییەوە وەرگیراوە، وشـەی (**پێ**) بە واتـای (**یەکەیەکی پێوان**) لە ئەنجامی گـۆڕانی واتاییەوە هاتووە، وشەی (**زانکۆ**)، لە ئەنجامی گۆڕان لە شێوەی دارشتنی وشەدا پەیدابووە )، (محەمەدمەعروف فەتاح:١٩٩٠، ١٣٤).

## ٤\١) شێوەکانی گۆڕانی واتا:

گۆڕانی واتا بەچەند شێوەیەک ڕوودەدات، وەک:

## ٤\١ـ١) تەسکبوونەوەی واتا ( Nerrowing):

لێرەدا، باس لەو گۆڕانە دەکەین، کە بەهـۆی دیاردەی تەسکبوونەوە و تایبەتمەندبوون، دوچاری واتـا دەبێتـەوە، وشـەی تەسکبوونەوە لە زمانـدا، بەرانبەر فراوانبوون و گشتییەتی واتایی دەوەستێت، دەتوانین بەم شێوەیە پێناسـەی بکەیـن: بەکارهێنـانی وشـەیەکە، کە واتـایەکی گشـتی یـان فراوانـی هەیە، بۆ واتایەکی تەسک.

(( لێرەدا، وشەیەک واز لە واتاگشتییەکەی خۆی دەهێنێت و پسپۆری لە واتـایەکی تەسـکتر پەیـدا دەکـات. لەوانەشــە وشــەکە هەر دوو واتــاکەی بپارێزێ، لە هەمان کاتدا))، (محمد معروف فتاح: ١٩٨٧: ١٠١).

لەم بوارەدا، واتاگشتییەکەی وشە فەرهەنگییەکە، تایبەت دەکرێت بە تەنیا بوارێک لە بوارەکان، بەپێچەوانەی فراوانبوونی واتاوە، وشە لەپاڵ واتا بنەڕەتییەکەیدا، واتایەکی تایبەت وەردەگرێت و تەسک دەبێتەوە. ((وشەی (**نیشتە**)، لە بنەڕەتدا، بۆ هەموو مادەیەکی (**نیشتوو**)، بەکاردێت، بووە بە زاراوەیەکی تایبەتی، بۆ واتایەکی تایبەتی بەکاردەهێندرێت، کە دەوترێ (**نیشتەی کیمیاوی**) تەنیا بە واتای ( الراسب فی الکیمیاء) بەکاردێت)) (جەمال عەبدول: ٢٠٠١: ١٥).

**وشەکە: (نیشتە)**

**واتاکەی پێش تەسکبوونەوە (تایبەتمەندبوون) : هەموو مادەیەکی نیشتوو.**

**واتاکەی دوای تەسکبوونەوە (تایبەتمەندبوون): نیشتەی کیمیاوی.**

جورجانی بەم شێوەیە پێناسەی تەسکبوونەوەی واتایی دەکات:(هەر وشەیەک کە بۆ واتایەکی زانراو دیاری بکرێت)، ( الجرجانی: ١٩٨٩: ٥١).

ئیبن قوتەیبە لەم بارەیەوە دەڵێت: دانراوێکە، کە خەڵک بەکاری دەهێنن، بەرانبەر بە دانانی یەکەمی وشەیەک (محمد محی الدین ١٣٨٢ه : ٢٠) زانایان دیاردەی تەسکبوونەوەی واتایی، بە کۆبوونەوەی هەردوو هۆکاری پەرەسەندنی مێژوویی واتا و وێنای هۆشەکیی ورد بۆ دیاریکردنی واتاکان، لێکدەدەنەوە.(وێنای هۆشەکی، بریتییە: لە بەکارهێنانی وشە، بۆ واتایەکی زانستی ورد، پێشکەوتنی زانستی، ئەوە دەسەپێنێت، کە واتاو چەمکە زانستییەکان، بە وشەی تایبەتمەند دەربیبڕدرێن مرۆڤ لە ژیانی ئاساییدا، ئارەزووی واتای گشتی و هەمەکی ناکات کە تەنیا لە هزردا هەن، بەڵکو بەو واتا دیاریکراوانە کاریگەر دەبێت، کە لەگەڵیدا دەژین، وەریاندەگرێ و دەیانبیستێ)، (ابراهیم أنیس: ١٩٨٤ ١٥٥).

بەڵگەش بۆ ئەمە، ئاینی ئیسلام، ژمارەیەکی زۆر لەو وشانەی، کە لەسەردەمی جاهیلیدا واتایەکی گشتییان هەبوو، بۆ بواری ئاینی تایبەتمەند کردووە، وشەی (**حەج**)، کە بە واتای زیارەتکردن بۆ هەموو شوێنێک دەهات، واتاکەی تەنیا بۆ زیارەتی کەعبە تەسککرایەوە، وشەی (الصلات)،

کە بە واتای هەموو جۆرە دوعاکردنێک هاتووە، لە سەردەمی ئیسلامدا بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی ئایینی بەکارهاتووە دوو هۆکار بۆ تەسکبوونەوەی واتایی هەیە: ١) کورتکردنەوە لە هزردا، بۆ درککردنی واتا گشتییەکانی وشە، مرۆڤ بۆ هەر شتێک ناوێکی تایبەتی دادەنێت، بۆ ئەوەی واتاکەی بە ئاسانی بناسێتەوە.

٢) بۆ کورتکردنەوە و ئاسانی دەربڕین، ئەو وشانەی بۆ بوارێکی گشتی دانراون لە بوارێکی تەسک و تایبەتدا بەکاریان دەهێنێت، بۆ ئەوەی بە وردی شتەکە دەرببڕێت. ( ابراهيم أنيس: ١٩٨٤، ٣٩) (( لە زمانی ئینگلیزیدا، وشەی (Meat ) بە واتای خواردن هاتووە، دواتر تەنیا بۆ واتای گۆشت، بەکارهاتووە))، ( أحمد محمد قدور: ١٩٩٦:٣٢٢ ).

Meat **(خواردن)**

**(تەسکبوونەوەی واتا).**

Meat **(گۆشت )**

وشەی (**نان**)، لە بنەڕەتدا، بە واتایەکی فراوان بە کارهاتووە، هەمووجۆرە خواردنێکی گرتۆتەوە، بە مانای بژێویش هاتووە (محمد معروف فەتاح ١٩٨٧:١٠١)، وە ک: ئەم نموونانە:

- **نانیان بڕی { لە کار دەرکرا}.**
- **بە دوای ناندا دەگەڕێت: { بژێوی }.**
- **نان ئەو نانە ئەمڕۆ لە خوانە: {گرینگیدان بە کاتی ئێستا}.**

**نان {خواردن: واتای گشتی }**

**( تەسکبوونەوەی واتا)**

**نان {بەشێک لە خواردن، تایبەتی }**

لە چەند دەستەواژە و ئیدیۆمێکیشدا، هاتووە:

**{ نان ودۆ }، {نان و سک}، { ئەو نانە بە و ڕۆنە }، {نان و هەروا}، { نانە وشکە }، {نان و پیاز}، { کەسێکی نان بدەیە }**، ... هتد.

لە تەسکبوونەوەی واتاییدا، واتای گشتی وشە، بۆ واتای تایبەتی، دەگوازرێتەوە. وشەی (دار)، بە هەموو دارێک دەوترێت لە گەردوندا، ئەمەش، واتایەکی گشتییە، بەڵام ئەگەر بڵێین داری پرتەقاڵ، واتایەکی تایبەتی هەیە. ڕێبازی تەسکبوونەوەی واتا، لە بواری زانستیدا، سودی لێوەرگیراوە، وشەکە لە واتا زمانییەکەوە، بۆ بوارێکی زانستی دەگوێزرێتەوە هەریەک، لە زاراوەکانی (**ڕوبەر، لاکێشە، چوارگۆشە، پالاوتە، لاتەریب، ڕەگ، کوتان، ...هتد**)، بە ڕێگای تەسککردنەوەی واتایی بوون بە زاراوە و لە بوارێکی زانستیدا، بەکاردەهێندرێن:

کوتان: أ ⟵ ب < ئەوەی کە دەکوترێ >

ب ⟵ أ < دەرزی >

دەتوانین، دوو جۆر، تەسککردنەوەی واتایی، دیاری بکەین:

یەکەمیان، ئەو جۆرەیە، کە سەرەتا بۆ واتاکان کراوە، بۆتە هۆی دانانی زاراوە، لەبوارەکانی ژیاندا.وەک: زاراوەکانی{ڕستن، چنین، کێڵان، نانەوا، تەونکردن، ئاژەڵداری ...هتد}، کە هەریەکەیان تایبەت کراون بە بوارێک، لە کۆمەڵگای کوردەواریدا.

١. جۆری دووەم، ئەو تەسکبوونەوەیە، کە دواتر، ڕویداوە، لە قۆناغی دواتری دانانی زاراوەدا.

| واتا پێش گۆڕان | واتا دوای گۆڕان |
|---|---|
| **گەڵا: پەلکی ڕووەک** | **گەڵا: (١٠٠) دۆلار** |
| **دەفتەر: پەڕاو** | **دەفتەر (١٠٠) وەڕەقە** |

ئێمە پێمان وایە، کە تەسکبوونەوەی واتا، شێوەیەکە بۆ گۆڕانی واتا و کاریگەری بۆسەر هەردوو ئاستی فەرهەنگ و دەوڵەمەندکردنی زمان هەیە، دەتوانین لە بواری زاراوەی زانستیشدا، سودی لێ وەربگرین، ڕێبازێکە بۆ دروستبوونی فرەواتا، کە دەچێتە چوارچێوەی بابەتی دەربڕینە میتافۆرییەکانەوە، بە تێپەڕبوونی کات پێویستمان بە تایبەتکردنی واتای هەندێک لە وشەکان دەبێت، بۆ ئەوەی لە بوارێکی دیاریکراودا، بەکاریان

بهێنین، لەو کاتەدا، وشەکە دەبێتە هەڵگری واتای بنجی و واتای میتافۆری، کە لە چوارچێوەی بەکارهێناندا، وەری دەگرێت، ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم دیاردەیە، لە هەموو زمانەکاندا، وەک یەک نییە و جیاوازی هەیە.

## ١١٤ـ٢) فراوانبوونی واتا (Widening):

(بریتییە لە گواستنەوەی وشەیەک، لە واتایەکی فەرهەنگی تەسکەوە، بۆ واتایەکی فراوان)، ( طالب محمد اسماعیل: ٥٠:٢٠١٠). لێرەدا، وشە واتاکەی فراوان دەبێت و جگە لە واتا بەنەڕەتی و ڕاستەقینەییەکەی خۆی، واتای دیکە وەردەگرێت، هەندێ وشە کە دەلالەت لە شت یان دیاردەیەک دەکەن، واتاکانیان فراوان دەبێت بۆ ئەوەی دیاردە و شتی تر بگرێتەوە.

زمانەوانان، تێبینی ئەوەیان کردووە، لە زماندا ژمارەیەکی زۆر وشە هەیە واتاکانیان فراوانبووە و واتای نوێیان وەرگرتووە، کە پێشتر لەلایەن قسەکەرانی زمانەوە بەو واتایە بەکارنەهاتوون، بەو هۆیەوە، واتایەکی تایبەتی بۆ واتایەکی گشتی دەگوێزرێتەوە، بە مەبەستی دۆزینەوەی واتایەکی فراوان و ئاسان بۆ دەربڕین (ابراهیم ڕنیس: ١٩٨٤: ١٥٥). پلەی لێکچوون لە نێوان ئەم واتایانە بەهێزە، بەڕادەیەک، واتاکان کە بەرانبەر دەکرێن، بە ئاسانی لەیەکدی جیاناکرێنەوە. ئەمەش وادەکات، خەڵکی ئاسایی واتایەک لە جێگای واتایەکی تر بەکاربهێنن، دواتر واتاکان دەپەڕنەوە بۆ بواری وێژەیی و لە لایەن شاعیران و نووسەرانیشەوە بەکاردەهێندرێن، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک بۆی هەیە بە تەواوی بچەسپین زانایان، دیاردەی فراوانبوونی واتا، بەوە لێکدەدەنەوە، کە هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی وزە و ئەو ئەرکەی، کە مرۆڤ لە وردی دەربڕیندا بە فیرۆی دەدات، بەوەی کە بۆ هەر شتێک ناوێکی تایبەتمەند دابنێت.

**زمان: { واتای فەرهەنگیی دانانی زمانی:ئەندامێکی لەش}**

↓

**زمان: { شێوەی ئاخاوتن }**

بــارهەڵگر: لە بنەرەتــدا، بــۆ ئەو ئــاژەڵانە بەکارهــاتووە، کە باریــان هەڵگرتــووە، ئێســتا بــۆ هەمــوو هۆکــارێکی گواســتنەوە، بەکاردێــت (عەبدورەحمانی زەبیحی: ١٩٧٩: ٢٥ ).

**{ بارهەڵگر }: ( ئاژەڵ)**

↓

**{ بارهەڵگر }: ( هۆکاری گواستنەوە)**

لە فراوانبـوونی واتـادا، ژمـارەی ئەو شـتانە، کە وشـەکە، ئاماژەیـان پـێ دەکـات پتـر دەبێت وبـواری بەکارهێنانەکەشـی فراوانتردەبێـت، هەنـدێکجار، فراوانبوونی واتایی، بە گشتیەتی لە واتادا ناودەبردرێت ((فراوانبـوونی واتـا، چەمکــی وشـــەیەکە لە تــایبەتییەوە بــۆ مانــایەکی گشــتی وتێکڕایــی)) (محمدالمبارک: ١٩٧٥: ٢٨).

وشەی **{ البأس}** لە زمانی عەرەبیدا، سـەرەتا واتـاکەی تـایبەت بـووە بە جەنگ و شەڕکردن، دواتر بۆ هەموو ناخۆشـی وپەشـێوییەک بەکارهـاتووە، **(ئەستێرە)**، بە واتـای دیـاردەیەکی سروشـت هـاتووە، دواتـر بە واتـای پلەی سەربازیی هاتووە، واتاکەی فراوان بووە ( أحمد مختار عمر: ١٩٩٨: ٢٤٣).

وشەی (salary)، لە زمانی ئینگلیزیدا، بە مانای ( بەشە خوێی سەرباز) هاتووە، دواتر گۆڕاوە، بۆ واتـای (پلەی سـەربازیی)، دواتـریش بۆ هەمـوو جۆرەکانی پلە.

**Salary (بەشەخوێی سەرباز)**

↓

**Salary (پلەی سەربازیی)**

↓

**Salary (هەموو جۆرەکانی پلە)**

**فراوانبوونی واتا**

**ـ (لە زمانی فەرەنسیدا، وشەی (Arriver ) تەنیا بە واتای گەیشتن بە کەنار بەکارهاتووە، دواتر واتاکەی فراوان بووە، بۆ هەموو جۆرە گەیشتنێک بەکاردێت )، ( غازی محمد طلیحات: ٢٠٠٠، ٢٣٣ ).**

نموونەیەکی تری فراوانبوونی واتا، لە زمانی کوردیدا، ((وشەی نووسینگە کە واتا فەرهەنگییەکەی شوێنی نووسینە و تەنیا بۆ جێگای قەڵەم بەکارهێنان لە رواڵەتدا بەکاردێت، بەڵام بەهۆی ڕێبازی ئاوەڵواتاوە ئێستا بووە بە زاراوەیەک و بۆ مەبەستێکی فراوان تر بەکاردەهێندرێت، بۆ مەڵبەندی بەڕێوەبردنی هەموو کارێکی میری ))، ( کامل حەسەن بەسیر:١٩٧٩، ٦٠ ).

**{ نووسینگە } جێگای نووسین**

**فراوانبوونی واتا** ←

↓

**{ نووسینگە } مەڵبەندی بەڕێوەبردنی کاروباری میری**

**شەکراو:** أ ←——— ب < تێکەڵەیەک، کە لە شەکرو ئاو پێکهاتووە>

**ب** ←——— **أ** < ئاهەنگی مارەکردن و ژن هێنان>

بە پێی ئەو نموونانەی هێنامانەوە، دەتوانین، یاساییێک، بۆ فراوانبوونی واتا دابنێین، پەیوەندی نێوان { أ ، ب} و { ب ، أ}پەیوەندییەکی ئەرێییە، لەسەر بنەمای هاوبەشییێتی دامەزراوە، ئەگەر نموونەیەک بۆ واتای بنەڕەتی و واتای پەرەسەندووی وشەیەک بهێنینەوە، ئەم بارەمان بۆ دەردەکەوێت:

بارهەڵگر [ + **ڕۆیشتن و گواستنەوە** ] سیمای هاوبەشە لەنێوان هەردوو واتاکەدا، هەردوو واتاکە سەر بەهەمان کێڵگەی واتایین. وەک لە نموونەکاندا، دەردەکەوێت، فراوانبوونی واتا، کردەی گواستنەوەی واتای وشەیە بۆ مەبەستی تایبەتی، بەهۆیەوە (ژمارەی ئەو شتانەی، کە وشە ئاماژەیان پێ دەکات پتردەبێت و بواری بەکارهێنانەکەشی، فراوانتر دەبێت)، ( أحمد مختار عمر:١٩٩٨: ٢٤٣).

پەرەسەندنی واتایی دەبێتە هۆی فراوانبوون و گەشەکردنی سامانی وشە، جۆرێکە لە فراوانبوونی زمان ولە ئەنجامی پەرەسەندنی هزرییەوە دروستدەبێت کە بە هۆیەوە، دیاردەی بەرجەستە، بۆ ئەبستراکت دەگوێزرێتەوە. ئەم جۆرە پەرەسەندنە، دەبێتە هۆی پەرەسەندنی سامانی وشە، جۆرێکە لە جۆرەکانی فراوانبوونی وشە، (بریتییە لە دەربڕینی دیاردە ئەبستراکت و واتاییەکان بە هۆی گواستنەوەی وشە هەستییەکانەوە)، (حسن ظاظا: ١٩٧٦: ٤٦). واتای وشە بە پێی لایەنگرانی ئەم تیۆرییە، بە چەند ئەدگار و سیمایەک دیاری دەکرێت، کە وشە لە خۆی دەگرێت، (Lyons.Johon: ١٩٧٧: ٣٢) ئەمەش بە پێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

١- دەستپێکردن بە دیاریکردنی پەیوەندییە واتاییەکان، کە وشەکانی ئەو بوارە واتاییە، یان هەر بوارێکی تری واتایی بەیەکەوە پەیوەست کردووە، لە بەرئەوەی بەپێی ئەم تیۆرە واتای وشە بە سەرخۆیی دیاری ناکرێت، بەڵکو لە پێگەیەکی واتایی و بوارێکی واتایی تایبەتدا دیاریدەکرێت (حلمی خلیل: ١٩٩٣:١٤٤).

٢- زانیاری لەبارەی میتۆدی سیاقیی، لە بەرئەوەی هەنگاوێکی بەراییە بۆ میتۆدی شیکاریی (المنهج التحلیلی) لیۆنز دەڵێت: فەرهەنگنووس لەسەرەتادا، ژمارەیەک سیاقی بەیەکچوو کۆدەکاتەوە کە وشەیەکی دیاریکراوی تێدا بەکاردێت، دوای ئەوەی لە کۆکردنەوەی سیاقەکان و پێدانی زانیاری دەوەستێت، واتە: هیچ سیاقێکی دی نادۆزێتەوە، کە زانیاری نوێ لە بارەی وشەکەوە بدات، بواری کارەکیی کۆتایی دێت و ڕێگا بۆ میتۆدی شیکاریی ئاسان دەبێت، (Lyons.Johon: ١٩٧٧: ٣٣٢٧).

٣ - پەیوەستکردنی کۆمەڵە وشەی بوارێکی واتایی دیاریکراو، بە کۆمەڵە وشەیەک لە بوارێکی تری واتاییدا، بە شێوەیەک، لێکۆڵینەوەی واتایی هەر کۆمەڵەیەک بەجیا ئەنجام بدرێت و ئەوە ڕوون بکاتەوە، کە ئەم کۆمەڵە وشەیە، پەیوەندی بە کۆمەڵە جیاوازەکانی وشەکانی دیکەی زمانەوە هەیە. ئەمەش وەک زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەستراوە، هەر بازنەیەک نوێنەری

کۆمەڵەیەکی واتایی (کێڵگەیەکی واتایی) دەکات، هەر کۆمەڵەیەکیش بەوانی ترەوە بەستراوە. (حلمی خلیل: ١٩٩٣: ١٤٤).

٤ ـ دیاریکردنی واتای وشەکانی کێڵگەیەکی واتایی، لە چوارچێوەی دەق و بەکارهێنانی وشە لە سیاقە جیاوازەکاندا. بەپێی ئەم بۆچوونە، دەتوانین بڵێین: تیۆری شیکاری پێکهاتەیی( Coponentialanalysis) سیما واتاییەکانی (Semanticsfeatures) هەر وشەیەکی کێڵگەیەکی واتایی دیاری دەکات، بەهۆی جیاکردنەوەی واتای وشەکانی هەر کێڵگەیەک.

بۆنموونە وشەی (زمان)، خاوەنی ئەم سیما واتایی یانەیە< **+ ئەندامێکی لەش، ئاڵ وگۆڕکردنی خواردن، + یارمەتی دانی قسەکردن**>.

بۆئەوەی فراوانبوونی واتایی هەر وشەیەک بناسین، پێویستەپەیوەنییەکانی بە وشەکانی تری هەمان کێڵگەی واتاییەوە دیاری بکەین، کە لەگەڵیدا هاوبەشە. کە بەهۆی سیماواتاییە (Semanticsfeature) هاوبەشەکانی نێوانیان جیادەکرێنەوە.ئەمەش بە پەیوەستکردنی ئاماژە (دال) و ئاماژەبۆکراو (ناولێنراو) (مەدلول)، یان دالو وێنای هۆشەکییەوە دەبێت، بۆ ئەوەی واتاکە ڕوون بێتەوە. فندرێس لەم بارەیەوە دەڵێت: (هزر هەموو کاتێک ئارەزووی کۆکردنەوەی وشەکان دەکات، هەروەها دۆزینەوەی پەیوەندییەکی نوێ کە کۆیان بکاتەوە، وشەکان هەمووکات بەهۆی خێزانی زمانییەوە دەچەسپێن و دەردەکەون)

( فندریس: ١٩٥٠: ٣٣٣) . لەبەرئەوەی هەردوو بواری پەیوەندییە واتاییەکان ( Semanticrelation) و یەکە فەرهەنگییەکان (Lexems)پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، دەتوانین دیاردەی فراوانبوونی واتایی، بەوە لێکبدەینەوە، کە دەرەنجامی کەوتنی هەندێک لەو سیما واتاییانەیە، کە وشەکەی پێ جیادەکرێتەوە (أحمد مختار: ١٩٩٢: ٢٤٥) لە نموونەکەی پێشوودا (زمان)، کە بۆ فراوانبوونی واتا هێنابوومانەوە، سیمای جوین وهارین و قوتدانی خواردن، بەلاوەنراوە، سیمای یارمەتیدانی ئاخاوتن هیشتراوەتەوە. بەهۆی ئەمەشەوە واتاکەی فراوانبووە، وەک

شێوازی قسەکردن بەکاردێت. دەتوانین واتای وشەیەک، لە چوارچێوەی تیۆری پێکهاتەی شیکاریدا، بەم جۆرە شیبکەینەوە:

**[ وشەکە: بارهەڵگر**

**پێکهاتە واتاییەکانی پێش فراوانبوون: ئاژەڵی بار هەڵگر**

**پێکهاتە واتاییەکانی دوای فراوانبوون: هەموو هۆکارێکی گواستنەوە {ئۆتۆمبیل، کەشتی، ...هتد}.**

**سیمای کەوتوو: ئاژەڵ، چوارپێ.**

**سیمای ماوە:سواربوون، هۆکاری گواستنەوە].**

بەهۆی ڕێبازی فراوانبوونی واتایی وشەکانەوە، دەتوانین واتای بنجی وشە فراوان بکەین و بۆ بوارێکی گشتی دیکە، بەکاری بهێنین، شێوەیەکی چالاکی گۆڕانی واتایە، دەتوانین لە بواری زاراوەسازیشدا، سوودی لێ وەربگرین، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، زۆرجار پێویستمان بەوە دەبێت، واتای وشەیەک فراوان بکەین، بۆ ئەوەی چەندین بوار بگرێتەوە، بۆ نموونە هەریەک لە وشەکانی (**بڕ، کێش، هێز، تەنۆچکە، لوولەک، ڕەگ....**) جگە لەوەی واتایەکی ئاساییان هەیە، بوون بە زاراوەش لە بوارێکی تایبەتی زانستیدا.

**بۆی هەیە فراوانبوونی واتا، پەیوەندی بەچەند هۆکارێکەوە هەبێت، وەک:**

١) کەمی وشە و یەکەی زمانیی، لەلای ئاخێوەرانی ئەمڕۆی زمانەوە بەهۆی نەگەڕانەوەیان بۆ فەرهەنگ و بە دوادانەچوون و نە دۆزینەوەی وشە بۆ دیاردە تازەکان، لە بەرانبەردا پەنا بۆ فراوانبوون و گواستنەوەی واتایی دەبەن.

٢) هەژاری زمانی کوردی بەرانبەر بە دەربڕینی بابەتە زانستییە نوێکان، کە پاڵ بە قسەکەرانەوە دەنێت توانا زمانییەکانیان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی واتایەکی زۆری پێ دەرببڕن.

## ٣-٤\١١) نزمبوونەوەی واتا

مەبەست لە نزمبوونەوەی واتا ئەو بارەیە، کە وشە تێیدا، لە واتایەکی بێلایەن یان بەهێز و کاریگەرلە دەرونی قسەکەراندا، بۆ واتایەکی نزم دەگۆڕێت. بەهۆی ئەمەش، دوچاری هەندێ بێهێزی دەبێتەوە و پێگە کۆمەڵایەتییەکەی ون دەکات. (سالم الخماش: www.angelfire.com).

وشەی (الکرسی)، کە لە قورئانی پیرۆزدا بە واتای (العرش) هاتووە، خودای گەورە دەفەرموێ: [وسع کرسیه السموات و الارض]، بەڵام ئێستا واتاکەی نزمبۆتەوە، بۆ (کورسی مەتبەخ، کورسی گەشت، ...هتد . دەتوانین بڵێین: (( گۆڕانی واتای وشەیەکە، بە تێپەڕبوونی کات))، (محمد علی الخولی: ١٩٨٢: ٦٧) لێرەدا، وشەکە پێشتر واتایەکی باش یان بێ لایەنی گەیاندووە. بەڵام ئێستا واتاکەی نزمبۆتەوە، سوکی و ڕیسوایی دەگەیەنێت.

وشەی (بۆر)، لە بنەڕەتدا واتایەکی بێ لایەنی هەبووە، ((ڕەنگی خۆڵەمێشی)). (عەبدورەحمانی زەبیحی: ١٩٧٩:١١٤) بەڵام دواتر، بارودۆخێکی نزم یان خراپی گەیاندووە:

- **بۆرە پیاو: ((ئەو کەسەی لە بنەماڵەی ئاغاو خان وبەگ نەبێ)) (عەبدورەحمانی زەبیحی:١٣٦٧ ە:٣٥٦).**
- **بۆرە خزم: خزمی دوور**
- **بۆرە زەلام: کابرایەکی نەناسراو**
- **بۆرە سوار: سوارێکی نەناسراو، سوارێکی لات.**

لە پەندی پێشیناندا، وشەی (بۆر)، هاتووە:

**بۆرە بۆرەم بۆ کرد نەهاتەوە**
**بازە بازەم بۆ کرد نەهاتەوە،**
**دواجار بەپێی خۆی هاتەوە !** ( عەلی شارەزووری:٤٧: ١٩٨٠).

(بۆر) لێرەدا لە ڕووی سووکییەو، بە کەسێکی تۆراو دەوترێت، کە بەقسەی خۆش و بە شوێندا چوون نەیەتەوە، دواجار بە پێی خۆی بێتەوە.

(**کونە با**)، لە سەرەتادا واتایەکی بێ لایەنی هەبووە، دواتر بۆتە ئیدیۆم، بۆمرۆڤی ئاژاوەگێڕ، بەکارهاتووە.

**{کونەبا} : ( کەلێنێک کە بای پێدا بێتە ژوورەوە)**

↓

**{کونەبا } : ( مرۆڤی ئاژاوەگێڕ)**

ژمارەیەکی زۆری وشـە، لە هەمـوو زمانێکدا، دوچـاری نزمبـوونەوەی واتـایی دەبنەوە، ئەمەش، بەهـۆی چەنـد هۆکـارێکی ڕامیـاری و کۆمەڵایەتی وسۆزداری، بۆ نموونە، دەسەڵاتێکی سیاسی، هەندێک نازناو و پلە و پایەی تـایبەت بە خـۆی هەیە، دواتـر بە نەمـانی ئەو دەسـەڵاتە، واتـای وشـەکان، بەرەو نزمبــووەنەوە دەچن(حــاتم صــالح الظــامن: ١٩٨٩: ٩١). لە زمــانی کـوردی ئەمـڕۆدا، وشـەکانی وەک: { پاشـا، بەگ، ئاغـا، ئەفەندی...هتـد}، ئەو بــارودۆخ و پــلە و پــایە نــاگەیەنن، کە پێشــتر هەیــانبووە. نزمبــوونەوەی واتاییش، هۆکارێکی دیکەیە بۆ گۆڕانی واتـا، لە بواری زاراوەسـازیدا هێندە چـالاک نیـیە، بەڵام لە ئاخـاوتنی ڕۆژانـەدا، هەنـدێک وشـە، بەهـۆی ئەوەی ئەرک یان دیاردەکانیان لەکاردەکەوێت، یاخود شێوازەکەیان دەگۆڕێت، یـان هەنـدێک جـار بەبـێ ئەم هۆکـارانەش، واتاکانیـان نـزم دەبێـتەوە، بـۆیە بـۆ بـوارێکی تـر و پێگەیەکـی نـزم تـر بەکاردەهێنـدرێن، بـۆ نمـوونە: لە زمـانی کوردیدا، ئەو کاتەی کە بەگ و ئاغاکان، دەسەڵاتیان هەبووە، ئەم وشـانە لە پێگەیەکــی کــۆمەڵایەتی بەرز بەکارهــاتوون، بەڵام بە گــۆڕانی جــۆری دەسەڵات، ئیستا ئەم وشانە بۆ کەسی ئاساییش بەکاردەهێندرێن، بۆی هەیە هەنـدێکجار، ئەم وشـانە لە بـواری تـوانج تێگرتنـدا وەک میتـاقۆر بگـوترێن. بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی، چەند وشەیەکی دیکە، وەک (**دکتۆر، مامۆســتای زانکــۆ**) ئێسـتا وەک نازنــاو بەکــاردێن، لە بــواری ڕامیاریــدا، (**بەرپرس، پەرلەمانتار**) پێگەی ڕامیاری بەرزیـان هەیە، کە بۆی هەیە، ئەم وشانەش لە قۆناغێکی تردا بەرەو نزمبوونەوەی واتایی بڕۆن و وشـەی تـر جێگایان بگرنەوە:

## ١١\٤ـ٤) بەرزبوونەوەی واتا:

بریتییە لە گۆڕانی وشە، لە واتایەکی ئاسایی یان بێهێزەوە، بۆ واتایەکی بەهێزو بەرز، وەک:

وشــەی (marshal)، واتــای بنچینەیــی خزمەتکــاربووە، بەڵام، ئێســتا لە زمانی ئینگلیزیدا، بە واتای بەڕێوەبەری پۆلیس دێت (فندرس: ١١:١٩٥٠).

Marshal (خزمەتکار)

↓

بەرزبوونەوەی واتا

Marshal (بەرێوەبەری پۆلیس )

لە بەرزبـوونەوەی واتاییـدا، وشــەیەک، بـارودۆخێکی خراپـی گەیانـدووە، دواتـر وازی لەو واتـایە هێنـاوە و واتـایەکی باشـتری وەرگرتـووە لە زمـانی عەرەبیـدا، وشــەی **(فەنــان)**، بـۆ **(کەری کێـوی)**، بەکارهــاتووە، دواتـر بـۆ کەسـێکی لێـزان وبە توانـا، لە جێبەجێکردنـدا بەکارهــاتووە. ( لە ئینگلیـزی چـاخی ناوەڕاسـتدا، وشـەی (**nice**) ی ئێسـتا، کە بە مانـای چـاکی وجـوانی دێـت، مانــای (**foolish**) ی دەدا، واتە (گەمـژە) و هەنـدێجاریش بە مانــای (**shy**) دەهات، واتە (شەرمن) و ئەو مانایەی ئێستای نەدەدا (کەمری:٢٠٠٧ ٥١).

هەندێجار وادەبێت، کە وشـەیەک واتـایەکی خراپـی گەیاندووە، بەڵام بە تێپەڕبـوونی کـات، واتـایەکی نـوێی وەرگرتـووە، کە لە لایەن قسـەکەرانەوە، خۆشەویست بووە، بۆی هەیە لەم بارەدا، وێژە و بەکارهێنانی هونەری یان ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵیان هەبێت، نوسەر یان هونەرمەند یـان ئەو کەسـانەی لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکاندا کاردەکەن، وشەیەکی ئاسایی بۆ بـوارێکی دی دەگوێزنەوە، پێگەیەکی بەرزتری پێدەدەن، وشـەی **(گەنـدەڵ)**، بە واتـای خراپبـوونی نـاوەرۆکی ڕووەک و شـتی تـر دێـت، بەڵام لە زمـانی کـوردی ئەمــڕۆدا بــۆتە زاراوەیەکــی سیاســی و لە ڕاگەیانــدنەکان و بــواری ڕۆژنامەنووسیدا گرینگییەکی زۆری پێدەدرێت لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا، وشــەی (**خۆپیشــاندان**)، ســەرەتا واتــایەکی ئاســایی هەبــووە، بەڵام ئێســتا واتایەکی ڕامیاری وەرگرتووە، بەهۆی ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکاندا بەو واتـایە بەکار هاتووە.

لەم جۆرە گواستنەوەیەدا، واتـا بە تێپەربـوونی کـات بە ئاڕاسـتەی بەرەو ژوور، پەرەدە سەنێت، (وشەی (**شۆخ)**، لە قۆناغێکی پێشتردا، بە واتای **(بێ**

**حەیا)** بە کارهاتووە)، (محەمەد مەعروف: ١٢٤:١٩٩٠). بە بۆچوونی ئێمە، دەوروبەری ئاخاوتن و قۆناغی مێژوویی و سیاقی بەکارهێنانی وشە کاریگەرییان لە دیاردەی بەرزبوونەوەی واتاییدا هەیە، هەندێکجاریش وێژە و هونەر ئەم ڕۆڵە دەبینن، بۆ نموونە، کاتێک نوسەرێک لە بەرهەمەکەی خۆیدا، داهێنانێک دەکات، وشەیەک بە واتایەکی بەرزتر لە واتا فەرهەنگییەکەی بەکاردەهێنێت، دواتر ئەم واتایە، دەکەوێتە ناو فەرهەنگی زمانی ئاخێوەرانەوە و بەکاریدەهێنن، بۆشی هەیە واتای وشەیەک بەهۆی ڕاگەیاندن یان بواری ڕامیارییەوە بەرزبێتەوە، دواتر بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییەوە هێزێکی تایبەت وەردەگرێت.

لە کۆتاییدا، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە هەریەک لە شێوەکانی تەسکبوونەوە و فراوانبوون و بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە و گواستنەوەی واتایی، فاکتەرێکی گرینگن بۆ گۆڕانی واتا و بەکارهێنانی وشە لە بوارێکی تردا، کە ئەمەش هەنگاوێکە بۆ دروستبوونی میتافۆر و دەوڵەمەندبوونی ئاستی واتای فەرهەنگیی، گرینگە لێرەدا ئاماژە بە دیاردەیەکی تری گۆڕانی واتایی بکەین، ئەویش پرۆسەی بە وشە بوونە، ئەو لایەنانەدەگرێتەوە، کە هێزێکی تایبەتی وشە وەردەگرن، بە چەند هۆکارێک دروست دەبێت، ئەم بوارەی (بە پێکهاتە بوون)، پێویستی بە پەسەندکردنی کۆمەڵایەتی هەیە، لە ڕووی ڕێزمانەوە، چەند وشەیەک بە هاوڕێیەتی ڕیزدەبن، دواتر بەهۆی هێزێکی تایبەتییەوە، ڕێککەوتنی لەسەردەکرێ و واتایەکی تر وەردەگرن، بەرەو واتای میتافۆریی هەنگاو دەنێن:

**{بن دیوار}**: میتافۆرێکە، بەهۆی باردۆخێکی ڕامیارییەوە دروستبووە، لە ڕووی ڕێزمانەوە سەرەتا چەند وشەیەک بە هاوڕێیەتی ڕیزبوون، دواتر ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی لەسەرکراوە، بۆ ئەوەی واتایەکی دیکە وەربگرێت.

**{تۆزوبا}**: بە شتێک دەوترێت، کە بەخۆڕایی دەست کەوتبێت، ئەم وشەیە پێشتر واتایەکی ئاسایی هەبووە، کەرەستەکان بە پێی یاسای ڕێزمانی ڕیز

بوون، دواتر ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەرکراوە، بۆ ئەوەی مەدلوولی دووەم وەربگرێت.

دەتوانین بەم جۆرە لێکدانەوەیان بۆ بکەین:

وشەکە: **بن دیوار**

**پێکهاتە واتاییەکانی پێش گۆڕان: شتێک لە بن یان پاڵ دیوار دانرابێ (یان ئەو کەسانەی، کە لە پاڵ دیوار دانیشتوون).**

**پێکهاتە واتاییەکانی دوای گۆڕان: ئەو فەرمانبەرانەی مووچە وەردەگرن و دەوام ناکەن.(یان بە فیڵ ناویان تۆمارکراوە).**

**سیمای کەوتوو: { دانیشتنێکی ئاسایی، مووچە وەرنەگرتن }.**

**سیمای ماوە: {کارنەکردن}.**

## ٥\١) میتافۆر و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی زمان:

سەرەڕای هۆکارو شێوەکانی گۆڕانی واتا، چەند ڕێگایەکی دی هەیە، کە زمان بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی پەنایان بۆ دەبات، لە بەرئەوەی لێکۆڵینەوەکەمان هەردوو بەشی میتافۆرو دەوڵەمەندبوونی زمان دەگرێتەوە، ئاماژە بە چەند ڕێگایەک دەدەین:

بە شێکی زۆری وشەکانی فەرهەنگی زمانەکەمان، ئەوانەن کە بە بنەڕەتی دادەندرێن و لە مێژوویەکی کۆنەوە، لە زمانەکەماندا هەبوون بە وشەی ڕەسەن وپەتی ناودەبردرێن، کە زۆربەیان لە ڕووی ڕەگەوە، دەچنەوە سەر زمانی ئێرانی و سەرچاوەی هیندۆ ئەورووپی، وەک: مەرد، برا، خوشک، ژمارەکان..هتد.

ژمارەیەکی دیکە، ئەو وشە خوازراوانەن، کە زمانەکەمان بە تێپەڕبوونی کات لە زمانانی دیکەوە وەریگرتووە، سەرەڕای ئەم دوو بەشە چەند ڕێگایەکی دیکەش هەیە، کە زمانی کوردی بۆ دروستکردنی زاراوە بەکاریان دەهێنێت: بووژانەوەی بوارەکانی ژیانی نەتەوەیەک، دەبێتە هۆی چالاکی زاراوە لەم زمانەدا، بە پێچەوانەوە سستی و بێهێزی بوارەکانی ژیان کاردەکاتە سەر بێهێزی زاراوەکانیش. زاراوە بەشێکە لە فەرهەنگی زمانەکەمان و پێویستە گرینگی پێ بدەین و بەرەو پێشەوەی ببەین، بۆ

ئەوەی بتـوانین، لەگەڵ ڕەوتـی زانسـتیی ئەم سـەردەمەدا هەنگـاو بنێـین. زاراوەی پەیوەسـت بە چـالاکی زانسـتی و بیـری ئەگەری مـانەوە و بەردەوامبوونی زۆرە و بۆی هەیە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بمێنێتەوە، لە کات و شوێنێکەوە بپەڕێتەوە بۆ کات و شوێنێکی دیکە و سنوورو ناوچەی جوگرافی ببەزێنێت، زاراوەکە دەبێتە بەشێکی بۆماوەیی شارستانی زۆرێک لە گەلانـی جیهـان. (ئەگەر سـەیری زاراوەی **(فەلسـەفە)** بکەیـن، وەک دەربڕینێک، کە بۆ واتای دۆزینەوەی حەقیقەت و حەزکردن بە دانایی بە کارهـاتووە، لەگەڵ ئەوەی ئەم واتـایە وەک ڕێسـایەکی گشـتی چەسـپاوە، زاراوەکە لە سەردەمێکی کۆنەوە درێژەی کێشاوە تێبینی ئەوە دەکەین، کە واتاکەشـی پەرەی سـەندووە، لە ئاخـاوتنی ئەمـڕۆدا بـۆ وردبینـی و وردبوونەوە لە کارکردندا بەکاردێت، کە دەڵێین: (ئازاد فەیلەسوفە)، وەک پێدا هەڵگوتنێکە بۆ بیرو وردبینی و تێڕوانینەکانی.تاوەکو ئێستاش ئەو زاراوانەی کە ئەرستۆ (٣٢٢ پ. ز) دایناوە، لە کتێبەکانی (هونەری شیعر)، (دوانـدەری)، لە بوارەکـانی لۆجیـک و وێـژەدا بەکاردەهێنـدرێن)، (سـمیر شـریف: ٢٠٠٨: ٣٤). زاراوە لە هەمـوو زانسـتەکاندا هەیە و پێویسـتە لە زانستی زمانیشدا، گرینگی بەم بوارە بدرێت، ئامانج لە زاراوەی زمانەوانی و چەمکەکەیـدا، ڕێگانیشـاندانە، چـۆن شـارەزایی و کـارامەیی گرینـگ بەکـاردەهێنین، لە بـارەی زانیـارییە زینـدووەکانەوە، کە دەمانەوێـت وەک پەیڕەوێکی زانستی تێبیگەین.

فێربـوون و شـارەزایی پەیـداکردن، تەنیـا بە خوێنـدنەوەی بابەتەکـانی زمانەوانی نابێت، بەڵکو بە هۆی ئەو چەمک و واتایانەشەوە دەبێت، کە لە زاراوە زمانەوانییەکاندا هەن و پەرتوکی تایبەتیان بۆ تەرخان کراوە.

هەر زاراوەیەکـی زمـانەوانی وەربگـرین کۆمەڵێـک چەمـک و زانیـاری هەڵگرتووە، کە پێویستی بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی پسپۆڕیی بـابەتەکەوە هەیە، هەریەک لە زاراوەکانی (دەنگسازیی، وشەسازیی، ئاستەکانی زمـان)، هەڵگـری چەنـد سـیما و تایبەتمەنـدییەکی بـواری زمـانن و پێویسـتیان بە شیکردنەوە و ڕاڤەکردن هەیە، بۆیە بە بۆچوونی ئێمە شارەزایی پەیداکردن

لە زاراوەکانی هەر زانستێک، دەستکەوتنی بڕێکی باشی زانیارییە لەو زانستەدا، زاراوە لە هەموو زانستێکدا، بریتییە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک چەمک و ناوەرۆکی زانستی، بۆ نموونە زاراوەی {بۆشایی ئاسمان}، تەنیا بریتی نییە لە دەربڕینی یەک واتا، بەڵکو کۆمەڵێک چەمک و واتا لە ناو ئەم زاراوەیەدا، هەیە، هەر زانستێک لە چەند بەش و بابەت و پێکهاتەیەک دروست بووە، کە بە زاراوە ورد دەکرێتەوە و دەردەبڕدرێت، بابەتی ڕێزمان لە کۆمەڵێک بەش پێکدێت: (بکەر، بەرکار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، کار، ناو....)، ئەگەر زاراوە نەبێت، گرینگی بەشەکانی ئەو زانستە دەرناکەوێت. واتە:زاراوە سروشتێکی ڕێکخراوەیی هەیە، بەوەی کە زانستە جۆربەجۆرەکان، لە چەند بەش و پارێکدا، کۆدەکاتەوە و ڕێکیان دەخات، بۆنموونە: زانستی پزیشکی (**پزیشکی چاو، پزیشکی دەروونی، پزیشکی هەناو، پزیشکی دەماری**...هتد)، بەبێ سیستەم، زانست ناڕوات بەڕێوە، ئەگەر زاراوەش نەبێت، سیستەم و ڕێکخراو نابێت.

پێویستە ئاماژە بەوەبدەین، کە دانانی زاراوە کارێکی ئاسان نییە و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئەنجام نادرێت، بەڵکو زاراوە، زانستێکە زۆر بوار و لایەن دەگرێتە خۆی، وەک: لایەنی سیستەماتیکی، دەبێتە هۆی ڕێکخستنی زانیارییەکان، بۆ ئەوەی زانست بە سیستەم بێت، بواری لۆجیکی کار لەسەر ئەوە دەکات، کە بۆ ئەم زانیاریانە لۆجیکێک هەبێت شییان بکاتەوە، بۆ نموونە لە بەکارهێنانی زاراوەی (کاری تێپەڕ)، لۆجیکی ئەو کارە دەردەخەین و وەسفی دەکەین، کەپێویستی بە بەرکاری ڕاستەوخۆ هەیە. واتە: لۆجیکی کاری تێپەڕ ئەوەیە، کە پێویستی بە چاڵی بەرکاری ڕاستەوخۆ هەیە.

لۆجیک تەنیا سیمای زانستی ڕێزمان و وشە نییە، بەڵکو سیمایەکە لە سیماکانی زانست بە گشتی، زاراوەش ئامرازی دەرخستنی لۆجیکە.

تایبەتمەندییەکی دیکە کە لە زاراوەدا هەیە، لایەنی ئەبستراکتە بۆیە دەتوانین بڵێین، تایبەتمەندی ئەبستراکت، گرینگییەکی زۆری لە لایەنی هزریی و واتایی زاراوەدا هەیە، بەیەکێک لە سیما گرینگەکان دادەندرێت، تەجرید بە ئاشکرا لە زاراوەدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە: بیری مۆرفیم لە

بنچینەدا، بیرێکی ڕووتە داهێنانی زاراوە، پەیوەندی بە داهێنانی زانستییەوە هەیە، ئەمەش لە زانستی زمان و زانستەکانی تریشدا، هەر بەم جۆرەیە، دەشێ داهێنان لە بەشێکی بچووکی زانستدا بێت، زاراوەکەش، بۆ ئەو بەشە بچووکە دەبێت، دەشێ زاراوەکە بۆ بوارێکی گەورەی زانستی بێت، ئەو کاتە، واتایەکی فراوان دەدات، بۆ نموونە: زاراوەی (**بزوێنە بێ دەنگەکان، مۆرفیمە وشە دارێژەکان**)،...هتد، یان زاراوە بۆ داهێنان بۆ تیۆرێکی هەمەکی بێ، وەک: (**تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە، یان تیۆری ئەرکی..**) لەو ڕوانگەیەوە کە داهێنان چالاکی بیرییە، ئەرکی چالاکی بیریش ئەوەیە کە ناوەستێت، بۆیە داهێنان و دانانی زاراوەی زانستیش بەردەوام دەبێت.

بەهۆی ئەوەی زاراوە، لە هەموو زانستێکدا، ناوەرۆکێکی زانستی دەردەبڕێت، پێویستە بە وردیی کاری لەسەر بکرێت و پسپۆری بوارە زانستییەکە و زمانەوانیش لە دانانی زاراوەکەدا، بەشداری بکەن، مەبەستمان لێرەدا ئەوەیە، کە زاراوەکە بتوانێت مەبەستە زانستییەکە بگەیەنێتە بەرانبەر، بۆ نموونە، کە دەڵێین: ( ڕستەی ڕێزمانی)، بە واتای ئەوە دێت، کە ڕستەکە لە لایەن قسەکەرانی زمانەوە پەسەندە، بە پێچەوانەوە، (ڕستەی نا ڕێزمانی)، لە لایەن قسە پێکەرانەوە، پەسەند نییە، لە هەموو زانستەکاندا، بە هۆی چەمکی زاراوەوە، وێنای تیۆری بۆ وێنای واقیعی دەردەهێندرێت و دەگوازرێتەوە.

زاراوە:پەیوەستە بە بواری زانستی و پسپۆرییەوە، تایبەتە بە کەسانی تایبەت لە بوارێکی تایبەتیدا، هەربوارێک لە بوارەکانی زانستدا، زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە، زانست لە ڕووی هەڵسوکەوتەوە لەگەڵ زاراوەدا دابەش دەبێت بۆ: زانستەمرۆڤایەتییەکان، (وەک: کۆمەڵناسیی، دەروونناسیی، زمانەوانی...هتد) زانستە ماددییەکان (وەک: کیمیا، فیزیا...هتد)، زانستە تەکنیکییەکان(وەک: پیشەییەکان و بەرهەمەکانی) بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کە زاراوە وشەیە، بەڵام وشەیەکی ورد و تایبەتمەندە، وشە واتاکەی کراوەیە بواری بەکارهێنانی لە سیاقی جۆراو جۆردا هەیە، بە پێچەوانەی زاراوەوە، کە واتاکەی بەندە بە بوارێکی دیاریکراوەوە.

تایبەتمەندی فێربوونیش، لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی بیرو چەمکی زاراوەیە و بۆی هەیە بە هێزترینیان بێت، بۆ نموونە، ئەگەر پرسیارێک بکەین، چۆن دەتوانین فێری زانست ببین، ئە گەر زاراوەی تێدا نەبێت؟ لەوانەیە بیرۆکەکە ئالۆزتر دەربکەوێت، ئەگەر بڵێین: بەبێ زاراوە، دەتوانین فێری زانست ببین؟! دانانی زاراوە وا دەکات، واتاو چەمکەکان بۆ فێربوون شیاوبن. (سمیر شریف:٢٠٠٨: ٣٥٢).

زۆر بواری دیکە هەیە، کە پێویستە لە زانستی زاراوەدا، گرینگی پێبدرێت، بە بۆچوونی ئێمە زمانی کوردی لە بواری زاراوەسازیدا، لە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکیدا، هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی پێویست، بۆیە تاوەکو ئێستاش نەمانتوانیوە زمانی زانست بە تەواوەتی بەکوردی بکەین، زاراوەی پێویستمان بۆ سەرجەم بەش و بوارە زانستییەکان نییە، لە بەرئەوەی زمانی ئاخاوتن لە زمانی زانستی جیاوازە، بەڵام بەهۆی چەند ڕێگایەکەوە، دەتوانین هەردوو بوارەکە دەوڵەمەند تر بکەین و زیاتر گرینگیان پێبدەین، چەند ڕێگایەک لە زمانی کوردیدا، بۆ دروستکردنی وشە و زاراوە هەیە، کە سوودێکی زۆر بە فەرهەنگی زمان دەگەیەنن، میتافۆریش بە ڕێگایەک دادەندرێت، بۆ دروستکردنی زاراوە و دەوڵەمەنکردنی فەرهەنگی زمان، هەروەها بەشێکی زۆری وشەی دروستکراو، لە زمانی کوردیدا، لە ڕێگای لێکدانی ناڕاستەوخۆی پێکهاتەکانیانەوە واتا دەبەخشن، میتافۆر، لەم بارەدا ڕۆڵێکی گرینگی لە دیاریکردنی واتاکاندا هەیە، وەک لە خوارەوە، ئاماژەی پێ دەکەین:

**١\٥-١) بەکارهێانی وشەی تاک (سادە)**

تاکە وشە یان وشەی سادە، لە زانستە مرۆڤایەتییەکان و زانستەکانی دیکەشدا زۆر بەکاردێت، بەکارهێنانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وشەی سادە، بەرهەمیکە لە بەرهەمەکانی زاراوە. پێویستە لێرەدا، ئاماژە بەوە بدەین، کە زۆربەی جار ئەم وشە سادانە لە بوارەکەی خۆیەوە بۆ بواری دیکە دەگوازرێنەوە، واتایەکی تر دەگەیەنێت، بۆیە میتافۆر لەم ڕووەوە

ئەرکێکــی بەرچــاو لە دروســتکردنی زاراوەی زانســتیدا دەبینێــت، ئەم دۆخەش لە زانستی زمان و زانستەکانی تریشدا بەرچاو دەکەوێت، وەک:

**{ ڕەگ، چاوگ، کار، پیت...هتد}.**

**١\٥-٢) لێکدان و میتافۆر (Compounding):**

لێکــدان، بــریتییە لە کــردەی دروســتبوونی وشــەیەکی نــوێ، لە دوو مۆرفیمی سادەی واتادار یان زیاتر، وەک: شاجوان، باڵابەرز، خوێندنی باڵا، نانکردن..هتد.

لێکدراو ( وشەیەکە لە سەرە و دیارخەرێک پێکدێت)، (محمد علی الخولی: ١٩٨٢: ٥٠) دەشــێ نــاو بێــت، وەک: تــۆپی پــێ، یــان ئاوەڵنــاو بێــت، وەک: چاوجوان، یان کردار بێت، وەک: خەمخواردن، لە تۆپی پێدا، (تۆپ)، سەرەیە و (پــێ) دیـارخەرە، لە (بـاڵابەرز) دا، (بـاڵا) سـەرەیە و (بەرز) دیـارخەرە، لە (خەمخواردن) دا، (خەم) سەرەیە و (خواردن)، دیارخەرە).

لێکدان بە ڕێبازێکی چالاکی دروستکردنی زاراوە دادەندرێت، بە چەندین ڕێگـا وشـەی لێکدراو لە زمـانی کوردیدا دروستدەکرێت، مەرج نییە واتـای وشــە لێکـدراوەکە، لە واتـای ڕاسـتەوخۆی کەرتەکـانییەوە بێـت، بـۆیە لەم ڕێبازەشــدا، میتــافۆر ڕۆڵێکــی گرینگــی هەیە ســەرەڕای ئەمەش بەشــێکی زۆری وشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا، جگە لە واتـای بنەڕەتی واتـایەکی تریش دەگەیەنێت، وەک: { **سەری گەورە، دەست بە سەر، دەم ڕووت، سەر ڕاست، لێو بە بـار، چوارچـاو، گوێ سـووک، خـوێن گەرم، ئێسک گـران، خوێن شیرین، دەست پاک**...هتد}.هەریەک لە وشەکانی (**خوێن گەرم، ئێسک گران، سـەری گەورە، دەم ڕووت، سەرڕاسـت**)، وەک ئیدیۆم بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردێن و چالاکن.

هەنــدێک وشــەی لێکـدراو دەکرێــت، بە هەردوو واتــای ڕاســتەوخۆ و میتــافۆر لێکبــدرێنەوە، وەک (**دەســت درێژیــی**)، کە دەشــێ، مەبەســت لە (دەسـتیدرێژ بێـت)، لــە ڕووپێیـوانەوە، هەروەهــا، دەشـکرێت، مەبەسـت لە زۆرداریی بێت، کە میتافۆرە.

بەڵام هەندێکی تر تەنیا بە واتای ناڕاستەوخۆ، لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، وەک(**خــوێن گەرم**)، (**خــوێن ســارد**)، (**دەم ڕووت**)، واتە: واتــای وشــە

لێکـدراوەکان، لە گەڵ واتــای بەشــە پێکهێنەرەکــانی یەک نــاگرێتەوە، بــۆ نموونە، ئەگەر بڕوانینە وشەی { خوێن شیرین }:

**خوێن + شیرین ——— خوێن شیرین**

وشەی **(خوێن)**، لە ڕووی زانستییەوە، خاوەنی چەند سیمایەکی تایبەت بە خـۆیەتی، بەهـۆی تـامەوە تایبەتمەنـدییەکانی شـیناکرێتەوە، لە واقیعـدا خوێن بە تامی شیرینی و تاڵییەوە ناناسرێتەوە، بۆیە بە واتـای ڕاستەوخۆ لێکدانەوەی بۆ ناکرێت. هەروەهـا، ئاوەڵنـاوی **(چوارچـاو)**، لە دۆخـی خسـتنە پاڵدایە، دیارخەر و دیارخراو، لە ئاستی واتاسازیدا یەکناگرنەوە:

**{ چوار چاو}: (لە دونیای ڕاستەقینەدا، مرۆڤی چوارچاو نییە)**، دەتوانین هەمان لێکدانەوە بۆ وشەکانی تریش بکەین.

بە بۆچوونی ئێمە، پێویستە، بە توێژینەوەی سەربەخۆ، بە دوای هۆکاری دروسـتبوونی ئەم جـۆرە میتـافۆرانە لە زمـانی کوردیـدا بگەڕێـین، کە ژمارەیان لە وشـەی لێکدراودا زۆرە، بیرمەندیی تاکی کورد لە وشـەکاندا، ڕەنگدانەوەی هەیە، بـۆ نمـوونە، تـاکی کـورد، درکـی بەوە کـردووە کـە لە ساردیدا، سیمای خاوبوونەوە هەیە و لە گەرمیدا وزە بەخشین هەیە، ئینجا هەردوو میتـافۆری **{ خــوێن گەرم}**،**{ خــوێن ســارد }**، هــاتۆتە نــاو زمانەکەیەوە، کە دواجار ئەمانە بە ڕێژەیەکی فراوان دەکەونە ناو زمانەوە و فەرهەنگەکەی دەوڵەمەند دەکەن، بە ڕادەیەک ئێمە دەتوانین فەرهەنگێک بـۆ ئەو وشـە لێکدراوانە دابنێین، کە واتـای خوازراویـان هەیە **{ لـچ شـۆڕ، لووت خوار، گوێ سووک، بێ مێشک، دوو ڕوو، دوو زمان، دەم شڕ، چاو زەق، چاوپان، دەست کورت، دەستلێهەڵگرتن، چاولەدەر..هتد }.**

**١\٥ـ٣) بە پێکهاتە بوون:**

لەم بـارەدا، بەشـەکان تەنیـا پێکهـاتەن، دواتـر پەسـەند دەکـرێن و وەک وشەیەکی دی بەکاردێن: بۆ نمـوونە هەردوو وشـەی**(گسک)** و**(کارەبا)**، لە دۆخــی خســتنە پاڵــدا چــوونەتە پــاڵ یەک و وشــەی {گســکی کارەبــایی} پێکهاتووە. هەر بەهۆی پێکهاتە بوونەوە، بۆی هەیە، ئەو وشـانە بچنە پاڵ یەکتری، کە هاوڕێیەتییان نییە:

**{ خەندەیەکی شیرین، یادگارییەکی تاڵ، ڕوویەکی ترش}.**

**ـ تێئاخنین (هاوپێچکردن):**

بەرکار + کار = کارێکی بە وشە بوو

سوێند + خواردن ⟵ { سوێندخواردن}

شیرینی + خواردنەوە ⟵ شیرینی خواردنەوە { بۆ بۆنەی بووک گواستنەوە }.

**١\٥ـ٤) داڕشتن:**

دروستکردنی وشەیەکی نوێیە لە فۆرمێکی سادە، بەیاریدەی گیرەکەکان، یان مۆرفیمی ڕەگ، لەگەڵ پێشگر و پاشگرە وشە داڕێژەکان ئەم ڕێبازە بە تایبەتی لە زمانە لکاوەکاندا زۆرتر بەکاردێت (Agglutinative)، بۆ نموونە: بێ + هێز ⟵ بێهێز

ب + کوژ ⟵ بکوژ. بەڵام زمانە ناوگرییەکان، بە زۆری بەهۆی ناوگرەوە، وشەی داڕێژراو دروست دەکەن. (محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠٠٦: ٥٧).

گوێگر،کە ئەم وشانە لە چوارچێوەی ئاخاوتندا دەبیستێت، دەتوانێ تێیان بگات، بە هۆی ڕوونی پارچەکانییەوە، بۆنموونە: وشەیەکی وەک (دارستان)، پێکهاتووە لە (دار) و پاشگری (ستان)، واتاکەی ڕوونە بە واتای شوێنێک دێت، کە داری لێ بێت ( ١٢١ :Stagaberg). واتای وشەی داڕێژراو ڕوونە، بەهۆی ڕوونی ئەو بەشانەی، کە وشەکەی لێ پێکهاتووە،

هەتاوەکو ژمارەی وشەی داڕێژراو و لە زماندا، کەمتر بێت، شیمانەی ڕوونی واتایی، کە لە پەیوەندی نێوان وشە و واتاکەیدا، دروست دەبێت، کەمتر دەبێتەوە، ئەو کات، بۆ دیاری کردنی واتای وشە دەبێ بگەڕینەوە بۆ بەکارهێنانەکانی لە ئاخاوتندا، واتە: بۆ دیاری کردنی واتاکەی، ئەو سیاقە دیاری بکەین، کەوشەکەی تێدا هاتووە، دەکرێ بەهۆی ڕێبازی داڕشتنەوە، ژمارەیەکی زۆر وشە دروستبکەین، هەندێک لە وشەکان، لە واتای بنجی دوور دەکەونەوە و واتای دیکە بە دەستەوە دەدەن.داڕشتن، ڕۆڵێکی گرینگی هەیە، لە دروستکردنی وشەو زاراوەی زمانی کوردیدا، لە پاڵ ئەمەشدا، زۆربەی وشە داڕێژراوەکان، واتای خوازراویش زمانەکەمانە.

دەرزی + (ـ لە) ⟵ دەرزیلە { جۆرە گیایەکە}.

دەست + ( ـ ە)⟵ دەستە { دەستە ژن}.

١١\٥ـ٥) **پۆلگۆڕین:**

لێرەدا، وشەیەک لە بواریکەوە بۆ بوارێکی دی یان بەشێکی دیکە یان لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی دی دەگوازرێتەوە، وەک: پۆلگۆڕین، لە بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناوەوە، بۆ بەشە ئاخاوتنی ناو، ئاوەڵکار.

هەژار: ئاوەڵناوە، (پیاوێکی هەژارە).

وشەی (هەژار)، لە زمانی کوردیدا، پۆلی خۆی دەگۆڕێت و لە بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناوەوە، بۆ بەشە ئاخاوتنی (ناو)، وەک:

{ **هەژار جوان دەنووسێت**} گواستراوەتەوە بۆ بەشە ئاخاوتنی ناو.

١١\٥ـ٦) **وەرگرتنی زاراوە:**

بریتییە لە گواستنەوە و وەرگرتنی زاراوە بۆ زمانی دایک، ئەم ڕێگایە دانان و دروستکردنی زاراوەی تێدا نییە، بەڵام بە ڕێنووسی ئەو زمانە دەنووسرێت، کە زاراوەکەی وەرگرتووە. لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا، ژمارەیەکی زۆر وشەی خوازراو هەیە، وەک: سەلاجە، سەیارە، ئەلەمنیۆم، نمایش، قەربالغ، بالیۆز، مەتحەف..... هتد.

وەک هەر زمانێکی دیکە ئێمەش دەتوانین، فەرهەنگێک بۆ ئەو وشانە ئامادە بکەین، کە وەرمانگرتوون، بۆ ئەوەی لە وشە ڕەسەنەکانی زمانەکەمان جیایان بکەینەوە، لە هەمان کاتدا بۆ ئیتیمۆلۆجی زمانەکەشمان بە سودە، لە زمانی کوردیدا، ژمارەیەک زاراوەی بواری جۆراوجۆرمان وەرگرتووە، وەک:

- بیروباوەڕێکی تایبەتی ئاینی: زەکات، حەج.
- زاراوەی زانستی: مۆرفیم، بەکتریا، مایکرۆ، کامیرا.
- ئابوری: سپلیت، مۆبایل.
- تەکنۆلۆجی: کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، داتا، ئیمەیل، فەیسبووک.
- کۆمەڵایەتی: پێرفێکت، سۆشیال، پرۆفیشنال...هتد.

(هەندێکجار وشە بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ، دەچێتە ناو زمانێکی دیکەوە، وشەی (سلام) ی عەرەبی، خەڵکی مەلایۆ وەریانگرتووە، بە (salang) گۆی دەکەن، دواتر ئینگلیزەکان لە مەلایۆیان وەرگرتووە بە (solong) گۆی دەکەن)،( ابراهیم ڕنیس: ٢٠٠٣: ١٢٣).

((زمان، بە بەشێک لە ڕۆشنبیری وکەلچەری کۆمەڵگا دادەندرێت، پەیوەندی زمان بە کۆمەڵ، پەیوەندی بەشە بە گشت))، ( هدسن: ١٩٨٧: ١١). بەهۆی ئەم پەیوەندییەوە، کارێکی نامۆ نییە، زمانێک وشە وەربگرێت و بیخاتە ژێر ڕکێفی دەستوورو یاسای خۆیەوە. بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی شێوازی وەرگرتنی ئەم وشانە بکەین، لە زمانی کوردیدا، چۆنیەتی ئەم گونجان و ڕێککەوتنە دەبینین، وەک: (**ئیسپات، ئەساس، سەروەت، مەتەڵ، فرسەت، قەرز، ئیمزا، ئەلعان، وەرشە،... هتد)**، کە لە ( **أثبات، أثاث، ثروة، مثل، فرصة، قرض، أمضاء، الآن،** work shop )ەوە، هاتوون.

ئەم جۆرە دەستکاریکردنەی وشە، کارێکی گرینگ وپێویستە، لەبەر ئەوەی وشە وەردەگیرێت، بۆ ئەوەی لە سەر وشەکانی زمانی کوردی کەڵەکە بکرێت، بەم جۆرە دەستکاری کردنەش، هەندێک جار بە جۆرێک جێگیردەبن ودەچەسپێن، نەک تەنیا تەنگ بە وشەی کوردی هەڵدەچنن، بەڵکو گەلێ جار شوێنیشیان دەگرنەوە، ئەم ڕێگایە بە گونجێنراو یان تێکهەڵکێش ناودەبرێت، ڕێبازێکە لە نێوان وەرگرتنی زاراوە و گونجاندنی لە گەڵ یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکان دایە، زمانی کوردی سوودی زۆری لەم ڕێگایە وەرگرتووە، لە ڕووی دەنگسازی و وشەسازییەوە، دەستکاری ئەو وشانەی کردووە، کە هاتوونەتە نا و زمانەکەوە، ئەم ڕێگایە، هەندێکجار بە ( بەکوردیکردن)، ناو دەبردرێت، لە ڕووی دەنگسازییەوە، ئەو دەنگانەی، کە لەگەڵ زمانی کوردیدا ناگونجێن لا دەبردرێن، یان دەگۆڕێن بە دەنگی دیکە، بۆ نموونە ئەو دەنگانەی لە زمانی کوردیدا، بۆ گۆکردن ئاسان نین، یان ئەو دەنگانەی کە لە زمانی کوردیدا، فۆنیم نین، بە پرۆسەی تێچوونی دەنگدا تێپەڕ دەبن، یان بە فۆنیمێکی دیکە دەگۆڕێن، لە وشەی (عن

القصد)دا، دەنگی (ص) لە کوردیدا فۆنیم نییە، بۆیە دەگۆڕێت بە (س)، لەم وشەیەی خوارەوەدا:

- عن القصد ← ئانقەست

| | |

**ئا س ت**

**ئانقەست**

- ( ساعة) ← سات

- (workshop) ← وەرشە

هەندێک وشە، بە جۆرێک گۆڕاون، لە ڕووی دەنگ و ڕێنووسەوە، بە ئاسانی هەستیان پێناکرێت، کە ئەو وشانە بە ڕەسەن کوردی نین: ((المسجد))- ((مزگەوت))، (( ظبط))- ((زەوت))، (( حجة))- ((ئەنجەت))، ((خدمة))- ((خزمەت))، ((بحث )) – ((باس)) ، **((طعم)) )) – ((تام))، ((عن القصد)) – ((ئانقەست))، ((کل وجە)) – ((کلۆج))، ((مشعل)) – ((مەشخەڵ))، ((ساعة)) – ((سات))، ((شۆم)) – ((شووم))، ((معاملة))، - ((مامەڵە))**....هتد.لەبەرئەوەی، زمانەکان لەجیهاندا، پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، وشە لە زمانێکەوە دەچێتە ناو زمانێکی دیکە، ئەو وشانەی دێنە ناو زمانەوە، هەڵگری واتا وچەمکی تازەن.بۆیە لە زمانە نوێیەکەدا، کار لە ئاستی واتا دەکەن و دەیگۆڕن.ئەمەش، لە وشە ئاینی ورامیاری و ئابووری وزانستی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەوێت.

ڕێبازی وەرگرتن، بە زۆری لە ئاستی وشەدا دەبێت، دواتر بەشداری لە پێکهاتەو فرێز و ڕستەدا دەکات. بارودۆخی بازرگانی و زانستی وئابووری وتەکنۆلۆژی و تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندی، هۆکارێکی گرینگن، بۆ وەرگرتنی وشە و گۆڕانی واتا لە زماندا، لەبەرئەوەی، وشە هەڵگری واتایە، بۆیە کاتێک دێتە ناو زمانەوە، ئەگەر بە هۆکاری پێویستی بێت، کاریگەری لە سەر ئاستی واتادا دەبێت ودەوڵەمەندی دەکات.کاتێک، وشەی وەک: (**ئینسکلۆپیدیا، ئینتەرنێت...**هتد)، دێتە ناو زمانەوە، ئاخێوەران، پێویستییان بەوە دەبێت، لە چەمک و واتای ئەم وشانە تێبگەن، بەمەش

ئاستی زانیاری و فەرهەنگی بیریان فراوانتر دەبێت. بۆیە بە بۆچوونی ئێمە نابێــت بە بـــێ ئەوەی پێویســـتمان بە وشـــەی زمانـــانی دیکـــە هەبێــت وەریانبگرین، لە بەرئەوەی زیان بە فەرهەنگەکەمان دەگەیەنێت، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە لە بەرچاو بگرین، کە وشـەی وەرگیـراو بەشێکە لە پێکهاتەی فەرهەنگیـی هەمـوو زمانێـک، بـۆیە نابێـت سـڵ لە وەرگرتنـی ئەو وشـانە بکەیـنەوە، کە زمانەکەمـان پێویسـتی پێـی هەیە، لە لایەکـی دیکـەوە ئەو وشانەی کە وەریاندەگرین، واتاو چەمکی تایبەتیان هەڵگرتووە، کە ئەمەش هۆکـارێکی تـری دەوڵەمەنـدبوونی ئاسـتی واتـایی قســەکەرانی زمــانە، وشەیەکی وەک (داتاشۆ) کە دێتە ناو زمانەوە، سەرەڕای ئەوەی ئامێرێکە، هۆکارێکیشە بۆ شارەزابوون لە کلتوور و زانست و شێوازی گۆڕینی کار، لەبەرئەوەی واتا و چەمکی وشە وەرگیراوەکان کار لە ئاستی بیرکردنەوە و تێڕوانینـی تـاکە قسـە پێکەرەکـانیش دەکەن و بەرە و پێشـەوەی دەبەن، لەبەرئەوەی وشـــە لە ناوەرۆکـدا هەڵگـری چەنـدین زانیـاری و سـیمای تایبەتییە.

هەروەها، کاتێک وشە لە زمانێکەوە، دەگوێزرێتەوە بۆ زمانێکی دیکە، لە پرۆسیسی گوێزانەوەدا، دوچاری دەستکاری و گۆڕان دەبێتەوە، کە ئەمەش بـارێکی دیکـەی گـۆڕانی واتـای وشـەکانی زمانە.یـان بە پـێچەوانەوە، ئەو وشانەی کە دێنە ناو زمانەوە و بۆ هەمان واتا وشەی بەرانبەر لەو زمانەدا هەیە، بـۆی هەیە ببێـتە هـۆی ئەو دۆخەی کە گـۆڕانێکی واتـایی لە وشـە ڕەسەنەکە ڕوودەدات، یان هەندێک زانیاری دیکەی بچێتە سەر، یان تەنیا لە لایەن چینێکی تـایبەتییەوە بەکاربهێنـدرێت. بەشـێک لە وشـە وەرگیراوەکـان دەتـوانن، شـوێنی وشـە ڕەسـەنەکە بگرنەوە، یـان هەردووکیـان شانبەشـانی یەکدی لە زمانەکەدا بەکاربهێندرێن، وەک: ((فەقیر، ئەرز، فکر، عیلاج، عەقل، دەماغ، فەقەرە، ...هتد، کە لە زمانی کوردیدا، ( هەژار، زەوی، چارە، هـۆش، مێشک، بڕبڕە... هەیە)) (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٥:٤٦).

هەندێ لەو وشـانەی وەرمـانگرتووە، بە چەنـد واتـایەک بەکاردێت، وەک: وشـەی (Stress )، لە ئاسـتی مۆرفۆلۆجیـدا، دەکـرێ بەم جـۆرە، پێناسـەی

بکەین: ((زیادە وزەیێکی دەنگییە لە پڕ لە سەر یەکێک لە بڕگەکانی وشە سەر هەڵدەدا))، ( وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ٢٨٤).

لە بواری تریشدا، بە کاردێت:

- ستریسی دەروونی
- ستریسی سۆزداری
- ستریسی کۆمەڵایەتی
- ستریسی تاقیکردنەوە...هتد

١\٥-٧) ڕێبازی **شوێنکەوتوویی و پێوانەسازی:**

مەبەست لە شوێنکەوتن لێرەدا، لاسایی کردنەوە نییە، بەڵکو مەبەست دانانی زاراوەیە بە ڕێگایەکی دیاریکراو بە پێی ئەو یاساو ڕێسا باوانەی کە لەپێشتردا هەبوون و دەبنە پێوانەیەک بۆ دروستکردنی زاراوەی نوێ، ئەمەش لە داهێنان بە دەرنییە، بەڵام شوێنی میتۆد یان قوتابخانەیەکی دیاریکراو بۆ دروستکردنی زاراوە دەکەوێت، بۆ نموونە: ژمارەیەکی زۆری ناو و زاراوەی ڕووەکناسی زمانە رۆژئاواییەکان لە زمانی لاتینییەوە وەرگیراون.

زاراوەدانان، بە پێی پێوانە و شوێنکەوتنی ڕێبازی کۆن، لە زمانی کوردیشدا، سوودی لێ وەرگیراوە، هەندێک جار زاراوە لەسەر هەمان پێوەری وشە فەرهەنگییە کۆنەکان دروست دەکرێتەوە، بۆ نموونە پاشگری ((گە))، یەکێک بووە لەو پاشگرانەی کە لە کۆنەوە چەندین زاراوەی پێ دروست کراوە، فەرهەنگی ڕەسەنی زمانەکەمان بەو وشانە، ئاشنایە: { هەوارگە، کێڵگە، بازاڕگە، سەیرانگە، کۆڵەگە، پەناگە، ئاشگە، نزارگە، کارگە، ئارامگە، حەشارگە، مەلەوانگە} لە سەر هەمان پێوەر، چەندین زاراوە دروستکراوە: (**نشینگە: مطار، شوشتنگە: غسل، تۆمارگە، خەڵوەتگە، دایەنگا، خوێندنگا، فەرمانگە، خواردنگە، پرسگە، خێوەتگا، پەیمانگا، پەرستگا، دادگا، (( ڕوانگە، ئێستگە))** ، (مەسعود محەمەد:٢٠١١: ٨٩ ).

ڕێبازی شوێنکەوتن، کە پێوانەسازیشی پێدەڵێن، ڕێگایەکی دیکەیە بۆ هاتنەکایەوەی وشەی نوێ لە زماندا، لەسەر هەمان پێوانەی وشە

دروستکردن، کە لە پێشتردا هەبووە، زمانی کوردی سوودی زۆری لێ وەرگرتووە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا، دەتوانین لە بواری زاراوەداناندا کەڵکی لێ وەربگرین و بەهۆیەوە زمانەکەمان دەوڵەمەند بکەین، دەتوانین دووبارە یاسا کۆنەکان ببوژێنینەوە و بەکاریانبهێنینەوە.

**٥\١ــ ٨) موتوربە کردن:**

هەندێکجار، ئەگەر بۆ زاراوەیەک ڕەگێکی کوردی نەدۆزرێتەوە، لە زمانێکی دیکەوە وەریدەگرین، یان پەنا دەبەینە بەر موتوربەکردن، کە وشە یان بناغەی زمانێکی تر وەردەگرین، لەگەڵ وشەیەکی کوردی لێکی دەدەین، یان پاشگرو پێشگری کوردی بۆ زیاد دەکەین، وەک: { ئیسلام بوون، حەجکردن، عەباپۆشین..هتد }. لەم ڕێگایەدا، بەشیک لە وشەکە کوردییە، بەشەکەی دیکەش وەرگیراوە، بۆ نموونە، لە وشەی (حەجکردن) دا، وشەی حەج عەرەبییە، کردن، چاوگێکی کوردییە، بە هەردوو بەشەکە چاوگێکی تازەیان دروست کردووە.

**٥\١ ـ٩) داتاشین (Clipping):**

((داتاشین، ڕێبازێکە بۆ سازکردنی زاراوەی نوێباو لە دوو وشەی سادە، پاش قرتاندن وفڕێدانی دەنگێک یان زۆرتر لە یەکێک لە وشە سادەکان یان هەردووکیان، ئینجا دانەوە دەم یەکیان و پێکهێنانی زاراوەیەکی نوێ))، (جەمال عەبدول:٢٠٠١: ١٩) ئەم ڕێبازە بۆ دارشتنی وشەی ئاسایی و زاراوەی زانستییش سودی لێ وەردەگیرێت، بە زۆری بۆ دروستکردنی ناو بەکاردێت:

وشکانی + ئاوەکی ـــــ وشکاوەکی

هەندێک، وایدادەنێن، داتاشین زانستییە، لەو باوەڕەدان کە هەموو وشە داتاشراوەکان، بونیاتێکی درێژیان هەیە، بەهۆی ئەم ڕێبازەوە دروست دەکرێن. پێیان وایە، ڕێبازی داتاشین لە هەندێ باردا پێویستە و دەبێ بەکاری بهێنین. زمانەکان، لە کۆنترین شێوەیاندا، کەبەدەست ئێمە گەیشتوون، ئەو وشانەی بەکاریانهێناوە، لە ژمارەیەکی زۆر دەنگ پێکهاتوون و بونیاتێکی درێژیان هەبووە و برگەی زۆری تێدابووە، ئەم

زمانانە بە تێپەڕبوونی کات بەرەو کورتی و کەمبوونەوەی بڕگەکان چوون. (هیچ گومانێک لەوەدا نییە، کە ئاراستەی گشتی لە هەموو زمانەکاندا، بەرەو کورتکردنەوەی پێکهاتەی وشەکانە)، ( ابراهیم أنیس:٢٠٠٣: ٧٧).

ئـــێمە پێمـــان وایە، لەبەرئەوەی لەم ڕێبـــازەدا، بونیـــاتی وشـــەکان کورتـــدەکرێتەوە و هەنـــدێ لە دەنگەکـــان دەقرتێنـــدرێن، ئەم ڕێگـــایە بـــۆ زاراوەدانان زۆر چالاک نییە و بە ڕێژەیەکی کەم بەکاردەهێندرێت، بەڵام لە هەنـــدێ بـــاردا بەمەبەســـتی کـــورتکردنەوە و ئـــابووریکردن لە ئاخـــاوتنی ڕۆژانەدا، یان لە بواری زاراوەسازیدا سوود لەم ڕێگایە وەردەگیرێت.

**٥\١١ ـ١٠) ڕێبازی وەرگێڕان و وەرگێڕانی دەربڕینە مێتافۆرییەکان**

وەرگێـــڕان ناوەنـــدێکە لە نێـــوان دوو زمانـــدا، هەڵگـــری زانیـــاری دوو ڕۆشنبیرییە، پەیوەستبوونێکی زانستی نێوان دوو هۆشە، هەروەها هۆکاری پەیوەنـــدی نێـــوان دوو شارســـــتانییەتە. وەرگێـــڕان هۆکـــارێکە بـــۆ دەوڵەمەندکردنی زمان و پەرەسەندنی وشە و زاراوە. بەهۆی وەرگێڕانەوە، هەنـدێ وشـە و واتـا و چەمکـی تـازە و هەنـدێکجار بەکارهێنـانی نـوێ، دەکەوێتە نـاو زمـانەوە. ئەگەر وەرگێـڕان کـارایەکی هـزری و بیـری بێت، کاریگەری لەسەر پەرەسەندن و بووژانەوەی هـزر دەبێت، پاڵنەرێکیشـە بۆ گۆڕان و پەرەسەندنی زمان بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ ئاستی پێشکەوتن و تەکنۆلۆژی گەلانی تر بەڕێوە بڕوات( منذر عیاشی : ٢٠١٣ : ٣٥) بەهـۆی وەرگێڕانەوە، ژمارەیەک وشـە و دەستەواژە و فرێز و ڕستە، کەوتوونەتە ناو زمانەوە، لە ڕووی هزرو واتاشـەوە، زمـان دەوڵەمەند دەکەن، پێویستە تێبینی ئەوە بکەین، کە وەرگێڕانی دەربڕینە مێتافۆرییەکـان کـارێکی ئاسـان نیـــیە و پێویســـتی بە وردبـــوونەوە هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەیە مێتـــافۆر پەیوەنـــدی بە کۆمەڵگـــاو کلتـــوورەوە هەیە، لەم ڕووەوە هەر زمانێـــک، تایبەتمەندی خۆی هەیە، نابێ دەربڕینە مێتافۆرییەکان بە واتای ڕاستەوخۆ وەربگێڕین، مەرجیش نییە ئەو مێتافۆرەی لە زمانێکدا هەیە، بەرانبەرەکەی لە زمـانێکی تـردا هەبێـت، بەڵام لە گەڵ ئەوەشـدا، هەنـدێ لێکچوانـدن و مێتافۆر بە ڕێگای وەرگێڕانەوە دەکەونە ناو زمانەوە و دەوڵەمەندی دەکەن،

بۆ نمونە، لە زمانی عەرەبیدا (یعمل كالنحلة)، لە زمانی كوردیدا دەبێتە( وەک مێروولە كاردەكات: واتە: چالاكە)، هەروەها (As old as hills) لە زمانی ئینگلیزیدا، دەبێتە (وەک هەولێر كۆنە)، لە زمانی كوردیدا، ( محمود عكاشە:٢٠٠٥ :١٨٢). دەربڕینی یەكەم، وەک خۆی وەرگێڕدراوە، بەڵام لە دووەمدا، سوود لە بیرۆكەكە وەرگیراوە.

لێرەدا، بۆمان دەردەكەوێت، كە هەندێک لە دەربڕینە میتافۆرییەكانمان، ئەوانەن، كە لە زمانانی دیكەوە بۆ زمانی كوردی وەرگێڕدراون، بۆ نموونە زۆرجار لە ڕۆژنامەكاندا یان لە ڕاگەیاندنەكانە كوردییەكاندا، چەند دەستەواژە یان كورتە ڕستەیەكی وەک: { **شەقامی كوردی، شەقام بەم بڕیارە ڕازی نابێت، كاردانەوەی شەقام، ماڵی كورد یەكدەخەینەوە، بەهاری كوردی و بەهاری عەرەبی**} بەرچاو دەكەوێت، كە بیرۆكەكانیان لە هەر سێ وشەی (شارع) و (بیت) و(ربیع)ی زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە و زاراوەی بواری ڕامیارین. ئەم دەربڕینە میتافۆرییانە، لە زمانانی دیكەوە كەوتوونەتە ناو زمانی كوردییەوە، لە ڕێگای تێكەڵاو بوون بە ڕۆشنبیری میللەتانی دیكە، یان لە ڕێگای هۆكارەكانی ڕاگەیاندنەوە، لەم قۆناغەی ئەمڕۆی زمانی كوردیدا، پێویستە زیاتر گرینگی بە وەرگێڕانی ئەو بابەتانە بدەین كە لە ڕووی زانستییەوە گرینگن لەم ڕووەوە سەرەڕای گرینگی پێدانی لەلایەن تاكەكەس و زانایانەوە، پێویستە بە بڕیارێكی سیاسی باڵا دەزگای تایبەت، بە وەرگێڕان و دامەزراوە و خولی تایبەت و گۆڤار و بڵاوكراوەی بۆ تەرخانبكرێت.

١\٥- ١١) **بچووككردنەوە:**

لەزمانی كوردیدا، كۆمەڵێک پاشگر هەیە، كە ڕۆڵی بچووككردنەوە دەبینن، یان واتای خۆشەویستی و نازداری دەگەیەنن، هەندێكجاریش بۆ كەمكردنەوە و شكاندنەوەی بەرانبەر بەكاردێن، هەندێكیان چالاكن و هەندێكیان ئەوەندە چالاک نین.

ئەم ڕێگایە، سەرەڕای ئەوەی بۆ بچووككردنەوە بەكاردێت، هەندێكجار لە دروستكردنی وشەی نوێدا، ڕۆل دەبینێت، بۆ نموونە:پاشگری (**یلە**)، لەم

نموونـــانەی خـــوارەوەدا، جـــگە لە بچـــووککردنەوە، نـــاوێکی نوێشـــی دروستکردووە:

ئەنگوست + (یلە) ←—— ئەنگوستیلە

خڕ + (یلە) ←—— خڕیلە

هەروەها، پاشگری (یلکە)، کە پاشگرێکی بچوککردنەوەیە، وەک:

قۆدی + (ـ یلکە) ←—— قۆدیلکە

گۆم + (ـ یلکە) ←—— گۆمیلکە

جام + (ـ یلکە) ←—— جامیلکە

ـ هەروەها، بۆ بچووککردنەوەی ناویش، سوود لەم پاشگرە، وەرگیراوە

فاتم + ( ـ یلکە) ←—— فاتیلکە

بەڵام لە وشەی (چاویلکە)دا، ناوی ئامێری دروستکردووە.

**٥\١ـ ١٢) داهێنان Invention**

(( گۆڕینی واتای هەندێ وشەیە، بۆ گەیاندن و سازکردنی هەندێ بیر و زاراوەی نوێ)) (شێرکۆحەمەدەمین قادر: ٢٠٠٢:١٤).

ڕا + کێشان ←—— ڕاکێشان { بەرانبەر بردنی کەسێک بۆ دەرەوەی وڵات}.

هەنـدێکجار زاراوەیەک، پـێش سـەرهەڵدانی نـاوەرۆک و چەمـکەکەی پێشـنیاز دەکرێـت، ئەمەش دەچێـتە خـانەی داهێنـانەوە، ( هەروەک چـۆن سوسـێر، وێنـای ئەو زانسـتەی کـرد، کە لەنیشـانەکان دەکـۆڵێتەوە، کە لەو کــاتەدا، بـوونی نەبـوو، نـاوی لێنـرا ( زانســتی نیشــانەکان)، (سـمیر شریف:٢٠٠٨: ٣٥٤).

**٥\١ـ ١٣) لاسایی کردنەوە (وشە دەنگییەکان) Echoism**

ئەو وشـانەن، کە لە ئەنجـامی لاسـایکردنەوەی دەنـگ ودیاردەکـانی سروشـتەوە پەیـدادەبن، وەک: خوڕەخـوڕ، گـڤە گـڤ، هـاژە هـاژ، لـوورە لوور...هتـد. بەهـۆی ئەم ڕێگـایەوە، ژمـارەیەکی زۆر وشـە دەکەونە نـاو فەرهەنگـی زمـانەوە، هەنـدێکجار ئەو وشـانەی کە لە ئەنجـامی لاسـاییکردنەوەی دیاردەکـانی سروشـت و نـاوی دەنگـەوە پەیـدابوون،

واتاکانیـــان دەگۆڕێــت و بــۆ بــواری تــر بەکـــاردێن، کە دەبــنە هــۆی دەوڵەمەندکردنی ئاستی فەرهەنگ و واتا، بۆنموونە: (پرتەپرت)، وشـەیەکە، لە بنجـدا، لەلاســاییکردنەوەی دەنگــی سروشــتییەوە پەیـدابووە، بەڵام بـۆ مرۆڤ گوێزراوەتەوە:

- پرتەپرت

فانۆسەکە{ پرتەپرت دەکات } ⟵ {ئاگرەکەی پێدەبێت و دەکوژێتەوە} .

|

ژنەکە{ پرتەپرت دەکات } ⟵ {لە بەرخۆیەوە قسە دەکات}.

- تەپەتەپ

: تەپەتەپی تۆپ.

|

: تەپەی پێ.

: خانووەکە تەپی {ڕوخا}.

: باری ئابووریمان داتەپیوە. { مێتافۆر}.

ـ لە چیرۆکی فۆلکلۆردا:

{ ئەوە کێیە تەپە تەپ دەکات
کاسە و کۆتم پڕ لە خۆڵ دەکا
میوانم هەیە و شەرمەزارم دەکا}.

- بۆرە بۆر

ـ بۆڕە بۆڕ: مانگاکە بۆڕەبۆڕ دەکات.

ـ بۆڕەم لێدەکات.

ـ گارە گار: مریشکەکە گارەگار دەکات { هێلکەی پێیە}

گواستنەوە بۆ مرۆڤ: { ئەو پیاوە هەمیشە گارە گار دەکات}.

- نوکە

نوکە نوک: دەنگی گریان.

نــوکە: دەنگــی مۆبایــل {نــوکەم بــۆ دەکات}ــــ{زەنگ دەنێــرێ و دەیکوژێنێتەوە}.

**١١ــ١٤) وشەی کورتکراوە curtailed Word**

(بــریتییە لە وەرگرتنــی وشـــەیەک، لە وشـــەیەکی دیکـــە، بە ڕێگـــای کورتکردنەوە، وەک وشـەی docکە کورتکراوەی Doctor) ە، (محمد علی الخولی:١٩٨٢: ٦٢).

**١١ــ ١٥) ئەکرۆنیم:**

بـریتییە لە وەرگرتنـی نـاوی پیتـی یەکەمـی وشـەکان و خوێنـدنەوەیان بەسەریەکەوە، وەک:

- یەکێتی نشتمانی کوردستان{ ی.ن.ک}
- پارتی دیموکراتی کوردستان{ پ.د. ک}

ئەم ڕێگایە لە زۆر بواردا سوودی لێوەرگیراوە، هەروەک لەو ڕێکخراوە جیهانییەدا دەیبینین، کە پێیدەوترێت (یونسکۆ) ــ (UN).

**١١ــ ١٦) ڕێگای تێکەڵکردن و تێکهەڵکێشکردن (Blending)**

دروستبوونی وشـەیەکە، کە لە یەکگرتنی دوو وشـە یـان زیـاتر پێکدێت، لەگەڵ پاراسـتنی بەشــە پێکهێنەرەکـانی، وەک: (ڕۆڤـار)، کە دارێـژراوە، لە (ڕۆژنـامە + گۆڤـار) لە ئەنجـامی وەرگرتنـی بەشـی یەکەمـی وشـەیەک و لێکدانی لەگەڵ بەشی دووەمی وشەیەکی دیکەدا دروست بووە.

**١١ــ ١٧) بنجەوانی میللی ( Folk etymology):**

گۆڕینی واتا یان شێوەی گۆکردنی وشەیەکە، بۆ ئەوەی زیاتر بگونجێت، لەگەڵ وشـە ناسـراو و باوەکـان، کە ئێسـتا لە زمـانەکەدا هەیە. (هەنـدێکجار قسەکەر، شێوەی گۆکردنی وشەیەک بە هەڵە دەبیستێ، وا دەزانێت، بنچینە ڕاستەقینەکەشی هەر وایە، لە بنجەوانی میلیلیدا، گۆڕانی شـێوەی گۆکردن وا دەکات، شیکردنەوەی هەڵە بۆ واتای وشـەکە بکرێت وشـەی (الثورة)، لە زمـانی عەرەبیـدا، بەهـۆی هەڵە تێگەیشـتنەوە بیسـتەر بە (الفـروة) وەری دەگریت، دواتر بواری چاککردنی نابێت و وشەکە بە واتا نوێیەکە لە هزریدا دەمێنێـتەوە). ( أحمـد عبـدالرحمن حمـاد:١٩٨٣ ، ١١٧)، لە زمـانی کوردیـدا، زۆرجـار (حفصـة)، بە (حەفسـەت)، کـە قسـەکەران بـە هەڵـە وا دەزانـن، ئـم

وشەیە ژمارەیە، بەڵام بنچینە ڕاستەکەی ئەوەیە، کە ئەم وشەیە لە بنجدا ناوة و لە عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە.

٥\١١- ١٨) **جێگۆڕکێی ڕەوانبێژیی (Antonomasia):**

ڕێگایەکە بۆ دروستبوونی وشە و واتای نوێ، هەندێ لە پەیوەندییە واتاییەکان، دەچنە ناو ئەم بوارەوە، وەک:- پەیوەندی دژ یەکیی: لێرەدا، سیمای دژ، دەدرێتە پاڵ وشەیەک و بەهۆیەوە میتافۆرەکە، دروست دەبێت، کە ئەمەش بە ڕێگایەک بۆ دروستبوونی میتافۆر دادەندرێت، ئەو وشانە لەگەڵ یەکدیدا کۆ دەبنە کە خاسیەتی پێچەوانە و دژیان هەیە، وەک ئەوەی وشەکە لەبنچینەدا سیماو خاسیەتی ڕەنگی (سپی) هەیە، بەلام وشەی (ڕەش) دەخرێتە پاڵی( **بەفری ڕەش، ڕۆژی ڕەش، ئازایەکی ترسنۆک، تاڵییەکی شیرین، ڕقم لە خۆشەویستییە، شێتی عاقل، بیرمەندێکی نەفام، خەونی ڕاستی، کۆترێک لە ئاگر، درۆی ڕەش، درۆی سپی، ئەستێرەی کوێر...هتد** ).

هەریەک لە میتافۆرەکان بەهۆی خستنەپاڵ یەکخستنی دیارخەرێکی پێچەوانە یان دژ دروست بوون.

- **بەفری ڕەش**

**بەفر، سیمای{ +سپی} هەیە، کە دیارخەرێکە پێچەوانەی{+ ڕەش}ە.**

**بەفری سپی (واتای فەرهەنگیی، پیتی)⟵ (بەفری ڕەش): (میتافۆر).**

**- بەفری ڕەش، (بەفری ڕەش)، (لە واقیعدا نییە)، لە بارو دۆخێکدا دەبێت، کە بەفر بارینەکە، کارەساتێکی لێ کەوتبێتەوە.**

**ڕۆژ {ڕووناک} + دیارخەرێکی پێچەوانە {ڕەش} ـــــ ڕۆژی ڕەش، بۆ بارودۆخێکی نائاسایی بەکاردێت**

**ئازا { هێز و بڕوا } + دیارخەرێکی پێچەوانە {ترسنۆک} ــــ ئازایەکی ترسنۆک، سەرکێش کەرە.**

**{تاڵ} + {شیرین} ـــــ (تاڵییەکی شیرین) پێچەوانەی یەکترین.**

**{ڕق} + {خۆشەویستی} ــــ ڕقم لە خۆشەویستییە، لە واقیعدا، ڕق و خۆشەویستی، پێچەوانەی یەکترین.**

**{بیرمەندێکی نەفام} ـــــ لە واقیعدا، بیرمەند و نەفام، پێچەوانەی یەکترین، لە دۆخێکی خستنە پاڵی دژیەکدا، دەستەواژەیەکی میتافۆریی دروستکردووە.**

**{درۆی ڕەش} ـــــ لە واقیعدا، درۆ دیاردەیەکی ئەبستراکتە و ڕەنگی نییە.**

(ئەم بوارە پتر لە ڕەوانبێژیدا بەکاردێت، بە ڕێگایەک بۆ گۆڕینی واتاو دەوڵەمەندکردنی ئاستی واتا دادەندرێت، وشەکان لەڕووی واتاوە، جێگۆڕکێیان پێدەکرێت و هەریەک لە میتافۆرەکان، لەگەڵ کەرەسەیەکدا هاتوون کە لە ئاخاوتنی ئاساییدا، هاوڕێیەتییان لە گەڵیدا نییە، ئەو واتایەی کە قسەکەر لە ئاخاوتندا دەریدەبڕێت، پەیوەستە بە چەند جۆرێک لە پەیوەندی واتایی، وەک پەیوەندی جێگرتنەوە وپەیوەندی گونجان، کە سوسێر بە(associative ) ناوی دەبات)، (محمد محمد یونس:٢٠٠٤: ٣١) بۆ نموونە، ئەگەر قسەکەر بیەوێت، فەرمان بە پەڕاندنی سەری کەسێک بدات، دەڵێ:{ لە ملی بدەن، یان ملی بپەڕێنن }، ناڵێت: (گەردنی بپەڕێنن)، لە گەڵ ئەوەدا، جۆرێک لە هاوواتایی درکپێکردن لە نێوان مل و گەردندا، هەیە.

جۆرێکی تر، لە جێگۆڕکێی ڕەوانبێژیی، بەکارهێنانی ئاوەڵناوە بۆ ناوێکی تایبەتی، بۆنموونە: ئەم ئاوەڵناوانەی خوارەوە، بۆ دەربڕینی بێژەی خودای گەورە بەکاردەهێندرێت: ( **ڕەحمان، ڕەحیم، غەفور، عەزیز، مەجید، ڕەزاق...هتد** ). هەندێکجار پرۆسەی دەربڕینی ناوێک یان کارێک یان ئاوەڵناوێکی گشتییە، لە ناوێکی تایبەتی(محمد علی الخولی: ١٩٨٢ :١٨ )، وەک:( **جەلالی و مەلایی** )، ئەم دوو وشەیە، بەکاردێن بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە سەر بەو دوو پارتە بوون، واتە:ئەمانە سەرەتا ناوی تایبەتی بوون، بەڵام دواتر بوون بە گشتی.

جۆرێکی دیکەی میتافۆر، کە بەهۆی ئەم ڕێگایەوە دروست دەبێت، بەکارهێنانی نازناوە، لەجیاتی ناوەکە، وەک: **{ شاعیری سروشت} ـــ گۆران،{دایکی موسوڵمانان } ـ عایشە،{ پاکیزە }: مریەم ...هتد. بەهۆی ئەم ڕێگایەوە، نازناوی( شاعیری سروشت)، لەجیاتی ناوی (گۆران)بەکاردێت.**

## بەشی دووەم: میتافۆر لە وشەی فەرهەنگیدا

## ١\٢) سیاق و کۆتبەند لە گواستنەوەی واتادا

زمان سیستەمێکی ئالۆز و بەیەکداچووی نێوانە یەکەکانە، هەموو زمانێکیش بازنەیەکی کراوەیە بۆ نوێکردنەوە و گۆڕانکاریی لە بونیاتە فەرهەنگیی و پێکهاتەییەکەیدا، بۆ دیارکردنی واتای وشە، پێویستمان بە دیاریکردنی سەرجەمی ئەو سیاقانە دەبێت، کە وشەکەی تێدا بەکاردێت، تیۆری سیاقیش بەوە دەناسرێت، کە پێی وایە، وشە بەتەنیا خاوەنی واتای فەرهەنگیی نییە، مارتینی دەڵێت: (لە دەرەوەی سیاقدا واتای وشەمان دەست ناکەوێت)، (سالم شاکر: ١٩٩٢: ٣١).

میتۆدی تیۆری سیاقی، بە یەکێک لە میتۆدە بابەتییەکانی واتایی دادەندرێت، کە نموونەیەکی کردەیی بۆ دیاریکردنی پێکهاتەی زمانیی پێشکەش دەکات، ژمارەیەکی زۆر لە زانایان گرینگییان بەم بوارە داوە، (ویتگنشتن) (Wittgenstein)، دەڵێت: (بەدوای واتای وشەدا مەگەڕێ، بەڵکو بە دوای ئەو ڕێگایانەدا بگەڕێ، کە تێیدا بەکاردەهێندرێت)، (منقور عبد الجليل: ٢٠٠١: ٨٨ ) بەهۆی ڕێگاکانی بەکارهێنانەوە، دەتوانین وشە بۆ واتای سەرەکی و ئەو واتا پەراوێزی و لاوەکییانەی، کە بەهۆی وێنە شێوازییەکەیەوە وەری دەگرێت پۆلێن بکەین.

ستێفن ئۆلمان دەڵێت: (تەنیا سیاق بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کە وشە بە واتای بابەتی پەتی دەربڕاوە، یان مەبەست لە بەکارهێنانەکەی دەربڕینی سۆز و هەڵچوونەکانە)،( ستيفن أولمان:١٩٨٨: ٦٣) چەمکی سیاق گەشەسەندنێکی زۆری بەخۆوە بینیوە، بەڕادەیەک نەک هەر لەبواری زمانەوانیدا، بۆ ڕوونکردنەوەی واتای دارشتە و پێکهاتە زمانییەکان، گرینگی پێدەدرێت، بەڵکو لە بوارەکانی تریشدا وەک: بارو دۆخ و پێگە، کە پەیوەندیی و گەیاندن و سیما فسیۆلۆجییە دەروونییەکانی قسەکەری تێدا دەردەکەوێت گرینگی پێدەدرێت. واتە: دەتوانین لە سیاقدا (لە نێو لیستی چەمکە شیمانەکراوەکاندا، چەمکێکی گونجاو بۆ دەربڕینێکی فرەواتا هەڵبژێرین، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستمان بە بڕێک زانیاری هەیە، دەشێ

هەندێک جاریش بکەوینە هەڵەی تێگەیشتنەوە بۆ لێکدانەوەی ئەو دەربرینە زمانییانەی، کە لە واتایەک زیاتر هەڵدەگرن، بەڵام دەتوانین بەهۆی سیاقی زمانیی یان وتار، یان بەهۆی بارودۆخی پەیوەندی گەیاندنەوە ئەم تەمومژیی و نادیارییە نەهێڵین و بە واتای مەبەست بگەین)، (عبد القادر الفهری الفاسی: ١٩٨٦ : ٣٧٢)، هەبوونی واتای جۆراوجۆر بۆ وشەیەک، بەو واتایە دێت، کە ئەم وشەیە، خاوەنی واتایەکی مەرکەزی ( سەنتەریی ـ چەقیی) سەرەکییە کە ئەویش (ناوک ـ چەقەکەیەتی)، لەگەڵ چەند واتایەکی تر، کە لە ئەنجامی خولانەوە لە چوارچێوە و دەوروبەری ئاخاوتنی جیاوازدا وەری دەگرێت، لێرەدا واتای سەرەکی وەک ڕۆشنکەرەوەیەک و سەنتەرێک بۆ واتاکانی دیکە وایە، کە لەسیاقە جۆراوجۆرەکاندا بە دەوریدا دەخولێنەوە، بەتایبەتی ئەمە لە وشە فرەواتا و بەکارهێنانە میتافۆرییەکاندا، بە ڕوونی دەردەکەوێت، بەڵام وشە هاوبێژەکان کە بنچینەی پەیدابوونەکانیان جیاوازە، سیاقی بەکارهێنان واتاکە ڕووندەکاتەوە.

ـ سیاق بەهەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکییەوە، بە تیۆرێکی کارەکی پەیوەست بە سیستەمی زمانەوانییەوە دادەندرێت، بەهۆی ئەو بەجێهێنان و دیاریکردنانەی کە بۆ ڕستە و هۆکارە دەرەکییەکانی وەک پێگە وشوێن و دۆخی ئاخاوتن دەیکات، بە قۆناغێکی بەرایی بۆ تیۆری شیکردنەوە دادەندرێت، دوای ئەوەی سەرجەم سیاقەکانی بەکارهێنانی وشەیەک کۆدەکرێتەوە، بواری کارەکی کۆتایی دێت و بواری میتۆدی شیکردنەوە دەست پێدەکات.

لایەنێکی تری گرینگ، کە پێویستە، ئاماژەی پێبکەین، دۆخی بەیەکەوەهاتن و گونجانی وشەکانە لە چوارچێوەی سیاقدا، زاناکان بۆ ئەم مەبەستە زاراوەی (ڕیزکردن، ڕێکوپێکی)بەکاردەهێنن، کە ڕەچاوی بەیەکەوە هاتنی وشە هاوسێیەکان دەکات و بەیەکێک لە پێوەرەکانی دیاریکردنی واتای وشە دادەندرێت، گونجانی داڕشتە زمانییەکان هۆکارێکی گرینگی دیاریکردنی بواری واتایە، (فێرث) پێی وایە: لە لیستی وشە ڕیزبوو، بەدوای یەکداهاتووەکاندا، هەر وشەیەک بەشێک لە واتاکە دیاری دەکات،

ئامادەبوونی هەر وشەیەک، دەبێتە هۆی ئامادەبوونی زنجیرەیەک لە وشەکان.

لەم بەشەدا، هەوڵ دەدەین واتای وشە لە بەکارهێنان و سیاقی جیاوازدا ڕوون بکەینەوە، دواتر باسی ئەو کۆتانە دەکەین، کە زمان بەمەستی پاراستنی سیستەمەکەی لەسەر ئاخێوەرانی دادەنێت وەک کۆتی ڕێزمانی و کۆمەڵایەتی و واتایی، لە گەڵ دەرخستنی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان پەرەسەندن و کۆتە زمانییەکاندا هەیە. لە هەمان کاتدا ڕۆشنایی دەخەینە سەر ئەو دۆخەش، کە چۆن وشەکان، چەند کۆتێکی واتایی دەبەزێنن و واتا لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی تردەگوێزرێتەوە، ئەمەش هەنگاوێکە بۆ دروستبوونی میتافۆر و واتای ناڕاستەوخۆی دەربڕین. یاساکانی بەکارهێنانی زمان چەند کۆتێک لەسەر قسەکەران دادەنێن، بەڵام زۆرجار بەکارهێنەری زمان، لە سیاقی دیاریکراوی ئاخاوتندا کۆتێک یان زیاتر بە مەبەستێکی تایبەتی دەبەزێنێت، بەو هۆیەش چەند جۆرێک لادانی زمانیی و واتایی دێتە کایەوە، کە میتافۆریش جۆرێکە لەم لادانە زمانییانە، هەروەها ئەو تێڕوانینە زمانەوانییەی کە لە نێوان گۆڕان و دۆخی جێگیریی زماندا هەیە، لە گەڵ ناوازەیی و هەڵە و داهێنان و پەرەسەندنی زمانیی دەخەینە ڕوو. هەموو ئەم بابەتانە، پەیوەندییان بە واتاوە هەیە، بابەتی واتا بابەتێکی گرینگی لێکۆڵینەوەی زانستی زمانە، لە بەرئەوەی زمان هەروەک ناسراوە، بێژە و واتایە. هەروەها، واتا بنەڕەت و پایەی زمانە، ئەرکەکانی زمان بە هۆی واتاوە جێبەجێ دەکرێت، واتا پێوەری مانەوە و پاراستنی زمانە( عباس محمود العقاد: ٧٥).

واتاسازی، زانستێکی ئاڵۆزە لە چەند ئاستێکی جۆراوجۆر، لە واتا دەکۆڵێتەوە، لە ئاستی فەرهەنگدا سەرەتا لە واتای فەرهەنگییەوە دەستپێدەکات بۆ واتای دەستەواژە و پێکهاتەکان، دواتر بۆ پەیوەندی سیاقە جۆراوجۆرەکان لە چوارچێوەی وتاردا، کەپەیوەستە بە بەکارهێنانی وشە لە بارودۆخی جیاوازدا، ئەم بوارەش پەیوەستە بە پراگماتیکەوە. ( النصراوي: ٢٠٠٩: ٢٦).

واتاسازیی، لە دابەشکردنەکانیدا پشت بە پێوەری سروشتی یان عەقلی یان نەریتی دەبەستێت، بەهۆی ئەمەش ئاماژە بۆ چەند جۆرێکی واتا کراوە، وەک: واتای سروشتی و واتای مەنتیقی و واتای عورفی و واتای دانانی، هەروەک، زانایانی واتا، ئاماژەیان بۆ جۆرێکی تری واتا کردووە، کە وشە لە چوارچێوەی سیاقی زمانیدا وەریدەگرێت، بە بەهای شێوازی یان دەربڕین، ناویان بردووە (منقور عبد الجليل: ٢٠٠١: ١٨١) . (بەڵام ئەو واتایەی، کە لە سیاقێکی دەروونی و پێگەییدا قسەکەر بەرهەمی دەهێنێت، پشت بە دوو ڕەهەند دەبەستێت:

١ ـ ڕاست وتنی قسەکەر، کە ئەمەش کارێکی دەروونییە، لە دەرەوەی سیستەمی زمانیی دایە.


٢– مەرجی ڕاستی بوونی واتای بێژەکە لە دەقەکەدا، کردە زمانییەکەش، لە وتە و سیاقدا دەردەکەوێت. ئەگەر بڵێین: { زانا مەزنە}، واتای ئاماژەپێکراو، واتایەکی شاراوەیە، لە بەرئەوەی مەزنایەتی زانا، لە زانستەکەی دایە ئەمەش جۆرێکە لە واتای ئیحایی، لەو وشانەدا ، کە توانستێکی ئاماژەیی و سروشکارییان تێدایە)، (أحمد موختار عمر: ١٩٩٢:٣١).

لە بەرئەوەی بەکارهێنانی وشە لە سیاقدا، پەیوەندی بە واتاوە هەیە، بە پێویستمان زانی، پێناسەیەکی کورتی واتاسازی بکەین Semantics ، ئەم زانستە، لەڕووی سەرهەڵدانەوە، تاڕادەیەک نوێیە، بە بەراورد لەگەڵ بە شەکانی دیکەی زانستی زماندا Linguistics، پێناسینی زۆری لە لایەن توێژەرانەوە بۆ کراوە، بۆ نموونە بە تەنیا (ئۆگدن و ریچاردز) پتر لە شانزە پێناسەیان بۆ ئەم بابەتە، پێشکەش کردووە، بەڵام پشکی هاوبەش لە نێوان پێناسەکانی زانستی واتادا، بریتییە لە: (( واتاسازی ئەو زانستەیە، کە دیراسەی واتا دەکات))، ( مجدى ابراهيم محمد: ٢٠١٣: ١٩٠). ئەمەش هەمان ئەو پێناسەیە، کە (Foder)بۆ واتاسازی کردوویەتی Semanti is the )) ((study of Meaning )) (Jon deanfoder: ١٩٨٢:٢)، .بە پێی ئەم پێناسەیە بێت، بواری واتاسازی، هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە، کە

پەیوەندییان بە واتاوە هەیە، جا چ لێکۆڵینەوە، لە واتای تاکە وشەکانی زمان بێت، یان لێکۆڵینەوە لە واتای ڕستە و دەربڕین بێت، یاخود دەرخستنی پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان یەکە زمانییەکان بێت، بۆ گەیشتن بە واتای دروستی وشە، پێویستە چەند هەنگاوێک بنێین:

١ــ دەرخستنی واتای لاوەکی ( پەراوێزی) وشە، کە بە پێی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاقی زمانی، وشەکە وەری دەگرێت.

٢ ــ ڕوونکردنەوە و دەرخستنی پلەی هاوشێوە بوون و گونجان، لە نێوان واتای بنەڕەتی Designation و واتای لاوەکی Connotation، لە پاڵ ئەو واتا لاوەکییەی کە وشە وەری دەگرێت، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی بڕێک لە هاوبەشی نێوانیان یارمەتی دەرە بۆ دەرخستنی پەیوەندی لە نێوان هەردوو واتاکەدا، زمانەوان پشت بەوبڕە پەیوەندییە دەبەستێت بۆ دیاریکردن و شیکردنەوەی واتاکە. (مجدی ابراهیم:٢٠١٣: ١٩٠) واتای وشەیەکی تاک بەهۆی ئەو کارلێکە واتاییانەوە سەرهەڵدەدات، کە وشەکە لە سیاقێکی دیاریکراودا وەریدەگرێت( صابر الحباشة:٢٠١٢: ٦)، (کولیچەیەکی ناسک: **خەندەیەکی ناسک**)، (چەقۆیەکی تیژ: **بیرێکی تیژ**). واتای وشەی (**ناسک**)، بەهۆی ئەو کارلێکانەوە دروست دەبێت، کە لە سیاقی بەکارهێناندا وەری دەگرێت، لێرەدا وشە، وەک ڕەگەزێکی کیمیا وایە، لەناو پێکهاتەکاندا دەتوێتەوە و کارلێکیان لەگەڵدا دەکات:




ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لە بابەتی میتافۆردا زیاتر تیشک دەخەینە سەر واتای تاکە وشە، کە گرینگییەکی زۆری هەیە، بەهۆی چەند یاسا و ڕێسایەکەوە، بە واتای مەبەست لە سیاقی بەکارهێنان دەگەین.

تیۆری سیاقی (Contextualtheory): دەگەڕێتەوە بۆ زمانەوانی بەریتانی (جۆن روبرت فێرث) (J.R.firth)، ئەم تیۆرە دەڕوانێتە واتا بەو سیفەتەی ((ئەرکێکە لە سیاق))، بەهۆی ئەمەش گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە تێڕوانین بۆ واتا ڕویدا، کە لە گۆشە نیگای پەیوەندیی هۆشەکییەوە لە

نێوان شتە ڕاستەقینەکانی واقیع و ڕەمز (هێما)ەوە سەیری دەکرا، هەروەک (ئۆگدن و ڕیچاردز) لە سێگۆشە واتاییە ناسراوەکەیاندا وێنایان بۆ کردبوو، بۆ پێکهاتەیەک لە پەیوەندییە سیاقییەکان.

لەم تیۆرەدا، سیاق بە واتایەکی فراوان بەکارهاتووە، کە سیاقی دەنگی و مۆرفیمی و سینتاکسی و فەرهەنگی دەگرێتەوە واتای ویستراو (مەبەستی قسەکەر)، تەنیا بە ڕەچاوکردنی ئەرکە واتاییەکانی یەکە و وشە بەکارهاتووەکان دەردەکەوێت، لەسەر ئەم بنەمایەش (فێرث) جیاوازی لەنێوان پێنج ئەرکی سەرەکی پێکهاتەی واتاییدا کردووە:

١- ئەرکی دەنگیی ( Phonetic function)

٢- ئەرکی مۆرفیمی (morphological function)

٣- ئەرکی فەرهەنگیی (Lexical function )

٤- ئەرکی سینتاکسیی ( syntactical function )

٥- ئەرکی واتایی (semantic function)، (محمد محمد یونس – www.ta٥atub.com ).

هەر ئەرکێک لەم ئەرکانە لە چوارچێوەی میتۆدێکدا دیاریدەکرێت، کە بە میتۆدی خستنە بڕی – گۆڕین، ناسراوە.method of substitution، واتای هەر ڕەگەزێکی زمانیی، لە هەریەک لەم ئاستانە، بە جیاکردنەوە و ئاڵ و گۆڕکردنی ڕەگەزە بەرانبەرەکانی دەردەکەوێت. کە دەتوانن لە هەمان سیاقدا، لە شوێنیدا بێن یان جێگەی بگرنەوە.

– وشەی (مور) لە دەرەوەی سیاقی (کوڕ و موڕ) دا، واتای نییە، هەروەها{ مەختە }، لە دەرەوەی سیاقی{ تەختەو مەختە }واتای نییە، { مت }، لە دەرەوەی سیاقی { شت و مت } دا واتای نییە (وریا عومەر ئەمین:٢٠٠٤: ٤). لەبەرئەوەی ئەرکێکی سیاقییان نییە، واتاکەیان بە بوونی جێگرەوەیەک لەم سیاقەدا، دیاریدەکرێت. (وانیَ)، لە وشەی (ماڵەوانیَ)، لەبەر ئەوەی ئەرکی نییە، واتاشی نییە. چونکە، جێگرەوەیەک نییە کە شوێنی بگرێتەوە.

بەڵام لەم نمــوونەیەدا، (**پێـنج خوێنـدکار هــاتوون**)، هەر ڕەگەزێـک لە ڕەگەزەکان واتای هەیە، لە ئاستی فەرهەنگدا، وشەی (هـاتوون)، دەتوانرێت بە چەند ڕەگەزێکی تری وەک: ئامادەن، دەرچوون، توێژینەوەیان کردووە... بگۆڕدرێتەوە))،(طالب حسین:١٠:١٩٩٨).

وشەی خوێندکار دەتوانرێت، بە مامۆستا، کرێکار... هتد ئاڵوگۆر بکرێت. هەروەهــا، لە ئاســتی مۆرفۆلۆجیـدا، (هــاتوون)، لە تــافی ڕابــردوودایە، کە دەتوانرێ بە شێوازی تری ڕانەبردوو، داهاتوو، فرمان، بگۆڕدرێتەوە.

(فێرث)، لە تیۆرەکەیدا گرینگی بە ئەرکە سیاقییەکانی ڕەگەزە زمانییەکان دەدات، واتــای هەر ڕەگەزێــک، بەهــۆی ئەو ئەرکەوە دیاریــدەکرێت کە لە سـیاقێکی دیـاریکراودا، دەیبینێت. کاتێـک ڕسـتەیەک، لە شـوێن و پێگەیەکـی زمـانیی دیـاریکراودا بەکاردەهێنـدرێت، ئەرکە واتـاییەکەی بەجـێ دەهێنێـت، بەڵام بە گـۆڕانی ئەرک یـان پـێگەکەی، واتـاکەی دەگۆڕێـت، وەک ئەوەی لە واتای هەواڵییەوە بگۆڕێت بۆ پرسیاری یان داخوازی...هتد.


وشـە لە سـیاقی جۆراو جۆردا، ئەرکـی جۆراو دەبینێت، بـۆیە دەکرێت بڵێین: واتای تەواوی وشە بریتییە، لە ژمارەی بەکارهێنانەکانی.

(جفــری ئەلیــز JeffryEllis) جیــاوازیکردووە، لە نێـوان واتــای ســیاقی هەنــوکەیی- ئێســتایی و واتــای ســیاقی شــاراوە یــان گریمــانەیی و شیمانەکراودا:

سیاقی هەنوکەیی: ئەو واتایەیە کە لە کات و شـوێن و دەق و پێگەیەکـی دیـاریکراو و نمـوونەیەکی ئاشـکرادا، دەزانرێـت و دەوترێـت، بیسـتەر یـان خوێنەر تێیدەگات و لێکدانەوەی بۆ دەکات. سـیاقی شیمانەیی: هەمـوو ئەو سیاق و چوارچێوە زمانییانە دەگرێتەوە، کە بۆ یەکەیەکـی زمـانیی گریمـانە دەکرێـــت لەکاتێکـــدا، کە لە دەور و بەرو چوارچێـــوەی بەکارهێنـــان دادەبڕێنرێت، دەکـرێ چەنـد واتـایەک، لە دەرەوەی سـیاقی بەکارهێنـان بـۆ یەکەیەکـی زمـانیی پێشـبینی بکرێـت، بەڵام کاتێـک لە پێگەیەکـی ئاخـاوتنی دیاریکراودا بەکاردەهێندرێت دەبێتە وتەیەکی کردەیی. (J.Ellis:١٩٧٩:٨١).

( هالیدای_ haliday)، پەیوەندییە سیاقییەکان، بۆپەیوەندییە ناوەکی و دەرەکییەکان دابەش دەکات: لە پەیوەندییە ناوەکییەکاندا، ڕەگەزە زمانییەکان بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، هەر ڕەگەزێک واتاکەی لە ڕەگەزەکانی دیکەی ناو زمانەوە وەردەگرێت.بەڵام لە پەیوەندی دەرەکیدا، واتای ڕەگەزی زمانیی، بە واتای دەور و بەرەوە پەیوەستە یەکەی زمانیی، واتاکەی لەو دەوروبەرەدا، وەردەگرێت کە تێیدا بەکاردەهێندرێت.

بەم جۆرە، لە ڕێگای هەردوو پەیوەندییەکەوە، مەبەستی تەواوی قسەکەر دیاری دەکرێت، لەبەرئەوەی یەکەی زمانیی لە بەکارهێناندا، واتای جیاواز وەردەگرێت بۆیە، هەندێک پێیان وایە، ((دەوروبەر باشترین ڕێگایە بۆ تێگەیشتن و واتای کتومتی وشە، چونکە بەکارهێنانی وشە لە دەوروبەری جیاوازدا، هۆیەکە بۆ گۆڕانی واتاکەی، بۆنموونە وشەی (دەرچوون) لای قوتابی واتای (سەرکەوتن) لە وانەکانی دەگەیەنێت، لای شوفێرێک واتای (ڕۆیشتن) دەگەیەنێت))، (عەبدولواحید موشیردزەیی: ٢٠١١: ٨٧ ).




وشە لە فەرهەنگدا، خاوەنی ڕەهەندی واتایی جۆراو جۆرە، کە ئەمەش وای لێدەکات، شیاو بێت لە چوونە ناوسیاقی جۆراوجۆردا، سیاق نرخی وشە دیاریدەکات، لە هەر بەکارهێنانێکدا، واتایەکی تایبەتی پێ دەدات و واتا کۆنەکانی وشەکە لە یادەوەریدا دەسڕێتەوە و واتایەکی هەنووکەیی پێدەدات. وشەی{ **دەرچوون** }، بە پێی شوێن و بۆنە و بارودۆخی ئاخاوتن، ئەم دوو واتایەی وەرگرتووە، ئەگەر( شوێن)، زانکۆ یان خوێندنگاییک بێت، خوێندکار لە بارودۆخی وەرگرتنەوەی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەدا بێت، بە واتای (سەرکەوتن)، لە تاقیکردنەوەدا دێت، بەڵام ئەگەر ( شوێن) ژینگەی دەرەوەی خوێندن بوو، ئاخاوتنەکە لە نێوان دوو شوفێردا بوو وشەی(**دەرچوون**)، بەواتای (**ڕۆیشتن**) دێت.

**١٢\١-١) جۆرەکانی سیاق ـ دەوروبەر**

وشـە واتـای جـۆراو جـۆر وەردەگرێت بە پێی جۆراوجۆریی و سـیاقی بەکارهێنانەکـانی، واتە:بە پێـی دابەشـبوونە زمانەوانییەکـانی، زاناکـان چەنـد جۆرێک لە سیاقیان جیاکردۆتەوە:

**١٢\ ١ ـ٢) سیاقی زمانیی**

دەوروبەری زمانیی، جۆرێکی گرنگیی دەوروبەرە، لە خستنەڕووی واتـا و مەبەسـتی سـەرەکی دەربڕاوەکانـدا، ڕۆڵ و بایـەخێکی زۆری هەیـە، ئـەو واتایەی کە بە فلتەری دەوروبەردا تێدەپەڕێت، واتایەکی وردە، دەوروبـەری زمـانیی(( بـە یاسـا و ڕێسـای زمـان و وشـە و ڕێزبەندییـە جیاوازەکانـەوە پابەندە))، (موعین، سازان ڕەزا: ٢٠٠٥ : ٧٢)). واتە: مەبەست لە دەوروبەری زمانیی،بەکارهێنانی وشەیە لـەناو ڕستەدا، بـە هاوڕێیـەتی لەگـەڵ وشـەکانی دیکـەدا، بەمشـێوەیە هەنـدێکجار ئـەو واتایـەی کـە لـە دەوروبـەری زمانیـدا بەدەست دەهێندرێت، لـە واتـای فەرهـەنگیی وشـەکان جیـاوازە، واتاکـەی بـۆ واتایەکی دیکە دەگۆڕێت.

مەبەست لە کۆمەڵە دەنگێک یان وشەیەک یـان ڕسـتەیەکە، کە واتـایەکی دیـاریکراو دەبەخشـن، یـان بە شـێوەیەکی دیکـە بـریتییە، لە هەمـوو ئەو بـارودۆخ و ڕەگەزە زمانییـانەی کە لە دەوری وشـەکەدا کۆبـوونەتەوە لە ڕێی پرۆسە ڕێزمانییەکانی (فۆنۆلۆژی- مۆرفۆلۆژی ـ سینتاکس ـ سیمانتیک) ەوە، جفرە هاوبەشـەکانی نێـوان قسـەکەر و گـوێگر لێکدەدرێتەوە ((دەبێت قسـەکەر و گـوێگری زمـانی کـوردی بەردەوام دەسـەڵاتشـکانەوەیان بەسـەر زمانی کوردیدا بشکێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بەشداریی لە کـردەی پەیوەندیی گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتندا بکەن، ئەو دەسـەڵات شـکانەوەیان بەسـەر زمـانەکەدا، دروسـتەی فـۆرم و گـۆکردن لەتەک دەربـڕین و تێگەیشتندا دەگرێتەوە))، ( محەمەدی مەحوی:٣:٢٠٠٤).

تەنیـا بەهـۆی سـیاقەوە، دەتـوانین لە واتـای تەواوی وشـەیەک تێبگەین، بۆنمـوونە: ئـێمە چەنـد کـاری جیـاواز بەکـاردەهێنین، کە دەڵـێین (( **بەرگـد ڕووەکە قوماشەکەی بڕی**))، ((**ئازاد بە پێ ڕێگاکەی بڕی**))، ((**ئەمساڵ پۆلی**

**شەشەمی ئامادەیی بڕی))، ((نانیان بڕی))، (( قۆڵیان بڕی))، ((پارەکەیان لێ بـڕی))، ((زمانـت دەبـڕم))، ((گوێیـان بـڕی))** یـان کە دەڵێـین: (( **دەرگـاکە کــراوەتەوە))**، (( **بەهــرەی کــراوەتەوە))، ((بــەختی کراوەتــەوە))، (مــاڵی کراوەیە)).**

(فیــرث) پێــی وایە: ســیاقی بەکارهێنــان، واتــای تەواوی وشــەیەک دەردەخـات، لە بەرئەوەی هەمـوو یەکە زمانییەکـان، پەیوەنـدییان بەیەکەوە هەیە و لە بەکارهێنانـدا هـاوڕێیەتی و دراوسـێیەتی، لە گەڵ یەکدیـدا پەیـدا دەکەن (رجب عبد الجواد ابراهیم: ٢٠٠١:٢١).

دەتوانین، ئەمە لە بەکارهێنانی وشەی (دەست) دا، ڕوون بکەینەوە :

- **دەستی کار ⟵ هێزی کارکردن**
- **دەستی ڕۆژگار⟵ توانا و دەسەڵات**
- **دەستیان بڕی⟵ فێڵیانلێکرد**
- **دەستی غەم ⟵ نەهامەت**
- **دەستی کورتە ⟵ هەژارە...هتد.**

واتا لە سیاقی زمانیدا، بە هۆی پەیوەندییە وشەییەکانەوە، دیاریدەکرێت و بە واتای وشەکانی ترەوە بەندە. بۆنموونە کە دەڵێین: منداڵەکە بە ئـاوی بارانەکە تەڕبووە، دەستەواژەی (ئاوی باران)، وەکو کۆتێک وایە، ڕێگە لەوە دەگرێـت، کە پێشـبینی بکرێـت، منداڵەکە بە هۆکـارێکی تـر تەڕ بووبێت. ئەم جۆرە کۆتـانە کـۆتی زمـانین. سـیاقی زمـانیی سـەرپەرشـتی گـۆڕانی واتـای وشە دەکات، بە پێی گۆڕانی بەریەککەوتن و ریزبوونی کەرەسەکانی ڕسـتە و پێکهـاتە، وەک پێشـکەوتن و دواکەوتنـی ڕەگەزەکـانی ڕسـتە بۆنمـوونە: (شیلان دیاری یەکەمی پێشکەش کرد)، واتـاکەی جیـاوازە لە واتـای (دیـاری یەکەم شیلان پێشکەشی کرد).

**١\١٢ ـ٢ ـ١) دەوروبەری فۆنۆلۆجی**

((لێکۆڵینەوەیە لە فۆنیم لەو دەوروبەرەیدا، کە تێیدا ڕوودەدات)).(فەرەج، شـاخەوان جـەلال، ٢٠١١، ١٢٣). واتــە: فۆنیمــەکانی پــێش و دوای فۆنیمــە دەربڕاوەکــان، بـۆ فـۆنیمی مەبەسـت دەبنــە دەوروبــەر، لــەم نمونەیــەی

خوارەوەدا، فۆنیمی \ش\ لە وشەی (بەشدار)دا بە دەنگی [ ژ] دەربڕاوە، بەڵام لە وشەی (شێر) دا، بە دەنگی [ ش] دەربڕاوە.

**١\١٢ ـ٢ـ٢) دەوروبەری مۆرفۆلۆجی**

مۆرفیمەکان بە هەمان شێوەی فۆنیمەکان دەبن بە دەوروبەری مۆرفۆلۆژیی وشەکان، دەوروبەری مۆرفۆلۆجی بە گشتی دەرکەوتنی مۆرفیمە بەندەکان، یان سەربەستەکانن، لە دەوری وشەیەکی فەرهەنگیدا، کە لە ئەنجامدا، وشەکە واتایەکی ڕێزمانی یان واتایەکی فەرهەنگی نوێ بەرهەم دەهێنێت))،(عەلی، بەکر عومەر و حسەین، ئازاد ئەحمەد، ٢٠١٣، ٤١). بۆنمونە مۆرفیمی (گەر)، لەگەڵ وشەی (ئاسنگەر)دا دێت، بەڵام لەگەڵ وشەی (چیا)دا نایەت، چونکە دەوروبەری مۆرفۆلۆژی ڕێگە بەم بەیەکەوە هاتنە نادات.

**١\١٢ ـ ٢ـ٣) دەوروبەری سینتاکسی**

پێکەوەهاتنی وشە و فرێزەکانە بە شێوەیەکی یاسابەند، بەپێی پەیوەندی ئاسۆیی و ستونی، کە لەلایەن (دی سۆسێر)ەوە، باسی کراوە، پەیوەندی هاوڕێیەتی و گونجانی دەربڕاوەکانە لە دەوروبەری سینتاکسیدا، بۆ ئەوەی مەبەست و ڕۆنانی نوێ بەرهەمبهێنن، بۆنموونە:

أـ گورگەکە لوراندی.

ب ـ پیاوەکە لوراندی.

لە ڕستەی (أ)دا، کرداری (لوراندی)، بەشێوەیەکی گونجاو بەکارهاتووە، بەڵام لە ڕستەی(ب)دا، کردارەکە لەگەڵ مرۆڤدا نەگونجاوە.

**١\١٢ ـ٣) دەوروبەری نازمانیی:**

بە پێچەوانەی دەوروبەری زمانییەوە، کە لێکۆڵینەوە لە ناوەوەی زمان دەکات، ئەم دەوروبەرە بە دەرەوەی زمانەوە پەیوەستە، دەوروبەری نازمانی چەند جۆرێک دەگرێتەوە:

**١\١٢ـ٣ـ١)** سیاقی بارودۆخ (بار):

ئەو دەوروبەرەیە، کە ئاخاوتن، یان دەقەکانی تێدا بەرهەمدەهێندرێت، ((فێرث)، گرنگی بە لایەنی کۆمەڵایەتی واتا داوە، بە لەبەرچاوگرتنی چوارچێوەی دەربڕاوە زمانییەکان، بۆ ئەمەش دەستەواژەی ( Context of

(Situation ی بـــه واتـــای دەوروبـــەری بـــار، یـــان بـــارودۆخ بـــەکارهێناوه)،(عبـــدالقادر، بوزبوحـــة، ۲۰۰۷: ۹). لـــەم دەوروبـــەرەدا، دەربڕاوەکان بە ڕەچاوکردنی بارودۆخەکە شیدەکرێنەوە، هەروەها ئاخێوەر لە ڕوانگەی بارودۆخەکەوە پەیامەکانی دەگەیەنێت.

مرۆڤ لە دەوروبەردا، دەتوانێت ئەم توانستە بە دەست بهێنێت و بەردەوام گەشـــەی پێبـــدات و بـــەکاریبهێنێت، واتـــە توانســـتی بەســـەر وشـــە و دەســـتەواژەکانیدا دەشـــکێت، بەمـــەرجێک لەگـــەڵ کـــات و شـــوێن و بارودۆخەکەدا بگونجێت، بەمجۆرە دەکرێت بگوترێت: دەوروبەری بارودۆخ دەوروبەرێکی سەرو_زمانییە، کە تێیدا دەربڕاوێک دەخرێتە بەر باس.

**۱\۱۲-۳- ۲) سیاقی سۆزداریی و دەروونی**

مەبەســت لەو کــۆمەڵە هەســت و ســۆز و هەڵچوونــانەیە، کە لە واتــای وشـــەکانی زمانـــدا، کـــۆدەبنەوە، واتـــای هەریەک لە وشـــەکانی (مـــردن)، **(کوشتن)**، ( **تیرۆرکردن)** جیاوازی هەیە.

وشەکان بەپێی ئەو دەوروبەرە سۆزدارییەی، کە تێیدا بەکاردەهێندرێن واتای جیاواز دەبەخشن، هەروەها ئەم جۆرە دەوروبەرە ئاماژەکردن بۆ ئەو واتــا دە ڕوونییــانە دەرەخســێنێت، کە قســەکەر دەیەوێــت لای گــوێگر بیوروژێنێــت وەک ئەوەی دەربڕینــی وشــەی (**نەخــۆش**) لە دەوروبەرێکــی فیزیکیــدا ڕەنــگە بە نەخۆشــخانە و پزیشــک و ئەم جــۆرە کەرەســتانەوە بمانبەستێتەوە، بەڵام دەربڕینی هەمان وشە، لە دەوروبەرێکی دەروونیدا، گوێگر ئاڕاستەی چەشنێک لە هەڵچوونەکان دەکات و بەمەش وشەکە لەو دەوروبەرەدا واتـایەکی تـایبەت لە واتاکـانی تـری دەگەیەنێت هەروەهـا، (( دەوروبەری دەروونـــی، وەک هەلـــومەرج لە زمـــانەوانی دەروونیـــدا psychology کاردەکات کار لەسەر چۆنێتی ئامادەکردنی ئەو دەوروبەرە دەروونییە دەکات کە پێویستە بۆ زمانپژان و فێربوونی زمانی بێگانە و چـۆنێتی هەڵگـرتن و شـیکردنەوەی داتاکـان ئەو هەڵچـوون و داچوونـانە دەگـــرێتەوە، کە قســـەکەر تێیـــدا چـــۆن مەبەســـتەکانی دەردەبڕێـــت و لە بەرانبەردا، گوێگر چۆن داتاکان شیدەکاتەوەو لێکدانەوەیان بۆ دەکات))، (ئاوێستا کەمال:۲۰۰۹: ۱۷).

لـە سـیاقی سـۆزداری و هەڵچووونـدا، واتـای وشـە و پێکهاتـە بـەهۆی پێوانەی بەهێزیی و لاوازی هەڵچوون دیاریدەکات، ئەم جۆرەی دەوروبەر پابەندە، بە پلەو ڕادەی هەڵچوونی کەسێکەوە لەگەڵ ئەوەدا هەندێک یەکەی زمـانی واتاکانیـان هاوبەشـە ( **هـاوبێژە**)، بـەڵام لـە ڕووی درککردنـەوە جیاوازییـان هەیـە، وەک: واتـای وشـەکانی (**شـەهیدبوون**) و (**کوشـتن**)، سەرەڕای پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، هەردوو کارەکە ئاماژەیەکییان بۆ پلەی سـۆزداریی و هـەڵچوونیش تێدایـە، کـردەی ( **شـەهید بـوون** )، پێگەیـەکی کۆمەڵایەتی بەرزی هەیە، پاڵنەری سیاسی لە پشتە، بەڵام کاری (کوشتن)، واتای جیاواز هەڵدەگرێت، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئەو ئامرازانەی کە بۆ کردەکە بەکاردەهێندرێن، جگە لەوەش کەسی کوژراو مەرج نییە لە کۆمەڵدا، پێگەیەکی بەرزی بۆ دابندرێت. ( منقور عبد الجلیل:٢٠٠١: ٩٠).

**١\١٢-٣- ٣) سیاقی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی:**

مەبەسـت لـە سـاقی ڕۆشـنبیری ئـەو چوارچێـوە ڕۆشـنبیریی و کۆمەڵایەتییانەیە، کە وشە واتاکەی لێوەردەگرێت، واتە: ڕۆشنبیری ڕۆڵێکی گرینگی لە دیاریکردنی واتادا هەیە، وشەی (ڕەگ)، لای جوتیار واتایەکی هەیە، لای زمانەوان، واتایەکی تری هەیە، لای زانای بیرکاریش واتایەکی تری هەیە، سیاقی رۆشنبیری ئەم واتایانەی پێداوە.

هەریـەک لـەم دوو دەوروبـەرە، پەیوەندییـەکی بـەهێز لەنێوانیانـدا هەیـە و بەیەکـەوە پەیوەسـتن، دەوروبـەری ڕۆشـنبیریی لـەناو دەوروبـەری کۆمەڵایەتییدا دەردەکەوێت، زاراوەی دەوروبەری کۆمەڵایەتی هەموو ئەو ڕێسـا و یاسـا کۆمەڵایەتییانـە لـەخۆی دەگرێـت، کـە قسـەکەر و گـوێگر بەیەکەوە دەبەستێتەوە (ئاڤێستا کەمال مەحمود، ٢٠٠٩، ١٠). بەهۆی ئەم یاسـا کۆمەڵایەتییانـەوە دەتوانرێـت ئاسـت و پێگـەی قسـەکەر و گـوێگر بزانرێت،هەروەها چین و ڕەگەزی قسەکەر و گوێگریش دەردەخات.

**١\١٢-٣- ٤) سیاقی بابەت**

لە چوارچێوەی سیاقی ڕۆشنبیریدا، واتای وشە شیدەکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا هەندێک زاراوە، پەیوەندییان بە بوارێکی زانستییەوە هەیە، بەڵام

نـــاتوانین بڕیـــاری ئـــەوە بـــدەین، کـــە زمـــان لـــە وشـــە و زاراوەی ســـەربەخۆپێکهاتووە، کـــە بەتـــەواوی ســـەربەخۆو دابـــڕاون لـــە کۆمـــەڵگاو دەوروبەرو ئەو چوارچێوە ڕۆشنبیرییەی کە تێیدا سەرهەڵدەدەن. وشـە و زاراوەکان، پەیوەندییەکی بەتینیان بە بارودۆخ و دەوروبەرەوە هەیە، واتای وشـەی (**ئـەنفال**)، لای مرۆڤـی کـورد جیـاوازە، لەگـەڵ ئـەو واتایـەی لای کەسانی دیکە هەیەتی. تەنانەت واتاکە لای کورد خۆشی بە پێی جیاوازی کەسـەکان لێکدانـەوە و شـیکردنەوە و کاریگـەریی جیـاوازی بـۆ دەکرێـت، هەندێک وشـە و دەسـتەواژە، بەمەبەسـت لەلایـەن قسـەکەرەوە، لـە سـیاقی ئاخاوتنـدا بەکاردەهێنـدرێن، بۆنموونـە: بـەکارهێنانی دەسـتەواژەی (**شـمال العـراق**)، (**بـاکوری عێـراق**)، لـە سـیاقێکی دیـاریکراودا، بـە بـەراورد لەگـەڵ (**کوردستانی باشور**)، مانای تایبەتی خۆی هەیە. بەکارهێنانی دەسـتەواژەی (**بـاکوری عێـراق**)، کردەیەکـە، پێویسـتی بـە ڕوونکردنـەوە هەیـە، لـە بـواری ڕامیاریدا بۆچی بەکاردێت، چۆن لە واتای ئەم دەستەواژەیە تێدەگەین و، چ یاسایەکی تایبەتی هەیە، ئەمە شیبکاتەوە؟

ـــ دەســـتەواژەی (**بـــاکوری عێـــراق**)، لەلایـــەن دەســـەڵاتدارانی عێراقـــەوە بەکاردێت، کە مەبەستی دانپێدانەنانی کوردستانی لەپشتە.

یاسای دانراو لەم سیاقەدا، یاسـای چەندیەتییە وەک ئەوەی، لـە ڕووی ڕامیارییـەوە، تـا چ ڕادەیـەک قسـەکەر، دان بـە سـەربەخۆیی و رزگـاربوونی کوردستان دادەنێت. وشەی (**ناوک**) کە لە فەرهەنگدا، بەواتای (سـرة البطن) و (بذرة) هـاتووە و لـە کیمیـا و فیزیـادا بـۆ (نواةالذرة) یش بـەکاردێت، ئـەم وشـەیە لـە زانسـتی بـایۆلۆژی کیمیـادا، ( بـۆ نـاوکی خانـە) گوێزراوەتـەوە (جەمال عەبدول:٦٨:٢٠٠٨).

هەموو کۆمەڵگایەک کۆمەڵێک کۆدی هەیە کە لەسـەر ئاخێوەرانی دادەنێت، ئەمەش ڕەنگـدانەوەی سروشـتی دەروبەریەتـی لەسـەر بیرکـردنەوەی تاکەکانی، بەم پێە زاراوەی دەوروبەری کۆمەڵایەتی، هەمـوو ئەو پەیوەنـدی و ڕێسـا و یاسـا کۆمەڵایەتییـانە لە خۆدەگرێـت، کە قسـەکەر و گـوێگر بەیەکەوە دەبەسـتێتەوە بـۆ ئەمەش هالیـدای پراگماتیـک بەلایەنە

کۆمەڵایەتییەکەوە دەبەستێتەوە بە بناغەی گەشەکردنی دەزانێت.بۆنموونە کۆمەڵگای ژاپۆنی چەندەها فۆرمی جیاجیای هەیە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان قسەکەرو گوێگر لە کاتێکدا دەستەواژە و ڕستە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایەکی تر ئەگەر کەمیش بن کردە گەیاندنەکانی خۆیان جێبەجێدەکەن، لە بەرئەوەی هەرزمانێک سیستەمێکی تەواو و پڕ اوپڕی خۆی هەیە بۆ چۆنیەتی کارکردنی دەوروبەری کۆمەڵایەتی لە بواری پراگماتیکدا ( ئاوێستا کەمال:٢٠٠٩:١٥).

لە دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا، بەهۆی ئەو یاسایانەوە، کە ڕێگەیان پێدەدرێت، هەندێک لە گوتەکان، بە مەرج و کۆتەکانەوە دەردەبڕدرێن و بەهۆی ئەمەش جۆرەها کردەی لێکگەیشتن بەرهەم دەهێندرێت.ئەم کۆتە کۆمەڵایەتییانە، لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و ئیدیەم و شیعری میللیشدا، هەندێکجار ڕەنگیانداوەتەوە، بۆنموونە:

((ڕێزی خۆت بگرە، ڕێزت لێ دەگیرێ،

ئەوەندە بڵێ گوێت لێبگیرێ)).(کاروان عوسمان:٢٠٠٩:٨٩).

لەم پەندەدا، هەندێ ڕێسای کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت، وەک ڕێزگرتن لە خەڵکی و کۆتی داب و نەریت و چۆنیەتی ڕەفتارکردن و ڕادە و چۆنیەتی دەستپێکردن و کۆتایی هێنان بە قسەکردن، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش لە زماندا چەند دەستەواژەیەکی تریش دەبیسترێ، وەک: (کەمدوو، زۆربڵێ، زۆروەڕ، زۆرزان، بێزمان، بێ دەم و پل... هتد)، ئەم وشە و دەستەواژانە، ڕەنگدانەوەی ئەو کۆتانەن، کە کۆمەڵگا لەسەر زمان و شێوازی ئاخاوتنی قسەکەران دایدەنێت، زانایان ئاماژە بەوە دەکەن، پێویستە ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراو باکگراوندێکی ڕۆشنبیریيان لە بارەی زمانەکەی خۆیانەوە هەبێت بۆ ئەوەی کردەی پەیوەندی و گەیاندن بەجێ بگەیەنن، لەبەرئەوەی هەرزمانێک خاوەنی سیمای ڕۆشنبیری تایبەت بەخۆیەتی، هەرئەمەشە زۆربەی جار دەبێتە بەربەستێک لەبەردەم تێگەیشتنی زمانێکی تردا.

### ١\١٢ـ٣ـ ٥) سیاقی فیزیکی

مەبەست لە سیاقی فیزیکی، ڕوونکردنەوەی شوێن و ڕووداو و پێگەی پێشکەشکردنی بابەتە و شیاویی شوێنی ڕستە و گۆکراوەکان، تاقی دەکاتەوە گونجاو و نەگونجاویان لەڕووی نەرێتە تایبەتی و گشتییەکانەوە دەخاتە ڕوو)، (ئاوێستا کەمال مەحمود:٢٠٠٩:١٣)،

( شوێنی (س) لە قەبارەی شوێنی (س، ص)، لە پێوانەی (زیاتر یان کەمتر)، پەیوەستبوونەکانی گوێگر بەیاساکانی شوێنەوە (ک).

- **کاتی سەردانیکردنی نەخۆش دیاریکراوە.**
- **پێش چوونە ژوورەوە قاچەکانت بە دیتۆڵ بشۆرەوە.**
- **جگەرە کێشان قەدەغەیە.**
- **تکایە بێدەنگی بپارێزن.**

کاتێک (س)، شوێنی نەزانراوە و گۆڕاوە، (ص) قەبارە و فراوانی ئەو شوێنەیە، کەکردەکانی تێدا ڕوودواە، (ک) پابەندی گوێگر بە یاساکانەوە دیاریدەکات، تا چ ڕادەیەک بەیاساکانەوە پابەندە، ئەم ڕستانە، بە پێی پابەندبوون بە کۆتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لە گەڵ ڕەچاوکردنی بچووکی قەبارەی شوێنەکە، ئەگەر خاوەن ماڵێک بە میوانەکەی بڵێت، لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، جۆرێکە لە ڕووشکاندن و بەزاندنی بنەمای ڕێزگرتن. بەڵام بە گەڕاندنەوەی ڕستەکان بۆ دەوروبەرێکی فیزیکی فەرمانگەیەک یان نەخۆشخانەیەک، جۆرێک لە کردەی قسەیی جێبەجێدەکات. واتە: دەوروبەری فیزیکی جۆرێکە لە دەوروبەری نازمانی، بە واتای کات و شوێن دێت، دەربڕاوەکان بە پێی دەوروبەری کات و شوێن، واتا و مەبەست و دروستەی جیاواز وەردەگرن.

### ١\١٢ـ٣ـ ٦) سیاقی پێگە و بۆنەی ئاخاوتن

مەبەست لەو پێگە دەرەکییەیە، کە دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا، واتای وشە بە پێی پێگە و بۆنەی بەکارهێنان دەگۆڕێت زانایان ناو لەم جۆرە واتایە دەنێن، واتای پێگەیی (دلالة المقام).

**واتــای پێگەیــی و بــۆنەی ئاخــاوتن:** بــریتییە لەو واتــایەی کە لە هەڵوێســتێکی دەرەکــی وتەدا، تێــی دەگەیــن یــان بەهــۆی ئەو پەیوەنــدییە دەرەکییــانەوە دەبێــت، کە لەو هەڵوێســتە کۆمەڵایەتییــانەی دەقەکەی تێــدا وتراوە وەریدەگرێت، پێگە یان بۆنەی ئاخاوتن، ئەو جیهانە دەرکییەی، کە دەقی تێدا بەرهەم دەهێندرێت، بەهۆیەوە واتاو مەبەستی دەقەکە، دیاری دەکرێت، بۆی هەیە نەتوانین تێگەیشتن و واتای مەبەست بەدەست بهێنین، ئەگەر دەق لە سیاقی درەرەکی دەربهێنین و یان دوچاری هەڵەی تێگەیشتن ببینەوە بەهۆی سەرنج نەدانمان لە پەیوەندییە دەرەکییەکانی وەک: کات و شوێن و بەشداربووانی ئاخاوتن و بۆنەی ئاخاوتن و کەناڵی پەیوەندی، زانایانی موسوڵمان سودێکی زۆریان لە سیاقی پێگە (سیاقی دەرەکی)، وەرگرتووە، لە شیکردنەوەی دەقی قورئانی پیرۆز و هەڵێنجانی یاسا شەرعییەکاندا، لە هۆکارەکانی هاتنەخوارەوە و بارودۆخی دەرەکییان کۆڵیوەتەوە، کەپەیوەندییان بە دەقەوە هەیە (محمود عکاشە:٢٠٠٥: ١٧١). وشە زیاتر لە واتایەکی هەیە، سیاقی زمانی و سیاقی دەرەکی، واتاکە دیاریدەکات، بۆنموونە، ئەگەر بڕوانینە واتای وشەی (**هێنایەوە**)، لەم سیاقە زمانیانەی خوارەوەدا:

**(( هێنایەوە)):**

- **کراسەکەی هێنایەوە .**
- **خواردنەکەی هێنایەوە.**
- **دەستی هێنایەوە.**
- **هەڵەی کردبوو، بەڵام تێی هێنایەوە.**

سیاقی زمانی واتای مەبەست دیاریدەکات. هەروەها، ئەگەر بڕوانینە بەکارهێنانی ئەو وشانەی خوارەوە لە دەوروبەردا، ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت:

**(( زەردهەڵگەڕا)):**

- **دارەکە زەرد هەڵگەڕا**
- **پیاوەکە زەرد هەڵگەڕا.**

**(( بەرز)):**

- ❖ **چیاکە بەرزە (چەند کیلۆمەترێک)**
- ❖ **دیوارەکە بەرزە (چەند مەترێک)**
- ❖ **شەقامەکە بەرزە (چەند سانتیمەترێک)**
- ❖ **سەری بەرزە ( بەرەوشتە)، { لایەنی واتایی }**

**((شۆڕ)):**

- ❖ **کراسەکە شۆڕە.**
- ❖ **سەری شۆڕە.**

**((خوار)):**

- ❖ **دیوارەکە خوارە.**
- ❖ **لووتی خوارە.**

دواتر لە بابەتی میتافۆر لە بەشەکانی ئاخاوتندا، زیاتر ئەم بوارە ڕوون دەکەینەوە.

ـ دەستەواژەی (بوەستە)، لە چوارچێوەی سیاقی دەرەکی و بۆنەی ئاخاوتندا، واتاکەی شیدەکرێتەوە:

(بەردەوام مەبە لە ڕۆیشتن: لە شوێنی خۆت نەجوڵێیت، وەستان لە قسەکردن: ئەوەندە مەڵێ، وەستان لە کارکردنێکی زۆر:خۆت زۆر ماندوو مەکە، فەرمانکردن بە واتای داخوازی یان هەڕەشەلێکردن و ترساندن: (ئۆتۆمبیلەکەت راگرە!).

بەهەمان شێوە، کە هالیدای گرینگی بە پەیوەندییە ناوەکی و دەرەکییەکان دەدات، ( فێرث)، لە تیۆرەکەیدا گرینگی بە سیاقی پێگە داوە، وای دەبینێت: سیاقی پێگە، زاراوەیەکی فراوانە، تەنیا لە سیاقی زمانەوانیدا چڕنابێتەوە، بەڵکو سیاقی ڕۆشنبیری و وتە و کردەکانی ئاخاوتن و کاریگەریی ڕووداوی زمانیی و شتی تریش دەگرێتەوە. تیۆرەکەی (فێرث)، بە سیاقی دەنگیی دەست پێدەکات و بە سیاقی واتایی کۆتایی دێت. سیاقی پێگە و بۆنەی ئاخاوتن دەگرێتەوە. بەکارهێنان هۆکارێکی گرینگە لە دیاریکردنی واتادا. ڕەوانبێژە کۆنەکان، گرینگییان بە سیاقی ناوەکی گوتار داوە، لە ڕێگای سروشتی ئەو پەیوەندییانەوە کە بەشداری بەرهەمهێنانی

دەکەن و بڕیار لە بارەی بونیات و واتاکانیانەوە دەدەن، هەروەها گرینگیان بە سیاقێکی تری دەرەوەی وتار داوە، بە زاراوەی پێگە (المقام)، دەربڕینیان بۆ کردووە، کە بەهۆی چەند هاوبەڵگە (قرینە) بۆ چوونێکەوە، واتاکانیان مەزەندە دەکرێت، ئەم گریمانانە، شێوەی جۆراوجۆر وەردەگرن، کە هەندێکیان پەیوەندییان بە کات و شوێنەوە هەیە، هەندێک توێژەر، جیاوازی لە نێوان واتای سیاقی و واتای پێگەیی دەکەن، پێیان وایە:سیاق فراوانترو گشتی ترە، بەوپێیەی سیاق دووجۆرە، سیاقی دەرەکیی و سیاقی ناوەکی، بەڵام پێگە تەنیا دەرەکییە و پەیوەستە بەسیاقی دەرەکی وتارەوە، جۆرێکیان پەیوەندییان بە دۆخی ئاخێوەر و وەرگرەوە هەیە، ئاستی دەق لە نێوان ڕێبازە چاولێکەری (سوننەتی) و ئسووڵی نەحویی و ڕەوانبێژییەکاندا، جیاوازە و دەگۆڕێت، ئەم هۆکارەیە وادەکات، دەق بە کات و شوێنەوە پەیوەست بێت، لەگەڵ وەرگر و خوێنەردا بژی و هەر خوێنەرێک بە پێی ئاستی تێگەیشتنی خۆی دەق هەڵدەسەنگێنێ و لێکدانەوەی بۆ دەکات. (عبد الواسع الحمیری:٢٠١٠ : ١١٨).

هەندێکجار ڕەخنە ئاراستەی ئەم تیۆرە دەکرێت، بەوەی ئەم تیۆرە لە دیاریکردنی واتادا، بە ڕێژەیەکی زۆر پشت بە سیاق دەبەستێ، بە شێوەیەک، کەلایەنی ئاماژە و هێماکاری دەرەوەی زمان و دونیای واقیع پشت گوێ دەخات، لەو کاتەدا، کەواز لە وێنای هۆشەکیی وشەکان بۆ دنیای دەرەوە دەهێنێت، هەروەها ئەو مەرجانەی، کە پەیوەندییە واتاییەکان دەستنیشان دەکەن، وەک: هاوواتایی ودژیەکی و گونجان و تێهەڵکێش و پێچەوانەیی، وای دەبینێت، سیاق تاکە سەرچاوەیە، کە یەکە زمانییەکان واتای لێ وەردەگرن. بەڵام ئەوانەی ڕەخنەی لێدەگرن پێیان وایە: وشە خۆی توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ دەوروبەری جیاوازدا هەیە، لەبەرئەوەی، (وشە وەک ئاو نییە، ڕەنگی ئەو کەل وپەلە وەربگرێ، کە تیایەتی، بەڵکو وەک خشۆکێکە، ڕەنگی خۆی بە پێی ئەو شوێن و ژینگەیە دەگۆڕێت، کە لێیەتی، واتە: وشە خاوەنی توانایەکی دیاریکراوە، کە لە شوێنی گونجاوی خۆیدا، دەردەکەوێت)، (محمد محمد یونس: ١٩٩٣ : ٦-١٠).

ئێمە پێمان وایە، کە بۆ دیاریکردنی واتا جۆراوجۆرەکانی وشە، سیاقی بەکارهێنان گرینگە، بەهۆی ئەو کارلێکەی کە وشەکە لەگەڵ کەرەسەکانی دەوروبەردا دەیکات، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین، کە وشە خۆشی ئەو توانایەی تێدایە، بۆئەوەی لەگەڵ دەوروبەری جیاوازدا خۆی بگونجێنێت، ئەو سیما و تایبەتمەندی و زانیارییانەی، کە لە وشەدا کۆدەبنەوە بۆ خۆگونجان لەگەڵ ژینگەی جیاوازدا ئاڕاستەی دەکەن.

واتای پێگەیی: بەوە لە واتای ئاماژەیی (semthiotics) جیادەکرێتەوە، کە بە پێی شوێن و پێگەی ئاخاوتن دەردەکەوێت و واتایەکی تایبەتمەندە، لە تاکە وشەوە دەست ناکەوێت، بەڵکو لە کات و شوێن و چوارچێوەی قسەکردنەوە دێت، بەڵام واتای ئاماژەیی پشت بە ڕەمزو هێماکاری دەبەستێت، بریتییە لەو واتایەی کە وشە یان هێما تایبەتمەند ودیارەکان لە ڕستە یان دەقێکدا دەیدەن. ئەم جیاکارییەش لەسەر بنەمای ئەو واتایە دەبێت کە وشە و ڕەمز و هێما دیاریکراوەکان لە ڕستە یان دەقدا دەیبینن. (ترنس هوکز: ١٩٨٦: ١١٥). بەشێک لە واتای دەق، لە ڕەمز یان هێمای تایبەتمەندەوە، وەردەگیرێت، کە ئاماژە بۆ ناوەرۆکی بابەتەکە دەکەن، دەتوانین چەند جۆرێک لە ڕەمز و ئاماژەی زمانیی دیاری بکەین:

**٢\١٢) هێمای بابەت: ( اشارة الموضوع):**

لە هێما یان ئاماژەی بابەتیدا، چەند واتایەک لە ژێر یەک بابەتدا، کۆدەکرێتەوە، بۆ نموونە: مەحوی، شیعرێکی بەناوی( زنجیری شێتی) هەیە، خوێنەر دوای ئەوەی شیعرەکە دەخوێنێتەوە، لە مەبەستی شیعرەکە تێدەگات و دەزانێ، ئاماژە بۆچی دەکات، ئەم هەموو واتایەش، لە ناونیشانەکەدا، دەردەکەوێت، واتە: ناونیشانی بابەتەکە، ئاماژەیەکی تێدایە بۆ واتای ناوەرۆکەکە.

- زنجیری شێتی

سەر کە جۆشێکی نەبێ، من زڕکە تاڵم بۆ چییە!<br>
دڵ کە هۆشێکی نەبێ شیشەی بەتاڵم بۆ چییە!<br>
دەرد و داغێکی دەروونی گەر ببێ، با ڕەنگ و ڕوو

سیس و موغبەڕ بی، کە ماڵم بوو جەماڵم بۆ چییە! ( دیوانی مەحوی:١٣٨٥ ە:١٦٣).

لە وتاری ڕۆژنامەدا، هەندێک واتا لە ناونیشانەکەدا دەردەکەوێت، بەڵام بە خوێندنەوەی ناوەرۆکەکە، خوێنەر واتاکەی بە تەواوی بۆ ڕوون دەبێتەوە و لە مەبەستی ناونیشانەکە تێدەگات. هەندێک جاریش ناونیشان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ یان میتافۆر دەردەبڕدرێت.

بۆنموونە: ( **گاندی زیندوو دەبێتەوە**)، ناونیشانی وتارێکی ڕۆژنامەی ئاسۆیە، خوێنەر لە سەرەتادا ، ئەم ڕستەیە بە نامۆ دەزانێت و وای بۆدەچێت، کە لەگەڵ لۆجیکدا ناگونجێت، کەسێکی مردوو زیندوو بێتەوە بەڵام بە خوێندنەوەی ناوەرۆکی وتارەکە، لە مەبەستی نووسەر تێدەگات، لە لایەکی ترەوە، ئەگەر خوێنەر زانیاری لە بارەی گاندییەوە هەبێت، لەوە تێدەگات، کە ڕستەکە بەواتای ناڕاستەوخۆ بەکارهاتووە، لە بەرئەوەی وا باوە کە گاندی مرۆڤێکی ئاشتی خواز بووە بەمجۆرە، (**گاندی زیندوو دەبێتەوە**) واتە: (**ئاشتی زیندوو دەبێتەوە**).

### ١٢ ٢ـ١) ئاماژەی ڕەمزیی

کاتێک شاعیرەکان، داستانی (**سیزیف**)، لە کارەکانیاندا بەکاردەهێنن، دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بەوە بکەین، کە (**سیزیف**) ڕەمزێکە بۆ هەوڵدان وناخۆشی و کەبت.هتد، بەم جۆرە (سیزیف)، ئیشارەیەکی(ئاماژەیەکی) ڕەمزییە.

### ٢ـ٢\١٢) ئاماژەی ئەزموونیی ( تەجریبی):

ئەم جۆرە ئاماژەیە، ئامانجی ئەوەیە کە بار یان کارێک، ئەزموون بکات. بۆ نموونە: هەندێک وڵات، ئەگەر بیەوێت کاردانەوەی شەقام لە نێوخەڵکیدا، لە بارەی بابەتێکەوە بزانێت، بۆ ئەم مەبەستە دەنگۆیەک بڵاودەکاتەوە، لە سەرەتادا، بڕێک گریمانە لە ڕووی ئەرێی ونەرێییەوە لە بارەی بڵاوکراوەکەوە پێشبینی دەکرێت. ئەگەر ئەنجامەکان، هاوشێوەی ئەو گریمانە و پێشنیازانە بوو کە پێشبینی دەکرا، دەنگۆیەکە لەم بارەدا، دەبێتە ئاماژەیەکی ئەزموونی.

نموونەیەکی ترە ئەم جۆرە ئاماژانە، هەندێ دەربڕینی وروژێنەرە، کە بە هەندێ کەس دەوترێت، بۆ ئەوەی کاردانەوەیان بەرانبەر بابەتێک بزانرێت، ئەم دەربڕینانەش ئاماژەیەکن بۆ گریمانەی پێشینە.

**٢\١٢ـ٣) ئاماژەی شارستانییەتی**

بـۆ هەر شارسـتانییەتێک سـیمایەکی تـایبەت هەیە، کە کـاریگەری لە وشـەگەل و پێکهـاتەو دەقەکانـدا دەردەکەوێـت بـۆ نمـوونە، خوێنـدنەوەی داسـتانە کۆنەکـانی کـوردی و بەیتـی میللـی و فۆلکلـۆری سـەردەمی میرنشـینەکان، ئاماژەیەکیـان بـۆ ژیـانی ئەو سـەردەمە تێـدایە. هەروەهـا، شـیعری بەرگـری و بەرهەڵسـتی سـەردەمی شـاخ، زۆر لایەن لە ژیـان و بارودۆخی ئەو کاتە ڕوون دەکاتەوە، پەندە کوردییەکان، ئاماژەیەکیان بۆ جۆری بیرکردنەوە و ژیانی کۆمەڵایەتی میللەتی کورد تێدایە، ئەمەش لە جیاکردنەوەی هەموو شارستانیەت و هەموو زەمەنێکدا دەبینرێت. هەندێک لە پەندە کوردییەکان، بارودۆخی ئەو سەردەمەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە پەنـدەکەی تێـدا وتـراوە، (**ئەگەر هەر کەر کەر بـووایە، هەر کەرێـک سـەد دیناری ئەکرد!**)، بۆمان دەردەکەوێت، ئەم پەندە لە سسەردەمێکدا، گوتراوە، کە (سەد دینار، پارەیەکی بە نرخ بووە، هەروەها کەر سەرچاوەی کار و کاسبی بووە).

(( کۆمەڵی کوردی، هەندێ پەندی وتووە، کە لە شێوەی بەراورد دان لە نێـوان نێـر و مـێ دا، مەبەسـتی سـەرەکیش لە بەراوردەکە خسـتنەڕووی جیاوازییەکانە، کە نەک تەنیا جیاوازن بەڵکو تەواو دژ یەکن، وەکو:

- **کوڕ گۆی زێڕینە، کیژ ماری خەرکینە.**
- **کوڕ تاڵان گێڕەوەیە، کچ تاڵان بەرە.**
- **زەلام بۆ کوشتن، ژن بۆ دانیشتن.**
- **پیاو بە بێ کەس هەژار دەبێ، ژن بەبێ کەس هار دەبێ.**
- **لە گەڵ کوڕم کێو دەبڕم، لەگەڵ کچم بۆ کێ بچم ؟**))، (هێمن عەبدولحەمید: ٢٠١٣:٩٠).

((**زۆر گوتن قورئان خۆشە**))، ئەم گوتەیە، لە کۆمەڵی کوردەواریدا دەوترێت، ئاخێوەران زانیاری هاوبەشیان هەیە و لە دەوروبەرێکدا دەژین و ئاینەکەشیان، ئاینی ئیسلامە.

ئەو واتایانەی کە ڕەمزو هێما دیاریکراوەکان لە دەقێکی دیاریکراودا، ئاماژەی پێ دەدەن، جیایە لە واتای فەرهەنگیی وشەکان و ئەو واتایەی کە وشە لە پێگەی بەکارهێناندا، وەریدەگرێت.

**واتای فەرهەنگیی وشە - Lexicon Meaning**: واتای وشەیەکە، کە ڕێککەوتنی کۆمەڵی لەسەرە، فەرهەنگ لە ناوەرۆک و مەبەستی وشە دەکۆڵێتەوە لە ڕووی واتای بنجی و هاوواتایی و دژواتایی و شیکردنەوەی واتا و پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان، بەمەش، فەرهەنگ هەندێ زانیاری لەبارەی وشەکەوە بە دەستەوە دەدات، وەک: گەشەسەندنی مێژوویی: {وشەی سەرماوسۆڵە: لە وشەی (سەرما و سەهۆڵ)ەوە، هاتووە، دوای ئەوەی دەنگی (هـ) لەناوچووە و دەنگی(ە)، لەکۆتایی وشەی (سەرماوسۆڵ) زیادبووە، بووە بە (سەرماوسۆڵە)}. زانیاری لەبارەی لێداتاشراوەکانی وشە و دروستکردنی وشەی تازە، هەروەها هەندێجار باس لەو سیاقە زمانیانەش دەکات کە واتاکە ڕوون دەکەنەوە.

وشەی فەرهەنگیی خاوەنی چەند پێکهاتەیەکی واتاییە، سیمای جیاکەرەوەی وشەیەک بەرانبەر وشەیەکی تر، واتای فەرهەنگی دیاری دەکات کە ((پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی لە هزری بەکارهێنەرانی زماندا هەیە))، (Sebstian Lonbe: ٢٠٠٢, ٢٢ ).

گوزارشتێکی سادە یان ئاڵۆز کە پێویستە بناسرێتەوە، ئەگەر توانای دارشتەی ئاوێتەیی (ئیدیەم) نەبێت، ئەوا هەڵگری واتای فەرهەنگییە، هەموو ئەو وشە و داتا زمانییانەی، کە لە هۆشی مرۆڤدا خەزنکراوە، دەگرێتەوە، پێکهاتە واتاییەکانی وشە، لە ئاستی واتاسازیدا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، کە لە پەیوەندی نێوان هێما و شت یان تەن لە دەرەوەی زمان دەکۆڵێتەوە (( گرینگترین بواری لێکۆڵینەوەی پەیوەست بە فەرهەنگی ئاوەزییەوە لەمانەدا کۆکراونەتەوە: أ- ناسینەوەی وشە،ب ڕێکخراوەیی ناوەوەی سیمانتیکیانەی

مۆرفۆلۆجیانەی فەرهەنگی ئاوەزی، پ ـ هێنان و گونجاندنی زانیارییەکان لە نــاوەرۆکی گفتوگــۆ یــان لە نــاوەرۆکی دەقــدا))، (تــریفە عــومەر ئەحمەد:٢٠٠٨: ٢٩). فەرهەنگ، تەنیا گرینگی بە وشەی تاک نادات، بەڵکو لە پێکهــاتەی زاراوەیــی و مەتەڵ و قــاڵبی ئیــدیۆمی و دەســتەواژەش، کە یەکێتییێکی واتایی پێکدەهێنن، دەکۆڵێتەوە. بۆ واتای خوازراویش بەڵگە و نموونە دەهێنێتەوە.

لە ئێستادا بواری لێکۆڵینەوەی فەرهەنگ فراوان بووە، هەموو بوارە زانیــاری وبــوارە مرۆڤایەتییەکــان دەگــرێتەوە، تەکنیکــی ســەردەمی تێدا بەکاردێت، هەوڵدەدات چەمکەکە لە بیر و هزر نزیک بکاتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، فەرهەنگ ناتوانێ هەموو مەبەستەکان بەدەستەوە بدات، وشە و دەستەواژە، واتایەکی سەربەخۆ و دابڕاویان نییە، لەو سیاق و چوارچێوە ڕۆشنبیرییەی کە تێیدا بەکاردێن بۆیە زمانەوانەکــان ئاماژەیان بە چەند کێشــە و گیروگرفتێکــی زمــان داوە کە لە چوارچێوەی واتــای فەرهەنگیــی هۆشەکیدا چارەسەرناکرێت، وەک: ((١-کێشەی ڕەگەزدۆزی و فرەواتایی ٢ ـ واتــاو بەکارهێنــان، شــێوە و شــوێنی لێڵــی لە زمانــدا))، (کلــۆد جێرمــان، ریمۆبلان: ٢٠٠٦: ٢٦ ــ ٣٦) بۆ ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئەم کێشەیەش پەنایان بۆ واتای ڕستە بردووە، ئەوەی کە مالینوفسکی ناوی دەنێت سیاقی هەڵوێستی وشە (الموقع السیاقی للكلمة) context of situation (غازی مختارطلیحات: ٢٠٠٠: ٢١٣) لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی نوێدا، گرینگییەکی زۆری پێــدەدرێت، واتە: هەمــوو ئەو شــتانەی لەدەوروبەری وشــەدا کۆبۆتەوە، لە بارودۆخ و ڕووداوەکان، کەیارمەتی پێگەیشتن دەدەن، بۆیە ناتوانرێت، تەنیا پشت بە واتای فەرهەنگیی وشە ببەسترێت، بەڵکو ئەو مەبەستانەشی دەخرێتەســەر کە سیاق دەیدات. واتە: وشە دوو ڕەگەزی هەیە، کە واتاکەی دیاریدەکەن، ڕەگەزێکی وشەیی کە لە فەرهەنگدا دیاری دەکرێت، ڕەگەزێکی سیاقی کە شوێن ـ پێگە (بۆنەی ئاخاوتن)، واتاکەی دیاریدەکات، (وشــە یــان ڕســتە و دەربڕینەکــان، کاتێک بە دەوروبەرەوە

دەبەستریێنەوە، واتای فەرهەنگی خۆیان ون دەکەن و بە پێی دەوروبەر، واتای نوێ وەردەگرن) (عبدالله عزیز محمد:٦٥:١٩٩٠).

وشەو پێکهاتەکان، خاوەنی واتایەکی سەربەخۆی دەرەوەی سیاقی زمانیی نین، ئەو بۆچوونەی، کە دەڵێ وشە واتایەکی سەربەخۆی هەیە، پەسەند ناکرێت، وشە، پەیوەستە بە دەوروبەر و چوارچێوە زمانی و ڕۆشنبیری و ژینگەیی و کاتییەکەیەوە، تەنانەت، هەندێ لە وشانەش کە وێنای ئەوەیان بۆ دەکرێت واتای سەربەخۆیان هەبێت، وەک:**(مەدینەی منەوەرە)**، **(مەککە)**، سەربەخۆنین، لەوانەیە، ئەو کەسانەی کە لەدەرەوەی کلتووری ئیسلامدا بن و هیچ زانیارییەکیان لە بارەی ئەم وشانەوە نەبێت، بەشێوەیەکی دی لێکدانەوە بۆ واتاکانیان بکەن، بۆ نموونە: دەشێ، کەسێکی بیانی واتای (**مەدینەی منەوەرە**)، بەوشێوە لێکبداتەوە: کەشارێکی ڕووناکە، دوور لە چوارچێوە و ڕەهەندە ئاینییەکە، لە دەستەواژە کە بڕوانێت). ناوی ((**مەککە**))، ناوێکی دابڕا و و موجەڕڕەدە لە واتا ڕۆحییەکەی بۆ کەسانی ناموسوڵمان، ئەم ناوە لەلایەن ئەو کەسانەوە، کە زانیاری پێشینەیان لە بارەی چەمکەکەوە نییە، گرینگی و بایەخی پێ نادرێت.

هاوشێوەی ئەم دۆخە، لە کلتوور و ڕۆشنبیرییەکانی تریشدا کە ئێمە زانیارییەکی ئەوتۆمان لە بارەیانەوە نییە بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە لەوانەیە، ئێمە گرینگی بە واتای وشەیەکی وەک: ((**شەبەحەکانی ئیبسن**))، نەدەین تەنانەت، هەندێکجار لە واتاکانیشیان تێنەگەین، ئەو کەسانەی، کە زانیاریان لەبارەی دیاردەکەوە هەیە لەهزریاندا ئامادەگییەک بۆ ناسینەوەی ئەو دیاردەیە هەیە. (محمود عکاشە: ٢٠٠٥: ١٥٧ـ ١٥٨) لە زمانی کوردیدا، بەهۆی ئەو چوارچێوە و دەوروبەرە ڕۆشنبیری و کلتوورییەی کە لە ئاینی ئیسلامەوە، وەرمانگرتووە، لە واتاو مەبەستی وشەکانی وەک: (ڕۆژووگرتن، سەرفترە، زەکات، حەج ...هتد) تێدەگەین.

جیاوازی ئاخێوەرانیش، کار لە واتای وشە دەکات، ئاخاوتنی کەسێکی موسوڵمان لە سیاقێکی دیاریکراودا، لە بارەی ڕۆژو گرتنەوە، لەگەڵ کەسێکی ئاشوری یان یەزیدی ناموسوڵمان لە بارەی هەمان دیاردەوە

جیـاوازی هەیە. ئاخـاوتنی دووکەس، کەسـەر بەدوو کلتـووری جیـاوازبن، چەنـد مەبەسـتێکی لێـدەکەوێتەوە، تەنیـا لەدۆخێکـدا، لە واتـا و چەمکـی وشەیەک دەگەین، کە سیاقێکی دیاریکراو واتاکەی ڕوون بکاتەوە. بەهەمان شێوە، واتا بە سیاقی دەرەکی وشەوە، کاریگەر دەبێت، وەک: نێرەر، کات، شوێن.

دیسانەوە، وشە بە پێی پێگە و شوێن، چەمکی دیاریکراو دەگەیەنێت، بۆ نموونە، دەستەواژەی (**شەهادە هێنان**)، لە هۆڵی دادگادا، واتا و مەبەستێکی هەیە، جیاوازە لەو واتاو مەبەستەی کە لە مزگەوتدا لەلایەن خەتیب ومەلای مزگەوتەوە دەوترێت (محمود عكاشه: ٢٠٠٥: ٢٥٩).

ڕادەی تێگەیشـتنمان، بەنـدە بە بـڕی ئەو زانیـارییەی کە لە بـارەی وشـەکانەوە، لە دەوروبەردا، وەرمانگرتووە، زانیارییە دونیاییەکان لەلایەن قسەکەرەوە هەڵدەهێنجرێن و بە جفرە دەنێردرێن بۆ گوێگر، گوێگریش بە پێی ئەو باکگراوندەی هەیەتی شیدەکاتەوە و واتایەک یان چەند واتایەکی تر دەدات بەو ڕستە و فۆرمەی پێی گەیشتووە.بەڵام هەندێک وشە، بە هۆی ئەوەی زۆر بەکاردەهێندرێن و لە لایەن قسەکەرانەوە ناسراون، پێویستیان بە پێدانی زانیارییەکی زۆر نییە. بۆنموونە، وەک وشـەکانی: (**نوێژ، زەکات، حەج، ئاگری نەورۆز...هتد**).

لە کۆمەڵگـای کوردەواریـدا، ئـاخێوەر بە ئاسـانی لە واتـای ئەم وشـانە تێدەگات، لەبەرئەوەی ئەو وشانە لە زمانەکەماندا ناسراون و زۆربەکاردێن.

لێـرەدا دەردەکەوێـت، کەلەزمانـدا دووجـۆر وشــە هەیە، ئەوانەی بـۆ تێگەیشـتن، پێویسـتیان بە پێـدانی زانیـاری و چوارچێـوەیەکی ڕۆشـنبیری هەیە، ناو لەو جۆرە وشانە دەنێین نادیار یان سێبەری واتایی، ئەوانەش کە بۆ تێگەیشتن لێیـان، تەنیـا پێویستمان بەو بڕە زانیـارییە هەیە کە وەرمـان گرتووە، ئەمانە لە ڕووی واتاوە سەربەخۆن و دەتوانین ناویان بنێین وشـە بڵاوەکان(گەڕان بە دوای واتـادا، بریتییە لە تێگەیشتنی چییەتی وشـەکان و ڕسـتەکان، واتە:وشـەکان و ڕسـتەکان چـۆن واتـا وەردەگـرن یـان واتـادار دەبن)، ( علی زوين:٩١:١٩٨٦).

جگە لە شوێن، چەمکی واتا بەپێی تایبەتمەندی کەسیی و بواری پسپۆریش دەگۆڕێت، وشەی (کتاب)، لەلای بەڵێندەرەکان بە واتای مەرج یان پەیمان دێت، لای پیاوانی نامەبەر واتای (نامە ـ پەیام)ی هەیە، بۆ کەسانی ئاینییش، زۆر واتای هەیە، پێکهاتە و دەستەواژە زمانییەکان، یان لە ڕێگەی سیاقەوە واتا وەردەگرن یان بەهۆی پێگە و ئەو بۆنە ئاخاوتنەی پێکهاتەکە تێیدا دەردەکەوێت، لە هەریەکێکیاندا واتای تایبەت بەو ڕێگایە دەردەکەوێت، بۆ نموونە، دەوترێت :ئەمە واتای سیاقییە، واتە: سیاق ئەو واتایەی پێداوە، یان دەوترێت واتای پراگماتیکی، واتە: واتاکەی لە پراگماتیکدا، دەردەکەوێت.، هەمان وشەی (کتاب)، بە پێی سیاقی بەکارهێنان، واتای جیاواز دەبەخشێ.

- **من کتابێکم لەسەر شاری کۆیە نووسیوە.**
- **من بە کتابێکی فەرمی ئاگادار کراومەتەوە.**

لە ڕستەی یەکەمدا، وشەی (کتاب)، بەواتای دانراوێک هاتووە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا، بە واتای نووسراوێکی فەرمی هاتووە. لە سیاقدا، دوو ئەرکی واتایی بەجێدەهێندرێت:

یەکەم: چەسپاندنی واتایەکی دیاریکرا و بۆ وشەکە.

دووەم: نەفیکردنی هەر واتایەکی تر کە شیمانە و پێشبینی دەکرێت بۆ وشەکە.

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە وشە لە سیاقێکدا لە واتایەک زۆرتر هەڵناگرێ، بۆنموونە:

- **{شیری کڕی}.**

دەکرێ مەبەست لە وشەی {شیر}، شمشێر یان شیری خواردن بێت.

بە بۆچوونی هەندێک، وشەی تەداول بە واتایەکی فراوانتر لە وشەی (پراگماتیک)ی ئینگلیزی بەکاردێت، کە چەند بوارێک دەگرێتەوە: یەکەم: خوازە و خواستن و درکە، دووەم: واتای پێگە و بۆنەی ئاخاوتن، سێیەم: واتای ئاماژەیی(سمیر شریف: ٢٠٠٨: ٢٨٨).

سەرەڕای وشە و دەستەواژە، واتای ڕستەکانی زمانیش، بەهۆی سیاقی دەوروبەرەوە ڕوون دەبێتەوە، سیاق ڕۆڵێکی گرینگ لە دەستنیشانکردنی واتای ڕستەدا دەبینێ لەبەرئەوە زانایانی زمان وەسفی واتای فەرهەنگی دەکەن، بەوەی کە فرەواتایە(علی زوین: ١٩٨٦ :١٨٥).

بە پێی بۆچوونی زمانناسە پراگماتیکییەکان، ڕستە بە تەنیا دەتوانرێت، لە دەوروبەردا، ڕاڤەی بۆ بکرێت وشیبکرێتەوە. یان ئەگەر بە ڕستەیەکی پێش خۆیەوە بەسترابێتەوە، بۆ نموونە:

Amazingly he already loves her.

هیچ کام لە جێناوەکانی (he–her)، دیار نییە بۆ کێ دەگەڕێتەوە، هەروەها دەستەواژەی (Amazingly) بە واتای بە سەرسوڕمانەوە، نازانرێت، بۆچی بەکارهاتووە. بەڵام، ئەگەر ڕستەیەکی تر لە پێشیەوە هەبێت، واتاکەی ڕوونتر دەبێتەوە.

_ Jon met maryYesterday

_ Amazingly he already loves her

بە هۆی ڕستەی یەکەمەوە، دەزانرێت، کە (he)) بۆ (John) و (her)بۆ(Mary)دەگەڕێتەوە.

هەروەها، بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ڕستەکە، پێویستمان بە هەندێ زانیاری تر دەبێت، وەک ئەوەی (John) و (Mary) کێن و لە کەیەوە یەکتریان خۆش دەوێت، هەروەها زانیاری لە بارەی کات و شوێن و بۆنەی ئاخاوتن جۆری پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر...هتد.

ڕوودانی دەقی گفتوگۆ،(( context))، بە شێوەیەکی ئاسایی لە نێوان قسەکەر و بیستەر و هەندێک جار کەسی سێیەمیشدا، دەبێت ( Victoria Fromkin:٢٠٠٢:٢٠٨).

ڕستە بە پێی پێگە و بۆنەی ئاخاوتن، واتای جۆراو جۆر وەردەگرێت، هەر ڕستەیەک بە پێی بواری بە کارهێنانەکەی، دەشێ زیاتر لە واتایەک هەڵبگرێ، بۆ نموونە: کاتێک قسەکەر دەڵێت:

- **جەنابت درەنگ گەیشتیت!**

دەکـــریٚ ئەم ڕســـتەیە، لە دەوروبەرو بـــۆنەی ئاخاوتنـــدا، چەنـــد لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێت:

دەشیٚ، ئەم ڕستەیە تەنیا بۆ هەواڵگەیاندن بێت، کاتێک لە دەوروبەرێکی تایبەتی ئاخاوتندا، ئاخێوەر، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، ئەمە بە گوێگر بڵیٚ، بۆ ئەوەی بوار بە ڕۆیشتنەکەی خۆی بدات.

بەکارهێنانی ڕستەیەکی وەک ((**بەڕێزتان درەنگ گەیشتن!**))، بە واتای نا ڕاستەوخۆ، دەربڕین و ریزبوونی وشەکان، لە ئەرکە سەرەکییەی خۆیان دەخەن، بۆ نموونە بە پێی لێکدانەوەی یەکەم، بێژەی ((**بەڕێز ــ جەناب**)) بەمەبەستی گاڵتەپێکردن و تەوس و ڕاکێشانی سەرنجی بەرانبەر هاتووە. (سمیر شریف:٢٠٠٨:٢٨٩) لە زمانی کوردیدا، هاوشێوەی ئەم بەکارهێنانە زمانییە لە ئاخاوتندا بەرچاو دەکەوێت:

**بۆ نموونە، کە دەوترێت: {کوڕی باوکی خۆیەتی}.**

مەبەست هەواڵدان نییە لە بارەی کوڕەکە و باوکەکە، چەمکی ڕستەکە لە واتای ڕاستەوخۆوە نایەت، بەڵکو چەمک و مەبەستی ڕستەکە، لەو واتایەوە دێت، کە خەڵک لە نێوان خۆیاندا، بە پێی بوارو هەڵوێستی نێوان قسەکەر و گوێگر پێی دەدەن، واتە: هەمان هەڵسوکەوت و خوڕەوشتی باوکی هەیە، چ بە باش، یان بە خراپ.

دەستەواژەکانی وەک (**ناوی خودا بهێنە**)، (**درود بۆ پیغەمبەر بنێرە))**، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا زۆر بەکاردێت، بە پێی سیاقی بەکارهێنان، مەبەستی جۆراو جۆر دەگەیەنن و لە چەند بارودۆخێکدا، بەکاردێن وەک:

**١. کەسێک زۆر توورە بیٚ.**

**٢ . کەسێک بە خراپە ناوی خەڵکی بهێنیٚ.**

**٣ . کەسێک دوودڵ یان ترسنۆک بیٚ.**

**٤ . کاتێک دوو کەس شەڕیان دەبێت.**

(واتـا بـوارێکە کە تێیـدا، بوونێـک یـان چەمـک و ڕووداوێـک بەهـۆی هێمایەکەوە دەردەبڕدرێت، یان نوێنەری دەکرێت)،( بیارغیرو: ١٩٨٦: ١٥ ) مەبەست لە هێما لە چوارچێوەی دەقێکدا، بێژە یان وشەیەکە، کە ئامرازی

واتایە، نرخی واتایی وشەیەک لەو مەبەستە جۆراو جۆرانە دایە کە دەیان گەیەنێت. ناتوانین واتا وەک یەکەیەکی دابڕاو لە دەوروبەر سەیر بکەین، بەڵکو بوونی واتا دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان ئەو شتانەی کە بەشداری لە پێکهاتنەکەیدا دەکەن.

کاتێک سواڵکەرێک لە ڕێگادا، پێمان دەڵێت: (**ئایا هیچ وردە پارەی زیادەت پێ نییە**).

پێویستی بە پارە گۆڕینەوە نییە، بەڵکو داوای پارەت لێدەکات.

- ئاگرت پێیە؟ ( جگەرەیەکم بدەرێ).
- دەستێک بە گیرفانتدا بهێنە. (پارە سەرف بکە).

واتای ڕاستەوخۆی ئەم ڕستەیە، لەگەڵ واتای مەبەستدا جیاوازی هەیە،

بەم جۆرە دەبینین، دیاردەی زمان دوو لایەنی تێدا بەدیدەکرێت:

( أـ لایەنی هەست پێکراو کە سیاقی وشەکان دەگرێتەوە، ئەمەش بەهۆی درکاندنەوە گوێمان لێ دەبێت، یان بە نووسراوی دەیخوێنینەوە.


ب ـ لایەنی دووەمیش بریتییە لە واتا کە لەو سیاقەدا لێی تێدەگەین، مەبەست لە سیاقیش ئەوژینگە زمانییەیە کە لە دەوروبەری وتەیەکدا دەخرێتە ڕوو)، (عزمی اسلام: ١٩٨٥ :١٣).

پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ لە نێوان واتا و سیاقی وشەکاندا هەیە، هەردووکیان بەیەکەوە بەستراونەتەوە و یەکتریش تەواو دەکەن، ناکرێ بە جیاوازی تەماشابکرێن.

سیاقی بەکارهێنان، ڕوونی دەکاتەوە، وشەی (**گوڵ**)، لەم ڕستانەی خوارەوەدا، بەواتای حەرفی یان میتافۆر بەکارهاتووە:

- ئەم گوڵە بگرە، بۆ تۆیە. [ واتای حەرفی]
- ئەم دیارییە، شایەن بە تۆی گوڵە! [ میتافۆر]
- ئەم گوڵە کێیە؟ [ میتافۆر ]

لە ڕستەی یەکەمدا، وشەی (**گوڵ**)، واتای ڕووەکی وەرگرتووە، لە ڕستەی دووەمدا، واتای مرۆڤی وەرگرتووە.ئەمەش ئەو پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەیە، کە لە سیاقدا، لە نێوان وشەو واتاکەیدا هەیە:




**((سیاقی بەکارهێنان))**

واتای گوتە، لە سیاقدا ڕوون دەبێتەوە، مەبەست لەگوتەی واتاداریش، ئەو واتایانەیە کە سیاقی زمانییان لێ پێکدێت نەک ئەو ڕێژانەی کە کۆمەڵێ وشە بەسەریەکەوە پێکدەهێنن و لە سیاقی زمانی خۆیان دوورخراونەتەوە. بۆنمـــوونە: {**دەرگـــاکەم بە ئەو چـــاککردەوە** }، ئەم گـــوتەیە ڕەنـــگە بە ڕووکەشـی واتـایەکی دیـاری کـراوی هەبـێ لەگەڵ ئەوەشـدا، ، لەدەرەوەی سـیاقدا گەلـێ زانیـاری و شـتی نادیـار بەخـۆیەوە دەگرێـت، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو سیاقەی کە تێیدا بەکاردێت زۆربەی زانیارییەکان ڕوون دەبێتەوە.

لە لێکـۆڵینەوە واتاییەکانـدا، بەو دەسـتکەوتە گەیشـتوون، زمـان تەنیـا هەڵگـری بیـر وهـزر نیـیە، بەڵکـو بەشـدارییەکی کـارای لە شـێوەگرتن وپێکهـاتنی ئەو بیرانەشـدا هەیە، وشـە تەنیـا هەڵگـری واتـا نیـیە، بەڵکـو بەشدارییەکی کارای لە پێکهێنانی واتای گشتی ڕستەدا هەیە. (مقبول علی بشیر:٢٠٠١: ٨٤) (جورجانی باوەڕی وایە کە کۆکردنەوە و خستنە پاڵیەکی وشـەکان بە هـۆی سیسـتەمی زمـانەوە دەبـێ (وشـە تاکەکـان تەنیـا هێمـای زاراوەیین بۆ ئاماژەکردن بە شتێک نەک بۆ ئامـاژەکردن بە حەقیقەتـی ئەو شـتە، لەبەرئەوەی وشـەی تـاک دەلالەت لە واتـای (**مجـرد**) دەکـات، بـۆیە سەدان واتا هەڵدەگرێ، وشـە دەبێتە خـاوەن واتـایەکی دیـاریکراو ئەگەر لە سیاقێکدا بەکارهات)، (محمد زکی العشماوی:٣٠٣:١٩٧٦).

وشەی (بردنەوە)، شیمانەی دووبارە بردنەوەی شتێک بۆ شوێنێک یان پێشکەوتن لەیاری یان بوارێکی ژیانی بۆ دەکرێت. فتگنشـتن دەڵێت: ((زمـان خـــاوەنی ژمێریـــاریەکی وردنیـــیە، کە هەر وشـــەیەک تەنیـــا واتـــایەکی دیاریکراوی هەبێت، هەر ڕستەیەک تەنیا یەک ئەرکی هەبێت، بەڵکو وشـە واتـای جۆراو جۆر بە پێی بەکارهێنـان وەردەگرێت، لە زمـانێکی ئاسـاییدا،

هەروەها ڕستە واتای جۆراو جۆر دەبەخشێت، بە پێی ئەو سیاقەی کە تیایدا بەکاردێت ، لە وتارێکدا واتا لە پەیوەندی نێوان وشەکانەوە دەست دەکەوێت، لە سیاقێکی دیاریکراودا)، (محمود فهمی زیدان: ١٩٨٥: ١٠٦).

((لە قسەکردندا زۆر بابەت بەرچاو دەکەوێت کە ڕستەسازیی ناتوانێ چاری بکا))، (قەیس کاکل تۆفیق: ٢٠٠٢: ١٠).

بایەخدان بە زمانی دەرەکی (External Language) دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی دروستەیی چاولێکەری بلومفیلدییەکان، کە لە فێربوونی زماندا پشتیان بە دووبارە کردنەوە و لاساییکردنەوە و کۆکردنەوەی ڕستە بەستووە، بەبێ ئەوەی لە شیکردنەوەکانیاندا بۆ لایەنە هۆشەکییەکانی مرۆڤ بگەڕێنەوە، بلۆمفیلد لە ڕوانگەی ڕەفتارناسی دە ڕووںناسییەوە دەڕوانێتە زمان و بە بەشێک لە ڕەفتاری مرۆڤی دادەنێت، لەسەر بنەمای وروژێنەرو وەڵامدانەوە{ کارو کاردانەوە} شیکردنەوە بۆ زمان دەکات، بەم واتایە هۆکارە دەرەکییەکان کاردانەوەیان لەسەر فێربوونی زمان دەبێت ( Lyons: ١٩٩٠:٢٢٠). سوسێر پێی وایە، زمان فۆرمە نەک ناوەرۆک، لە پێڕەوێکی هێمایی سەربەخۆ پێکهاتووە( چۆمسکی زمانی دەرەکی لە زمانی ناوەکیی ـ Internal language و هەردوو زاراوەی توانست و توانا (چالاکی) لە یەک جیاکردەوە، بە شێوەیەک، ئەم دوو زاراوەیە، نزیک بە دوو چەمکە زمانەوانییەی سوسێر بەکاردەبردرا)،(Cook:١٩٩٧:٣).

واتای میتافۆر لە واتای ڕاستەوخۆی ریزبوونی کەرەستە و ڕستەکانی زمانەوە دەست ناکەوێت، بۆیە پێویستە لە ئاستێکی سەرووی ڕستەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، کە ئەویش ئاستی پراگماتیکە شیکردنەوەی پێکهاتە میتافۆرییەکان بە واتای حەرفی، لە ئاستی واتاسازیدا هەڵە دەردەچێت، ئاخاوتن، بەشێکە لە چالاکی تاکەکەس، میتافۆریش یاسای ئاخاوتن، نەک زمان دەبەزێنێ.

شیکردنەوەی میتافۆریش بۆ مەدلوولی دووەم و مەدلوولی یەکەمی وشەکانە، بەڵام ڕەخنەگر کە یاساکان شیدەکاتەوە، دەچێتەوە قۆناغی

ئاڵوگۆڕ، هەروەها، کاتێک ئاخێوەر یان شاعیر وشە بە مەدلوولی دووەم بەکاردەهێنێت، دوو کردە بەجێ دەهێنێت:

١ ـ تێکدانی یاساکانی ئاخاوتن.

٢ ـ بونیاتنان و داهێنانی واتا.

بەم جۆرە، مەدلوولی دووەم، هەم تێکدانە، هەم بونیاتنان، لەبەرئەمە دەشێ، لە دەربڕینێکی زمانیدا، چەند بیرۆکەیەک کۆبکرێتەوە، کە یەکدەگرێتەوە لە گەڵ شارەزایی مرۆڤدا: بۆ نموونە، ئەگەر بەواتای حەرفی، لە میتافۆر بڕوانین، دەربڕینێکە یەک بیرۆکە دەستنیشان دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا، بۆ دەستنیشانکردنی بیرۆکەیەکی تر و دەرخستنی واتایەکی شاراوە بەکارهاتووە. میتافۆر بەشێکی گرینگی واتای وشەکانە، بەبێ میتافۆر توانستی ئاخاوتنمان ڕەوان و کاریگەر نابێت و، پێکهێنەرێکی گرینگە بۆ گەشەکردنی زمان.

ئەگەر میتافۆر بە واتای زمانیی ڕاڤە بکەین، بۆی هەیە هەندێ دەربڕین نامۆ دەربچێ، وەک: Walls have ear.

- **{دیوار بە گوێیە}** واتا بنەڕەتییەکەی ئەم میتافۆرە، بریتییە لە (ئەگەر بە ئاشکراش،کەس گوێی نەگرتبێت، لەوانەیە دەنگت ببیسترێت).

لێکدانەوەی وتەکە پێویستی بە زانیاری هەیە، لەبەرئەوەی واتا حەرفییەکەی جیاوازە لە مەبەستە شاراوەکە، هەروەک چۆن لێکدانەوەی حەرفی ئەم ڕستەیەی خوارەوە، لە واتا شاراوەکەی جیاوازە:

ئۆتۆمبیلە تازەکەم لیمۆیە (My new car is lemon) .

- بە واتای شازە (**دەگمەنە**).

بەڵام ئەگەر ئەم ڕستەیە لەناو گفتوگۆکردندا، بەکارهات وتای تەواوی خۆی دەبەخشێت، کە بریتییە لە:ـ

١_ ئۆتۆمبیلێکی منالانە کە لە شێوەی لیمۆیەک دروست کرابێت.

٢ _ واتای دووەم میتافۆرە، بۆ ئۆتۆمبیلێک بەکاردێت، کە بە نوێیی کڕابێت و هەمیشە خەریکی چاککردنەوەی بین.

کلتـوور، پێکهێنەرێکـی بەهێـزی میتـافۆرە، بـۆ نمـوونە: ئۆتـۆمبیلەکەم لیمۆیە، ئەگەر کۆمەڵگایەک لیمۆ و ئۆتۆمبیلی نەبێت، لە واتاکەی تێناگەن، وەک ئەو مرۆڤانەی (لە باکوری گرین لاندا) دەژین.

شەکسـپیر، وشـەی (fortune) کە بەواتـای (سـامان) دێـت، بـۆ (ژن) بەکارهێناوە، لەم وتەیەدا: Iam a man whom fortune hath univers (scratched) ) , ( Fromkin:۲۰۰۲:۲۰٤ )

واتای ئەم وتەیە، لەو کۆمەڵگایانە لیکدەدرێتەوە، کە ژنیان وەک سامان سەیرکردووە.

لێرەدا، چەند ڕستەیەک شیدەکەینەوە، کە چۆن لە دەوروبەردا، بە پێی بواری بەکارهێنان، میتافۆر دەگەیەنن:

ــ { **دکتۆر ئازاد قەسابە**}، ئەم ڕستەیە دوو واتا دەبەخشێت:

**١ــ دکتۆرێکە لە قەسابخانەی سەربڕینی ئاژەڵاندا کاردەکات.**

**٢ ــ واتا میتافۆرییەکەی، ئەوەیە: دکتۆر ئازاد کەسێکی زیان بەخشە، بکوژە.**

بـۆ ئەوەی بە تەواوی لە واتـای میتـافۆر تێـبگەین، پێویسـتمان بەوە دەبێت، کە زانیاریمان لەبارەی واتای حەرفی و حەقیقی دونیاوە هەبێت بەم جۆرە دەتوانین شیکردنەوەیەکی لۆجیکی بۆ هەندێ دیاردە بکەین: وەک لەم نموونەیەدا، دەردەکەوێت: ( کات پارەیە) (ــ Time is Mony) .بۆ زانینی واتا میتافۆرییەکە، پێویستە بزانین، ئێمە لە کۆمەڵگا کاردەکەین و پارە ومووچە وەردەگرین بە پێی ژمارەی کاتژمێر و ڕۆژەکانی کارکردن. بەڵام لە ڕاسـتیدا، (( کـات))، بیرۆکەیەکـی گـوزارەییە وبـابەتێکی هەمەچەشنەیی میتافۆرییە، لە چەند دەربڕینێکدا دەردەکەوێت، وەک: **{کات بەرجەستە دەکەین}**: (**کات**)، سیمای( + **ئەبستراکت**)ی هەیە و بە دەست ناگیرێت، بەڵام بە دیوێکی تردا، بە بەراورد کردن، لە گەڵ میتافۆری{ **کات پارەیە** }، دەتوانین، بەم جۆرە ڕوونی بکەینەوە:

بە پێی واتای ڕووکەشی ئەم ڕستەیە:

**(کات = پارە)**:

پارە، سیمای (+ بەرجەستە) ی هەیە، لە کاتدا پارە بە دەست دەهێنین:
کەواتە، ئێمە دەتوانین: پارە بەرجەستە بکەین = بەدەست بهێنین.
هەر بەمجۆرەش، دەتوانین: کات بەرجەستە بکەین = بەدەست بهێنین.
پارە سیمای **{+ بەرجەستە }**ی هەیە، کاتیش سیمای{ +بەرجەستە}ی پێدرا.

ئەم جۆرە ڕاڤەکردنە، بەهۆی بەراوردکردنی میتافۆر بە میتافۆرەوە شیکراوەتەوە، بەڵام لە ڕووی فیزیکییەوە کات نابێ بە پارە.

هەروەها، ئەگەر بە واتای حەرفی لە میتافۆری**{ کات بە فیڕۆ دەدەین }**، بڕوانین، دەتوانین بەم جۆرە لێکدانەوەی بۆ بکەین: ئێمە لە کاتدا، هیچ کارێکی بە سوود ناکەین، بۆیە، هیچ دەستکەوتێکمان نابێت، کەواتە، کاتەکەمان لە دەست چووە.

-**{کات ڕێکدەخەین }**: لە واقیعدا، دووبارە بوونەوەی شەو و ڕۆژەکان، لە دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە، تاوەکو بتوانێت ڕێکیان بخات، بۆیە ئەوەی مرۆڤ ڕێکی دەخات، کارە نەک کات.

تەنانەت، لە پەند و وتەی بە نرخدا، کات بە خەنجەر و شتی بەرجەستە دەچوێنرێت:

**- { کات وەک خەنجەر وەهایە، ئەگەر نەیبڕی دەتبڕێ}.**

**{کات}**، کە دیاردەیەکی ئەبستراکتە، بە { خەنجەر }، چوێنراوە، کە دیاردەیەکی بەرجەستەیە.

**- کاتم نییە بۆ تۆی خەرج بکەم.**

لە واقیعدا، شتی بەرجەستە، سەرف دەکرێت، نەک کات، بەڵام بە دیوێکی تردا، کات سیمای شت و بەرجەستەی پێدراوە.

میتافۆری کات، لەو ناخود ئاگاییەوە هاتووە، کە لەنەستی مرۆڤدایە، ئەویش بریتییە لەو دۆخەی، کە کات لە ژیانی مرۆڤ خۆیدا دیاریکراوە، ئەگینا (**کات**)، لە ڕووی فیزیکییەوە، جێگیرە هەمان دیاردەی گەردوونە، کە دووبارە دەبێتەوە.

هەروەهــا ئەگەر لە دەربڕینــی { **دوعــا دوو ســەری هەیە** }، بــڕوانین، بێگومــان نــامۆ دەردەچێــت، لە دونیــای ڕاســتەقینەدا، ( **دوعــا**) ، نــاوێکی ئەبســـتراکتە و (**ســـەر**) نـــاوێکی بەرجەســـتەیە، دوعـــا نەک دوو ســـەر، سەرێکیشی نییە.

لە واقیعدا، سەر بۆ شت و دیاردەی بەرجەستە بەکاردێت، نەک واتایی.

مەبەست لە ڕستەکە، هەواڵدانێکی ڕاستەوخۆ نییە و واتـای مەبەسـت لە واتــای وشــە و کەرەســتەکانەوە دەســت ناکەوێــت، بەڵام، بە دۆزیــنەوەی چوارچێوەی تایبەتی، قسەکەر دەتوانێ لە واتاکەی تێبگات و لێکدانەوەی بۆ بکات.

**{ ـ ئەگەر نازانیت، پشتی سەریشم چاوە !}**

واتای مێتافۆرەکە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە واتای وشەکانەوە نایەت، بۆیە لە ئاستی واتاسـازیدا، لێکدانەوەی ڕستەکە نامۆدەردەچێت، چـاو، لە پێشــەوەی ســەرە نەک پشــتی ســەر. لە دەوروبەرێکــی تایبەتیــدا، واتــاکەی بریتییە لە: ئاگاداری هەموو شتێکم.

سـیاق واتـای یەکەی ئاخـاوتن، لە سێ ئاسـتی جیـاوازی شـیکردنەوەی دەقدا دیاری دەکات:

(یەکەم ـ ئەوە دیـاری دەکـات کە کـام ڕسـتە دەربـڕاوە، ئەگەر بە فیعلـی ڕستەیەک دەربڕابێت.

دووەم ـ ئەوەمـان پێ دەڵێـت، کە کـام بـابەت (مەسـەلە) دەربـڕاوە، ئەگەر بابەتێک، لە ئارادا هەبێت.

سێیەم: یارمەتیمان دەدات، کەبڵێین، ئەو بـابەتەی کە دیراسـەی دەکەیـن، بە پێی جۆرێکی تایبەت لە هێزی نائاخاوتن دەربڕاوە)، (جون لاینز: ١٩٨٧: ٢٢٢).

بەڵام واتـای یەکەی ئاخـاوتن، زۆربەی جـار، ئەوە تێـدەپەڕێ، کە دەو ترێت، بەڵکو ناوەرۆکی مەبەست و واتای شاراوەش دەگرێتەوە یان ئەوەی، کەپێش وەخـتە گریمـانە کـراوە، سـیاق، پەیوەنـدییەکی بەتینـی بەو بەشـەی واتــای یەکەی ئاخــاوتنەوە هەیە، بەم جــۆرە دەتــوانین، دوو جــۆری واتــای یەکەی ئاخاوتن دیاری بکەین: لایەنی ئاخاوتن و لایەنی نائاخاوتن.

بەهـۆی هێـزی ئاخـاوتنەوە، سـیاق، جـۆری ئەو ڕسـتەیەمان بـۆ دیـاری دەکــات، کە دەمـــانەوێ دەری ببڕین.بەهەمـــان شـــێوە دەشـــێ دەرکەوتە جیاوازەکانی ئاخـاوتن، ئەنجامی ڕستەی جیاواز بێت، لە بۆنەی جیاوازدا، ئەمەش بەهۆی تەمومژی ڕێزمانی یان فەرهەنگی لە ئاخاوتندا ڕوودەدات.

بۆ نموونە، ئەگەر بڕوانینە ئەم ڕستەیەی خوارەوە:

- ( **بیرێکی قووڵی هەیە**).

دەوروبەری بەکارهێنـان دەریـدەخات، کە مەبەسـت لە بیـر، چـاڵە یـان هــزرە، تەمــومژی ڕســتەکەش، بەهــۆی هــاوبێژی وشــەی (**بیــر**) ەوە دروستبووە، کە دوو واتا دەبەخشێت، بەڵام لەم ڕستەیەی خوارەوەدا:

- **لە نووسیندا، بیرێکی قووڵی هەیە.**

بەهۆی هاوڕێیەتی وشەی ( نووسین)، لەگەڵ (قـووڵ) دا، گـوێگر خـوێنەر تێدەگات کە مەبەستی قسەکەر هزرە نەک بیری ئاو.

لێـرەدا، بۆمـان دەردەکەوێـت، کە سـیاق ڕۆڵێکـی گرینـگ لە دیـاریکردنی واتای یەکەی زمانیی، لە بۆنە جیاوازەکانی ئاخاوتندا دەبینێت واتای کردەی قسەیی لە بەکارهێناندا ڕوون دەبێتەوە، ئەم تیۆرە بۆمـان ڕوون دەکاتەوە، کە ســـیاق واتـــای تەواوی ڕســـتەمان بـــۆ دەردەخـــات، (( لەو ڕســـتەیە دەکۆڵێتەوە کە لە کارکردندایە و وەکو تەنێکی زیندوو سەیری دەکات کە کردەوە رادەپەڕێنێت وجێبەجێ دەکات))، (قەیس کاکل:٢٠٠٢:٧٢).

لایەنێکـــی تـــری ســـیاق، بـــریتییە لە ڕوونکـــردنەوەی ئامـــاژە و ئاماژەپێکراوەکـان، ئـامرازی (نە)، دەتوانێـت، لەگەڵ ژمـارەیەکی بێ کۆتـایی ڕســتەدا بێــت، بەڵام لەم ڕســتەیەی خــوارەوەدا، بــۆ دیــاریکردنی ئەم دەربڕینە هاتووە{ **من دوێنێ ئازادم نە دیوە**}.

بـۆ ڕوونکـردنەوەی ئاخـاوتن، پێویسـتە کـاتی ڕوودانـی کـردەکە دیـاری بکەین، بۆ نموونە، لەو ڕستەیەی پێشوودا، قسەکەر دەستەواژەی (نەمدیوە) ی بە ئاوەڵکـاری (دوێنــێ)ەوە پەیوەســتکردووە، کە بەهــۆیەوە پرۆســەی بەکـات بـوونی کـردەکەی ئەنجـام داوە، ئەگەر بەراوردی بکەیـن لەگەڵ ئەم ڕستەیە: {**من ئازادم نەدیوە**}.

قسەکەر، کاتی ڕوودانەکەی دیاری نەکردووە، دەشێ مەبەستی ئێستا بێت، نەک کاتژمێرێک پێشتر یان دوێنێ یان هەفتەیەک یان ساڵێک...هتد.

لێرەدا پێویستە، ئاماژە بەوە بدەین، کە ئێمە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، بەبێ ئەوەی ئاگامان لێ بێت بۆ لێکدانەوەی یەکەکانی ئاخاوتن، زانیارییە سیاقییەکان بەکاردەهێنین، بۆیە زۆربەی جار بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەین، تەمومژیی و نادیاری ڕێزمانی یان فەرهەنگیی بەسەرماندا تێپەڕ دەبێت. هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیەش ئەوەیە، کە زانیارییە سیاقییەکانمان، لە ڕووی ناوەرۆکی بابەت و ڕوونی و ئاشکراییەوە جیاوازی هەیە، لەگەڵ ئەو کەسەدا، کە بەشداری ئاخاوتنمان لەگەڵدا دەکات، واتە:مەرج نییە، هەموو قسەکەرانی زمانی کوردی هەمان ئاستی زانیاریی سیاقییان هەبێت، کاتێکیش، کە لە مەبەستی قسەکەر تێناگەین دوودڵ دەبین لە هەڵبژاردنی شیکردنەوەکان، چەند لێکدانەوەیەک بۆ ئاخاوتنەکە دەکەین، یان ناتوانین بە تەواوی مەبەستی قسەکەڕ لێکبدەینەوە، چونکە بە هەڵە لێی تێدەگەین.

نووسەرانی کۆمیدیی و دەقی گاڵتەجاڕیی، زۆربەی جار سیاق بە شێوەیەکی وا ئامادە دەکەن، کە بینەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی پشت بە شیکردنەوەیەکی دیاریکراو لە سیاقێکی دیاریکراو ببەستێ، دواتر بۆیان دەردەکەوێت، کە مەبەستە سەرەکییەکە شتێکی ترە و بەشێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ دەربڕاوە. لەپاڵ ئەمەشدا، هەندێکجار، وێنەیەکی ڕوون بۆ سیاق، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراونییە، واتە: دەقەکە دوو شیکردنەوە یان زیاتر بەخۆیەوە دەگرێت. ئەم بارە بە شێوەیەکی سروشتی لە ئەدەبدا، سوودی لێ وەردەگیرێ، دەربڕینەکان لە هزری خوێنەردا، دوو شیکردنەوە یان زیاتر بە خۆیەوە دەگرێ. گوێگر/ خوێنەر، دوو دڵ دەبێت، لە هەڵبژاردنی یەکێک لە شیکردنەوەکان، یان لە کۆی هەموو شیکردنەوەکاندا، شیکردنەوەیەک هەڵدەبژێرێت.

- **بەفر**

به باوەشێک پشکۆوە

خزایە خەڵوەتگەی پیری
به نووری کل،
چاوی پیرە ژن و
دیدەی پیرەمێردانی رشت
به بۆنی خورما و ڕۆن، پێستە چرچەکانی
مەساج کردن ( قوبادی جەلی زادە: ٢٠٠٥ :٤٩).

مەبەستی سەرەکی شاعیر، لە پشت کەرەستە زمانییەکانەوە، دەردەکەوێت، لە دونیای ڕاستەقینەدا، بەفر و پشکۆ بەیەکەوە نایەن و دژیەکییەکی تەواو لە نێوان ساردی بەفر و گەرمی پشکۆدا هەیە، لە واقیعدا، ئەگەر بەفر پشکۆ لە باوەش بکات، خۆی لەناو دەچێت و دەتوێتەوە، ( کل)، تاریک و ڕەشە و نوری نییە.

دواتر، به سەرسامییەوە باس لە گەرمی ( **بەفر**)، دەکات، بەوهۆیەش دژیەکییەکی تەواو لە نێوان هەردوو دیاردەی ساردی و گەرمی دروست دەکات:

- **بەفر**

ئەو هەموو گەرماییە لە کوێوە دەهێنی (قوبادی جەلی زادە:٥٠:٢٠٠٥).

بەفر سیمای < + **بەستن** > ی هەیە، شاعیر سیمای < + گەرم > ی پێداوە.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، واتای تەواوی وشە و یەکە زمانییەکان لە دەوروبەر و بەکارهێناندا ڕوون دەبێتەوە، مەبەستی تەواوی قسەکەر لە بۆنە و بارو دۆخی وتندا دەردەکەوێت، بۆیە هێزی نائاخاوتنیش لە دیاریکردنی واتادا ڕۆڵێکی گرینگی هەیە کە لێرەدا، به کورتی ئاماژەی پێدەدەین:

**٢\١٢-٣-١) میتافۆر و زمانی جنێوفرۆشی**

جۆرێکی دیکەی پراگماتیک، لە بارەی بەکارهێنانی زمانەوەیە، بۆنموونە لە دەستەواژەیەکی وەک **{کوڕی سەگ}**دا، مەبەستمان دەربڕینی زانیاری

لەبـارەی ئـاژەڵانەوە نیـیە، بەڵکـو جـۆرێکە لە جنێـو و ئیهـانە کـردن لەم دەسـتەواژەیەدا گواسـتنەوەیەکی واتـایی، لە ئـاژەڵەوە بـۆ مـرۆڤ ڕوویداوە، بەڵام زانیـاری زمانیمـان ئەوەمـان پـێ دەڵێـت، کە مەبەسـت لە{ **سـەگ** }، مرۆڤە نەک ئاژەڵەکە، بەهۆی بەکارهێنانی وشەی {**کوڕ**}ەوە. لەبەرئەوەی لە زمـانی کوردیـدا، وشـەی { **بێچـوو، گـوجیلە** }، نەک {**کـوڕ**} ، لەگەڵ سـەگدا بەکاردەهێندرێت.

هەروەها، بەپێی بۆچوونی نـوێ، کارلێک لـەنێوان دوو بیرۆکـەدا ڕوویداوە، (سەگ)، بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی خۆی بە (کوڕ)، بەخشیوە، (کوڕ)یش، هەندێک خاسیەت و تایبەتمەندیی لە (سەگ)، وەرگرتووە.

**بێچووە سەگ ⟵ بەکارهێنانی ئاسایی.**

**گوجیلە سەگ ⟵ بەکارهێنانی ئاسایی.**

**{ کوڕ + ی + سەگ⟵ کوڕی سەگ} : مێتافۆر**

سـیاقی بەکارهێنـان، ئەم کـۆتە زمـانییەی بەزانـدووە و وشـەی (**سـەگ**)، (**کـوڕ**)، کە هاوڕێیەتیـان نیـیە، کەوتـوونەتە پـاڵ یەکتـری و ئەم فرێزەیـان دروستکردووە:

لێرەدا، کۆتێکی واتایی بەزێنراوە، کە هاوڕێیەتی نێوان وشەی { **کوڕ**} و وشەی{ **سەگ** }ە زمانی جنێو فرۆشی، ژمارەیەکی زۆر مێتافۆری تێدایە، کە مەبەست بە ڕاستەوخۆیی دەرنابڕن: کاتێک، ئاخێوەر دەڵێت: (**کەرباب**)، مەبەسـتی ئەوە نیـیە، کە ئەو کەسـە بـاوکی کەرە، بـەڵکو مەبەسـتی ئەوەیـە خاسـیەتی کـەری هەیـە، (کـەر)، بەشـێک لـە تایبەتمەنـدیی خـۆی بـە (باوک)بەخشیوە، (باوک)یش هەندێک خاسیەتی لـە (کـەر) وەرگرتـووە. یـان مەبەسـت لە دەسـتەواژەی (نێـرە کەر)، دەربڕینـی زانیـاری لە بـارەی ئەم ئاژەڵەوە نییە. بڵکو تایبەتمەندییەکانی دراوەتە پاڵ کەسێک.

لە گەڵ لۆجیکدا، ناگونجێت، کەسـێک مێشـکی نەبێـت، بـۆیە نـاتوانین بە واتای حەرفی، دەستەواژەی {**بێ مێشک** }، ڕاڤە بکەین. دەربڕینی ڕووکەش لە گەڵ واتای مەبەستدا، یەکناگرێتەوە:

هەروەها، سیاقی بەکارهێنان، بۆمان ڕوون دەکاتەوە، کاتێک ئاخێوەر، دەستەواژەکانی (**کەرباب**)، (**نێرەکەر**) بەکاردەهێنێت مەبەستی وەسفکردنی ئەو گیانلەبەرانە نییە، بەڵکو وەک میتافۆر بەرانبەر بە کەسێک، بەکاریان دەهێنێت.

زۆرجار ئەم جۆرە گواستنەوە واتاییانە لە زمانی جنێوفرۆشی و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، بە دیدەکرێت: قسەکەرلەم ڕستەیەی خوارەوەدا، وشەی **{تەپاڵە}** لە فیلْدی{ئاژەڵەوە} بۆ فیلْدی {مرۆڤ} دەگوازێتەوە:

ـ {مێشک تەپاڵە}.

گواستنەوەی وشەی {بەرد} لە بێگیانەوە بۆ گیاندار{مێشکی بەردە}

### ٣\٢) سیاق و هێزی نائاخاوتن:

هێزی نائاخاوتن، وەک کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ، ئەو بارانە دەگرێتەوە، کەمەبەستی قسەکەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر. واتە جیاوازییەک لە نێوان جۆری ڕستەکە و جۆری کردەی قسەیی دێتە ئاراوە. دەتوانین، هەمان ڕستە، بە چەند شێوەیەک لە هێزی نائاخاوتن دەربڕین، لە بارودۆخ و بۆنەی جیاوازدا:

- **{دوێنێ نەهاتبووی}.**
- **{ پارەکەت هێناوە ؟}.**

ئاخێوەران، ڕۆژانە ڕووبە ڕووی ئەم جۆرە دەربڕینانە دەبنەوە، هەرجارەی بە جۆرێک و لە هەڵوێستێکی جیاوازدا.ئەگەر بڕوانینە ڕستەی یەکەم، بە پێی سیاقی بەکارهێنان زۆر مەبەست بە خۆیەوە دەگرێت: دەشێ قسەکەر مەبەستی(ئاگادارکردنەوە، یان سزادانی کەسی بەرانبەر بێت، یان هەر تەنیا مەبەستی هەواڵپرسین بێت، لە بارودۆخی ئەو کەسە. ڕستەی دووەم، فرمانە، بەڵام لە شێوەی پرسیار دەربڕاوە). (بەشێکی زۆری ڕەوشتە زمانییەکانمان، بە جۆرەکانی تری ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەستراوەتەوە زۆربەی کات دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین، یەکەی ئاخاوتن، هێزێکی نائاخاوتنی دیاریکراوی هەیە، بەڕێگەی هەڵوێستێکی

دیاریکراوی کۆمەڵایەتییەوە ئەنجام دەدرێت، یەکەی ئاخاوتنیش دەبێتە بەشێک لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکە)، (جون لاینز:١٩٨٧: ٢٢٧).

بارودۆخی پەروەردەیی و ڕێرەوی ژیانمان، لە ئاخاوتنەکانماندا ڕەنگ دەداتەوە، لە ماڵی کەسێکی بێگانەدا، دەست بە نان خواردن ناکەین، تاوەکو داوامان لێ نەکرێت. بۆیە لایەنێکی گرینگ لە سیاق ئەوەیە، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نیشان دەدات وەک: پلەوپایەو جۆری پەیوەندی وبۆنە و بارودۆخی ئاخاوتن و دەسەڵاتی قسەکەرو گوێگر.

وشە و دەربڕین، لە ڕووکەشدا، واتایەکی ئاسایی هەیە، بەڵام زۆربەی جار، واتای یەکە زمانییەکان، جیاوازە لەوەی کە بە کردەوە دەیڵێین، بۆ نموونە: ئەگەر لە ڕەوش و بارودۆخی کەسێک بپرسین، بۆی هەیە وەڵامێکی ئاوامان دەست بکەوێت:

- **{ ئەگەر نانێکی هەبێت، لەگەڵتدا کەرتی دەکات}.**

قسەکەر، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەیوتووە، (ئەو کەسێکی دڵ باشە)، بەڵام واتای ناوەکیی ئەم وتەیە ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەو مەبەستە دەدات.

زۆربەی ئەو زانیارییانەی کە ڕۆژانە، لە قسەکەرەوە، بەگوێگر دەگات واتای ناوەکی و ناڕاستەوخۆیان هەیە، لە هەندێ دۆخدا، واتای ڕوون نادەن بە دەستەوە، لە هەدندێ باری تردا، ئەگەر قسەکەر بیەوێت گوێگر بگاتە ئەنجامێکی دیاریکراو یان نا، ئەمەش بوار بۆ بەهەڵە تێگەیشتن و لادان و هەڵخەڵەتاندن دەکاتەوە، واتە، گویگر مەرج نییە تەنیا بە ئەنجامێکی پێوانەیی ئاخاوتنەکە بگات، بەڵکو پێویستە پێشبینی هەموو ئەو دەرئەنجامانەش بکات، کە ئاخێوەر لە واتای ناوەکییدا مەبەستیەتی.

لە نموونەکەی پێشوودا، بۆی هەیە گوێگر بگاتە ئەو ئەنجامەی کە مەبەستی قسەکەر ئەوەیە، کە کەسێکی دڵباشە، بۆشی هەیە، قسەکەر ڕستەکەی بە گاڵتەجارییەوە وتبێت، مەبەستی پێچەوانەی ئەمە بێت.

سیاقی بەکارهێنان، واتای ویسترا ڕوون دەکاتەوە. بە باوەڕی گرایس، ئاخاوتن، چالاکییەکە، بە هاریکاری دێتە ئەنجام، ئێمە پێشبینی ئەوە دەکەین، کە خەڵکی بە شێوەیەکی لۆجیکی و هاوکارییەوە، هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا

دەکەن، بۆیە لۆجیکی و لەسەر بنەمای هاوکاری، شیکردنەوە بۆ ئاخاوتنەکانیان دەکەین. گرایس، بنەمای هاریکاری، بۆ چەند جۆرێک دابەش دەکات: (چەندییەتی، چۆنیەتی، پەیوەندی، دروستی). هەریەک، لەم ناو نیشانانە، کۆمەڵە پێکهاتەیەکن بۆ بنەمایەک یان زیاتر لە بنەمایەک، کە ئاخێوەر جێبەجێیان دەکات، یان فەرامۆشیان دەکات.

بۆنموونە، بنەمای چۆنیەتی، بریتییە لە: (( با گوتنەکەت ڕوون بێت، دوور بێت لە فرەواتایی و دوو واتایی و لێڵی، با ڕووداوەکانیش بە ڕیزبێن،(جون لاینز: ١٩٨٧:٢٣٤).

- { چووە بازاڕ و نانەکەی کڕی}.

ئەم بنەمایانە، ڕێنمان، کەنەریتی ئاخاوتن دیاری دەکەن، بەڵام وانەی ئاکاری نین، واتا مەرج نییە، قسەکەر ئەم بنەمایانە پەیڕەو بکات، بەڵام گوێگر هەمیشە چاوەڕێی ئەوەیە، کە بنەماکان نەبەزێنرێن. هەرچەندە، قسەکەر بەمەبەست دەتوانێ بیانبەزێنێت، بۆ نموونە:

- {قسەکەر: بەڕێوەبەرە تازەکەتان چۆنە؟ }
- { گوێگر:ئەمساڵ باران زۆر باریوە.}

وەڵامی گوێگر، پەیوەندی بە پرسیارەکەی قسەکەرەوە نییە و لە بنەمای پەیوەندی لایداوە.

زانایانی واتاسازی پێکهاتەیی، پێیان وایە: ئەو بنەمایانەی کە گرایس باسیان دەکات، ناتوانن لێکدانەوە بۆ هەندێ دیاردەی وەک: کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ و میتافۆر و لێکەوتەی ئاخاوتن، بکەن. بۆ ئەم مەبەستە، بە نموونەیەک بنەمای هاریکاری گرایس، لە شیکردنەوەی میتافۆردا دەهێنینەوە: **{ئازاد پڵینگە}**.

ـ ئایا ئازادی مرۆڤ لە دونیای ڕاستەقینەدا، دەبێتە پڵینگ، کە سەر بە کێڵگەی واتایی ئاژەڵە دڕندەکانە؟

زۆربەی زمانەوانان، پێیان وایە، کە ڕستەی لەم جۆرە، لە ئاستی واتاسازیدا، ناوێزەیە و ناتوانرێت، لێکدانەوەی حەرفی بۆ بکرێت، لە یەکەم ڕووبە ڕووبوونەوەدا، وا تێدەگەین، کە ناتوانین هیچ لێکدانەوەیەکی حەرفی

بۆ ئەم ڕستەیە بکەین، لەبەرئەوەی (ئازاد)، هێما بۆ مرۆڤ هکات. بەڵام، دەشێ چەند بارودۆخێکی ئاسایی هەبێت، کە ئەم ڕستەیەی تێدا بگوترێت، وەک: (ئازاد پڵینگە)، هێما بۆ (پیاو یان کوڕێک) دەکات، لەبارەی بابەتێکی ڕاستەوە.وەک ئەوەی ئازاد، ڕۆڵی پڵنگێک دەبینێ، لە نواندنێکدا، کە بۆ ئاژەڵان سازکراوە.

{ ئازاد لە دراماکەدا، ڕۆڵی پڵنگێک دەبینێت}، لەم بارودۆخەدا بابەتی { ئازاد پڵینگە }، بە شیکرنەوەی حەرفی دروست دەردەچێت، دەرهێنەر دەتوانێت، بەم جۆرە ڕۆڵەکان ڕێکبخات و ئاخاوتن بکات:

- **ئازاد پڵینگە.**
- **نەوزاد ڕێوییە.**
- **شێرزاد کەرە... هتد**

ئەم نموونەیەمان، بۆ ئەو جۆرە ڕستانە هێنایەوە، کە لەیەکەم هەنگاودا، واپێشبینی دەکەین، کە ناتوانین هیچ جۆرە لێکدانەوەیەکی حەرفی یان بۆ بکەین.

واتە: هەندێک لە دەربڕینە میتافۆرییەکانیش، لە سیاقی دیاریکراودا، دەکرێ لێکدانەوەی حەرفییان بۆ بکرێت:

دەتوانین، ئەم دەربڕینەی سەرەوە بە دوو جۆر لێکبدەینەوە:

١ ـ ئازاد لە درامایەکی منداڵاندا، ڕۆڵی پڵینگێک دەبینێت.

٢ ـ ئازاد لە ئازایەتیدا، وەک پڵینگ وایە ( میتافۆرە).

بەڵام بە دۆزینەوەی دەوروبەری ئاخاوتن، بۆمان دەردەکەوێت، کە پڵینگ بە واتای حەرفی بەکارنەهاتووە، بەڵکو بۆ وەسفکردنی (ئازاد)، بەکارهاتووە، کە مرۆڤە.

پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین، کە ناتوانین ئەوە بسەلمێنین، ئەو پەیوەندییەی لە نێوان واتای حەرفی و مەرجی ڕاستی بوون (دروستیەتی)دا هەیە، بەتین ترە لەو پەیوەندییەی کە لە نێوان میتافۆر و مەرجی ڕاستی بووندا هەیە. بۆنموونە، کە بەشێوازی هەواڵگەیاندن، ڕستەیەکی میتافۆری وەک: (ئازاد پڵینگە) دەردەبڕین، مەرجی ڕاستی

بـوون تێیـدا، بەهەمـان شـێوەی ڕسـتەکانی وەک (**ئـازاد چـالاکە**)،( ئـازاد خـراپە)یە. کـاتێ، قسـەکەر ڕسـتەیەکی هەواڵـی لەم جـۆرە دەڵێـت، دەشـێ وابێت(هەواڵەکە ڕاست بێت)، بۆشی هەیە وانەبێت مەبەستمان ئەوە نییە، کە دەربڕینە میتافۆرییەکان بە مەرجی ڕاستی بوونەوە دیاری بکەین، بەڵکو دەمانەوێ بڵێین: دەربڕینە میتافۆرییەکان لە ڕووی نادیاری و شاراوەیی واتـاییەوە لەگەڵ دەربـڕینە ئاسـاییەکاندا، جیـاوازییەکی ئەوتۆیـان، لـە ڕوویپابەندبوونیانەوە بە سیاقەوە نییە.

لە کۆتاییـدا، دەتـوانین بڵێـین: هێـزی نائاخـاوتن، ڕۆڵێکـی گرینگـی لە دیـاریکردنی واتـای یەکە زمانییەکانـدا هەیە، بـۆی هەیە مەبەسـتی قسـەکەر لەگەڵ واتای حەرفی دەربڕاوەکە یەکنەگرێتەوە، بۆیە پێویستە گوێگر خۆی بەدوای واتـای ویسـترا و مەبەسـتی قسـەکەردا لە دەوروبەری گونجـاوی وتەدا بگەڕێت، لە میتافۆردا، بنەمایەک یان زیاتر لە بنەماکانی هاریکاری گرایس دەبەزێنرێت، دەتوانرێ، لێکدانەوەی حەرفیش بۆ هەندێ لە دەربڕینە میتافۆرییەکـان بکرێـت، ناشـتوانین ئەوە بسـەلمێنین، کە واتـای حەرفـی بە تەواوی بەمەرجـی ڕاسـتیی بـوونەوە پەیوەسـتە. ئێمە پێمـان وایە، هەنـدێ دیـاردە هەیە، وەک فرەواتـا و هـاوبێژ و هاوواتـا، واتاکانیـان پەیوەنـدی بە سـیاقەوە هەیە، چەنـد پەیوەنـدییەکی واتـایی وەک:هـاوڕێیەتی و گونجـان و دژخـی خسـتنەپاڵی، واتاکانیـان ڕوون دەکـاتەوە، بـۆیە لێـرەدا، ئامـاژە بە هەندێک لەمانە دەدەین:

### ٢\٣ـ١) فرەواتایی:

پێویستە ئاگاداری ئەوە بین، کە واتاکانی وشـەی فرەواتـا، جیاوازە لەو واتا سیاقیانەی، کە وشە لە بەکارهێناندا، وەری دەگرێت واتـا جیاوازەکانی وشــەیەک، بەهـۆی زۆر بەکارهێنـانەوە لە لایەن قسـەکەرانەوە، دروسـت دەبێـت، ئەگەر سـەیری ئاوەڵنـاوی (جـوان)، بکەیـن، لەم دەسـتەواژانەی خوارەوەدا، وشەی (جوان)، بە پێی بەکارهێنان چەند واتایەک دەردەگرێت:

- **کچێکی جوان.**
- **نووسینێکی جوان.**

- **خانوویێکی جوان.**
- **قسەییێکی جوان.**
- **کراسێکی جوان....هتد.**

وشەی (ئاست)، بۆ واتای بەرجەستەو ئەبستراکت، بەکارهاتووە:

- **ئاستی زانیاری.**
- **ئاستی دەرچوون.**
- **ئاستی ئاوەکە.**

وشەی (کردە)، لە بواری سەربازیی و بیرکاریدا، جیاوازییە، هەیە:

- **کردەی سەربازی.**
- **کردەی بیرکاری.**
- **کردەی ئابووری.**

(وشەیچاندن)، لە چەند بوارێکی جیاوازدا بەکاردێت:

- **چاندنی ڕووەک**
- **چاندنی ددان**
- **چاندنی مین**

بەکارهێنانی وشە لە سیاقی جۆراوجۆردا، دەبێتەهۆی ئەوەی، کە لەپاڵ واتا بنجییەکەدا، واتای تریش وەربگرێت، بەپێی هاوڕێیەتی ئەو وشانەی کە لەگەڵیدا دێن، بەڵام هەموو واتاکان لە چواردەوری یەک واتای چەقدا دەخولێنەوە، بۆنموونە، سیمای پەسەندییەتی، وەک چەقێک وایە لە وشەی باشدا، بە پێی دەوروبەری جیاواز لەگەڵ چەند وشەیەکدا دێت، کە تایبەتمەندییەتی خۆیان هەیە، بۆنموونە: (**نانێکی باش**)، سیمای جۆری گەنم و ئاردو دروستکردنی نانەکە و سووربوونەوەی تێدا کۆبۆتەوە، بەڵام (**دیوارێکی باش**)، سیمای جۆری خشت و چیمەنتۆو وەستای باش و بناغەی پتەوی تێدا کۆبۆتەوە، چەمکی (**پەسەندییەتی**) لە ڕووی چەشنەوە، چەقی هەردوو واتاکەیە. پێویستە تێبینی ئەوە بکەین، کە لە فرەواتادا، وشەیەک هەیە، چەند واتایەکی تێدا کۆبۆتەوە، بە پێی دەوروبەری

بەکارهێنـان واتاکـان دەردەکەون: (**بەربـوونەوە**)، بەم واتایـانەی خـوارەوە، فرەواتایە:

**بەربوونەوە: ١ ـ ئاوەکە بەربۆوە**

**٢ ـ منداڵەکە بەربۆوە**

فرەواتـایی دیـاردەیەکی گـرینگە، لە زۆربەی زمانەکانـدا، بەدی دەکرێـت، بەڵام ڕادە و چەندییێتییەکەی بەندە بەجۆری زمانەکەوە، لە ڕووی چەندییێتی پەنـابردنە بەر پیشـگرو پاشـگر و ڕادەی بـوونی وشـەی یەک بڕگەیـی یـان مـۆرفیمی لە زمـانەکەدا، فرەواتـایی دەبێـتە هـۆی دەوڵەمەنـدکردنی زمـان و کەمکـردنەوەی وشــە و ئەرکـی دانـانی فەرهەنـگ و کـاری فەرهەنگنووسـی ئاسان دەکات.

پێناسەی فرەواتایی بەوە دەکرێت:

(( هاتنی دانەیەکی فەرهەنگی بە زنجیرەیەک واتای جیاوازەوە))،

( Crystal:١٩٩٧:٣٠٧ ). ڕێبازی فرەواتایی بۆ دانانی زاراوە سوودی لێ وەردەگیرێــت، بەهــۆیەوە دەتــوانین واتــایەکی دیکــە بە هەنــدێ وشــەی فەرهەنگــی بســپێرین و مەبەســتێکی نــوێ بخەیــنە ســەر مەبەســتەکەی پێشوومان وبیانکەین بە زاراوە.

دیـاردەی فرەواتـایی، لە وشـەو یەکەی گەورەتـرو بچـووکتریش لە وشـە بەدی دەکرێت، بەبۆچوونی ئێمە، فرەواتایی پەیوەندی بە میتافۆرەوە هەیە، لەو بـارەدا کە وشــەیەک بۆچەنـد واتـایەک بەکاردەهێنـدرێت و جۆرێـک لە گواسـتنەوەی واتـایی لە بـوارێکەوە بـۆ بـوارێکی تـر تێبینـی دەکرێت، بەڵام واتاجیاوازەکــانی وشــەی فرەواتــا، لە یەک ســەرچاوەوە هەڵقــوڵاون و پەیوەندی واتایی لە نێوانیاندا هەیە. لە فرەواتادا، هەمان وشە چەند واتایەک بە پێــی بــواری بەکارهێنــانەکەی دەبەخشــێت، ئەگەر ســەیری وشــەی ( ســەرچاوە) بکەیـن لە زمـانی کوردیدا، چەنـدین واتـا دەگەیەنێت بەپێی ئەو بوارو دەوروبەرەی کە تێیدادێت.

سەرچاوە:١ـ **سەرچاوەی ئاوەکە (شوێنی هەڵقوڵان).**

**٢. سەرچاوەی خوێندنەوە (کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە...هتد).**

**٣ـ سەرچاوەی ئاژاوە (هۆکارەکانی دروستبوونی شەڕو ناخۆشی).**

کەچی لە میتافۆردا، بۆی هەیە واتای وشە، لە فیلدێکی واتاییەوە، بۆ فیلدێکی واتایی دیکە بگوازرێتەوە، هەروەها کارلێک لەنێوان دوو واتاکە ڕوودەدات، وەک: گواستنەوەی (شێر)، (کەر)، (وشتر)، (مانگا)، لە فیلدی {ئاژەڵەوە} دوە، بۆ فیلدی {مرۆڤ}، گواستنەوەی (هەنار)، (لیمۆ)، (ڕەیحان)، (گوڵ)، (سێو)، لە فیلدی ڕووەکەوە، بۆ فیلدی {مرۆڤ}، هەروەها (مانگ)، (ئەستێرە)، (چیا)، (زەوی)، لە {دیاردەی سروشتییەوە}، بۆ واتای {جوانی و گەورەیی چاو و خۆڕاگری و دایک} ... هتد.

وشە لە فرەوتادا، بە پێی دەوروبەری ناوەوەی ڕستە، واتاکانی لێکدەدرێتەوە، بۆنموونە:وشەی (مانگ)، لە هەندێ ڕستەدا فرەواتایە و سەر بەئاستی سیمانتیکە، بەڵام لە هەندێ دەربڕاودا، میتافۆرە و پەیوەستە بە واتای دەوروبەرەوە:

أ ـ مانگ بە ئاسمانەوە دیارە.

ب ـ سەری مانگ دەچین بۆ گەشتەکە.

(( ج ـ روخساری مانگ بوو دەدرەوشایەوە))،( تریفە عومەر ئەحمەد:٢٠٠٨: ٤٦).

وشەی (مانگ)، لە ( أ، ب) دا، فرەوتایە نواندنی فۆرمێکی لۆجیکییە، لە ڕستەو دەقدا، بەپێی دەوروبەری ناوەوەی ڕستەکان واتاکەی لێکدەدرێتەوە و لە فەرهەنگەوە وەرگیراوە.

لەدەربڕاوی (ج) دا، (مانگ)، میتافۆرە، پەیوەستە بە پراگماتیکەوە و بە پێی دەوروبەرێکی گونجاو واتاکەی لە جوانی و ستایشکردنی کەسێکدا لێکدەدرێتەوە.بەکارهێنانی زمانە لە دەربڕیندا.

واتاکانی فرەواتاش، بەهەمان شێوەی میتافۆر، لە دەوروبەردا ڕوون دەبێتەوە، بۆ نموونە:

**جوانی** ← قەشەنگی
**جوانی** ← لاوی

**ئاودار** ← (( ١- شوێنێ کە ئاوی زۆر بێ
٢- میوەی تەڕو تازە کە ئاوی زۆر هەبێ
٣ – ڕەنگی بە بڕیقە و بە ورشە ورش)) (عەبدولرەحمانی زەبیحی: ١٩٧٩: ٨٣-ـ ٨٤ ).

**سەرتۆپ** ← (١- سەرتۆپی قوماش
٢ـ لە جوانیدا، یان لە ئازایەتیدا )، هەژارموکریانی:١٣٦٧ه: ٤٣٥).

سیاق، ڕوونی دەکاتەوە، مەبەست لە سەرتۆپ، قوماشە یان جوانی و ئازایەتییە.

**کرژبوون** ← ١- وێکهاتن
٢- تورەبوون

### ٢-٣\١٢) هاوبێژی

هەردوو دیاردەی فرەواتایی و هاوبێژیی، پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بۆیە جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نییە، بەبێ ڕەچاوکردنی چەند خاڵێک ناتوانین هەردوو دیاردەکە، بە تەواوی لیک جیابکەینەوە. دەربارەی جۆری پەیوەندییەکەش، بۆچوونی جیاواز هەیە: (هەندێ لە زانایان باوەڕیان وایە، کە ئەمانە، دووبابەتی سەربەخۆن، بەڵام هەندێکی تر، باوەڕیان وایە، کە ئەمانە دوو وێنەی هەمان دیاردەی زمانین، کە ئەویش، جۆراو جۆری واتاییە ئەم دوو دیاردەیە، لەوەدا لە یەک دەچن، کە فۆرمێک چەند واتایەکی جیاواز دەبەخشێت، بەڵام لە هاوبێژیدا، جیاوازی واتاکان، لە سەر ئاستی هەمان وشەدا نییە، بەڵکو ئەمانە واتای جیاوازی فۆرمی جیاوازن و

وشـــەکان پەیوەنـــدییان بە یەکەوە نیـــیە، لە فەرهەنگیشـــدا، دوو دەروازەی جیاوازییان بۆ دادەندرێت، بەڵام لە فرەواتاییدا هەمان وشە، چەند واتـایەکی لـــێ بـــۆتەوە، واتاکـــانیش پەیوەنـــدییان بە یەکەوە هەیە)، (حلمـــی خلیـــل: ١٩٩٣:١٢٦ ــ ١٢٥ ).

هــاوبێژ، ئەو وشــانە دەگــرێتەوە، کە لە نووســین و خوێنــدنەوەدا وەک یەکن، بەڵام واتایـان جیـاوازە، ئۆڵمـان بەم جۆرە پێناسـەی ئەم دیـاردەیەی کـردووە ((گونجـانی دوو وشـە یـان زیـاتر لە شـێوە و پێکهاتنـدا بە ڕێگـای ڕێکەوت)) بۆ ئەم مەبەستەش، وشەی ( Sound)ی لە زمانی ئینگلیزیـدا، بە نمـوونە هێنـاوەتەوە. کە دوو واتـای هەیە و سـەرچاوەی پەیـدابوونیان لەم زمانەدا، جیاوازە، دەڵێ: (Sound) بە واتای(دەنگ)و بە واتـای (Healthy)، تەندروست، لە بنچینەدا وشەیەکی جێرمانییە، ئەم وشەیە بەرانبەرەکەی لەو زمـانەدا (gesund) کە تـاوەکو ئێسـتاش بە واتـای تەندروسـتی دێت، بەڵام Sound، بەواتای دەنگ بۆ وشەی فەرەنسی Son دەگەڕێتەوە، دەنگی (d )لە کۆتایی یەکەیدا، لە ئەنجامی پەرەسەندنی دەنگییەوە لە زمانی ئینگلیزیدا، پەیدابووە( ستفن اولمان:١٩٨٦: ١٢٥ ).

لە زمـانی کوردیدا، ئەم دیـاردەیە هەیە، ژمـارەیەک وشـە بە ڕێکەوت، لە ڕووی دەنــگ و ڕێنووســەوە وەک یە کــن، بەڵام واتاکانیــان جیــاوازە و سەرچاوەی پەیدابوونی واتاکانیش یەک نییە، وەک:

- **بیر١: چاڵێک ئاوی تێدا بێت**
- **بیر٢: هزر**
- **خاڵ١: برای دایک**
- **خاڵ٢: نوقتە**
- **شیو ١: دۆڵ**
- **شیو٢: چێشت**
- **تیر١: تیری کەوان**
- **تیر٢: خەست**

بەڵام لێکدانەوەی دیاردەکە، بە پێی تیۆروانین و میتۆدەکان دەگۆڕێت، بۆنموونە: ئەگەر لە ڕوانگەی مێژوویی و بە پێی ڕێبازی Historical لە دیاردەی هاوبێژی بڕوانین، لێکدانەوەی دیاردەکە کارێکی ئاسان نابێت، ئەنجامی باوەڕپێکراو بە دەستەوە نادات بەهۆی ئەو دابڕانەی کە لە نێوان ئێمە و قسەپێکەرە سەرەتاییەکانی زماندا ڕوویداوە.

بۆیە واباشترە بۆ لێکدانەوەی دیاردەکە پشت بە ڕێبازی وەسفی ببەستین، ئەم ڕێبازە لەکاتی ئێستادا لە هاوبێژ وەک دیاردەیەک کە لە زمانی ئەمڕۆی ئاخاوتندا هەیە دەکۆڵێتەوە، وشەی هاوبێژ لە سیاقێکی ئاخاوتندا، بەهۆی ئەو پەیوەندیی یەوە دیاری دەکرێت، کە لەگەڵ وشەکانی تری ئەو سیاقەدا هەیەتی. ئەمەش واتایەکی گونجاوی پێدەدات، بەڵام هەمان وشە لە سیاقێکی تردا، واتایەکی تر دەدات، لەبەرئەوەی جۆری پەیوەندی وشە هاوبێژەکە لە گەڵ وشەکانی ئەم سیاقەدا، لەگەڵ سیاقی یەکەمدا جیاوازە، بۆنموونە:

- {ئەمڕۆ ئاش لێنانێین}.
- {ئاشەکە لەکارکەوتووە}.

ئەمەش مانای وایە، سیاق ڕۆڵێکی گرینگ لە دیاریکردنی واتای وشەی هاوبێژدا دەبینێت، لەگەڵ ئەو گرینگییەی، کە پێگە و سیاقی دۆخ لە کاتی ئێستادا هەیەتی، (لەبەرئەوەی ئەگەر وشە لە سیاقی بێژەیی و دۆخی بەکارهێنان داببڕێنرێت، واتا و نرخی نابێت. یان لەم بارەدا، شیمانەی ژمارەیەک واتای بۆ دەکرێت)، ( طاهر حمودة: ٢١٥). بۆ نموونە، ئەگەر وشەی ( ئاش)مان لە سیاقی بەکارهێنانی زمانی دەرهێنا، نازانین مەبەستمان چێشتە یان ئاشی هاڕینی دانەوێڵەیە. ئەمەش مانای وایە، ناتوانین لە دەرەوەی سیاقدا، لێکدانەوە بۆ هیچ وشەیەک بکەین، هەموو ڕەگەزە زمانییەکان، وەک دەنگ و وشە و ڕستە دەکەونە چوارچێوەی سیاقەوە. چەند هۆکارێک بۆ پەیدابوونی هاوبێژ لە زماندا هەیە، وەک:


١ – گۆڕانی واتا

٢ – گۆڕانی دەنگیی

٣ – جیاوازی زارەکان

٤ _ وەرگرتنی وشە لە زمانانی ترەوە ( مجدی ابراهیم: ٢٠١٣: ٢٣٨).

بەهۆی گۆڕانی واتاوە، وشە واتای نویێ وەردەگرێت، جگە لەمە واتا کۆنەکەش لە زماندا هەر دەمێنێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی هاوبێژ، لە زماندا وەک: وشەی (شین)، بە واتای شیوەن و بە واتای ڕەنگی شین لە زماندا دێت




**٣\١٢ـ ٣) هاوواتا**

بە پێچەوانەی دیاردەی هاوبێژییەوە، هەندێ وشە، لە ڕووی دەنگ و ڕێنووسەوە، جیاوازن بەڵام واتاکانیان وەک یەکە، یان لە یەکەوە نزیکە، وەک: پوور – پلک – مەت، خالەت – میمک.

وایە – ڕاستە – دروستە.

لە بنچینەدا، هەر و شەیەک بۆ واتایەکی دیاریکراو دانراوە (ابراهیم أنیس: ١٩٧٦: ٢١٠) بەڵام، زمان لە زۆر بواردا خاوەنی لۆجیکی تایبەتە، کە ئەمەش، بە ئاشکرا لە وشە و واتاکەیدا دەردەکەوێت، بەشێوەیەک، کە یەک وشە زیاتر لە واتایەکی هەیە، هەمان واتا بە پتر لە وشەیەک دەردەبڕدرێت ئۆڵمان، دیاردەی هاوواتا، بەم شێوەیە دەناسێنێ: (هاوواتا، ئەو وشانەن، کە هەمان واتایان هەیە دەتوانن، لە سیاقی جۆراو جۆردا شوێنی یەکدی بگرنەوە)، ( ستیفن أولمان: ١٩٨٦: ١٠٩).

چەند مەرجێک، بۆ هاوواتا هەیە:

١ ــ وشەکان، لە ڕووی واتاوە بە تەواوی وەک یەک بن و بتوانن شوێنی یەکتری بگرنەوە، وەک: شووتی، شفتی، زەبەش.

٢ ـ هاوزەمانی، لەم بارەدا زاناکان، لە کات و قۆناغێکی دیاریکراودا، لە دیاردەکە دەڕوانن، بەبێ ئەوەی بچنەوە ناو مێژوو، قۆناغە یەک بە دوای یەکەکانی وشە لە چاخە جیاوازەکاندا.

٣ ــ یەکێک لە وشەکان، لە ئەنجامی پەرەسەندن و گۆڕانی واتایی وشەکەی ترەوە، دروست نەبووبێت بۆنموونە: کە چەند وشەیەکی وەک (تەڕەی تازە ←تەڕە تیزە، تەزرە ←تەرزە، بەرانبەر ←بەرامبەر...هتد ) بەراورد دەکەین، دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین، کە یەکێکیان بنچینەیە و ئەوەی تر لە ئەنجامی گۆرانێکی فۆنۆلۆجییەوە دروستبووە.

٤ ـ وشەکان، سەر بە هەمان ژینگە یان چەند ژینگەیەکی گونجاو بن ( رجب عبدالجواد: ٢٠٠١: ٣٠).

بە پێی پێناسەکەی ئۆڵمان، ئەگەر: (دوو وشە یان زیاتر، تەنیا لە هەندێ دەوروبەردا، لەبری یەکتری بێن، بە هاوواتای ناتەواو دادەندرێن)،(محمد برکات: ٢٠٠٥: ٣٤ )، وەک: (ئازادبوون)، (بەربوون)، لەم نموونانەی خوارەوەدا:

- پیاوەکە، لە سجن ئازادبوو.
- پیاوەکە، لە سجن بەربوو

بەڵام، لەم دەربڕینانەی خوارەوەدا، لە بری یەکدی، نایەن:

ـ خوێنی لووتی بەر بوو.

***خوێنی لووتی ئازاد بوو.**

ـ منداڵەکان، لە قوتابخانە بەربوون .

*** منداڵەکان، لە قوتابخانە ئازاد بوون.**

لە هاوواتای تەواودا، وشەکان لە هەموو سیاقێکدا، دەتوانن شوێنی یەکتری بگرنەوە، هەروەک لە چەمکی ئەم پێناسەیەدا، دەردەکەوێت:

(( هاوواتایی لە زماندا تەنیا ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە لەڕووی واتای هۆشەکیی و ویژدانییەوە وەکو یەکن و قسە پێکەرانی زمانەکەش هەست بە جیاوازی نێوانیان ناکەن بە سەربەستیش دەتوانن لە هەموو سیاقێکدا، ئاڵوگۆڕییان پێبکەن ئەم جۆرەش بە هاوواتای تەواو ناودەبردرێت))، ( تاڵیب حوسێن:٢٠٠١: ١٨٣)

لە ڕاستیدا هاوواتای تەواو لە زماندا زۆر کەمە، ئەگەر هەشبێت بۆ ماوەیەکی کەم بەردەوام دەبێت، ئەو وشانەش کە لە فەرهەنگدا، بە

هاوواتـای تەواو دادەنـدرێن، دەکـرێ نـاوی هاوواتـای نـاتەواو یـان نـیمچە هاوواتایان لێبنرێت، چونکە لە واتادا هاوتا نین (مطابق)، بەڵکو جۆرە نزیکی و لێکچوونێکی واتایی لە نێوانیاندا هەیە. لەم بارەیەوەش، (پالمەر) پێی وایە ( زۆر گـــرانە، دوو وشـــەی هـــاوو اتـــای تەواو لە زمانێکـــدا هەبن)،(Palmer:١٩٨١:٨٩).

لـە بـوارە واتاییـە وردەکـانەوە، بە پێـی سـیاق و پـێگەی بەکارهێنـان، واتاکەی، دەگۆڕێت: (توورە بوون و هەڵچوون)، بەڕواڵەت هاوواتا ئاسان، بەڵام لە بەکارهێناندا، بواری تایبەت بە خۆیان هەیە: لەوانەیە توورە بوون، هەڵچوونی لە گەڵدا نەبێت ( محمد برکات:٣٤:٢٠٠٥).

هەڵچوون:

پلەیەکی زیاتری توورە بوونە، هەروەها ئەم وشانەی خوارەوە، دەچنە بوارە واتاییە وردەکانی دەربڕینەوە: (بینین و سەیرکردن) ، بینین: مەرج نییە، خۆ ویست بێت. ئاخێوەر، هەندێکجار، وشەی (تەڕە)، (شینایی) یان (زەرعات) لەبری (ناوی سەوزەکان)، بەکاردەهێنێت، بڕێکی کەم لەو واتایە دەڵێن، کە مەبەستیانە دەری ببڕن، لەم دۆخەدا، هاوواتا سەرهەڵدەدات.

١ ـ هەندێک لە دیاردەکان، چەند سیفەتێکیان هەیە، بۆی هەیە بە زیاتر، لە سیفەتێک ناویـان ببەین، بە پێی ئەم تایبەتمەندییانە، هاوواتـا، دروست دەبێت، وشەی (جوانی)، چەند سیفەتێکی هەیە: (جوان، شۆخ، شەنگ، نازک، نازدار، سپۆرت...هتد).

٢ ـ هەبوونی دیالێکتی جیاواز لە زماندا، هۆکارێکە بۆ دروستبوونی هاوواتا.

٣ ـ هەندێکجار، زۆری وشەی هاوواتا لە زماندا، دەگەڕێتەوە، بۆ وەرگرتنی وشە لە زمان یان دیالێکتەکانی تر.

٤ ـ هەندێک وشە بە هۆی زۆر بە کارهێنان و جێگۆڕکێی دەنگەکانی، دوو جۆر شێوەی جیاواز وەردەگرن، وەک: ئە رزاق ـــ ئەزراق، بەفر ـــ بەرف..هتد.

هەنـدێکجار، دوو وشـەی نزیـک لە واتـادا، بە تێپەڕبـوونی کـات، دەبـنە هاوواتـا.( رجـب عبـدالجواد ابـراهیم ٢٠٠١ ).سـیاقی ڕسـتەو بەکارهێنـانی دەوروبەر ڕۆڵیان هەیە لە بەکارهێنانی وشەی هاوواتا لە شوێنی گونجاودا.

**٤\١٢) کۆتە زمانیی و واتاییەکان**

چەند کۆتێکی زمانی و واتایی لە سیاقی بەکارهێناندا هەیە، لێرەدا، ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

سوسـێر، ئامـاژەی بەوە کـردووە، کە زمـان سیسـتەمێکی ئـاڵۆزە (Desaussure:١٩٧٢:١٠٧) .

مانـای وایە: زمـان کـۆمەڵە یاسـایەکی گشـتتییە، کە لە هـزرەوە هەڵدەهێنجرێن و چەند لق و پۆپێکیان لێدەبێتەوە، بۆ پێکهێنانی سیستەمی جیـاواز، وەک سیسـتەمی فەرهەنگـی و بەشـەکانی، سیسـتەمی دەنگیـی، سیسـتەمی مـۆرفیمی، سیسـتەمی واتـایی، سیسـتەمی سینتاکسـی و پێکهاتەکـانی: یاسـاکانی فرێـز و یاسـای گەردانکـردن. بەم پێـیە، زمـان سیسـتەمیکی لێکـدراوە، لە کـۆمەڵە سیسـتەم و یاسـایەکی بەشـەکیی دروسـتبووە، کە نـوێنەری کۆمەڵێـک لەپەیوەنـدی ئەبسـتراکت دەکەن (المجرد)، بە هۆیانەوە دیاردە رەفتارییە هەستپێکراوەکانی زمان لە کردەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵدا ڕێکدەخرێن، تایبەتمەندی تەجرید لای دیسوسـێر، لە گرینگتـرین هۆکارەکـانی نەگۆڕانە(اللاتحـول، الثبـات) (Immutabilite) لەبەرئەوەی نەگـۆڕیی وجێگیریـی هۆکـارێکە بـۆ ئەوەی قسەکەران بە ئاسانی نەتوانن سیستەمی زمان بگۆڕن و دەستکاری بکەن، ئەم تایبەتمەندییە، دەبێتە هۆی پابەندبوونی ئاخێوەران بەیاساکانی ڕێزمانی زمانەکەوە، کە گرینگن لەبەرئەوەی هۆکارێکن بۆ دروستکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، لەگەڵ بە دەستهێنانی بەردەوامی و مـانەوەی زمـان لە نێوان نەوەکانـدا، ئەگەر هەرتاکێـک زمـانێکی تـایبەت بە خۆی دروست بکات، بەبێ پەیڕەوکردنی سیستەم و یاسای گشتی زمان، تێگەیشـتن لە نێـوان خەڵکیـدا نامێنێـت یاسـا ئەبسـتراکتەکانی زمـان، ئەو یاسـایانەن کە تایبەتمەنـدیی جێگیرییـان هەیە و پێویسـتن بـۆ پاراسـتنی

سیستەمی زمان، ئەگەر ئاخێوەران پەیوەست نەبن بە سیستەمی گشتی زمانەوە، ڕێزمانی زمانەکە دووچاری شێوان دەبێتەوە، دواتریش ئاخێوەران لە یەکدی تێناگەن، بۆیە ڕێزمان لە هەر زمانێکدا، چەند کۆتێک لەسەر ئاخێوەران دادەنێت، بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان، یاساکانی زمانیش دوو جۆرن:

١ _ یاسای گشتی: بریتییە لە یاسا چەسپاو و نەگۆڕەکان ئەم یاسایانە، هەر لەسەرەتاوە لە هزری قسەپێکرانی زماندا هەن و سەربەخۆن لە یاسا زمانییە هەستپێکراوەکان، بەڵام لە چوارچێوەی بنەما شمولییەکاندا، فەرمانڕەواییان دەکەن و بۆ دیاردە و بەکارهێنانە زمانییە هەستپێکراوەکان ئاڕاستەیان دەکەن، سوسێر ئەم یاسایانە بە یاساکانی یاری شەترەنج بەراورد دەکات، کە چۆن حوکم لە سەر پارچەکانی یارییەکە دەکەن و دەیانجوڵێنن.

٢ _ یاساتایبەتییەکان: بریتییە لەو یاسایانەی، کە خۆیان لەگەڵ بەکارهێنانی زمان دەگونجێنن و لە یاساگشتییەکان دەردەچن، لەبەرئەوەی یاساگشتییەکان، بەهۆی هەمەکییانەوە، ناتوانن کۆنترۆڵی هەموو وردەکاری و بەشەکانی زمان بکەن.یاسا تایبەتییەکانیش، بە هەمان شێوەی یاسا گشتییەکان پابەندی چەند ڕێسا و بنەمایەکن، بەڵام چەسپاو و نەگۆڕ نین، لەبەرئەوەی لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتندا، خۆیان دەگونجێنن(محمد شندول:٢٠١٢: ٢٥). لێرەدا دەردەکەوێت، کە ڕێزمان کۆت لەسەر بەکارهێنانی زمان دادەنێت، بەڵام پلەی کۆتبەندییەکە جیاوازی هەیە، ئاخێوەران ناتوانن لە ڕێزمانی گشتی و یاساگشتییە ئەبستراکتەکانی زمان لابدەن و کۆتەکان بشکێنن، لە بەرئەوەی لە چوارچێوەی سیستەمی زمانیی بۆماوەیی دایە، کە خۆی بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنێت و وایان لێ دەکات پەیڕەوی یاسا پێشینەییەکان بکەن، بەڵام یاسا تایبەتییەکان، کە کۆمەڵێکی زمانیی دیاریکراو بەکاریدەهێنن، لەگەڵ پەرەسەندن و سیستەمی نوێگەری زماندا، خۆیان دەگونجێنن ئەم یاسایانە نوێنەرایەتی لایەنی ئێستایی ڕێساکان دەکەن، کە لە ڕێگای پاڵەپەستۆی کۆمەڵگاوە، خۆیان بەسەر تاکدا

دەسەپێنن، بەڵام هیچ ئەگەرێک بۆ پاراستنیان مسۆگەر نییە. بەهۆی لادان لە چوارچێوەی، ئەم یاسایانەوە دیاردەی میتافۆر لە زماندا دروست دەبێت و ئاخێوەر بەمەستی تایبەتی بەکاری دەهێنێت. ڕێساگشتییەکان دژی ڕێسا تایبەتییەکان نین، بەڵکو لە چوارچێوەی گشتی و تایبەتی وتووێژدا، یەکتری تەواو دەکەن.

لێرەدا، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، جگە لە ڕێزمان، کۆمەڵگاش هۆکارێکی ترە بۆ دانانی کۆت لەسەر ڕەفتاری زمانیی، لە بەرئەوەی تاکی قسەکەر، هەموو کاتێک لە هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکانیدا، سەربەست نییە، بەڵکو زۆرجار لە بەکارهێنانی زماندا پابەندە بەوەی کە کۆمەڵگا بەسەریدا دەیسەپێنێت و بەهۆکاری کۆمەڵایەتی، ناتوانێ هەموو دەستوورەکان بشکێنێ و لێیان لابدات. زمان سەرەڕای ئەوەی ئامێری پەیوەندییە، گرێبەستێکی هاوبەشیشە لە نێوان تاکەکاندا، تەنیا لە بارێکدا نەبێت، کە کۆمەڵگا خۆی ئەو داهێنانە پەسەند دەکات، کە لەلایەن کەسێکەوە دەکرێت .

زمان کاریگەری لەسەر هزرو سۆزو هەڵچوون و هەستەکانی مرۆڤ هەیە، بەکارهێنانی زاراوەی باش و پۆزەتیف، بە بەردەوامی کاریگەری بۆ باشترکردنی ژیان هەیە، بەشێکی زۆری بۆچوونە ڕامیاری و ئایینییەکان بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێن، هەندێکجار بەکارهێنەری زمان لە نەستەوە (لاشعوری)، زاراوەیەک لە ئاخاوتنەکەیدا بەکاردەهێنێ، بێئاگایە لەوەی کە زاراوەکە ڕەنگدانەوەی بیرو بۆچوونەکانیەتی زمان هۆکارێکی گرینگە بۆ کۆنترۆڵکردنی بیروهۆشی کەسانی تر و چاندنی چەمکی دیاریکراو و تایبەتمەند لە هزری خەڵکی تردا. هەروەها ڕازیکردنیان بە هەندێ کارو کردەوە، کە پێشتر بە خەیاڵیاندا نەهاتووە.

دەوروبەری زمانیی کاریگەرییەکی زۆری لە سەر بەکارهێنەرانی زماندا هەیە، لە کۆمەڵگایەکی موسوڵماندا، بۆی هەیە کەسانی ناموسوڵمانیش، هەندێ زاراوە و دەستەواژەی ئاینی وەک (ئین شائەڵلا، سوبحانەڵلا،

بسمیللا.. هتد) بەکاربهێنن. مەبەستی تاکەکان، لە ئاخاوتندا ڕەنگ دەداتەوە، لە زمانی ئینگلیزیدا، بەکارهێنانی(univer)، بە واتای
( refex) پێچەوانە دێت بۆ (Male).

زمـــــان ڕەنگــــدانەوەی بـــــاری ڕۆشـــــنبیری و شارســـــتانیەتی بەکارهێنەرەکانیەتی، لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی، لێکۆڵینەوەی ڕۆشنبیری و کلتووری کوردیشـە لەهەمـان کاتـدا، هەروەهـا بەراوردکردنـی ڕۆشـنبیری کوردییە لە گەڵ ڕۆشـنبیری و کلتـوری زمانەکـانی تـر. وەسـفکردنی زمـانی کوردی، بریتییە لە شیکردنەوەی سیستەمی کارکردنەکەی.بەمجۆرە، بۆمـان دەردەکەوێـت، کە بەکارهێنـانی زمـان، لە لایەکەوە پابەنـدە، بە سیسـتەمی زمان خۆی، بۆ ئەوەی پارێزگاری لێبکات، لە لایەکی دیکەشـەوە بە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەرەوە.

ـــ ڕێبـــازی ڕەفتارناســـی زمـــانەوانی لایەنـــی ئەم بۆچـــوونە دەگـــرێ ( Behaviourism)، ئەم ڕێبـــازە پێـــی وایە وەرگرتنـــی زمـــان، لە ڕێگـــای فێربـوون و لاسـاییکردنەوە دەبێت (Habitude) ، ئـاخێوەر بە بەردەوامـی ئەو شـتانەی بەهـۆی گوێـوە وەری دەگرێـت، لە هزریـدا دەیچەسـپێنێ، بەم جۆرە پابەندی ڕەفتارە زمانییەکانی دەبێت، کە لەکۆمەڵگاوە وەری دەگرێت. (محمـد شـندول:٢٠١٢ : ٢٦). (بەڵام چۆمســکی پێــی وایە، کە مــرۆڤ بە توانسـتێکی زمـانیی نـاوەکی لە دایـک دەبێـت، ئـەوەی پێـی دەوترێـت ( Competence)، بەهـۆیەوە قسـەکەر دەتـوانێ ئاخـاوتن بەرهەم بهێنێت و ڕسـتە دروسـت بکـات، کە وا لە ئـاخێوەر – گـوێگری نمـوونەیی دەکـات، بە شـــێوازێکی دروســـت زمـــانی دایـــک بەکاربهێنێـــت، ئەمەش وادەکـــات کە بەکارهێنەری زمان بۆخۆی هۆکارێک بێت بۆ بەجێهێنـانی کۆتی ڕێزمـانی، ئەمەش لەبەرئەوەی بەکـارهێنەری زمـان وای دەبینـێ، کە لەبەرژەوەنـدی خۆیدایە پابەند بێت بەو یاسایانەی کە لە دەوروبەرەوە وەری دەگرێت، بـۆ بەکارهێنانی زمان بە شێوازێکی ڕاست و دروست)، ( Chomsky:١٩٩١:١٢ ٢٣ ــ) . بەبۆچوونی ئێمە، لەگەڵ ئەوەدا ڕێزمان و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، کۆت لەسەر قسەکەران دادەنێن، بەڵام زمـان لە جووڵەیەکی بەردەوام دایە،

ئەمەش وەک پارسەنگێک وایە لەنێوان کۆتە زمانییەکان و لایەنی پەرەسەندن و نوێگەری زماندا، کە وادەکات، پێشکەوتنەکانی زمان نەبن بە لەمپەرێک لەبەردەم پرۆسەی تێگەیشتن لە نێوان نەوەکاندا، واتە: هەندێکجار بە مەبستی داهێنان یان پێویستی یەکێک یان زیاتر لەم کۆتانە دەبەزێنرێ، بۆئەوەی زمان لە ڕەوتی ژیان دوانەکەوێت و هەمیشە دەربڕین بۆ کەرەستە تازەکان بدۆزێتەوە. دەتوانین چەند کۆتێک دیاری بکەین، کە پەیوەندییان بە سیاقەوە هەیە، دواتریش ئەوە ڕوون دەکەینەوە، کە چۆن هەندێکجار ئاخێوەر بە مەبەستی تایبەتی ئەم کۆتانە دەبەزێنن:

**١٢-٤-١) کۆتی ڕێزمانی (Syntactical)**

ئەو بارانە دەگرێتەوە، کە ڕێزمان ڕێگەی پێدەدا یان ڕێگەی پێنادات، مەبەستمان لەو پەیوەندییە سینتاکسییانەیە، کە لە نێوان بەشەکانی ڕستەدا هەیە، بۆنموونە لە زمانی کوردیدا، کاری تێپەڕ پێویستی بە بەرکاری ڕاستەوخۆ هەیە، کار ڕۆڵی هەڵبژاردن بە بەشەکانی تری ڕستە دەدا، هەموو بکەرێکی ڕێزمانی کارا نییە، ((بنەمای هەرە گرینگی کارا ئەوەیە، کە دەبێ زیندوو بێ و توانای ئەنجامدانی کارێکی هەبێ. دیسانەوە کارەکەش دەبێ لەو کارانە بێت، کە توانای هەڵبژاردنی کارای تێدا هەبێت ))،(یوسف شەریف سەعید: ٢٠٠٩: ٢٠).( کار جۆری ئەو ناوانە دیاری دەکات کە دەتوانن ببنە بەرکار یان بکەرەکەی، واتە ئەمانە دەبێت چەند مەرجێکیان تێدا بێت تا ئەو کارە بە بکەر یان بەرکار وەریانبگرێت بەو مەرجانە دەوترێ (کۆتی هەڵبژاردن) و دەبێ لە هەموو ڕۆنانێکی ڕێزمانیدا هەبن). (بەکر عومەر عەلی: ٢٠٠٠: ٦٥).

ــ چەند کۆتێکی ڕێزمانی هەیە، کەبە کۆتی هاوتایی ناودەبردرێن، ڕێزمان لەسەر قسەکەرانی دادەنێت، وەک: **(مێ/ نێر)، ژمارە (تاک/ کۆ)، جۆر (زیندوو/ نازیندوو)**...هتد.

**ئەمانە کۆتی ڕێزمانین، بەڵام بەشکاندن و بەزاندنیان، میتافۆر دروست دەبێت: کە بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک، ئەمە دەخەینەڕوو:**

ـ کاری (**ڕوخان**)، پێویستی بە بەرکارێکی نازیندوو هەیە، کە کردەی ڕوخانی بەسەردا جێبەجێ ببێت، بەڵام لەم نموونەیەی خوارەوەدا( پیاو)، زیندووە و ڕۆح لەبەرە و لە ڕووی لۆجیکەوە کردەی ڕوخانی بەسەردا جێبەجێ نابێت، لە دەوروبەری ئاخاوتندا، سود لە بیرۆکەی (ڕوخان) وەرگیراوە، وەک ئەوەی لە کردەی ڕوخاندا، ورد و خاش بوون هەیە، ڕاستکردنەی ئاسان نییە، ئەم کردەیە، بۆتە سەرچاوەیەک بۆ واتای ئامانج و ڕوخانی (دیوار، خانوو، کەپر، ...هتد)، ڕوخانی (مرۆڤ) کارلێکیان کردووە:

**دیوارەکە ڕووخاوە. (ڕووداوی فیزیکی)**

|

**پیـــاوەکە ڕوخـــاوە. (لە ڕووی دە ڕوونیـــیەوە) (ڕووداوی مەعنەوی).**

لەم نموونەیەی سەرەوەدا، ڕستەی (پیاوەکە ڕوخاوە)، لە ڕووی ڕێزبوونی کەرەسەکانی ڕستەوە دروستن، بەڵام، مەرجی هەڵبژاردنی بەرکار، لەلایەن کارەکەوە بەزێنراوە، بەهۆی ئەمەش دەربڕینێکی میتافۆری کەوتۆتە سەر زمانەوە. واتە کۆتی واتایی هەڵبژاردنی بەرکار بەزێنراوە.

کرداری (ڕووخان)، چەند سیمایەکی واتایی بەزاندووە لە ڕووی جۆرەوە بەرکاری ڕستەی (دیوارەکە ڕوخاوە)،نازیندووە، بەڵام بەرکار، لە ڕستەی دووەمدا زیندووە، ڕووداوی مەعنەوی جێگەی ڕووداوی فیزیکی گرتۆتەوە لە بەرئەوەی کاری (ڕووخان)، بەرکارێک هەڵدەبژێرێت، کە چەند سیمایەکی واتای وەک < + بەرد و خشت، + قوڕ، + چیمەنتۆ، + داتەپین، + هۆکارێک بۆ ڕووخان و تێکچوون > ی تێدابێت و نازیندووش بێت، بەڵام بەرکاری پیاو، لە ڕستەی دووەمدا ئەو مەرجانەی تێدا نییە و زیندووشە.

**ـ هەر لە کردەی (ڕوخان ـ ڕوخاندنە)ەوە، میتافۆری (ئاسمان بەسەریدا ڕوخاوە)، هاتۆتەکایەوە و دروستبووە. کە ئەمەشیان بەهۆی هونەری زیادەڕەویی لە ئاخاوتندا دروستبووە.**

زمان سیستەمێکی هێماییە، هێماکان لە پەیوەندی دان، دوو جۆر پەیوەندی لە نێوان هێماکاندا هەیە: پەیوەندی هاونشینی و پەیوەندی جێنشینی.

**پەیوەندی جێنشینی**: بریتییە لە پەیوەندی وشەیەک یان چەند وشەیەک، کە بتوانن لە خاڵێکی تایبەتی، لە ڕۆنانێکدا، جێگەی یەکدی بگرنەوە. ئەم پەیوەندییە، ئەوە نیشان دەدات (( توخمێکی بە کردەوە لە شوێنێکی زنجیری ئاخاوتندا، بە دیارکەوتووە، چ پەیوەندییەکی لە گەڵ ئەو توخمانەدا هەیە، کە دەیانتوانی لەو شوێنەدا بێن))، ( ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٤، ٢٠٥).

**پەیوەندی هاونشینی**: بریتییە لە پەیوەندی وشەیەکی ناو ڕستەکە، لەگەڵ وشەکانی تری ناو ڕستەکە، کە ئامادەن. واتە: (( ئەو توخمانەی لە زنجیری ئاخاوتندا دەکەونە تەنیشت یەکتری، چ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە هەیە))،( ڕەحیم قادر سورخی: ٢٠٠٥: ١٠٦). لە ڕستەی ئاساییدا، هەردووپەیوەندییەکە بە دی دەکرێت، بەڵام ئەگەر بە تەنیا مەرجی ڕێزمانی پەیڕەو بکەین، هەڵەی واتایی، یان ڕستەی وەک ئەمەی خوارەوە، دروست دەبێت، وشەکانی ئەم ڕستەیە، لە ڕووی پەیوەندی هاونشینییەوە، بەپێی یاسای ڕێزمانی زمانی کوردی ڕیزبوون، بەڵام لە پەیوەندی جێنشینیدا، وشەی (بەرد)، لە ئاستی واتاسازیدا، شوێنی وشەکانی (نان، سێو، چێشت، کێک،...هتد)ناگرێتەوە، واتە: لەم ڕستەیەی خوارەوەدا، لەنێوان وشەی (بەرد) و کاری (خواردن)دا، پەیوەندی جێنشینی بەزێنراوە:

**- ئەو بەردە بخۆ!**

قسەکەر لە بارودۆخێکی تایبەتی وەک میتافۆر، ئەم ڕستەیە بەکاردەهێنێت، کە لە ئاستی ڕستەسازیدا، لێکدانەوەی بۆ ناکرێت، لەبەرئەوەی لەگەڵ بنەماکانی لۆجیکدا ناگونجێت، کە مرۆڤ بەرد بخوات، یان کەسێک فەرمان بە کەسێکی تر بکات، کە بەرد بخوات.بۆ نموونە، ئەگەر بڕوانینە ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە:

**ڕستەی ئاسایی: (ئەو سێوە بخۆ).**

|

**بەرکار { سێو}، سیمای ( + خواردن)ی هەیە.**

**مێتافۆر: (ئەو بەردە بخۆ).**

**|**

**بەرکار، ( بەرد)، سیمای ( ـ خواردن)ی هەیە.**

سیمای <+ کەمبوونەوە، + لابردن و قوتدان،..هتد> کە لە (خواردن)دا هەیە، لە دەوروبەرێکی تایبەتیدا، لە دروستبوونی مێتافۆرەکەداسوودی لێ وەرگیراوە.

(( بەرکار ئەو کەرەستەیە، کە لەژێر گرێی کاری ڕستەدایە و فراوانی دەکات و کاری بکەرەکەی دەکەوێتە سەر))، (خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو، ٢٠٠٨: ٦٣).

(بەرد)، لەڕووی ریزمانەوە لە ژێر گرێی کاری ( خواردن) دایە، بەلام لە ڕوویلۆجیکەوە، مەرجی هەڵبژاردن بەزێنراوە، دوو جۆرە بەرکار هەن، کە بریتین لە:

١ ـ بەرکاری ڕێزمانی( Gramamtical object): ئەو کەرەستەیە، کە بۆشایی بەرکار لە ڕستەدا پڕدەکاتەوە و لە ژێر گرێی کاری ڕستەدایە.

٢ ـ بەرکاری لۆجیکی( Logical object):(( ئەوەیە کە کاری بکەرەکەی دەکەویتەسەر))، (خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو: ٢٠٠٨: ٦٤)

**ـ بەرکاری دەروونی**: ـ **{ئەم باڵەخانەیە باخەکەی کوشتووە}.**

لەم ڕستەیەدا، (باخەکە) بەرکارە، کە کردەی کوشتنی بەسەرداهاتووە، بەڵام لە ڕووی واتاییەوە، کاری (کوشتن) پێویستی بە بەرکارێک هەیە، کە سیمای < + گیاندار، + بەرجەستە، + خوێن، + رۆح > ی هەبێت (باخ)، ئەم سیمایانەی نییە.

_ ئەم جۆرە ڕستانە ڕێزمانین، بەڵام واتایی نین. لە ئاستی واتاسازییدا، ڕستەی لەم جۆرە دروست نییە و هەڵەی واتایی تێدا بە دیدەکرێ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت، کە ئەم جۆرە ڕستانە، هیچ جۆرە لێکدانەوەیەکیان بۆ نەکرێت بەڵکو بە پێی تیۆری بەکارهێنان، ڕستەی لەو جۆرەش، لە دەوروبەرێکی تایبەتیدا، دەکرێت وەک مێتافۆر لێکبدرێتەوە.

(کۆتی هەڵبژاردن و لادان لە کۆتەکان، هەردووکیان لە ڕێگەی سیماوە دیاری دەکرێن بۆ هەر و شەیەک دەروازەیەکی فەرهەنگی لە مێشکی قسەکەردایە کە هەموو سیما فۆنۆلۆجی و سینتاکسی وسیمانتیکییەکان دەست نیشان دەکات)، (بەکر عومەر عەلی:٢٠٠٠: ١٦).

**٤\٢ ـ ٢)کۆتی شیکردنەوەی ڕێزمانی:**

ئەم جۆرە کۆتە لە شیکردنەوەدا هەیە، بەشێکە لە وشە، کۆکردنەوەی ناو لە زمانی کوردیدا، بەهۆی (ان)ەوە دەبێت، مۆرفیمی (دە)، کاتی رانەبردوو نیشان دەدات، مۆرفیمەکانی(ت، ی، د، ا، و) کاتی رابردوو نیشان دەدەن، بەڵام هەندێک جار قسەکەر ئەم کۆتە دەبەزێنێت، بۆنموونە:وەک گوزراشتکردنی کۆ لەبارەی تاکەوە یان بەپێچەوانەوە، دەربڕینی تاک لەبارەی کۆوە(التعبير بالجمع عن المفرد، و بالمفرد عن الجمع)، ئەمەش بۆ مەبەستی ڕەوانبێژی لە ئاخاوتندا، بە تایبەتی بۆ مەبەستی ڕێزگرتن، لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێندرێت، شێوازی ڕێزگرتن بەزۆری بەهۆی جێناوەوە دەبێت، لەگەڵ هەندێ وشەی دیکەدا، بەپێچەوانەی ئەم دۆخەوە، هەندێکجار بۆ نزمکردنەوەی بەرانبەر شێوازی تایبەت بەکاردەهێندرێت، بۆ نموونە: لە بواری تایبەتیدا، هەندێ وشە و دەستەواژە و شێواز کە تایبەتە بە ڕەگەزی مێ، دەدرێتە پاڵ ڕەگەزی نێر، وەک بەکارهێنانی وشەی (براژن) بۆ پیاو. ئەگەر لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، قسەکەر، بەرانبەر پیاوێک، وشەی (براژن) بەکاربهێنێت، یان بەمەبەستی گاڵتە پێکردنە، یان بۆ مەبەستی سوکایەتی پێکرنە، یان قسەکەر و گوێگر هاوڕێییتییەکی نزیکییان هەیە و پەیوەندییان بەهێزە، بەڵام ئەگەر هیچ جۆرە پەیوەندییەک لەوانەی کە باسکران لە ئارادا نەبێت، لە کۆمەڵگای کوردیدا، بە پیاوێک بگوترێت (براژن!)، تورەبوون و ناڕەزایی گوێگری لێدەکەوێتەوە.

### ٤\١٢ ـ ٣) کۆتی پێکهاتەیی ( Structural)

ئەمەش جۆرەکانی پێکهاتە دەگرێتەوە، کە دەشێ دەستەواژە یان ڕستەی سادە یان لێکدراو بێت.

بۆ نموونە، بە شکاندنی پەیوەندی هاورێیەتی نێوان دیارخەر و دیارخراو لە دەستەواژەیەکدا، میتافۆر دروست دەبێت:

- بۆنی شەڕ دێت
- گوڵدانی بێدەنگی شکاند.

هەریەک، لە (گوڵدانی بێدەنگی)، (بۆنی شەڕ)، مەرجی هاورێیەتییان بەزاندووە، بۆیە لێکدانەوەی ڕستەکان، بە واتای حەرفی وشەکان، هەڵە دەردەچێت،( بۆن + ی + شەڕ )، ( گوڵدان + ی + بێدەنگی)، لەهەردوو دەستەواژەکەدا، دیارخراو لەگەڵ دیارخەردا گونجاو نییە.

- **{ ئاشی ئاو } ـــ { ئاشی ژیان}**

**دەربڕینی ئاسایی　　　میتافۆر**

- **{چایەکی شیرین} ← {نیگایەکی شیرین }**

**دەربڕینی ئاسایی　　　میتافۆر**

---

**ـ { بەزمی شایی } ← {بەزمی قور پێوان}**

**دەربڕینی ئاسایی　　　میتافۆر**

**بەهەمان شێوە لە ڕستەشدا، شکاندنی پەیوەندی واتایی نێوان کەرەسەکانی ڕستەکە، میتافۆر دروست دەکات:**

**ـ {شەقی لە تۆپەکە دا } ← { شەقی لە بەختی خۆی دا}.**

**دەربڕینی ئاسایی          میتافۆر**

**ـ { تینووی ئاو} ← { تینووی زانست }**

**دەربڕینی ئاسایی          میتافۆر**

**ـ باشی لیدەکا ـــــ (ئاشەکە باشی لیدەکات): (دەربڕینی ئاسایی)**

**ـ باشی لیدەکا ـــــ ( درۆ دەکات): (میتافۆر)**

**ـ لەیەک پیڕن ـــــ ( پیڕی کۆنکان): (دەربڕینی ئاسایی)**

**ـ لەیەک پیڕن ـــــ (خاسیەت و ڕەوشتیان وەک یەکە): (میتافۆر)**

((دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان هەڵوێستی گوتە لە فیڵدە جیاجیاکاندا لەگەڵ هەڵاوێرکردنـــی ئەو فیڵـــدانەی، کەبە هۆکـــاری کـــۆمەڵایەتی و زمانەوانییەوە پەیوەستمان دەکەن بە بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی گوتەوە)) (Stephen C.Levinson:١٩٨٣:٢٢ ).

هەندێکجار، کۆتەکان زیاتر دەبەزێنرێن، بەتایبەتی لە زمانی وێژە و شیعردا، بە شێوەیەک ناتوانین، پەیوەندی لە نیوان واتاکاندا، بدۆزینەوە، وەک ئەم دەربڕینانەی خوارەوە:

- ژەنینی دەنگ
- ڕەنگی دەنگ

لە دەستە واژەکانی ( ژەنینی ڕەنگ، ڕەنگی دەنگ) دا، شاعیر هەوڵ دەدات، دیاردە نا باوەکان، لە زمانی شیعردا، بکاتە باو و بە هۆیەوە داهێنان بکات.

ئەم دەربڕینانە، ئاوەڵناون لە دۆخی خستنە پاڵدا، دیارخراو و دیارخەر لەگەڵ یەکتریدا، یەکناگرنەوە و پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، شاعیر لە سیاقی بەکارهێناندا، ئەم جۆرە داهێنانە دەکات، کە جاکۆپسن، پێی دەڵێت: ئاستی ناریزمانی، لەبەرئەوەی لە ڕێزماندا، کۆمەڵێک یاسا هەیە، کە پێویستە جێبەجێبکرێت ئاخێوەر یان شاعیر بە مەبەستی تایبەتی بەم یاسایانە پابەند نابێت و دەیانبەزێنێت.

**٤\٢ ــ ٤) کۆتی فەرهەنگیی:**

ئەو یاساو ڕێسایانەیە، کە هەڵدەهێنجرێن و بەرهەمدەهێندرێن، لە یاسا فەرهەنگییەکانەوە، پەیوەستە بە کۆتی فەرهەنگی ویاسا کلتووری و سیما و ئاکارە واتاییەکانی وشەوە. بۆنموونە، کۆتی واتایی ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە، کە هزر جەستەی هەبێت و پیاو سکی هەبێت.

**٤\٢ ــ٥) کۆتی لۆجیکی ( منطقي):**

ئەمەش پێوەری لۆجیکی و ڕۆشنبیری گشتی تاکەکان دەگرێتەوە، کە بەو زمانە قسە دەکەن، لەگەڵ هاوبەڵگەی ڕێژەیی بۆنموونە: لۆجیک و ڕۆشنبیری و کۆمەڵگای کوردەواری ڕێگە بەم ڕستەیەی خوارەوە نادات:

- **{ پیاوەکە شووی کردووە }.**

بەڵام، دەکرێ قسەکەر لە دەوروبەرێکی تایبەتیدا، بەمەبەست کۆتی لۆجیکی ببەزێنێت، ڕستەی لەم جۆرە بەکاربهێنێت. هەروەها، دەربڕینی وشەی سێکسی و هەندێک کارو کردەوە، کە پێویستە بە ڕاستەوخۆیی دەرنەبڕدرێن، لەهەمان کاتدا، زمانی عەرەبی دوای ئیسلام، چەند ڕێگایەکی دۆزییەوە، کە بەشێوەیەکی دی ئە و کارو بارانە دەربڕێت، بۆیە ناچاربوون، درکەو خوازەو پۆشین لە شوێنی دەربڕینە ڕاستەوخۆکاندا بەکاربهێنن (علی عبد الوافی: ١٩٤٦، ١٣ ). بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانین، بەکورتی چەند جۆرێک کۆتی زمانی و واتایی دەربخەین، وەک ئەو چەمکانەی کە پەیوەستن بە شاردنەوەی واتایی یەوە:

ــ بە شە ئاخاوتنی وشە، مەبستمان جۆری وشەیە: { ناو، کار، ئامراز... }

_ ئەرکی وشە لە ڕووی ڕستەسازییەوە: {کارا، بکەر، بەرکار، تەواوکەر، کار...هتد}.

_ شاراوەیی واتایی ناو زمان: { ئەو جۆرەیە، کە لە یەکە زمانییەکاندا هەیە}.

_ تەمومژی دەرەکی زمان: ئەو جۆرە تەم و مژییە، کە لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی زمانێک بە زمانانی ترەوە دروست دەبێت، وەک لە کردەی وەرگێڕاندا، بۆنموونە: بە ئاسانی هاوواتای(وشکبوونەوە، وشکەساڵی)، لە زمانی خەڵکی سیبریادا، نادۆزرێتەوە}.

_ سیمای واتایی: مەبەستمان تایبەتمەندییە واتاییەکانی وشەیە. هەر ناو یان کارێک، ژمارەیەکی زۆر سیمای واتایی هەیە: بۆ نموونە : کار{ کاراکەی، بەرکار، تەواوکەر...هتد}، ناو{ تاک، کۆ، هاوواتا، دژواتا، هاوبێژ}.

_ پەیکەری زانست و زانیاری: { ئەمەش چەند جەدوەلێکە، کە چەمک و سیما واتاییەکان دەگرێتە خۆی}

_ کێڵگەی واتایی: هەموو ئەو بوارانە دەگرێتەوە، کە سەر بەیەک کێڵگەی واتایین، بۆنموونە کێڵگەی گوڵ (یاسەمین، نێرگز، گوڵەباخ...هتد).

به هۆی میتافۆرەوە، واتای وشە لە کێڵگەیەکی واتاییەوە ( Semantic Fields)، بۆ کێڵگەیەکی واتایی دیکە دەگوێزرێتەوە، زمانەوانی نوێ ئەم تیۆرییە، بە کێڵگەی واتایی یان کێڵگەی فەرهەنگی ناودەبات مەبەست لە کێڵگەی واتایی کۆبوونەوەی کۆمەڵە وشەیەکە، کە لە ڕوویواتاوە، پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، لە ژێر ناونیشانێکی گشتیدا، وەک: ئەو وشانەی، کە لەژێر کێڵگەی واتایی (ڕووەک)دا کۆدەبنەوە، ئەم تێۆرە پێی وایە، بۆ ئەوەی لە واتای دیاریکراوی وشەیەک تێبگەین، پێویستە لە واتای هەموو ئەو وشانە بگەین کە پەیوەندییان پێوەی هەیە. یان پێویستە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشەکانی فیلدێکی واتایی دیراسە بکەین. (رجب عبد الجواد ابراهیم ٢٠٠١ ٢٥-٢٦) بەڵام، هەندێکجار ئاخێوەری زمان ئەم کۆتە دەبەزێنێ و بەهۆیەوە میتافۆر دروست دەبێت. بۆنموونە:

- (**کەڵە گاکەی زانکۆ**).

ـ ئەم ئیدیۆمە، کە دەربڕینێکی میتافۆرییە، بەهۆی کارلێکی هەردوو بیرۆکەی(کەڵەگا)، خاسیەتی کەڵەگا: هەرشتێک بیەوێت، بەزەبری هێز ئەنجامی دەدات، لەگەڵ مرۆڤێک، کە تایبەتمەندیی دەسەڵات و توانا و هەژموونی هەیە، هەر شتێک کە بیەوێت ئەنجامی دەدات، دروست بووە، واتە: کەڵەگا هەندێک لە تایبەتمەندیی خۆی بە مرۆڤ بەخشیوە، مرۆڤیش سودی لە هەندێک تایبەتمەندیی کەڵەگا وەرگرتووە، لە هەر شوێنێک کەسێک پەیدابێت، ئەو تایبەتمەندییانەی تێدا دەربکەوێت، دەکرێت: ئەو میتافۆرەی بۆ بەکاربێت، جا ئەو شوێنە زانکۆ بێت، یان شوێنێکی دیکە بێت. بواری سەرچاوە (کەڵەگا)یە، خوازراوە بۆ سەپاندنی هەژموون و دەسەڵات، کە بواری سەرچاوەیە.

دەربڕینەکە، میتافۆرێکی ناوییە، پێکهاتووە لە ( **دیارخراو+ ناوبەند + دیارخەر**)، (**کەڵەگا + ی + زانکۆ**).

وشەی ( **کەڵەگا**)، بە مەبەست بەرانبەر کەسێک بەکارهاتووە، دەکرا ئەم دەربڕینە، بە شێوازێکی تر بوترایە، بەڵام( **قسەکەر، خوێنەر**) بۆ زیاتر کاریگەری دروستکردن و بەهێزکردنی وتنەکە، ئەم میتافۆرەی بەکارهێناوە. (**کەڵەگا**) ، لە کێڵگەی واتایی ئاژەڵەوە بۆ کێڵگەی واتایی مرۆڤ گوێزراوەتەوە.

لێرەدا، بە پێی ئەم خاڵانە، چەند ڕستەیەک دەردەخەین، کە ئەم کۆتانەیان تێدا بەزێنراوە:

پلەبەندی لە لێخوڕینی ئۆتۆمبیلدا، یاسایەکی باوە، بەڵام خەوتن، چەند دەستەواژەیەکی تایبەت بەخۆی لەگەڵدا بەکاردێت کە زۆربەیان میتافۆرن، وەک: ( خەوێکی شیرین، خەوێکی قوول، خەوێکی تاڵ، سەرە خەوێک دەشکێنم..هتد )، بەڵام لەم ڕستەیەی خوارەوەدا، بەهۆی گواستنەوەی پلەبەندی ئۆتۆمبیل بۆ خەو، جۆرێکی تری میتافۆر دروستبووە:

- **{ تۆ لە (١٢٠) خەوتبوویت، ئاگات لە هیچ شتێک نەبوو!}**.
- **{ بەزمی قور پێوان}**.

بەهـۆی نەگونجـانی پەیوەنـدی نێـوان بـکەر و کـار، لەم ڕسـتەیەی خوارەوەدا، مێتافۆر دروست بووە:

- **{ عەقلت شۆرتی کردووە}.**

٥\٢) **سیاق و بەکارهێنانی کۆت ، کە ئەمەش دووجۆرە:**

_ **سـیاقی نـاوەکی:** مەبەسـت لە سـیاقی نـاوەکی ئەو ڕسـتەیەیە، کە وشـەکەی تێدایە، دەوروبەری زمانیی هەندێ کۆت بەسـەر بەکارهێنەراندا دەسەپێنێت دەتوانین بە هـۆی زانینی پەیوەندی نێوان وشـەکانی ڕستەوە، تەمـومژی واتـایی وشــە یـان پێکهـاتەکە بـڕەوێنینەوە. ( محمـد داود ـــ www.mohameddawood.com) .

- **{ژنەکە شیو لێدەنێ}.**

بەهـۆی پەیوەنـدی نێـوان (ژن)، (شـیو)، (لێنـان)، دەزانـرێ مەبەسـت لە وشەی (شیو)، چێشتە نەک دوڵ.

**ب _ ساقی دەرەکی:** دەشـێ واتـا بە هـۆی سیاقی دەرەکـی و ڕووداوی نازمانییەوە، شیبکرێتەوە، بەهۆی واتای ڕستە یان ڕستەکانی پێشـەوە یان دواوە واتـای ڕستەبەکارهـاتووەکە دەزانرێت و دەتـوانین واتـای شـاراوەی وشە یان چەند وشـەیەک لە ڕێگـای پەیوەسـتکردنیان بە ڕسـتەی پێش یـان دوای خۆیانەوە، ڕوونبکرێتەوە یان بارودۆخی بەرهەمهێنان و ژینگە و ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا سەر هەڵدەدات.

- **{خەڵک ئەمڕۆ بەخەبەرە، ئاگای لە هەموو ڕاستییەکان هەیە}**


لەم ڕسـتەیەی سـەرەوەدا، مەبەسـت لە بەکارهێنـانی دەسـتەواژەی (بەخەبەرە)، هەواڵدان نییە، لەبارەی ئەو دۆخەی، کە خەڵک (نەنووسـتووە)، بە واتا فیزیکییەکەی، بەڵکو مەبەست لە هۆشیاری لایەنەکانی ژیانە.

ج **ـ سـیاقی گشـتی:** مەبەسـت لە بـابەتی دەقەکە خـۆیەتی، بە هـۆی دەقەکەوە دەتـوانین واتـای وشـەو پێکهاتەکـان ڕوونبکەینەوەو تێیبگەین، لە ڕێگــای پەیوەســتکردنی وشــەکانی ڕســتەبە بــابەتی دەق و بــوارەکەی بەمجـۆرە، بۆمـان ڕوونـدەبێتەوە، ئـاخێوەرانی زمـان نـاتوانن، بە ڕەهـایی زمان بەکاربهێنن و پەیڕەوی ئەو کۆتانە نەکەن کە ڕێزمان یان کۆمەڵ یـان

لۆجیک لەسەر قسەکەران دایدەنێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، هەندێکجار بەمەبەستی تایبەتی ئەم کۆتانە دەبەزێنرێن بۆ نموونە بە شکاندنی پەیوەندی نێوان کەرەسەکانی ڕستە، میتافۆر دروست دەبێت، دەتوانین چەند جۆرێک لە پەیوەندی نێوان کەرەسەکانی ڕستەدیاری بکەین، وەک:

٦\١٢) **پەیوەندییە زمانییەکان:**

ئەمەش، بریتییە لە پەیوەندی نێوان نێرەرو ژینگەی زمانیی(پێگە) و وەرگر:




- هێڵکاری پەیوەندی نێوان (نێرەر، پێگە، وەرگر)

**یەکەی زمانیی دەشێت:**

- وشە
- پێکهاتە
- دەربڕین
- ڕستە
- بڕگە بێت.

بۆنموونە، بە شکاندنی ئەم پەیوەندییە، پۆشین دروست دەبێت، کە بریتییە لە هەبوونی زیاتر لە واتایەک بۆ یەکەیەکیی زمانیی:

- [ مانگ:دیاردەیەکی سروشت]
- [ مانگ: جوانی روخسار]
- [ژمارەی وشە: (یەک)]
- [ ژمارەی واتا: (دوو)]

ــ **پەیوەندییە فەرهەنگییەکان:** وەک هاوڕێیەتی زمانەوانی لە وشەی ((چاو))دا:

❖ [ چاوی مرۆڤ] ← [چاوی کامیرا]

ــ **پەیوەنــدی سینتاکســی**: ((خوشــکە کەتــان ژنــی کامیــانە))،( طالــب حوسین:١٩٩٨:٥٢)، کە دوو جۆر لێکدانەوەی بۆ دەکرێت:

١ــ (خوشکەکەی ئێوە) ژنی کامیانە.

٢ـ خوشکە (کەتان) ژنی کامیانە.

ــ **پەیوەنــدی واتــایی**: ئەمەش پەیوەنــدییە واتاییــەکانی نێــوان وشــەو دەستەواژەکان، دەگرێتەوە:بۆنموونە، پریپۆزیشنی جیاواز لە گەڵ هەمان کاردا، واتای جیاواز دروستدەکات وەک کاری (چوون)، لەم وشانەی خوارەوەدا:

| | |
|---|---|
| **بۆچوون: تێور** | **تێچوون: مصرف، خرجیة** |
| **پێچوون: کات، ماوە** | **لێچوون: دادانی ئاو و شتی شل** |

**أـ هەمان پریپۆزیشن، لەگەڵ کاری جیاوازدا، بۆنموونە، پریپۆزیشنی (بۆ)، لەگەڵ کاری (چوون)، (هاتن)دا:**

- **بۆچوون | بۆهاتن**

ب ـ **هەمان کار لەگەڵ هەمان پریپۆزیشن، لە سیاقی جۆراو جۆردا ، بۆ نموونە، کاری (خواردن):**

ـ **{ نانم بە کراسە جوانەکەمەوەخوارد}.**

ـ **{ نانم بە کەوچک خوارد}.**

ـ **{ نانم بە خێرایی خوارد}.**

ج ــ **هاوڕێیەتی زمانەوانی**: لە گرینگترین کۆتەکانی سیاقە، ئەو وشانە دیــاری دەکــات کە لە گەڵ وشــەیەکدا دێــن، دیــاریکردنەکەش، بە شــێوەی هەژمــارکردن لە چوارچێــوەی پێوەرەکــانی دەقێکــی زمــانەوانی نووســراوی گەورەدا دەبێت، جێبەجێکردنی کردەکەش، هەنگاو بە هەنگاو دەبێت:

بۆنمــوونە، لە زمــانی کوردیــدا، ریزبــوونی کەرەســەکانی ڕســتەبەم جۆرەیە:

| بکەر | بەرکار | تەواوکەر | کار |
|---|---|---|---|
| \| | \| | \| | \| |
| من | کتێبەکەم | بەجوانی | خوێندەوە |

ـ بەڵام، ئەگەر ڕیزبوونەکە، بەم شێوەیە لێبکەین یاسایەکی سینتاکسی دەبەزێنین:

| کار | تەواوکەر | بکەر | بەرکار |
|---|---|---|---|
| * \| | \| | \| | \| |
| خوێندەوە | بەجوانی | من | کتێبەکەم |

_ هەندێکجار، ئەو وشانە لە گەڵ یەکتریدادێن، کەلە ڕووی واتاییەوە هاورێیەتیان نییە:

❖ {ئەو نان دەخوات}. (ڕستەی ئاسایی)

|

❖ {ئەو زوخاو دەخوا}. (میتافۆر)

ـ وشەی(خواردن)، لەم دێرە شیعرەی خوارەوەدا، جارێک بە واتای فەرهەنگیی و جارێک بە واتای خوازەیی، بەکارهاتووە:

❖ **گەر دەپرسی من لەبەرچی کەم دەخۆم**

**من بە برسی قەت مەزانە خەم دەخۆم** (دیوانی نالی:١٣٨٨ە:٢٤١ ).

ڕستەی دووەم (**من بە برسی قەت مەزانە خەم دەخۆم**) لە ڕووی ڕێزمانییەوە دروستە، بەڵام لە ڕووی واتاوە، دروست نییە. کاری خواردن، کۆتی هەڵبژاردنی بەزاندووە،(خەم خواردن)، دەربڕینێکی میتافۆڕییە، ئەم جۆرە دەربڕینە میتافۆرییە، لە ئاستی پراگماتیکدا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

**ـ جیاوازی واتای دیارخەر (ئاوەڵناو) بە پێی دیارخراو:**

| ناوی چەمک | ئاوەڵناو | بوار | واتا |
|---|---|---|---|
| پێنوسی | سەوز | نوسین | ڕەنگی نوسین |
| دەستی | سەوز | ڕەوشت | کاری باش |
| ڕووەکێکی | سەوز | پێگەیشتن | شینبوون |
| ئاڵایەکی | سەوز | ڕامیاری | ئاوەدانکردنەوە |

ـ نموونەییێکی پراکتیکی بەکارهێنانی کاری { **لەچاڵنان** }، لە سیاقی جیاوازدا:

| سیاقی جۆراوجۆر | واتا |
|---|---|
| **لە چاڵنانی گیاندار** | فەرهەنگی {+ بەرکارێکی گیاندار و وزەدار} |
| **لە چاڵنانی خەم** | میتافۆر {+ ئومێد} |

ـ ((دوو جۆر کۆتوبەندی واتایی لە ئارادا هەیە، کە لادان لێیان دەبێتە هۆی ناوێزەیی لە واتادا:

١ _ کۆت و بەندی هەڵبژاردن

٢ _ کۆت و بەندی هاوڕێیەتی))،(محمد معروف فتاح: ٢٠١٠: ٤١٩ .

کۆتی هەڵبژاردن لە خودی واتای وشەکانەوە دێت، بەڵام کۆتی هاوڕێیەتی دەرەکییە.

ئەگەر بڕوانینە ئەم دەربڕینەی خوارەوە:

❖ **{ زانکۆکانی کوردستان لەڕبوون}.**

(لەڕبوون)، کارێکە، لە بنەڕەتدا بۆ ئاژەڵ بەکاردێت، بەمەبەست لەگەڵ گرێی ناویی (زانکۆکانی کوردستان)دا بەکارهێنراوە، هەروەها دەستەواژەی (زانکۆکانی کوردستان)، میتۆنیمییە، مەبەست خەڵک و کارمەندانی ناو زانکۆکانی کوردستانە، گواستنەوەییێکی واتایی، کاری(لەڕبوون)، کۆتی

هەڵبژاردنی بەرکاری بەزاندووە، کە لە بنچینەدا بۆ ئاژەڵ و بوونی زیندوو بەکاردێت، بەڵام لەم دەربڕینەدا، دراوەتە پاڵ(زانکۆکانی کوردستان).

**ـ کزە:**

واتای فەرهەنگی | کزەی با

میتافۆر | کزەی هیوا

بە پێچەوانەی ئەم دۆخەوە، قسەکەر هەندێکجار کۆتی هەڵبژاردن دەبەزێنێت، بەهۆی ئەوەی، هەندێک تایبەتمەندی، کە هی مرۆڤ یان گیانلەبەرە، بۆ دیاردەی دیکەی دەیگوازێتەوە، وەک:

**ـ تیرۆرکردن: کوشتن و تۆقاندنی مرۆڤ**

واتای فەرهەنگی | تیرۆرکردنی مرۆڤ

میتافۆر | تیرۆرکردنی بیر، تیرۆرکردنی رۆژنامە، تیرۆرکردنی ئازادی،...تاد.

**١٢ \ ٦ـ١) بەزاندنی کۆتەکان و داهێنانی واتایی**

لە میتافۆردا، ئاخێوەر یاخود نووسەر بەهۆی بەزاندنی کۆتەکانەوە، زمان لە بەکارهێنانی ئاسایی خۆیەوە، بۆ چوارچێوەی داهێنانی واتایی، دەگوازێتەوە ئەمەش، بە زۆر ڕێگا دێتە دی:

**١٢\٦ـ١ـ١) پێکچوونی مەعنەوی:**

ـــ لەم دۆخەدا، میتافۆر واتاکەی لە بواری مەعنەوی وشەکەوە وەردەگرێت.

**ڕووناکی: پێچەوانەی تاریکی**

**ڕووناکی: ڕووناکی بیرو باوەڕ**

**تێنوو : تێنووی ئاوە (واتای ئاسایی)**

**تێنوو : تێنووی خوێنە (کەسێکی زۆردارە)، تێنووی ئازادییە.**

**گەرم : شلەیەکی گەرم (واتای ئاسایی)**

**گەرم: گەرمە باس، بازاڕی گەرمە، دەمی گەرمە، نێوانیان گەرمە،...هتد.**

**١٢\٦-١ -٢) هەستگۆڕکێ**

(گواستنەوەی وشەیەکە، کە بە هۆی هەستێکی دیاریکراوەوە دەزانرێ، بۆ بوارێکی تر)، (سالم الخماش ـ www.angelfire.com ) .

وەک گواستنەوەی وشەی (ڕەش) لە بواری بینینەوە، بۆ بواری بیستن.

( دەنگێکی ڕەش): (ڕەش)، لێرەدا بە واتای دەنگێکی ناخۆش دێت، لە بنچینەدا، (ڕەش)، بە چاو دەبینرێت، ئاوەڵناوی (ڕەش)، سیمای (+ بینینین)ی هەیە، دراوەتە پاڵ (دەنگ)، کە سیمای (+ بیستن)ی هەیە.

**ڕەش | کراسێکی ڕەش (واتای ئاسایی)**

**ڕەش | دەنگێکی ڕەش ( میتافۆر)، بەهۆی هەست گۆڕکێ، دروستبووە.**

**١٢\٦-١-٣) هاوسێیەتی**


هەندێکجار، وشە لە بوارەکەی خۆیەوە، بۆ بوارێکی تر دەگوازرێتەوە، بەهۆی پەیوەندی هاوسێیەتی، وەک: ناونانی (کورسی)، بە دەسەڵات، لەبەرئەوەی پەیوەندی هاوسێیەتییان هەیە.

**ـ لە پەرلەمانی کوردستاندا، دوو کورسی بۆ کەمئەندامان تەرخان کراوە.**

مەبەست لە بەکارهێنانی (کورسی)، لێرەدا، جۆری دەسەڵاتە.

یەکێک، لەو کۆتانەی، کە زمان لەسەر بەکارهێنەران دایدەنێت، بەیەکەوەهاتنی ئەو وشە و دەستەواژانەیە، کە هاوسێیەتییان بەیەکەوە هەیە، بەڵام بەزاندنی ئەم بنەمایانە، میتافۆر دروست دەکات.هەروەها، بەزاندنی کۆتی هاوڕێیەتیش، دەبێتە هۆی دروستبوونی میتافۆر و گواستنەوەی واتا لە شتی بەرجەستەوە بۆ نا بەرجەستە:

دەتوانین لە کاری ( شکاندن) دا، بە هۆی هێڵکارییەکەوە، ئەم پەیوەندییە، ڕوون بکەینەوە:




هەر وشەیەک کۆمەڵێک کۆدی هەیە، بەزاندنی یەکێک یان زیاتر، لەو کۆدانە میتافۆر دروستدەکات. (شکاندن)، لەگەڵ وشەکانی (ڕۆژوو، بەڵێن، مانگرتن، ئـازار، کـۆت، پەیوەنـدی)دا، کـۆتی هەڵبژاردنـی (بەرکـار)ی بەزانـدووە.

دیـــارخراو لەگەڵ دیـــارخەردا یەکنـــاگرنەوە، کـــاری (شـــکاندن)، پێویســـتی بەبەرکارێکی بەرجەستە هەیە، بەڵام ئەم وشانە نابەرجەستن.

لـەم میتافۆرانـەدا، بـواری سـەرچاوە، وردوخـاش بوونـە، بـواری ئامـانج، تێکشکانی مەعنەوییە، بە تەنیا لە شکاندنی ئازاردا نـەبێت، واتایـەکی ئـەرێنی هەیە.

ـ ئەم جۆرە گواستنەوە واتاییە، پتر لەو کاتانەدا، ڕوودەدات، کە کۆمەڵگا لە بـــارودۆخێکی بەرایـــیەوە، بەرەو پێشـــکەوتن هەنگـــاو دەنێـــت، لەگەڵ پەرەسەندنی بیر و هزردا، وشەکان لە بوارێکی بەرجەستەوە، بۆ بوارێکی ئەبســـــتراکت دەگــــوێزرێنەوە و ئەم جــــۆرە میتــــافۆرانە، لە زمانــــدا سەرهەڵدەدەن.نموونە:

( لێکچوونی ڕەنگ): **ماش + برنج: ماش و برنج (جۆرە چێشتێکە)**

↕

**ڕەش + سپی : ( قژێک بە تەواوی سپی نە بووبێت)**

**ـ تەمەنی هەیە، سەری ماشوبرنج بووە.**

ـــ هەروەهـا، بەگەلێـک هۆکـاری تـر، لەسـەر بنەمـای وێنەی ڕەمزیـی میتافۆر دروستدەبێت، وەک: جووڵە، تامکردن، ئەندازە، هزر، ئەندازە، ...هتد. بەم جـۆرە بۆمـان دەردەکەوێت، کە بەهـۆی میتـافۆرەوە ژمـارەیەکی زۆر وشـــە کەوتـــۆتە نـــاو زمـــانەوە کە ئـــاخێوەران پێـــی ڕاهـــاتوون و ڕۆژانـــە بەکاریدەهێنن، بۆ نمـوونە: {قـاچی مێزەکە، دەسـکی کورسـی، بـاڵی فـرۆکە، سـەری مەنجەڵ، گوێی چەم، ددانی مشـار، دەمـی چـاڵەکە، لـووتکەی چیـاکە، بەرگی کتێب..} هتد..

❖ **دەفتەر : دەفتەری دۆلار**

|

**دەفتەری کۆن خوێندنەوە (شتی کۆن هێنانەوە یاد)**

ـ جۆرێکی تـری میتـافۆری نـاویی، هـزر و بیر وشـتی نابەرجەسـتە، بە دیاردەکانی سروشت دەچوێنرێت:

❖ **خۆزگە: ناوێکی واتاییە.**

**: داری خۆزگە. ( + بەرجەستەیە)**

ئەم میتافۆرە، بە بەراوردکردنی شتێکی نابەرجەستە، بە شتێکی بەرجەستە، دروست بووە: ( دار + ی + خۆزگە):

ـ دار +ی + خۆزگە

(+ بەرجەستە) + ی ( + ئەبستراکت )، میتافۆرێکی ناوییە.

ـ دەستەواژەی (**داری خۆزگە**) بەهۆی شکاندنی، کۆتی هاوڕێیەتی نێوان دیارخراو و دیارخەر، دروستبووە.

ـ هەر لەسەر بنەمای، ئەو ڕێکنەکەوتنەی، کە لەنێوان دیارخراو و دیارخەردا هەیە، هەندێک میتافۆر لەسەر بنەمای پڕی و بەتاڵییەوە دروست دەبێت:

**کاسەی ئاو: < + پڕبوون + بەرجەستە + شلە >.**

↓

**کاسەی تەمەن:** < ـ پڕبوون، ـ بەرجەستە، ـ شلە>.

- ئەستوونی بالاَم لەنگە و چەمیوە

کاسەی تەمەنم هاتۆتە نیوە (محەمەد عەزیز ـ www.facebook.com) .

### ٧/١٢) ڕۆڵی یارییەکان لە دروستبوونی میتافۆردا

ـ هەندێک میتافۆری ناویی، لە یارییەکانەوە وەردەگیرێن.

**داش**

داش بە داش — داشەهارە — داشی دامە (واتای بنجی)

**ـــ داشــە هــارە: وەک میتــافۆر، بەرانــبەر بە کەســێک بەکاردێـت، کە پەلاماری هەموو شتێک بدات. (واتا ڕاستەقینەکەی تاکە بەردێکە، بەدەست یـەکێک لـە یاریکـەرانی دامـە دەمێنێتـەوە و دەتوانێت، بـە هـەموو لایەکدا بجوڵێت).**

**ـ دووشەش: پوولێکە لە یاری دۆمینە و زاری تاوڵـە، وەک میتـافۆر لە ئاخاوتنی ڕۆژانەشدا بەکارهاتووە:**

- **کە دەڵێین: دوو شەشـی بـۆ هـاتووە. (بە واتـای ئەوە دێت، کـاری باشـە، شـتی باشـی بـۆ هـاتووە، یـان بـۆ دەرچـووە، پەیوەندی بە یاری تاوڵەوە هەیە).**
- **دوو شـــەش تـــۆپی: (وەک میتـــافۆر بەرانبـــەر بـــە کەســـێک بەکاردێت، ئەگەر کەسێک شتێکی باشی لە دەست و لە کیس بچێت، کە ببێتە مایەی زیان گەیاندن، دەوترێت: دوو شـەش تۆپی.**
- **شەش و بێژ: وەک میتافۆر بۆ مرۆڤی چاو خێل بەکاردێت.**

**هێمنی شاعیر، لەم کۆپلە شیعرەدا، وشەی (دووشەش)، وەک میتافۆرێک بۆ بەخت و لۆهاتن بەکاردەهێنێت، بەهۆی ئەزموونی ژیان و بەرکەوتنمان لەگەڵ ڕووداوەکانی دەوروبەر، ئەم جۆرە میتافۆرانە دەکەونە ناو زمانەوە.**

- **تیغی بێ مەیلی و جەفای ئەو نازەنینە دڵڕەقە**

**جەرگی لەت کردم بەجارێک ئەنجنیویە سینەشم**

**کوشتمی و شەش خانی ئومێدی لەمن گرتن حەریف**

**مۆرە هەڵداوێم و بێهوودە بەهیوای دووشەشم ( هێمن:٢٠٠٣:١٠٨).**

**ـ (دووشەش)، وەک میتافۆر بۆبەخت و بۆهاتن بەکارهاتووە.**

ـ زمان دابڕاو نییە لە ژیانی بە کارهێنەرەکانی (زمان کۆمەڵە یاسایەکە، کە قسەکەر بە پێی توانستی خۆی لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەدا، مەبەستەکانی دەردەبڕێت، بەڵام هەندێکجار جار شکاندنی بەشێک لەو یاسایانە، بۆ نموونە یاسای سیمانتیکی دەبێتە مایەی گەیاندنی بیرۆکەیەکی تایبەتی)، ( صەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٠: ١٦).

لە هەندێ دەربڕیندا بە شکاندنی یاسایەکی سیمانتیکی یان زیاتر، واتایەکی تایبەتی دەگەیەنرێت، ئەم کۆت بەزاندنەش لە پەندی پێشینان و ئاخاوتنی ڕۆژانەشدا، بەدیدەکرێت ئەم جۆرە دەربڕینانە لە ئاستی سیمانتیکدا، لێکدانەوەی بۆ ناکرێت، وەک: ((دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو، قەرز کۆر))، ( نەسرین فەخری، ١٩٧٦: ٨٥، ٩٠)، مەرهەمی برینی کێشەکان، باڵای هەور، ...هتد.

لە ئیدیەمی ( قەرز کۆر)دا، (کۆر)، کۆتی (چاو)، (+بینین) ی بەزاندووە، لە ئاستی واتای فەرهەنگیدا، وشەی (قەرز)، بەهۆی ئاوەڵناوی (کۆر)ەوە وەسف ناکرێت. بەهۆی بەزاندنی کۆتی پێکهاتەییەوە، میتافۆرەکە دروستبووە. هەروەها لە ئیدیۆمی (دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو) دا، بەهۆی کاری (بوون)، تەڵەی تەقیو، دراوەتە پاڵ دەم و بەهۆیەوە میتافۆرەکە دروستبووە، کۆتی پێکهاتەی واتایی بەزێنراوە.

پێکهاتەی ( **مەرهەمی برینی کێشەکان**)، (**برین**)، لە گەڵ ناوی بەرجەستەدا دێت، نەک کێشە، کە ناوێکی نابەرجەستەیە. ( برینی کێشە)، میتافۆرە: ( **برین**)، ناوێکە، سیمای <+ **بەرجەستە، + خوێن** > ی هەیە. خراوەتە پاڵ کێشە، کە سیمای < **ـ بەرجەستە**> ی هەیە.

**٨\١٢) گواستنەوەی واتا:**

کردەی گواستنەوەی واتا، کە ئەرستۆ ئاماژەی پێداوە، لە بەزاندنی کۆت و دروستکردنی میتافۆردا، ڕۆڵێکی گرینگی هەیە، ئەمەش بە دوو جۆر دەبێت:

( لەو وشانەدا ڕوو دەدات، کە پەیوەندییەکی واتایی دیاریکراو لە نێوانیاندا هەیە)، ( طالب محمداسماعیل ٥٠:٢٠١٠)
یەکێک لە هۆکارەکانی گۆڕانی واتا، گواستنەوەی واتایە لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکە، ئەمەش دەکرێت بە دوو بەشەوە:

أ
**گواستنەوەی واتا، بەهۆی بوونی پەیوەندی لێکچوون کە بە خواستن ناسراوە.**
**(Metaphor)**

ب
**گواستنەوەی واتا بەبێ بوونی پەیوەندی لێکچوون، لەنێوان هەردوو واتاکەدا، کە خوازەی بەڕڵلا ناسراوە**
**(Metonymy)**

ـــ بەپێی ئەم هێڵکارییە، لە جۆری یەکەمدا، کە بەهۆی پەیوەندی لێکچوون دروست دەبێت، کە دەڵێین (**چاوی دەرزی**)، میتافۆرە، کە لە چاوی مرۆڤەوە وەرگیراوە، پەیوەندی لێکچوون، لە نێوان هەردوو واتاکەدا هەیە.

جۆری دووەم کە میتۆنیمییە، پەیوەندی لێکچوون لە نێوانیاندا نییە، وەک هەندێ گواستنەوە کە لەبواری بەرجەستەوە، بۆ بواری ئەبستراکت ئەنجام دەدرێت، بەهۆی زۆر بەکارهێنانەوە، وشەکە واتای نوێ وەردەگرێت.وشە واتایەک وەردەگرێ، کە پەیوەندی بە واتا بنجیەکەوە نییە، چوارچێوەی بەکارهێنانەکەی لە بوارێکی واتاییەوە بۆ بوارێکی تری واتایی دەگوێزرێتەوە، بەم شێوەیە، واتا نوێیەکە لە هزردا جێگیر دەبێ بەبێ ئەوەی تێبینی لە نێوان هەردوو واتاکەدا بکرێت، مەرج نییە واتای پەرەسەندوو، واتای بنجی سەر بە هەمان کێڵگەی واتایی بن، بۆ نوونە لە زمانی کوردیدا، ئەگەر لە ڕوویئیتیمۆلۆژییەوە، ئەوەمان بۆ دەربکەوێ، کە وشەی(شین) بەواتای شیوەن و گریان، لە ڕەنگی شینەوە پەرەی سەندووە:

شین ← ڕەنگ

**شیوەن و گریان**

وشەی **{ڕەنگ}** و **{شیوەن و گریان }**، هەریەکەیان سەر بە دوو کێڵگەی واتایی جیاوازن.

فندریێس، جیاوازی کردووە لە نێوان گواستنەوەی واتا، کە بەهۆکاری تەسکبوونەوە و فراوانبوون دروستبووە، لەگەڵ ئەو گواستنەوەیەی، کە بە هۆکاری میتافۆر و میتۆنیمییەوە دروستبووە.لەم بارەیەوە دەڵێت: ((فراوانبوون وتەسکبوونەوەی واتا بە بێ مەبەست ڕوودەدات، بەڵام گواستنەوەی واتا بە مەبەست دەکرێ، پتریش لە بواری وێژەییدا بەکاردێت))، ( فندریس:٥:١٩٥٠).

بەهۆی میتافۆرو گواستنەوەی واتاییەوە، دەتوانین شتێک بە شتێکی تر ناوبنێین، بە مەرجێک گونجانێک، لە نێوانیاندا هەبێت، بۆیە دەتوانین بڵێین: میتافۆر (ناونانی شتێکە بە شتێکی تر ئەگەر شوێنی گرتەوە) (هیتلەر ئەحمەد: ٢٠٠١:١٧ ) وەک: ناونانی ( وشتر )، بە (کەشتی بیابان)، (مرۆڤی فێڵباز) بە (ڕێوی)، (مرۆڤی خراپ)، بە شەیتان و ئیبلیس و جادوو گەر....هتد. واتا لەم پرۆسەی ناولێنانەدا، لە فیلدێکەوە بۆ فیلدێکی تر دەگوێزرێتەوە، وشە خاسیەت و تایبەتمەندی دیکە وەردەگرێت، گۆڕان لە واتادا، دێتە کایەوە. وشەی (کەشتی)، خاوەنی ئەم سیمایانەیە: <+ تەن (بەرجەستە)، + بارهەڵگرتن، + ڕۆیشتن بە ناوئاودا، + گەورە، + سەوڵ، + گوێزانەوە>.

وشەی (وشتر)، خاوەنی ئەم سیمایانەیە: < + **گیاندار، + گیاخۆر، + بیابان، + گەورە، + بارهەڵگرتن و گوێزانەوە** >.

( میتافۆر، تایبەتییەکی زمانەو یاریکردنە بە سیما واتاییەکان، سڕینەوەی هەندێک و بەر ڕۆشنایی دانی هەندێکی تر، پەیوەندی بە وشەوە هەیە و بە دیاردەیەکی بەربڵاوی ناو زمان دادەندرێت. یەکێک لە ڕەگەزەکانیشی ڕامان و نامۆیی لە خۆی دەگرێت، کە ناکرێ پێوانە بکرێت.

میتافۆر، دەکرێ لە ڕستەی هەواڵگەیەنەرو پرس و ڕستەی سەرسوڕمان و فەرمانیشدا، دەرکەوێت، لە دەرکەوتنیشدا، واتا سەرەکی یەکە ناسڕێتەوە، بەڵکو زۆرجار دەبێتە هۆی زیادکردنی واتای فەرهەنگییش)، ( سازان رەزا معین: ٢٠٠٥:٤٨).

مێتافۆر، ئەو کۆتانە دەبەزێنێت، کە لەسەر زمان دانراوە، کاتێک قسەکەر بەکاریدەهێنێت، لەو شێوە باوەی زمان دەردەچێت، کە خەڵک لەسەری ڕێککەوتوون، بەمەش لە بەکارهێنانی ئاسایی وشە و دەربڕینەکانەوە بۆ شێوازێکی تایبەتی هەنگاو دەنێت تا بەهایەکی زمانەوانی و ئیستاتیکی بە ئاخاوتنەکەی بدات.

ئەم جۆرە کۆت بەزاندنەش، وەک پێشتر باسمانکرد، یان لەڕێزمانی باودا دەبێت یان لە یاسا واتاییەکانی زماندایە، ئەگەر مێتافۆر کە وەک ڕۆنانێکی یاسابەزێن لێکبدرێتەوەو پڕ واتا بێت، دەبێ چەمکی لە یاسالادانی تێدابێت. بوونی ڕێزمانیتی و پەسەندی لە ڕووی واتاوە لە ڕێگەی کۆتەوە دیاری دەکرێت، کۆتی ڕێزمانی بێ یان واتاسازی. ئەم کۆتانە جۆری ئەو پۆلە وشەییانە دەستنیشان دەکەن و ئەو ناوانە دیاری دەکات کە دەتوانن ببنە بەرکار یان بکەرەکەی، واتە ئەمانە دەبێت چەند مەرجێکیان تیادا بێت تا ئەو کارە بە بکەر یان بەرکار وەریان بگرێت، بەو مەرجانە دەوترێت (کۆتی هەڵبژاردن) و دەبێ لە هەموو ڕۆنانێکی ڕێزمانیدا هەبن.

چۆمسکی تێبینی ئەوە دەکات: (( ئەو ڕستانەی کە یاساکانی کۆتی هەڵبژاردن دەشکێنن بەزۆری بە مێتافۆر لێک دەدرێنەوە))، (بەکر عومەر عەلی:٦٧: ٢٠٠).

هۆکارێکی سەرهەڵدانی مێتافۆر، لە زماندا، بۆ بیردۆزی لاساییکردنەوە، دەگەڕێتەوە، بەهۆی لاسایکردنەوەوە وشە بە واتایەکی دی بەکاردێت ((وشەی ڕێوی بە واتای فێڵبازی نەهاتووە، تا ئەو کاتەی کە فێڵبازیی لە ڕووی دەلالەتە زمانەوانییەکانەوە، کەوتە بیری بە کارهێنەرەکانییەو))، (جان کوهن:١٩٨٦: ١٢١).

دەتوانین دەلالەتی ڕێوی، شیبکەینەوە، بۆ (ئاژەڵ + فێڵباز)، بەرەنگاری کردووە لە واتای دووەمی، کە بەکارهێنراوە خوازەییەکەیە وشەی ڕێوی لە دەلالەتی یەکەمەوە بۆ دەلالەتی دووەم گوێزراوەتەوە.

(گورگ)، بەواتای (ناشیرینی) نەهاتووە، تا ئەوکاتەی، کە ناشیرینی لە ڕوویدەلالەتە زمانەوانییەکانەوە، کەوتە بیری بەکارهێنەرەکانییەوە. دەتوانین دەلالەتی گورگ، شیبکەینەوە، بۆ (ئاژەڵ+چاوچنۆک+ناشیرین)، واتای دووەم و سێیەم میتافۆرە.

قسەکەر کە دەڵێت: (شێر)، بە ئاوازەی دەنگەکەی، وێنایەکی هۆشەکیی، بۆ هەموو ئەو ئازایەتی و هێزو توانا و توندو تیژییەی کە ئەم گیانلەبەرە هەیەتی، لە دەروونی گوێگر- خوێنەردا دەچەسپێنێت، هەروەها بە (مانگ) و (ڕۆژ)، جوانی وبەها و نرخ.

((وشەی میتافۆر Metaphore یۆنانیەو بە مانای ((گواستنەوە)) دێت، وەک ئەوەی سیفەتی شتێک دەگوێزرێتە وە بۆ شتێکی تر یان مرۆڤ، یان لە سروشتەوە بۆ مرۆڤ و بە پێچەوانەشەوە، ئەمە گرینگترین و بڵاوترین فیچەری زمانە، کە تیایدا یەک شت، بیر یان کارێک بە وشە و دەربڕین دەگەڕێندرێتەوە بۆ شت، بیر، کارێکی تر، چوونکە هەندێ خاسیەتی هاوبەشیان هەیە)) (پیتەر هالبێرگ ودانەرانی تر: ٢٠١٠: ٧٩ ).

جگە لەسیفاتی گیانلەبەر و باڵندە، مرۆڤ سوودی لە دیاردەکانی دیکەی سروشت بۆ دروستکردنی میتافۆر لە زماندا وەرگرتووە: لە ئاستی سیمانتیکدا، بە بەراودکردنی نێوان خواستن و لێکچواندن دەردەکەوێت، لێکچواندن بۆ ئاشکراکردن وبەراوردکردن بەکاردێت، دەچێتە خانەی وەسف بۆ دەربڕینی ئەندێشە. بەڵام خواستن بۆ بەهێزی دەربڕین و زیاتر کاریگەری دروستکردن لە دەروونی خوێنەر – گوێگر بە کاردەهێندرێت. (نوزت أحمد عثمان: ١٩٩١: ٩٦).

**بۆنموونە: کوردستان لە خۆشیدا وەک بەهەشت وایە. (لێکچواندنە).**

**کوردستان بەهەشتە. ( میتافۆرە).**

لەبەرئەوەی، پەیوەنـدی نێـوان وشـە و واتـاکەی لەخـۆوەیە، مـرۆڤ دەتوانێـت، واتـا لە بـوارێکەوە بـۆ بـوارێکی دی بگـوازێتەوە، مێتـافۆر لە ڕستەدا، بریتییە لەو دۆخەی، کە وشەیەک لە بنچینەدا، بۆ واتایەکی زمانیی ناسراو دانراوە، بەڵگەکان ئەوە نیشان دەدەن، کە تایبەتە بەو واتـایە، دواتر شـاعیر یـاخود کەسێکی تر دێت ودەیگوازێتەوە بۆ بوارێکی ترو بەکاری دەهێنێـت، ئەمەش بـۆ دوو بەش یـان جـۆر دابەش دەبێـت: یەکەمیـان ئەو جـۆرەیە، کە سـودێکی واتـایی زۆر نـادات، دووەم: لە ڕووی واتـاوە بە سوودە. ( عزالدین اسماعیل:٢٠٠٠: ٣٩). بۆنموونە: دەنگەکان، بە پێی جۆری گیـانلەبەران، نـاوی جیاوازیـان بـۆ بە کاردێت، وەک: (فیشـکاندن، نەڕانـدن، جریواندن، گاڕاندن )،...هتد.

( نەڕانـدن)، بـۆ ( شـێر)، بە کاردێت، بەڵام هەنـدێکجار، بە مەبەسـت بـۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە:

شێرەکە نەڕاندی. (واتای بنجی)

↓

پیاوەکە نەڕاندی. ( مێتافۆر)

ئەم جۆرە گواستنەوەیە، سوود بە فەرهەنگ ناگەیەنێت و نـاتوانین دوو فیلـدی واتـایی، بـۆ (نەڕانـدن) و (هـاوارکردنی مـرۆڤ) دابنێـین، بەڵام بەکارهێنـانی (نەڕانـدن)، لە ڕسـتەی دووەمـدا، سـوودێکی واتـایی هەیە و لە ڕووی سووکییەوە بە یەکێک دەوترێت، کە هاواربکات و دەنگێکی ناخۆشـی هەبێت. لێرەدا، قسەکەر کۆتی هەڵبژاردنی بەزاندووە، لەبەرئەوەی (نەڕاندن) خۆی (شێر)، نەک (مرۆڤ)، وەک بکەر هەڵدەبژێرێت.

جـۆرە گواسـتنەوەیەکی دەنگـی لە کێڵگەی واتـایی ئـاژەڵ، سروشـت، بـۆ مرۆڤ بەدی دەکرێت:

(دەوەڕێ، دەلـوورێنێ، دەگرمێنێـت، دەزەڕێـت، دەجریوێنێـت، فلـتە فلـت دەکات...).

ئەم جۆرە کۆت بەزاندن و گواستنەوە واتاییە، لە کردارەکانیشدا هەیە، ئەو کردارەی کە دەخوازرێ، جۆرێک لە هاوبەشی واتایی بۆ پەیدادەکرێ و بۆ بوارێکی تر بەکاردەهێنرێت:

**بۆنموونە: (کاوێژکردن)**

**واتای فەرهەنگی | (کاوێژکردن): دووبارە جوینەوە(تایبەتە بە ئاژەڵ)**

↓

**میتافۆر | (کاوێژکردن): دووبارە وتنەوەی شت و زانیاری کۆن.(مرۆڤ).**

وشەی (پیاو)، لەبنچینەدا، بە واتای ڕەگەزی نێری پێگەیشتوو هاتووە، کە ئەمەش واتایەکی بەرجەستەی هەستپێکراوە، بۆ تاک بەکاردەهێندرێت، دواتر ئەم وشەیە، چەند واتایەکی تری وەک: هێزو دەسەڵات و گەورەیی و نێرایەتی و بوێری و چاکە ودەست پاکی وەرگرتووە.

وشەی (سەرپەرشت)، لە بنچینەدا، بۆ دایک و باوک و بەخێوکەر بەکارهاتووە، دواتر بۆ سەرپەرشتی لێکۆڵینەوەی زانستی و سەرپەرشتی کۆمەڵایەتی گوێزراوەتەوە.

جۆری دووەم: گواستنەوەی واتایە، لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی تر، لە ڕووی واتاوە، بەسوودە، وەک: **لمۆزی سەیارە ، ناوجەرگی شارەکە، دڵی کوردستان، لووتی چیاکە، زمانی پێڵاو....هتد، دەکرێ لەم جۆرە گواستنەوەیەدا، قسەکەر واتای بەشێک بڵێ و مەبەستی هەموو بێت**، وەک **(شکانی مل)، { مەبەست لە مردنی ئەوکەسەیە }.**

لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەماندا، بۆمان دەردەکەوێت، ئەو ڕێگایانەی زمان بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی پەنایان بۆدەبات، وەک: دارشتن و لێکدان و فراوانکردن و تەسککردنەوەی واتا و گواستنەوەی واتا..هتد، کردەی مرۆڤ خۆیەتی لە ئەنجامی گەشەکردنی ژیان و بیری مرۆڤەوە، سەرچاوەی گرتووە. زمان، کە دەربڕی بیرە لەگەڵ بیردا، پەرەدەسەنێت و پێشدەکەوێت.

ساپیر دەڵێت: ((ئێمە هەموو کاتێک بیر دەکەینەوە، بەهۆی ئەو وشانەی کە لە هزرماندا، ئامادەی دەکەین))، (حاتم صالح: ١٩٨٩: ١٤).

زمان بۆ ئەوەی بەردەوام بێت و پارێزگاری لە خۆی بکات، چەند کۆتێک لەسەر بەکارهێنەرەکانی دادەنێت، کە پێویستە ئاخێوەر پەیڕەویان بکات، مەبەستی قسەکەر، لە سیاقی ئاخاوتندا دەردەکەوێت، بەڵام هەندێکجار، لەچوارچێوە و دەوروبەری ئاخاوتندا، کۆتێک یان زیاتر دەبەزێنرێت، قسەکەر لە چوارچێوەی یاسا باوەکانی زمان بەمەبەستی داهێنان دەردەچێت، واتابنەڕەتییەکان، لەبواری ترو بۆ مەبەستی تر بەکاردەهێنێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی میتافۆر لە زماندا.

**٩\١٢) پارادایم و بەشەکانی ئاخاوتن Paradigm**

پارادایم، بریتییە: لە کۆمەڵێک فۆرمی پەیوەندیدار، کە هەمان ڕەگیان هەیە، بەڵام گیرەکی جیاواز وەردەگرن. (ڕەگ) لە هەموو شێوە جۆر بەجۆرەکانی لێکسیمێکدا دەردەکەوێت، جیاوازی نێوانیان بە هۆی ئەو گیرەکانەوەیە کە پێوەیانەوە دەلکێت (Stagaberg:١٩٧٩:٣) **بۆنموونە: (خستن، راخستن، داخستن، لێخستن، پێخستن، خستنەوە...هتد).** دروستبوونی وشەی نوێ، بەم ڕێگایە، هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندبوونی زمان و بەخشینی واتای نوێ و میتافۆر لە زماندا، لەبەرئەوەی لە زنجیرەی بەرهەمهێناندا، هەندێک وشە لە چوارچێوەی وەرگرتنی گیرەکدا، تاڕادەیەک واتاکانیان، لە ڕەگە بنچینەیەکەوە دووردەکەوێتەوە. ڕەگەکە مانای کرۆکیی وشەکەی هەڵگرتووە، لە لایەن گیرەکەکانەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان وەسفکراوە و واتاکە ڕوون کراوەتەوە.

پارادایم، بۆ چەند جۆرێک دابەش دەبێت، وەک:

**١٢\٩-١) پارادایمی ناوی:**

((چەند گیرەکێکی ڕێزمانی هەیە کە بە تایبەتی لەگەڵ ناودا لە کوردیدا دێن))، (کوسەر عەزیز:١٠٨:١٩٩٠)، گیرەکی ناسراوی (ەکە، ێک)، خۆیەتی، گیرەکی کۆ...هتد.

ئەو مۆرفیمە ڕێزمانیانەی کە لە گەڵ ناودا دێن، ئەلۆمۆرفی تریشیان هەیە، بۆنموونە (ان)، کە مۆرفیمی سەرەکی کۆکردنەوەیە، چەند ئەلۆمۆرفێکی تری هەیە، وەک: ـ (یان)، برا+ ی+ ان ← برایان،

(گەل)، لەگەڵ هەندێ ناودا بەکاردێت: مێ+ گەل ⟵ مێگەل
(ات)،لەگەڵ هەندێ ناودا دێت وواتای کۆ دەگەیەێت:

**باخ + (ات) ⟵ باخات**

مۆرفیمی (ەکە)ی ناسراویش، چەند ئەلۆمۆرفێکی هەیە (ەکە، کە، یەکە، ۆکە) (کوڕەکە، چەقۆکە، چرایەکە، خانۆکە).

گرووپێک ناو هەیە، هەرچەندە گشتین، بەڵام ئامرازی کۆ وەردەگرن، وەک: هۆز، کۆمەڵە، نەتەوە، گەل، ..هتد

هۆز + (ەکە) + (ان) ⟵ هۆزەکان

گەل + (ان) ⟵ گەلان

دەکرێ، بەهۆی مۆدیفایەرێکەوە(( Modifier)) ژمارەی ناو دیاری بکرێت، وەک زۆر، هەندێک... یاخود بەهۆی جێناوێکەوە کە بۆ ناوەکە دەگەڕێتەوە: (ئەوان، یان، ن).

| جۆر | ڕەگ | تاکی ناسراو | کۆی ناسراو |
|---|---|---|---|
| پاشگری وشە گۆڕ | ژن | ژنەکە | ژنەکان |
| | کچ | **کچەکە** | **کچەکان** |

**٢-٩\١٢) پارادایمی جێناو:**

پارادایمی جێناو، جیاوازی هەیە لەگەڵ ناودا، لەوەدا کە بەیەکەوە هاتنی هەمان ڕەگ نین لەگەڵ گیرەکی جیاوازدا، بەڵکو پۆلێکی داخراوە لە وشەی دیاریکراو(Stagaberg: ١٢٩: ١٩٧٩).

ژمارەی جێناوەکانی زمانی کوردی، دیاریکراوە و بە کەمی دوچاری گۆڕان دەبێتەوە، بۆ نموونە، دوو دەستە جێناوی لکاو و یەک دەستە جێناوی سەربەخۆمان هەیە.

**٩\١٢ -٣) پارادایمی بەراوورد**

| **جۆر** | **ڕەگ** | **پلەی بەراورد** | **پلەیباڵا** |
|---|---|---|---|
| **پاشگری وشەگۆڕ** | **جوان** | **جوانتر** | **جوانترین** |

- پارادایمی ڕێزمانی ئەو گیرەکانە دەگرێتەوە، کە لە ڕووی ڕێزمانییەوە دەچنە سەر هەمان ڕەگ و ئەرکی ڕێزمانی دەبینن، بۆ نموونە: ڕەگی (گرتن)، ئەم گیرەکە ڕێزمانییانە وەردەگرێت:

**گرت ـ دەمگرت ـ گرتبووم ـ گرتبام ـ دەگرم...هتد.**

بەڵام، لە پارادایمی دارشتندا، چەند گیرەکێکی دارشتن، دەچنە سەر هەمان ڕەگ و ئەرکی دروستکردنی وشەی نوێ دەبینن لەم پارەی لێکۆڵینەوەکەماندا، تێڕوانینمان، لە سەر ئەو گیرەکانە چڕدەکەینەوە، کە دەچنە سەر هەمان ڕەگ و وشەی دیکەی لێ دروستدەکەن، لەبەرئەوەی ئەم پرۆسەیە وەک لە دایکبوون و وەچەنانەوە وایە، کە هەمان ڕەگەز، چەندین لقی دیکەی لێدەبێتەوە، هۆکارێکی گرینگی گەشەسەندن و فراوانبوونی فەرهەنگی زمانە هەندێ جۆری میتافۆری ناو لەو فۆرمە ڕێزمانیانەدا دەردەکەوێت، کە ئا مرازی پێناسین وخۆیەتی وەردەگرن: باوک ((فۆرمێکی دیالێکتی خوارووە، لە: { **باو + (ـ ک)**} ی پاشگری بچووکردنەوە سازبووە، ئەم وشانەشی لێدروستکراوە : باوک و دایک، زڕباوک، باوکێتی، باوکایەتی)) (فاروق عومەر صدیق: ٢٠١٢: ٢٤٣).

باوک + ەکە + م ⟵ باوکەکەم

دەشێ، بێژەی (باوکەکەم)، بۆ کەسێک یان منداڵێک بە کاربێت، کە باوکی ڕاستەقینە نییە، وەک:

ــ باوکەکەم ئەم کارە بە تۆ ناکرێت.

**سنگ + (ەکە) + (م) ـــــ سنگەکەم داکوتاوە**

(**سنگ**)، لە بنچینەدا، ئەندامێکی گیانلەبەرە، دواتر بە هۆی هێزێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، ئەم واتا میتافۆرییەی وەرگرتووە.

دمکە مەبەست لە بزمارێکی ئەستووری گەورەیە، بۆ بەستنەوەی ئاژەڵ بەکاردێت.

**٩\١٢ ـ٤) پارادایمی داڕشتن و لێکدان:**

دەتوانین، لە زمانی کوردیدا، سەرنجی ئەوە بدەین، کە ڕەگی وشە بە پێی ڕێبازی دارشتن، دەتوانێت چەندین وشەی دیکە، بە واتاو چەمکی تازە دروستبکات، کە هەندێکیان لە بەکارهێناندا، مێتافۆر دەگەیەنن بۆنموونە: ئەگەر بڕوانینە ئەم وشانەی خوارەوە، ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت:

**شکان:**

**شکاندن ـ** **(شکان)** **ـ شکانەوە**

**شکاندنەوە ـ** **ـ شکانەوە**

**شکانەوە: ١ ـ شکانەوەی لک و پۆپی دار، (واتای ڕاستەقینە )**

**٢ـ شکانەوەی مرۆڤ، ( مێتافۆر) { منداڵەکەیان شکاندۆتەوە }**

شێوە فۆرمی( **بەخۆدا شکانەوە**)، بەم جۆرە دروستبووە، ( **بە + خۆ +دا + شکان + ەوە**).

**- چوون:**

**ـ لێچوونەوە**

**هەڵچوون ـ** **ـ نەچوون**

**پێچوون ـ** **ـ تێداچوون**

**پێوەچوون ـ** **(چوون)** **ـ تێچوون**

**داچوون ـ** **ـ بۆچوون**

**داچوون ـ**

**چوونەوە ـ** **ـ پێداچوونەوە** **ـ لێچوو**

- **چوونەوە: ١ ـ دووبارە ڕۆیشتن بۆ شوێنێک**

**٢ ـ کاڵبوونەوەی ڕەنگ**

لە فۆرمی (**چوون**)، چەندین وشەی دیکە بە واتای نوێ دروستبووە، کە ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندبوونی زماندا هەیە.

**گرتن:**

هەڵگرتن

تێگرتن ـ ـ دانبەخۆداگرتن

گرتنەوە ـ **گرتن** ـ هەڵگرتنەوە

ـ پێگرتن

داگرتن ـ داگرتنەوە ـ سەرگرتن ـ بەرگرتن

- گرتن + (ەوە) ـــــ گرتنەوە

**گرتنەوە: ١ ـ گرتنەوەی شتێک لە بەرزاییەوە**

**٢ ـ گرتنەوەی کتێب.**

**٣ ـ نەخۆشی گرتنەوە.**

- **هەڵگرتنەوە: ١ ـ هەڵگرتنەوەی شتێک لەسەر زەوی.**

**٢ ـ منداڵ هەڵگرتنەوە.**

- **پێگرتن: ١ ـ پێوانی جل و بەرگ بە کەسێک.**

**٢ ـ بیانووگرتن بە کەسی.**

**٣ ـ بە پێ ڕۆیشتنی منداڵ.**

**٩\٢ ـ ٤ـ ١) ناو:**

بەشێکی زۆری ناو لە زمانی کوردیدا، جگە لە واتای بنجی خۆیان بەسادەیی یان بە داڕێژراوی یان لێکدراوی، واتای خوازراویش دەگەیەنن:

ئێمە سەرەتا، فۆرمی ناوەکە بە سادەیی نیشان دەدەین، لەگەڵ دۆخی واتای میتافۆریی، دواتر ئەوە دەردەخەین، کە چۆن ئەم ناوانە لە گەڵ پاشگر یان وشەی تردا یەکدەگرن بۆ دروستکردنی فۆرم و واتای تازە:

- سماق: ناوە جۆرە خواردنێکە، بۆ گەیاندنی (تووڕەیی)ش بەکاردێت.
- سرکە:ناوە، خواردنە

ـ سرکە فرۆشتن: کەسێ هەموو کات، گرژو مۆن بێ، ڕووی لەگەڵ خەڵکیدا خۆش نەبێت. (واتا میتافۆرییەکە).

لێکدانی هەردوو ناوەکە، بۆ دەربڕینی مەبەستی توڕەیی بەکاردێت.

سرکە+ و + سماق ⟵ سرکە و سماق

لە دروستبوونی ئەم میتافۆرەدا، جۆرێک لە هۆشمەندی مرۆڤی کورد دەردەکەوێت، درکی بەوە کردووە، کە خواردنی ترش و تیژ، کاریگەری لەسەر میزاج و ڕەفتاری مرۆڤدا هەیە، بە پێچەوانەوە، خواردنی شیرینی جۆرە لە سەرخۆیی و نەرم و نیانیەک بە مرۆڤ دەبەخشێت، کە ئەمەش لە ئاخاوتنەکانیدا، ڕەنگی داوەتەوە:

**_ ئازاد شەکرە ( زۆر شیرینە لە لام). (خۆشەویستە).**

**شەکر ـ شەکراو ـ شەکرۆکە ـ شەکرە...هتد.**

هەریەک لە وشەکانی (سماق، سرکە، شەکر)، سەرەتا وشەی سادە بوون، دواتر ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییان لەسەر کراوە و ئەم واتایانەیان وەرگرتووە، (سرکە و سماق)، واتای مرۆڤێکی تووڕە دەگەیەنێت، ئەم واتا میتافۆرییانە، لە ئەزموونی تامکردنەوە سەرچاوەیان وەرگرتووە.

- سندوق: ئامێرێکە بۆ شت هەڵگرتن

ـ سندوقی سەر: بەڵا گێڕ ( میتافۆر)

سەر: ئەندامێکی لەش

سەر: تاکێک مرۆڤ، ئاژەڵ، یان گیاندار

ـ سەر ئەستوور بوون: تووڕەبوون، قەڵسبوون، جاڕزبوون

- ((سایە:داڵدە و پەنادانی یەکێک)) (عەبدولوەهاب شێخانی:٢٠٠٩: ١٨٨)

**ـ سایە وشک: مرۆڤی ڕژدی چرووک**

- **سبەی: ڕۆژی دوای ئەمڕۆ**

**سبەی: دوارۆژ(ئەمڕۆ تێکۆشە و سبەی بەرهەمەکەی بخۆ).**

هەریەک لە وشەکانی (**سندوقی سەر، سەر ئەستوور بوون، سایە وشک، سبەی**)، بە پرۆسەی بە وشەبووندا ڕۆیشتوون و بەهۆی هێزێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی ئەم وتانەیان لە زمانی کوردیدا وەرگرتووە، دواجار ئەم واتا میتافۆرییانە کەوتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە و دەوڵەمەندییان کردووە، هەروەها، ئەگەر بڕوانینە ئەم وشانەی خوارەوە، بەهەمان پرۆسەدا، تێپەڕبوون:

- سمێڵ ـ سمێڵی پیاو (فەرهەنگی)

↓

سمێڵ تاشین ـ (ریسوایی و شوورەیی بە سەر هێنان)

↓

سمێڵ چەورکردن ـ (بەرتیلدان)

↓

سمێڵە خیچکە (سمێڵ بادان) ـ (کەیف خۆشی)

هەریەک لە مێتافۆرەکانی{ سمێل تاشین، سمێڵ چەورکردن، سمێڵە خیچکە}، واتاکانیان لە کلتووریی کوردەواریدا، وەرگرتووە، لەڕۆژگارێکدا، سمێڵ نیشانەی پیاوەتی و ڕێزی پیاو بووە، تاشینی شوورەیی بووە، بۆیە زۆر جار وەک سزادان، سمێڵی کەسێکیان تاشیوە، بەڵام ئێستا سمێڵ تاشین دیاردەیەکی باوە و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەندە.

کەواتە:بواری سەرچاوە لە (سمێڵ تاشین)دا، بریتییە لە تاشین و لابردنی سمێڵی پیاوان، بەهۆی موس یان هەر ئامێرێکی دیکەی ڕیشتاشینەوە، بواری ئامانجیش، بریتییە لە ئابڕووبردن و ڕیسواکردنی کەسێک، کە کارێکی نەشیاوی کردووە، بۆیە زۆرجار لە کۆمەڵگای کوردەواریدا دەگوترێت: (سمێڵت بە تاشین چێت!).

(سمێل چەورکردن)، سەرەتا بەرانبەر بە بەرتیلی خواردن، بەکارهاتووە، دواتر واتاکەی فراوانبووە، بۆ هەموو جۆرەکانی بەرتیل بەکاردێت.

لە مێتافۆری(سمێڵ چەورکردن)دا، سود لە دیاردەی خواردن و دەعوەتکردن، وەک بواری سەرچاوە وەرگیراوە، بواری ئامانجیش بریتییە، لە جێبەجێکردنی کارێک، یان کردەوەیەک بەهۆی واستە و مەرایی و مامەحەمەییەوە.

لە مێتافۆری (سمێڵە خیچکە)دا، سود لە بواری سەرچاوە، خەندە و پێکەنین وەرگیراوە، بواری ئامانجیش بریتییە لە: کاتێک یەکێک لە ژێرەوە کارێکی کردووە، بەڵام حاشای لێدەکات و لە ڕووی زمانی جەستەییشەوە پێوەی


دیـاره، کـه حاشـای لێدەکات، بۆیـه کەسـانی دەوروبـەری بـه خوێندنـەوەی بارودۆخی دەموچاوی دەڵێن: (سمێڵە خیچکەی دەهاتێ).

- (مەنجەڵ، سەرقاپ)

ــ { مەنـجەڵ و سـەرقاپ }: دوو کەس هاوتـای یەکـدی بـن لە هەمـوو ڕوویەکەوە.

بۆ دروسـتبوونی مێتـافۆرەکە، سیمای گونجـان دراوەتە بەر ڕۆشـنایی، واتە:چۆن مەنجەڵ وسـەرقاپ بەیەکەوە دەگونجێن، ئاواش ئەم دوو کەسـە بەیەکەوە دەگونجێن.

- (پشـت)، وەک بەشـێکی جەسـتە، بە چەنـد واتـایەکی جیـاوازیش دێت:




(پشت)، لە بنچینەدا، ئەندامێکی لەشی مرۆڤە، بە پرۆسـەی بە وشـەبووندا تێپەڕبووە، دواتر وەک ئاوەڵکاری شوێنیش، لە زمانی کوردیدا ڕۆڵی بینیوە.

ـ لە پـارادایمی نـاودا، بە تێکەڵـی چەنـد فۆرمێکی داڕێـژراو و لێکداراوی هەمـان وشـە نیشـان دەدەین، بۆ زیـاتر سـەرنجدانمان لە بـارەی چـالاکی و وشەکانی زمـان و ئەو دۆخەی کە تـا چ رادەیەک تـاکە وشـەیەک دەتوانێت، بە بەرهەم بێت و فۆرمی تازە بخاتە ناو زمانەوە:

**۹\۲ ـ٤ ـ١ ـ١) ناوی داڕێژراو:**

نـاوی داڕێـژراو لە زمـانی کوردیـدا، کە بەیـارمەتی پاشـگر و پێشـگر دروسـتدەبێت، بەهۆکارێک بۆ هاتنەکایەوەی وشـەی تـازە و دروسـتبوونی مێتافۆر دادەندرێت، لێرەدا، بۆ ئەم مەبەستە چەند وشـەیەک دەخەینە ڕوو: ((لە دیـالێکتی خـوارووادا، وشـەی (ژن)، بە دوو واتـا بەکاردەهێنـدرێت، کە دەشێ بەم شێوەیە نیشانی بدەین)) (فاروق عومەر صدیق:٢٠١٢:١٥٠).

- ژن

ژن

یەکەم ڕەگەزی مێینەی کۆمەڵ

یەکەم ڕەگەزی مێینەی خێزان (هاوسەر)

ژن : ڕەگەزێکی مێینەی هەراش (پێگەیشتوو).

: کچێک کە شووی کردبێ.

ژنانە

ژنانی ـ

ژنیژگە ـ

**ژن**

ـ ژنۆکە

ـ ژنیلە

ژنایەتی

ـ هەریەک لە فۆرمەکانی{ژنانی، ژنیلە، ژنایەتی}، کە لە واتا بنەرەتییەکە، بوونەتەوە

- ژیان:

**ژیوار**

**ژیاندن ـ**

**ژیاندنەوە ـ**

**ژیاندنەوە ـ**

**ژینگە ـ**

**ژیان**

**ـ ژیانەوە**

**ـ ژیار**

**ـ ژیاری**

**ـ ژینگەیی**

ژینگە: ناوی شوێنە، ژینگەیی: ناوی واتاییە.

- **ئاو:**

**ئاویلکە**

**ئاودار ـ**

**ئاورینگ ـ**


**ئاو**

**ـ ئاویی**

**ـ ئاویلکە**

ـ ئاویلکە: بۆ شتێک بەکاردێت، کە ڕەنگی ئاویی هەبێت.

- بن:




بنە: ( مـاڵی ئەسڵی ئەو کەسانەی لە ماڵێک زیاتریان هەیە، کەلوپەلی ژیانی تایبەتی ئەوانەی بە کاروان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێک یان شارە و شاربە دوای کڕین و فرۆشتن دەرۆن) (عبد الرحمن محمد ڕمین زەبیحی، ١٩٧٩، ١٠٥ )، وەک میتافۆریش، بەرانبەر بە شوێنی سەرەکی کەسێک دێت.

- بەستن: بەستنەوە، بەستەر، بەستۆک، بەستراو، بەستەک، بەستەنی، تێبەستن، پێبەستن، لێ بەستن، پێکەوەبەستن، لێکبەستن، هەڵبەستن، بەستۆرە، بەستوو، بەستە، بەستەڵەک، بەستێن.

بەستۆک: شوێنێکی سارد.

دابەستە:١ـ بەخێوکردنی گیاندار

٢ ـ بەخێوکردنیمرۆڤیک بەبێ ئەوەی هیچ کارێک بکات.(میتافۆر)

وشەکانی ( بەستۆک، بەستۆرە، بەستەڵەک، بەستێن)، واتای شوێن دەبەخشن.

ژمارەیەک پاشگر و پێشگر دەچنە سەر ناوی سادەو ناوی داڕێژراو دروست دەکەن، بۆ نموونە:

لووت + (– کە) ⟵ لووتکە

لووتکە، کە ناوێکی داڕێژراوە، بە چەند واتایەک دێت:

لووتکە:

↓

لووتکەی چیا


↓

لووتکەی زانست

↓

لووتکەی گەنجی: هەڕەتی گەنجی

پاشگرە وشە داڕێژەکان، لە ڕوویە بەرهەمی و چالاکییەوە جیاوازن، بۆنموونە: ئەگەر بەراوردێک لە نێوان پاشگری (گە) لەگەڵ پاشگری (گەر)، لە زمانی کوردیدا بکەین:




ـ خوێندنگە، لەوەڕگا، پەڕاوگە، دایەنگە، دەزگا، سەیرانگا، پێگە، جێگە، پاڵاوگە، خەوگە، نووسینگە، بەفرگە، مەلەوانگە، شوشتنگە، تۆمارگە، کوشتنگە، ڕێگە، نشینگە، ((ئاوڕێژگە))،(عەبدورەحمانی زەبیحی، قاموسی زبانی کوردی، ٨٧).


**٩\١٢ ـ٤ ـ ١ـ٢) ناوی لێکدراو**

زۆر ڕێگا بۆ دروستبوونی ناوی لێکدراو، لە زمانی کوردیدا هەیە، ئەورەحمانی حاجی مارف، پێی وایە: ((لە زمانی کوردیدا، بۆ رۆنانی ناوی لێکدراو پازدە حالەت هەیە)). ( ئەورەحمانی حاجی مارف:٣٦١:٢٠٠٤) ڕێگای لێکدان، یە کێکە لەو ڕێگایانەی، کە لە بواری زاراوەسازیی و دروستبوونی میتافۆردا، چالاکە، بەشێکی زۆری ناوی لێکدراو، لە زمانی کوردیدا، واتای ڕاستەوخۆ و میتافۆریش دەگەیەنن، هەروەها ناوی

لێکدراو دۆخێکە بۆ دروستبوونی ئیدیۆم، کە ئێمە دەیخەینە چوارچێوەی مێتافۆرەوە.

ناوی لێکدراو، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا وەک مێتافۆر بەکاردێت و بەشێکی چالاکە، کە ئەمەش هۆکارێکە بۆدەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمان، کە زمانی کوردی بۆ دەربڕینی هەندێ واتا بەکاری دەهێنێت، وەک: دڵتەنگ، دڵتوند، دڵپیتەو، دڵفراوان، دڵتەڕ، بیرڕووونـاک، بیرتیـژ، بیرتەسک، چـاو برسی، چاوتێر، لوتبەرز، چاولەدەر، زمانلووس، زماندرێژ، بێزمان، بێنمەک، گەردنقاز، ...هتد.


واتای وشەی لێکدراو، هەموو کاتێک لە واتای کەرتەکانیەوە دەست ناکەوێت، بەڵکو هەندێکجار، واتایەکی دی دەدات، بۆنموونە: سەر ڕاست: مرۆڤی داد پەروەر، چاوساغ، دەمشڕ، دەست بڵاو....هتد.بەهۆی ئەم ڕێگایانە، هەروشەیەک دەتوانێت، لەگەڵ چەندین وشەی تردا یەک بگرێت و فۆڕمی تر بکەوێتە ناو زمانەوە، هەروەک پێشتر دیسانەوە وشەی (ژن)، وەردەگرین و ئەوە نیشان دەدەین، کە چۆن بەیەکگرتنی لەگەڵ وشەی دیکەدا، وشەی دیکە بەرهەم دەهێنێت و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمان.




**ژنەپاشا، باوەژن، براژن، ژنپەرست، ژن وژیان، ژن ومن، ژن و ژان..هتد.**

وشـەی ژن، یەکـێکە لە وشـە چالاکەکـانی زمـانی کـوردی، کە بەشـداری دەکـات، لە داڕشـتنی چەنـدین وشـەی نوێـدا، زۆربەیـان بە واتـای بنجـی و میتافۆریش بە کاردێن:

ــ هەنــدێک وشـــەی دیکــە هەیە، کە (ژن ) بەشــدارە لە داڕشــتنیاندا، میتافۆرن:




**ـ ئەسپە ژن، ئاسکە ژن، شێرە ژن، لە سەر بنەمای لێکچوون دروست بووە،** : {ژن، لە جوانی ولێهاتوویی و ئازایەتیدا، بە ئاسک و ئەسپ و شێر، چــوێنراوە} ، (**ژن بە ژن**)، لەســەر بنەمــای ئــاڵوگۆڕ و دووبــارەکردنەوە، دروست بووە: **ژن + بە + ژن ـــــ◄ ژن بە ژن**

ئەگەر بڕوانینە وشەی( چاو)، بەهۆی ڕێبازی لێکدانەوە، چەندین وشـەی دیکــەی لێبــۆتەوە و میتــافۆری دروســتکردووە، کە کــاردەکەنە ســەر دەوڵەمەنکردنــی زمــان، لە بەرهەمهێنــانی میتــافۆردا، یەکـێکە لە وشــە چالاکەکان، ژمارەیەکی زۆر وشەی تازەی لێبۆتەوە لە وشـەی (چاوباز)دا، چاو سیمای بینینی هەیەو باز، بەمانای چەشنە باڵندەیەک، وێنەیەکی تـازە پێشکەش دەکات و واتایەکی سەربەخۆ لە فەرهەنگی کوردیدا دەنوێنێ.

چوار + چاو ــ چوار چاو (کەسێک، کە چاویلکە لە چاو بکات

ــ چـاو: چـاوپیس، چاوپـان، چـاوقوول، چـاولەدەر، چـاو چـاوانێ، چـاو دەرپەڕیـو ، چوارچـاو، چاونووسـاندن، چـاو ڕەش، چاوکـاڵ، چاوبرسـی، چـاوتێر، چاوسـووربوونەوە، چاوئێشـە، نێوچـاوان، چـاوکەژاڵ، چاوخومـار، چـاوبەڵەک، چـاومۆن، چاوئەستێرە، چـاوگەلاوێژ، چاوتروکـاو، چاوبەسـام، چاوگۆشــتن، چـــاونەرم، چـــاوچنۆک، چاوەچـــاو، چاوئاســـک، چاوخێـــڵ، چـاوگەش، چـاومەڕ، چـاوحیز، چاومەسـت، چاوژێرپیـاڵە، چاوچـاڵەهەرزن، چاومۆلەق، چاوبەفرمێسک، چاوهەڵۆ ، چاوبەست، چاومەست، ترسێن...هتد

هەریەک لە وشـەکان، هەرچەنده سـێبەری واتـای پێشـوویان هێشـتا تێدایە، واتایەکی نوێ بە فەرهەنگ دەبەخشـن، بۆنمـوونە، وشـەی (چاوبرسـی)، بەم جۆرە دروست بووە: چاو + برسی.

لەم دێرە شیعرەی خوارەوەدا، وشەی چاو وەک میتـافۆر، بەرانبەر بە مرۆڤ بەکارهاتووە:

((چاوەکەم ئەمرۆ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خۆی نواند
نەک نمەک گیربم بەمەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند))
چاو: ئەندامێکی بینین
چاو: یار

بەشە ئاخاوتنی ناو، چالاکە لە گەیاندنی واتای نا ڕاستەوخۆ و دەربڕینە میتافۆرییەکانـدا، زۆربەی ناوەکـان لە ڕسـتەو بەکارهێنانـدا، وەک میتـافۆر دەردەکەون و ئـاخێوەر بـۆ دەوڵەمەنکردنـی ئاسـتی واتـاو فەرهەنگـی زمـان بەکاریاندەهێنێت، بۆ نموونە، ئەگەر بڕوانینە وشەی (خـۆر)، لەم دەربـڕینەدا (خـۆر تووشـی ونبـوونی کـردم)، ناشـێ، وشـەی (خـۆر) بەواتـای دروسـتی خـۆی بەکارهاتبێت، کـرداری (ونبـوون)، ڕێگـرە لەبەردەم واتـا بنجییەکە و وەک نیشانەیەک وایە، کە ئاماژە بە واتای میتافۆر دەکات.

هەروەها، ناو، لەم دەربڕینانەشدا، بەواتای بنجی خۆی نەهاتووە:

- سازان پارچەیەک سەهۆڵە.
- کاروان شەکرە.
- ئازاد بەرازە.
- مانگ بەسەر زەویدا دەڕوات.

بەهێنانەوەی چەند نموونەیەک، ئەو دۆخەمان نیشاندا، کە کە ناو بەشە ئاخـاوتنێکی چـالاکە لە دروسـتکردنی وشـەی نـوێ و دەربـڕینە میتافۆرییەکانـدا، کە ئەمەش هۆکـارێکە بـۆ بەرهەمهێنـانی وشـە و واتـای فەرهەنگیی، لە پارادیمی وشەکاندا، کرداریش ڕۆڵێکی گرینگی هەیە، بەهۆی کردەی دارشتن و لێکدانەوە، چەندین وشەی نوێ دەکەوێتە ناو زمانەوە.

**٩\١٢ـ٥) کار:**

**٩\١٢ ــ ٥ـ١) کاری داڕێژراو**: لە مۆرفیمێکی سادە و پێشگر یان پاشگرێک پێکدێت، هەمان وشە، چەندین وشەی تری لێدەبێتەوە، بۆنموونە: خستن: خستنەوە ـ داخستن ـ لێخستن ـ تێخستن ـ پێخستن ـ پێوەخستن ـ تێوەخستن ـ هەڵخستن ـ سەرخستن ـ ژێرخستن ــ ڕاخستن...هتد لەڕەگی (خستن)، کە (خە) یە، لەگەڵ پێشگری (ڕا)، وشەی (ڕایەخ) دروستبووە، کە بەواتای جێگا دێت.

بڕین: بڕینەوە، دابڕین، هەڵبڕین، پێبڕین، لێبڕین.

کاری (بڕین)، بە واتای ڕاستەوخۆ و واتای خوازراویش، بەکاردێت: بۆ نموونە، ئێمە دوو کاری جیاواز بەکاردەهێنین، لەم دوو ڕستەیەدا: (قوماشەکەی بڕی)، (ڕێگاکەی بڕی).

بڕینەوە: ئەوان دارەکەیان بڕییەوە. < + شتێکی بەرجەستە بۆ بڕینەوە، + ئامێری بڕینەوە، + هەبوونی دەنگ، + وردبوون و پارچەبوون >.

بەڵام، کە دەڵێین: ئەوان کێشەکەیان بڕییەوە. ڕووداوی مەعنەوی، دەچێتە جێگای ڕووداوی فیزیکی و کارەکە سیمای هەڵبژاردنی بەرکاری بەزاندووە.

**٩\١٢ـ٥ـ٢) کاری لێکدراو:**

لە کرداری لێکدراودا، زۆربەی کارەکان، بە واتای بنجی و واتای خوازراویش بە کاردێن:

((لە ئاستی واتای خوازراودا، ڕووداوی فیزیاوی نامێنێت و هەڵس و کەوتی کارەکە هەر بە واتا ڕوودەدات))، (شێرکۆبابان: ٢٠٠١:٧٩ ).

بۆنموونە، ئەگەر سەیری ئەم کارانەی خوارەوە بکەین:

پێش + کەوتن ⟵ پێشکەوتن.


چەند سیمایەکی واتایی هەیە: < + بردنەوە لە ڕۆیشتندا، +بڕینی ڕێگا، + خێرایی، + گوێزانەوە، +پێشبڕکێ > کاروانەکە بەخێرایی پێشکەوت.

- لە هەندێ ڕستەدا، ئەم چاوگە، سیمای ماوە و مەسافە بزر دەکات، بە واتای مەعنەوی بەکاردێت: **(پێشکەوتنی زەمەنی):** (شیلان لە نوسینی نامەکەیدا، پێش سازگار کەوت).

- **( پێشبڕکێ و بووژانەوە):**

(ئەم وڵاتە لە هەموو بوارێکدا پێشکەوتووە).

کاری (پێشکەوتن)، بە هەردوو واتای بنجی و خوازراو، چەند سیمایەکی تێدا کۆبۆتەوە:




پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە بەشە ئاخاوتنی کار، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە، لە دروستبوونی میتافۆردا هەرچاوگێک سەرەڕای ئەوەی، کە لە دابەشبووندا، بە پێی پارادایمی وشەکان، بەیاریدەی پێشگرو پاشگرە وشەدارێژەکان یان بەهۆی لێکدانی لەگەڵ وشەی تردا، ژمارەیەک وشەی نوێ دەخاتە ناو فەرهەنگی زمانەوە و لە ئەنجامدا، هەندێ وشە لە واتا بنجییەکانیان دوور دەکەونەوە و مەدلوولی دی بە دەستەوە دەدەن، زۆربەی کارەکانی زمانی کوردی، لە ئاخاوتندا و لە بواری بەکارهێناندا، میتافۆر دەگەیەنن، بۆ نموونە، ئەگەر بڕوانینە ئەم دەربڕینەی خوارەوە:

- **{ کەشتییەکە دەریاکەی کێڵا}**

کرداری (کێڵان) بە واتای بنجی خۆی بەکارنەهاتووە، واتای ڕستەکە، لەوەدا کۆدەبێتەوە، کە کەشتییەکە لە ناو دەریادا دەستی بە جووڵە کردووە، کرداری کێڵان بوونی نییە و هیچ شتێک جگە لە کەشتییەکە لەبەرچاوماندا نییە، کە وردە وردە، تەنانەت کەشتیەکەش لە ناو کردارەکەیدا ون دەبێت و میتافۆر دەبێتە ئاماژەیەک بۆ جووڵانەکەی و بیرمان بۆ هیچ شتێکی تر، ناچێت (جابر عێفور: ١٩٩٧:٢٤٧).

**٩\١٢ ـ ٦) ئاوەڵناو:**

زۆربەی ئاوەڵناوەکان، لە زمانی کوردیدا، لە سیاق و دەوروبەری جیاوازدا، لە واتایەک زیاتر دەگەیەنن، لێرەدا، مەبەستمانە، سەرنج بۆ ئەوە

رابکێشین کە چۆن، بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناو، لە دەربڕینە میتافۆرییەکاندا، کار لە ئاستی واتا دەکات و دەوڵەمەندی دەکات: بۆنموونە: (قەڵەو) ئاوەڵناوێکی چۆنیەتییە (ژنیکی قەڵەو)، ئەمەش بەکارهێنانە ئاساییەکەی خۆیەتی. بەڵام لە دەستەواژەی (قسەییێکی قەڵەو)دا، (قەڵەو)، میتافۆری واتا بنەڕەتییەکەیە، کە ئێمە مەبەستمانە ڕوونی بکەینەوە، لەبەرئەوەی بەکارهێنانی دووەم دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و وشەی نوێ دروست دەکات. ئەم جۆرە دەربڕینانە، بەرادەیەکی زۆر لە ئاخاوتندا، بەکاردەهێندرێن، پێویستە گرینگییان پێبدەین.

بەبۆچوونی ئێمە، فرەواتاش، میتافۆر دەگەیەنێت، بۆنموونە: وشەی ( کاڵ)، لەژێر کاریگەری دەق و بەکارهێناندا بەچەند واتایەک دێت، بەکارهێنانەکەشی فرەواتایی دەبەخشێ، لە هەمان کاتدا، دەربڕینەکان میتافۆر دەبەخشن:

- کاڵەکەکە کاڵە {نەگەیشتووە}.
- تەماتەکە کاڵە {ڕەنگی سەوزە}.
- چاوی کاڵە {ناتۆخە}.

ـ لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا: (قسەی کاڵ و کرچ دەکات).

ژمارەیەکی زۆر لەبەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناو، لە زماندا، وەک میتافۆر دەردەکەون، لەم ڕووەوە، ئاستی واتا دەوڵەمەنددەکەن، لێردا، چەند نموونەیەک دەخەینە ڕوو.

- وشک:

ئەگەر بڕوانینە ئاوەڵناوی(وشک)، لە هەریەک لەم دەربڕینانەی خوارەوەدا، بەپێی بواری بەکارهێنانەکەی واتایەکی جیاواز دەبەخشێت:


١ ــ نانێکی وشک(واتە: نانەکە برژێنراوە و وشک بۆتەوە و تەڕیش نەکراوە).

٢ــ مرۆڤێکی وشک(واتە: گۆشەگیرە و لەگەڵ خەڵکی تێکەڵاو نییە، یان دەستی کراوە نییە و ڕەزیلە و هاوکاری خەڵکی ناکات).

٣ـ قسەی وشک(واتە: ئاخاوتنەکانی خۆش نین و خێروبەرەکەتیان تێدا نییە و دڵودەروون ناکەنەوە).

٤ـ مێشک وشکە(واتە: شت وەرناگرێت و بەپێی سەردەم ناڕوات).

(**وشک**)/ بە واتای جۆراوجۆر بەکاردێت، کە هەریەکەیان دەچێتە بوارێکەوە، هەمان وشە چەند واتایەک دەگەیەنێت، ئەمەش کاریگەری بۆ دەوڵەمەندکردنی ئاستی واتا، لە زمانی کوردیدا هەیە ، دەتوانین لەم هێڵکارییەدا، ڕوونی بکەینەوە:



- **تەڕ:**

ئاوەڵناوی(تـەڕ)، بـە پێچەوانـەی ئاوەڵنـاوی (وشـک)ەوە، ئـەو دەربڕینـە میتافۆرییانە دروست دەکات، کە تەڕوبڕن و ئاماژەیان بۆ ناوەڕۆکی شت و دیاردە تێدایە و هێشتا وشک نەبوون

١ــ کراسـەکە تەڕە(واتـە: ئـاوی پێوەیـە، بـە ئـاوە)، سـیمای <+ ئـاو>ی هەیە.

٢ــ دڵـی تەڕە(واتــە: دونیاییــە، پیرنابێـت، بــەڵام ئــەم (تــەڕە)، ئــاوی هەڵنەگرتووە)،سیمای< ـ ئاو>ی هەیە.

ئەگـەر تێبینـی ڕەهەنـدی دەروونـی تـاکی کـورد بکـەین، لـە سـەرهەڵدانی میتافۆرەکانی تایبەت بە (وشـک و تـەڕ)، ئـەو بارودۆخـە دەبینین، کـە چۆن بنەچـە واتاییـە، نـەرێنی و ئەرێنییـەکانی هــەردوو وشــەکە، لـە دەربڕینـە میتافۆرییەکانیشـدا، ڕەنگیـان داوەتـەوە، هـەر شـتێک ئاوەڵنـاوی (وشـک)ی بچێتە پاڵ، سیمای سەوزی و تـەڕی و باشـییەکەی لـە دەسـت دەدات، تـەنیا لە هەندێ حاڵەتی وشککردنەوەدا نەبێت، وەک: وشککردنەوەی جلوبـەرگ و خواردەمــەنی و هەنـدێ شـتی دیکـە، کەواتـە: بـاری دەروونـی ئـاخێوەران، کاریگەرییان هەیە، لەسەر سـەرهەڵدان و کـارلێکی بیرۆکـەکان بـۆ دەربڕینـە میتافۆرییەکان.

- قوڕس

قـورس: ((واتـای ڕاسـتەقینەی سـەنگین بەرانـبەری سـووک، بەڵام واتـا خـوازراوەکەی بـۆ کەسـێکی لەسـەرخۆ و بە حـورمەت بە کـاردێ))،( هەژار موکریانی: ١٣٦ه: ٥٦٣).

ئاوەڵنــاوی(قوڕس)، لــە هەریــەک لــەم ســیاقانەی خــوارەوەدا، بــەپێی دەوروبەری بەکارهێنانەکـەی واتـا دەدات، کـە لـە هەموویاندا واتـا بنجییەکـە ڕەنگدانەوەی هەیە، بەڵام ڕوداوی مەعنـەوی جێگـای ڕوداوی بەرجەسـتە و فیزیکی دەگرێتەوە.

١ـ بارێکی قوڕسە (کێشی زۆرە)،(هەڵگرتنی ئاسان نییە).

٢ـ پیاوێکی قوڕسە (بەحوڕمەت و سـەنگینە).

٣ـ پرسیارێکی قوڕسە (بە ئاسانی شیکار ناکرێت).

ئەگەر بڕوانینە، هەریەک لە میتافۆرەکانی (پیاوێکی قوڕس)،(پرسیارێکی قوڕس)، بارودۆخ و ڕەهەندی دەروونی قسەکەر، لە کارلێکی بیرۆکەکاندا، قوڕسی کێش و بە حورمەتی و سەنگینی و بە ئاسانی شیکار نەکردندا ڕەنگدانەوەی هەیە.

ـ لە هەندێک لە دەربڕینە میتافۆرییە ئاوەڵناوییەکاندا، بەهۆی بەخشینی سیمای<+تام>، بە دەربڕینە ئاوەڵناوییەکە، میتافۆر دێتە ناو زمانەوە.

هێما زمانییەکان، کە هەڵگری زانیارین، لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکە دەگوازرێنەوە، زمان زانیاری زۆر لە خۆی دەگرێت، لە گرێیەکی وەک(( ئەم یادە تاڵە))دا، گوێگر- خوێنەر، بۆ گەیشتن بە واتا، پێویستی بە بڕێکی زیاتر لە زانیاری و دەوروبەرێکی گونجاو هەیە، بەهۆی فۆرمی{ تاڵ} ەوە{ یاد} کە خۆی نابەرجەستەو ئەبستراکتە، بەرگێکی بەرجەستەی بە بەرداکردووە، سیمای {+ تام} ی پێبەخشراوە، بەمەش ئاوەڵناوی { تاڵ }، لە باری ئاسایی خۆیەوە پەڕیوەتەوە بۆ بوارێکی تر و وەسفی نابەرجەستە دەکات.

- **تاڵ: { چایێکی تاڵ}**

↓

**{یادێکی تاڵ} ( میتافۆر)**

- دەوڵەمەند

هەروەها، دەوڵەمەند لە بواری واتایی خۆیی، کە هەبوونی سەروەت و سامانێکی زۆرە، بۆ چەند بوارێکی دیکەی ئەبستراکت، بەکاردەهێندرێت، هەریەک لە گرێکانی (دڵێکی دەوڵەمەند) و (عەقلێکی دەوڵەمەند)، لە دەوروبەرێکی تایبەتیدا، لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت:

١ـ پیاوێکی دەوڵەمەند (هەبوونی سامان)

٢ـ عەقڵێکی دەوڵەمەند (ژیریی)

٣ ـ دڵێکی دەوڵەمەند(کەسێکی باش و سەخی)

ـ (دەوڵەمەند) لە دەستەواژەی (پیاوێکی دەوڵەمەند) دا، گرێیەکی ناویی و پێکهاتەیەکی ڕێزمانییە، بەڵام لە هەریەک لە دەستەواژەکانی (عەقلێکی

دەوڵەمەند)، (دڵێکی دەوڵەمەند)دا، واتای مەبەست لەسەرووی ڕیزبوونی کەرەستە و پێکهاتەی وشەکانەوەیە، بەمجۆرە، ئاوەڵناوی دەوڵەمەند بەشداری لە دروستبوونی سێ پێکهاتەدا کردووە، کە یەکێکیان دەربڕینێکی ئاسایی فەرهەنگییە و دوانەکەی تر میتافۆرن، ئەم دەربڕینە میتافۆرییانە پێویستن بۆ دەوڵەمەندکردنی ئاستی فەرهەنگ و واتا.

ـ ڕەهەندی دەروونی قسەکەر و بارودۆخی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریی و ئەزموونی پەیوەست بە دەوڵەمەندی و کۆکردنەوەی پارە و سامان و موڵک، لە هەریەک لە میتافۆرەکانی (عەقڵێکی دەوڵەمەند و دڵێکی دەوڵەمەنددا)، ڕەنگدانەوەیان هەیە. لە چەمکی دەوڵەمەندیدا، هەبوون هەیە، لە چەمکی هەژاریدا، نەبوونی هەیە.

- ڕەق

ـ ئاوەڵناوی ڕەق، بۆ وەسفکردنی بارودۆخی جیاواز بەکاردێت، وەک: بەردێکی ڕەق، دیوارێکی ڕەق، نانێکی ڕەق، دڵێکی ڕەق، کەسێکی ڕەق، قسەییێکی ڕەق، هەندێ لە وەسفەکان لە بوارە واتاییەکەی خۆی دوور کەوتوونەتەوە، بۆ نموونە: چ پێوانەیەک هەیە، بۆ ئەوەی (بەردێکی ڕەق) و (نانێکی ڕەق)، بە هۆی یەک ئاوەڵناوەوە وەسف بکەین، لە گرێکانی (قسەییێکی ڕەق)، (کەسێکی ڕەق)، (دڵێکی ڕەق) دا، خوێنەر پێویستی بە بڕێکی زیاتر لە زانیاری و بارودۆخێکی گونجاو هەیە، تاوەکو واتاکان لێکبداتەوە، واتاکانیان لە ریزبوونی ئاسایی کەرەسەکانەوە لێکدانەوەی بۆ ناکرێت، بەلام ئاخێوەر لە بارودۆخی تایبەتیدابەکاریان دەهێنێت و دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمان.

لە میتافۆردا، بیرۆکەکان کارلێک دەکەن و واتا بەیەکتری دەبەخشن و لە یەکتری وەردەگرن، بە چ پێوانەیەک ڕەقی لە بەرد و ڕەقی لە دڵدا، بەراورد و پەیوەست دەکرێن، بەرد هەندێ لە خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی بە دڵ بەخشیوە و دڵیش هەندێک تایبەتمەندی لە بەرد وەرگرتووە.

١ـ **بەردێکی ڕەق** (توانای شکاندنی شتی هەیە).

٢ـ دڵێکی ڕەق (توانای شکاندنی هەستی بەرانبەری هەی

_ ئاوەڵناوی (نەرم)، کە دژ واتای (ڕەق) ە، بۆ وەسفکردنی چەند بارودۆخێک بەکاردێت، وەک: سەرینێکی نەرم، کەسێکی نەرم، هەڵسوکەوتی نەرم، مامەڵەکردنی نەرم....هتد

لە دەستەواژەی ( هەڵسوکەوتی نەرم) دا، وشەی (نەرم)، لە بواری وەسفکردنی بەرجەستەوە، بۆ بواری نابەرجەستە گوێزراوەتەوە.

- **نەرم: { سەرینێکی نەرم} (واتای فەرهەنگی)**

↓

**{ هەڵسوکەوتێکی نەرم} ( میتافۆر)**

- **( گەرم، سارد):**

داڕێژراو: گەرمی، گەرمایی، گەرماو، گەرمک ــ گەرموک، گەرمێن ــ گەرمیان.

گەرمک، گەرمیان: ناوی شوێن و جێگایە.

سارد، ساردی، ساردایی، ساردک ـ سارتک، ساردەمەنی...هتد.

ئەم دوو ئاوەڵناوە، کە دژ واتای یەکترین، لە زۆر دەوروبەردا، بە واتای پێچەوانە، لەگەڵ یەکدا دێن:

**چاییێکی گەرم { + وزەی گەرمی}**

↓

**سڵاوێکی گەرم { + بایەخ پێدان}**

↓

**چاییێکی سارد { ـ وزەی سارد }**

↓

**سڵاوێکی سارد { ـ بایەخ پێدان }**

↓

**دیدارێکی گەرم{ + بابەت یان گفتو گۆیەکی باش}**

↓

**دیدارێکی سارد { ــ بابەت یان گفتوگۆیەکی باش}**

↓

**دڵێکی گەرم {+ جۆش و خرۆش}**

↓

**دڵێکی سارد { ــ جۆش و خرۆش }**

لە زۆر نموونە و دەستەواژەی دیکەدا دەبینرێت، وەک:

( پیرۆزباییەکی گەرم، بۆنەیەکی گەرم، ئاهەنگێکی گەرم، شاییەکی گەرم، کۆڕێکی گەرم، ئاهەنگێکی گەرم...هتد) (سارد)، بە واتای بنجی، پێچەوانەی (گەرمە)، دژواتایەکی پلەدارە، لە دەور بەردا وەک میتافۆر بە کاردێت: لە هەندێ دەربڕیندا، بە ئیدیۆم دادەندرێت، بەڵام لە پلەیەکی سادەدا.

**ـ ئاوەڵناوی تایبەت بە ڕەنگ:**

ئەو ئاوەڵناوانەی، کە لەزمانی کوردیدا بۆ وەسفکردنی ڕەنگ بەکاردێن، ڕووبەرێکی فراوانی میتافۆر لە زمانی کوردیدا داگیر دەکەن، بە تێپەڕبوونی کات، ئەم دەربڕینە میتافۆرییانە دەکەونە ناو زمانەوە و دەوڵەمەندی دەکەن.

وشەکانی تایبەت بە ڕەنگ، بەشداری لە پێکهاتەی ژمارەیەکی زۆری ئیدیۆمدا دەکەن، لەگەڵ ئەوەدا ئیدیۆم لە چەند ڕوویەکەوە لەگەڵ میتافۆردا، جیاوازی هەیە، وەک ئەوەی بەکارهێنانە ئیدیۆمییەکان قاڵبێکیان وەرگرتووە و بە ئامادەکراوی لە زماندا هەن. بۆ نموونە، ئیدیۆمێکی وەک:( دەستبڵاو)، لە زمانی کوردیدا، قاڵبێکی داڕێژراوە و بە ئامادەکراوی لە فەرهەنگدا هەیە وشەکان لە بنەڕەتدا، بەشێوەیەکی ئاسایی (دەست + بڵاو) ڕیزبوون، دواتر بە قۆناغی بە وشەبووندا تێپەڕیون و بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی وەک میتافۆر بۆ کەسێک بەکاردێت، کە پارە زۆر خەرج بکات.

بەڵام ئەم پێکهاتە ئیدیۆمییانە، لە قۆناغێکی دیکەدا دەکەونە ناو زمانەوە و واتای نا ڕاستەوخۆ دەبەخشن، بۆ واتایەکی دیکە، لە واتا بنجییەکەیان دەگوێزرێنەوە. ئەمانە جگە لەوەی بە ئامادەکراوی لە زماندا هەن، جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ میتافۆردا نییە چەند نموونەیەک لەبارەی ئاوەڵناوی تایبەت بە ڕەنگ دەخەینە ڕوو:

سەوز: لەگەڵ چەند پاشگرێکدا، وشەی داڕێژراو دروست دەکات:

( سەوزە، سەوزایی، سەوزەڵێ، سەوزیی، سەوزەوات).

وشەی (سەوز)، چەند سیمایەکی وەک < + شین بوون، + گەورەبوون، + ئاو، + خۆراک> ی تێدایە، بە واتای میتافۆریش لە زماندا بەکاردێت:

سەوز:

کراسەکە سەوزە | (واتای بنجی)

دەستی سەوزە | (بەخێرو بەرەکەت)، میتافۆر

سیمای (پێگەیشتن و گەورەبوون و خواردن)، کە لە ڕەنگی (سەوز) دا هەیە، دراوەتە بەر ڕۆشنایی و بەوهۆیەوە میتافۆری (دەستی سەوز)، دروستبووە.

سەوزبوون:

دارەکە سەوزبووە| (شین بووە)

سەوز هەڵگەڕان | ڕەنگی شتێک (واتای بنجی)

سەوزهەڵگەڕان | (لە نەخۆشیدا)

بە سەوزی خواردن| (بەکاڵی خواردن)

پەندی پێشینان | ( ئەسپێ لە باخەڵیدا، سەوزەڵە خانم دەڵێ).

- سپی

سپی: لەگەڵ چەند پاشگرێکدا، وشەی داڕێژراو دروست دەکات:

سپی + (ایەتی) ← سپییایەتی

سپی + (ێنە)← سپێنە

سپی + (ات) ← سپات

سپی + (لە) ← سپیلە

سپی + (لکە)⟵سپیلکە

لە چەند دەستەواژە و ڕستەیەکدا، وەک میتافۆر، بەکاردێت:

کراسەکە سپییە| (واتای بنجی)

ڕووی سپی بێت| ( میتافۆر)

هەروەها، بەختی سپییە، سەری لەبەر خۆر سپی نەکردووە، ڕۆحی سپییە، دەست و پێ سپییە، چاوی سپی بووە..هتد

ددانیان لە یەک سپی بۆتەوە.

ئاوەڵناوی سپی، بە واتای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەشداری لە پێکهاتنی چەند دەستەواژەیەکدا کردووە، واتای هەریەک لە دەستەواژەکانی (بەختی سپی)، (ڕۆحی سپییە)، (چاوی سپی بووە)، واتاکەیان لە پەیوەندی نێوان دیارخراو و دیارخەر، بکەر و کارەکەوە دەست ناکەوێت.گونجان لە نێوانیاندا نییە.

لە وشەی لێکدراودا:

**سپی بوونەوە**: پاکبوونەوە ـ لە گوناه، لە چڵکدا ـ جلکەکان پاکبوونەوە.

**سپیکردنەوە** : چارە سەرکردن: کێشەکەم سپی کردەوە.

**سپی چوونەوە** :١ـ ئاسمان سپی دەچێتەوە

: ٢ـ چیاکە سپی دەچێتەوە

- **سوور**:

ئاوەڵناوی (سوور)، لەگەڵ چەند پاشگرێکدا، ئاوەڵناوی داڕێژراو دەکات:

سوور +(ایی) ⟵ سوورایی

سوور + (کە ) ⟵ سوورکە

سوور + ێ + ژە ⟵ سووریژە

سوور + (کەڵە)⟵ سوورکەڵە

ــ لە ڕەگی (سوور، سۆر)، وشەی (سۆرک) داڕێژراوە، کە بەواتای دەشتاییک دێت، گیای لێ نەروابێ.

سوورــ سۆر

↓

سۆر+ (ـ ک) ⟵ سۆرک { دەشتایی }

سوورە: مرۆڤی سوور و سپی

ڕەنگی (سوور)، ئەم سیما واتاییانەی وەرگرتووە:

سوور بوونەوە: + لە نەخۆشیدا

:+ لە شەرمدا

- (سوورکردن، سوورکردنەوە )

سوورکردنەوە:

چێشتەکەم سوورکردەوە | (واتای بنجی)

پیاوەکەم سوورکردەوە | (میتافۆر)

هەروەهـــا، لە چەنـــد وشـــەیەکی دیکـــەی وەک:لێوســـوورکردن، قژسوورکردن، ڕووسوور، سوورانە وەرگرتن...هتد، بەکاردێت.

- شین:

داڕێژراو: (شینایی، شینە، شینیی)

لێکدراو: شینبوون، شینکردن، شینبوونەوە

لە چەند وشە و دەستەواژەیەکدا، بەکاردێت:

- شین و ڕۆ ڕۆکردن، سەر شینکردن، قاپشین، شین هەڵگەڕان)

لـە پەنـد و ئیدیۆمـدا: (بنێشـتە شـینەی سـەر زاران)، ((مسـتەفا زەنگەنە: ٢٠٠٠: ٦٦ ـ ٦٨).

- ڕەش

ئەگەر لە ئاوەڵنـــاوی (ڕەش)بـــڕوانین، هەســـت بەو گـــۆڕانە واتـــایی یە دەکەین، کە لە چوارچێوەی واتا بنەڕەتیەکەیەوە، وەریگرتووە: ئاوەڵناوی (ڕەش)، لە زمانی کوردیدا، لە ژێر کاریگەری دەقدا، بەم واتایانە دێت:

دەرگاکە ڕەشە: {ڕەنگی ڕەش، نەک سپی}

↓

(( لە بـــــازاری ڕەش کاردەکـــــا))،{ نایاســـــایی }،(ســـــەلام ناوخۆش:٦٧:٢٠٠٤).

↓

ژنێکی ڕەشە { جوان نییە}

↓

بەختی ڕەشە { هیچی بۆ نایەت، بێچارەیە}

↓

دەمی ڕەشە { قسەی باش ناکا}

↓

دڵی ڕەشە {نیەتی چاک نییە}

↓

سکی ڕەشە

بیـر و هۆشـی مـرۆڤ، بـزوێنەری ئەو چەمکـانەیە کە لە وشـەیەکی فەرهەنگییەوە دەکەونەوە، لە کلتوری کوردەواریدا، وشەی (ڕەش)، لە سیاق و دەوروبـەری ئاخاوتندا، ئەم واتایانە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە: ( ڕەش) < + شوومی، + بەدبەختی >.

( ڕەش)، بە واتای بنجی ڕەنگێکە لە زمانی کوردیدا، بە واتای دیکەش، وەک شومی ونالەباری ونایاسایی..هتد، لە دەروبەردا دێت، بەڵام لە هەندێ ئیدیۆمدا، بە واتای دیکەش دێت:

- ڕەشە خێزان: (+ زۆری ئەندامانی خێزان، ڕەشە خێزانێک بە خێو دەکات ) .

ڕەش + تاڵە ⟵ ڕەشتاڵە

(( ڕەشایی داهاتن (چاو ئێشانی بەرەو کوێری چوون)

ڕەش +(کە) ⟵ ڕەشکە (گیو موکریانی:١٩٦١:٣٠١).

لە هەندێ دەستەواژەدا، وەک ئیدیۆم بەکاردێت:

ڕەشکوژ: کەسێ کە بێئاگا پیاو دەکوژێ

(( ڕەشبگیر: هەموو کەس بۆ شەڕ ناردن

ڕەشـبەڵەک: داوەتـی ژن و پیـاو لە دەسـتی یەکتـردا))، ( هەژار موکڕیانی:١٣٦٧ه: ٣٥٨ ).

(ڕەشە خێزان، ڕەشەوڵاخ، ڕەشایی داهاتن (چاو ئێشانی بەرەو کوێری چوون)،(گیو موکریانی:١٩٦١ : ٣٠١ ).

ڕەش: ڕەشکردنی کەسێک: لەبەرچاوخستنیەتی بە قسە و بوختان یان بە دوعاو نووشتە.

ڕەش: ڕەشە ساڵ: ساڵی کەم باران، یان بێ باران (جەلال مەحمود ٢٠١٠: ١٢١ ).

بەشداری پێکهاتنی چەند وشەیەکی داڕێژراو و لێکدراو دەکات:

ڕەش + ( ــ کە) ⟵ ڕەشکە

ڕەش + (ــ تاڵە) ⟵ ڕەشتاڵە

(لیستی ڕەش)، میتافۆرێکە بەرانبەر بە لایەنێک یان کەسێکی ناپەسەند یان جێبەجێ نەکردنی کارێک بەکاردێت.

هەروەها کورد کە کۆمەڵە شتێک لە دوورەوە ببینێت و نەزانێ چییە دەڵێت: هیچ بە دی ناکەم لە کۆمەڵە ڕەشاییەک زیاتر، یان شتێکە و ڕەش دەچێتەوە ( نەسرین فەخری، ١٩٧٦: ١٠٦ ).

هەندێکجار، دیاردەکانی دەوروبەر بۆ بەکارهێنانی ڕەنگ دەخوازرێت و میتافۆر دەگەیەنێت: خاکیی، پرتەقاڵی، کشمیشی... هتد.

ئاوەڵناوی (ڕەش)، بەشداری چەندین پێکهاتەی کردووە، لە هەندێک دەستەواژە و پێکهاتەدا، ڕۆڵی میتافۆری بینیوە، بۆنموونە: دەستەواژەی (جانتایەکی ڕەش)، واتای دەربڕینێکی ئاساییە، بەلاّم (بەختێکی ڕەش)، میتافۆرە، بەهۆی فۆرمی{ ڕەش} ەوە{ بەخت } کە خۆی نابەرجەستە و ئەبستراکتە، بەرگێکی بەرجەستەی بە بەرداکراوە، سیمای {+ ڕەنگ } ی پێبەخشراوە، بەمەش ئاوەڵناوی{ ڕەش}، لە باری ئاسایی خۆیەوە پەڕیوەتەوە بۆ بوارێکی دیکە و وەسفی نابەرجەستە دەکات.

لە کۆتاییدا، بۆمان دەردەکەوێت، بەشەکانی ئاخاوتن، لە سیاقی جۆراوجۆردا، واتای دیکە وەردەگرن، توانایەکی باشیان بۆ خۆگونجاندن هەیە، لەگەڵ ئەو ژینگە زمانییانەی کە تێیدا بەکاردێن، زمانی کوردی لە دەربڕینی فرەواتا و پێکهاتەی ئیدیۆمدا، دەوڵەمەندە، وشە لە بوارێکەوە بۆ

بوارێکی دیکە دەگوازرێتەوە، کە هۆکارێکە بۆ بەرهەمهێنانی واتاو چەمکی تازە، لەبەرئەوەی ئەم دەربڕینە میتافۆرییانە، دواجار دەکەونە ناو فەرهەنگی زمانەوە و ئاخێوەران لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاریان دەهێنن.

بە بۆچوونی ئێمە، دەربڕینە میتافۆرییەکان، لە هەموو بەشەکانی ئاخاوتندا بەکاردێن، بەڵام لە ئاوەڵناودا چالاکییەکی بەرچاویان هەیە و زۆربەی ئاوەڵناوەکان، جگە لە واتای بنەڕەتی چەند واتایەکی دیکەش دەگەیەنن. بۆنموونە: (کەسێکی لاواز)، دەربڕینێکی ئاساییە، بەڵام (نووسینێکی لاواز)، میتافۆرە.لەیەکەمدا، پەیوەندی نێوان دیارخرا و و دیارخەر گونجاوە، بەڵام لە دووەمدا، دیارخراو و دیارخەر، لەگەڵ یەکدیدا یەکناگرنەوە و هاوڕێیەتیان نییە.

هەر لەم پارەدا، ئاماژە بە هەندێ لە دەربڕینە مۆرفۆسینتاکسیەکان دەکەین، کە واتای میتافۆر دەگەیەنن:

٩\١٢) **مۆرفۆسینتاکس:**

لە مۆرفۆسینتاکسدا، بکەر و بەرکاری لێکسیکی لە شێوەی جێناوی لکاودا دەردەکەوێت، بۆیە دەکرێ، دەربڕینە میتافۆرییەکان بە واتای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، مۆرفۆسینتاکس، لە بواری بەکارهێنانی میتافۆریدا، چالاکییەکی بەرچاوی هەیە.

- پێم کەوت: دەکرێ چەند لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێت:

١ ـ دەرگاکە، بە من کەوت.

| |

پێ م

٢ ـ خواردنەکە بە من کەوت.

| |

پێ م

لە ڕستەی یەکەمدا، شتێکی بەرجەستە، بۆ پێکەوتن هەیە، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا، هیچ شتێکی بەرجەستە بۆ پێکەوتن نییە.

- هەڵگیرساندن: ـــ هەڵمانگیرساند.

١ ـ ئێمە جەنگمان هەڵگیرساند (واتایفەرهەنگی)

٢ ـ ئێمە ئاژاوەمان هەڵگیرساند. (میتافۆر)

هەڵگیرساندن، لە ڕستەی دووەمدا، ئاگر و خۆڵەمێش و پاشماوەی سووتانی لە گەڵدا نییە، ڕوودانی کارەکە هەر بە واتایە.

- پێگەیاندن: پێمانگەیاند

ـ دارەکەمان پێگەیاند (واتای فەرهەنگی)

ـ ئەومان پێگەیاند (لە ڕووی کەسایەتییەوە، میتافۆرە)

- هەڵکردن: هەڵیانکرد

١ ـ ئاڵاکەیان هەڵکرد.< + ئاڕاستەی بەرەو ژوور>

٢ـ چراکەیان هەڵکر

- سووتاندن: سووتاندیانین

ــ ماڵ و جەستە <+ شتێکی مادیی بۆ سوتان>

ـ کەسایەتی و هێز <+ لایەنی مەعنەوی>

- دەستگرتن: دەستی گرتم

ـ گرتنی دەست < + بەریەک کەوتنی دووشت>

ـ یارمەتی دام < ـ بەریەککەوتن>

- چاوپێکەوتن: چاوم پێی کەوت

ـ چاوی من بە ئەو کەوت.

(کەوت) واتای ڕاستەقینەی بریتییە، لە کەوتنی شتێکی بەرجەستە بە شتێکی دیکە، بەڵام لەچاوپێکەوتندا، بەریەک کەوتن ڕوونادات، ڕووداوی فیزیکی جێگەی ڕووداوی بەرجەستەی گرتۆتەوە.

- سەرلێدان: سەریانلێداین.

ــ ئەوان سەریان لە ئێمە دا ( لە ڕووی واتاییەوە نەک بەرجەستە، بە شێوەیەکی واقیعی دوو سەر بە یەکیاندا نەداوە).

- دروستیانکردین: ئەوان ئێمەیان دروستکرد ( لە ڕوویمەعنەوییەوە نەک مادیی).
- دەستی لێ هەڵگرت: ئەو دەستی لە کارەکە هەڵگرت.

ئەو دەستی لە ژنەکە هەڵگرت. ( میتافۆر)

- چاومـان پێداخشـاند: (پێداخشـان) لە بنچینـەدا، خـاوەنی چەنـد سیمایەکی واتایی یە، وەک:

+ بەریەککەوتن

+ خشـەو دەنـگ، بەڵام لە چاوپێداخشـاندا، هـیچ کـام لەمـانە، لە ئارادانییە.

بـــەمجۆرە بۆمـــان دەردەکـــەوێت، کـــە هەنـــدێک لـــە دەربڕینـــە مۆرفۆسینتاکسـییەکان، لــە دەروبــەری ئاخاوتنـدا میتـافۆر دەگەیــەنن و لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت.

هەندێ لە کردارەکانی، وەک ( **سەرلێدان، چاوپێکەوتن، چاوپێداخشان، دانپێدانان، سەرپێداکردن، ملنان، .. هتد**) لە بنچینەدا میتافۆر بوون، ئێستا بوون بە وشەی فەرهەنگی.

## بەشی سێیەم: میتافۆر لە دەقدا:

### ١\٣) دەستپێک:

لە بەشـی دووەمـدا، باسـی سـیاق و ئەو ڕۆڵە گرینگەمـان کـرد، کە لە شیکردنەوە و دیاریکردنی یەکەی ئاخاوتندا دەیبینێت. هەریەک لە سیاق و دەق تەواوکەری یەکترین، دەق پێکهێنەری سیاقە و شیکردنەوە و گۆڕان و ڕێکخسـتنی سـیاقیش، بەهـۆی دەقەوە دەبێت، کە ئـاخێوەر یـان نووسـەر لە پـــێگەی دیـــاریکراودا بەکـــاری دەهێنێـــت، دەق مەبەســـتێکە لە نیـــازی بەرهەمێنەری دەق/ دانەر، ئاڕاستەی وەرگر/ خوێنەر دەکرێت، لە کۆمەڵێک ڕەمزی ئاشکرا و شاراوە پێکهاتووە، کە لە بواری داهێنانیانەوە بۆ بوارێکی دیکە دەگوازرێنەوە، خاوەنی تایبەتمەندی جۆریی و سیمای جیاکەرەوەیە، بەپێـی ئاسـتی درکپێکـردن و پێکهـاتەی سـەرەوە و ژێـرەوە، لێکـدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت.

پێکهاتەی دەق، بەهـۆی سیسـتەمی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە کاردەکات، کە شێوازی ڕەمز و زانیارییەکان دیاری دەکات، بۆیە بۆ تێگەیشتنی دەق، پێویستمان بە هەبوونی زانیاری لە بارەی ئەو سیستەمە تایبەتییەوە هەیە،

مەبەست لە ڕێکخستنی پێکهاتەیی، کۆمەڵێکی ئاڵۆزی پەیوەندی و هاوپەیوەستییە، کە ڕۆڵی ڕێسا دەبینن و بڕیار لەسەر چۆنیەتی بەیەکەوە هاتنی پەیوەندییەکان لەناو وتارێکی دیاریکراودا دەدەن. ( زانینی مەبەستی دەق، دەرککردنە بە ستراتیجیەتی ئاماژەیی (سیمیائیە). ئەم جۆرە زانیارییەش زۆربەی جار بەهۆی بنەما شێوازییە پراگماتیکییەکانەوە دیاریدەکرێت، بۆ نموونە بە بیستنی دەستەواژەی {هەبوو نەبوو}، تێدەگەین، کە بابەتەکە پەیوەندیدارە بە حیکایەتی فۆلکلۆرومیللی (خرافیە) یەوە(أيكو: ٢٠٠٠ ، ٧٧ ـ ٧٨).

وەرگر بە پشت بەستن بە بەکارهێنانە ئاماژەییەکانی دەقەوە درک بە واتاو ئاڕاستەی دەقەکە دەکات، بەکارهێنانی میتافۆر لە دەقدا پەیوەندی بە واتای دووەمی وشە و دەستەواژە زمانەوانییەکان و بەکارهێنانە ئاماژەییەکانەوە هەیە، کە ڕێنمایی وەرگر/ خوێنەر دەکات بۆ تێگەیشتن و زانینی ڕوانگەکانی دەق و دیاریکردنی یارییە زمانییەکان، لە بەکارهێنانە میتافۆرییەکاندا.

هێماو ئاماژە میتافۆرییەکان، ئەرکەکانیان لە چوارچێوەی سیاقدا جێبەجێ دەکەن، بەڕادەییێک ئەگەر نەتوانین، لە واتای هەندێک نیشانە و هێما تێبگەین، ژینگەی بەکارهێنانی دەق لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، واتاکە ڕوون دەکاتەوە.

تێگەیشتن لە ڕۆڵی هێما و ئاماژە بەکارهاتووەکان و ئەو واتایەی کە لێیان پێکدێت، یان هەر بەشێکی دەق، تەنانەت واتای هەمەکیش بەهۆی سیاقەوە دیاریدەکرێت.

(سیاق ئەو بونیاتەیە کە هێماکان تێیدا دەجووڵێن و کاردەکەن و واتا تێیدا لە دایکدەبێت، سیستەمێکە بۆ ڕێکخستنی ڕەگەزەکانی دەق، لە گەڵ بەدوای یەکداهاتنی کاتیی هێماکان، بەهۆی سیاقەوە پەیوەندی نێوان بەشەکانی دەق دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت، لە گەڵ ئەوەشدا سیستەم System دەق نییە، واتە مەرج نییە جێگرەوەی دەق بێت، دەق پرۆسەیەکە کە خوێنەر، جوانی پێ دەبەخشێت، بۆیە دەق چەندین خوێندنەوەی جۆرا و

لێکــدانەوە ــــ شــیکردنەوە (التفســیر) لــەخۆی دەگرێــت، دەرخســتن و ڕوونکردنەوەی دەقە، بەڵام دەقە ڕەسەنەکە نییە، لێکدانەوە، چوارچێوەیەکی گشتی و ئەو سیستەمەمان پێ دەبەخشێت کە دەق وەک سیاقێکی گشتی بەهۆیەوە کاردەکات، بۆیە دەقێکی مێژوویی لەگەڵ دەقێکی ئەفسانەیی یان هــاوچەرخ جیــاوازی هەیە، تێگەیشــتنی دەق و تەئــویلکردنی پشــت بە شـارەزایی دەوروبەر دەبەستێت، کە دەقەکەی تێدا هـاتۆتە کـایەوە لەگەڵ توانای خوێنەر بۆ بەخشینی سیمای سروشتی واقیعی بە دەقەکە )، (میجان رویلی:٢٠٠٠: ١٧٣).

بەدوای یەکداهاتنی زەمەنی کار لە بونیـاتی دەق دەکـات، ئەم کـردەیەش پەیوەندی بە نەسق و بۆماوەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە هەیە، میراتی کۆمەڵایەتی تەنیا نەسقێکی کۆمەڵایەتی زمان نییە، بەڵکو بەڕادەیەک فراوانە، کە وەک ئینسکلۆپیدیایەکی گشـتی وایە، بـۆ بەکارهێنـانە تایبەتییەکـانی ئەو زمـــانە، واتە: ئەو تایبەتمەنـــدییە رۆشـــنبیرییانەی کە ئەو زمـــانە وەری دەگرێت.لەگەڵ تەئویلکردنەکـانی پێشـوودا وەک بـوارێکی فـراوان لە دەقـدا، ڕەنگدانەوەیان دەبێت.

وشـــەی دەق لە ســـەرەتاکانی مێــژوودا، پەیوەســـت بـــووە بە واتـــای جۆراوجـــۆرەوە، وەک: {بەرزکـــردنەوە و بەدیارخســـتن و جـــووڵە و پرسـیارکردن و پێڕاگەیانـدنی شـتێ} کە هەموویـان دەکەونە چوارچێـوەی دۆزینـەوە و دەرخسـتنەوە، بەدەر لە نووسـین، بەڵام بە تێپەڕ بـوونی کـات ئەم زاراوەیەی پێـوە لکـاوە و دواتـر بـۆ مـاوەیەکی مێژوویـی دوورودرێـژ پەیوەســت بــووە بەو دەقە زمانییــانەی کە بە ئەلــف و بێــی جۆراوجــۆر نووسراون.( عبد الملک مرتاض: ١٩٩٩: ١٠٣).

بەو شـێوازە سـەیری دەق دەکـرا، کە بـریتییە لە کۆمەڵێـک وشـەی چاپکراو یان دەستنووس کە شوێنەواری ئەدەبیی لێ دروست دەبێت. واتـا حەرفــیەکەی بــریتییە: لەو پێکهــاتە زمــانەوانییەی کە خــوێنەر بەهــۆی تەفسیرەوە بـۆ بـابەتێکی دیـاریکراو جیـای دەکـاتەوە و هەڵـی دەسـەنگێنێ،

واتە:کارێکی ئەدەبیی دیاریکراوە کە دەبێتە بابەتی شیکردنەوە ( ابراهیم فتحی: ٢٠٠٠: ٢٤٨) .

بە پێی ئەم تێڕوانینە، چەمکی دەق، بە کردەی نووسین و پێکهاتەی زمانەوانییەوە لکاوە، بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی ئەدەبی واتە: ڕوکاری دەرەکی کارێکی ئەدەبییە ڕستێک وشەی ڕێکخراوە بۆ دروستکردن و داهێنان.هەروەک چۆن ((رۆلان بارت)) Rolan Bart لە دەقی دەڕوانی لە چوارچێوە ئەدەبییەکەیەوە، بەڵام لە چوارچێوە گشتییەکەیدا، وایدەبینێت: کە چەمکی دەق لە مێژوودا، پەیوەستە بە هەموو لایەنکانی سیستەمی یاسا و ئاین و ئەدەب و فیربوونەوە، لەم کاتەشدا، چەمکی دەق فراوان دەبێت بۆ هەموو ئەو هۆکارانەی کە خاوەنی ڕەهەندی ئەدەبیی و کۆمەڵایەتین ( بارت، رولان و الآخرين: ١٩٩٨:٣٠ ).

**٢\٣) چەمک و پێناسەی دەق:**

بۆچوونی جۆراوجۆر و جیاواز لە بارەی پێناسەکردنی دەق و چۆنیەتی کارلێککردنی لە ڕوویپەیوەندییە ناوەکییی و دەرەکییەکانەوە هەیە، ((بول ریکور))، بەمجۆرە پێناسەی دەکات: هەر وتارێکە، کە بتوانین بەهۆی نووسینەوە جێگیری بکەین، بۆ ئەوەی لە لایەنێکەوە ئاڕاستەی لایەنێکی دیکەی بکەین .(ريكور، بول: ٢٠٠١: ١٠٥ ).

بەڵام هەندێک وایدەبینن، کە پێویستە پێناسەی دەق فراوانتر بکرێت، بە جۆرێک هەموو خستنەڕوویێک، لە هەر جۆرێک، وتراو یان نووسراو، کورت یان درێژ، کۆن یان نویێ بێت بگرێتەوە(أندرية، جاك ديشين: ١٩٩١: ١٥) .

لێرەدا، بازنەی دەق فراوان دەبێت، کە هەموو جۆرەکانی پێشکەشکردن نەک بە تەنیا جێگیربوون دەگرێتەوە ((باختین)) Mikail Bakhtin وای دەبینێت، کە دەق تەقینەوەیەکی سەرەکییە بۆ پرسیارکردن و توێژینەوە، بەهۆیەوە کارلێککردنی نێوان خودەکان ڕوودەدات _ داهێنەری دەق و وەرگر _ واقیع و بیر (فکر) و ئەزموونە مرۆڤایەتییە جۆراوجۆرەکان مرۆڤ خاوەنی تایبەتمەندییەکە، هەمیشە دەربڕین (ئاخاوتن) لە بارەی

خـۆیەوە دەکـات، واتە: هەمووکاتێـک داهێـنەری دەقە. (تـودروف: ١٩٩٧: ٥٤).بـاختین، چەمکـی دەق بەلای وتـراوی زارەکـی نەک تەنیـا نووسـراو ڕادەکێشـێت، مـرۆڤ هەمیشـە ئـارەزووی ئەوە دەکـات ئەوەی کە لە دە روونیدایە بەهۆی ئاخاوتنەوە دەری ببڕێت، ئەمەش خـاڵێکی سـەرەکییە بۆ بەرهەمهێنانی دەق.

لە فەرهەنگی ( Robert)ی فەرەنسیدا، دەق کۆمەڵێک وشـە و ڕسـتەیە، کە بە شێوەی نووسینە یان گۆکردنە( محمد عزام، ٢٠٠١: ١٢).

دەق بەتەنیـا بریتـی نیـیە لە بەدوای یەکـداهاتنی چەنـد ڕسـتەیەک، بە تـایبەتی لە ئاخـاوتنی ڕۆژانـە و نافەرمیدا، زۆربەی جـار، ڕسـتەیەک پـارچە ڕستە، دەربڕینێکی زمـانیی، دەق پێکدەهێنن، ئەو یەکانە وەک زنجیرەیەک بەیەکەوە نەبەسـتراون، بەڵکو لە سـیاقدا، دەتـوانین بە شـێوەیەکی گونجـاو پەیوەستیان بکەین، جیاوازی نێوان بەیەکەوەنووسان و پەیوەندی جیـاوازی نێوان شێوە و ناوەڕۆکە.

زمـــانەوانی دەق، لقـــێکە لە لقەکـــانی زمـــانەوانی، کە گرینگـــی بە تایبەتمەنـــدییەکانی دەق دەدات، لە ڕووی ســـنوور و پەیوەســـتبوون و ناوەڕۆکی گەیاندنەوە، گرینگی بە چەند لایەنێک دەدات:

١ـ چەمک و دیاریکردن و ئەوەی پەیوەستە پێوەیانەوە.

٢ـ نـاوەڕۆکی گەیانـدن و ڕەگەز و ئەرکە زمانەوانییەکـان (fonctions) و پێگە و شوێنی پەیوەندی ( situationComunicative).

پـەسـتبوون و ڕێکخسـتن، کە زاراوەی دەقانـدن (Textualite) ی بـۆ بەکاردێـــت (أحمـــد مـــدارس: ٢٠٠٩:٣) دەق، پێگەیەکـــی بەرزی هەیە لە لێکـۆڵینەوەی زمانەوانیـدا، لە بەرئەوەی کـار لە ســـەر دیـاریکردنی ئەو چۆنیەتییـانە دەکـات، کە دەق/ وتـار بەیەکەوە دەگـونجێنن، ئەمەش وەک بەڵگەیەکـــی نووســـراو، وتـــراو (Enonce)، ئەوەی کە دەوتـــرێ (Enonciation) ـ ئیستا (ئامادە) ـ سـەرچاوەی یەکەمی هەمـوو کردەیەکی شـیکارییە، بەوەی پەردە لەسـەربونیاتی زمـان وچـۆنیەتی بەیەکەوەهـاتن و هاوسـێیەتی یەکە زمانەوانییەکـان هەڵـدەداتەوە، بەهـۆی چەنـد ڕێسـایەکی

زمـــانەوانی بەدوای یەکـداهاتوو بەرهەمـــدێت، کە شـــیکردنەوەی گوتـــار و زمـانەوانی دەق (Analyse de discourse) وەک دوو بەشـی زمـانەوانی هاوبەش دۆزینەوەیان بۆ دەکەن.

زمـانەوانی وتـار، گرینگـی بە ڕەگەزەکـانی وتـار و وەسـف و پێناسـینی بونیـاتی گـۆکراو وتـــار دەدات، ئەگەر زاراوەی گونجـــان (انســـجام) لای زمانەوانـــان گرینگـــی پیبـــدرێت، لای ج. م ئـــادەم J.M.Adam ئامـــانجی زمانەوانی دەق، شیکردنەوەی دەقە، لە سەرووی پێکهاتەی ڕستە و جۆری ڕستەوە، لە چوارچێوەی شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی خوێنەرەوە، دەق وتـار، گونجان و (Homogene) واتا وەردەگرێت.

ئەم خسـتنەڕووە، دەچێتە بـواری چـالاکی زمـانەوانی ( Comptence linguistique) کە خـوێنەر ڕاڤەکـار، بە هـۆی وەسـفکردنی پەیوەنـدییە ناوەکییەکـان، دەگـاتە دۆخـی بەرهەمهێنـانی واتـا ( Circonstances de production) وپێگەی گوتار (Adam:٢٠٠١:١٤).

بـۆ ڕوونکـــردنەوەی دەقـــی وتـــراو، پێویســـتمان بە هەردوو جـــۆری مەعریفەی واتایی و مەعریفەی جیهانبینی دەبێت، کە دەتوانین لە بوارەکانی واتـایی و هـزری و چـالاکییە نازمانییەکـان و زانسـتی شـیکاری دەروونـی و رۆشنبیری و ئینسکلۆپیدیا و ئایدۆلۆجیدا، چڕیان بکەینەوە بەمجۆرە ئـادەم وێنەیەکمان پێشکەش دەکات، لە نێوان وتـارو دونیـای دەرەکیدا، بۆ ئەوەی بـواری واتـــایی دەق و بیروبـــاوەڕ و هزرمەنـــدی دەرەوەی دەق بە یەکەوە پەیوەست بکات.

(جاکۆبسـن R.Jacobsn) (سـوورە لەسـەر ئەوەی، کە لە بونیاتدا، بەش بەهـۆی گشـت و گشـت بەهـۆی بەشـەوە دیـاری دەکرێت. بە پێـی میتـۆدی بونیـادگەری لە شـیکردنەوەی دەقێکدا هەڵوەشـاندنەوەی هەر ڕەگەزێک بـۆ مەبەســـتی دەرخســـتنی بونیـــادە گشـــتیەکەیە، واتە کاتێـــک ڕەگەزێـــک لە ڕەگەزەکـــــانی دەق شـــــیدەکەینەوە بـــــۆ ئەوەیە یەکەی ســـــەرەکی دەق دەستنیشان بکەین، نەک بۆ ئەوەی جیای بکەینەوە، چونکە لە ڕوانگەی ئەم

میتـۆدەدا جەخـت لەسـەر بونیـادە گشـتییەکە دەکـرێ)، (عەلـی تـاهیر حسەین:٢٠٠٨: ١٧٣).

بونیادگەرەکان، قورسایییان تەنیا بە دەقی ئەدەبی بە دوور لە فاکتەری دەروونناسی، کۆمەلایەتی، مێژوویی بوو، هەروەها تیۆری ڕەخنەی کۆنیان ڕەتکـردەوە، کە دەقـی بە ڕوخسـار و نـاوەرۆک دەزانـی، ئەمـانە زیـاتر جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە دەبێت روخسار دەرکەوێت.

( فلادیمیـر پـرۆب)، یەکـێکە لە نـاودارانی ئەم بـزووتنەوەیە، کتێبێکـی بە نـاوی (مۆرفۆلۆژیـای حیکـایەتە میللیەکـانی ڕووس) سـاڵی (١٩٢٩ز) دانـاوە، جەخـت لەسـەر ئەوە دەکـات، کە لەکـاتی تـوێژینەوەی حیکایەتـدا، پێویسـتە گرینگی بە بونیاتی ناوەوە بدرێت، نەک پۆلێنکردنی بابەتییانە و مێژووییانە (الموضــوعاتیة او التاریخیـــة )، لە ئەنجامــدا گەیشـــتە ئەوەی کە بڵـــێ لە حیکایەتدا توخمی سـەقامگیر و گۆڕاو (الثابت و المتغیر) هەیە، سـەقامگیر کـردەوەی کەسـەکانە، نـاوی ئەرک (الوظیفـة)ی لێنـاوە گـۆڕاویش نـاوی وەسفی کەسەکانە.

هەروەها (رۆمان جاکۆبسن) جەختی لە سەر ئەرکی زمان لە خولقاندنی بنەماکانی فۆرمالیستەکان دەکردەوە وایدەبینی، کە شیکردنەوەی ئەدەبی، پێویسـتە تـوێژینەوە بێـت لە یەکەی خـاوەن دەلالەت، بەلای جاکۆبسـنەوە پەیوەندییە بەستراوەکانی دەقەکان کارێکی گرینگە بۆ توێژەر، ( عەلی تاهیر حسـەین:٢٠٠٨:٥٧). بەڕای فۆرمالیسـتە ڕوسـییەکان، بە هـۆی ڕەمـزەوە دەتـوانین لە پەیـام تێبگەین).دواتـر لیۆشـتراوس دووپـاتی کـردەوە لە ئوستوورەناسـیدا چەشـنی زماننـاسـی شـیکردنەوەی ڕوخسـارەکان و فۆرمەکـان بە شـێوەیەکی کتـوپڕ، خـاڵی واتـا دەهێنێـتە گـۆڕێ، رۆمـان یاکۆبسن، هەنگاوێکی تر چووە پێشـەوە و لە ساڵی ١٩٢٣ دا لە تاووتوێی شـیعری چیکـدا لە نێـوان بەهاکـانی کێشناسـی یـان ئـاوازی تـاک یەکەی دەنگیـــی( Voice_phonator) و بەهـــا ئامـــاژە ئاســـا و واتـــاییەکەی پەیوەنـدییەکی دۆزیـیەوە لە گرینگیـی چەمکـی جیاکـاری فۆنۆلۆژیـک لە سـیمانتیک دوا، ئەو زانـی کە هەر زمـانە و بە شـێوەیەک ئەم پەیوەنـدییەی نێوان جیاکاریی فۆنۆلۆژیک و واتا دەخولقێنێت، (ژنێت) نووسی کە پێکهاتە

گەرایی تەنیا میتۆدێک نییە بەڵام هەر هەمان ئەو شتەیە کە ئێرنێست کاسیرەر بە ((مەیلی گشتی هزر)) ناوی بردووە، تەواوی هۆکارە دەرەکییەکان دەبێ وەکو خاڵگەری لاوەکی بەلاوە بنرێت و فۆرم بە خاڵی سەرەکی دابنرێت )، (بابەک ئەحمەد:٢٠٩:٢٠٠٥).

بەمجۆرە، بۆمان دەردەکەوێت، فۆرمالیستەکان، لە شیکردنەوەی دەقدا، گرینگییان بە فۆرم دەدا و لەم ڕووەوە ئەو لایەنانەیان فەرامۆش دەکرد، کە پەیوەندی بە جیهانی دەرەکی و دونیای دەرەوەی دەقەوە هەبوو، هەروەک چۆن لە ڕێزماندا شیکردنەوەی ڕستە لە دەوروبەر و بار و بۆنەی ئاخاوتن دادەبڕێنێن، لە ڕوانگەی ئەم میتۆدەوە، لە شیکردنەوەی ڕستەیەکی وەک: {منداڵەکە هات } دا، تەنیا گرینگی بە دۆخی ڕێزمانی پێکهاتەکان دەدرێت، وەک ئەوەی (منداڵەکە)، بکەرە و (هات)، کارە، بەبێ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ بواری پراگماتیک، لەم ڕستەیەدا، هەرچەندە منداڵەکە، لە ڕووی ڕێزمانییەوە ناسراوە، بەڵام بەبێ بوونی پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر و دەوروبەری ئاخاوتن، بە تەواوی لە واتای ڕستەکە ناگەین، وەک ئەوەی منداڵەکە کێیە؟، ناوی چییە؟، لەکەیەوە هاتووە؟، بە گەڕانەوە بۆ دەوروبەر دەتوانین ئەم زانیاریانەمان دەست کەوێت، کە پراگماتیک گرینگییان پێدەدات.

چەند ڕستەیەکی پچڕپچڕ، لە سیاقێکدا کۆدەبنەوە و واتا دەگەیەنن، لێرەدا پێویستمان بەوە دەبێت، کە تیشک بخەینەسەر دوو جۆر ڕستە: ئەوانیش: هەردوو چەمکی ئەبستراکت و هەستپێکراون. بە پێی چەمکی یەکەم، ڕستە بریتییە لە کۆمەڵێک پێکهاتەی تیۆریی، کە زمانەوان بۆ دۆخێکی زمانیی پێشنیازیان دەکات. واتە ئەمانە کۆمەڵێک یاسای ئەبستراکتن، کە تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراو، بەڵام لە چەمکی هەستپێکراودا، ڕستە بەشێکە لە بەشەکانی نەخشی ئاخاوتن، ئەمانە بە شێوەی ڕستەی تەواو یان بەشێک لە دەق دەردەکەون.

دەق لە چوارچێوەی زانستێکدا لێیدەکۆڵدرێتەوە، کە بە (زانستی زمانی دەق ـ علم اللغة النص) ناسراوە و سێ بواری گرتۆتەخۆ:


١ ـ تیۆری دەق

٢ ـ شیکردنەوەی دەق

### ٣ ـ زانستی پراکتیکی دەق

زانستی زمانی دەق بۆ( هارویج) دەگەڕێتەوە، کە لەم سەدەی دوایدا سەرکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینی، R.harweg دەڵێت: زانستی زمانی دەق تازەترین لقی زمانە بە پێی وتەی Harweg بابەتی زانستی زمانی دەق، <<دروستەی دەق ـ بناء النص>> ە، بە واتا یەکەیەکە لە یەکەکانی زمان، کە دەکەوێتە سەروو ڕستە و بەمەش مەودای زانستی زمانی فراوانتر کرد، بە شێوەیەک کە لە ڕستەوە پەڕیوەتەوە بۆ دەق، بەم پێیە گەورەترین یەکەی زمان دەقە، هەروەک گەورەترین یەکەی ڕێزمان ڕستەیە، وەک لەم دارشتەیەدا نوێنراوە:

ـ فۆنیم ـ مۆرفیم ـ وشە ـ فریز ـ ڕستە




هەروەها Harweg ئاماژە بە ڕەوانبێژی و شێوازبەندی دەدات، کە لقێک بوون لە لقەکانی پێشتری زانستی زمانی دەق، بەو واتایە دەق گەورەترین یەکەی شیکردنەوەی زمان )،(تریفە عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٨:١٩ ).

دەق لە زمانەوانی نوێدا، گوتراوێکە کە بتوانرێت شیبکرێتەوە، نموونەیەکە لە ڕ ەفتاری زمانیی، کە دەکرێ نووسراو یان گوتراو بێت.

لە ڕوانگەی ئەدەبییشەوە (دەق نووسینێکە، بە شێواز و زمانێکی هونەری ئەوتۆ نووسراوە، کە جیایە لە زمانی قسە کردن)، ( سالار عوسمان:٢٢:٢٠١١).

ـــ لە نووســـینی ئەدەبیـــدا، گرینگـــی بە بەکارهێنـــان و دەربـــڕینە میتافۆرییەکـان دەدرێـت، چەنـدین وێنـای ڕەمـزی لەم زمـانە هـونەرییەدا دەردەبڕدرێت.

بۆچوونی جیا، لەبارەی درێژی دەق و پەیوەستبوونی ڕستەوە هەیە، هەندێک پێیان وایە، کە درێژی دەق دیاریکراو نییە، بریتی نییە لە کۆمەڵە ڕستەیەک، واتە بەژمارەی ڕستەوە نەبەستراوەتەوە، جۆرەکانی (لافیتە و نەخش و دروشم و تەنانەت قسەی نەستەق و پەندیش) بە دەق دادەندرێ، بەڵام هەندێ بۆچوون پێیان وایە، کە پێویستە بۆ دەق سەرەتا و کۆتاییەکی دیاریکراو هەبێت و بەمەبەست لە لایەن نووسەرەکەیەوە دابندرێت.

((دەشـــێ نووســـراو یـــان نـــا، پەخشـــان یـــان هـــۆنراوە، گفتوگـــۆ یـــان (مۆنۆلۆگ) لەگەڵ خۆ دوان بێت، زۆر لە دەقە باوەکان لەیەک ڕستە کەمتر پێک هـاتووە وەک: (ئاگـاداری، ناونیشـان، لافیتـە، نەقـش کـردن هەڵکەنـدن، دروشـــم، پەنـــدی پێشـــینان و قســـەی نەســـتەق)....هتـــد)). (قەیـــس کاکـــل تۆفیق:٢٠٠٢، ٣٣).لە بۆچوونێکی دیکەدا، دەق، نووسراو بێت یان وتراو، لە چەنـد یەکەیـەکی تەواو و تایبەتمەنـد لە سـەرەتاو کۆتـاییەکی دیـاریکراو پێکدێت، کە لەلایەن دانەرەکەیەوە بە مەبەست دادەنرێت.

بە پێی ئەم تێڕوانینە، زۆربەی ئەو ئاخاوتنانەی، کە ڕۆژانە دەریدەبڕین، نـــاکەونە چوارچێـــوەی ڕێســـاکانی زمـــانەوانی دەقەوە، بەڵام لە ڕاســـتیدا، زۆربەی ئەو وشـــە و دەســـتەواژانەی کە ڕۆژانـــە بەکاریـــان دەهێنـــین، لە چوارچێوەی سیاقی دیاریکراودا بە دەق دادەندرێن.

(جیـــرار جنیـــت، ئامـــاژە بەوە دەکـــات، کە دەق تەنیـــا بەهـــۆی ((بەرزکـردنەوەی دەق)) بـۆ پەیوەنـدییە شـاراوە یـان ئاشـکراکان لەگەڵ دەقەکـانی تـردا دیاریـدەکرێت، بـۆ ئەم مەبەسـتە زاراوەی بەرزکـردنەوەی دەق، (transcendancetextuelles) بەکاردەهێنێـــــــــت و بە ڕوویەک لە ڕووەکانی بەیەکداچوونی زمانەوانیی و پەیوەندی لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی دیکـەی دادەنێـت. ئەم جـۆرە بەیەکـداچوونە، لە لای زانایـانی البـدیع، بە{ لەدایکبوون ـ بەرهەمهێنان} ناودەبردرێت، لێرەدا: شاعیر، واتا لە شاعیرێکی

پێش خۆی وەردەگرێت، یان شتیکی نوێی بە مەبەستی جوانکاری بۆ زیاد دەکات، ئەم بوارەش، لای زانایانی ڕەوانبێژی دوو جۆرە: یەکەم: وشەیی، دووەم: واتاییە.

وشەیی، بریتییە لە هێنانی وشەیەک و بەکارهێنانی بۆ واتایەکی دیکە، کە مەبەستە شیعرییەکە جوانتر و بەرزتر بکات، واتایی: شاعیر یان پەخشاننووس سوود لە سەرچاوەی واتایی کەسانی دی وەردەگرێت و دەستەواژەی نوێی لێ دروستدەکات، ئەمەش دەچێتە خانەی جوانکارییەوە.

جولیا کریستیفا، بە سوود وەرگرتن لە ڕێبازی زمانەوانی سوسێر، دەڵێ: مەدلولی شیعری هەڵقولاوی چەند یاسایەکی تەقلیدیی نییە، بەڵکو بواری یەکتربڕینی چەند شفرەیەکە، کە لە پەیوەندی ئاڵوگۆڕدان، سوسێر کێشەی یەکتربڕین و هەڵوەشاندنەوەی چەندین وتاری هاوردەی لە (التصحیفات)دا، تۆمارکردووە. (رابح بوحوش، ٢٠٠٩: ١٣٥).

بە بۆچوونی ئێمە، شیعر بە تەنیا بریتی نییە لە کۆبوونەوەی چەند وشەیەکی لە یەکدابڕاو، بەڵکو دەقێکە، بۆیە کردەی گۆڕانی واتای وشەکانی تێدا ڕوودەدات، بەڵام ئەم گۆڕانە مامەڵە لە گەڵ ئەو وشە ناوەکییانەدا دەکات، کە لەگەڵ یەکتریدا لە پەیوەندیدان.

سروشتی ئەم پەیوندییانە، لە تەوەرەی پێکهاتەییدا، بەهۆی گونجانەوە دیاریدەکرێت، دەقیش وەک ڕەمز دەکەوێتە ژێر یاسای هاوشێوەبوونەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین، دروستەیەکی راڤەکراوی تایبەتمەندە بە سیمای دیاریکراوی شیعرییەتی دەقەوە.

ڕادەی گۆڕانی واتای وشە و دەربڕینە میتافۆرییەکان، لە دەقی شیعریدا، بە بەراورد بە جۆرەکانی تری دەق وەک:چیرۆک، ڕۆژنامە، دەقی وتار، راگەیاندن، گاڵتە و گەپدا زۆرترە، شاعیر یاساکانی ئاخاوتن تێکدەشکێنێت و دووبارە واتای نوێیان بە بەردا دەکاتەوە و بە شێوازێکی تازە بونیاتیان دەنێتەوە .

((پێرس، Peris، بە پێی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان دال و مەدلولدا هەیە، جیاوازی لە نێوان سێ جۆری نیشانەدا کردووە: ڕەمز، ئەگەر هاتوو پەیوەندییەکە نەریتی بوو، نیشانە، ئەگەر هاتوو جۆری پەیوەندییەکە

بەریەککەوتـن یـان تێپەڕانـدن بـوو، ئـایکۆنە(الایقونە) ئەگەر پەیوەنـدییەکە لێکچوانـدن بـوو))، ( رابـح بوحـوش:٢٠٠٩: ٤٣١) ئەم جـۆرە شـیکردنەوەیە جۆرە تێکەڵاوبـوونێکی لە نێوان دوو ئاماژەپێدەری نـا هاوشـێوەدا تێدایە: بەرانبەری لە نیوان{ نەریتی/ سروشتیدا }، بەرانبەری لە نێوان {لێکچوون/ لێکنەچـوون}. تەنیـا ئەوەی دووەمیـان جیاکـاری لە نێـوان ڕەمەکـی و ڕاڤەکراودا دەکات هەموو نیشـانەیەک، لە سـەر بنەمـای بەریەککەوتن یـان هاوسێیەتی دادەمەزرێت، دال و مەدلوول، لە چوارچێوەی یەکتربڕینی کات ـ شوین وەک هێما کاردەکەن کە دەشێ بنچینەیەکی سروشتی، یان نەریتی کۆیـان بکـاتەوە دوو جـۆرە هێمـا هەیە: جۆرێکیـان بە هـۆی لێکچـوونەوە دەتوانرێـت شـیکردنەوەی بـۆ بکرێـت، لە جـۆری دووەمـدا، ناتوانرێـت ئەو پەیوەندییەی لە نێوان دال و مەدلولدا هەیە شیکردنەوەی بۆ بکرێت.

(بە پێـــی تیـــۆری گریمـــاس، دەتـــوانین زاراوەی هاوتاکـــان ـــــ بەرانبەریی(النظـائر) isotopie بـۆ هەمـوو ئەو یەکبوونـانە دابنێـین، کە یەکەیەکـی واتـایی پێکـدەهێنن، دەسـتەواژەی ( هاوتـا کاریگەرییەکـان) بـۆ نموونە لەیەکچوو، هاوئاهەنگەکان بەکاربهێنین. کە کار لە شیعر دەکەن و شـیعرییەت پێکـدەهێنن. چەمکـی هاوتاکـان بـریتییە، لە کـۆی ئەو چیـنە واتاییـانەی، کە وادەکەن خوێنـدنەوەی جـۆریی دەربڕاوێـک شـیاو بێـت. بەمجـۆرە، لە دەقێکـدا، کۆبـوونەوەی هەمـوو واتاکـان واتـای گشـتی بە دەستەوە دەدات.

(ئەو پێکهـــاتەیەی، کە دوو وێـــنەی واتـــایی بە یەکەوە کۆدەکـــاتەوە، دەتـوانین بە کەمتـرین پـلەی سـیاقی دابنێـین، کە بـواربە هاوتاکـان دەدات (النظـائر)، ( رابـــح بوحـــوش:٢٠٠٩: ٤٣٣). لەم نمـــوونەیەی خـــوارەوەدا، کۆبـوونەوەی دووسـیمای واتـایی سـیاقی ئاخـاوتنەکە پێکدەهینن: {شـێرزاد کاتژمێر شەشی بەیانی دەچێتە دەرەوە}.

سیمای ((وردیی))، سیمای ناوەکیی ((زیندوویی)) تێدایە، کە بۆ بکەری ڕستەکە (شێرزاد) دەگەڕێتەوە، ئاوەڵکاری کاتی ((کاتژمێر شەشی بەیـانی))، سیمای (وردیی)، بە دەستەوە دەدات.

واتە: دوو سیمای واتایی، ڕۆشنایی دەخەنە سەر دەقەکە، سیمای زیندوویەتی بۆ شێرزاد دەگەڕێتەوە، کە بکەری ڕستەکەیە و سیمای وردبینی لەو کاتەدا، کە شێرزاد لە بەیانیدا دەچێتە دەرەوە (شەشی بەیانی). لە هاوتا بەرانبەرییەکاندا، دەتوانین، ئەو وشانە ئاڵوگۆڕبکەین کە سەر بەیەک چینن، لە ڕستەکەی پێشوودا، دەتوانین هەریەک لە (شێرزاد)، (شەشی بەیانی)، (دەچێتە دەرەوە)، بە چەند هاوتایەکی دیکە، وەک (ئازاد، یارا، ئۆتۆمبیلەکە، منداڵەکە...هتد)، (حەوتی بەیانی، یەکی دوای نیوەڕۆ...)، (نان دەخوا، کاردەکات...)، بەراورد بکەین.

یەکێک لەو دوانانە، کە سوسێر پێشکەشی کرد و بونیادگەرەکان پەرەیان پێدا، دوانەی هاوکاتی و بە دوای یەکداهاتن بوو، هاوکاتی بریتییە لە جوڵەی ڕەگەزەکان لە نێوان خۆیاندا لەیەک کاتدا، کە کاتی سیستەمەکەیانە لە ناو بونیادەکەدا، بەڵام بە دوای یەکداهاتن، بریتییە لە کاتی ترازانی بونیاد ( تخلخل البنیة) یان کاتی دارمانی ڕەگەز، کە هەندێکجار بە کرانەوەی بونیاد بەسەر زەمەندا گوزارشتی لێ دەکرێت، لێکۆڵینەوە لە سیستەمە وەستاوەکەی زمان لەساتێکی زەمەنیی دیاریکراودا، بە هاوکاتی دەژمێررێت، بەم پێیە لێکۆڵینەوەی هاوکاتی لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی و چەسپاوە و پەیوەندی بە دیاردە و گۆڕانەکانەوە نییە و سەربەخۆیە، بەڵام بەدوای یەکداهاتن لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوان ڕەگەزە بە دوای یەکداهاتووەکان، کە بە تێپەڕبوونی کات هەر ڕەگەزێک شوێنی ڕەگەزەکەی دی دەگرێتەوە، دەتوانین بڵێین: دوو جۆر پەیوەندی دابەشکاری هەیە: ((١ ـ پەیوەندییە لێکدراوەکان (بە دوای یەکدا هاتوەکان)، Syntagmatic پەیوەستە بە توانای پێکەوە بەستنەوە، واتە دوو یەکە دەچنە ناو پەیوەندییەک، کە سیمایەکی جێگۆڕکێیی یاخود نا جێگۆڕکێیی، ناکۆک یاخود کۆک (تنافرية او غير تنافرية) یان هەیە.

٢ ــ پەیوەندییە جێگۆڕکێیەکان ـ ستوونی (الاستبدالية) Pradigmatic: ئەو پەیوەندییانەن کە توانای گۆڕینەوە دیاری دەکەن و لە شیکردنەوەی سیستەمدا گرینگییەکی تایبەتیان هەیە، واتای هەر یەکەیەک پشت بە

جیاوازییەکانی نێوان خودی یەکەکە و ئەو یەکەیەی تر دەبەستێت کە دەکرا لە یەکێک لە بەدوای یەکداهاتووەکاندا جێگەی بگرتایەتەوە)) ، (بسام قگوس:٢٠١١: ١٦٦ ـ ١٦٧).

پەیوەندی نێوان دال و مەدلول پەیوەندییەکی لە خۆوەیە، بەڵام زمانی بە وێنە لەم بارودۆخە دەردەچێ، لە سەر بنەمای لێکچواندن دادەمەزرێ و جۆری پەیوەندییەکەی نێوانیان ڕاڤە دەکرێ. برکس دەڵێت: (مەبەستی خوازە و لێکچواندن ڕاماندەهێنن، بۆ ئەوەی بڵێین، کە لە یەکەمیاندا ڕوونکردنەوە هەیە، دووەمیان جوانکاریی)، ( روز غريب:١٩٧١: ١٩١ ).

توێژینەوەی میتافۆر، پەیوەستە بە پۆلی دەستە وشەی بە واتا figures of speech میتافۆر تەنیا لە ناوەندی شیعردا بەکارنایەت، بە ڵکو بەشێکی گەورەی بەکارهێنانی زمانە (levinson: ١٩٨٣:١٤٧)
بۆیە دەکرێ لە دەقی تریشدا ئاماژە بە بەکارهێنانە میتافۆرییەکان و ڕۆڵیان بۆ سەر فەرهەنگی زمان بکەین.

(بە بۆچوونی (کویرک)یش دەق بریتییە لە بەدوایەکداهاتنی چەند ڕستەیەک، کە پەیوەندییەکی گرینگ کۆیان بکاتەوە، بێگومان ئەو پەیوەندییەش دەقییە و لە سەرووی یاساکانی ڕێزمانەوەیە، چونکە ڕێزمان لە ڕستەدا دەوەستێ و ناتوانێ یەکەی لە ڕستە گەورەتر لێکبداتەوە و بە تەواوی کۆنترۆڵی ڕۆنان و پەیوەندییە ناوخۆییەکان بکات )، ( دیار عەلی کەمال: ٢٠٠٩: ٧).

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین، تیشک بخەینە سەر ئەو میتافۆرانەی کە لە دەقی شیعرو چیرۆک و وتاری ڕۆژنامە و گاڵتەوگەپدا بەکاردێن، بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە ڕوون بکەینەوە، کەلەنێوان زمانی ئەدەبی زمانی ئاخاوتندا هەیە، چۆن هەندێک لەم میتافۆرانەی کە نووسەران دایان دەهێنن، دەپەڕنەوە بۆ زمانی ئاسایی و دەوڵەمەندی دەکەن، ئەم بەکارهێنانە میتافۆرانە جۆراو جۆرن، هەندێک جارتەنیا لە وشەیەک پێکدێن، یان دەشێ دەستەواژە یان ڕستەبن.

هەنـــدێکجار کـۆمەڵە ڕســـتەیەک بەیەکەوە میتــافۆر دەگەیەنـــن، ئەو رسـتانەی کە بەیەکەوە لکـاون و پەیوەنـدی رۆنـانی و واتـایی لە نێوانیانـدا هەیە، دەق پێکـدەهێنن، دەقـیش دەکـرێ لە دوو شـێوەدا ببینـرێ: دەقـی نووسـراو و دەقـی زارەکـی (discourse) شـیکردنەوەی دەق لە زۆربەی کاتدا گرنگی بە بناغەگەری( بنیە )ی دەق دەدات، زاراوەی( وەسفی بناغەیی الوصـــف البنیـــوی)، ( بەوە لە وەســـفی نـــا بنـــاغەیی جیـــادەکرێتەوە، کە شـیکردنەوەی نابنـاغەیی(غیـر بنیـوی )، بە شـێوەیەک دەڕوانێتە دەق، کە لە تـوخمی جۆراو جۆر پێکهاتووە، واتە خـۆی تـوخمێکی گەورەیە و لە چەند تـوخمێکی دابەشبوو پێک هـاتووە. ( گەورەتـرین ڕۆنـان لە زمانـدا ڕسـتەیە، دانە بچووکەکـانیش بـریتین لە مۆرفیمەکـان. بەڵام لە شـیکردنەوەی دەقـدا، گەورەترین دانە ( دەق) ە)، ( قەیس کاکل تۆفیق: ٢٠٠٢: ١٠ ـ ١١).

(لە زمانی کوردیدا، زۆرجار زاراوەکانی (Text)و(Discours ) لە بـری یەکتری و بۆ یەک مەبەست بەکاردێن، هەرچەندە واتاکانیـان لە فەرهەنگدا لێکجیاکراونەتەوە، ( Discours)، زیاتر بۆئاخاوتن یـان گفتوگۆ بەکاردێت، بەڵام دەقە نووسـراوەکانیش دەتـوانرێ بخـرێنە نـاو چەمکـی (Discours) ەوە، چـونکە کـاتێ زمـان بـۆ دەربڕینـی بیـر بەکاردێت، لێکچـوونێکی زۆر لە نێوان ئاخاوتن و نووسیندا پەیدا دەبێت)، (بابارەسول نوری:٢٠١٣، ١٥).

(( لۆتمان _ L.Loutman پێیوایە دەق پشت بەم پێکهاتانە دەبەستێت:

١ ـ گوزارشت

٢ ـ سنوردیاریکردن

٣ ـ تایبەتمەندێتی

٤ ـ بار

نووســـینی دەق پەیوەســـتە بە توانســـت و توانـــای نووســـەرەوە، لەم ڕوانگەیەوە گلینس ـ H.Glins واتای دەق بە توانای زمانەوانییەوە گرێداوە و هەوڵیــداوە ئەرکێکــی نــوێ، بــۆ زاراوەکــانی ڕێزمــانی گواســتنەوە و بەرهەمهێنـانی چۆمسـکی زیادبکـات و پاشـان بە واتـای پراگمـاتیکییەوە بیانبەستێتەوە))، ( تریفە عومەر:٢٠٠٨: ٢٢).

بەڵام ناتوانین ڕستەی پچڕپچڕ بە دەق دابنێین، کە هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نەبێت، لە ڕووی ڕێزمانەوە ئامرازە بەندەکان، لە بەیەکەوە بەستنی بەشەکانی ڕستەدا گرینگییەکی زۆری پێ دەدرێت، هەروەها واتای ڕستە لە دەقدا، زۆر جار پەیوەستە بە ڕستەی پێش خۆیەوە. بە پێچەوانەی قوتابخانەی دروستەیی بلومفیلد و قوتابخانەی بەرهەمهێنانی چۆمسکییەوە، زمانەوانی بواری زانستی دەق پێیانوابوو، نیشانەی بنەڕەتیی زمان دەقە نەک ڕستە، چونکە پەیوەندیکردنی زمانیی)(بەهۆی ڕستەی پچڕ پچڕەوە دروست نابێت، بەڵکو دەق پەیوەندی تێگەیشتن دەهێنێتە ئاراوە. پ.هارتمان هەڵگری ئەم بۆچوونە بوو، لە نووسینەکانیدا گرینگی بە واتا دا، ئەوەی پیشنیازکرد کە واتا ڕۆڵی سەرەکی لە دیاریکردنی دەقدا هەیە، بەمجۆرە شەپۆلی واتایی لە چێوەی دەقدا گەشەی پێدرا، بە پێی دوو ئاستی زمان دەق شیدەکاتەوە، ئاستی ئاسۆیی _ Sentagma و ئاستی ستوونی Paradigma)) (سعید حسن: ٩٤:٢٠٠٤).

ئەگەر پەیوەندی نێوان دەق و ئەوەی دەق دەینوێنێ، پەیوەندی نێوان واتا و ئامرازی گەیاندنی واتا بێت، لەگەڵ دوو واتادا بەرانبەر دەبینەوە: یەکەمیان ئەو مانایەیە، کە دانەر مەبەستیەتی و لە ناوەوەی دەق خۆی حەشارداوە.دووەم ئەو مانایەیە، کە کۆمەڵێک توانای کراوە لە خۆی دەگرێ و بەو کەلەپوورەوە بەندە، کە دانەر لە ژێر سێبەرییەوە دەنووسێت. (گادامێر مانای دووەم بە رۆحی سەردەم ناودەبات ئەو مانایە لەدەقدا تەعبیر لە ئاسۆی رابردووی دانەر دەکات، بەڵام دواجار دەق شتێک نییە لە رابردوو، بەڵکو شتێکە رابردووی هەیە، مانا لای گادامێر بە یەکجار تەواو نابێت، وەک چۆن لە ڕێگەی ((پێشبین))ییەوە لەساتەوەختێکدا ناتوانین تێیبگەین، چوونکە مانا وەک گادامێر بۆی دەچێت ڕووداوە، ڕووداویش ڕەگەزی زەمەن بەشداری لە پێکهێنانیدا دەکات. کەواتە تێگەیشتن کردەیەکی گفتوگۆ ئامێزە نە تەواودەبێت و نە کۆتایی دێت. ئەو بیرورایەش ڕاستەوخۆ، بەحەقیقەتی ((دریدا)) بیمان پەیوەست دەکات.دریدا لە گەڵ گادامێر لەوەدا یەکدەگرێتەوە کە حەقیقەت وەک ڕووداوە دەمێنێتەوە) ،

(عەبدولموتەلیب عەبدولا:٢٠٠٨:٣٤) پارچەکانی دەق بە یەکەوە پەیوەستن، لە ڕوویشێوە و ناوەرۆکەوە، کە چۆنیەتی بەیەکەوە هاتنی ڕستەو دەستەواژەکان وپەیوەندییە واتاییەکانی نێوانیان دەگرێتەوە هەروەها ناوەرۆکە هەواڵییەکان، پەیوەندیان بە چالاکییە زمانی و نازمانییەکانەوە هەیە، کە واتای دەقەکە پێکدەهێنن.

زمان لای سوسێر، سیستەمێکە لە نیشانەکان، کە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی مادیی لەگەڵ ئەو شتەدا نییە، کە دەمانەوێ دەری ببڕین، لاسایی کردنەوەی بابەتیش نییە، بەلام هونەر جۆرە زمانێکە، نەک هەموو زمانێک، ئەگەر هونەر لاساییکردنەوەیەکی تەواوی بابەت بووایە، نەدەکرا لە نێوان بەرهەمی هونەریی و بابەتدا جیاوازییەک بدۆزینەوە، لەم دۆخەدا، کاری هونەرمەند دەبوو بە نۆژەنکردنەوەی سروشت، نەک داهێنانی هونەری، بەلام لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر هیچ پەیوەندییەک لە نێوان هونەر و بابەتدا نەبووایە، ئەو کات ڕووبەڕووی بەرهەمی هونەری نەدەبووین، بەڵکو دیاردەیەکمان لە پێشدا دەبوو، کە خاوەنی چییەتی زمانیی دەبوو، (تیۆرەکانی لیۆشتراوس لە بارەی شیعرەوە بوو.ئەو لە باسی دیاریکردنی پێگەی هونەر کە لە نیوە ڕێگای بابەت و زماندا دەیبینییەوە، بۆ شیعر پلەوپایەکی جیای دادەنا: شیعر لە نیوە ڕێگای هونەرو زمان دایە، پێوەندی لە تەک زماندا هەمان پێوەندی نیگارکێشە لە تەک بابەتدا، شاعیر ڕەهەندێکی تازە بە (تەعبیر)ە تازە زمانییەکان دەبەخشێت، وا دێتە بەرچاو کە شیعر لە نێوان دوو ڕێسای پێکناکۆک (پارادۆکس) دایە، کردەی ئاوێتە کردنە زمانییەکان و کردەی لێکدابڕانی واتاییە )، ( بابەک ئەحمەدی: ٢٠٠٥: ١٥) .

شاعیر لەدەرەوەی پانتایی ئاماژەگەری خەریکی دەربڕین و ئاماژە دەبێت، واتە لە دەرەوەی سنووری فەرمانڕەوایی زماندایە، وشە لای شاعیر ئامرازێکە، کە بواری پێدەدات، تا لە زمان بۆ تێکشکاندنی زمان سوود وەرگرێ، هەربۆیە شاعیر لە کردەی هاوئاهەنگی دیاردە بەرانبەری و لێکچواندنی شتەکان و دەربڕینە میتافۆرییەکاندا، دروستکەری زمانێکی

سەرووی زمانی ئاخاوتنە، زمانی دەق جیاوازە لە زمانی ئاسایی بۆیە دەربڕینە میتافۆرییەکانی دەق، لەوانەیە بۆ خوێنەرێکی ئاسایی کارێکی ئاسان نەبێت، لەبەرئەوەی هەموو دەقێک دوو لایەنی هەیە، لایەنی بابەتی کە ئاماژە بە زمان دەکات و دەبێتە بابەتی تێگەیشتن و تێگەیشتنی ئاسان، لایەنی خودیی، کە بە بەکارهێنانی تایبەتی زمانی دانەر و تێگەیشتنی خوێنەر بۆ لێکدانەوە و راڤەکردنی دەقەکەوە بەندە. ئاماژەیەکی تازە دەقاو دەق واتایەکی تازە نییە، پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان فۆرم و واتایە، ئەگەر ئەدەبیات بە هونەری ئاماژەی واتایی بزانین، دەبێ دان بەوەدا بنێین بەردەوام نوێ دەبێتەوە، هاوکات لەگەڵ ئەدەبیاتدا، رەخنەش نوێ دەبێتەوە. ژێنێت لە وتارێکدا لە بارەی رۆلان بارت نووسیویەتی، واتای خوازەی ڕوونکردۆتەوە، ئەم چەمکە لە هزری ئەودا گرینگییەکی زۆری هەیە، لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەگەر وشەی چارۆگە پەیڤێک بێ کە ئاماژە بە واتا یان ئاماژە پێ کراوێکی وەک چارۆگەی کەشتی بکات، لەتەک نیشانەیەکی زمانی بەرە و ڕووین، بەڵام ئەگەر چارۆگەی کەشتی وەکو کۆی کەشتی لە بەر چاو بگرین، لە گەڵ جۆرە ڕەمز، هێما یان خوازەی وشەیی بەرەو ڕووین. واتە: ئەگەر هاتوو بەشێک لە شتێکمان بە کۆی ئەو شتە گریمانە کرد ئەوە دەربڕینێکی خوازەییە، وەک (چاو)، کە بەشێکە لە مرۆڤ بۆ کەسێکی سیخوری بەکاربهێنین، لەم کاتەدا، ئێمە لە ئاماژەی زمانی تێپەڕبووین و بە سیستمێکی ئاماژەی تازە گەیشتووین.

ژێنت خۆی دەڵێت: ئەگەر لە سیستمی سیمیۆلۆژیکی دا، چارۆگە بتوانێ لە جێی کەشتی بەکاربێت، سیستەمی خوازە وشەییەکانە، لە سیستەمێکی تری سیمیۆلۆژیکدا، ئەگەر خوازەیەکی وشەیی بتوانێ ئاماژەپێکەرێک بێ بۆ ئاماژە پێکراوی شاعیرانە تیۆری دەربڕینە )،( بابەک ئەحمەد:٢٠٠٥: ٢١٣ ).

هێماکارەکان پێیان وایە، کە دەق کارایەکی هێمایی (ڕەمزی ئاڵۆزە) و لە کۆمەڵێک نیشانە پێکهاتووە، هەر تەنیا بە زمانەوە پەیوەست نییە، بەڵکو سنوورەکەی بۆ هێما ونیشانەی تر تێدەپەڕێت (خلیل بن یاسر: ٢٠٠٩: ٢٧).

لێرەدا سێ سیستەم کە بریتین لە: سیستەمی ئاماژەی زمانیی، ئاماژەی خوازەیی، ئاماژە لە تیۆری دەربڕیندا دەناسین، نموونەکەی سەرەوە، خوازەی ڕەها بوو، بەهەمان شێوە بەکارهێنانی میتافۆریش لەو سێ سیستەمەدا، شیاو و گونجاوە ئەگەر وشەی (نێرگز)، لە جێی گوڵی نێرگز بەکاربهێنین، ئاماژەیەکی زمانیمان دەربڕیوە، بەڵام ئەگەر بە واتای چاوی یار بەکاری بهێنین، لەگەڵ میتافۆردا بەرە و ڕووین، کە فۆرمێکی خوازەییە. بەڵام لە سیستەمی سیمیۆلۆژیکی تیۆریی دەربڕیندا، ئەم میتافۆرە خۆی دەتوانێ، بە واتایەکی شاعیرانە بەکاربێت، واتە: هەرکات میتافۆریی وشەیی بە پێی ڕێساکانی تیۆری دەربڕین لە واتایەکی شاعیرانەدا بەکاربهێنین، ئاماژەی واتایی هێندە فراوان دەبێتەوە، کە نابێتە هیچ ئاماژەیەکی حاشا هەڵنەگر، گوتار دیاریدەکرێت، بەوەی کە زمانێکە، قسەکەر لە کاتی ئاخاوتندا کۆنترۆڵی دەکات. بەمجۆرەش دەبێتە هاوواتای ئاخاوتن (Parol) ، یەکەیەکە دەکەوێتە سەرووی ڕستەوە، پێکهاتەیەکی یەک بە دوای یەکە، پەیامێکە لە سەرەتا و کۆتایی، زمان تێیدا وەک پرۆسەیەکی گەیاندن کاردەکات، بەڵام دەق کۆمەڵە وتراوێکی زمانییە، کە شیاوی شیکردنەوەیە دەق لێرەدا نموونەی ڕەفتارێکی زمانییە کە دەشێ گۆکراو یان نووسراو بێت. جاکۆبسن بۆچوونی وایە، گوتار، دەقێکە ئەرکی شیعری لە ئاخاوتندا، بە سەریدا زاڵ دەبێت، ئەم دەربڕینە، لە لایەکەوە درێژکراوەی شیعری بۆ زیادکراوە هاوکاتیەکەشی پێویستە لە گەڵ ئەرکە زمانەوانییەکانی تردا (Fonctions de la langue)، بە ڕەگەزەکانی پەیوەندییەوە پەیوەستە، کە خاسیەتی زمانەوانی ڕەنگی تێدا دەداتەوە.

**ج. م. آدام لە پێناسەی دەقدا دەڵێت**: (دەق بونیاتێکی پلەدارە، لە چەند بەش و پارچەیەکی ناتەواو یان تەواو پێکهاتووە، لە هەمان جۆر یان جۆری جیاواز، هەریەک لەم پارچانە بەشێکن لە پێکهاتەی دەق لە کۆمەڵێک ڕووداوی ئاڵۆز و سادە پێکهاتوون، بەم جۆرە دەق، لە ژمارەیەک بەشی پەیوەندیدار پێکهاتووە، کە ڕووداوی بیریی بەشداری تێدا دەکەن، یەکەی زمانەوانی بونیاتە زمانەوانییەکەی پێکدەهێنن، لە ڕوویواتاییەوە)، (J.M.Adam، ٢٩).

نووسەر یان ئاخێوەر، بە مەبەست دەربڕینە میتافۆرییەکان، لە دەقدا بەکار دەهێنێ، بۆ ئەوەی زمانێکی سەرووتر لە زمانی ئاخاوتن بخولقێنێ و ئاستی واتا بەرزتر بکاتەوە، راڤەکردنی ئەم دەربڕینانەش، پەیوەستن بە زانیاری و رادەیەکی بەرزی ژیری و تێگەیشتنەوە، ئەم جۆرە واتاخولقاندنە، دواجار لەگەڵ بیری وەرگرانی دەقەوە ئاوێتە دەبێت و تێکەڵ بە فەرهەنگی بەکارهێنەرانی ئەو زمانە دەبێت، بۆیە دیاردەیەکی ئاساییە، کە بەشێک لەم پێکهاتە میتافۆرییانەی دەق، بکەونە ناوزمان و کاریگەرییان لەسەر دەوڵەمەندکردنی ئاستی واتاو فەرهەنگەکەیدا هەبێت، ئاخێوەر یان نووسەر، پەنا بۆ چەند جۆرێک لە دەربڕینە خوازەییەکان دەبات، لێرەدا، ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

دەق تێپەڕاندنی ڕستەو پێکهاتەکانێتی، کە لە شیکردنەوە ولێکدانەوەیدا پشت بە بواری واتایی و کاریگەرییەکانی میتازمان و بەکارهێنانی هێماکانی زمان لە دەوروبەردا دەبەستێت، لێرەشەوە گرینگی بەکردەی تێگەیشتن دەدرێت (سمیس Smith دەڵێت: دەق ئەرکی پەیوەنیکردن و کردەی گەیاندنە.ئەمەشی لە کتێبێکدا خستەڕوو، لە ژێر ناوی (( تیۆری دەق، کێشەکانی زانستی زمان و پەیوەندیکردنی زمانی))دا بوو، لەم نووسینەشدا smith پەیوەستە بە ئەرکی پەیوەندیکردن و پەیوەندی نێوان زانستی زمانی دەق و لێکۆڵینەوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، بە بۆچوونی سیونسکی و برینکەر، هەندێ پێکهاتە و نیشانەی زمانی هەن کە وەک وشەی تاک و سەربەخۆ دەبینرێن، بەڵام لەڕاستیدا دەقن بۆ نموونە نانیشانی وێنەکان، پەندی پێشینان، قسەی نەستەق و ناونیشانی شیعرەکان)، (تریفە عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٨: ٢١).

لەسەر ئەم بنەمایە، ئێمە لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەماندا، ئاماژە بە میتافۆر لە هەندێ دەقی شیعری و ناونیشانە دەقی چیرۆک و ڕۆمان و وتار و پەندی پێشینان و ئیدیەم دەکەین، چەند نموونەیەکی بەکارهێنانی دەربڕینە میتافۆرییەکان، لەم دەقانە و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەیان لە زماندا، دەخەینە ڕوو.

## ٣\١٣) جۆرەکانی میتافۆر:

### ٣\١٣-١) خواستن:

چەندین بۆچوون و پێناسین لەبارەی میتافۆرەوە دەربڕاوە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

ئەرستۆ، لە پێناسەی میتافۆردا دەڵێت: (( میتافۆر پیادەکردنی وشەیەکی نامۆیە، یان لە چەشنەوە بۆ پۆل، یان لە پۆلەوە بۆ چەشن، یان لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر یان بە لێکچوون))،(بەکرعومەر:٢٠٠٠: ٤٠).

ئەرستۆ لەم پێناسەیەدا، هەوڵدەدات، لایەنە شکڵی و شێوەییەکانی میتافۆر بداتە بەر ڕۆشنایی، میتافۆر بە وشەیەکی نامۆ لە قەڵەم دەدا و بە ناڕاستەوخۆیی چەمکی گواستنەوە دەخاتە ڕوو، کە لە میتافۆردا هەیە لەگەڵ هەبوونی پەیوەندییەک لە نێوان لێخوازراو و بۆ خوازراودا.

بەپێی واتای بنەڕەتی و واتای خوازراو، دەتوانین بەم شێوەیە، پێناسەی میتافۆر بکەین:

بریتییە لە: (( بەکارهێنانی وشەیەک بۆ گەیاندنی واتاییێک جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی))، (محمد علی الخولی:١٩٨٢: ١٦٨). بە بەراوردکردنی ئەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان میتافۆر و لێکچواندندا هەیە، دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی بکەین:

((بەکارهێنانی وشەیەکە بۆ مانایەکی تر، ئەو وشەیەی کەلەبری شتێک بەکاردێت.لێکچواندنێک هەیە لەنێوان لێخواستراو و بۆخواستراو، لە لێکچواندا مەرجە هەردووبنەڕەتەکە لێچوو لەوچوو هاتبن بەڵام لە خواستندا یەک لەم دوو بنەڕەتە هاتبن بەسە، لە خواستندا تەنیا یەکێک لە بنەما سەرەکیەکان دەردەکەوێت ئەویش بەزۆری لێخواستراوە.هەندێ جار بۆخواستراو دەردەکەوێت، ئەوسا لێ خواستراو دەرناکەوێت تەنیا پەیوەستێک لە لێ خواستراو وەردەگرێت، ئەو کاتە خواستنی درکاو دروستدە کات ))، (هاوژین صلیوە:٢٠٠٨: ١٤ ).

هۆکارێکی گرینگی میتافۆر، دەوڵەمەندکردنی زمان و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەیە، کە بەهۆی سنورداریی وشەوە لە زماندا دروست دەبێت ((وشە لە

ڕووی ژمــارەوە لە هەمــوو زمانێکــدا ســنووری هەیە و لە بــن دێــت، بە پــێچەوانەی واتــاوە، کە هەرگیــزاو هەرگیــز کۆتــایی نــایەت و هەمیشــە لە پەرەســەندن دایە، ئەم ڕاســتییە وای لە میللەتــان کــردووە، هەنــدێ وشــە لە زمانەکانیان بۆ دوو واتا یان زیاتر بەکاربهێنن.لە زانستی زمـان و هـونەری ڕەوانبێژیشـدا، ئەو وشـانە بە چەشـنێکی تـایبەتی بـاس دەکـرێن و لـێ یـان دەکۆڵـدرێتەوە، سـەرەنجام ئەو وشـەیەی کە بـۆ واتـایەکی نـوێ لە زمـانی لاتینـی و زمـانە زینـدووەکانی ئەوروپـادا بەکاردێت پێـی دەوتـرێ میتەفـۆر Metaphore ))، (کامل حەسەن بەسیر: ١٩٧٩: ٥٨) .

جـاحز دەڵـێ: (( خواسـتن ناونـانی شـتێکە بە شـتێکی تـر ئەگەر شـوێنی گرتەوە))، (هیتلەر ئەحمەد: ٢٠٠١: ١٣) بە پێی ئەم پێناسەیە، دەبێ لە نێوان وشە بنەڕەتییەکە و واتا میتافۆرییەکەدا، لێکچوون و پەیوەندییەک هەبێت، لە هەر ڕوویەکەوە بێت، جوانی یان ئازایەتی یان لێهاتوویی یان وردی و زیرەکــی و خێرایــی.لە زۆربەی ئەو پێناســانەدا، کە بــۆ میتــافۆر کــراون، ئاماژەیەکیــان بــۆ چەمکــی گــوێزانەوە لە واتــای بنەڕەتیــیەوە بــۆ واتــای خواستراو تێدایە، ئەم کردەیەش بۆ زۆر مەبەست لە زماندا دەکرێت وەک پێویســتی و گەشەســەندنی زمــان، لەبەرئەوەی مــرۆڤ بە خۆڕســک وا خولقـاوە کە جـووڵە بکـات و هەوڵ بـدات و شـتەکانی دەوروبەر بناسـێت، بـۆئەم مەبەسـتەش سـەرەتا ئیشـارەتی بەکارهێنـاوە، بـۆ ئامـاژەکردن بەو شـتانەی کە ویسـتوویەتی دەریانببڕێت، دوای ئەمەش دەنگـی بەکارهێنـاوە، یەکەم دەنگیش بە بۆچوونی هەندێک بانگکردن بووە، دواتر دەنگی جیاوازی بۆ هێماکردن بەهەستپێکراوەکان بەکارهێناوە، تاوەکو وای لێهاتووە بۆ هەر ئامـاژە پێکراوێـک، کۆمەڵە دەنگێکـی بەکارهێنـاوە(مخلوف سـید أحمـد:٢٠١٠: ٤٩) دوای ئەوەی وشەکان بۆ واتایەکی دیاریکراو جێگیـر دەبـن، دەتوانرێت بگـوازرێنەوە بـۆ واتـایەکی تـر، ئەمەش دەبێتە هـۆی ئەوەی کە دەربـڕین بە وشــەیەک بکەیــن، کە لە بنەڕەتــدا بــۆ ئەو واتــایە دانەنــراوە، لەم بــارەدا، خواستن و خوازە و درکە و سێبەری واتایی دروست دەبێت.

کاری (چوو)، لە بنەڕەتدا، خاوەنی چەند سیمایەکی واتاییە، وەک: < + جووڵە، + ئاڕاستە، + وزە، + شوێن >، لە دەستەواژەی{سەری بە تاشین چوو}، ئەم سیمایانەی لە دەست داوە، هەروەها (چوو)، لە بنچینەدا وشەیەکی فەرهەنگییە، بەڵام لەم دەستەواژەیەی سەرەوەدا، ئەرکی ڕێزمانی بینیوە.

وشەی(هاتن) ، وشەیەکی فەرهەنگییە، بەڵام لە دەستەواژەی(هاتە کوشتن) دا، ئەرکێکی ڕێزمانی بینیوە، بەم پرۆسەیەش دەوترێت (بە ڕێزمانی بوون) لە دەستەواژەی (ساڵێکی هاتە)دا، ئەو سیما واتاییانەی بەزاندووە، کە لە وشە بنەڕەتییەکەدا هەیە، هەریەک لە وشەکانی (سەر، ژێر، لا، پشت، تەنیشت) لە بنچینەدا، دانەی فەرهەنگین، وەک میتافۆر بوون بە دانەی ڕێزمانی و ڕۆڵی ئاوەڵکاری شوێن دەبینن.لە وشەکانی {سەربان، پشت دەرگاکە}، وەک وشەی فەرهەنگیش بە واتای میتافۆر بەکاردێن: (پشتیان شکاند، پشتی هەیە، سەری گەورە...هتد).

بە پێچەوانەی ئەم دۆخەوە، هەندێکجار، مۆرفیمە سینتاکسییەکان وەک: (بە، لە)، کە وشەی ئەرکین، وەک مۆرفیمی وشەداڕێژ، لە دروستکردنی وشەی تازەدا ڕۆڵ دەبینن. (بەهێز، بەکار، لەجێ، لە ناو).

ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕبوونەی نێوان وشە و واتاکان لە سیاق و دەوروبەری بەکارهێناندا، کە میتافۆر ڕۆڵی تێدا دەبینێت، لە زمانەوانی نوێدا، گرینگی پێدەدرێ، لە بەرئەوەی هۆکارێکە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی واتا و وشەی فەرهەنگی.

میتافۆر بوارێکە، دەبێتە هۆی لەدایکبوونی دووەم، واتای هۆشەکیی واتایەکی گشتییە، کە لە هۆشدا جێگیر بووە، نەک ئەوەی کە واتایەکی پەیوەندیدار بە وشەیەکی تایبەتمەند بێت، بۆ نموونە، ئەگەر لە واتای بنچینەیی و خواستراوی هەندێ وشە بڕوانین، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت: (جەوهەر)، واتا بنچینەیەکەی، هەندێ کان و بەردی بە نرخە، وەک: یاقوت و زێڕو زیو و مس و.. هتد.

هەروەها دەشکرێ بۆ ئاماژەکردن بەلایەنی مەعنەویش بەکاربێت، کە دەڵێین:پیاوێکی بە جەوهەرە. واتە: (ڕەگەزێکی ڕەسەنی هەیە).بەڵام چەمکە فەلسەفییەکەی (جەوهەر) بەو شتانە دەوترێت، کە گونجان و هارمۆنیەتێک لەنێوان بەشەکانیدا هەیە، بەمجۆرە بێژەی (جەوهەر)، لە زماندا، دوو واتای هەیە:

**١ ـ بەردێکی جوان و بەنرخ**

**٢ ـ ڕەگەزێکی ڕەسەن.**

زاراوەی (ناوەرۆک)، لە لایەن قسەکەرانەوە بۆ شتی مادیی بەکاردێت، کە نرخ و بایەخە خۆراکییەکەی لە دەست نەدابێت، بە واتای خوازراویش دێت:

- **هەنارێکی بێ ناوەرۆکە ( واتای فەرهەنگی).**
- **قسەییێکی بێ ناوەرۆکە ( میتافۆر).**

وشەی (بەپیت)، واتا ڕاستەوخۆکەی بۆ زەوییێک بەکاردێت، کە کشتوکاڵی باش تێدا بکرێت و بەرهەمی چاک بدات:

- **{ پارچە زەوییەکی بە پیتە }.**
- **{ نووسینێکی بە پیتە }.**

میتافۆر بەشێکە لە زمانی بە وێنە، (( زمانی بە وێنە چەترێکە چەردەیەک دەربڕین و شیکردنەوەی هەمەجۆر لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، میتافۆر یەکێکە لەو هونەرانەی کە بەهۆیەوە زمانی بە وێنە دادەڕێژرێت و لە سەر بنەمای پەیوەندی ((**لێکچوونیش**))، ئەم هونەرە بونیاد دەنرێت))، ( پیتەر هالبێرگ: ٧٧:٢٠١٠). ئەم پەیوەندی لێکچوونەش، بە گەلێ شێوە ئەنجام دەدرێت، وەک:

١ـ لێکچوون لە شێوە: **ملی شووشە** { مل ئەو بەشەی لەشە کە سەر بە لاشەوە دەبەستێتەوە}.

**٢ـ هەندێ جار لە تایبەتی هەڵوێستەکەوە**، مانا خوازراوەکە بە دەست دێت: { **ئەمجا ڕەش، ڕێویەکە هەڵی خەڵەتاندین**}. ( لە هەڵوێستەکەدا، دیارە (**ڕێوی**) بۆ پیاوی فێڵباز خوازراوە ).

**٣ـ بەهۆی ئەرکەوە:** ئەو منداڵە گەورەی ماڵە ـ ئیش و کاری گەورەی ماڵ دەکات.

**٤ـ بەهۆی ڕەنگەوە:** کراسەکە هەنارییە، جانتاکە شەکەرییە، گوڵدانەکە پرتەقاڵییە.

ـــ یەکێک لە جۆرەکانی میتافۆر (( گواستنەوەی واتایە، لە ناوێکی تایبەتییەوە بۆ ناوێکی گشتی، زۆر لە پاڵەوانانی چیرۆک یان ڕۆمان، کە سیفەتێکی زەقی دیاری دەبێت (چاک یا خراپ)، دەبێتە ناوێکی گشتی و ناو لەهەموو کەسێک دەنرێت کە ئەو سیفەتە هەڵگرێت))، (صباح ڕەشید:٢٠٠٠: ١٨٨).

چەندین نموونەی لەم جۆرە، لە ژیانی ڕۆژانەدا بەرچاودەکەوێت:

ـ هەندێکجار، ڕووداوێکی ڕاستەقینە کە ڕوودەدات، وێنەیەکی زمانی لە لای خەڵکی دروست دەکات و دواتر دەبێتە خوازەیەکی زمانیی، بۆ هەر ڕووداو یان هەڵوێستێکی لەو جۆرە، بۆنموونە ( **لافاوی عەدەبەڵەک**)، کە لە شێوەزاری کۆیەدا پێی دەوترێت: (**لافاوی عەدەبەرەک**)،خوازەیەکە بۆ لافاوێکی بەهێز کە لە وەرزی هاویندا لە شاری کۆیەدا ڕوویداوە، ئەم پیاوە بە خۆی و ئەسپەکەیەوە لە لافاوەکەیان داوە، لە ئەنجامدا لافاوە بەهێزەکە، خۆی و ئەسپەکەی بردووە، ئێستا ئەمە لە شاری کۆیەدا بۆتە خوازە، بۆ هەر باران بارینێک کە لە وەرزی هاویندا ڕوو بدات.

ـ لە هەندێ نموونەی تردا، ئەم وێنە و ڕووداوە درامیانە دەبن بە وێنەی خوازەی زمانیی:

- **سەرمای پیرێژن**.

ـ نموونەیەکی تری خوازەی زمانییە، کە لە وێنەیەکی درامییەوە وەرگیراوە بریتییە لەو دۆخەی کە: پیرێژن، لە یەکێک لە ڕۆژەکانی بەهاردا، بە خۆشی کەش و هەوا هەڵخەڵەتاوە، بۆیە دەچێتە دەرەوە، لە ناکاو و لەپڕ سەرمایەکی توندو بەهێز هە ڵی کردووە، کە بۆتە هۆی ڕەق بوونەوەی و مردنی.

- **مەیکەن بە دیوەخانەکەی ساتو قەڵا.**

نموونەیەکی تری ڕووداوێکە، کە بۆتە خوازەیەکی زمانیی، باس لە دیوە خانێک دەکات، کە سەرەتا باوکەکە بەباشی بەڕێوەی بردووە و نانیان بە خەڵک داوە، دیوەخانێکی گەورە بووە، بەڵام دوای نەمانی باوکەکە، دیوەخانەکە کەوتۆتە دەست کوڕەکانی و بێ سەرپەرشت و بێ سەر و بەری پێوە دیاربووە، ئێستا بە کۆمەڵە کەسێک دەوترێ کە لەسەر شتێک ڕێکنەکەون.

- حاتەمی تەی (حاتم الطائی)، بە کەسێکی دڵباشی سەخی دەوترێت.

**ـ هەندێک لە خوازەکان، هاوشێوەن و بۆ هەمان بار بەکاردێن:**

- هەر بە ڕبەی تەق تەقە.
- عەینی تاس و عەینی حەمام.

هەردوو خوازەکە، بەکارێک دەوترێت، کە هاوشێوەی کارەکەی پێشووبێت.

**ـ جۆرێکی تری خوازە، لە ئاینەوە هاتووە:** ((سالّی یوسف: نەهاتی: قات و قڕی))،(عەبدولوەهاب شێخانی:٢٠٠٩: ١٨٨).

**ـ دەڵێی مەسیحە: ( پاکی و ئاشتی و ئاین پەرستی).**

**ـ ئازایەتی و چاونەترسی و نەتەوەپەرستی:**

- **شێری ئیمامی عەلی**
- **خۆی بە گیڤارا دەزانێ.**

بە پێی بنەمای دەرکەوتنی واتای بنەڕەتی و واتای خوازراو، دەتوانین میتافۆر بۆ دووجۆری ئاشکراو درکاو دابەشبکەین:

لە خواستنی ئاشکرادا، واتا بنەڕە تییەکە (لێچوو)، دەردەکەوێت، واتای خوازراو لەوچوو ناوترێت، بەهۆی پەیوەندی، یان وێنەی ڕەمزییەوە دەزانین، کە مەبەست واتا خوازراوەکەیە، نەک ڕاستەقینەکە:

- **شەڕابی لەعلی روممانی لە ((نالی))**

**حەرامە بێ مەزەی ماچێکی لێوان** ( دیوانی نالی، ١٣٨٨ ه: ٢٦٣ )

شاعیر، **(لێو)** ی بە (**شەرابی لەعلی رومانی**)، چواندووە، لێچوو دەرکەوتووە، بەڵام لەوچوو دەرنەکەوتووە، واتە: چەشتنی شەرابی ڕەنگی سووری هەناریی، حەرام دەبێت، ئەگەر ماچی لێوی یار نەبێتە مەزەی.

لە دروستبوونی میتافۆرەکەدا، جۆرە گونجان و پەیوەندییەک، لە نێوان واتای بنەڕەتی و واتا میتافۆرییەکەدا هەیە:واتای بنەڕەتی: (**ڕەنگی سووری هەناریی**) ـــ واتای خوازراو (**لێو**)، سیمای (**سوور**)، لەهەردوو واتاکەدا هاوبەشە.

هەروەها، لە ڕوانگەی ئاینی ئیسلامەوە، جۆرە گونجان و پەیوەندییەک، لە نێوان شەراب و حەرامدا هەیە. لە نێوان شەراب ومەزەشدا دیسانەوە لە هەڵبژاردنی واتاکاندا، گونجان هەیە:

شەراب ـــ حەرام (واتای خوازراو)، شەراب ـ دیاردەیەکی حەرامە.

شەراب (مەزە) ـــ مەزەی ماچ ( میتافۆرێکی ناوییە).

**٣\١٣ــ٢) خواستنی درکاو (الاستعاره المکنیه)**: ئەم جۆرە، بە درکە (کنایە)، تێکهەڵکێش دەکرێت، کە ڕەمزێکە، بە وشە یان پێکهاتە دەردەبڕدرێت، مەبەست واتایەکی ترە، کە ئاخێوەر دەیەوێت جێگیری بکات.

- **{ دووکەڵ لە ماڵیان هەڵناسێ}.**

لە واتای زارەکیدا وا هەست دەکەین، کە ئەوماڵە ئاگریان نەکردۆتەوە، یان ماڵیان نەسووتاوە، بەڵام ئەگەرلە واتاکە وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە دوکەڵ لە کۆندا نیشانەی چێشت لێنان بووە، لەبەرئەوەی خەڵک ئەو کاتە بۆ چێشت لێنان، دارو دووی بەکارهێناوە، بۆیە نەبوونی ئاگرو دوکەڵ، لە ماڵێکدا، نیشانەی هەژاری یان قرچۆکییە.

- **کوانێ نۆبەی کورد هێشتا زۆر لە مێژە بێ دەسە**

**دەستە پاچەی ڕێی ژیانە تازە ئیش و نەوڕەسە** ( کەمال مەعروف: ٢٠٠٣:١٧٤) .

لە واتای زارەکیدا، وا دەردەکەوێت، کە کورد لە مێژە دەستی نییە، بەڵام مەبەستی شاعیر لە بەکارهێنانی وشەی دەستدا، هێزوتوانا و دەسەڵات و سەربەخۆییە.

درکە بریتییە لە (( بەکارهێنانی وشەیەک لە جیاتی وشەیەکی تر، کە پەیوەندی کات یان شوێن، لە نێوانیاندا هاوبەشبێت))، (بەکر عومەر: ٢٠٠٠:٨٦).

یان ((شێوەیەکی ئاخاوتنە، کە جێگەی ناوی شتێک بە ناوی چەند شتێکی تر دەگرێتەوە، کە یەکسەر ئەوت بیردەخاتەوە، بۆ نموونە بوتڵ و خواردنەوە، ڕۆژنامە ــ ڕۆژنامەنووس، تەنوورە و ژن، مۆزارت بۆ مۆسیقای مۆزارت))، (پیتەر هالبێرگ: ٢٠١٠: ٨١).

درکە لای زۆربەی داهێنەران بەوە جیادەکرێتەوە، کە شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕەوانبێژیی، واتامان بە شێوەیەکی هەستپێکراو پێدەدات، وەک وێنە کێشێک کە بەرگی هەست پێکراو بەبەر شتە واتاییەکاندا دەکات. زۆر لە دەربڕینەکانی ڕۆژانەمان میتۆنیمین، بۆنموونە کە دەڵێن (من شکسپیرم خۆش دەوێت)، مەبەست ئەوەیە (بەرهەمەکانی یان نووسینەکانی شکسپیرم خۆش دەوێت)، پەیوەندی نێوان شکسپیر و بەرهەمەکانی زۆر ئاشکرایە. چەند نموونەی تر:

- **نالیم هەموو لەبەرە** (مەبەست شیعرەکانی نالییە، نەک نالی خۆی).
- **قاپێکم خوارد** (مەبەست خواردنی ناو قاپەکەیە).
- **مەنجەڵەکە لەسەر ئاگرە** (خواردنەکەی ناویەتی).
- **قۆریەکە دەکوڵێ** ( ئاوەکەی ناویەتی).
- **بەغدا بە هەڵوێستی وا ڕازی نابێ** - (دەسەڵاتی بەغدا).
- **ئەم شارە خرۆشاوە** (مەبەست خەڵکی شارەکەیە).

میتۆنیمی ــ هێمایەکی هۆییە واتە پەیوەندییەکی سروشتی یان ئاسایی (هۆیی) لە نێوان دوو وشەکەدا بەدی دەکرێ، وەک پەیوەندی نێوان (بەغدا) و (دەسەڵاتی بەغدا)، یان (نان) و (بژێوی).ئەم دیاردەیە، بە ڕادەیەکی زۆر لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێت، بە تایبەتی لە نێوان ئەو شتانەی کە پەیوەندی نزیکیان بە یەکەوە هەیە: قسەکەر کە دەڵێ { هەموو بازاڕی هێناوەتەوە}، مەبەست شتەکانی بازارە.

- **نووسینەکانی بە پێزن** (خاوەن بەهرەیە)
- **زمـــان تەقەتە** (زمـــان لەبـــری کەســـەکە بەکارهـــاتووە، واتە: نهێنـــی نادرکێنێ).

جیاوازی نێوان میتافۆرو میتۆنیمی جیاوازی نێوان ڕەمزی وێنەیی و ڕەمزی هۆییە، میتافۆر وەک هێمای وێنەیی دەردەکەوێ، واتە: تاڕادەیەک لێکچوون لە نێوان دوو شتەکە یان دوو دەربڕینەکە بەدی دەکرێ و وێنە لەســـەر بنەمـــای لێکچـــون، بونیـــاد دەنـــرێ، ئەمەش لە زمـــانی ئەدەبـــی و قسەکردنی ڕۆژانەدا دەردەکەوێ:

- **کات بۆخۆی دەڕوات.**

لێکچوونێک دەهێنێتە بەرچاومان لە نێوان (ڕۆیشتن)، (کات) دا، ڕۆیشتن، جۆرە بکەرێک هەڵدەبژێرێ، کە بەچاو ببینرێ و، هۆکارێکی فیزیکی بۆ جووڵە هەبێت، بەڵام (کات)، بە چاو نابینرێ و ئەو هۆکارە مادییانەی تێدا نیـــیە، کە کـــاری (ڕۆیشـــتن)، داوای دەکـــات، بەڵام دەتـــوانین لە زەیـــن و هۆشماندا ئەوە بەرجەستە بکەین، (کات)، لە ڕۆژگارو سەردەمدا تێدەپەڕێ. بەڵام پەیوەندی میتۆنیمی، خزمایەتی یان پەیوەندییەکی واقعییە، وەک: { بەتڵ و شەراب، پەرداخ و خواردنەوە}.

درکە (کنایە)، جۆرێکە لە ئیحاو سێبەری واتایی، بە واتای خواستنێکی دیارو ئاشکرا دێت، بۆ هێماکردن بە درکەیەکی ناڕاستەوخۆ، هەندێک درکە بەوە پێناسە دەکەن، کە وەبیرخستنەوەی شتێکە، بەڵام بە واتای فەرهەنگی وشەکان نایەت.

لەگەڵ ئەوەدا، نەریـتە بەرایییەکـان، لەژیـانی سـەردەمدا لە نـاوچوون، بەتـایبەتی لە شـاردا، بەڵام تـاوەکو ئێسـتاش هەنـدێ لە درکەی ئەم جـۆرە ژیـانە لە زمانـدا مـاونەتەوە و بەکاردەهێنـدرێن لە بەرنرخـی واتـا ئیحـایی یەکانیان:

- دیوەخانیان گەرمە.
- ئاشی نەزان خودا دەیگێڕێت.

درکە، لەوەدا لە میتافۆر دەچێت، کە خوڵقاندنی زمان و ئاخاوتنی تێدایە بەهۆی گۆڕان لە واتادا، بۆیە دەتوانین، درکە بە جۆرێک لە لادانی واتایی

دابنێین، کە ئاخێوەر بۆ گۆڕانی واتایی پشتی پێ دەبەستێ، لەهەمان کاتدا، گۆڕان لە هزریشدا دروست دەکات لە بەرئەوەی کردە و ئەزموونی هەڵبژاردن و دانانی واتای زمانیی دەبێتە هۆی لەدایکبوونی دال و مەدلوول، کە ئەمەش داهێنانی ئاخاوتنی لێدەکەوێتەوە و رەفتارێکی زمانەوانییە لە کردەی گواستنەوەدا ڕوودەدات. (( (گراهام هاف)، دوو جۆر هەڵبژاردن لەیەک جیادەکاتەوە: یەکێکیان لاوەکییە و ئەوی تریان سەرەکییە. لە هەڵبژاردنی لاوەکیدا باس لە سەرچاوە فەرهەنگییە هەمەجۆرەکان و بنیاتنانی ڕستە لە زمانێکی دیاریکراودا دەکات. واتە هەڵبژاردنی کەرەستەکان یاخود هەڵبژاردنی ڕێزمانی. بەلام هەڵبژاردنی سەرەکی واتە هەڵبژاردنی بابەت بە مانایەکی فراوان))، (پەخشان عەلی:٢٠٠٩: ٢٤).

هەڵبژاردنی سەرەکی شێوازی لێناکەوێتەوە، بەلام هەڵبژاردنی کەرەستەکان یان هەڵبژاردنی ڕێزمانی، شێوازی لێدەکەوێتەوە، هەندێک وای دەبینن، ئەم جۆرە هەڵبژاردنە، بریتییە لە بەرجەستەکردنی مانایەک کە پێشتر بە شێوەیەکی زۆر وردبین وێنەی کێشراوە، بەلام هەندێکی دی وای دەبینن گۆڕانی بەردەوامە لە هەمان مانادا، چۆمسکی جیاوازی شێواز دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو دەستەواژانەی لە مانادا هاوواتان، کەچی لە دارشتندا جیاوازن.

**٣-٣\١٣)خوازەی بەڕەڵڵا**: جان کوهین، پێی وایە کە کردەی گۆڕانی واتا لە خۆوە ڕوونادات، هەروەک لە وتاری خواستن وردکەدا دەبینرێ، لە بەرئەوەی لەنێوان مەدلوولی یەکەم و مەدلوولی دووەمدا، پەیوەندییەکی ئالۆگۆڕ هەیە، کە لەگەڵ یەکتریدا شیاو و گونجاون، ئەگەر پەیوەندییەکە لێکچواندن بوو، بە خواستن دادەندرێت، بەلام ئەگەر هاوسێیەتی بوو درکەیە، هەروەها ئەگەر لەسەر بنەمای پەیوەندی بەش بە گشت بوو، ئەوکاتە خوازەی بە ڕەڵلایە(رابع بوحوش:٢٠٠٩:٢٢٠). شاعیر بەهۆی خوازەی بەڕەڵلاوە، وشەیەک بۆ بوارێکی تر دەگوازێتەوە و بەکاری دەهێنێت، بەهۆی ئەمەش جۆرە لەجێچوون یان خزینێکی واتایی ڕوودەدات.

زمانی ئەدەبی خاوەنی کۆمەڵێک خاسیەتی دیاریکراوە، کە بەهۆیانەوە لە زمانی ئاسایی جیادەکرێتەوە ((دەربڕین لە زمانی ئەدەبیدا، چالاکی زیاترە لەو دەربڕینەی لە زمانی ئاساییدا هەیە، چوونکە جگە لە واتا بنچینەییەکەی خۆی، ئاماژە بە لایەنی نەبینراویش دەکات، هەروەها لایەنی هەڵچوون و خەیاڵ کردنیش دەگرێتەوە، کەچی دەربڕین لە زمانی ئاساییدا تەنها ئاماژە بەو واقیعە دەکات کە ڕاستەوخۆ لەبەر چاومانە))، ( أدونيس: ١٩٨٦: ٢٩٧).

لە زمانی ئەدەبیدا، یاساکانی زمان دەشکێنرێت و زمان لە شێوە باوەکەی، کە خەڵک لە سەری ڕێککەوتوون دەردەچێت و لە واتا فەرهەنگییەکەی دوور دەکەوێتەوە بۆ ئەوەی ناوێکی نوێ لە شتەکان بنێ، ئەم دیاردەیەش بە لادان لە باو ناودەبرێت.

هەرچەندە سنووری لادان لە باو فراوانە، بەڵام لێکۆڵەرەوان زیاتر لە ڕوانگەی زمانەوە سەیری دەکەن، (بیرجیرۆ)، لەم بارەیەوە دەڵێت: (( دەتوانین بڵێین شێواز لادانی زمانەوانییە)) (بييرجيرو:١٩٩٤: ٥٥١ ) لادان لە باو، لە ئەنجامی هەڵبژاردن و بژارکردنی کەرەسە زمانییەکان هاتۆتە ئاراوە. جۆرێکی میتۆنیمی Synekdoke کە بە خوازەی بەڕەڵلاش ناودەبردرێت، تایبەتمەندییەکی ڕوون و ئاشکرای هەیە، کە تێیدا، بەش لەبری هەموو یان بە پێچەوانەوە دەبێ، ناوهێنانی بەشێکی گرینگ دەبێتە ناوهێنانی سەرجەم شتەکە:

- **قوتابخانەکە ڕژانە سەر شەقام.**

{ مەبەست مامۆستا و خوێندکارانی قوتابخانەکەیە}.

لە خوازەی بەڕەڵلادا، بەشێکی ناوەکە، واتای هەمووی دەگرێتەوە.بۆنموونە: (دەست) ـ بۆکار وەک لەم رستانەی خوارەوەدا:

دەستی لە کانی ئاڵتوون دایە (نیشانەیە بۆ دەوڵەمەندی).

- دەستی کورتە (هەژارە، کەم دەرامەتە).
- دەستی ناڕوا (دەسەڵاتی نییە).
- دەستی لە هەموو کونان دەنێ. (پەلە دەکات).
- دەستی بەتاڵە (کاری نییە).

دەشــێ (دەســت)، لەبــری کەســێک بەکاربێــت: دەســتی تــۆم شــکاوە (لەبەرخاتری تۆ).

هەروەها بەکارهێنانی وشەی (دڵ)، لەم رستانەی خوارەوەدا:

- دڵی کرمێ بووە ( گومانی پەیداکردووە) .
- دڵی نایەت ( ناتوانێ کارێک بکات) .
- دڵم ئاو ناخواتەوە (بە تەواوی بە کارەکە ڕازی نییە).

لەسەر بنەمای ئەم دابەشکردنە، دەتوانین دوو بۆچوون وەربگرین:

بۆچوونی یەکەم: متـافۆر مەجـازە لە سـەر بنەمـای پەیوەنـدی و وێنەی ڕەمزی دامەزراوە.

بۆچوونی دووەم: میێتـافۆر جـۆرە لێکچوانـدنێکە، کە یەکێـک لە بـنەڕەتە سەرەکییەکانی لادراوە.

بەم جـۆرە میێتـافۆر لەســەر بنەمـای دوو بـنەڕەت دابەش دەکرێـت: لە خواستنی ڕاگەیاندندا (دەربڕاو)، لێخواستراو دەردەبڕدرێت و بۆ خواسـتراو دەرنابڕدرێــت، بەهــۆی پەیوەســتێکەوە دەزانرێــت، کە مەبەســت واتــا ڕاستەقینەکە نییە.

(( **من لە خونچەدا مەی ئەخۆمەوە**

**ژان و ئەندێشەی پێ ئەبڕێنمەوە**))،(دڵشاد مەریوانی:٢٠٠٩: ٧٨).

کــاری (خــواردنەوە)، (مەی)، دەریــدەخەن، کە خــونچە بە واتــای ڕاستەقینەی خۆی بەکارنەهاتووە.

بەڵام لە خواســتنی درکــاودا، لێخواســتراو دەرناکەوێــت، بەڵکــو تەنیــا بۆخواستراو دەردەکەوێت.

لە قورئـانی پیـرۆزدا، خـودای گەورە دەفەرموێت: [ واخفض لهمـا جنـاح الـذل مـن الرحمـة]، (جنـاح)، لە بنچیـنەدا هـی باڵنـدەیە، کە دەرنەکەوتـووە، جـۆری خواســتنەکە درکــاوە، لەبەرئەوەی(الــذل)، بۆخــوازراوە، بەڵام لــێ خوازراو (الطـائر)، دەرنەکەوتـووە، پەیوەسـتێک لە لێخـوازراوەوە کە (جنـاح) وەرگیراوە.

٣\١٣ــ٤) **مێتــافۆره باوەکــان (ســواوەکان):** هەنــدێک جــۆری مێتــافۆر بەڕادەییێک بڵاون، کە تەنانەت ئێمە هەستیان پێ ناکەین، بۆ نموونە: لەکاتی گەشتکردندا، کە بەڕێگایەکدا دەڕۆین، چەند تابلۆیەک دەبینین:

- ژیان لێرەوە دەست پێدەکات.
- ( onlem )بکرە و ژیان ببەرەوە.

بەهەمان شێوە مێتافۆر لە وشەکانی بەستە و گۆرانیشدا دەردەکەوێت، بەستەو گۆرانی میللی ژمارەیەکی زۆر مێتافۆریان تێدایە، کە وا هەست دەکەین بەهۆی دووبارە بوونەوەیان و زۆر بەکارهێنانیان سواون و وەک دەربڕینی باویان لێهاتووە.

٤\١٣)**(ئاماژە ــ هێما ــ مێتافۆر ) (السیمیاء و الاستعارة )**:

مەبەستمانە ڕۆشنایی بخەینە سەر لێکۆڵینەوە لە ستراتیجیەتی ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان مێتافۆرو زانستی نیشانەدا هەیە، کە دەتوانێ زمانێک دروست بکات، هەڵگری شفرەی جۆراو جۆر بێ و ئاخاوتنێک لە ئاخاوتنێکی تر جیابکاتەوە. بەهۆی پەرەسەندنی زمانەوانی نوێوەوە، ژمارەیەک ڕێباز و شەپۆلی رەخنەیی دەرکەوتن، وەک: بونیادگەری، شێوازگەری، سیمیۆلۆجیا: زانستی سیمۆلۆجیا هەوڵیداوە پەرە بە چەندین ڕێگای والاکراوەی خوێندنەوەی دەق بدات، بە بۆچوونی سیمۆلۆجیستەکان، کێشەی زمانەوانی بەر لە هەموو شتێک کێشەیەکی سیمۆلۆجییە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە، زمان بەسەر کۆمەڵێک سیستەمی هێمایی دابەش دەبێت. ئەم بایەخپێدانەش، بەمەبەستی دۆزینەوەی نەسەقی شاراوەی پشت ئاماژەکانە و واتا و کۆد و نیشانەکان، ئازادی خوێندنەوەیان بەرجەستەکردووە.

وشەکانی (السیمیائیة)، (السیمائیة)، سیمۆلۆجیا، سیمۆتیکا، بۆ زانستی ئاماژە، زانستی نیشانە، کە ناوی یەک زانستن وەرگێڕدراون، زمانەوانی سویسری فێردیناند دی سوسێر (F.D saussure)، Universi سیمۆلۆجیا ( Semology) ی بۆ داناوە، کە لە ( Semion) ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، زاناو فەیلەسوفی ئەمەریکیش (چارلس ساندەرس پێرس)، (Ch.Perice

ســـیمۆتیکا) (Semiotics) ی بـــۆ دانـــاوە. (بســـام قطـــوس و محمـــد درابسة:١٩٩٥: ٦١ ـ ٧٨ ).

پەیوەندی نێوان میتافۆر و هێما و نیشانەی زمانیی دەردەخەین، لە دۆخێکدا، کە بایەخ بە دووبارە زیندووکردنەوەی هێما زمانییەکان دەدەین و واتای نوێ بەبەر دەربڕینە کۆنەکاندا دەکەینەوە.

لەهەندێک دەقی ئاخاوتندا بە تایبەتی لە شیعردا هەندێ وشە واتاکانیان دووبــارە لە بــوارێکی مەعریفــی نوێــدا بەکاردەهێنــدرێنەوە، لێکــۆڵینەوە لە ســـتراتیجیەتی ئەم پەیوەنـــدییە، جۆرێـــک لە وابەســـتەبوونی هـــزری و ئایدۆلۆجی رابردوو، بە دووبارە بەرهەمهێنانەوە و گیان بە بەرداکردنەوەی واتـای وشـەمان بـۆ ڕوون دەکاتەوە.هەنـدێ هێمـا، وشـەی کلتـووری کـۆن، واتای نوێیان پێ دەدرێت، ئەمەش دەبێتە هـۆی دروسـتبوونی واتـای تـازە، یـــان دروســـتبوونی هێمـــایەک کە واتـــایەکی پەرەســـەندووتری لە واتـــا فەرهەنگییە بنچینەیەکە هەیە، بەهـۆی ئەم کـردەیەوە ئـاخێوەر یـان نووسـەر چەمک و تێگەیشتنی نوێ بۆ زمـان دادەهێنێ.بەمجـۆرە میتـافۆرلە توانایـدا هەیە، کـۆتە بەسـتۆکەکان بشـکێنێ و واتـاو چەمـکە زمانییەکـان زینـدوو بکـــاتەوە، نەک بەو ســـیفەتەی شـــێوازێکی ڕەوانبێـــژییە، لەســـەر بنەمـــای لێکچـوون و وێـنەی ڕەمـزی کاردەکـات، میتـافۆر هۆکـارێکە بـۆ داهێنـانی واقیـع، نەک بە تەنیـا جوانکردن و ڕازانـدنەوەی ئەو واقیـعەی کە هەیە، بەو شـێوەیەی کە لە رەوانبێـژی کۆنـدا وەسـفی کـراوە. شـاعیر یـان ئـاخێوەر کـردەی میتــافۆر دەهێنێتەکــایەوە، بـۆ پڕکـردنەوەی ئەو کەلێنــانەی کە لە بۆخواستراودا هەیە و وای دەردەخـات کە خـاوەنی هەمـوو ئەو بنەمایـانەیە کە لە لێخواستراودا هەیە (عبد الفتاح أحمد:٢٠١٠: ١٨١).

ســـمیۆتیکای پێـــرس لەســـەر لۆجیـــک و دیـــاردەگەرایی و ماتماتیـــک بنیاتنراوە ، کە لە دەلالەت و پەیوەندییەکانی ڕەمزی کۆڵییەوە، سیمۆتیکای پێــرس لقــێکە لە زانســـتی گشـــتیی دالەکـــان، واتە:فیزیۆلۆجیـــای دال یـــان سیمۆتیکای دامەزراندن بـایەخ بە ڕواڵەتگەرایی بەڵگە دەدات. تەنیا کردەی بەڵگەی ناکۆتا و بێ سنوور، زامنی دامەزراندنی سیستەمێکی سـیمۆلۆجییە،

کە بتوانێــت بەهــۆی هۆکــارە تایبەتییەکــانەوە خــۆی ڕوون بکــاتەوە، لە ڕاستیدا واتا لە دەرەوەی زماندا نییە، بەڵکو لە خودی پرۆسەی پەیوەندی و پرۆســەی گــوتن و پرۆســەی بەرهەمهێنانــدایە. وا لە ســیمۆتیکای پێــرس دەڕوانرێـــت، کە لە یەک کاتـــدا، ســـیمۆتیکای نوانـــدن و پەیوەنـــدی و دەلالەتە.ســێ ڕەهەندیشــی هەیە: ڕەهەنــدی پێکهــاتەیی، ڕەهەنــدی دەلالــی، ڕەهەندی بەکارهێنانی پراگماتیکی) (بسام قطوس: ٢٠١١ : ٢٥١ ).

لــە ڕوویفــۆرمەوە، زمــان لە فــۆنیم و مــۆرفیم و یەکەی فەرهەنگیــی پێکهــاتووە، کە ڕەهەنــدی پێکهــاتەیی دالەکــانە، ڕەهەنــدی دووەم بــایەخ بە پەیوەندی واتا بە سیاقەوە دەدات، ڕەهەندی سێیەمیش بایەخ بە یاساکانی تەئویلکردنی واتە پەیوەندی دالەکان، بە لەبەرچاوگرتنی ڕاڤەکارییەکانەوە.

لەم بــارەدا، مێتــافۆر وەک ئــامرازێکی مەعریفــی و داهێــنەری بیــرۆکەی تــازە ڕۆڵ دەبینێــت، کە لە توانایــدا هەیە، کــۆتە بەســتۆکەکان بشــکێنێت و بەرگێکــی تــازە بەبەر زمانــدا بکــاتەوە، ئەمەش نەک تەنیــا بەو ســیفەتەی کە شــێوازێکی ڕەوانبێــژییە و لە ســەر بنەمــای لێکچــوون و وێــنەی ڕەمــزی کاردەکات، بە لکو هۆکارێکە بۆ خولڦاندنی واتای تازە.

ئەم بەکارهێنانە زمانیانە، هەندێکجار لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا و هەنیکجاریش دەچێتە پاڵ هەندێ هونەری ئەدەبی دیکەوە، وەک: پۆشین و ڕەگەزدۆزی و گــاڵتە و گەپ و بەکارهێنــانی وشــە لە ســیاقی نەگونجــاودا بــۆ مەبەســتی وروژانــدن و زیــاتر کــاریگەری دروســتکردن، لە گــوێگردا. واتە: مێتــافۆر، تەنیا ئامرازێک نییە، بۆ دەربڕینی ئەدەبی، بەڵکو وەک پێکهاتەیەکی زمــانی، ئەگەر بەکــارهێنەری زمــان، لە یاســاو کــۆتی واتــایی، یــان لە ڕێســا باوەکــان دەرچــوو ئاخــاوتنەکەی لە واتــای فەرهەنگیــیەوە بــۆ واتــای مێتــافۆر دەگوازرێتەوە. دەربڕین لە مێتافۆردا، چالاکی زیاترە لە دەربڕینی ئاسایی، چونکە جگە لەواتــای بنجــی ئامــاژە بە لایەنــی نەبینراویش دەکــات (أدونـیس: ١٩٨٦: ٢٩٧)، چەند بنەڕەتێکی هەیە:

**أ ـ واتــای بنجــی**: ئەو واتــایەیە، کە لە بنچینە دا بــۆ وشــەیەک دانــراوە و ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەرە، وەک: بەکارهێنانی (کڵپە)، بۆ ئاگر.

زانایـــان کـــۆکن لەســـەرئەوەی، میتـــافۆر ئەســـڵێکی هەیە، کە دانـــانی یەکەمیەتـی (محمـد کـریم الکـواز، ٢٠٠٦: ٢٣) ئەم واتـا بنجییە، مەرجێکە بـۆ دروستبوونی وێنە میتافۆرییەکە، ئەمەش لە بەکارهێناندا، دەردەکەوێت.

**ب ـ میتافۆر**: واتای دووەمی وشەیە و لە واتای واتا دەکۆڵێتەوە، واتـای یەکەم، واتای بنجییە و واتای دووەم ئەو واتایەیە، کە وشە لە دەورو بەردا پەیدای دەکات. (واتا بـریتییە لە چەمکی ئاشکرای زاراوەکە، کە بە بێ هـیچ پەیوەستێک پێی دەگەین، بەڵام واتای واتا، بریتـی لەو واتـایەی کە لە هـۆش و عەقلدا بۆ زاراوەکە دانراوە)، (أحمد مطلوب: ١٩٨٩: ٣٢٧).

ج ـ پەیوەندی: ئەو بابەتەیە، کە هاوبەشی و لێکچوونێک، لە نێوان واتـای بنجی و میتافۆردا دروست دەکات. (ابن عبد الله شعیب: ب.ت: ١٠٠). وەک: پەیوەنـدی نێـوان: مانـگ و جـوانی، ئەسـتێرەو درەوشـانەوە، شـەپۆڵ و هەڵچـوونی دە ڕوونی...هتـد. مەرج نییە هەمـوو کاتیـک، ئەو پەیوەنـدییە، لە میتـافۆردا، ئاشـکرا بـێ و هەسـتی پـێ بکـرێ، وەک پەیوەنـدی نێـوان ( لە باربردن) و (خەون)، لەم دەربڕینەدا: **تۆ خەونەکەی منت لەباربرد**.

د ــ ئەرکی نیشـانە داپۆشـینی واتـای بنجـی و ڕاکێشـانی سـەرنجە بـۆ واتای میتافۆر( مهدی صالح: ١٩٧٤: ٢٣).

(زانایانی دێرین ونوێ – ئەوەیان ڕەچاو کـردووە، کە واتـای ڕاسـتەقینە و واتـای مەجـازیی وشـەکان مەسـەلەیەکی چەسپاو و ڕەهـا نییە، بەڵکـو ڕێـــژەییە (نســـبیة) و شـــایانی گـــۆڕانن، چـــونکە هەمیشـــە لە جـــووڵە و بزووتنەوەیەکـی بەردەوامـن و سـیماکانیان ئـاڵو گـۆڕدەکەن، واتە: ئەوەی ڕاستەقینەیە دەبێتە مەجاز، یـان ئەوەی مەجـازە دەبێتە ڕاسـتەقینە)، (طالـب حسین:٧٥:٢٠١١ ) .

((بەڵام نیشانە، واتە: دانانی شتێک بە هێما بۆ واتایەک یان چەمکێک کە ئاماژەی پێدەکات، واتە: نیشانە شتێکە دەدرێتە پاڵ کەسێک بۆ شـتێک یـان لایەنێـک یـان سـیفەتێک، بە شـێوەیەک کە ئاڕاسـتەی کەسـێک دەکرێـت، لە بیـری ئەو کەسـەدا، هێمـایەکی یەکسـان یـان پەیوەنـدییەکی پەرەسـەندووتر جێگیر دەبێت))، ( بیرس: ١٩٨٦ : ١٣٨).

هیما لە کۆندا لە دروشمە ئاینی و هونەرەجوانەکان و شیعر بەتایبەتی بەکارهێنراوە، تاوەکو ئێستاش نرخێکی هێماسازی لە لۆژیک و بیرکاری و سیمانتیکدا هەیە، هەر هێمایەک ئاماژە بەیەک شتی دیاریکراو دەدات، کە لە ناو نەخشەی زەینی کۆمەڵگادا جێگیر بووە ( کەمال مەعروف:٢٠٠٤: ١٣).
لە ئاستی واتاسازییدا، هێمای زمانی بەو واتا بنەڕەتییە دەوترێ، کە لە فەرهەنگدا بۆی دانراوە، هەر هێمایەکیش، خاوەنی چەند سیمایەکی واتاییە، کە پێی دەناسرێتەوە، بەڵام لە میتافۆردا، واتای بنەڕەتیی هێما، بۆ بوارێکی تر دەخوازرێت و بەکاردەهێنرێت.

هەندێ لە زانایان، پێناسەی واتا، بە وێنەی هۆشەکیی بۆ شت دەکەن، بۆنموونە: وێنەی خەزنکراو لە هزردا بۆ وشەی (کتێب) واتاکەیەتی، وێنەی هۆشەکیی بۆ (دار) واتاکەیەتی. (سوسێر، لە دابەشکردنێکدا، جیاوازی لە نێوان بوونی واقیعی و ڕاستەقینە بۆ شت دەکات، لەگەڵ ئەو وێنە هۆشەکییە خەزنکراوەی کە لە مێشکدا هەیە، هەروەها هێمای دەنگی، کە وێنەکە دەردەبڕێت، بۆنموونە: بۆ (دار) بوونێکی بابەتی و ڕاستەقینە لە دەرەوەی زماندا هەیە، بەو بوونە دەڵێ: (سەرچاوە ـ المرجع)، کە وێنە هۆشەکییەکە لە هزردا دروست دەکات، بەڵام ئەم بوونە مادییە، بەشێک لە زمان نییە، بەڵکو زمان لە وێنە هۆشەکییەکەوە دەستپێدەکات، کە ئەمەش بە قۆناغی وێناکردن بۆ شتەکان دادەندرێت)، ( سمیر شریف:٢٠٠٨، ٢٥٨).

ــ بەپێی ئەم دابەشکردنە، زۆر لە لێکۆڵەرەوان گەیشتوونەتە ئەو بۆچوونە، کە وێنا هۆشەکییەکە بۆ شت واتاکەیەتی. هەرچۆنێک بێت، ناتوانین بە تەواوی پشت بەو تیۆرە ببەستین، کە وێنای هۆشەکیی بۆ شت واتاکەیەتی. ئێمە لە سروشتدا، هەزارەها (دار) دەبینین، لەگەڵ ئەو هەموو جیاوازی و تایبەتمەندییانەی کە لە نێوانیاندا هەیە، ناو لە هەموویان دەنێین (دار).

تیۆری ئاماژە، بریتییە لە سێگۆشەیەکی واتایی لە بارەی (شت، چەمک، هێما)، کە (ئۆگدن و ریچاردز) دایانناوە، چەمک واتایە بۆ شت، بەڵام لەم

بارەشـەوە بۆچـوونی جیـاواز هەیە.لێرەدا، ئەو پرسـە دێـتە پـێش ئەگەر چەمک و وێنای هۆشەکی واتا نەبن، ئەی واتا چییە؟ بە بۆچوونی هەندێک واتـا، ئەو کـۆمەڵە سـیما و تایبەتمەنـدییە، کە لە (سـەرچاوە ــ المرجـع) دا کـۆدەبێتەوە، بـو نمـوونە: واتـای (دار)، ئەو سـیما واتاییـانەیە، کە تێیـدا کۆبۆتەوە:

- دار: + بوونێکی زیندوو
+ لە زەویدا دەڕوێ
+ بەرزبوونەوە لە زەوی

وشەی (ئاو)، ئەو سیما واتاییانەی هەیە:

- **ئاو: + شلەیەکی ڕوونی بێ ڕەنگ**
**+ بێتام**
**+ خواردنەوە**

زانسـتی نیشـانە لە زمانـدا، گرینگـی بەو واتـایە دەدات، کە لە پەیوەنـدییە زمانییەکانی نێـوان هێمـاو نیشـانەکانی کۆمەڵێکی دیـاریکراودا بەرهەم دێت، یان لە نێوان چینە یەک بە دوای یەکەکانی دەوروبەرێکی ڕۆشنبیریدا دواتـر پەیوەندییە میتافۆرییەکان دێن، کە پێویستی بە چوارچێوە و بارودۆخێکی لەبار هەیە(کاتێک شاعیر گفتوگۆ لەگەڵ جێی ژوانی پێشووی بەیەکگەیشتنی یـارەکەی دەکـات، پێویسـتە دەوروبەرێکـی زمـانیی لەبـار دابهێنـێ، کە لە واقیعدا بوونی نییە، لە بەرئەوەی لە دونیـای ڕاسـتەقینەدا، (شـوێن - جێ ژووان)، نە قسـە دەکـات و نە وەڵامـیش دەداتەوە، بـۆ دروسـتکردنی ژینـگە میتافۆرییەکە شاعیر تایبەتمەندی (ئاخاوتن)، لە مرۆڤ دەخـوازێ و دەیدات بە شـوێن)، (عبـد القـدوس أبـو صـالح:١٩٨٢: ٨٢٧) ، لە ئەنجامـدا، شـاعیر ئاماژەیەکی میتافۆریی بۆ شوێن دروست دەکات.

هەندێکجار، تایبەتمەندی (ئاخاوتن) دەدرێ بە شتە بێگیانەکانی تریش:

**لێرەدابوو، گۆچانەکەم**
**هەڵیدایە و**
**وتی:دەستم بەرێ و هەستە** ( شێرکۆ بێکەس: ٢٠١٠: ١٠).

شـاعیر، تایبەتمەنـدی قسـەکردنی لە مـرۆڤەوە خواسـتووە، داویەتـی بە گۆچـان، بـۆ ئەوەی لە بـوونێکی بێگیـانەوە بـۆ بـوونێکی زینـدوو بیگۆڕێت.دەتوانین پەیوەنـدی نێـوان خواسـتن و سـیمۆلۆجیا بەم شـێوەیە ڕوون بکەینەوە: سیمۆلۆجیا گرینگی بە ناوەرۆکی هێما و پەیوەندی لەگەڵ شتەکانی دەرەوە و چالاکی هێماکان و چۆنیەتی کارکردن و بەکارهێنانیان لە ئاخاوتندا دەدات، لە میتافۆردا تایبەتمەندی هەڵێنجانی واتا هەیە، بە پێی بەکارهێنان و سیاقە جیاوازەکان، ئەمەش وا دەکات، کە لێکدانەوەی جیاواز بـۆ وتـارو دەقە میتافۆرییەکـان بکرێـت، لەم بارەشـدا، پێویسـتمان بە دوو لایەن دەبـێ: یەکەم شـیکردنەوەی پەیوەنـدی نێـوان وشـە و بیـر، دووەم شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان بیر و شت، (ڕەمز)، نوێنەرایەتی دال دەکات، بیـریش نـوێنەرایەتی (مەدلـوول)، هێمـاش وەک ڕەگەزێکـی گـۆڕاو لە میتافۆردا، کاردەکات:

**دار (وشە، ڕەمز، دال)**

↓

**بیر (مەدلوول )**

دەتوانین لە شێوەی سێگۆشەیەکدا، ڕوونی بکەینەوە:

**بیر (مەدلوول)**

**دار (وشە ـ ڕەمز)** ↗ ↘ **وشە**

**ـ داری هەرمێ**

**هێما وەک ڕەگەزی گۆڕان**

↓

**داری ئازادی، داری خۆزگە (میتافۆر)**

هێماکـانی زمـان لە پەیوەنـدی واتـایی دان، هەر هێمـایەک پەیوەنـدی بە هێماکـانی تـری زمـانەوە هەیە، ڕەنگـی (شـین) واتـاکەی لە پەیوەنـدی ئەم

ڕەنــگەوە، بە ڕەنگەکــانی تــری وەک: (ســەوز، زەرد، مــۆر... هتد) هــاتووە، تەنانەت رادە و پلەی ڕەنگەکەش (شینی کاڵ، شینی تۆخ، شینی ئاسمانی).... دیسـانەوە واتـای ئەم هێمـایە، پەیوەنـدی بە وشـەکانی دەوروبەرەوە هەیە: (کتێــب، کــراس، پێڵاو...هتــد) دوو جــۆر پەیوەنــدی لە نێــوان هێماکانــدا هەیە:پەیوەندی جێنشینی و پەیوەندی هاونشینی.

**١٣\٤-١) ئەرکی سیمۆتیکی مێتافۆر (الوظیفه السیمائیة للاستعارة):**

پــۆل ریکــۆر دەڵێــت: (( شــیکردنەوە وتەفســیرکردنی مێتــافۆر وەک ڕووداوێک لە ئاخاوتندا، ڕۆڵـی هەیە لە تەئویلکردن و ڕاڤەکردنـی کـردەی ئاخــاوتن بە شــێوەیەکی گشــتی، بەڵکــو دەتــوانین بڵێــین: شــیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی دەوروبەر و ئەو چوارچێوەیەی کە خوازەکەی تێدا هاتووە، کاریگەری دەبێت لە تێگەیشتن و شیکارکردنی مێتافۆر وەک دیاردەیەکی گوتاری دیاریکراو)) (بول ریکور: ١٩٩٩: ١٨٤).

لێرەدا، هەوڵدەدەین، دیاردەی مێتافۆر ڕوون بکەینەوە، بەو شێوەیە، کە بەرهەمـی پەیوەنـدی نێوان هێمـا جۆر بە جۆرەکـانە، واتە: دۆزینەوەی ئەو هێمایــانە لە ڕووی پەیوەنــدییان بە مێتــافۆرەوە، بە هەنگــاوێکی گرینگــی شیکردنەوەی سیمیۆلۆجی بۆ ئاخاوتن دادەندرێت. دەتوانین درک بە نـرخ و بەها جوانکارییەکانی مێتافۆر بکەین، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی نیشانە و هێما زمانییەکـانەوە، لە کاتێکـدا لە چوارچێـوە زمانییەکەیانـدا دەریانـدەهێنین لە بواری مەعریفی و فەلسەفی بەکاریان دەهێنین.

**١٣\٤-١-١) مێتافۆر و ئەرکی نیشانەیی بۆ یەکەکانی شوێن:**

شوێن لێرەدا، پێگەیەکی ئاماژەیی هەیە، نەک ئەو شتە بەرجەستەیەی کە لە واقیعدا هەیە، هەڵگـری واتـای جۆراو جۆرە لە دەوروبەری ڕۆشـنبیری دیـاریکراودا، هەنـدێکجاریش دیـاردەیەکی هـزری مەعـریفییە، کە لە خەیاڵـدا وێنەی بۆ دەکێشـرێ و وەسـف دەکرێ. دەتوانین، لە مێتافۆردا، شـوێن بە ڕەگەزێکی گرینگ نـاوزەد بکەین، کە توانـای داهێنـانی بیروبۆچوونی نـوێی هەیە:

مێتافۆری شوێن، بە زۆر ڕێگا ئەنجام دەدرێت:

- { کوردستان بەرگی سەوزی پۆشیوە}.
- { هەورامان بووکێکی رازاوەیە}.
- {داگیرکەران وڵاتیان فرۆشت و ئێمە کڕیمانەوە}.

ـ ( **بەرگ**) تایبەتە بە مرۆڤ، بەهۆی دروستکردنی چوارچێوە و دەورو بەری زمانییەوە دراوە بە کوردستان، کە شوێنە.

ـ **(بووک)** نەریتێکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، دراوە بە شوێن.

ـ **(وڵات)** کە شوێنە بۆخوازراوە، لە کردەی کڕین و فرۆشتندا.

لێ خوازراو: شتومەک و کەلوپەل

ڕووی خواستن:کڕین و فرۆشتن

**شوێن (وڵات)، گۆڕاوە بۆ شتومەک لە چوارچێوەی کردەی بازرگانی لە دەست چوون و بەدەست هێنانەوەدا.**

ئەم جۆرە مێتافۆرە، جۆرێکە لە خواستنی ئاڵوگۆریی، کە لە نێوان کڕین و فرۆشتندا کراوە.

هاوشێوەی ئەم جۆرە خواستنە، لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە [ أولئک الذين اشتروا الظلالة بالهدى و العذاب بالمغفرة فما أصبرهم على النار] ، ( سورة البقره، الاية ١٧٥) .

لە شیعریشدا، بەهۆی شوێنەوە شاعیر لە دەوروبەری تایبەتیدا، مێتافۆر دروست دەکات:

- **ئەگەر ئەمجارە بێمەوە**

**لە گۆی مەمکی هەر کانی یێکک،**

**قومە ئاوێک دەخۆمەوە**

**گشتیان دەکەم بە دایکی خۆم** (عەبدوڵلا پەشێو: ٢٠٠٢: ٤٣).

شاعیر، لە دەوروبەرێکی زمانیی دیاریکراودا تایبەتمەندی ( مەمک)ی داوە بە ( کانی) کە خۆی بێگیانە و سیمای شوێنی هەیە، مێتافۆری (گۆی مەمکی کانی)، ئەرکی نیشانەیی بۆ یەکەی شوێن تێدایە، ڕەهەندی دەروونی شاعیر لەم دەربڕینە مێتافۆرییەدا ڕەنگی داوەتەوە، کە شیر و مەمک، بواری سەرچاوەن و کانی و ئاو بواری ئامانجن، شاعیر نیشتمان و کانی و

ئاوی وەک مەمک و شیری دایکی خۆی خۆش دەوێت و بەهۆیانەوە هەست بە ژیان و ئاسوودەیی دەکات.

**٤\٣ـ١ـ٢) میتافۆر و ئەرکی نیشانەیی بۆ یەکەکانی کات:**

وشــە و یەکەکــانی کــات لە میتــافۆردا، وەک ڕەگەزێکــی ســەرەکی لە تۆڕێکی پەیوەندی زمانیدا تێڕوانینیان بۆ دەکرێت، زەمەن لەم ڕەهەندەی بەکارهێناندا، واتای مەعریفی یان ڕۆشنبیری پێدەدرێت، یان هەندێکجار وەک کــاتێکی خەزنکــراو، لەبــارەی ئایــدۆلۆجی پێشــووتر، یــان ڕەگەزی مەعریفی هاوچەرخ بەکاردەهێندرێت:

- **{ دەستی ڕۆژگار تێکی شکاندم }.**

ڕۆژگار خۆی زەمەنە، بەڵام سیمای دەستی پێدراوە، لەم دەربڕینەدا، دەستی ڕۆژگار بۆ لایەنی سلبی خوازراوە، ئەو هێزەی کە لە ڕۆژگاردا هەیە، بۆ تێکشکاندنی هیوا و ئامانجەکانی ئاخێوەر بەکارهاتووە.

ئەمانە لێکدانەوەی واتایین، لە ئاستی واتاسازیدا، بۆ وشەی فەرهەنگی، بەڵام لە ڕاستیدا، واتا لە پەیوەندی نێوان وشە و ڕستە و دەربڕینەکانەوە، لە دەوروبەرەوە دێت، لەو کات و شوێن و بۆنە و بارودۆخ و هەڵوێستەدا کە تێیدا بەکاردەهێندرێت.بە شێوەیەک گرانە واتای وشە دیاری بکەین، لەبەرئەوەی وشــە خــاوەنی واتــایەکی ڕەهــا( مطلــق) نیــیە، بەڵام ســیاق و دەوروبەر واتاکان دیاری دەکەن (کلود جرمان:٢٠٠٦: ٨).

واتــا لە پەیوەنــدی نێــوان هێماکــانەوە هەڵــدەهێنجرێت، کە بە جیــاوازی کــاردەکەن، بەمجــۆرە( واتــا بەرهەمێکــی هــزرییە، لە ئاکــامی مومارەســەی مــرۆڤ بۆ جیاکردنەوەی بوونە مادییەکـان دێتە ئـاراوە )، ( سـعید بنكراد: ٧٩:١٩٩٨ )، لەم ڕوانگەیەوە، دەتوانین مامەڵە لەگەڵ میتافۆردا بکەین وەک هۆکارێک بۆ داهێنانی واتا، لە لایەکی ترەوە بە پێی ئەو پەیوەندییەی کە لە گەڵ نیشانە و ڕەمزدا هەیەتی، مانای سیمبوڵ بە جۆرێک لە پەیوەندی دایە لە گەڵ میتافۆرو میتۆنیمیدا، وادەبێ، میتافۆرێکی سەرکەوتوو، بەڕادەیەک بڵاو دەبێتەوە، لای هەموو کەس ماناکەی ئاشکرادەبێت، خەڵک لەسەری ڕێکدەکەون کە ببێتە سیمبوڵێک.

وشــەی Symbolon وشــەیەکی یۆنــانییە، Symballein = یەکیــان بخەیت ــ نیشانەی شتێکی زانراو و هەستپێکراوە( پیتەر هالبێرگ: ٢٠١٠ : ٧٥ ). هەنــدێکجار ســیمبوڵ بە تێپەڕبــوونی کــات و ڕۆژگــار دوور نیــیە بچەسپێ و بە جۆرێک لە جۆرەکان مرۆڤ نەتوانێ بیباتەوە بنەوانی ئەو ڕێککەوتــنەی کە چ مانــایەکی دیــاریکراوی لەســەر کــراوە لە کلتــووری ئەوروپاییدا، (گوڵی ســوور)، ســیمبوڵی خۆشەویستی و (خــاچ)، ســیمبوڵی مەســیحیەتە، لەبەرئەوەی بەســەدان ســاڵ، ئەم دوو شــتە بەهەمــان واتــا دووبــارە بــوونەتەوە و بە شــێوەیەکی قــوول ڕەگیــان لە هــزری مرۆڤــی ئەوروپاییدا داکوتاوە، ئیتر بوون بە دوو سیمبوڵ.

ڕەمز، لە ڕوانگەی واتاییەوە بەوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، کە کۆمەڵێک لە واتای بنجی و حەرفی و مادی تێدایە، سەرەڕای ئەمە، واتایەکی مەجازی و ڕۆحی و مەبەستێکی پەنامەکی خۆی حەشارداوە، بواری هزری فراوان دەکات، لەبەرئەوەی پتر لەوە دەوترێت، کە پێویستە بگوترێت. دەکرێ بڵێین ڕەمز بریتییە (لە بەکارهێنانی وشەیەک یان دەستەواژەیەک یان ڕستەیەک، لە دوو توێیــدا، جــگە لە واتــا ڕوکەشــەکەی خــۆی، مەبەســتێک خــۆی حەشــاردابێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێــت، کە ڕەمــز دوو واتــا دەبەخشــێت، واتایەکیان ئاشکراو دیارە هەموو کەس تێی دەگات، بەڵام واتاکەی تر نهێنی و شاراوەیە ڕەمز هەروەک چۆن، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردەهێندرێت، لە شیعرو زمانی ئەدەبیشدا بۆ دەربڕینی واتا سوودی لێ وەردەگیرێت، بریتییە لە ئاماژەکردن بە وشەیەک کە واتای شتێکی هەستی یان ژیری دەگەیەنێت بۆ مانــایەکی نادیــار و جیــاواز، خــوێنەرانیش بە پێــی ئاســتی ڕۆشــنبیریی و هەســتی دەربڕینیــان لە دەرکپێکردنــی مەوداکەی جیــاوازن، هەندێکیان لایەنێکی دەبینن، هەندێکی دی لایەنێکی دیکەی دەبینن، کە بە ڕوونــی و ئاشکرایی دەردەکەوێت و ڕۆشنبیر بە ئاسانی لێی تێدەگات)، ( پەخشان عەلی:٢٠٠٧:٢١٥).

هەندێک وشـە بۆ نمـوونە دیاردەی سروشـتی وەک ڕەمـز لە ئاخـاوتنی ڕۆژانـە و لە شیعریشـدا بەکـاردێن، (بـاران)، بەهـۆی ئەوەی پەیوەنـدی بە ژیان و بژێوییەوە هەیە، وەک ڕەمز بۆ خێرو بەرەکەت بەکاردێت:

- ساڵێکی بە بارانە، واتە: ساڵێکی هاتە.( ساڵێکی بە بەرهەمە)،

ـ گۆران، لە شیعری (پایز)دا دەڵێت:

- **من فرمێسکم، تۆ بارانت**

**من هەناسەم تۆ بای ساردت،**

**من خەم تۆ هەوری گریانت** (دیوانی گۆران: ١٩٨٠ : ١٦٣).

شاعیر، بارانی وەک ڕەمزێک بۆ پاککردنەوەی دڵ و دەروون لە خەم و خەفەت و ناخۆشـی بەکارهێنـاوە، (هەوری گریـان)ی، وەک میتافۆرێـک بـۆ خەم و خەفەت بەکارهێنـاوە، ڕەهەنـدی دەروونـی شـاعیر لـە دەربڕینـە میتافۆرییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و بە بەراوردکردنی دیاردەکانی (فرمێسک) و (بـاران)، (هەناسـە) و (بـای سـارد)، (خـەم) و (هـەوری گریـان)، بـوارێکی واتایی لە دەربڕینە میتافۆرییەکاندا هێناوەتە کایەوە.

ـ لە شیعری ( شەوێکی بەهار)دا دەڵێت: ـ

- باران سەرەتای ریققەتی بوو: نم نم ئەگریا،

وەستا بوو زەوی تینو و زەلیلانە لە بەریا! (دیوانی گۆران:١٩٨٠: ١٧١) .

شـاعیر (بـاران)ی وەک ڕەمزێک بۆ بووژاندنەوەی زەوی بەکارهێنـاوە، تایبەتمەنـدی (گریـان)ی داوەتە پـاڵ، کە لە بنەڕەتـدا هـی گیانـدارە، بـەهۆی ئەمـەش (گریـانی بـاران) و (زەوی تێنـو)، وەک دوو میتـافۆر هاتوونەتـە بەرهەم و لە دایکبوون.

**پایز:**

**پایز! پایز**

**بووکی پرچ زەرد،**

**من مات تۆ زیز:**

**هەردوو هاودەرد !** (دیوانی گۆران:١٩٨٠: ١٦٣ ).

شاعیر، هێمای (+ مرۆڤ)ی بە پایز داوە، وەک بووکێک وەسفی دەکات، کە پرچێکـــی زەردی هەیە و لە دۆخـــی زیزبوونـــدایە. لـــە بـــارودۆخێکی دەروونـی تایبـەت ئـەم دەربڕینـە میتافۆرییانـەی بـەکارهێناوە، وێنایـەکی هۆشـەکیی بـۆ وەرزی پـایز کـردووە و وەک بـووکێکی جـوانی قـژ زەرد دەریخستووە، بەڵام ئـەم بووکـە جوانـە ماتـە، پـایزیش زیـزە، بۆیـە گـەڵای دارەکان وشک دەبن و هەڵدەوەرن.

**هەور:**

**ووتم: فیدای جەمالت بم ئەی پەری شێوە!**

**ئەوا توایەوە هەستیم بە سۆزشی گریەت؛**

**چییە، کە هەیکەلی مەڕمەڕ غوباری وا پێوە؛**

**قەمەر شـــکات و ســـکاڵا ئەکـــا لە هەوری خەفەت؟** (دیـــوانی گۆران: ١٩٨٠: ١٩).

شاعیر دەستەواژەی (هەوری خەفەت)ی بە میتافۆر بەکارهێناوە، وەک ڕەمزێک بۆ دەربڕینی ئازار و مەینەت.

**ڕۆژ:**

**چاوی ڕێژراو پێ مەکەنە وەکو گوڵ**

**بـۆ ڕۆژی ڕەش بـڕژێنە فرمێسک بە کوڵ !** (دیوانی گۆران: ١٩٨٠: ٣٥٦ ).

شـــاعیر، لە ســـەر بنەمـــای دژیەکـــی میتـــافۆری **(ڕۆژی ڕەش)**ی بەکارهێناوە.

میتـافۆری (ڕۆژی ڕەش)، لـە ئاخـاوتنی ڕۆژانەشـدا بـەکاردێت و وەک ئیدیۆمێک لەسەر زاری قسەکەرانی زمانی کوردی قاڵبێکی وەرگرتووە، بۆ بارودۆخێکی ناخۆش و نالەبار و توش بەکاردێت، ئەم دەربڕینە میتافۆرییە، لە دەربڕینی پەند و ئیدیۆمی دیکەشدا، بەکارهێنانی هەیە، وەک: (ماڵی گەش بـۆ ڕۆژی ڕەش)، واتــە مــرۆڤ ئــەوەی لــەکاتی ئاشــتی و ئاســایش و تەندروستی و خۆشـیدا کـۆی دەکاتـەوە، لـە کـاتی نەخۆشـی و تەنگانـە و نەهاتندا سەرفی دەکات و بەوهۆیەوە خۆی لەو بارودۆخانە ڕزگار دەکات.

**ـ ئاسمان:**

**ئاسمانی شین و ئەستێرەکانی**

**پێدەکەنین بۆ بەری بەیانی؛** (دیوانی گۆران:١٩٨٠: ١٣٥ )

شاعیر سیمای پێکەنین، کە هی مرۆڤە بە (**ئاسمان و ئەستێرەکان**)داوە.

**ـ ئەستێرە:**

لە شیعری (**ئاوابوونێک**) دا دەڵێت:

**با تێر بنوێ ئەو ئەستێرەی کە بە شەو،**

**بە شەوی کورد... نەچوە چاوی یەک تک خەو!** ( دیوانی گۆران:١٩٨٠: ٣٣٧).

شاعیر، سیمای نووستنی بە ئەستێرە داوە، هەروەها (**تک**)، کە بەواتای لەتێک دێت، لە بنەڕەتدا، بۆ وەسفکردنی شتی مادی، نەک (**خەو**)، بەکاردێت.

جگە لە دیاردەی سروشت، شاعیر هەندێ جار سوود لە ئەفسانە و سامانی فۆلکلۆریش وەردەگرێت، وەک ڕەمز بەکاریان دەهێنێت:

گۆران، لە شیعری (سەوزە گیای پایز) دا دەڵێت:

تازە سروەی بای قودیسی (**عیسا** ـ فوو)

گیان ئەکاتەوە بەر دنیای مردوو (دیوانی گۆران:١٦٨:١٩٨٠).

شاعیر لەم دێرەدا پێغەمبەر (**عیسا**)ی وەک ڕەمزێکی ئایینی بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی گیان بە بەر دونیای مردوودا بکاتەوە.

ئەگەر بە وردی باسی سیمبوڵ بکەین، ناچێتە ناو چوارچێوەی زمانی بە وێنە ئەلیگۆرییەوە، هەرچەندە چەمکی خوازە و ڕەمز، پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەڵام جیاوازیشیان هەیە، ناشێ سیمبوڵ بە ڕەگەزێکی خوازە دابنرێت، زمانی بەوێنە، لە سەر بنەمای لێکچوون و جیاوازی و پەیوەندی لێک نزیک بونیاد دەنرێت. سیمبوڵ ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، بەڵام دوور نییە بە تێپەڕبوونی کات بچەسپێت و بە جۆرێک لە جۆرەکان مرۆڤ نەتوانێ بیباتەوە بنەوانی ئەو ڕێککەوتنە، کە بەچ مانایەکی دیاریکراو ڕێککەوتنی لە سەر کراوە.

لە سـیمبوڵدا، جۆرێـک تـوانەوە و ئـاوێتە بـوون لە نێـوان دوو شـتی مانـاداردا هەیە، هەردوو حـاڵەتەکە بە شـێوەیەکی پـرژ و بـڵاو تێکەڵـی یەکدەبن، بە تەواوی و کتومت ئاوێزانی یەک نابن، سنوورەکانیان تێکەڵن و هەرگیـز ڕەهـای تەواو نـین، ئاسـاییە وەک مانـای یەکەم بخوێنـدرێتەوە، بۆ ئەوەی بە مانـای دووەم بیخـوێنینەوە و تێـی بگەیـن، پێویسـتمان بە هەنـدێ زانیـاری مێژوویـی هەیە و دەبـێ بیـزانین (ئەنـوەر قـادر: ٢٠١٠، ٧٧ ). بـۆی هەیە، خـوێنەری ئاسـایی خـوازە بە واتـای ڕاسـتەوخۆ بخـوێنێتەوە و تێـی بگـات، بەڵام خـوێنەری کـارامە بە دیـوەکەی تـردا دەتـوانێ بیخـوێنێتەوە و لێکدانەوەی بۆ بکات، بۆیە ئەلیگۆری بەو مەبەستە فێرکارییەی کە هەیەتی، ڕوویەکی ڕۆشنبیرانەی هەیە و ڕوو لە کاردانەوەی خوێنەرو بایەخدان بە بەرهەمەکە دەکـات.بەڵام سـیمبوڵ مـامەڵە لەگەڵ مەبەسـتێکی قـووڵترو بنەوانـدارتردا دەکـات، کە پەیوەنـدی بە ئاگـایی و دونیـای نـاخ و بێئاگایشمانەوە هەیە.

**٢-٤\٣) بنەما لۆجیکییەکانی لێکدانەوە:**

وشـەی لۆجیـک، وشـەیەکی ئەوروپییە لە وشـەی لۆگۆسـی یۆنـانییەوە کەوتـۆتەوە، کە واتـای هـزرو گیـان و وشـە...هتد دەبەخشـێ لۆجیـک نەخـراوەتە نـاو هـیچ خـانەیەک لەو خانـانەی زانسـتەکان، کە ئەرسـتۆ لە فەلسەفەکەیدا، دیاریکردووە، چونکە پێی وابووە، ئەو بابەتەی لۆژیک لێی دەکۆڵێتەوە کەرەسـەیەکە هەمـوو زانسـتەکان بەکاری دەهێنن و پشـتی پێ دەبەستن، ئەویش ((هزرو بیری مرۆڤە)). کەوابوو لۆجیک خۆی لە خۆیدا، زانستێکی سەربەخۆ نییە.

(ئەرستۆ)، خۆی وشەی لۆژیکی بەکارنەهێناوە، بەڵکو لە بەهەرمەکانیدا، چەمکـی ئۆرگـان (ئـامێر) و شـیکردنەوە...هتد بـەکارهاتووە، لە سـەردەمی ئەویشدا ئەو وشەیە باونەبووە و بەکارنەهاتووە.

بە پێـی سـەرچاوەکان، ((شیشـەرۆن))، لەجیـاتی وشـەی دیالێکتیـک، کە لەسـەردەمی یۆنانیـدا بـاوبووە، بـۆ ئەو بەرهەمـانە وشـەی لـۆگیکی بەکارهێنـاوە، ئەسـکەندەری ئەفرۆدیسـی و جـالینۆس لە سـەدەی دووەمـی

زاینیدا، وشەی لۆگیکیان بەکارهێناوە و وشەکە ئیتر بووە بە ئاسایی و باو. (حەمید عەزیز:٢٠٠٩، ٧ ـ ٩).

وەک زمانی ئاسایی ڕۆژانە، هزر (بیر)، لە لای خۆیەوە بە چەند بنەمایەک پابەندە، کە چوارچێوەیەکی ڕەنگداڕێژراو بۆپرۆسەی چالاکییەکەی دادەنێت، مرۆڤی ئاسایی چۆن ئەگەر ڕێزمانی زمانەکەی بزانێت یان نەزانێت، زمانەکەی بە ڕێکوپێکی بەکاردەهێنێت، ئەوا لە چالاکی بیرکردنەوەشدا، بزانێت و نەزانێت، پەیڕەوەی ئەو بنەمایانەی لۆژیک دەکات و بەکاریاندەهێنێت، ڕێکو پێککردنی ئەو بنەمایانە، بۆ یەکەم جار لەلایەن فیلەسوفی یۆنانی، ئەرستۆوە ڕاپەڕێنراوە.

بۆنموونە، قسەکەرێکی کورد، لە ڕووی ڕێزمانییەوە، ڕستەی لەم شێوەیە بەکارناهێنێت: (نان دەخۆ من).

بەڵکو، ڕستەکە بەپێی ڕێزبوونی کەرەستەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێنێت: (من نان دەخۆم).

هەروەها لە ڕووی لۆجیکییشەوە، ڕستەی (جانتاکە فڕی) دروست و لۆجیکی نییە و بەکاریناهێنێت و درکی پێدەکات کە لەگەڵ لۆجیکدا ناگونجێت، بەڵام ڕستەی (کۆترەکە فڕی)، لۆجیکییە و بەکاریدەهێنێت.

ــ زمان و لۆجیک لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە هەردووکیان ڕەنگدانەوەی بیرن و ئامێرێکن بۆ دەربڕینی هزر، زمان پەیام و زانیارییەکان بە کەسانی دیکە دەگەیەنێت، بەهۆی زمانەوە پەیوەندی بەکەسانی دیکەوە دەکەین و لێیان تێدەگەین و ئەوانیش لە ئێمە تێدەگەن، بەڵام لۆجیک لەوەدا، کە هزر ڕێکدەخات و وای لێدەکات کە پەسەند بێت، دەبێتە سێبەرێک بۆ بیر.

بەهۆی زمانەوە لە بیر تێدەگەین و بە لۆجیکیش، ڕاستییەکەی دەسەلمێنین، بەهۆی لۆجیک و زمانەوە دەتوانین سنوورەکانی کات و شوێن ببەزێنین.

ئەو پەیوەندییەی لە نێوان زمان و بیردا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگی وشەی ((لۆگۆس)) LOGOS کە بە واتای وتار، بونیاتی وتن، زمان دێت، زمان ئامێرێکی بنەڕەتی عەقل و بیروبۆچوون و چەمک و وێنا و کێشەکانە.

بنەمای ئەم پەیوەندییە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شارستانی یۆنانییەکان و ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوەی پەیوەندی وشە بە واتاوە، لە گەڵ دەرخستنی بۆچوونی جیاوازی فەیلەسوفان لەبارەی ئەو پەیوەندییەوە، کە ئەمەش کردەی لۆجیکی زمانە، بونیاتی زمانەوانی لە وتاری فەلسەفیدا، لەگەڵ بیری یۆنانییەکاندا سەریهەڵدا، کە سەرەتا سۆفستاییەکان وێنایان بۆ کێشابوو(مخلوف سید احمد، ٢٠١٠: ١٣).

ئەمەش مانای وایە، کە سۆفستاییەکان لە زمان و لۆجیکیان کۆڵیوەتەوە، لە وتارەکانیاندا، بەهۆی هونەری هەڵەکارییەوە گرینگیان بە لۆجیک داوە، زانیارییەکی فراوانیان لەبارەی نهێنییەکانی زمان و ڕەوانبێژییەوە دەربڕیوە ، لە چوارچێوەی شێوازی ڕەزامەندی و ئەو بوارانەی، کە پێویستیان بە بەڵگەهێنانەوە هەیە، نکۆڵیان لە بوونی حەقیقەت (ڕاستی) دەکرد، لەگەڵ یاریکردن بە واتای وشە و هەست و سۆزی خەڵکی، پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد، کە مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە (القزوینی: ١٩٩٨: ١٠).

هەروەها بیری سۆفستایی لە لۆجیکی ئەرستۆدا لە چوارچێوەی شێوازی بەگیرهێنان (الاحراجی) لە وتارەکانیاندا دەردەکەوێت، بۆ نموونە:

- **[ئەگەر بچیت بۆ بازاڕ پارەکەت خەرج دەکەیت].**
- **[ ئەگەر لە ماڵەوە بمێنییەوە هەست بە بێزاری دەکەیت].**
- **[بەڵام یان دەچیتە بازاڕ یان لە ماڵەوە دەمێنیتەوە].**

واتە: یان پارەکەت خەرج دەکەیت، یان لە ماڵەوە دەمێنیتەوە، کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا، شێوازی بەگیرهێنانی تێدایە(بشیر امام:٢٠٠١: ١٩).

بزووتنەوەی بیری سۆفستایی هەنگاوێکە بۆ بیری فەلسەفی و لۆجیکی، بە تایبەتی لە چوارچێوەی هونەری وتاردا، لە کێشەی گشتییەوە بەرە و کێشەی تایبەتی دەرۆیشتن، ئەمەش خاڵێکی گرینگی دەسپێکی ئەرستۆیە بۆ لۆجیک، گواستنەوە لە گشتییەوە بۆ تایبەتی، یان لە بواری گشتییەوە بۆ بواری تایبەتی، کە ئەمەش بە بابەتی (ئیستدلال) ناسراوە، کە ناوەرۆکی لۆجیکە لای ئەرستۆ، کردەیەکی هزری سەرەکییە، گرینگی بە جیاوازی نێوان ماف و (حق) و بەتاڵی ( باطل) ڕاستی و هەڵە دەدات.

ئەرستۆ بیری وتارەکان( مقولات)ی لە گفتوگۆکانی ئەفلاتوونەوە وەرگرتووە، بە تایبەتی گفتوگۆکانی لە بارەی لۆجیکییەوە، هەروەها لە گفتوگۆی ((کراتیلۆس))، ((بارمنیدس))دا، چەندگفتوگۆیەکی کرۆکی هەیە، وەک: (چەندییەتی، چۆنیەتی، خستنەسەر، کردە، هەڵچوون)، بەڵام ئەفلاتوون، شێوەی سیستەماتیکی و ژمارەی دیاریکراوی پێنەداوە، هەروەک چۆن ئەرستۆ، لە{ دە وتە (دە وتار) }دا، دیاریکردوون. بە پێی زۆربەی بۆچوونەکان، ئەرستۆ بە زۆربەی پۆلێنە لۆجیکییەکان گەیشتووە، وەک وتارەکان و تیۆری ناساندن، بەڵام هەندێک بۆچوونی تر پێیان وایە، ((برۆتاگۆراس)) و ((گۆرگیاس))، یەکەمینی ئەوانەن کە گرینگیان بە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی زانستی داوە، وەک بواری پەیوەندی نێوان وشە و واتاکەی( بشیر امام:٢٠٠١: ٢١ ـ ٤٩).

نمونەکانیان، لە چوارچێوەی پێوەر و لۆجیکی زمانەوانییەوە دەهێنایەوە، کە گرینگە بۆ شیکردنەوەی بوارەکانی ژیان، بە تایبەتی لە بواری دادوەری و ڕامیاریدا.

ئەرستۆ، لەچەند دەستنووسێکی پەرشوبڵاودا، لە چوارچێوەی فەلسەفە و ژیربێژیدا باسی زمان دەکات، پەیوەندی نێوان زمان و لۆجیک، بابەتە سەرەکییەکانی ئەم دەستنووسانەن، وەک: {وتەکان ـ (المقولات)، دەربڕین ـ (العبارة)، هونەری دواندن ـ (الخطابة)، شیعر ـ ( الشعر)}، لە گەڵ هەندێ بابەتی تر لە بارەی دەروون و رامیاری و زانستی ڕەوشتەوە.هەروەها، گەشەی بە گریمانە و بۆچوونەکانی ئەفلاتوون لە بارەی زمانەوە داوە، ئەرستۆ، پێی وایە: پەیوەندی نێوان وشە و واتاکەی پەیوەندییەکی نەریتییە، لەسەر بنەمای ڕێککەوتن دامەزراوە، نەک لەسەر بنەمای دانانی و سروشتی، کە ئەفلاتوون بۆچوونی وابووە.

ئەفلاتوون بەشەکانی ئاخاوتنی بۆ (ناو، کار) دابەشکردبوو، بەڵام ئەرستۆ شتێکی دیکەی بۆ زیاد کرد، ئەویش پارتیکڵ (روابط او الظمائر) بوو، لە گەڵ پێکهاتەی دەربڕینی هەواڵی(خەبەری) (بغورة:٢٠٠٠: ٥٨).

لۆجیک لە خۆیدا، وتەی زمانییە، بەڵام ئەگەر نەتوانین هەندێک دیاردەی زمانیی لە ڕووی لۆجیکییەوە لێکبدەینەوە، بە مانای ئەوە نایەت، کە بۆ ئەم مەبەستە، بە هەڵە لۆجیکمان بەکارهێناوە، یان لەو مەبەستەدا لۆجیک نییە. بەڵکو بەو مانایە دێت، کە هەر شتێک لۆجیکێکی تایبەت بە خۆی هەیە. زمانەوانە وەسفییەکان، گەیشتبوونە بۆچوونێکی وا، کە زمان لۆجیک نییە، کاتێک بە دوای سیستەم و ڕێکوپێکی دیاردە کلتوورییەکان لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا دەگەڕان. بەهۆی زۆری ئەو ناوێزەییانەی ـــــ ڕێزپەڕییانەی(شذوذ)، کە لە زمانەکانیاندا هەبووە. (سمیر شریف:٢٠٠٨: ٣٣٤). هەرچەندە زمانەوانە وەسفییەکان، ئەو تێبینییەیان کردووە، بەڵام پێویستە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین، کە لۆجیک هەر لۆجیکە بەهەر شێوەیەک بێت، بەم پێیەش بەرانبەر هەر گۆڕان و لادانێک و دەربڕینە میتافۆرییەکان لۆجیکێکی تایبەت بۆ لێکدانەوە هەیە. واتە: ناوێزەیی و نارێکی، کە لە زماندا هەیە، لەوانەیە بۆ لۆجیکێکی دیاریکراو بگەڕێتەوە، جا ئەو لۆجیکە کۆمەڵایەتی یان مێژوویی یان رۆشنبیریی، یاخود هەموویان بێت.

بەڵام، لەپاڵ ئەو بۆچوونەدا: کە بۆ هەر گۆڕان و لادانێکی زمانی لۆجیکێکی دیاریکراو هەیە، بۆی هەیە ڕادەستی ئەو لێکدانەوەیەش بین، کە زمان شتێکە پێچەوانەی بوونایەتی و پێکهاتەی لۆجیکە: (**فڕین**)، کارێکە پێویستی بە بکەرێک هەیە، کە باڵی هەبێت و توانای فڕینی هەبێت، وەک (مەل، فڕۆکە...هتد)، بەڵام ئەگەر بخرێتە پاڵ مرۆڤ، پێچەوانەی لۆجیک و بنەماکانی بیرە، لەبەرئەوەی لە دونیای ڕاستەقینەدا مرۆڤ باڵی نییە، بۆیە لە ئاستی واتاسازییدا هەڵەیە و لەگەڵ واقیعدا ناگونجێت، لەگەڵ ئەوەشدا، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، دەشێ ڕستەی لەو جۆرەش بەکاربێت و واتاکەی لێکبدرێتەوە و شیکردنەوەی بۆ بکرێت، وەک:

- ئازاد لە خۆشیدا خەریکە دەفڕێت.
- لە خۆشیاندا باڵی گرتووە.
- هێندە دەوڵەمەند بووە، فڕیوە.

هەروەهــا ئەگەر ڕســتەی لــۆجیکی ئەو ڕســتەیە بێـت، کە لەو یاســایانە لانەدات، بیر سنووریان بۆ دەکێشێت، ئەم ڕستەیەی خوارەوە، لە ئاستی ڕووکەشدا، پێچەوانەی بوون و لۆجیکە:

- **من خۆم خۆمم دروستکردووە.**

ئەم ڕستەیە بەواتای فەرهەنگی لێکدانەوەی بۆ ناکرێت، بەڵام دەشێ لە دەوروبەرێکی گونجاودا، وەک دەربڕینێکی خوازەیی لێکبدرێتەوە و گوێگر بە واتای ویستراو بگات.

زمانەوانەکان لە نێوان خۆیاندا بۆچوونی جیاوازیان لە بارەی بابەتی حەقیقەتەوە هەیە، لە بارەی دروستی وتەوە پێیان وایە:ڕستە دروست دەبێت ئەگەر لە گەڵ ئەو ڕێسایانە گونجا کە لەو زماندا هەیە، بەڵام ئایا دەربڕینە خوازەییەکانیش چەمکی حەقیقی و ڕاستەقینەن؟ بۆچوونی ئەرستۆیی لە بارەی هاوشێوەبوونەوە (التطابق) پێمان دەڵێت:(ڕستە دروستە (حەقیقیة)یە، ئەگەر بە شتە هەبووەکان بڵێت هەبوو، بە شتە نەبووەکانیش بڵێ نەبوو، کە دواتر زانای بیرکاری(أ. تراسکی A.Traski) ، لە شیکردنەوەی زمانی سروشتیدا سوودی لێ وەرگرتووە بۆ نموونە دەستەواژەی ((**بەفر سپییە**))، حەقیقییە، ئەگەر لە واقیعدا بەفر سپی بێت). (روبیر مارتان: ٢٠٠٧:١٣١).

بەم پێیە، ئەو گوتارانەی کە هەواڵێک دەگەیەنن حەقیقین، بەڵام بە تەنیا ئاخێوەر ئەم بەرپرسیاریەتییە دەگرێتە ئەستۆ، لێرەدا پێویستە ڕەچاوی ئەو خاڵە بکەین، کە بابەتی حەقیقی دوو لایەنی هەیە: ئەوەی لە ڕوانگەی کەسێکەوە حەقیقییە، بۆی هەیە لە ڕوانگەی یەکێکی ترەوە بە شێوەیەکی تر بێت، بابەتی حەقیقەت لە زمانەوانیدا پەیوەندیدارە بە دەوروبەری بیروباوەڕەکانەوە ((المحیط المعتقدي ))، دەتوانین بەو دەوروبەرە بڵێین، کە کۆمەڵێک وتەی گۆکراو و گۆنەکراو لە خۆی دەگرێت، ڕستەدروست دەبێت، ئەگەر لە ڕوویدەوروبەرە پێشنیازکراوەکانیەوە حەقیقی بێت، بۆی هەیە، قسەکەر ئاماژە بە چوارچێوەی کەسێکی تر بکات (هەروەک لە ئاخاوتنی ناڕاستەخۆدا)، یان بە شێوەیەکی شاراوە ئاخاوتنەکەی دەبڕێت.

هەروەک چۆن حەقیقەتی زمانەوانی لە دەوروبەرە پێشنیازکراوەکانەوە ڕێژەییە، لە ڕووی جیهانی دەرەکی هەبووەکانیشەوە ڕێژەییە، لەم جیهانەد ناتوانین واتا بە دەربڕینێک بدەین و لێکدانەوەی بۆ بکەین، کە لەهەمان کاتدا، ( باطل)، خاڵی بێت لە واتا. دیسانەوە بابەتی دروستی (حەقیقی)، سەبارەت بە ئاستەکانی گونجان و ڕێککەوتن (الملاءمة) و سیماکانەوە ڕێژەییە، کە دەڵێین: {ئەو نەخۆشە، دەوڵەمەندە، هەژارە، گێژە، دەزانێ پیانۆ بژەنێ، جگەرەکێشە...هتد}. باس لە چەند دەرخراوێک دەکەین، بەبێ ئەوەی بزانین تا چ رادەیەک وردبینین لەوەی کە بەڕاستی ئاخاوتنەکەمان لەگەڵ مەرجی ڕاستی بووندا دەگونجێت؟ بۆنموونە: ئەو پێوەرانە چین، کە وا دەکات وەسفی دەوڵەمەند بۆ کەسێک گونجاو بێت؟

ژەنینی پیانۆ، کێشانی جگەرە، هەژاریی، ڕێژەیین و ڕادەیان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازی هەیە، بۆیە دەتوانین بڵێین حەقیقەتی زمانەوانی لە ڕاستیدا حەقیقەتێکی ڕێژەییە.

چۆن میتافۆر، لەگەڵ مەرجی ڕاستی بوونی ریژەییدا دەگونجێت؟ تاچ رادەیەک ئاخێوەران وتەی (**بەفرێکی ڕەش**)، لەگەڵ ئەو مەرجەدا دەیگونجێنن و لێکدانەوەی بۆ دەکەن؟ دیسانەوە ئەم مەرجە تاچ ڕادەیەک لەگەڵ چەمکی لادانە زمانییەکاندا ڕێکدەکەوێت و شیکردنەوەی بۆ دەکرێت؟ لادان گەورە و بچووکی هەیە، هەموو لادانێک، واتادروست ناکات و دەوروبەری بۆ نادۆزرێتەوە، بەڵام لە میتافۆردا، هەرچەندە بەزاندنی کۆتەکان زۆریش بن، بە هۆی زانیاری هاوبەش و شارەزایی لە کلتوور و کات و شوێن و چوارچێوە و هەڵوێستی ئاخاوتن و پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر و باری دەروونی و بۆنە و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندەواری، دەتوانین لە واتاکەی بگەین و درکی پێ بکەین ، بۆنموونە:

- **{تۆ منت کوشت}.**
- **{ تۆ هیواکانی منت کوشت }.**

ڕستەی یەکەم، بە واتای فەرهەنگیی لۆجیکیی نییە، چوونکە کەسێک کە دەکوژرێت، گیانی لەبەردا نییە و ناتوانێ قسە بکات، بەڵام قسەکەر لەم ڕستەیەدا، کە کوژراوە قسە دەکات! پێکهاتەی ڕستەکە لە ئاستی واتاسازیدا، بەم جۆرەیە:

- **تۆ منت کوشت.**

| | |

**{( بکەر ـ تۆ) (بەرکار(من) ـ زیندوو، قسەدەکات!) (کردەی کوشتن)}**

لە ئاستی لۆجیکدا، ئەوەی دەکوژرێت، **{نازیندووە}**، بۆیە ئەم ڕستەیە هەڵە دەردەچێت، بەڵام دەشێت، لە دەوروبەرێکی زمانیی دیاریکراودا، لێکدانەوەی بۆ بکرێت، وەک: (ئازار پێگەیاندن، یان دڵدارێک واز لە خۆشەویستەکەی بهێنێت).

ئەگەر تێبینی بکەین، لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، هۆکاری کوشتنەکەش نەگوتراوە ودەرنەبڕدراوە، بۆنموونە: (تۆ بە ئازارپێدان منت کوشت)، بەڵام دیسانەوە جۆری کوشتنەکە، جەستەیی نییە و مەعنەوییە، چونکە کەسی کوژراو ناتوانێت قسە بکات!

ڕستەی دووەم، بەرکار پێویستە گیاندار بێت، بەڵام هیوا، نابەرجەستەیە و گیانی لەبەردا نییە.

**تۆ هیواکانی منت کوشت.**

| | |

**بکەر (هیواکانی من) بەرکار ـ نازیندووە، کە لە ڕاستیدا پێویستە گیانی لەبەر دابێت) (کردەی کوشتن).**

- **{ ئاسمان دەموچاوی بەیەکداداوە}.**

لە ڕوویلێکدانەوەی لۆجیکییەوە، ئەم ڕستەیە هەڵەیە، لە دونیای ڕاستەقینەدا، بە پێی بنەماکانی هزر، ئاسمان دەم و چاوی نییە تاوەکو بەیەکی دابدات، کاری بەیەکدادان بۆخۆشی میتافۆڕێکە لە بەرئەوەی کردەیەکە پێویستی بە بەریەککەوتنی دوو شتی بەرجەستە هەیە، تەنانەت

لە مرۆڤیشدا، دەموچاو بە واتای فیزیکی بەیەکدانادرێن، بۆ دروستکردنی میتافۆرەکە، (دەموچاو)، لە مرۆڤ خوازراوە، دراوە بە ئاسمان.

**ئاسمان دەم وچاوی بەیەکداداوە .**

**| تەواوکەر ( کاری بەیەکدادان) |**

پێویستە میتافۆر لە هەڵەی واتایی جیابکرێتەوە((ئەو ڕستەیەی کە دەگوترێ چەند نوێ بێت، خوێنەر یان قسەکەر تێیدەگات بە مەرجێ بە زمانی دایک بێت یان هەر زمانێ کە قسەکەر یان گوێگر بیزانن، هەرچەندە ڕستەکە لە ڕووی واتاشەوە ئاسایی نەبێت.یان بۆ بوارێک بشێت، کە لە ئارادا نەبێ و باس لە جیهانێک بکات بوونی نەبێت، بۆنموونە، هەر کەسێک کوردی بزانێ، لەم رستانەی خوارەوە دەگات، هەرچەندە نموونەکان لە ڕوویواتاسازییەوە نائاساییین:

أ ـ ئەمڕۆ پیاوێکی سێ چاوم بینی

ب ـ فیلەکە بە سەقفی ژوورەکەدا هەڵدەگەڕێ))، (محەمەد مەعروف فەتاح:٢٠١١: ٤٠٢). هەرچەندە، ڕستەکان لە ڕووی واتاییەوە هەڵەن بەڵام دەتوانرێت، لێکدانەوەیان بۆ بکرێت.

هەروەها، میتافۆر، پێویستە لە هەڵەی ڕێزمانیش جیابکرێتەوە، ئەم ڕستانەی خوارەوە هەڵەی ڕێزمانیان تێدایە، بەڵام میتافۆر نین:

- **{ من چوو هەولێر}**
- **{ ئەو هات هەولێر}**
- **{ من خوارێ کەوت}**

((بۆ ئەوەی لە ڕەسەنایەتیەوە بگەینە داهێنان دەبێ زۆر بە وردی هەڵەی ریزمانی و واتایی و فۆنۆلۆژی لە ((لادان)) و ((بەزاندن))ی یاسا زمانییەکان جیابکەینەوە، ئەمەش بەوە دەکرێ بزانین ((لادان)) و ((بەزاندن))، بۆ مەبەستێکی ئەدەبی دەبێت، واتە گرینگییەکی تێدایە و شاعیر چاک ئاگاداریەتی و دەزانێ بۆ وەها دەکات ))، ( محەمەد مەعروف:٤٠٣:٢٠١١) .

لادان بەمەبەست دەکرێت، بەڵام ئاخێوەر کاتێک بەهەڵە زمان بەکاردەهێنێت، لە وانەیە درکی پێنەکات و بەهۆی ناشارەزایی یان بوارێکی تایبەتییەوە ڕووبدات.

بەرانبەرکردنی ڕستە لە ڕووی ڕێزمان و لۆجیکەوە، لەهەر زمانێکدا بێت، بەو واتایە دێت، کە ڕێزمان ڕووکەشە و بونیاتی سەرەوەی ڕستەکە پێکدەهێنێت، لە ژێرەوەشدا، پێکهاتەی لۆجیکی خۆی حەشارداوە، کە مەرج نییە هاوشێوەبن، ئەم جۆرە جیاکردنەوەی نێوان (ڕێزمان) و (**لۆجیک**) کە بەڕەگەزێکی سەرەکی لەلای (**فیتنگشتن**) و (**راسل**) دادەندرێت، لە مێژووی زمانەوانیدا، بابەتێکی نوێ نییە، لە بەرئەوەی جیاکردنەوەی شێوەی دەرەکی بابەت و شێوە نادیارە شاراوەکەی، واتە پێکهاتەی ڕێزمانی و پێکهاتەی لۆجیکی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی (**پۆر ــ رۆیاڵ**)، کە دواتر لە لایەن چۆمسکییەوە گرینگی پێدراوە(مخلوف سیدرحمد:١٧٤:٢٠١٠ ).

تیۆری وێنایی (التصوري)، کە یەکێکە لە تیۆرە واتاییەکان، دەکەوێتە ژێر کۆمەڵێک کۆت و بەندەوە، کە ڕەوشە واتاییەکان بەرهەمیاندەهێنێت و پێویستە هەر تیۆرێکی واتایی وەڵامدانەوەی بۆیان هەبێت، گرینگترین ئەم کۆتانە ئەمانەی خوارەوەن:


- کۆتی دەربڕین، پەیوەستە بە توانای دەربڕین، بۆ جیاوازییە واتاییەکان کە زمانە سروشتییەکان هەڵی دەسەنگێنن.
- کۆتی هەمەکی:پەیوەستە بە هەمەکی گەنجینەی بونیاتە واتاییەکان کە زمانە تایبەتییەکان بەکاریدەهێنن.
- کۆتی پێکهاتەیی، پەیوەستە بە بنەمای واتای ڕستە، لە واتای بەشە پێکهێنەرەکانییەوە.
- کۆتی تایبەتمەندییە واتاییەکان، پەیوەستە بە نرخی تایبەتمەندیی واتایی دەربڕینە زمانەوانییەکانەوە وەک: هاوبێژیی و ناوازەیی واتایی و شیکردنەوەیی و...هتد، یان تەفسیرکردنی چەمکی بەرهەمهێنانی تەواو و گونجاو.

• کۆتی ژمێریاری (الحاسوبیە): پەیوەستە بە پەسەندکردنی بەرنامەی ژمێریارییەوە (الحاسوبیە)، ( محمد غالیم الحاج:٢٠١٠: ٣٨ ).

تیۆری وێنایی، دوو کۆتی دیکە بە گرینگ دەزانێت، ئەوانیش کۆتی ڕێزمانی و کۆتی مەعریفین، جۆری یەکەم، پەیوەندی بە پەیوەستبوونی نێوان واتاو پێکهاتەوە هەیە، بەڵام کۆتی مەعریفی، هەبوونی چەند ئاستێک کە نوێنەرایەتی هزر دەکەن لە بارەی زانیارییە زمانییەکان و ئەو زانیارییانەی کە لە دەوروبەری ئیدراکی و جوڵەییەوە هەڵدەهێنجرێن بە پێویست دەزانێت، نەبوونی ئەم ئاستانەی زانیاری دەبێتە ئاستەنگێک لەبەردەم بەکارهێنانی زمان بۆ گواستنەوەی هاوردە ئیدراکییەکان و ئاخاوتن بەو شێوەیەی کە دەبینرێت و دەبیسترێت لەگەڵ گریمانەکردنی بونیاتی چەمکەکان (محمد غالیم الحاج، ٢٠١٠: ٣٩).

پێویستە لێرەدا، ئاماژە بەوە بکەین، کە تیۆری وێنایی، جەخت لەسەر ئاستێکی سەربەخۆی پێکهاتەی زمانی دەکات، لە دەرەوەی بوارە مەعریفیەکاندا، گەشە بە شیکردنەوەی وێنەیی وردی دیاردەکان دەدات، لە گەڵ سوود وەرگرتن لە بواری دەروونزانی ئیدراکی و دۆزینەوەی هەندێ لایەنی فێرکردن و توێژینەوەی بنەما وێنەییە بۆماوەییەکانی وەرگرتنی وێناکان.

بە شێوەیەک دەتوانین وێنەی ڕێزمان لەم تیۆرەدا، لە بارەی بونیاتی زانیارییە هزرییەکانی ناو زمان، لە کۆمەڵێک ئاستی نواندنی سەربەخۆ و کارلێککراو بەم جۆرە دەربخەین:




**(محمد غالیم الحاج: ٢٠١٠ : )٤٠**

ـ لەگەڵ ئەوەدا بونیاتی وێنەیی بواری نواندنی هزرییە، کە بە هۆیەوە پەیوەندی دەرەنجامەکان دیاریدەکرێت، ڕێزمانیش بە هەمان شێوە دەرەنجامێکە، کە بونیاتی وێنەیی، لە بونیاتە وێنەییەکانی ترەوە لێدەکەوێتەوە، ئەمەش دەرئەنجامێکە، دەکەوێتە نێوان هەردوو ڕێزمانی لۆجیکی و ڕێزمانی پێوانەییەوە، کە لە هەمان ئاستدا نوێنەرایەتی هزر دەکەن.

لێرەدا، وێناکردنی دیاردەکان تیۆرێکە لە بارەی واتاوە بەو پێیەی کە نواندنێکی هۆشەکییە، بەواتای وێنا ناوەکییەکان (ConceotsSemantics)، کە لە مێشکدا هەن و پێویستیان بە مەعریفەی زمانەوانی هەیە. لە بەرانبەر ئەمەدا، هەندێ تیۆری تردەبینین، کە واتا بە دیاردەیەکی هۆشەکیی دانانێن وەک ئەو تیۆرانەی گرینگی بە مەرجی ڕاستیی بوون (شروط الصدق) دەدەن، گرینگترینیان(واتای جیهانی بوونەکان) ی مۆنتیکۆ (١٩٧٤) و ( واتای دانراوەکان) ـ (دلالة الاوضاع) ی (باروایز) barwiise و( پێری) Perry ساڵی (١٩٨٣) ە، واتا لە هەردوو تیۆرەکەدا لە دەرەوەی هزردایە.

مەبەست لە تیۆری یەکەم، شیکردنەوەی ڕاستییە، بە سەربەخۆیی و لە بەکارهێناندا لە لایەن ئاخێوەران و لە ڕوانگەی پەیوەندی نێوان زمان و جیهانی دەوروبەرەوە بەردەستە دەکرێت، بەڵام تیۆری دووەم پێی وایە کە زانیارییەکان ( لە چوارچێوەیدا (واتای زمانی) یش، لە دونیای دەوربەرەوەیە، مرۆڤ لە چۆنایەتییە دیاریکراوەکاندا وەریاندەگرێت (محمد غالیم:٢٠١٠: ٤١). واتە: بە پێی تیۆری یەکەم، مەرجی ڕاستی بوون، پەیوەستە بە پێوانەی بەراوردکردنی ئەو زانیاری و هەواڵانەی کە ئاخێوەر دەریاندەبڕێت، لە گەڵ دیاردەکانی دەوروبەر و واقیع، بۆ نموونە، ڕستەیەکی وەک: ( **ئەمساڵ باران زۆر دەبارێت**). پەیوەستە بە چەند بنەمایەکی وەک ڕاستبێژیی قسەکەر و زانیاری لەبارەی دەوروبەرو کەش و هەواوە. بەڵام، تیۆری دووەم، پێی وایە، کە مرۆڤ زانیاری لە چۆنایەتییەکانی دەوروبەرەوە وەردەگرێت و لە بیریدا لێکدانەوەیان بۆ دەکات.

لە تیۆرییە نوێیەکانی (فریجیە)دا، واتا لە ئەنجامی پەیوەستکردنی دەربڕینە زمانییەکان بە بوونە نازمانییەکانەوە بەرهەمدەهێنرێت، بەرەو ڕووکردنەوەی ڕستەکانی (**بابەت ـ کێشە**) نرخی ڕاستی هەڵدەگرن ئەمەش واتایەکی چەمکییە، لە بەرئەوەی لە چوارچێوەی چەمک و زانراوەکانەوە دەربڕینەکان تەئویل دەکات، بەهەمان شێوە واتایەکی هەمەکی گشتگیرە، لە

بەرئەوەی نوێنەرایەتی نموونە گشتییەکان دەکات وەک جیهانە هەبووەکان، نەک نموونە بەشییەکانی وەک نواندنی وتار.

مۆنتیکۆ، بەراوردی زمانی سروشتی و زمانی وێنەیی دەکات، زمانی سروشتی و واتاکانی بە بەشێکی بیرکاری نەک دەروونزانی دادەنێت، بەم جۆرە واتا بابەتێکی بیرکاری لۆجیکییە، کە لەسەر بنەمای زانراوەکان کاردەکات، لێرەدا واتا خاوەنی سروشتێکی بابەتی سەربەخۆی دەرەوەی هزرە، کە ئەمەش بەتەواوەتی لەگەڵ واقعیەتبوونی فریجەدا ڕێکدەکەوێت، واتای ڕستەش بە هۆی بنەمای مەرجی ڕاستیبوونەوە دیاریدەکرێت، یان بە درککردنی ئەو وێنەیەی کە ڕەنگدانەوەی جیهانی ڕاستەقینەیە، بۆیە ناو لەم بۆچوونە دەنرێت واتای مەرجی ڕاستیی بوون.

ڕاستی بە پێی مۆدێلی تیۆرەکەی مۆنتیکۆ (Model Theory)، دیاردەیەکی ڕەها نییە، بەڵکو ڕێژەییە، چەمکی نموونەکان، پەیوەستە بە پەسەندییەتی ئەنتۆلۆجیای بەراییی پێکهاتەی جیهانەوە و کۆمەڵی هەبووەکان (مجموعة من الكيانات) {واتە: تاکەکان و بابەتەکان}، کۆمەڵەی تایبەتمەندی و پەیوەندییەکان {واتە: ئەو هەڵگرانەی کە دالەکان بە نرخی ڕاستی بوونەوە پەیوەست دەکەن}، سەرەنجامیش کۆمەڵێک دوانەی ڕێکخراوە(Ordered Pairs) یان بونیاتێکە لە شێوەی لیستێکدایە، بەمجۆرە دەبینین، واتای ڕستە بەهۆی مەرجی ڕاستی بوونەوە بڕیاری لەسەردەدرێت، بەڵام زۆرجار ئاخێوەران دەتوانن لە دەرەوەی سیاق و ئەو مەرجانەش کە بوار بە واتای حەقیقی دەدەن لە واتای ڕستەکانی زمان تێبگەن، بۆیە پێویستە لێرەدا پێکهاتەیەکی تر بۆ مەرجی ڕاستگوتن زیاد بکەین، ئەویش دەروبەرە چەسپێنراوەکانە (العالم الممكن)، ڕستەکان تەنیا بەهۆی ئەو شتانەوە وەسف ناکرێن کە لە دەوروبەری ئێمەدا هەن و زانراون، بەڵکو بەهۆی ئەو دیاردانەوەش کە هەن یان دەشێ لە دەوروبەرەکانی تردا هەبن، لێرەدا، واتای ڕستە وابەستەی توانای جیاکردنەوەی ئەو دەوروبەرەیە کە ڕستەی ڕاستی تێدا دەوترێ بە بەراورد بەو دەوروبەرەی کە ڕستە تێیدا ڕاست نییە، واتە: واتای ڕستە، یان بابەت کۆی دەوروبەرە شیمانەکراوەکانە (محمد غالم:٢٠١٠:٤٥).

لــە ڕووی بــابەت و نــیمچە بــابەتەوە، هەنــدێک ڕســتە، کە لە زمــانێکی دیاریکراودا بە ڕێسای ڕێزمانی داڕێژراوە و لە ڕووی پێکهاتەوە پەسـەندە، بەڵام مەرج نییە بـابەت ــ بـاس (قضـية) بێـت، لێـرەدا، بـواری لـۆجیکی ئەو پرسیارە دەوروژێنێت، کە پێویستە پابەندی چ مەرجێک ببین تـاوەکو بـابەت واتادار بێت؟

بە هەمان شێوەی (**ڕاسل**)، (**ڤیتگنشتن**) هـاوبەرانبەری کـردووە، لە نێـوان ئەو دۆخەدا، کە چ شـــتێک لــۆجیکییە و چ شـــتێک فیــزیکییە، ئەم جــۆرە بەرانبەرکـــردنە، وێنـــایەک وەردەگرێـــت، کە ناوەکـــان لە گەڵ شـــتەکاندا دەگونجێن، هەروەها کێشە یەکەمییەکان (الذرية) لە گەڵ ڕووداوە سادەکاندا گونجـاون (الـذريە)، بەمجـۆرە زمـان کـۆمەڵە بـابەتێکە، جیهـانیش کـۆمەڵە ڕووداوێکی سادەیە، بواری لۆجیکی، کە ڕووداوی تێدایە بە تەواوی هاوتایە لە گەڵ ئەودەوروبەرەدا، کە بـابەتەکەی تێدا دادەڕێژێـت. (فیتجنشـن لـدفيج: ١٩٦٨: ٨٢ ) بە پێی ئەم وێناکردنە، پێویسـتە جیاوازی بکەین، لە نێوان ئەو دوو دۆخەدا، کە بابەتێـک واتـای هەیە لەگەڵ ئەوەی کە بابەتێـک ڕاســتە، بـابەت ڕاسـت دەبێـت، ئەگەر نـوێنەری کردەیەکـی ڕاسـتەقینە بکـات، بەڵام بـابەت واتـای دەبێـت، ئەگەر شـیاو بێـت بـۆ ئەوەی بە پێـی ئەزمـوون لە واقیعێکـی دیـاریکراودا لێـی بکۆڵـدرێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەم لێکـۆڵینەوەیە، لە ئاسـتی ئەزمووندا شـیاو نەبـوو، ئەوا بـۆی هەیە واتـادار بێت، بەمەرجێک بتوانین بە پێی لۆجیک لێی بکۆڵینەوە، بە شـێوەیەک بنەماکانی پێچەوانەی یاساکانی لۆجیک نەبن.

(( واتە: هەمـوو بـابەتێکی خـاوەن وێنـای لـۆجیکی بـابەتێکی واتـادارە، لێکۆڵینەوە لەو دۆخەش کە بابەت وێنایەکی لۆجیکی هەبێت، بەوە دەبێت کە هەر هێمـایەک واتـایەکی دیـاریکراوی هەبێـت، بە شـێوەیەک یەک هێمـا لە واتــایەک زیــاتری نەبێــت، دوو هێمــای جیــاوازیش یەک واتایــان نەبێــت. Hadot :٢٠٠٥:٢٩ ) بەو هـــۆیەوە هەڵوێســـتی دانـــانی لـــۆجیکی لەگەڵ میتافیزیکیـا دژ دەوەسـتێت، لەبەرئەوەی لە ڕوانگـەی دانەرانـی لـۆجیکەوە، زۆربەی وتەی فەیلەسوفان، بابەتی ڕاستەقینە نین، بەڵکو لێکچوو (لە شێوە)

ی بـــابەتن، واتە لـــە ڕووی ڕێزمـــان و پێکهـــاتەوە ڕســـتەی تەواون، بەڵام نوێنەری هیچ شتێک ناکەن.

بەمجـۆرە، گرینگـی فەلسـەفە لە ڕوانگـەی (ڤیتگنشـتن)ەوە، دۆزینـەوەی هەڵەی لـۆجیکییە لە زمانـدا، لە گەڵ دیـاریکردنی هێمـای بە تـاڵ لە واتـا، لە بـابەتە میتافیزیکییەکانـدا، بە شـێوەیەک (رەخنەگـرتنە لە زمـان)، بەهـۆی ڕوونکردنەوەی بیر و دوور خستنەوەی لە هەر کەم کورتیەکی لۆجیکی.

ڤیتگنشـتن، بـاوەڕی وایە، کە جیهـان لە بـابەتی ڕووت ــ (ئەبسـتراکت (مجـرد) )، پێکنـایەت، بەڵکـو لە بـابەتی ڕێکخـراوله شـێوەی ڕووداو کە بە ڕووداوی گەردیلەیـی ناویـان دەبـات پێکـدێت. لە بەرئەوەی لە ڕوانگـەی ئەمەوە بۆ ڕووداوی سادەتر شیناکرێنەوە (جان مارک فیری:٢٠٠٦:٢٥. ).

وێنـاکردنی بـابەت بەو جـۆرە واتـایە لە لای (ڤیتگنشـتن)، دەبێـتە هـۆی دیـاریکردنی دوو جـۆری بـابەت: بابەتەکـانی زانسـت:کە نـوێنەری واقیـع دەکەن، کە دەڵێـت: ((کـۆمەڵەی بـابەتە ڕاسـتییەکان هەمـوو زانسـتە سروشتیەکانە))، ( فیتجنشن لدفیج: ١٩٦٨: ٩١).

بابەتەکـانی ژیربێـژی و بیریـاری، بابەتێـک کە واتـای هەیە و لە گەڵ مەرجی ڕاستی بووندا دەگونجێت، بـابەتی زانستە، بەڵام ئەو بـابەتەی، کە وەسفی بەشێک لە دەوروبەر ناکات، خاوەنی واتا نییە، دەچێتە چوارچێوەی بـابەتی میتافیزیکـا، کە بـابەتێکی ڕاسـتەقینە نییە، بەڵکـو هاوشـێوەی بـابەتە، پێویسـتە زمـانی لـۆجیکی ڕەمـزی، کە بنەمـایەکی ڕاسـتەقینە بونیاتـدەنێت، بابەت لە سەرچاوەیەکی حەقیقییەوە دەربهێنێت، بـابەتە ڕاستەقینەکان یان ڕاســت یــان هەڵەن، بەڵام کێشــە میتافیزیکییەکــان نەڕاســتن نە هەڵەن، لەبەرئەوەی خــاوەنی واتــا نــین، لە هەمــوو بابەتێکـدا پێویسـتە مەرجـی ڕاستی بوون هەبێت، واتە: خـاوەنی وێنـایەکی لـۆجیکی بێت، کە واتـای پێ دەدات، ئەگینا بابەت بە کێشە ـ باس ( القضیە) داناندرێت.

سەبارەت بە نرخی ڕاستی و درۆ، بۆمان ڕوون دەکاتەوە: کە جیاوازی نێـوان وتەی هەڵە و وتەی بـێ واتـا ، لەوەدایە، یەکەمیـان وێنەیەکمـان لە شـێوە واقیعیـیەکەی بـۆ دەکێشـێت، بەڵام لەگەڵیـدا هـاوجووت نیـیە، بەڵام

دووەمیــان هــیچ وێنایەکمــان پێنابەخشــێت، زۆربەی بــابەتە فەلســەفی و میتافیزیکییەکان لەم جۆرەن، ( ڤیتگنشتن) دەڵێت: ((بەشێکی زۆری بابەت و پرســیارە فەلســەفییەکان، درۆنــین، بەڵکــو بەتــاڵن لە واتــا، بــۆیە نــاتوانین وەڵامیان بدەینەوە تەنیا ئەوەمان لە توانادا هەیە، کە بڵێین: ئەمانە پرسیاری بێ واتان، ئەو پرسیار و کێشانەی کە فەیلەسوفەکان دەیلێن، لەگەڵ لۆجیکی زمانەکەمان یەکناگرنەوە، بۆیە شتێکی نامۆ نییە، ئەگەر بزانین کە قووڵترین کێشە بە هیچ شێوەیەک کێشە نییە))، ( فیتجنشین لدفیج: ٢٠١٢، ٨٣ ).

ئــاخێوەر لە وتەی بەتــاڵ لە واتــا تێناگــات، بەڵام لە وتەی هەڵە تێــدەگات هەرچەندە لەگەڵ واقیعدا هاوجووت نییە، ئەگەر بڵێین: {**هەمــوو دانیشــتوانی کوردستان بە زمانی هیندی قسە دەکەن**}. ئەم ئاخاوتنە لەلایەن قسەکەر و گــوێگرەوە، شــیاوی تێگەیشــتنە. بەڵــگەش ئەوەیە، دەتــوانین لێیبکــۆڵینەوە و بڕیــاری ئەوە بــدەین، کە هەڵەیە. بەڵام ئەگەر بڵێــین: {**هەمــوو ژمــارەیەکی جووت بۆنێکی ئاسۆیی و ڕەنگێکی سووری هەیە**}. لەم دۆخەدا، دووچاری ئاخاوتنێک دەبینەوە کە ناتوانین هیچ شتێک لە بارەیەوە بڵێین، لەبەرئەوەی تێی نــاگەین، نــاتوانین بڕیــاری ڕاســتی و هەڵەی لەبــارەیەوە بدەین، چونکــە هــیچ وێنــایەکی واقیعــی لە دەربــڕینەکەدا نییــە (مخلــوف ســید أحمــد، ٢٠١٠، ١٧٨).

بە بۆچوونی ئێمە، تەنانەت ئەو دەربڕینانەش، کە زۆر لە واتای بنەڕەتــی دوورکەوتــوونەتەوە و لەگەڵ لۆجیکــدا یەک نــاگرنەوە، بــۆی هەیە بــبن بە میتــافۆر، هەرچەنــدە ســەرەتا زۆر نــامۆ دێــنە بەرچــاو، گــوێگر/ خــوێنەر، وادەزانێــت، ناتوانێــت، لێکــدانەوەیان بــۆ بکــات، بەڵام بە پێــی بنەماکــانی هاوکــاری، کاتێــک هەســت بەوە دەکــات، کە ئــاخێوەر/ نووســەر، مەبەســتی گــــاڵتە پێکــــردن نیــــیە، بە مەبەســــتی هاریکــــاری دێــــتە پێشــــەوە و لە چوارچێوەیەکی گونجــاودا، بەدوای واتــای مەبەســتدا دەگەڕێت. بە تــایبەتی ئەم جــۆرە دەربــڕینە میتافۆرییــانە لە شــیعردا بەکاردەهێنــدرێن، بۆنمــوونە: {**خەونە پەمەییەکان، پرچی شیعر، ئێوارەیەکی ئەرخەوانی، زەردێکی شینباو ، ڕەشترین شین**، ...هتد}.

( ڤیتگنشتن، کە دەڵێت: بابەتی لۆجیک، هیچ شتێکمان لەبارەی واقیعەوە پێنالێت، ڕێکخستنێکی کرۆکیمان لەبارەی سەلماندنی لۆجیکییەوە پێشکەش دەکات، ڕاستی بابەت دەستکەوتێکی گفتوگۆ هەڵنەگرە، لە دەرەوەی هێما لۆجیکییە بەکارهێنراوەکاندا نییە، بەڵام لە پێکهاتە لۆجیکیەکاندا دەبینرێت، بۆیە پێویستە سەرنج لە سەلمێنراوەکانیان و دژایەتییەکانیان بدەین، تاوەکو بتوانین درک بە ڕاستی یەکەم و هەڵە (درۆ)ی دووەمیان بکەین، بەم پێیە، ڤیتگنشتن فەلسەفەی لۆجیکی لە سەر بنەمای ڕاستی و درۆ لە چوارچێوەی ڕەمزدا بونیاتناوە (نیشانەی جیاکەرەوەی بابەتی لۆجیک ئەوەیە، مرۆڤ تەنیا بە هۆی ڕەمزەوە دەتوانێ درکی پێبکات کە ڕاستە، ئەم ڕاستیەش لە ناوەرۆکدا، هەموو فەلسەفەی لۆجیک لە خۆی دەگرێت. لۆجیک لە ڕوانگەی ڤتگنشتایندا، سروشتێکی زمانی سنتاکتیکی (Syntactic) ی هەیە)، (جمال حمود، ٢٠٠٩: ٧٦ــ ٧٧ ). بۆ سەلماندنی ڕاستی و هەڵە، تەنیا پێویستمان بەوە دەبێت، سەرنج لە ڕێکخستن و پێکهاتەی بەشەکانی بدین، نەک بە بەراوردکردن لە گەڵ واقیعدا، جاک بۆلان، لەم بارەیەوە دەڵێت: دە روونناسی و ئیبستمۆلۆجیا ناتوانن مەرجەکانیان بەسەر لۆجیکدا بسەپێنن .

ڤیتگنشتن، لەسەر هەمان ڕێچکەی (ڕاسل)، لە بارەی زمانی نموونەییەوە، دەڵێت: ((ئەو ڕێگایەی کە هێماکان کاری پێدەکەن، وەک بیرکاری وایە))، ( مخلوف سيد احمد، ٢٠١٠:١٧٩) مەبەستی پێکچوونی هەردوو کردەکە نییە، بەڵکو پێی وایە، هەردوکیان یەک شتن، وشەکانی زمان لە پرۆسەی تێگەیشتندا، هەمان ڕۆڵی هێما بیرکارییەکان دەبینن ( بەمجۆرە گۆڕینی زمان بۆ کردەی بیرکاری، بوار بۆ زانینی ڕاستی و نا ڕاستی بابەت لە چوارچێوەی هێماکاندا، دەڕەخسێنێت، هەروەک چۆن ژمارەکان، لە کردەی بیرکاریدا ئەم بوارە دەرەخسێنن)، (فيتجنشتن لدفيج:٢٠١، ١٤٢ ).

ڤیتگنشتن، وای دەبینێت، کە هەریەک لە لۆجیک و بیرکاری وێنای ئیستدلالیمان پێدەدەن، کاتێک کردەیەکی بیرکاری بەجێ دەهێنین، پێکهاتەیەک بە پێکهاتەیەکی تر ئاڵو گۆڕ دەکەین، زانینی دەرنجامی

ڕاستی ئاڵوگۆڕییەکەش، بەهۆی چۆنیەتی بەکارهێنانی پێکهاتەکانەوە لەلای مــرۆڤ دەبێــت لە کــاتی ئێســتادا بۆدەســتکەوتی ((ڕاســت))، نەک بە بەراوردکردنی شتەکانی بیرکاری . بۆنموونە سەلماندنی بیرکاری، بریتییە لە ئـاڵوگۆڕکردنی پێکهـاتەیەک بە پێکهـاتەیەکی تـر، وەک ١١ – ٢ = ٦ + ٣، هەروەها لە هاوکێشەدا، گۆڕاوەکان لە گەڵ یەکدیدا، ئاڵو گۆڕ دەکەین:

( س + ص)٢ = س٢ + ٢ س ص + ص٢ .

ڕاستی و واتای ئەم جۆرە ئـاڵو گۆڕکردنە، تەنیا لە زمـانی بیرکاریـدا بەدەســت دەهێنرێــت، نەک لە ســەرچاوەیەکی دەرەکــی، تەنیــا بەهــۆی ڕاســت بەکارهێنـانی هاوکێشــەکانەوە دەتـوانین ڕاسـتییەکانیان بســەلمێنین سەرچاوە سەرەکییەکە لەوەدا، شاردراوەتەوە، هاوکێشەکان هیچ شتێکمان پێنالێن، لەبەرئەوەی لایەنی دووەم لە هەر یەکێکیاندا، لایەنی یەکەممان بۆ شــیدەکەنەوە، لێــرەدا ئەو بیــرە ســەرهەڵدەدات، کە بــابەتی دەســتکەوتە گفتوگۆهەڵنەگرەکان بابەتی شیکاریین (جمال حمود، ٢٠٠٩: ٧٨ ــ ٧٩) . بە پێی ئەم بۆچوونەی ڤیتگنشتن، چۆن دەتوانین، دەستەواژەیەکی وەک:

**{ڕەشترین سەوز}** شیبکەینەوە، ئایا ڕیزبوونی پێکهاتەکان لە هاوکێشەی نێــوان واتاکــان گونجــاوە، بۆنمــوونە، ئەگەر ئەم دەربــڕینە لەگەڵ دەستەواژەیەکی ئاساییدا بەراورد بکەین، پێکهاتەکە، بەم جۆرەیە:

(**ڕەشترین کراس)= کراس + یک + زۆر + ڕەش.**

- (**ڕەشترین سەوز)** یەکسان نییە بە: **سەوز + یک + زۆر + ڕەش**

کەواتە، نــاتوانین دەســتەواژەی (**ڕەشــترین ســەوز)**، بەهــۆی ڕاســت بەکارهێنانی پێکهاتەی هاوکێشەکەوە بسەلمێنین، لە بەرئەوەی (س) و (ص)ەکان یەکسان نین، لایەنی دووەم، لایەنی یەکەممـان بۆ شـیناکاتەوە تەنانەت ئەگەر هاوکێشەکە، بەم جۆرە شیبکەینەوە:

( **ڕەشترین سەوز) = ڕەش+ یک + زۆر + سەوز.**

لە بەرئەوەی ڕەنگی سەوز، تایبەتمەندی خۆی هەیە و نابێت بە ڕەش، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، هەندێ دەستەواژەی وەک: **{ شینێکی کاڵ، ڕەشێکی شینباو، سوورێکی سپیباو بەکاردەهێنین}**، بەڵام ( **کاڵترین شین، ڕەشترین**

**شین، سوورترین سپی**) لادانە لە باو و دەچێتە چوارچێوەی دەربڕینە میتافۆرییەکانەوە، کە لە شیعر و زمانی توانج و گاڵتە و گەپدا، پتر بەکاردێت.

( ڤیتگنشتن، بەپێی ڕێبازی شێوەگەرایی (**الشكلانية**) ئەم بۆچوونەی دەربڕیوە، کە (**لیبنتس**) یش پاڵپشتی کردووە، هەروەها لۆجیکناسانی وەک ((**بیانو**))، ((**فریجة**))، (( **ڕاسل**)) هەوڵی بووژاندنەوەیان داوە، بەڵام شێوەگەرایی، بەتەنیا کار لەسەر کردە زمانییەکان دەکات، هەرشتێکی بکەوێتە دەرەوەی زمان واتە: دەرەوەی لۆجیک بابەتی فەلسەفەی (ڤیتگنشتن) نییە.

لە((پەیام ))دا، ڤیتگنشتن باسی بەکارهێنانیکی زمانی لۆجیکی دەکات، بە شێوەیەک ئەم زمانە ڕێزمانێکی پێکهاتەیی و ڕەمزی هەبێت، هەر ڕەمزێک دەلالەت لە واتای خۆی بکات، پێی وایە، کەلە زمانی نموونەییدا، پێویستە هەر شتێکی سادە، تەنیا یەک ناوی هەبێت، لە بەرئەوەی زمانی ئاسایی پڕە لە هاوبێژیی و فرەواتایی)، (مخلوف سيد أحمد:١٨٠:٢٠١٠ )، ( زۆربەی جار لە زمانی ئاساییدا ئەوە ڕوودەدات، کە یەک وشە دوو واتای جیاوازی هەیە، یان دوو وشە دەبینین کە واتاکانیان لە یەکدی جیاوازە بەڵام بەهەمان ڕێگای دیاریکراو لە بابەتێکدا، بەکاردەهێندرێن) (فیتجنشتين لدفيج: ١٩٦٨: ٧٨).

( بەمجۆرە، (ڤیتگنشتن)، باس لە زمانێکی لۆجیکی ڕەمزی دەکات، کە دوور بێت لە هەڵە و بەکارهێنانە هاوبێژیی و فرەیی لە واتا و زیادەڕەوییەکانی وشە، واتە هەوڵدەدات یاسای ئابووری (Loi de parcimonie )، لە بەکارهێنانی وشەدا جێبەجێ بکات، کە بەیاسای ڕزگاربوون ناودەبردرێت، ئەگەر پێویستمان بە وشەیەک نەبوو، بێ واتا دەبێت، ئەمەش مانای ڕزگار بوون دەگەیەنێت.

لۆجیکی ڕەمزی شوێنی دەربڕینی دیاریکراو لە زمانە سروشتییەکاندا دەگرێتەوە بە بەکارهێنانی نیشانە تایبەت و دیاریکراوەکان، کەبە تەواوەتی بوار بە دەرکەوتنی پەیوەندی نێوان شتەکان دەدات ، هەروەک بیرکاری،

بۆیە زمانی ڕەمزی، پێکهاتەییە (Langage formalise). پەیوەستە بە پەیوەندییە بونیاتییەکانی نێوان شتەکان، ئەو ڕێبازەی کە لە سەری دامەزراوە، بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەو مەرجەی کە وادەکات بابەت تەنیا بە وێنا لۆجیکیەکەی ڕاست دەرچبێت، بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنی مادی)، (مخلوف سید أحمد، ٢٠١٠:١٨١ )، ( بەڵام ڤیتگنشتن، لە ڕەخنەگرتنی زمانی ئاساییدا، هەتا کۆتایی لە سەر ڕێچکەی فریج و ڕاسل نامێنێتەوە، بەڵکو بەرە و ڕێگایەکی تر هەنگاو دەنێت، بە پێچەوانەی ئەوانەوە، پێی وایە ئایدۆگرافیا زمان نییە و ناتوانێت جێگەی زمان بگرێتەوە، بەڵکو وەک ئامێرێک وایە، نوێنەری زمان و هێماگەری دەکات)، (جمال حمود، ٢٠٠٩: ١٥ ).

لێرەدا، ئەو پرسە دێتە پێشەوە، کە چۆن بە پێی لۆجیکی ڕەمزی دەتوانین، لێکدانەوە بۆ هەندێک میتافۆری وەک ئەمانەی خوارەوە بکەین؟

- **شەو هەزار چاوی هەبوو.**
- **هەموو لەشی دەمە !**

پێکهاتەی سەرەوەی ڕستەکان، لەگەڵ پێکهاتەی ژێرەوەدا، یەک ناگرنەوە، تەنانەت دەشێت هەندێ ڕستەی نالۆجیکیش، لە دەوروبەردا واتا وەربگرن و لێکدانەوەیان بۆ بکرێت { **ئەم ماڵە بەرد دەخۆن**}، { خوێنم سەوزە } ئەم ڕستانە بە پێی واتای ڕەمزی و ڕیزبوونی کەرەستەکان نالۆجیکیین، لە بەرئەوەی خواردنی بەرد لە لایەن مرۆڤەوە، لەگەڵ واقیعی ڕاستەقینەدا ناگونجێت، بەڵام دەشێ لە دۆخێکدا، بە پێی بوارو جۆری پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر، ئەم ڕستەیە بۆ خێزانێکی هەژار بەکاربێت و واتا ببەخشێت. هەروەها لەگەڵ بنەماکانی بیردا ناگونجێت، کە مرۆڤێک خوێنی سەوز بێت، بەڵام دەشێ لە دەوروبەردا واتای پارتێکی سیاسی وەربگرێت.

بۆیە بە بۆچوونی ئێمە ناتوانین، هەموو کاتێک دەربڕینە میتافۆرییەکان، بە پێی بنەماکانی لۆجیک لێکبدەینەوە و شیکردنەوەیان بۆ بکەین.بەڵام

بۆمان هەیە وا بیربکەینەوە، کە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژە میتافۆرییانە، لۆجیکی تایبەت بە خۆیان هەیە.

لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ڕێبازێکی نوێتر لە فەلسەفەی شیکاری دەرکەوت، کە لە بواری لۆجییکەوە بەرەو گرینگیدان بە زمانی ئاسایی هەنگاوی نا، زمانی ئاسایی بووە بابەتێک لە ڕەخنەی فەلسەفەی شیکاری، گرینگی دان بە چۆنیەتی کارکردنی ئەو زمانە بوو بە چەقی لێکۆڵینەوە، ئەگەر کەم وکورتی زمانی ئاسایی بە پێی تێروانینی فەلسەفەی شیکاری کۆن ئەوەبێت، کە هەندێک ڕستە شیاو نین بۆ پۆلێنکردن، لە چوارچێوەی دووانەی (( ڕاست ـ هەڵە))، فەلسەفەی شیکاری نوێ، بوار بە پۆلێنکردنی ئەم جۆرە ڕستانەش دەدات، بەهۆی گرینگی دان بە ڕەهەندی (پراگماتیکی)، لە زمانی ئاساییدا( مخلوف سید أحمد، ٢٠١٠:١٨٤)، کۆنترین دامەزرێنەرانی بواری پراگماتیک بریتی بوون لە فەیلەسوفی ئەمریکی چارڵز ساندرس پێرس Ch.S.pearce، چارلز موریس Ch.Morris، دیتر بلیر D.Buhler لە ئەڵمانیا، دواتر لە لایەن ئۆستین J.Austin و خوێندکارەکەی سورێل J.R.Searle و گرایس Grice گرینگی بەم بوارە درا.

بەشێکی زۆری ئەوانەی لەبارەی پراگماتییکەوە دەدوێن هەوڵەکانی دی سوسێر بەرز دەنرخێنن، بەتایبەتی لە دوو ئاستدا:

١ ـ زمان سەربەخۆیە لە دەوروبەر (الواقع)، کە بووە هۆی هوڵوەشانەوەی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان وتا و ئەو دەوروبەرەدا هەیە.

٢ ـ جیاکاری ئاسۆکانی زانیاری کە هەموو زمانێک دەریاندەبڕێت، هەر زمانێک بۆنیاتێکی هێمایی داخراوی سەربەخۆیە، بواری درککردنی تایبەت بە خۆی هەیە، زمانەوانی ئەمریکی (ئیدوارد ساپیر) E.sapir لە کتێبە بەناوبانگەکەی دەربڕین (التعبیر) یان ئاخاوتن (الکلام)، پاڵپشتی ئەم بۆچوونەی کردووە Le langage کە بوارە زمانەوانییەکەی بە زمانەوانی ڕێژەیی ناسراوە. لە هەمانکاتدا ڕۆڵی زمانەوانە ئاماژەکارییەکان (السیمیائین) دەنرخێنن، بە تایبەتی لە بوارەسەرەکییەکەیاندا هێما Le

signe ، ئەمانە بە تایبەتی (ئیمبرتۆ ئیکۆ) Umberto Eco لە کتێبەکەیدا ئاماژەکارەکان و فەلسەفەی زمان (السیمیائیات و فلسفة اللغة) پێیان وایە، کە هێما۔ نیشانە بوونی بەرفراوانە، بازنەیەکی ناوەندی لە نێوان سیستەمی شێوەکان و داڕێژراوە بێکۆتاییەکانی دەربڕینە هەواڵی و پرسیاری و فەرمانییەکاندا، پێکدەهێنێت.

هەروەها ئۆستن، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا( وتە ـ کردە)، هەوڵی داوە تایبەتمەندییەکی نوێ بۆ چەمکی زمان زیاد بکات، ئەویش پەیوەستکردنی زمانە بەهۆی کردەکانییەوە بە جیهان و واقیع، هەروەها (سوریڵ) کردەکانی ئاخاوتنی بۆ کردە قسەییە ڕاستەوخۆ و کردە قسەیە نا ڕاستەوخۆکان دابەشکردووە، لە تیۆرەکەیدا گەشەی بە دوو ڕەهەندی زمان داوە، ئەوانیش: مەبەست وبنەماکانن (المقاصد و المواضعات)، دواتر (پاول گرایس) بوارێکی تری گرینگی خستەسەر، ئەویش بواری مەبستداریەتی واتا بوو (مبدأ القصد بمعنى) لە نێوان ئەو بابەت و ڕستانەی کە خاوەنی واتایەکی سروشتی ڕاستەوخۆن، کە دەربڕین لە چەند دیاردەیەکی ڕێکخراو دەکات (**بارینی بەفر نیشانەی ساردی ئاو و هەوایە**)، ( **ماڵەکەت تەوێڵەیە، بەنگەی کەرانە**)، ڕستەی دووەم، لە ئاخاوتندا ناسروشتییە، بەڵام مە بەست لە پیسی یان ئاژاوە و ناڕێکییە. ( جان مارک فیری :٢٠٠٦: ١١) بواری پراگماتیک لە ڕووی بونیادنانەوە بوارێکی گرینگە، کە بواری زمانەوانی نوێی فراوانترو گشتیتر کردووە، لەو قاڵبە داخراوەی پێشووتر دەریهێناوە، زمان بوونێکی زیندووی بوارەکانی مرۆڤایەتییە، وەک ئامێرێکی سەرەکی گەیاندن سەیری دەکرێت. هەر لەو ماوەیەدا لایەنگرانی زمانی ئاسایی لە لۆجیکی وێنەیی هەڵگەڕانەوە، چەند بوارێکی زمانەوانی سەریان هەڵدا، وەک: کردەکانی ئاخاوتن و یارییە زمانەوانییەکان، کە لە بواری زانستی پراگماتییکەوە گرینگی پێدەدرا، فەیلەسوفانی (ئۆکسفۆرد)، پێیان وابوو، کە دەربڕینەکان تەنیا لە سیاقی دیاریکراودا واتایان دەبێت، واتە: وشە لە بۆنەی بەکارهێناندا واتا وەردەگرێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایە (ئۆستن)، جەختی کردەوە، کە پێویستە جیاوازی لە نێوان ڕستەی هەواڵی و

ڕستەی بە جێهێنان بکرێ، ئەم جۆرە ڕستانە بە ڕاست و درۆ بڕیاریان لە سەر نادرێت، بەڵکو بە سەرکەوتن و شکست هێنان. لە ڕوانگەی (یارییەکانی زمان) دا، هیچ واتایەک جێگیر و چەسپاو نییە، بەڵکو زمان دەتوانێت دەریانببڕێت، هەروەها واتایەکی سەربەخۆ نییە کە پەیوەست بێت بە سیاقێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو واتا دیاریدەکرێت بە پێی چالاکییەکان، بەم شێوەیە (ڤیتگنشتن)، ئەوەی ڕەتکردەوە کە واتا بە شێوەیەکی پێشینە لە زماندا بوونی هەبێت، واتای جۆراوجۆر، بە پێی سیاقی بەکارهێنان لە دایکدەبێت، بەگوێرەی ((یارییەکان))، کە بەهۆیەوە چالاکییە زمانییەکان ڕێکدەخرێت(مخلوف سيد أحمد، ٢٠١٠: ١٨٧).

دەتوانین توێژینەوە لە واتا بە دوو پێکهاتەی پەیوەستەوە بکەین: جۆری یەکەم، گرینگی بە ماهیەت و سروشتی واتا دەدات، جۆری دووەم گرینگی بە چاودێریکردنی تایبەتمەندی و پەیوەندییە واتاییەکانی زمانە سروشتییەکان دەدات، جۆری یەکەم لە دوو بەش پێکدێت: واتای وێنا ناوەکییەکان، لەم بارەدا واتا واقیعێکی دەروونی و هزرییە، واتای بۆچوونە دەرەکییەکان، لێرەدا واتا بوونێکی دەرەوەی هزروبیرکردنەوەیە بیرکاری{ **لۆجیک** } واتای جیهانە هەبووەکان، یان{ **ژینگەیی**} لە واتا بابەتییەکاندا ( **ڕووداو**) بنچینەی سەرەکی واتای جیهانی دەوروبەر، لە بیروباوەڕەکانی ئەفلاتوونەوە وەرگیراوە، کە لە توانا واتاییە دەروونیەکان لای ئاخێوەر وەرناگیرێت، دەتوانین واتای بابەتی ڕووداو بگەڕێنینەوە، بۆ بواری وێژەی فەلسەفی ئەزموونی، کە گریمانەی ئەوە دەکات، هیچ شتێکی هەستپێنەکراو لە هزردا نییە. (محمد غاليم: ٢٠٠٩:٣).

**٣\٥) میتافۆر لە شیعردا:**

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین گریمانەی تیۆریی بۆ بواری پراکتیکی و کردەی کارەکی بگوازینەوە، بەهۆی شیکردنەوەی واتایی هەندێ نموونەی شیعرییەوە، پەیوەست بە باکگڕاوندێکی زانستی، گریمانەی دابەشبوونی دوانەیی (( doublearticulation)) ی زمانەوانی فەرەنسی ( ئەندرێ مارتینی)، )کە بریتییە لە خستنەڕوویێکی زمانەوانی، ئاخاوتن بۆ دوو ڕەهەند

دابەش دەکات: (دەنگ و واتا)، زمانیش بە ئامێرێکی گەیاندن دادەنێت، کە بەهۆی شیکردنەوەی واتاوە کردەی لەیەکتر گەیشتن دێتە ئاراوە، ئەم شیکردنەویەش بە دیاریکردنی یەکەی واتایی "monemes" کۆتایی دێت، ئەمەش ئەو بوارەیە، کە دوانەی یەکەمی ((Premiere articulation))ی لێدەردەچێت.ئەم یەکە واتایانە بۆ بەشی بچوکتر کەرتدەکرێن، کە یەکەی دەنگیی جیاکراوەن phonemes ئەمەش ئاستی دووەمە، کە زاراوەی دوانەی دووەمی لێ دەردەچێت (deuxieme articulation))، (تیۆری زمانەوانی (**ئەندرێ مارتینی**)، لە بەشی یەکەم و بەشی دووەم پێکهاتووە، دەرەنجامی هەردوو کردەکەش دەستکەوتنی دوانەیەکە، بە ناوی (double articulation) بواری یەکەم، یەکەی پێکهاتەیی دەگرێتەوە، بواری دووەمیش یەکەی دەنگی و مۆرفیم و واتای شێواز دەگرێتەوە. بۆیە دەتوانین لێکۆڵینەوەی شیعر بەم جۆرە دابەش بکەین:

یەکەم: پێکهاتەی سینتاکی: بریتییە لە لێکۆڵینەوەی شیعر، لە ڕووی ڕستەسازییەوە، وەک جۆرەکانی ڕستە (نەفی، جەختکردنەوە، وەسفی، ... هتد ). دووەم: بریتییە لە لێکۆڵینەوەی شیعر لە ڕووی ناوەرۆکەوە، کە یەکەی دەنگی و مۆرفۆلۆجی و واتایی و شێوازیی دەگرێتەوە، بەهۆی پەیوەستکردنیان بە مەعریفەی جۆراوجۆرەوە، وەک:شعریەت (( Poetics)) ، شێوازناسی (( Stylistics)) سیمۆتیک ((Semiotics)).

وتاری شیعری کە بریتییە لە پەیامێک، لە چوارچێوەی تۆڕی پەیوەندی { نێرەر (شاعیر)، وەرگر (گوێگر، خوێنەر، رەخنەگر)، سیاق contexte، پەیوەندی contact، کۆد code} نرخ وپێگەی واتایی وەردەگرێت، لەبەرئەوەی ئەم ڕەگەزانە تەواوکەری یەکترین و واتای پەیامەکە تەواودەکەن، لەم ڕووەوە ڕاستی گریمانەی جاکوبسن دەردەکەوێت، وازهێنان و پەیڕەو نەکردنی ئاستی واتایی (axe Paradigmatiqu ) لە سەر ئاستی پێکهاتەsyntagmatique (axe) دەبێتەهۆی لە دایکبوونی شیعر ( Poetique )، کە جاکۆپسن پێی دەڵێت: ئاستی ناڕێزمانی

لەبەرئەوەی لە ئاستی ڕێزمانیدا کۆمەڵێک یاسا هەیە کە پێویستە جێبەجێی بکەین )، ( رابح بوحوش:٢٠٠٩: ١٦٥ ـ ١٦٦).

ئەرکی شیعر بەهۆی پێگەکەیەوە، لە چوارچێوەی ئەرکەکانی تری زماندا، دیاری دەکرێت. لێکۆڵینەوە لە زمانی شیعر، بە شێکە لە زانستی زمان، زانستێکی فراوانە، توێژینەوە لە بونیاتی زمان دەکات.)گرینگی پێدانی ئەم بوا ڕەش لەگەڵ جاکۆبسن و تیۆرەکەی (زمانەوانی گەیاندن) دەستی پێکرد، کە چەمکی پەیامی تێدا پێشکەش دەکرێت، لەگەڵ بەرهەمهێنانی چەند واتایەک وەک ئەرکی شیعریی بۆ گەیاندنی مەبەستی پەیام )،(محمد الولی: ١٩٨٨: ٢٧ ).

(شیعرییەت [ Poetics ] چەمکێکە لە ڕووی زمانەوە لە سێ یەکە پێکهاتووە [ Poem ] یەکەیەکی فەرهەنگییە، لە زمانی لاتینیدا، بە واتای (شیعر) دێت [ Lexem ] وشەیە، پاشگری [ ic ] ، یەکەیەکی مۆرفۆلۆجییە [morpheme ] واتای ڕێژە دەگەیەنێت، هێما بە لایەنی زانستی ئەم بوارەی زانیاری دەگات، پاشگری [s ] ئەرکی کۆکردنەوە دەگەیەنێت.

شیعر لای جاکۆبسن، زمانە لە سیاقدا ئەرکێکی جوانکاری دەبینێت، بابەتی زانستی ئەدەب، ئەدەب نییە، بەڵکو ئەدەبیەتە، واتە:ئالیەتی دارشتن و پێکهاتەیە، لەبەرئەوەی شیعر شێوەگەلی وشەیەکە، کە نرخی سەربەخۆی هەیە لە سیاقەکانی دەربڕیندا، ئەم جۆرە خستنەڕووە، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە هەریەک لە ئەڵمانیاو ئینگەلتەڕاو ئەمریکاو فەرەنسا، کە بووە هۆی گەشەسەندنی چەمکی شیعرییەت، لە دیارترین دەستکەوتەکانیشی، دەرکەوتنی تەیاری بونیادگەری فەرەنسی بوو، کە گرینگی بە چۆنیەتی خوێندنەوەی دەق، وەک سەرەتایەک بۆ شیکردنەوەی ڕەمزە بەکارهاتووەکان دەدات ئەمانە چەند ئاستێکن لە ئاستی هەڵوەشاندنەوە و شیکردنەوە، بەکۆکردنەوەشیان زانستی شیعرمان دەست دەکەوێت [Siences de la Poesie ] ،(رابح بوحوش:٢٠٠٩: ٧١ ـ ٧٣).

**٥\٣ ـ١) وێنەی شیعری:**

لە سەردەمی کۆنەوە، شیعر گرینگییەکی زۆری پێدراوە و لە ڕوانگەی جیاوازەوە تێڕوانینی بۆ کراوە، بە پێی جۆری ڕەخنەگر و ڕێبازەکانیان هەڵسەنگاندی لەبارەوە کراوە، لەلای یۆنانییەکان شیعر وێنەیەکی وتەبێژە وێنەش شیعرێکی بێدەنگە، لای عەرەبەکانیش هونەرێکی وێنەییە. (یحیی الشیخ صالح: ١٩٧٨: ٣١٧ ).

(( وێنە لە ڕەخنەی ئەوروپیدا( image) ی پێ دەوترێت کە وشەیەکی ئینگلیزییە)) (سەردار ئەحمەد:٢٠٠٤:٢٥) وشەی Imagination بە واتای خەیاڵ دێت، لەبەرئەوەی خەیاڵ ڕەگەزێکی گرینگی شیعرە و لە دروستکردنی وێنەی هونەریدا، بەشدارییەکی فراوان دەکات. ئەم گرینگی دانە بە شیعر، زاراوەی وێنەی شیعری لێکەوتۆتەوە، کە ڕەگەزێکی زیندووە لە ڕەگەزەکانی پێکهاتەی دەروونی ئەزموونی شیعری شاعیر.

دوو ئاستی کارلێککردن لە وێنەی شیعریدا هەیە ئەوانیش ئاستی (دە روونی) و( ئاستی واتاییە)، یان ئەرکی دەروونی و ئەرکی مەعنەوییە، شیعر دەربڕی هەموو ئەو هەست و نەست و خەیاڵانەیە، لە ناخی شاعیرێکدا پەنگی خواردۆتەوە و لە دەقێکی شیعریدا بەرجەستە دەبێت، ((وێنە ڕەنگدانەوەی بارێکی دەروونی دیاریکراوە، کە شاعیر بەرامبەر هەڵوێستێکی دیاری کراو لە ژیانیدا دەوروژێنێت))، ( حسین الحاج حسن: ١٩٩٧: ٧٦).

وێنەی شیعری ئەو مانایە دەدات کاتێک کۆپلە شیعرێکی شاعیرێک دەخوێنیتەوە وا هەست دەکەیت وێنەیەکی زۆر جوان و بە پێزت بەرامبەر کێشراوە، بەگرینگترین لایەنەکانی پێکهاتەی شیعری دەژمێردرێت، وێنەی شیعری لە زۆربەی کاتەکاندا بەوە دەناسرێت کە وشەکانی کەم و دیاریکراون، ئەم وشە کەمانەش، قورساییەکی زۆریان دەکەوێتە سەر بۆ ئەوەی بابەتێکی فراوان لە شیعرێکدا چڕ بکەنەوە. هەر لەبەرئەوەشە، شیعر زۆر لێکدانەوە لە خۆی دەگرێت، بارگاوییە بە زۆر شت و زمانی مەجازیش بەسەریدا زاڵە و لە دەرگای هەموو باسەکان دەدات، وێنەی شیعری

ڕێگـایەکی جەوهەریـیە بـۆ گواسـتنەوەی ئەزمـوونە هونەرییەکـان لە ژیـانی شاعیردا (هاوژین صلّیوە عیسا، ٢٠٠٩: ٢١ ـ ٢٣).

لە شـیعری کلاسـیکدا، وێـنەی شـیعری زیـاتر لە ڕوانگـەی هونەرەکـانی ڕەوانبێـژییەوە سـەیری کـراوە و تەنیـا بـۆ ڕازانـدنەوەی لایەنـی جوانکـاری شـیعرەکە بەکارهـاتووە، کەچـی لە شـیعری نوێدا ئەم چوارچێوەیە شـکا و وێـنەی شـیعری زیـاتر گرینگـی پـێ دەدرێـت و پەنتـاییەکی فـراوان داگیـر دەکات. بە بنەمـایەکی گرینگی داهێنـان و هـونەری شـیعری دادەندرێت. ئەو وێنـانەی کە شـاعیر لە ژیـانی ئاسـایی خۆیـدا دەیانبینێـت، لە هـزرو بیریـدا ئاوێتەیـان دەکـات و بەرگێکـی هونەرییـان بە بەردا دەکـات، لە گەڵ خەیاڵدا، وێنەیەکی تازەیان لێ دروست دەکات.

(کامیـل بە صـیر)، دوو جـۆرە وێـنە دەسـت نیشـان دەکـات، ( یەکەمیـان وێـنەی ڕاسـتەوخۆ کە بە تەنهـا واتـای ڕاسـتەوخۆی وشـە و دەربڕینەکـان خۆیـان دەگەیەنـن، بـێ ئەوەی پشـت بە زانسـتی ڕەوانبێـژی بەسـترابێت، دووەمیـــان: وێـــنەی هـــونەری، بـــریتین لەو وێنـــانەی کە بە مەبەســـت و بەشـێوەیەکی کـارامە و هۆشـیاریی ئەنجـام دەدرێـن، بە هـۆی بابەتەکـانی لێکچواندن و خـوازە و خواسـتن و درکەوە کە زمـانی دەربڕینـی ئەندێشـەن دروستکراون)، (کامل حسن البصیر: ١٩٨٧: ٢٦٨ ـ ٢٧٠).

گۆڕان لە شیعریکدا بە ناوی ( لە زیندانا چـواردەی تەمـووز)، وێنەیەک دروست دەکات، کە تێیدا، هەستگۆڕکێ، لە نێوان هەردوو هەستی بیسـتن و بینینـدا دەکـات، سـیمای ( ڕەنـگ) دەداتە پـاڵ وشـەی (دەنـگ) کە خـۆی لە بنچینەدا ئەو سیمایەی نییە:

**❖ دەنگێکی دوور،**
**دوور... ئێجگار دوور...**
**بە ئاستەمێک ئەگاتە ژوور!**
**ئەی دەنگی دوور،**
**بە ئاستەمێک ئەگەیتە ژوور!**
**ئاخۆ سپیت، یان ڕەش، یان سوور؟**

**وەرە پێشتر....** (دیوانی گۆران:١٩٨٠: ٢٨٠).

لە دونیای ڕاستەقینەدا، وشەی{ دەنگ} بەهۆی ئاوەڵناوەکانی (سپی، ڕەش، سوور) وەسف ناکرێت، لە بەرئەوەی ئەم ڕەنگانە بە چاو نەک بە گوێ دەبیندرێن. بۆیە لێکدانەوەی ئەم دەربڕینە میتافۆرییانە، بە گەڕانەوە بۆ بارودۆخ و هەڵوێست و سیاقی هاتنە ئارای شیعرەکەوە دەبێت، کە ئەم بیرانە چۆن لە بواری سەرچاوەوە، بۆ بواری ئامانج گوێزراونەتەوە.

وێنە یەکێکە لە ڕەگەزە چالاکەکانی شیعر بە تایبەتیش، لە شیعری نوێدا کە بە گەلێک شێوە پێکدەهێندرێت، هیچ وێنەیەک بەبێ لادان دروست نابێت، جا ئەو لادانە چ لە ئاستی زماندا بێت یان لە ئاستی شێواز و واتادا بێت، ئێمە زیاتر مەبەستمانە ئەو وێنانە دەربخەین، کە بەهۆی میتافۆرەوە دروست دەبێت و دواتر لە فەرهەنگی زماندا، ڕەنگدەداتەوە و دەوڵەمەندی دەکەن.

زمانی شیعر، زمانێکی بەپێزو کاریگەرە، چەندین هونەری ڕەوانبێژی گرینگی تێدا بەکاردەهێندرێت و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دەوڵەمەندکردنی زماندا هەیە، بەرێژەیەکی زۆر میتافۆری تێدا دەردەکەوێت، هەروەک دەشزانین، زمانی ویژە ڕەنگدانەوەی لە ئاخاوتندا دەبێت، بۆیە دیاردەیەکی ئاساییە، کە دەربڕینە میتافۆرییەکان، بکەونە ناو فەرهەنگی زمانەوە و سامانێکی تر بخەنە سەر خەرمانی وشەی کوردییەوە. بۆیە هەندێ لە زمانەوانەکان پێیان وایە، کە شیعر، میتافۆرێکی جێگر وگشتگیرە.

قەسیدەی شیعری وەک کردەی کارلێکی کیمیایی وایە، لەبەرئەوەی ئەو وشانە لە ڕستەدا، بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، کە بە پێی یاسای پێوەریی بەکارهێنانی زمان، بە شێوەیەکی ئاسایی بە یەکەوە نایەن. ئەمەش بەهۆی کردەی گۆڕین و خستنەبڕی وپێکهێنان، لە هەردوو لایەنی هەڵبژاردن و دروستکردندا. تێپەڕاندن ولادان لە بواری یەکەمدا، پێی دەگوترێت هەڵهێنجان لە بەرئەوەی داهێنانەکە، پەیوەستە بە یاسای زمانەوە، بەڵام لادان، لە بواری دووەمدا، پێی دەوترێت وتەبێژیی، لەبەرئەوەی داهێنانەکە، پەیوەستە بە یاسای ئاخاوتنەوە، هەردوو جۆرە لادانەکەش، تەواوکەری

یەکتـرین، لەبەرئەوەی لە ئاسـتی زمـان خۆیـدا، جێبەجـێ دەکرێـت، بەڵام جیاکـارییەکە بـریتییە لە هەژمـوونی زمـان لەسـەر ئاخـاوتن، چـوونکە زمـان دەگۆڕێت بۆئەوەی واتایەک بە ئاخـاوتن بدات، بۆیە کـردەکە، پەیوەسـتە بە دوو کاتی پێچەوانە و تەواوکەری یەکتری:

**أ ـ دۆخی لادان**

**ب ـ نەفی لادان و تێپەڕاندن.**

لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا، هێڵە ڕاستەکە واتای گونجان (الملائمە)، دوو هێڵە یەکتربڕەکەش واتای میتافۆر(المنافره ) دەگەیەنێت:

**دال**

|

**مەدلوولی یەکەم (١)**

X |

**مەدلوولی دووەم (٢) ـــ ئەرک**

لەم خشـــتەیەدا، دوو مەدلـــوول بـــۆ دال هەیە، لەبەرئەوەی میتـــافۆر، جۆرێـک لە لادان و گۆڕانکـارییەکی تێـدایە سـتراتیجیەتی شـیعریش، یەک ئامـانجی هەیە، ئەویـش گـۆڕینی واتـایە، بـۆیە پێویسـتە پشـت بە مەدلـولی یەکەم ببەسـتین، بـۆ ئەوەی مەدلـوولی دووەم بێـتە کـایەوە، لەبەرئەوەی شیعر داهێنان لە زماندا دەکات و زمانیش چەکەکەیەتی.

لێرەدا، ئێمە ئەم پارچە شیعرە بە نموونە وەردەگرین، تاوەکو بزانین تـا چ ڕادەیەک داهێنانی تێدا کراوە:

**❖ تریفەی مانگ، زەردەخەنەی،**
**لێوی وشکی پڕ لە تەوسە**
**پێڵوی قورسی پڕ وەنەوزە**
**تەماشای کەی...**
**هەر بە ڕەنگی زەردیا دیارە**
**ئەڵێی مردووی سەدساڵەیە( شێرکۆ بێکەس:٢٠٠٢:٤٥ ).**

**دال: تریفەی مانگ \ دیاردەیەکی سروشتە**

**مەدلوولی یەکەم (١) مانگ وەک مرۆڤ وایە**

**مەدلوولی دووەم (٢) مانگ ڕەنگی زەردە**

**واتای ناوەکیی**

**هێڵکاری میتافۆری دووەم:**

**دال: مانگ خەمناکە**

**مەدلوولی یەکەم (١) مانگ، سیمای ( + لێوی وشک، +پێڵوو، + ڕەنگی زەرد، +مردوو) ی وەرگرتووە.**

**مەدلوولی دووەم (٢) مانگ، بیر دەکاتەوە، پرسیار دەکات.**

وینەکە، لە ئاستی واتاییدا، لە کێشانی شێوە ئەندازەییەکەی سەرکەوتووە، ( تریفەی مانگ)، جگە لە مەدلوولی یەکەم، مەدلوولی دووەمیشی وەرگرتووە، شاعیر کۆتی واتایی شکاندووە(بەزاندووە)، بەتایبەتی بنەمای هاوڕێیەتی بەزاندووە، لەوەدا کە وشەیەک، لەگەڵ وشەیەکی تردا دێت، کە لەوەوپێش، ئاشنایەتی لە گەڵیدا نەبووە، وەک بەیەکەوە هاتنی وشەکانی( مانگ و زەردەخەنە، لێوی وشکی مانگ، پێڵوی قورس، ڕەنگی زەرد).

هەندێکجار شاعیر بۆ دروستکردنی میتافۆر، سوود لە پێچەوانەکردنەوەی دیاردەکان وەردەگرێت، بەهۆی ئەمەش سەرنجی خوێنەر یان گوێگر پتر رادەکێشێت، وەک لەم شیعرەی خوارەوەدا، دەبینرێ:

**(بۆ ژدانۆڤ)**

**ئوتومبیلێکی هەیئەتی ئیداری و کۆبوونەوەیەکی علوج**

**قوتابییەکی دەستی دووەم و تەلەفزیۆنێکی تەمبەڵ**
**تەسبیحێکی ملیۆنێر و بازرگانێک کە لەحەجەوە هاتووە**
**کچێکی پڕ و زبڵدانێکی بێ وەفا**
**سەفەرێکی کورت و پانتۆرێکی جەماعی**
**مەنجەڵێکی تەقاویت و بێوەژنێک ئاوی کوڵاو**
**حەمامچییەکی دووکەڵاوی و چایخانەیەکی خەواڵوو**
**چۆلەکەیەکی قورس و دەرسێک کە لاقی شکاوە**
**حەکەمێکی گەردەن کەش و شاخێکی کورتە باڵا**
**پرتە پرتی خەڵک و پەرلەمانی بێوە ژنان (فەرهاد پیربال:٢٢٥:٢٠٠٧).**

شاعیر، بە شێوازی توانج لێدانەوە، باسی بارودۆخی کوردستان دەکات، بەهۆی ئەمەش، چەندین میتافۆری دروستکردووە، وەک: (**کۆبوونەوەیەکی علوج، تەلەفزیۆنێکی تەمبەڵ، تەزبیحێکی ملیۆنێر، مەنجەڵێکی تەقاویت، دەرسی لاق شکاو، پەرلەمانی بێوەژنان**)، بۆی هەیە، هەندێک لەم دەربڕینانە بکەونە ناو ئاخاوتن و فەرهەنگی زمانەوە دەوڵەمەندی بکەن.

ئەگەر بڕوانینە دەستەواژەی( **زبڵدانێکی بێ وەفا** )، دەتوانین، بەم شێوەیە، هێڵکاری بۆ بکەین:

دال: زبڵدان، شوێنی کۆبوونەوەی پیسییە.

|

مەدلوولی یەکەم (١) زبڵدان بە مرۆڤ چوێنراوە

|

مەدلوولی دووەم (٢) کچ وەک زبڵدان وایە لە بێ وەفاییدا

**واتای شاراوە (ناوەکی)←**

**هێڵکاری میتافۆری دووەم:**

**دال: بێ وەفایی ڕەوشتێکی ناشیرینی مرۆڤە**

|

**مەدلوولی یەکەم (١): زبڵدان سیمای < + کچێکی بێ وەفای پێدراوە >**

## مەدلوولی دووەم (٢): شکاندنی مەرج و پەیمانی خۆشەویستی

ئەم هێڵکارییە، توانای سەرکەوتوویی شاعیر، لە بەیەکەوەبەستن و لە دایکبوونی واتاکان دەردەخات، لەگەڵ داهێنانی وێنەی خاوەن فرەڕەهەندی هزریی و بەیەکچواندنێکی وردی نێوان دیاردەکان لە ئاخاوتندا بەمەبەستی گۆڕینی زمان، بەجێهێنانی مەبەستی شیعری، لە مەدلوولی یەکەمدا، داهێنانی زمانی ئەنجام داوە لەوەدا، کە زبڵدانی بە مرۆڤ چواندووە، لە بواری سەرەکی خۆیەوە بۆ بوارێکی دیکەی گواستۆتەوە، کە بواری ئامانجە. لە مەدلوولی دووەمدا، شکاندنی پەیمانی خۆشەویستی بە زبڵدان چواندووە. شاعیر لەم وێنە میتافۆرییەدا، پشتی بە گۆڕانی واتایی بەستووە، بەهۆی بەزاندنی بنەمای هەڵبژاردنەوە.لە دروستکردنی میتافۆرەکە سەرکەوتنی بە دەست هێناوە، لەوەدا، کە پیسی بێوەفایی، بە پیسی زبڵدان چوواندووە.

دەتوانین، ناو لە دال بنێین بونیاتی ڕووکەش، بە مەدلوولی دووەمیش بڵێین بونیاتی قووڵ، هەروەها بە مەدلوولی یەکەمیش بڵێین: ماوەی گوێزانەوەی نێوان هەردوو واتاکە. ئەم ئەرکە میتافۆرییەی شیعر، لە پەیوەندی ڕێکنەکەوتنی نێوان هەردوو واتاکەوە سەرچاوە دەگرێت.

لێکۆڵینەوەی میتافۆر لە شیعردا، لەو پەیوەندییە توندو پتەوەی، کە لە نێوان داهێنانی شیعریی و وێنەی شیعریدا هەیە سەرچاوەی گرتووە، پۆل ریکۆر، لە وتەیەکدا بونیاتی میتافۆر چڕدەکاتەوە و دەڵێت: ((هەموو خواستنێک قەسیدەیەکی بچووککراوەیە)).

دەتوانین ئەم هاوکێشەیە وەربگرین و بڵێین:هەموو قەسیدەیەک خواستنێکی فراوانە.ئەم وتەیە هێمایە بۆ ئەوەی، کە خواستن بنەمایەکە بۆ قەسیدە، ڕەوانبێژیی کۆن و بۆچوونی ئەرستۆ، کاریگەرییەکی زۆریان بۆ چەسپاندنی ئەم چەمکە هەبووە.لەم بەشەدا دەمانەوێ لە سروشتی ئەو پەیوەندییە بکۆڵینەوە، کە لە نێوان میتافۆر و هێمازمانییەکاندا هەیە، هەروەها ئەرکی واتایی میتافۆر و دەرخستنی ڕۆڵی سیستەمی ڕەوانبێژیی

بە واتای مەعریفی نویّ، لە بەرهەمهێنان و لە دایکبوونی واتای جۆریی وتاری شیعریدا.

هەندیّ لە شاعیرە نوێیەکان، مێتافۆر وەک هۆکارێکی مەعریفی بەکاردەهێنن و بەهۆیەوە وێناکردن لەبارەی کلتوور و شیعری کۆنەوە دەگوێزنەوە بۆ دروستکردنی واقیعی شیعری نویّ ((دەتوانین وەک ئامێرێکی کۆزانینی بیر و هزر لە مێتافۆر بڕوانین، کە لە چوارچێوەی وتاردا، توانای شکاندن و بەزاندنی بازنە داخراو و وەستاوەکانی هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە، مێتافۆر هۆکارێکە بۆ پەرەسەندنی چەمک و بارێکی نویّ، نەک تەنیا شێوازێکی ڕەوانبێژی چاولێکەری کە لەسەر بنەمای لێکچوون دامەزرابێت))، (عبدالفتاح أحمد: ٢٠١٠: ١٧٣). بەمجۆرە، وەک ڕەمزێک لە مێتافۆر دەڕوانین، بەو سیفەتەی، کە هێما دەربڕی ڕەمزی ڕۆشنبیریی و دەرەنجامەکانیەتی، لەلایەکی ترەوە زانستی واتا لە زماندا، گرینگی بە لێکۆڵینەوەی واتای هێما و نیشانە زمانییەکان دەدات، کە لە ڕێگای پەیوەندییە زمانییەکانی نەوەکانی کۆمەڵگایەک، یان نەوە یەک بە دوای یەکەکاندا لە هەمان چوارچێوەی ڕۆشنبیریدا دەردەکەوێت. مێتافۆر، ئەرکێکی ئاڵوگۆڕیی لادانی واتایی هەیە، تەنیا ئاماژەکردن بۆ شتێکی تر نییە، بەڵکو ئامادەبوونیشە لەو شتە.

بەهۆی مێتافۆرەوە، دەتوانین واتای جیاواز بنوێنین، کە هەندێکیان بەهۆی دووبارە بەکارهێنانیانەوە لە شیعردا، بەهایەکی مێژوویی و هزری بە شیعر دەبەخشن، مێتافۆر بە تایبەتمەندی واتایی جیادەکرێتەوە، کە دەبێتە هۆی بەگەڕخستنی پەیامی زمانیی بۆ درێژکردنەوەی واتایی گوتار. ( عبد الفتاح أحمد یوسف:١٧٤:٢٠١٠)، دەتوانین لە چوارچێوەی سێ دیاردەوە، ڕۆڵی هێمای جۆراو جۆر لە وتاردا دەربخەین:

**أ - وێنەی مێتافۆریی وشە.**

**ب - وێنەی مێتافۆریی بابەتەکان.**

**ج - وێنەی مێتافۆریی بیر.**

( هێما، نیشانەیەکە، دال و مەدلوول، بەیەکەوە پەیوەست دەکات، بۆیە شیکردنەوەی هێما، کردەی لە دایکبوونی واتامان بۆ ئاشکرادەکات، لێرەدا پێویستمان بە دوو شت دەبێت:

یەکەم:شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان هێماو بیردا هەیە.

دووەم: شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان بیر و شتەکان.

ڕەمز نوێنەری **(دال)** دەکات، بیریش مەدلوول دەنوێنێت، وشە دەبێتە ڕەگەزێکی گوێزەرەوە بەهۆی میتافۆرەوە.

دەتوانین دوو بنەمای سیمیۆتیک Semeotic هەڵبهێنجین، بەبێ بوونی هێما، بیر بوونی نییە واتە: بەبێ یارمەتی نیشانە و هێما زمانییەکان، دەستە وەستان دەبین لە جیاکردنەوەی دوو بیرۆکەدا بە شێوەیەکی ڕوون و بەردەوام. بنەمای دووەم: بنەمای هۆکارییە، کە سوسێر بە بنەمای جیاوازی وێنای بۆ کردووە: زمان بە جیاوازی کاردەکات )،( جیرارد و لودال:٢٠١١: ٥٨). دال و مەدلوول بەیەکەوە دەبنە هۆی دروستکردنی سیستەمێک لە بەها، ئەو شتەی کە هێما لە زمان و هەر سیستەمێکی سیمیۆتیکی جیادەکاتەوە و نرخ و بەهایان پێدەدات، جیاکارییە بە پێی ئەم بۆچوونە، گرینگی بیرو باوەڕو بنەماکان لە ئەنجامەکەی دایە. لە زمانی شیعردا، پێویستە، گرینگی بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی یەکە زمانییەکان بدەین، ئەو دەربڕین و بۆچوونانەی کە شاعیر دەریاندەبڕێت، بەردەوام نوێکاری تێدایە هێماکان، لە گەڵ واتای بنچینەیی و فەرهەنگیدا، جیاوازییان هەیە، ئەمەش جۆرە لێکچوونێک، لەگەڵ واقیعدا بە دیدەهێنێ، لە بەرئەوەی واقیع بەردەوام لە بارێکی ئاڵۆزو ناجێگیر و گۆڕاندایە.پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە)) مەرج نییە، بەردەوام هێمای سیمیۆتیکی نوێ دابهێنێت، بەڵام توانای ئەوەی هەیە، کە بەردەوام وزەی تازە بخاتەوە بەر هێما زمانییەکان، بە شێوازی جۆراوجۆر لە بارودۆخە وتارییە جیاوازەکاندا بەکاریانبهێنێت (بیرس: ١٩٨٦: ١٤١ ) .

بەهۆی ڕەمزەوە مرۆڤ دەتوانێت دیاردە ئەبستراکتەکان بگوازێتەوە بۆ دیاردەی هەستی،{ خەم و پەژارە و هیواو خۆشەویستی و ڕەشبینی و

ئــازایەتی و چاونەترســی}، هەموویــان چەمکــن لە بــارە نابەرجەســتەیی یەکەیــانەوە گــوێزراونەتەوە بــۆ شــێوە و ڕەنــگ ورەوشــت و ســیمای بەرجەستەیان بە بەرداکراوە.هێما لەم بارەدا ئارەزووی مرۆڤ دەردەبڕێت لە گــۆڕینی ڕاســتی و دۆخە ڕووت و نابەرجەســتەییەکان بــۆ بــوونەوەرە بەرجەستەییەکان.

بە پێچەوانەشــەوە، هەنــدێ دیــاردەی دیکــە لە بەرجەســتەوە بــۆ نابەرجەستە دەچێت{ خاچ ڕەمزێکە بۆ مەسیح، کۆتر ڕەمزی ئاشتییە و زێــڕیش ڕەمــزێکە بــۆ بــێگەردی و بــێ غەلوغەشــی، لە دۆخــی دیکەشــدا دەبینرێت، ســەگ هێمــای وەفــادارییە، شــێر هێمــای ئــازایەتییە، قەڵەڕەش و کونەپەپــوو هێمــای شــوومی و ڕەشــبینین،...هتد}. (بــازدان و لادان لە نابەرجەستەوە بۆ بەرجەستە و هەستپێکراو، یان بە پێچەوانەوە بە هۆی ڕەمز و هێماوە دەبێت) ، (سعید بنكراد: ٢٠٠٦: ١٦١).

بیــرۆکەی هاوشــێوەیی میللــی، ئەم جــۆرە بەرانــبەری و بەراوردیــانە لێکدەداتەوە، لێکچواندنی (شێر و مرۆڤی ئازا، کەرتە شاخ و مرۆڤی گەورە، ڕێــوی و فێڵبــازی، خــاچ و مەســیحیەت،...هتد) بە بیــردۆزی زانســتی ناســەلمێنرێت، بەڵکــو پێکچوانــدنێکی گریمــانەکراوە، کە ڕەوشــتی شــێر بە وێنەیەکی نموونەیی ئازایەتی دەبەستێتەوە.

بەهۆی ئەوەی واتا لە زمانی شیعردا، وەک هۆکارێکی گەیاندن، تەنیا بە تایبەتمەندی و بونیات و پێکهاتە و چۆنیەتی وشە و فۆرمەکانیان پەیوەست نییە، بەڵکو زمانێکی مەبەستدارە و پێشبینی و گۆڕان و دیاریکردنی واتــایی تێدایە.

(( گرانترین کار لە شیعردا، پایەی زمانە، بۆیە شاعیری سەرکەوتوو، لە پێنــاو ســەرخســتنی کــایە شــیعرییەکەی هانــا بــۆ دروســتکردن و بەدەســت هێنانی ئەم زمانە باڵایەی شیعری دەبات))، (لوقمان ڕەئوف: ٢٠٠٩: ٣٧).

ئەمە جگە لە دەرخســتنی پەیوەندییە زانیاری و زانستییەکان، کە لە نــاو وتارو دەقێکی شیعریدا هەیە.دەتوانین بە هۆیەوە درکی واتــای جیاواز بۆ دیاردە زمانییە جۆراو جۆرەکان، لە دەقێکی شیعریدا بکەین.

هەروەک چۆن دەکرێ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنێکی فەلسەفی و دە روونی، بۆ بەدوای یەکداهاتنی گونجاویی و ڕێکخستن و پلەی تەبایی لە وتارێکی شیعریدا بکەین، ئەمەش بە مەبەستی تیشکخستنە سەر لایەنەکانی جوانکاریی و سوودەکانی داهێنانی زمانی و گرینگی فاکتەری واتایی و خولقاندنی ئێستاتیکا و ڕوئیای جیاواز و کاریگەرییان بۆ سەر فەرهەنگ و زمانی کوردی و دەوڵەمەند کردنی ئاستی چەمک و واتا. تاوەکو شاعیر ئاشناتر بێت بە کلتوور و ڕۆشنبیری کۆمەڵگای خۆی و کۆمەڵگاکانی تریش، هێندە فەرهەنگەکەی دەوڵمەندتر و گەنجینەی زمان و وشەکانی فرانتر و بە پێزتر دەبێت، بەمەش شیعرەکەی جوانتر و کاریگەرتر دەبێت. بۆی هەیە نەتوانین لە واتای وشەیەک بگەین و لێی وردبینەوە، تەنیا بەهۆی ئەو مەرجە ڕۆشنبیریانەوە نەبێت، کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی، لە دەوروبەرێکی گونجاودا.

زمان لای شاعیر، جگە لەوەی هۆکارێکە بۆ گەیاندن و پەیوەندیکردن بە جەماوەر، تایبەتمەندییەکی تریشی هەیە، لەوەدا کە دەبێ ڕەوان و پڕ واتاو سەرنج ڕاکێش بێت، (( ئاشکرا و بەدیهییە ئەو زمانەی لەکاری ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێ، جیاوازە لەو زمانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردێت، زمانی ئەدەب فرە ڕەهەند و مانای دوور و قوڵە لێوان ڕێژە لە تێڕوانین و جیهانبینی))، (بەرزان مەلا تەها: ٢٠٠٧: ٨). شاعیر تەنیا پەیوەست نییە، بە پەیڕەوکردنی یاسا زمانییەکانەوە، بەڵکو بە شکاندنی یاساکان و لادان و بەزاندنی سیما واتاییەکانیشەوە دوو جۆر لادان هەیە، لادانی زمانی و لادانی واتایی، لە شیعری کۆندا، لادان لە زماندا، زیاتر هەستی پێ دەکرێت، لە ئاستەکانی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و ڕستەسازیدا وەک نالی دەڵێ:

**عەجەب ئەستێرە شەو هەڵدێ لە تاوی خوسرەوی خاوەر**

**لە ڕووی تۆم دیدە هەڵنایێ بە شەو و ڕۆژ گەرچی بێدارم (دیوانی نالی: ١٣٨٨ ە: ١١).**

شاعیر لە ئاستی ئاسۆییدا، جێگۆڕکێی بە کەرەستەکانی ڕستەکردووە، لە نیوەدێری یەکەمدا، کرداری (هەڵدێ)، کەوتۆتە ناوەڕاستی کەرەستەکانی

ڕستەکەوە کە دەبوووایە بەپێی ریزبوونی کەرەسەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا، لە کۆتاییەوە بهاتبایە. لە نیوە دێری دووەمدا شوێنگۆڕکێ، بە جێناوە لکاوەکە (م) کراوە، (**لە ڕووی تۆم دیدە هەڵنایێ**) لە بری ئەوەی بڵێت: لە ڕوویتۆ دیدەم هەڵنایێ ( ئەم جۆرە پاش و پێشخستنەی کەرەستە، کە جۆرێکە لە لادانی زمانی لە زۆر شیعردا دەبینرێت هەروەها لەم دێرە شیعرەی خوارەوەدا، کرداری نەفی هاتۆتە پێشەوە:

**لەکن من با وجودی ناس و ئەجناس**

**کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ** (دیوانی نالی: ١٣٨٨ ه: ١٠).

لە نیوە دێری دووەمدا، کاری نەفی هاتۆتە پێشەوە، دەبوو ڕیزبوونی کەرەسەکانی ڕستەکە بەمجۆرە بێت(**ئەم شارەبێ تۆ کەسی تێدا نییە**).

(زمانی شیعرخاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، کە بەهۆیەوە لە زمانی ئاسایی جیادەکرێتەوە، دەربڕین لەم زمانەدا چالاکی زیاترە لەو دەربڕینەی کە لە زمانی ئاساییدا هەیە، چونکە جگە لە واتای بنجی، ئاماژە بە لایەنی نەبینراویش دەکات، لایەنی هەڵچوون و خەیاڵیش دەگرێتەوە)، (أدونیس، ١٩٨٦، ٢٩٧) .

بەپێچەوانەی ئاخێوەری ئاسایی، شاعیر بۆی هەیە، واقیع و باری ڕاستەقینە ئاوەژوو بکاتەوە، بەراورد لە نێوان دیاردەگەلێکدا بکات، کە لە زمانی ئاساییدا بە ناباو هەژماردەکرێت، دەربڕین و دەستەواژەکان بە خشکەیی ئەنجام بدات و دیاردەکان پێچەوانە بکاتەوە.

محەمەد مەعروف، لادانی واتایی، بەم شێوەیە پێناسە دەکات: ( لادانی واتایی، شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمانن، پەیوەندییەکی پتەویان بە گۆڕینی مەبەست و واتا و تێگەیشتنەوە هەیە، واتە: نەک هەر واتای سەردەم دەگۆڕن، بەڵکو دەبنە بار و ئەرک بۆ گوێگریش، دوو جۆر کۆت و بەندی واتایی هەیە، کە لادان لێیان دەبێتە هۆی ناوێزەیی لە واتادا:

**١ ـ کۆت و بەندی هەڵبژاردن**

**٢ ـ کۆت و بەندی هاوڕێیەتی**

کــۆتی هەڵبــژاردن لەخــودی واتــای وشــەکانەوە دێــت، بەڵام کــۆتی هـــاوڕێیەتی دەرەکیـــیە، کـــۆتی هەڵبـــژاردن لەوەدایە، کە کەرەســـەیەکی ڕستە(**بۆنموونە کار**) دەتوانێ هەندێ مەرجی خۆی بەسـەر کەرەسـەیەکی تـردا (**بۆنمـوونە بکەر یـان بەرکـار**) بسـەپێنێ، کۆت و بەنـدی هـاوڕێیەتی کاریگەری کەمترە و بەزۆری لەو کاتانەدا دەبێ، کە وشـەیەک هـاوڕێیەکەی دەگـۆڕێتەوە یـان لەگەڵ وشـەیەکدا دێ، کە لەمەو پـێش ئاشـنایەتی لەگەڵـدا نەبووە)، (محەمەد مەعروف فەتـاح: ٢٠١٠: ٤١٩). ئەگەر شـاعیر یەکێک لەم کۆتانەی بەزاند، ئەوا دەچێتە بواری لادان، ((هەرکاتێک بەکارهێنەری زمـان لە شێوەی ڕیکخستنەکانی زمان، لە ڕێسا باوەکان دەرچوو ئاخاوتنەکەی لە تایبەتمەنـدی هەواڵەوە دەگـوازرێتەوە بـۆ تایبەتمەنـدی دارشــتن ))، ( عبـد السلام المسدی: ١٩٩٣: ١٦٢).

شــاعیر بە مەبەســت لە چوارچێــوە ئاســاییەکەی زمــان دەردەچێــت و پێکدادانی واتایی دروست دەکات، تـاوەکو زیـاتر دەسـەڵات و توانـای خـۆی دەربخـات.وەک دەزانین(خەسـڵەتی وێـنەی شـیعری لە گـوتن بەرجەسـتە دەبێـت، لە ڕەوانبێژیـدا خـۆی دەبینێـتەوە، هەر لەوێشــەوە وێـنەی شـیعری ئاماژە و جووڵەی جۆراو جۆر دەنوێنێ و بە داهێنانەوە بەند دەبێت )، ( عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا: ٢٠٠٨: ١٨٠). لە شیعری نوێدا، لادانی واتایی زیــاتر لە لادانــی زمــانیی هەســتی پــێ دەکرێــت، هەر شــاعیرە و جــۆرە شـــێوازێک هەڵـــدەبژێرێ، دیـــارە شـــیعر لە زمـــانی قســـەکردنی ڕۆژانـــە هەڵدەگەڕێتەوە و یـاخی دەبێت، بەو مانـایەی ئەو وشـە و ڕسـتانەی کە بۆ قســـەکردن بەکاردەهێنـــدرێن، لە نێـــو دەقێکـــی شـــیعریدا، مەدلـــوولی تـــر وەردەگرن ). لادانی واتـایی بە واتـای لادان لەو پێوەرانە دێت کە بەیەکەوە هاتنی لێکسیکەکان دیاری دەکەن، یـان لادان لەو سیما واتاییـانەی کە زاڵـن بەسـەر بەکارهێنـانی لێکسـیک لە زمـانی خۆکـاردا، واتە ئەرکـی گەڕانەوەیـی زمان، لادانی واتایی پێچەوانەی دروستی واتاییش دەگەیەنێ، دەتوانین بڵێین دوو مەرج بۆ دروسـتی واتـایی هەیە، ئەوانیش دروسـتی لـە ڕووی لێکدانی ڕێزمـانی و لە بـاری لـە ڕووی واتـاوە لادانـی واتـایی شـکاندن و پەیوەسـت

نەبوونە بە مەرجە لۆجیکی و واتاییەکانەوە، دەتوانین لادانی واتایی، بە پێی ئەو دوو پەیوەندییەی کە یاکۆبسن ناویان دەنێ، هەڵبژاردن و لێکدان، سوسێر پێیان دەڵێ هاونشینی و بیرخستنەوە، دابەش بکەین بۆ:

لادانی واتایی: بە گوێرەی هەڵبژاردن ــ لیکچوون ــ خوازە.

بەگوێرەی لێکدان ــ لێڵی.

ــ پارادۆکس )، ( دلێر سادق کانەبی: ٢٠٠٠: ٤٠)

زمانی شیعر، زمانێکی تایبەتە، (بە پێچەوانەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و زمانی چیرۆک و زمانی زانستەکان، زمانی شیعر، دیاردەیەکی تەواو ئاڵۆزە چوونکە نە کات (مێژوو)، نە شوێن (جوگرافیا)، نە ڕێزمان نە یاساکانی واتاسازی سنووری بۆ ناکێشن و لە دەسەڵاتی کەم ناکەنەوە )، ( محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠: ٤٠١).

پەیامی نا ڕاستەوخۆ، سیمایەکی دیار و پێکهاتەیەکی سەرەکییە، لە وتاری شیعریدا، کە پاشکۆیەکی ڕۆشنبیری و کەڵچەریی، لە شیعری نوێدا، بۆ بەدەست هێنانی جوانکاری و زمانێکی باڵا لە پاڵدا شاردراوەتەوە.

جۆناپان کلر دەڵێت: (زمانی مەجازی گەورەترین ئامرازی دەربڕینی شاعیرانەیە، کە دەبێتە پردێک بۆ پەڕینەوەی دەروونی شاعیر، بەم جۆرە زمانی مەجاز زمانی شیعر، دەکاتە زمانێکی تایبەتی و جیا لە زمانی ڕەگەزە ئەدەبییەکانی تر)، (لوقمان ڕەئوف: ٢٠٠٩: ٣٩ ).

دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڵێین، زمانی شیعر، دیاردەیەکی شێوازییە، بنەمای سەرەکی ئەم شیکردنەوەیە، بریتییە لەوەی، کە شاعیر بە زمانی ئاسایی قسەناکات، زمانەکەی لە سەرووی ئاخاوتنی ڕۆژانەوەیە، شیعریەت ئەم تایبەتمەندییەی پێداوە.(لیۆسپتیزر Leo Spitzer پێناسەی شێوازی شیعری دەکات بەوەی کە گۆڕانێکی تاکایەتییە، بە بەراورد لەگەڵ ئاستی ئاساییدا. زمان لەدوو بەش پێکهاتووە، کە هەریەکەیان سەربەخۆن و پەیوەستن بەیەکەوە، کە سوسێر بە دال و مەدلوول (signifiant et signifie) ناویان دەبات، یان وەک جلیمسلێف ناوی دەبات، لە دەربڕین و ناوەرۆک et contenu Expression پێکدێت، دال دەنگ یان گۆکراوە،

مەدلوول بیر یان شتە، واتاش لە پەیوەندی نێوانیان هەڵدەهێنجرێت. (احمد درویش:٢٠٠٠: ٣٦ ـ ٤٩ ).

میتافۆر، یەکێکە لەو دیاردە ڕەوانبێژییە گرینگانەی، کە شاعیرانی کۆن و نوێ زۆر پەنایان بۆ بردووە و بەکاری دەهێنن، ئەگەر میتافۆر لە شیعری کۆندا، بنەمایەک بووبێت، لە شیعری نوێ و هاوچەرخیشدا، کاریگەرییەکەی کەمتر نییە و هەمان ڕۆڵ دەبینێت، بەتایبەتی شیعری نوێ، کە پەیوەندییەکی پتەوی بە وێنەی شیعرییەوە هەیە بۆنموونە، هەر لە کۆنەوە، وشەی (پەروانە، شەم )، وەک میتافۆر بۆ خۆشەویستی و پاکی و بێ زیانی بەکارهاتووە. (پەروانە)، سیمای[+ مرۆڤ] ی پێدەدرێت، وەک خوازەیەک بۆ (کوڕ) یان شاعیر بەکاردێت، کە چۆن بە ئاگروخۆشەویستی یارەکەیەوە، کە (شەم)ە، دەسووتێت.

ئەم دیاردەیە، بۆ ئاخاوتنی ڕۆژانەش پەڕیوەتەوە، (مۆم)، وەک میتافۆر دەردەکەوێت: مۆمی سەرکەوتن، مۆمی ژیان.هەروەها، پەپوولە، سیمای دڵپاکی و بەرائەت و باشیی وەرگرتووە.

یاردەیەکی تر، کە وەک میتافۆر بەکاردێت، وشەی چاوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی، چاو لای مرۆڤ گرینگییەکی زۆری هەیە سەرەتای حیکایەت بۆ شتەکان لە چاو دایە، لە چاوەوە یەکەمین وشە خۆی خزاندە ناو زەین و مێشکی مرۆڤ، چاو گێڕانەوەیە... وێنابوونە، ...جوانییە، رونـاکییە، ئەو فیگەرەیە، کە لە تابلۆوە بۆ بینەر دەڕوانێ.

بەم جۆرە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە چاوەکان تەنیا بینینەوەی شکلەکانی لە دوا نییە، بەڵکو خولقاندنەوەی ڕوئیاکانە ئامرازێکە بۆ ئازادکردنی هەموو وزە خەیاڵییە دیلکراوەکانی ناو ناخی مرۆڤ، زۆر جار نیگارکێش، ئەو خەیاڵە پەنهانەی کە لە ناخی دایە لە ڕێگای وێنەوە دەری دەبڕێ، شاعیریش بەهۆی وشەوە، چاوەکان دەچوێنێ بە مانگ و ئەستێرە وئاسمان و زەریا و گۆم...هتد

شاعیرانی کلاسیک ونویش، بە واتای ڕاستەقینە و مێتافۆریش (چاو) یان بەکارهێناوە، (نالی)، لەم دێرە شیعرەی خوارەوەدا، (چاو)، بە جۆگە و ڕووبار دەچوێنێ:

- **لە حەسرەت سەرووی قەدت چاوی نالی**

**دوو جۆگە بەڵکو دوو ڕووبارە بێ تۆ** (دیوانی نالی:١٣٨٨ه: ٣١٥).

شاعیر، سیمای [ + جۆگە ]، [+ ڕووبار ]ی بە چاو داوە، بەهۆی دیاردەی بە ڕەوانکردنەوە.

شێرکۆ بێکەس، دەڵێ: **بەناو مێژووی تەما، ئاور: سەرنجی خۆی**

- **سواری ئەسپی**

**چەخماخەیەکی تیژ دەکات**

**ئەسپی چاوێ (شێرکۆ بێکەس: ٢٠٠٢:٥١).**

**ئەسپی چاو: مێتافۆرێکی ناوییە.**

تەنانەت، چاو لە شیعری فۆلکلۆرو شیعری میلیشدا، وەک مێتافۆر بەکاردێت:

- **ئەوچاوانەی مثلی بازن**

**مەست و خومار پڕ لە نازن**

شاعیر، سیمای[+ باز ]ی داوە بە چاو، کە خۆی لە بنچینەدا، ئەو سیمایەی نییە.

زۆر جار چاوی مرۆڤ، بە چاوی گیانلەبەرانی تر دەچوێنرێ، وەک ( مەڕ، ئاسک، باز...هتد)، چەندین سیمای دیاردەکانی تر بە چاو دەدرێت وەک لەم دەستەواژانەی خوارەوەدا (**چاوژێرپیاڵە، چاوکەژاڵ، چاوگەلاوێژ، چاوتیژ، چاو چاڵەهەزن، چاو ئاڵ، چاوی بوو بە گۆمی خوێن، چاو پیس، چاو مۆن**). (محەمەد صالح: ١٣٧١ : ٦٢ ــ ٦٨ ) بۆنموونە ئەگەر بڕوانینە واتای خوازراوی (چاوتیژ)، بەم شێوەیە دروستبووە:( دیارخراو + دیارخەر)،( چاو + تیژ)، ئاوەڵناوی (تیژ)، وەسفی وشەی چاو دەکات، لە بنچینەدا، لەگەڵ هەندێ وشەی وەک:ئاسن، مس، شوشە، دار....هتد

بەکاردێت، کە سیمای[+ **بڕین** ] یان هەیە، بەڵام چاو سیمای [**ـ بڕینی**] هەیە. لە شیعردا، مەبەست بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێت وابەستە بە دەوروبەر و زانیاری و کات و بۆنە و باری هاتنەکایەوەی دەق، واتا دیاریدەکرێت لە تێڕوانینی یەکەمدا وا هەستدەکەین، کە شیعر زمانە بەڵام لە ڕاستیدا، ئەرکی شیعر گەیاندنی مەدلوولە، کە ناوەرۆکەکەیەتی، ئەرکی وشەکانی زمان دەربڕینی ناوەرۆکی شتەکان و تۆمارکردنی ئەزموونە، بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری، پێویستە شتەکان بە ڕێگایەکی ورد بناسین، بەمجۆرە، زمان دوو ئەرکی گەیاندن دەبینێ، یەکەمیان بەهۆی یاساوە، شتەکانی دەوروبەر دەگۆڕێ بۆ وشە، دووەمیان، لە وشەکانەوە بۆ شیکردنەوەی شتەکان دەچێت، کە ئەویش هەڵوەشاندنەوەی یاسایە. تێگەیشتنی دەق درککردنە بەو مەبەستەی کە لە پشت وشەکانەوە شاردراوەتەوە، لەوانەیە دووچاری ڕەخنە ببینەوە، لەوەدا کە هەندێ حاڵەت هەیە ناتوانین وێنای شتەکان لە دەرەوەی وشەکانی زماندا بکەین، هەروەک زانایانی دەروونناسی، زۆر جار ئاماژەیان بەوە کردووە، کە لە دەرەوەی زماندا بیرکردنەوە نییە، زمان پۆشاکی بیر نییە، بەڵکو جەستەیەتی، ئەمەش دۆخێکی ڕاستەقینەیە، بە تایبەتی لەبارەی بیرە ڕووتەکانەوە، بەڵام ڕادەی پەیوەستبوون، بە واتای هاوشێوەبوون و هاوگونجاوی (التطابق) نایەت. واتە: مەرج نییە بۆ بیرێکی ڕووت تەنیا یەک دەربڕین هەبێت، لە ڕاستیدا، دەتوانین هەر بیرێک بە زیاتر لە دەربڕینێک دەرببڕین، بۆنموونە، لە وەرگێڕاندا، دەتوانین هەمان بیر بەچەند وشەیەک یان دەستەواژەیەک دەرببڕین (أحمد درويش:٢٠٠٠: ٥٥ ). شاعیر بیر و بۆچوونەکانی لە قاڵبی وشەدا دەردەبڕێت، بەهرەی شاعیر لە داهێنانی زمانەوە دەردەکەوێت (مالارمێ)، کە خۆی بەپێکهاتەیی (( تەرکیبی )) دادەنێت، دەڵێت:((شیعر لە هزرو بیر دروست نابێت، بەڵکو لە وشەوە دروست دەکرێت))، ( أحمد درويش، ٢٠٠٠: ٦٥).

دەتوانین، دوو جۆرە وێنە جیابکەینەوە، (وێنەی بەکارهێنان) و (وێنەی داهێنان) ، بۆ ئەوەی لەم دابەشکردنە بگەین، پێویستە جیاکاری لە نێوان

شێوە و ناوەڕۆکی وێنە خۆیدا بکەین. شێوە، ڕێگایەکە بۆ پەیوەستکردن و ڕێکخستنی وشە و یەکەزمانییەکان، جەوهەریش کە ناوەڕۆکە، یەکە زمانییەکە خۆیەتی. بۆئەوەی لە میتافۆر بگەین کە لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی ئالۆز دادەمەزرێت، لە نێوان وشە و سیاقی بەکارهێناندا شیکردنەوەی بۆ دەکەین. ئەو پەیوەندییەی کە دەتوانین ناوی بنێین لۆجیک (منطقیە)، لە نێوان دوو میتافۆردا دەردەخەین، کە یەکە زمانییەکانیان جیاوازییەکی تەواویان هەیە، لە (**شەوێکی سەوز**) ی رامبۆ و(**بیرێکی بەرهەمدار**) ی مالارمێدا، دوو یەکەی زمانی، دەبینرێت کە لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە بە تەواوی جیاوازن. بەڵام خاڵی هاوبەش لە نێوان هەردوو پێکهاتەکەدا، پەیوەندی ناوە بە ئاوەڵناوەوە، کە هەریەک لە دەستەواژەکانی لەسەر دامەزراوە، کە هەمان پەیوەندی و بونیاتی پێکهاتەیی هاوشێوەیان هەیە. ئەو بونیاتەیە کە وایکردووە لە هەرپێکهاتەیەکدا، میتافۆر دروست بێت.

دروستبوونی میتافۆر لە ڕاستیدا بەهۆی یەکەکانی زمانەوەیە، نەک پەیوەندییەکان، دووبارە ناوەڕۆک و جەوهەرێکی نوێ، بە شێوە کۆنەکان دەداتەوە.هونەری شیعر بە درێژایی مێژوو، لە خوڵقاندنی وێنەی داهێنراو نەوەستاوە، بەڵام شاعیریش وەک هونەرمەندانی تر، زۆربەی جار سوود لەو سامانە ئامادەیە وەردەگرێت کە هەیە، شاعیر بە هەمان ئەو کەرەستانەی کە بەردەستەن وێنای نوێ بۆ دیاردەکانی دەوروبەر دروست دەکات و داهێنان ئەنجام دەدات.

(ڕەوانبێژی لە چاخە کۆنەکانەوە، وێنەی ناساندووە بەوەی، کە ڕێگایەکە بۆ ئاخاوتن و لادانی زمانەوانییە. بەڵام هەندێک دەربڕین دەبینین، کە دووبارەیە، جارێکی تر بەکاردەهێندرێتەوە، دەتوانین، ناو لەم دۆخە بنێین (**وێنەی بەکارهێنان**)، کە لە پێشووتردا، شێوە و ناوەڕۆک و یەکە و پەیوەندییەکانمان بینیوە، بۆنمونە، (راسین)، لە وێنەیەکدا دەڵێت(بڵێسەیەکی (گڕی ئاگر)، (ڕەشی تۆخ) لە سەرەتادا وایدەبینین، کە نامۆیە، بەڵام لە ڕاستیدا، داهێنانێکی ئەوتۆی تێدا نییە (بڵێسە) بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و

(ڕەش) بەرانـــبەر ڕەژوو بەکارهـــاتووە، ئەم بەکارهێنـــانە زمانییـــانە لەو سەردەمەدا باوبووە، پەیوەستکردنیان لە هزری ڕۆشنبیراندا، دیاردەیەکی بەدیهییە )، (أحمد درویش:٢٠٠٠: ٦٧).

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا، کە دوو جۆر وێنە هەیە: وێنەی بەکارهێنان و وێنەی داهێنان، ئەگەر وێنەکە میتافۆر بێت، دەربڕینی (**وێنەی بەکارهێنان**)، لە گۆکردندا کەموکورتی دەبێت، لەبەرئەوەی بەکارهێنانی وشە بە واتای حەرفی و ڕاستەقینەی زمان، نەفی دەربڕینە خوازەییەکان دەکات، چوونکە دوو جۆر بەکارهێنانی گشتی و تایبەتی لە زماندا هەیە، جۆری یەکەم لەلایەن هەموو قسەکەرانی ئەو زمانەوە بەکاردێت، جۆری دووەم، تایبەتە بە کۆمەڵەیەکی دیاریکراو کە شاعیرە، سەرەڕای ئەمە، لە هەموو زمانێکدا، چەندین زار و شێوەزار هەیە، بۆنموونە: شێوەزاری پیشەیی، شێوازی ڕەشۆکی و بازاڕی، شێوەزاری ناوچەیی..هتد، هەریەک لەمانە شێوازێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەو شێوازەی کە شاعیر بەکاری دەهێنێت، سەرووی زمانی ئاساییە و بە خاسییەتی زمانی ئەدەبی جیادەکرێتەوە.

بە پێی تیۆری سیاقی یان ئەرکی بۆ واتا، کە زانایانی ئەنجلۆ ـ ساکسۆن، کاری پێدەکەن، واتای وشەیەک بریتییە، لە کۆی ئەو سیاقانەی کە وشەکەی تێدا دێت، واتا لێرەدا، پەیوەستە بە پێکهاتە و ناوەرۆکەوە نەک تەنیا، بە سەرجەمی ئەو سیستەم وڕێکخستنانەی بوار بەهاتنی وشەکە دەدەن، پەیوەندی سیمانتیکی (دال ـ سەرچاوە)، لە پەیوەندییە ڕۆنانییەکان( دال ـ دال) ەوە هەڵدەهێنجرێت، بۆنموونە:

فەرهەنگ بریتییە لە لیستێک پەیوەندی سیمانتیکی نێوان هێماکان، وەک پیرسێک وایە بۆ دیاریکردنی وشە و دەستەواژەکان، تەنانەت، هەندێ فەرهەنگ پێناسەی بۆ هەر پێکهاتە و دەسەواژەیەک تێدایە، واتە: بۆ تێگەیشتن لە واتای وشەیەک، هەموو ئەو دەربڕین و پێکهاتانەمان لەبەردەستدایە کە لێیدەبنەوە، ئەم جۆرە دابەشکردنە لە ئاستی وشە و دەستەواژەدا، سوودی لێوەردەگیرێ بۆنموونە: دەتوانین، لە واتای وشەی (پشیلە) بگەین، بەوەی کە جۆرە گیاندارێکە، باڵدارنییە، دەمیاوێنی، ناخوێنێ،

گۆشتخۆره، گیاخۆرنییه، ..هتد، بەڵام واتای ئەوەمان دەست ناکەوێت، کە بۆچی پشیله له کۆمەڵگای کوردەواریدا سیفەتی (**سپڵەیی**)، دەدرێتە پاڵ؟بۆیە دەتوانین بڵێین، لەم پاڕستەیەدا، لە ئاستی سیمانتیکدا، ئەو واتایانەمان دەست دەکەوێت، کە بەلایەنی کەمییەوە، لە چوارچێوەی ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراودا، لە گەڵ یەکتریدا گونجاون، بەڵام ( بە پێی یاسای ناوەکیی ئاخاوتن لێکدانەوەی شیعر، لە چوارچێوەی لیستی ئەم پێرسە لادەدات و دەردەچێت، بۆیە پێویستە پشت بە دۆخێکی تایبەتی زمان ببەستین، هەرچەندە ئاخێوەری نموونەیی زمان، زانیاری هۆشەکیی، لە بارەی هەموو ئەو سیاق و سیستەمە زمانیانەدا هەیە، کە وشەکانی زمانی تێدا دەردەکەوێت و لە یادەوەریدا خەزنکراوە، بەڵام، لەکوێی هەموو ئەو نموونانەدا، کە یادەوەری بۆ وشە یان دەستەواژەیێک پێشکەشی دەکات، ئەوەیان هەڵدەبژێرێ، کە لەگەڵ بارودۆخ و بۆنەی ئاخاوتنەکەدا، گونجاوە. ئەگەر بڕوانینە ڕستەی ( **ئاسمان مرد**)ی مالارمێ، مەرجی گونجان و هاوڕێیەتی، لە نێوان دیارخراو و دیارخەردا نییە، کرداری(**مردن**) ، پیویستی بە بەرکاریک هەیە، کە سیمای <+گیاندار،+ گۆڕان **لەبارێکی فیزیکی بۆ بارێکی تر** > ی هەبێت، بەڵام ئاسمان ئەو مەرجانەی تێدا نییە.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لە ڕووی ناوەرۆکەوە، دەتوانرێت وشە بۆ چەند پێکهاتەیەک شیبکەینەوە، ئەگەر وشەیەک بۆ پێکهاتەکانی شینەکرێتەوە، ناتوانین وەک میتافۆر بەکاریبهێنین. وشەی (**ڕێوی**)بە واتای فێلبازیی هاتووە، لەبەرئەوەی لە هزری ئاخێوەردا، ئەم سیمایە، یەکێکە لە پێکهاتە واتاییەکانی وشەکە بۆیە دەتوانین، واتای وشەی ڕێوی بۆ (**ئاژەڵ**) و (**فێڵبازی**) شیبکەینەوە بەشی دووەمی، بەرگری لە واتاکەی کردووە ، کە بەکارهێنانە میتافۆرییەکەیەتی.( بەپێی بۆچوونی ونکلر Wincler کەپەرەی بە بابەتی ((سیما))، لە لای وند Wund داوە، سیمای ((فێڵباز)) بە تەنیا ئەو بەشەیە، کە واتای خودیی لێ پێکدێت، بۆ سەلماندنی ئەمە، لە هەندێ زماندا بە ڕێوی دەوترێ (فێڵباز) )، ( أحمد درويش:٢٠٠٠: ١٤٩ ) لەگەڵ ئەوەدا، ئەم تیۆرە دووچاری پارچەبوونی واتایی دەبێت، کە دەڵێین: (پاڵتۆیەک لە

**ڕێـــوی**) بەهــۆی خــوازەی بەڕەڵـــلاوە، قســـە لەبـــارەی فەروەکەیەوە دەکەین.کە بەشێکی تر لە واتا پێکدەهێنێت، جۆرا و جۆری گۆڕانی واتای وشـــەیەک، بەڵـــگەیە بـــۆ جۆراوجـــۆری ســـیما، کە مەدلـــوولەکەی لـــێ پێکدێت.دەتوانین وشـەی هەستپێکراو بۆ یەکەی واتایی بچووکتر دابەش بکەین، بەمجۆرە دەتوانین هۆکاری نەگونجان بۆ چەندییەتی بگۆڕین. بەڵام ئەگەر بڕوانینە، ئەم دەربڕینە ( **خەوێکی شینباو**) دەتوانین بڵێین: ئاوەڵناوی شینباو، کە وەک دیارخەرێک ڕۆڵی بینیوە و مەرجی هاوڕێیەتی بەزاندووە، بۆ یەکەی بچووکتر دابەش بکەین، وشەی( شین) وەک ئاوەڵناوێک، وەسفی هەمـوو شـتێک دەکـات، کـە ڕەنگـی (شـین) ی هەبێـت، بەمجـۆرە ئەگەر وشـەکانی ڕەنگ ڕەگەزێکی تری واتا پێکبهێنن، ناتوانین هاوشـێوەی ئەم میتافۆرە، کەوشـەی (شین) وەسفی وشـەی(**خەو**) دەکات شیبکەینەوە، ئەم بـارە هاوشـێوەی ئەم میتـافۆرە بـاوانەی خـوارەوەیە: ((**بیرێکـی ڕەش**)) ((**ژیانی ئاڵ و واڵا**)).لە دۆخی (( **خەوێکی شینباو**))دا، دەتوانین بگەینە بارو دۆخێکـی وا، کە دەروونناسـەکان، پێـی دەڵـێن پێکداچوونی هەسـتەکان، و ڕەهەندی دەروونـی لـە سـەرهەڵدانی ئـەم جۆرە میتافۆرانـەدا ڕۆڵ دەبینن، هەستی بینین، گۆڕاوە بۆ هە ستێکی ڕووت (ئەبستراکت)، ئاکاری ناوەکیی ڕەنگی شین، ئارامیی بەخشینە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم نرخە زاتییە (خودییە)، بەشـێک نییە لە پێکهـاتەی وشـەی شـین، ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە بەراورد بکەین لەگەڵ میتـافۆری ( **فێلباز**)، کە لە ڕوانگەی ئاکاری ئەم گیانلەبەرە، دەتوانین بە بەشێک لە پێکهاتەی واتایی دابنێین.

لێرەدا، دەتوانین دوو جۆر میتـافۆر و دوو جۆرە نەگونجـان لە یەکدی جیابکەینەوە(نەگونجان)ی پلەی یەکەم، ئەگەر پەیوەندییەکە ناوەکی بوو،

( نە گونجان)ی پلەی دووەم ئەگەر پەیوەندییەکە دەرەکی بوو دیاردەی نەگونجان لە شیعردا دەردەکەوێت، شاعیر بەراورد لە نێوان دیاردەگەلێکی دژ و ناباودا دەکات:

**(( پیاز لە خەوندا گێزەرە**

**گێزەر لە خەوندا مەلایە))** ، ( فەرهاد پیربال:١٨:٢٠٠٩).

خوێنەر بەهۆی ئەوەی زانیاری لە بارەی شاعیرەوە هەیە، کە لەبواری ئەدەبیدا، بە سوریالیزم ناسراوە و پتر لە شێوازی ساتیر و زمانی ئاخاوتن نزیک دەبێتەوە، زیاتر لە مەبەستەکەی تێدەگات وەک ئەوەی، نووسەر دەیەوێت بەهۆی پێکچوواندنی چەند بارێکی نامۆ، واقیعی کوردستان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروبارو جۆری دەسەڵات ڕوونبکاتەوە.

شاعیر، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو بارەی کە لە زمانی ئاساییدا بە لادان دادەندرێت، دەستەواژەی (**لەخەوندا**)ی بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی دەشێ لە خەوندا ئەوبارودۆخ و حاڵەتانە ڕووبدەن، کە لە واقیعدا بە نا ئاسایی دادەندرێن، بارەڕاستەقینەکان، پێچەوانە ببنەوە، کە ئەمەش لە ڕاستیدا مەبەستە سەرەکییەکەی شاعیر نییە. بەراودکردنی{ پیاز} بە{گێزەر} ، {گێزەر} بە{مەلا}، لە ئاکامی لادان لە مەرجەکانی گرایس پەی پێبردراوە، لە مەرجی دروستی و پەیوەندی لایداوە.

(زمانی نووسین و زمانی ئاخاوتن، لە ڕووی دروستە و پێکهاتەوە جیاوازییان نییە، تەنیا لە فەرهەنگ و گەنجی وشە و چۆنیەتی بەکارهێنانەکانیاندا، جیاوازییان هەیە)، (محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٠: ٢). لێکۆڵینەوەی شیعر، لێکۆڵینەوەیەکی کارەکی (پراکتیکی)یە، ئەو پەیوەنییە هزرمەندییە ئاشکرادەکات، کە لەنێوان سیستەمی زمانیی و سیستەمی ڕۆشنبیری و لایەنی پراگماتیکی و جوانکاری زمانیدا هەیە. دەتوانین لە دەقێکی شیعریدا، درکی واتای جیاواز بۆ دیاردە زمانییە جۆراو جۆرەکان بکەین. هەروەک چۆن دەکرێت ڕاڤە و شیکردنەوەی فەلسەفی و سایکۆلۆژیی، سەبارەت بە چۆنیەتی بە دوای یەکداهاتنی واتاو پلەی گونجان و تەبایی و شێوازی ڕێکخراوەیی لە گوتارێکی شیعریدا بکەین، بۆئەوەی ئێستاتیکاو داهێنانیی زمانیی و فاکتەرە واتاییەکان دەربخەین، هەروەها کاریگەرییان بۆ سەر فەرهەنگ و زمانی کوردی و دروستبوونی چەمکی جۆراوجۆر ڕوون بکەینەوە، ڕۆشنبیری و کلتووری کۆمەڵگا کاریگەرییان لە دیاریکردن و هەڵبژاردنی وشە و میتافۆر و لادانی زمانیدا هەیە.

وشـــەی (**شـــەو**)، لە دەوروبەری جیـاوازدا، چەنـد ڕاڤە و مەدلوولێـک وەردەگرێ، بە پێی چوارچێوە و بەکارهێنان، دەشێ لە دەوروبەرێکدا، وەک دیاردەیەکی سروشتی بە واتای ڕاستەقینەی خۆی بێت:

خەیاڵ و ئاوی چاوم، سەر دەگێڕن چ سەر؟

ئاشێکی بێ باراشە ئەمشەو (مەلا عەبدولڕەحمانی بارامی:٢٠١١: ٣٥٥).

شـاعیر لێکچوانـدنی کـردووە، لە نێـوان (سـەر)، لەگەڵ ئاشـی بێبـاراش، دووجـار وشـــەی (ســـەر)ی بەکارهێنـــاوە، لە نیـــوە دێـــری یەکەمـــدا، (سەردەگێڕن)، بە واتای خول خواردن و بیرکردنەوە هاتووە.

یان وەک نالی دەڵێ:

- **((جێی دەم دەمە، جێی لەب لەبە، ساقیی وەرە ئەمشەب**

**هەم ماچی دەما دەم بدە، هەم جامی لەبالەب))**،( نالی: ١٣٧٧: ١٣٠ )

. (شەب)، بەواتای بنجی هاتووە.

گۆڕان دەڵێت:(( **مانگی بە جێ ماو لە سەفەری شەو** ١٣٧٧:١٣٠

**زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو**)) (گۆران:١٣١: ١٩٨٠).

سەفەری شەو: بە واتای کۆتایی شەو هاتووە.

ـــ لەم پێـنج خشـتەکیەکدا، چەنـدین جـار وشـەی (شـەو)، دووبـارە کراوەتەوە:

- **((قەت نەدەی ئازاری گیانی مەست و بێدارانی شەو**

**خۆت نەدەیتە بەر شەپۆڵی ئەشکی بێ پایانی شەو**

**ئەی کچی خواوەندی جوانی و ئەی چرای دیوانی شەو**

**خۆت بپارێزە لە ئاهی دڵبریندارانی شەو**

**نـەک خـودا نـەکردە گیرابـێ دوعـای نـاڵانی شـەو))** (عەزیـز گەردی: ١٩٧٥:٥٦).

- **(چرای دیوانی شـەو)، مێتـافۆرە، خـوازراوە بۆ کچ، واتـە: کچەکە لـە ڕووی جوانی و ڕوناکییەوە، وەک (چرای دیوانی شەو)ە.**

ــ لەم دێرە شیعرەی خوارەوەدا، وشـەی (شـەو)، بە واتـای خـوازراو بەکارهاتووە:

**- ((ئاسمانی حوسنی مەحبووبەم لە ئەبرۆ و زولف و ڕوو**

**دوو هــیلال و دوو شــەو و دوو مــاهی تابــانی هەیە))** (دیــوانی نالی:١٣٨٨ ه:٤٧٦).

شاعیر، زولفی بە شەو چواندووە، ڕەشی شەوی خواستووە بۆ ڕەشی زولفی یار(محبووبە)، هەروەها ئەبرۆی یاری بە هیلا چوواندووە و ڕومەتی یاریشی بە ماهی تابان چوواندووە.

لەم دێـرە شـیعرەی خـوارەوەدا، سـیمای [+بێئاگـای و تەنبەڵـی]ی بە وشەی (شەو)، دراوە:

**لاوانی وەتەن  غیرەتێ بکەن**

**دەی هەستن لە خەو**

**وا بەسەرچوو شەو** (عەزیز گەردی:٣٣:١٩٧٩).

دەشــێ، لە دەوروبەرێکــی تــری زمانیــدا، بە واتــای ناڕاســتەخۆ، بــۆ داگیرکـاری یـان جەهـل و نەزانـین، یـاخود زوڵـم و زۆرداریـی و ئـازارو هەژموونی دەروونی ببێت. وشەی (شەو) بەهۆی ئەو باکگراوندە مێژوویی و کەڵچەرییەی کە لەلایەن ئـاخێوەرانی زمانیـدا هەیەتـی، ئەم واتـا جـۆراو جـۆرانەی پێـدەدرێت. بۆنمـوونە: لە سـیاقێکدا، کە واتـای جەهـل و نەزانـین دەدات، هەمــوو ئەو هێمــا و ســیمبولانەی تێــدا دەبینــی، کە ئامــاژە بە دواکەوتوویی و تاریکی و بازنەیەکی بیریی تەسکدا دەکەن.

ــ دەتـوانین، چەنـدین نمـوونەی تـر بهێنینـەوە، کە لە سـیاقی جۆراوجـۆردا، وشــەی شــیعری بە واتــای بنجــی و واتــای خــوازراو تێــدا بەکارهــاتووە، ، جۆراوجۆریی هێمای زمانیی لەوتارێکی شیعریدا، دەگەڕێتەوە بۆ:

(١ـ دەوڵەمەندی ئەو چوارچێوە ڕۆشنبیریی و کەڵچەرییەی کە هێماکە هەیەتی.

٢ ـ داهێنانی زمانیی، کە داهێنەر بە مەبەستی دروستکردنی زمانێکی باڵا، دەتوانێ وشەی ناباو بخولقێنێ لەگەڵ بەخشینی مەدلوولی نوێ بە وشە فەرهەنگییە باوەکان.

٣ ـ مۆسیقای وشەکان و ڕۆڵی دیاریان لە دروستکردنی جۆراوجۆریی ئاوازە و واتادا، کە وادەکات بۆ بەکارهێنان لە سیاقی جۆراو جۆردا گونجاو بێت )، (عبد الفتاح أحمد: ٢٠١٠: ١٦ ـ ١٧).

سیستەمی زمان، بەپێی جۆری شیعر، جیاوازە و دەگۆڕێت، بۆنموونە: شێوازی زمانیی، لە شیعرێکی بەرهەڵستی و بەرگریدا، جیایە لەو شێوازەی، کە لە شیعری گاڵتە و گەپ یان دڵداریدا هەیە، ئەم دۆخە لە هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژە و دال و مەدلوول و پێکهاتە میتافۆر و خوازەییەکانیشدا ڕەنگدەداتەوە. جۆری میتافۆر، کە لە شیعرێکی بەرهەڵستیدا بەکاردێت، هەمان ئەو میتافۆرە نییە، کە لە شیعرێکی دڵداریدا بەکاردێت. لە وتار و دەقی شیعریدا، پێکهاتە و شێوازی جۆراو جۆر هەیە، هەروەها زمانی وتاری فەرمی جیاوازە لە زمانی وتاری ڕەشۆکی یان گشتی، دەقەکە، بە پێی ئەو بوارەی کە واتاکەی تێدا پێشکەش دەکریت، واتا وەردەگرێت.

چەمکی زمان لای ڤۆسلەر( بریتییە لە وزە و چالاکییەکی داهێنەرانە و گوزارشتە لە گیان )، (عزالدین اسماعیل: ٢٠٠٠: ٣٩) لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین، کە نەگونجان و لادان لە مەرجی هاوڕێیەتی، بە مەبەستی دروستکردنی میتافۆر، لە زمانی زانستیدا بە ڕادەیەکی کەم بەکاردەهێنرێت زاناکان هەندێکجار، چەند میتافۆرێکی بڵاو و ناسراو بەکاردەهێنن، بەڵام بە دەگمەن میتافۆرێکی نوێ دەخولقێنن، لەبەرئەوەی زمانی زانستی تایبەتمەندی پێوەریی هەیە، ئەگەری هەبوونی میتافۆر تێیدا لاوازە.هەروەها زمانی چیرۆک و ڕۆمان، میتافۆری تێدا بەکاردێت، بەڵام ڕێژەکەی بە بەراورد لەگەڵ شیعردا کەمترە. زمانی شیعر، زمانێکی تایبەتە و پەیوەندی بە میتازمان و کۆ دەلالەتەکانەوە هەیە، شاعیر چەند هونەرێکی ڕەوانبێژی بەکاردەهێنیت، کە دیارترینیان لێکچواندن و میتافۆرە.

( زمان تەنیا هۆکارێک نییە بۆ گەیاندنی دالەکان، بەڵکو لە سەر مەدلوولەکانیش کاردەکات و دەیەوێت لەناو سیاقی پێکهاتەی دەقدا، جێگەی بکاتەوە )، (ئاوات ئەحمەد، ٢٢٦:٢٠٠٤).

شاعیر لە دروستکردنی میتافۆردا، یاساکانی ئاخاوتن تێکدەدات و دووبارە واتایەکی نوێ بونیاتدەنێتەوە، ئەم جۆرە بەکارهێنانەش لەسەر ئاستی چالاکی تاکەکەسدا دەبێت، بە پێی ئەو دابەشکردنەی کە سوسێر بۆ زمانی کردووە (لانگ و لانگویچ و پارۆڵ)، بەوردی زمان و ئاخاوتنی لە یەکدی جیاکردۆتەوە، زمان بەشێکی کرۆکییە و لەهەمان کاتدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، هەڵسوکەوتێکی سەپێنراوی دەوروبەرە، بەمەبەستی کارپێکردنی ئەو توانایە لەلایەن تاکەکانەوە، لە هەمان کاتدا، سیستەم و ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتییە، لە جوڵەیەکی بەردەوام و جێگیردایە، دەسەڵاتی بەسەر ئاخێوەراندا هەیە، دەتوانرێت بە شێوەیەکی زانستی لێی بکۆڵدرێتەوە، پارۆڵ، کە لایەنی ئاخاوتن دەگرێتەوە بەرهەمی تاکەکەسە لە هۆش و هەستی تاکەوە دەردەچێت، بە هەڵبژاردنی سەربەست ناسراوە، لە بەکارهێنان و دەربڕیندا بیروبۆچوونەکانی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، پەیوەستە بە کردە دەروونی و فیزیکییەکانی قسەکەرەوە، بۆیە ئاخاوتن لە دەرەوەی سیستەمدا لە دایک دەبێت، بە پێچەوانەی دامەزراوە گشتییەکەی زمانە، ڕەفتارێکی گۆکراوی ڕۆژانەیە، بۆیە سروشتێکی تێکدەر و ناجێگیری هەیە، دەبێتە هۆی لە دایکبوونی تازە و نوێکاری لە زماندا( رابح بوحوش:٢٠٠٩: ٨٤).

پارۆڵ، کە لایەنی ئاخاوتن دەگرێتەوە، لە ژێر دەسەڵاتی تاکەکەسدایە، بۆیە دەکرێ دوچاری گۆڕان ببێتەوە. شاعیر بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشان و بۆئەوەی ئاستی دەربڕین بەهێزترو پاراو تر بکات، دەستکاری واتای وشەکان دەکات، لەبەرئەوەی بەکارهێنانی میتافۆر، داهێنانی شیعریەتی زیاتر بە بابەتە ڕاستەقینەکە دەدات. ( باوەدین کریم:٢٠٠٧: ١٦٠) .

شاعیر لە زمانی ئاسایی یاخی دەبێت، دووبارە گیان بە بەر واتاکاندا دەکاتەوە (هەر دەلالەتێک ئاماژە بۆ مەدلولەکەی دەکات لە ساتی یەکەمیدا،

بەڵام ناشـێت شـاعیر بڵێـت (مانـگ) و تەواو، چـوونکە ئەو وشـەیە بە شێوەیەکی ئاسایی کردەیەکی هۆشیی سادەمان دەهێنێتە بەر چاو... و بۆ ئەوەی وێنەیەکی جوان بۆ مانگ بێتە دی شاعیر پەنا دەباتە بەر وێنە و بۆ ئەمەش پێویستە یاسا ببەزێنێت و دەڵێت: ـ پارچەیەک لە زێڕ لە ناو کێڵگەیەک ئەستێرە ))، (دەریا جەمال حەویز: ٢٠٠٨: ٩٨ ).

ئەگەر میتافۆر نەبێت، ڕێزبوونی وشەکان بۆ پێدانی واتایەکی دروست، لە ئاستی واتاسازیدا، بەم شێوەیە شیاو نییە، بەڵام شیعر بەگشتی بۆ واتای دوور و شاراوە دەچێت، زمانی ئاسایی هەڵدەوەشێنێت بۆ ئەوەی وێنەیەکی تایبەتی بونیات بنێت. وشە لە ژینگەی ناسراوی خۆیەوە، دەگوازێتەوە بۆ ژینگەیەکی نەناسراو.بەهرەی شاعیر، دەمانخاتە بەردەم کردەیەکی لە پڕ و سەرنج ڕاکێش. بۆ نموونە، گواستنەوەی وشە لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکەی بەکارهێنان، جۆرێکە لە خوازە، وەک: ــ لەم کۆپلە شیعرەدا:

(( بەیانییە کەڵەشێر دەچریکێنێ
بولبوول دەقوقێنێ،
پشیلە دەحیلێنێ
ئەسپ دەمیاوێنێ،
سەگ دەلورێنێ
گورگ دەوەڕێ))، (هاوژین سلێوە: ٢٠١٣ : ٩٨).

(شاعیر، جۆرە پێکدادانێکی واتایی دروستکردووە، هەریەک لە دەنگەکانی ( چریکاندن، قوقاندن، حیلاندن، میاواندن، لووراند، وەڕین)، لەگەڵ ئەو بکەرەدا نەهاتوون، کە هەڵیدەبژێرن، لەبەرئەوە، کارەکان کۆتی هەڵبژاردنیان بەزاندووە، بۆنموونە (حیلاندن)، لە فەرهەنگدا، سیمایەکە تایبەتە بە ( ئەسپ)، بەڵام دراوەتە پاڵ (پشیلە):

ئەسپ <+ حیلاندن، ـ میاواندن>

پشیلە <+ میاواندن، ـ حیلاندن>.

شـاعیر، دیاردەکـانی سروشـتی پـێچەوانە کـردۆتەوە، لە یەکەم تێڕوانینـدا، خـوێنەر/ گـوێگر، ئەمە بە بـارێکی نـامۆ تێـدەگات، بەڵام بەگەڕانەوە بـۆ دەروبەر، بۆمـان دەردەکەوێـت، کە شـاعیر لەم بەیـانییەدا، دیاردەکـان بەو شـێوەیە دەبینـێ، کە پـێچەوانەی بـارە ڕاسـتەقینەکەی خۆیـانن و بەو شێوەیەش وەسفیان دەکات )، (ڕۆژان نوری: ٢٠١١: ٣٦ ).

لە ڕەوانبێـژی کۆنـدا، ئاسـتی مەدلـوولی یەکەم و مەدلـوولی دووەم و سیاق و ئاستی ئاڵو گۆڕبوونی واتا جیا نەکرابۆوە، بەڵام گرینگیدان بەم ئاستانە، کارێکی پێویستە، لە بەرئەوەی ڕۆشنایییەک دەخاتە سەر جۆری واتا و پەیوەندییە سیاقیەکانی نێوان وشـە و ئەو شێوازەی کە بە هۆیەوە مێتـافۆر دروسـت دەبێت. شـاعیر کە مێتـافۆر دروسـت دەکـات و یاسـاکان دەبەزێنێـت، بـۆ ئـاڵوگۆڕکردنی وشـە و ئاوەڵناوەکـان لە نێـوان بەرجەسـتە ودیـــاردە ئەبســـتراکتەکاندا، پشـــت بەچەنـــد ڕێگـــایەک دەبەســـتێت، وەک (بەکەسـکردن، بەرجەسـتەکردن، بەتەنکـردن، هەسـتگۆڕکێ ... هتـد). لێـرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەین، لەو ڕوانگەیەوە گرینگی بە بەکارهێنانی مێتـــافۆر لە شـــیعردا دەدەیـــن، کە بـــۆی هەیە، بەکـــارهێنەری زمـــان ئەم مێتـــافۆرانە بگـــوێزنەوە بـــۆ زمـــانی ئاخـــاوتن و ببـــنە هۆکارێـــک بـــۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنـگ و زمـان. جۆرێکی دیکـەی گواسـتنەوە، هەسـت گۆڕکێیە (( شـاعیر هەڵدەسـتێت بە ڕامـاڵینی سیفەتی یەک لە هەسـتەکان و گۆڕینەوەی بە هەستێکی تر ) ، (اوز محمد محمود: ١٩٩٩، ٣٦) بۆنموونە:

- **من بۆنت ئەدەم بەخۆمدا من وێنەی بۆنت ئەکێشم قوم قوم بۆنت دەخۆمەوە بۆنت کاسێتی شەوانمە و گوێی لێ دەگرم** (شێرکۆ بێکەس:١٣:٢٠٠٠ ).

شاعیر لە ڕستەی یەکەمدا (من بۆنت ئەدەم بە خۆمدا)، وشـەی بۆنی بە هەستی بۆنکردن بەکارهێناوە، کە ئەمە سیمای بنچینەیی خۆیەتی، دواتر لە ڕستەی (من وێنەی بۆنت ئەکێشـم)، وشـەی بۆنی گواسـتۆتەوە بۆ هەسـتی بینین، کە ئەمەش لادانە لە واتای سەرەکی (بۆنکردن)، لە ڕستەی (قوم قوم

بۆنت دەخۆمەوە)، بۆ هەستی تامکردن گوێزراوەتەوە، ئینجا بۆ هەستی بیستن (بۆنت کاسێتی شەوانمەو گوێی لێ دەگرم) گوێزراوەتەوە.

لەپاڵ شێوازی هەستگۆرکێ، چەند ڕێگایەکی تر هەیە، دەبنە بنەمایەک بۆ دروستبوون و بونیاتنانی وێنەی میتافۆریی. ئێمە لێرەدا، بە تێکەڵی ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە بەکارهێنانی میتافۆر لە شیعردا دەکەین مەبەستمانە تیشک بخەینە سەر ئەو لایەنەی میتافۆر لە شیعردا، کە کاریگەری بۆسەر زمان و ئاخاوتن هەیە

**١ ـ بەتەنکردن ـ التجسم:**

بەتەنکردن، واتە پێدانی قەبارە و بارستایی بە شتە واتاییەکان، شاعیر شتە مادییەکان، بە شتە ئەبستراکتەکان دەچوێنێت، ئەم جۆرەیان لە هەموو شێوازەکانی دی گرینگترە، لەبەرئەوەی وشەی وێنە لە بنچینەدا واتای بەتەنکردن دەگەیەنێت، دواتر واتاکەی لە ڕەخنەی ئەدەبی تازەدا، فراوانبووە، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە کار لە سەرجەم یان بەشێک لە هەستەکانمان دەکەن، چوونکە هەر هەستێک جۆرە وێنەیەکی لێ دێتە بەرهەم(طاهر احمد الملکی:١٩٨٠: ٨٢). شاعیر بە شێوەی بەتەنکردن وێنەکان دەخاتە ڕوو:

- بۆ ئەوەی ئەو فرمێسکانە بدۆزمەوە
  کە دوێنێ ونم کردن
  وتیان داسی تەمەن
  سێبەری ئاسمان درەو ئەکات (لەتیف هەڵمەت:٦٨:٢٠٠٥).

شاعیر بەهۆی بەکارهێنانی وشەکانی (داس، درەو، ڕەنگ، گۆرانی، شیلەی)، سیمای [+تەن ] ی بە (تەمەن)، داوە، کە دیاردەیەکی ئەبستراکتە، بەهۆی خستنە پاڵ، میتافۆری (**داسی تەمەن**)، دروستبووە: (ناوێکی بەرجەستە+ ی+ ناوی واتایی)، کاری درەوکردن، پێویستی بە بەرکارێک هەیە لە بواری کشتوکاڵدا، بەڵام سێبەری ئاسمان ئەم سیمایەی بەزاندووە. شاعیر، لەم دێرە هۆنراوەی خوارەوەدا، سیمای(گلۆڵە)، بە (یاد)، دەدات کە دیاردەیەکی ئەبستراکتە:

- **گڵۆڵەی یادێک لە هەناومایە**

**بە تەونی بڕوام ئەیکەم بە کفنێک**

سیمای[+ تەن]، بە(یاد، بڕوا) دراوە، کە دوو دیاردەی ئەبستراکتن، بەهۆی ئەمەش دوو میتافۆری{ گڵۆڵەی یاد، تەونی بڕوا}، دروستبووە.

لە وێنەیەدا، شاعیر، پەنا دەباتەبەر (غەم)، تەنی بۆ دروستدەکات:

غەم لە لای من زۆر شیرینە  غەم هەوێنە بۆ ئەم ژینە

چونکە بۆ دڵ پێکەنینە   شادی و بەزم و هەڵپەڕینە

غەم شیرینە.... غەم شیرینە (دڵشاد مەریوانی:٢٠٠٩: ٥١ ).

شاعیر، لێکچواندنی لەنێوان غەم و شیرینیدا کردووە، غەمی وەک هەوێنێک بۆ ئەم ژینە سەیر کردووە ، (غەم)سیمای [ـ تەن] ی هەیە، شاعیر بەهۆی بەکارهێنانی دەستەواژەی (غەم شیرینە)، سیمای[+ تەن]ی پێداوە، بەهۆی ئەمەش میتافۆرێکی ناویی دروستکردووە.

- **گەر ئەتەوێ**

**خوێنی دەماری شیعرم بیت**

**داستانێک بیت... بێ کۆتایی** (عەبدوڵڵا پەشێو:٢٠٠٢:١٣٤).

خوێن و دەمار دوو دیاردەی بەرجەستەن دراون بە شیعر، بەهۆی ئەمەش شێوازی بەتەنکردن ئەنجام دراوە، میتافۆری[دەماری شیعر]، دروستبووە.

- ئازادییان کرد بەکورسی و

لەسەرکورسیش تفەنگ دانیشت! (شێرکۆ بێکەس: ٣٥:٢٠١٠).

وشەی(ئازادی)، سیمای [ _تەن]ی هەیە، شاعیر بەهۆی وشەی(کورسی)یەوە، سیمای [+ تەن]ی پێداوە (دانیشت)، پێویستی بە بکەرێکە، کە سیمای [+ گیاندار]ی هەبێت، بەڵام تفەنگ، سیمای {ــ گیاندار }ی هەیە.

ـ لە نموونەیەکی دیکەدا، سیمای[+تەن]ی بە وشە داوە، بەهۆی ئەمەش میتافۆری(بەردی) وشە دروستبووە، بواری سەرچاوە، کە (برد)ە، سیمای ڕەقی و قورسی هەیە، گوێزراوەتەوە، بۆ بواری ئامانج، کە بەهۆیەوە (تەلاری مێژوو)دروستبووە، کە ئەویش میتافۆرێکی دیکەیە و هەردوو

بیرۆکـەی (تـەلار) و (مێـژوو)، کاریـان لەیـەک کـردووە و مێتافۆرەکـە دروستبووە.

- **شـاعیر بە بەردی وشـە تەلاری مێـژووی رۆدەنـێ**. (حەمە سەعید حەسەن: ٢٠٠٤: ٨ ).
- **دڵی منداڵ بە چنگی خەم لیمۆیەکی گوشراوە،**
  **مانگی ڕوخساری گەلەکەم**
  **بە تەمی چڵکنی ماتەم، گیـراوە**، (حەمە سـەعید حەسـەن: ٢٠٠٤: ٧٦ ).

چنگی خەم:مێتافۆرێکە، بەهۆی بە تەنکردنەوە دروستبووە.

**ـ شێوازی بەرجەستەکردن ـ ( التجسید)**

لەم شـێوازەدا، شـاعیر سـیمای جەسـتە و گیـان، بە شـتە مـادی ومەعنەوییەکـان دەدات و وەک گیـانلەبەر مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکـات، واتە پێدانی سیمای واتایی[+ بەرهەست] بە[+ ئەبستراکت].

- **ئەوەی قومێک ئاو بکاتە**
  **دەمی مێژووی بریندارم** (شێرکۆ بێکەس، ٥٧:٢٠٠٠ )

مێژوو، دیاردەیەکی ئەبستراکتە، سیمای ( دەم)، (بریندار)ی پێداوە، کە تایبەتە بە گیانلەبەر.

(**دەمی مێژوو**)، (**مێژووی بریندار**)، دوو مێتافۆرن، لە دۆخی خستنەپاڵدا، لە ڕیزبوونی کەرەستەکاندا، دیارخراو و دیارخەر یەکناگرنەوە: **دەم + ی + مێژوو ، مێژوو + ی + بریندار.**

بەهـۆی ئەم دیـاردەوە، هەنـدێ دیـاردەی ئەبسـتراکت، تایبەتمەنـدی گیانداری پێدەدرێت:

- **ئاخ لە شیعرێکی تازەدا**
  **بوو بە دایکم و**
  **پەڕسێلکە و**
  **بە ئێوارانی پاییزی**
  **ئەوسای گەڕەک!** (شێرکۆ بێکەس:٢٠١٠: ٧١).

ئـاخ، سـیمای {+ ئەبسـتراکت} ی هەیە، شـاعیر سـیمای[+ بەرهەسـت]ی پێداوە، بۆ دروسـتکردنی مێتافۆرەکە، سـوود لە کـاری (بـوون)، وەرگیـراوە، کە وێنای{ دایک و پەرەسێلکە و ئێوارەی پایز} بە (ئاخ) دراوە.

ئێوارانی پایز: ڕەمزی خەمناکی و گەڵاوەرین.

ئـاخ، کە دیـاردەیەکی ئەبسـتراکتە، لە پراگماتیکـدا، وەک مۆرفیمێـک بـۆ دەرخسـتنی بـاری دەروونـی قسـەکەر بەکاردێـت.لە بنەمـای دروسـتی و چۆنیەتی لایداوە، ئاخ نابێ بە دایک و پەڕەسێلکە و ئێوارانی گەڕەک...

- **پەیڤ پۆل پۆل دێن**

**لێیان دەبارێ هەوری خوێن**

**هەر تنۆکە خوێنی برینی وشەیەک**

**دەبێتە ڕەزێک باخچەیەک**

**من دەفتەری گشت پەیڤە دڵدارەکانم**

**پاسەوانی گشت وشە زامدارەکانم** (لەتیف هەڵمەت:٢٠٠٥: ٨١٨).

شـــاعیر، وەک مـــرڤ و گیانلەبـــەر مـــامەڵەی لەگەڵ پەیـــڤ و وشـــەدا کـردووە، لە نیـوە دێـری دووەمـدا، سـیمای {+گیـانلەبەر}ی بە هەور داوە بەهۆی ئەمەشەوە، مێتافۆری(هەوری خوێن)ی دروستکردووە.

ئاوەڵنـاوی {پەیڤـی دڵـدار}، لە دۆخـی خسـتنە پاڵـدایە، دیـارخراو لەگەڵ دیارخەر یەکناگرنەوە، ئاوەڵناوی (زامدار) دراوەتە پاڵ وشە، کە لە بنچینەدا بۆ مرۆڤێک بەکاردێت.

٣ ـ شێوازی بەکەس کردن ـ التشخیص: { Personification} :

ئەمـــش شـــێوازێکی تـــرە، لەو شـــێوازانەی وێـــنەی مێتـــافۆری لەســـەر بونیاتـــدەنرێت، بـــریتییە لە پێـــدانی تایبەتمەنـــدی مـــرۆڤ، بە دیاردەکـــانی سروشت ، سیفەتی مرۆڤ دەدرێت بە بێ گیانێک یان گیانلەبەرێک کە خۆی ئەو سیفەتەی نەبێت(پەخشان عەلی ئەحمەد:٢٠٠٧: ٢٣٤).

لە دروستکردنی ئەم جۆرە مێتافۆرەدا، شـاعیر هەنـدێ سـیماو پێکهـاتەی واتـایی، کە تـایبەتە بە مـرۆڤ بـۆ دیاردەکـانی تـر دەیگـوازێتەوە، بەهـۆی

ئەمەش وشــە پێکهـاتەیەک وەردەگرێـت، کە لە بنچیـنەدا هــی خـۆی نیـیە و واتایەکی تر دەبەخشێت:

- **فەرشی کەففی بەری پێتە نەرگس**

**سەری داخستووە وەک چاوی حەیا** ( نالی، ١٩٧٦:١٢٦).

شاعیر، سیمای(سەرداخستن)ی داوە بە نێرگس و تایبەتمەندی مرۆڤی پێداوە، {سەرداخستن} چاوگێگە، کە لە بنچینەدا، بۆ وەسفی مرۆڤ لە بارودۆخی شەرم یان شەرمەزاریی یان خەمباریی بەکاردێت.

**شەو بۆی ناکرێ**

**مارەیی خۆی**

**لە قوولایی من هەڵنجێ** (ئەنوەر مەسیفی، ٢٠٠٥: ٢٧ )

وشـەی مـارەیی، کە تـایبەتە بە مـرۆڤ، شـاعیر خسـتوویەتییە پـاڵ شـەو، بەمەش تایبەتمەنـدی مرۆڤـی پێـداوە، {مـارەیی شــەو} مێتـافۆرێکە، بەهـۆی لادان لە مەرجی دروستی پێکهاتووە، لە واقیعدا، مـارەیی تـایبەتە بە ئـافرەت نەک شەو، لێکدانەوەی میتافۆرەکە، لەسەرەتادا نامۆ دێتە بەرچاو، بەلاَم بە دۆزینەوە بارودۆخی گونجاو، دەتوانین بە واتای ویستراوی دەقەکە بگەین، ڕەهەندی دەروونی شاعیر لە دروستبوونی میتافۆرەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

- **کە تۆم لابووی، ئاسمان قوببەیەکی شینی**

**ئاوالابوو**

**خۆر دەرگا بوو**

**کرایەوە و چوومە ناوەند جیهانێکی ئەفسانەیی**

**شەقام دەڕوێ، گوڵ دەفڕێ، درەختی جوانی پەمەیی**

**قۆڵیـان دەکـرد بە قۆڵمـدا، وەک ئاشـنای شـیعرەکانم** ( دڵشـاد مەریوانی، ٢٠٠٩: ٣)

لەم کۆپلە شیعرەدا، شـاعیر، جۆرە پێکدادانێکی واتـایی دروسـتکردووە، مێتافۆری لە نێوان چەند دیاردەیەکی نـامۆ پێکهێنـاوە، هەریەک لە کارەکـانی (ڕوانــدن)، (فــڕین)ی داوەتە پـــاڵ (شـــەقام) و (فــڕین)، کە خۆیـــان ئەم تایبەتمەندییانەیان نییە، شـەقام، بێ گیـانە و ڕووەک نییە و گـوڵیش توانـای

فڕینی نییە، هەروەها، وەک مرۆڤ وەسفی درەخت دەکات، لەوەدا کە تایبەتمەندی قۆڵی پێداوە و بەکەسی کردووە، (خۆر)، دیاردەیەکی گەردوونە، نابێت بە دەرگا، لە مەرجی دروستی لایداوە، جۆری میتافۆرەکان کارییین، هەریەک لە کارەکانی (دەڕوێ)، (دەفرێ)، مەرجی هەڵبژاردنی بکەریان بەزاندووە، درەخت و شیعریش لە دونیای ڕاستەقینە دا، ئاشنایەتییان نییە، بۆ لێکدانەوەی میتافۆرەکان دەبێ بگەڕێینەوە ئاستی پراگماتیک و دەوروبەر. ناتوانین (ڕواندنی شەقام) و (فڕینی گوڵ)، بە پێی بنەماکانی لۆجیک لێکبدەینەوە.

**ـ ((ئەو باخە بۆیە وا زیز و پەشۆکاوە**
**شۆڕەبییەکی دوو ڕۆژە بە کوڵ ئەگری**
**ئەو کەمانچەیە بۆیە وا دڵی خۆشە**
**لە بەرئەوەی کچە ئاوازێکی جوان و کەڵەگەتی**
**لە ناو هۆڵەکەدا بینی))**، (شێرکۆ بێکەس: ٢٠١٠: ٤٤).

لە نیوە دێری یەکەمدا،(زیزبوون و پەشۆکان)، کە سیمای < **+ مرۆڤ** > یان هەیە، دراون بە **(باخ)**، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی دەروونی شاعیرە، لە سود وەرگرتن لە بواری سەرچاوە(مرۆڤ) و گواستنەوەی واتا بۆ بواری ئامانج (باخ)، سیمای (**بەکوڵ گریان**)، دراوەتە پاڵ **(شۆڕەبیی)**، لە دونیای ڕاستەقینەدا، شۆڕەبیی سیمای<**+ ڕووەک**>ی هەیە، وەک میتافۆر بەرانبەر بە مرۆڤ خواستراوە، {گریانی شوڕەبیی}، دەربڕینێکی میتافۆریی ناوییە. **(دڵ)**، تایبەتە بە مرۆڤ و دراوەتە پاڵ کەمانچە، **{دڵی کەمانچە}**، دەربڕینێکی میتافۆریی ناوییە. { **کچەئاواز}**، میتافۆرێکی ناوییە.بەم شێوەیە دروستبووە (کچ + ە + ئاواز).

لەم شێوازی بە کەس کردندا، شاعیر، گیان بە بەر ڕووەک و شتە بێگیانەکاندا دەکات، بۆنموونە:

**ـ ((نەمدەزانی دوور لە خۆرەتاوی چاوت**
**دڵم سەعاتێکە نوستووە،**
**درەختێکە وشکهەڵاتوو.**

**من ئەوەندە سۆفییانە هۆگرت بووم.** (حەمە سەعید حەسەن: ٢٠٠٤: ٤٤).

لەم پارچە شیعرەدا، هەریەک لە میتافۆرەکانی{ **دڵی سەعات، خۆرەتاوی چاو**}، بەهۆی لادان لە مەرجەکانی دروستی و چۆنیەتی دروستبوون، وشەکان، هەندێ سیمای سەرەکییان لەدەستداوە و بۆ دروستبوونی میتافۆر، چەند سیمایەکی لاوەکی ڕۆشنایی خراوەتە سەر ئەگەر وشەی{دڵ} و{سەعات}، بە نموونە وەربگرین:

| **فیچەرە سیمانتیکییەکانی (دڵ)** | **فیچەرە سیمانتیکییەکانی (سەعات)** |
| --- | --- |
| **+ لێدان** | **+ لێدان** |
| **+ سیستەم** | **+ سیستەم** |
| **+ کارکردن و نەوەستان** | **+ کارکردن و نەوەستان** |
| **+ خوێن** | **ـ خوێن** |
| **+ گیان** | **ـ گیان** |

**{دڵی مرۆڤ}، سیمای < + گیان، + خوێن>ی هەیە، {دڵی سەعات}، سیمای < ـ گیان، ـ خوێن>**ی هەیە.

**{پاتری سەعات}**، بە**{دڵی مرۆڤ چوێنراوە}**، لە وردی و کارکردن و نەوەستاندا.

بەهۆی کردەی گوێزانەوە، میتافۆرەکە دروستبووە:

دڵی مرۆڤ ←——— پاتری سەعات

لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدا، تایبەتمەندی (قژڕنینەوە)، کە هی مرۆڤە خراوەتە پاڵ (ڕووەک):

**ـ ((لە جادەیەکدا درختێ**

**بەسەر ژنێکی کوژراودا**

**قژی خۆی ئەڕنێتەوە))**، ( شێرکۆ بێکەس، ٢٠١٠، ٤٦) .

{ قژی درەخت }: (میتافۆرە)

دەتوانین بەمجۆرە لێکدانەوەی بۆ بکەین:

**دال: درەخت/ دیاردەیەکی سروشتە**

**مەدلوولی یەکەم (١): گەڵای درەخت وەک قژ وایە**

**مەدلوولی دووەم (٢): درەخت قژی دەڕنێتەوە**

**و اتای ناوەکییی**

**هێڵکاری مێتافۆری دووەم:**

**دال: درەخت شیوەن دەکات.**

**مەدلوولی یەکەم (١): درەخت ، سیمای (+مرۆڤ، + ئافرەت، +تازیە، + شیوەن) ی وەرگرتووە.**

**مەدلوولی دووەم (٢): درەخت، هەست و سۆزی هەیە، بەرپەچی نەریتێکی کۆمەڵایەتی (ژن کوشتن) دەداتەوە.**

ـ لە وێنەیەکی دیکەدا، سیمای **(قژ)** بە (**مانگە شەو**) دەدات، بەهۆیەوە مێتافۆر دروستدەکات:

**ـ ((دەستم ئەدا**

**لە قژی مانگە شەوەوە))**، (شێرکۆ بێکەس: ٢٠١٠: ٥٥)

**{قژی مانگە شەو}**، مێتافۆرێکی ناوییە، لە دۆخی خستنەپاڵدایە، (مانگە شەو)، کە دیارخراوە، لەگەڵ **(قژ)**دا یەکناگرێتەوە، کە دیارخەرە، قژ لە مرۆڤ خوازراوە و دراوە بە مانگەشەو، کە خۆشی مێتافۆرە، بۆ**(یار)** یان **(ئافرەت)** خوازراوە.

ـ ((بۆئەوەی گوێی مێژوو کەڕکات

لە عاستی چرکەی کاتژمێرەکان))( لەتیف هەڵمەت: ٢٠٠٥: ٦٤).

**{گوێی مێژوو}**، مێتافۆرێکی ناوییە، لە دۆخی خستنە پاڵدایە،**(مێژوو)**، کە دیارخراوە، لە گەڵ **(گوێ)** یەکناگرێتەوە، کە دیارخەرە.

لە وێنەیەکی دیکەدا، بەهۆی خستنەپاڵی سیمای **(سمێڵ)** بە وشەی **(شەرەف)** تایبەتمەندی بە کەسکردنی پێدراوە:

**ـ ((پیاوێک خەنجەرەکەی ئەسڕێ و**

**پێ ئەکەنێ و**

**سمێڵی شەرەف بائەدا))** ( شێرکۆ بێکەس:٢٠١٠: ٤٧ )

(سمێڵی شەرەف) مێتافۆرێکە، بەهۆی گیانبەبەرداکردنەوە دروستبووە.

{شەرەف} ناوێکی واتایی {سمێڵ} ناوێکی بەرجەستەیە، مێتافۆرەکە بەم جۆرە دروستبووە: { بەرجەستە + ی + ئەبستراکت}.

ـ { لێفە شڕە}، شتومەکی بەخۆدادانە، ئەگەر کۆن و بێکەڵک بووبێت، لە لای خەڵکی هەژار دەمێنێتەوە، شاعیر سوودی لەم دیاردەیە وەرگرتووە،

**ـ ((لێفەی شڕ ئەکۆکێ و ئەکۆکێ**

**دۆشەکی بێ هەناو هەناسەی خەونێکی ئەتاسێ**

**سەبەتەی نانەکەش لەو لاوە کزۆڵە کزۆڵە چاو بۆ ئارد))**، (شێرکۆ بیکەس:٢٠٠٥:٣٤.)

{لێفەی شڕ}، مێتافۆرێکە بۆ کەسێکی پەککەوتە و پیر و بەساڵاچوو، یان نەخۆش خواستراوە، دەستەواژەی (ئەکۆکێ)، وەک نیشانەیەک وایە، ڕێگە لەوە دەگرێت، کە ئاخێوەر مەبەستی لە بەکارهێنانی( لێفە شڕە)دا، واتا بنجیەکە بێت.

دۆشەکی بێ هەناو: مێتافۆرێکە، بەهۆی گواستنەوەی واتایی لە ( + گیاندار) ەوە، بۆ (ـ گیاندار)، دروستبووە. هەناو لە بنەڕەتدا سیمای گیانلەبەرە، شاعیر داویەتی بە دۆشەک. بۆ دروستبوونی مێتافۆرەکە سود لە بواری سەرچاوە وەرگیراوە، گواستراوەتەوە بۆ بواری ئامانج، هەناو بەشێک لە تایبەتمەندیی و خاسیەتی خۆی بە دۆشەگ بەخشیوە، دۆشەگیش هەندێک تایبەتمەندیی لە هەناو وەرگرتووە، سود لە ڕووی لێکچوونی ناواخن و ناوەرۆک وەرگیراوە، شاعیر سودی لە دەستەواژە مێتافۆرییەکانی وەک: (هەناوم کەوتە خوارەوە، بێ هەناوم)، کە بەکاردێن بۆ ترس یان بەهۆی هۆکارێکەوە هەناوم لەدەست داوە، کە هەردووکیان بۆ بواری واتایی و بە واتای ناڕاستەوخۆ بەکاردێن، نەک بە واتای فەرهەنگی وشەکان، وەک ئەوەی، کەسێک بە ڕاستی هەناوی کەوتبێتە خوارەوە.

واتـە: بـۆ دروسـتبوونی میتافۆرەکـە، شـاعیر سـودی لـە ئاخـاوتنی ڕۆژانـە وەرگرتووە، لە هزریدا کارلێککردنی بیرۆکـەکان دروسـتبووە، بـەو هۆیـەوە ئاڕاســـتەی میتافۆری(دۆشـــەگی بـــێ هـــەناو)، کەوتۆتـــە نـــاو زمانـــە شـیعریەکەیەوە. جگـە لەمـە ڕەهەنـدی دەروونـی شـاعیریش لـە دەربڕینـە میتافۆرییەکدا ڕەنگدانەوەی هەیە، واتە: باروودۆخ و تایبەتمەندیی جەستەیی و تەندروستی و ژینگە و هەڵوێستی ژیانیش کار لە هزر و بیری مرۆڤەکان دەکەن و دواجاریش لە دەربڕینە میتافۆرییەکاندا، ڕەنگ دەدەنەوە.

لـە نیـوە دێرەکـەی دیکـەدا، سـیمای< + چـاو>، بە سـەبەتە بەخشـراوە، بەهۆی ئەمەش، لە مەرجی دروستی لایداوە.

لە وێنەیەکـی دیکـەدا، سـیمای گریـان و هەڵبزرکـان، دەداتە پـاڵ چەنـد دیاردەیەک:

**ـ ((ئاسمان گریاو**
**وشە گریا و**
**شەقام گریا و**
**شیعریش ڕەنگی هەڵبزرکا**
**دوێنێ درەختێ لە شێوەی رۆژنامەدا**
**بە دەم جریوەوە کوژرا)) (شێرکۆ بێکەس، ٢٠١٠: ٢٣٧ ).**

جۆرە ناتەبایی و پێکدادانێکی واتایی دەبینرێت، کۆتی واتـایی بەزێنـراوە، بەیەکەوە هاتنی وشـەکان، لەگەڵ یەکدیدا، مەرجـی هاوڕێیەتییـان بەزانـدووە وتـنەکە، لە بنەمـای دروسـتی لایـداوە، ئاسـمان و وشـە و شـەقام نـاگرین، گریـان، بـارێکی دەروونییـە، تـایبەتە بە مـرۆڤ و هەنـدێک لە گیـانلەبەران، کۆتی هەڵبژاردنی بەزاندووە.

شـەقام، میتۆنیمییە و مەبەست، لە خەڵکی شـە قـام ( بەشـێکە لە گشـت) شـــاعیر، کـــردەی هەڵبزرکـــان، کە چەنـــد ســـیمایەکی واتـــایی، وەک < + تێکچـوونی ڕەنـگ، + گرۆگرۆبـوون >ی هەیە، بـۆ وەسـفکردنی شـیعر، بەکارهێناوە، کە خۆی سیمای < ـ بەرجەستە، ـ هەڵبزڕکان> ی هەیە.

بەهۆی هێلکارییەکەوە، ئەم وێنە میتافۆرییە ڕوون دەکەینەوە:

دال: شیعر/ دیاردەیەکی ئەبستراکتە.

|

مەدلـوولی یەکەم (١): شـیعر وەک مـرۆڤ دەربڕینـی هەسـت و سۆزی تێدایە.

|

مەدلوولی دووەم (٢): شیعر لە بارودۆخێکی خراپدایە.

واتای ناوەکیی(شاراوە) ⇐

هێڵکاری میتافۆری دووەم:

دال: شیعر هەستێکی ناخۆشی هەیە.

|

مەدلوولی یەکەم (١): شیعر، سیمای(+مرۆڤ، + ڕەنگ، + هەڵبزڕکان) ی وەرگرتووە.

|

مەدلوولی دووەم (٢):

هەموو گەردوون نیگەرانە، بەرانبەر نەریتی کوشتنی ڕۆژنامە نووسێک.

سـیمای بە مرۆڤکـردن، هۆکـارێکی گـرینگە کە شـاعیران بە ڕێژەیەکـی فراوان بۆ دروستکردنی میتافۆر پەنای بۆ دەبەن، لەم لێکۆڵینەوەیەدا، زیـاتر نموونەکانمـان بە کـۆپلە یـان دێـرە شـیعر نەک شـیعرێکی تەواو هێنـایەوە، چـوونکە مەبەسـتی سـەرەکی ئـێمە، لە نیشـاندانی میتافۆرەکـان، چـۆنیەتی دروستبوون و پێکهاتنیانە، گواستنەوەی واتاکانە لە بواری سەرچاوەوە، بۆ بـواری ئامـانج و ئاڕاسـتەی دروسـتبوونی دەربڕینـە میتافۆرییەکانـە، لەگەڵ بەزاندنی کۆتەکان و دۆخی خستنەپاڵیاندا، بۆی هەیە دواجـار ئەم شـێوازانە بکەونە نـاو ئاخـاوتنی ڕۆژانـە و بەهۆیـانەوە میتـافۆری دیکە بکەوێتـە نـاو زمانەوە، هەروەک چۆن شاعیر دیاردەی جۆراو جۆر بە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ دەچوێنێت:

**ـ ((تێگەیشتم چیا قسەییێکی پێیە**

**بۆیە ئاوا ناڵە و هاوار و فیغانی لێ هەڵدەستێت))**، (نەوزاد ڕەفعەت:٢٠٠٤: ٩٧).

**دال: چیا / دیاردەیەکی سروشتییە**

**|**

**مەدلوولی یەکەم (١): چیا وەک مرۆڤ وایە لە بەرزی وسەرکەشیدا**

**|**

**مەدلوولی دووەم (٢): شیعر لە بارودۆخێکی خراپدایە.**

**واتای ناوەکی⟸**

**هێڵکاری میتافۆری دووەم:**

**دال: شیعر هەستێکی ناخۆشی هەیە**

**|**

**مەدلوولی یەکەم (١): چیا، سیمای (+مرۆڤ، + قسەکردن، + بیر)ی وەرگرتووە.**

**╳**

**|**

**مەدلوولی دووەم (٢): چیا مرۆڤێکی سەر بەرزە نیگەرانی بارودۆخێکە.**

**- ((مەمکی بەفر چرۆ بێنێ))، (ئەنوەر مەسیفی: ٢٠٠٥ : ٣٢)**

**- (( لە گۆرانییەکانی ئاو بگا**

**لە گۆرانیەکانی با بگا**

**ڕووبارێکی خوودار دەکشێ))،(ئەنوەر مەسیفی:٢٠٠٥: ٤٨ ).**

( مەمکی بەفر، گۆرانی ئاو، گۆرانی با، ڕووباری خوودار)، میتافۆرن.

لە هێلکارییەکـدا، دروسـتبوونی هەردوو میتـافۆری مەمکـی بەفـر، ڕووباری خوودار، دەردەخەین:

دال: بەفر/ دیاردەیەکی سروشتییە.

|

مەدلوولی یەکەم (١): بەفر وەک ژن مەمکی هەیە.

|

مەدلوولی دووەم (٢): بەفر چرۆی تازە دەربکاتەوە.

واتای ناوەکیی ⟸

هێڵکاری مێتافۆری دووەم:

دال: سیمایەکە بۆ ساردی و خاوبوونەوە و سپیایەتی.

|

مەدلوولی یەکەم (١): بەفر، سیمای (+مرۆڤ، + مەمک +پێگەیشتوو) ی وەرگرتووە.

|

مەدلوولی دووەم (٢): لە ساردی و خەمناکییەوە دووبارە وزە بە بەر ژیاندا بێتەوە.

- {ڕووبارێکی خوودار}

دال: ڕووبار/ دیاردەیەکی سروشتییە.

|

مەدلوولی یەکەم (١): ڕووبار وەک مرۆڤ خووداره.

|

مەدلوولی دووەم (٢): ڕووبار دۆخێکی نائاسایی هەیە.

واتای ناوەکی ⟸

هێڵکاری مێتافۆری دووەم:

دال: ڕووبار دۆخێکی شێتگیرانەی هەیە.

|

مەدلوولی یەکەم (١): ڕووبار، سیمای (+مرۆڤ، + نەخۆشی+ خووگرتنی ی وەرگرتووە).

|

مەدلوولی دووەم (٢): لەگەڵ بارودۆخە نالەبارەکانیشدا، ژیان هەر بەردەوامە.

( **ڕووبار + ێک + خوودار**) ئاوەڵناوێکە، مەرجی هاورێیەتی لە نێوان دیارخراو و دیارخەرەکەدا نییە.

**- ((کتێبێکی دەم بە خەندە و**
**قەڵەمێکی کەمەر باریکی**
**وەکو خۆی**
**لە جانتایەکە دەرهێنا))**، (فازیل شەورۆ:٢٠١١: ٢٨) .

شاعیر، کتێب و قەلەمی لە سیفەتی (**دەم بە خەندە**)، (**کەمەرباریکی**)، بە مرۆڤ چوواندووە.

**- ((هەور هێندە**
**چاوی کزە**
**هەرگیز بێ چاویلکەی باران**
**زەوی بۆ ناخوێندرێتەوە))، (ئارام سالْح: ٢٠١٣: ٤٩).**

( چاو)، کە سیمای گیانەوەرە، دراوە بە هەور، کە دیاردەیەکی بێگیانە.

وشەکانی( چاوی کز، چاویلکە)، لە بنچینەدا، تایبەتن بە مرۆڤ، شاعیر داویەتی بە هەور.

{**چاویلکەی باران**} لە ئاستی واتاسازیدا، هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا نییە، ناگونجێت باران چاویلکەی هەبێت، ئەم کۆپلە شیعرە بەواتای ڕاستەوخۆ، لێکدانەوەی بۆ ناکرێت، بەڵکو بە واتای میتافۆری لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

**- ((مۆمێکی پیرەمێرد**
**لەو سەری تونێڵی عومرەوە**
**ئەبینرێ و نابینرێ و ئەکوژێتەوە و**
**ناکوژێتەوە و خەونێکی ئەسوتێ و**
**ناسوتێ و پرتە پرتێ لە یاد و**
**کزە کزێ لە هیوا...))**، (شێرکۆ بێکەس: ٢٠٠٧: ٤).

(مۆمێکی پیرەمێرد)، میتافۆرێکی ناوییە، پێکهاتووە لە: (ناو + ئامرازی نەناسراوی + ئاوەڵناو)⟸ {مۆم + ێک+ پیرەمێرد}

تۆنێلی عومر: مێتافۆرێکی ناوییە، پێکهاتووە لە: (ناو + ی+ ناو) {تونێل+ ی + عومر}.

بەهۆی مێتافۆرەوە، شاعیر باس لەتەمەنی بەسەرچووی کەسێک دەکات، (پرتە پرت)، لە بنچینەدا ناوی دەنگی سروشتییە، شاعیر بۆ وەسفکردنی (یاد) بەکاری هێناوە، کزەی ئاگر، گوێزراوەتەوە بۆ کزەی هیوا.

سووتان، بۆ دیاردەی بەرجەستە بەکاردێت، نەک خەون، کە دیاردەیەکی نابەرجەستەیە.

دال: { مۆم هۆکارێکە بۆ ڕووناککردنەوە و سووتان}

|

مەدلوولی یەکەم (١): {مۆم وەک مرۆڤ وایە}

|

مەدلوولی دووەم (٢):{ مۆم وەک تەمەن، بە سوتاندنی وردە وردە کەم دەکات و ئاگرەکەی کز دەبێت}.

و اتای ناوەکیی ←

هێلکاری مێتافۆری دووەم:

دال: مۆم سیمایەکە بۆ پیبوون و سووتان و کوژانەوە.

|

مەدلوولی یەکەم (١): مۆم ، سیمای ( +مرۆڤ، + تەمەن +نێر+ پیربوون و کامڵبوون)ی وەرگرتووە.

|

مەدلوولی دووەم (٢): مۆم مێتافۆرە بۆ تەمەن و تێپەڕبوونی کات خوازراوە، سووتانی بەشێکی زۆر و مانەوەی کەمێکی، بە مرۆڤێکی بە ساڵاچووی بە تەمەن چوێنراوە.

ـ ئەگەر بڕوانینە ئەم پارچە شیعرەی خوارەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە چۆن شاعیر سیمای (چاو شین) کە هی مرۆڤە بە ئاوی داوە، وەک دڵدارێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکات:

**- ((جۆگەلە ئاوێکی چاوشین**
**بەنێو چیمەنی چەمێکی عاشق**
**بەدەم سەما و گۆرانی گوتنەوە تێدەپەڕی**
**خۆرەتاو کەوتە چاوبازی لە گەڵیدا))**، (هاوژین صلیوە:٢٠١٢ : ٣٩).

**{جۆگەلە ئاوێکی چاوشین}**: مێتافۆرە، (جۆگەلە)، سیمای[+ بێگیان]ی هەیە، شاعیر، سیمای[ + مرۆڤ]ی پێداوە، بە هۆی ئاوەڵناوی (چاوشین)ەوە، کە وەک دیارخەرێک ڕۆڵی بینیوە، هەروەها، عاشقبوون کە دیاردەیەکی ئەبستراکتە، تایبەتە بەمرۆڤ، دراوەتە پاڵ (چەم)، مێتافۆری {چەمێکی عاشق}ی دروستکردووە، (چاوبازی)، سیفەتێکە دەدرێتە پاڵ ئەو کەسانەی، کە ئەو خاسیەتەیان هەیە، لایەنێکی مەعنەوییە شاعیر لەگەڵ ( خۆرەتاو)دا بەکاری هێناوە.

- ((پەنجەکانم ڕوومەتی
سێوێکی ناسک ماچ دەکەن))، (هاوژین صلێوە: ٢٠١٣ : ٩٩).

(ڕوومەتی سێو)، مێتافۆرە، بەهۆی دیاردەی بە مرۆڤکردنەوە دروستبووە، کە شاعیر، سیمای[ + ڕوومەت]ی بە سێو داوە.

بە پێچەوانەی ئەم دۆخەوە، هەندێکجار، شاعیر، سیمای بێ گیان بە گیاندار دەدات و بەهۆیەوە مێتافۆر دروستدەکات:

دال: ڕوومەت/ ئەندامێکی مرۆڤە.

|

مەدلوولی یەکەم (١): ڕوومەت وەک سێو وایە لە ناسکی و سووریدا.

|

مەدلوولی دووەم (٢): سێوێکی ناسک، وەک کچێکی تازە پێگەیشتوو وایە.

واتای ناوەکی ←

هێڵکاری مێتافۆری دووەم:

دال: سێو سیمایەکە بۆ جوانی شیرینی.

|

مەدلوولی یەکەم (١): سێو، سیمای (+ ڕوومەت)ی وەرگرتووە.

|

مەدلوولی دووەم (٢): سێو/ میتافۆرێکە بۆ جوانی و لاوییتی.

* من بۆت ئەبم بە چارۆگە ( شێرکۆ بێکەس:٢٠٠٧: ٢٨) .

شاعیر سیمای [+ بێگیان]ی داوە بە جێناوی کەسیی، کە خۆی دەگرێتەوە، چارۆگە وشەیەکی فۆلکلۆرییە.

- جۆرێکی دیکەی میتافۆر، پێدانی ڕەگەزە، بە ئەبستراکت، دیاردەیەکی واتایی، کە خۆی ڕەگەزی نییە، بەڵام ڕەگەزی نێرو مێی پێدەدرێت:

**((جووتێ شیعری**

**نێرە و مێیەن))**، (شێرکۆ بێکەس: ٢٠١٠: ٦٦).

شیعر، کە دیاردەیەکی ئەبستراکتە، ڕەگەزی پێدراوە، سیمای[+ کوڕ(نێر)، + کچ(مێ)]ی پێدراوە.

ـ لە دروستبوونی هەندێ میتافۆردا، شاعیر سوود لە ناوی شوێن وەردەگرێت و تایبەتمەندی مرۆڤیان پێ دەدات:

**ـ ((ئەو گوندانەی شانی ساڵیان**

**داوەتە بەر قەراغی**

**مەرگی دەغل و کێڵگەکانیان**

**ئەو شارانەی قفل لە قوڕگیان دراوە**

**ئەو گەڕەکانەی دەرامەت لە ناویاندا**

**بە دار شەق هاتوچۆ ئەکات))**، ( شێرکۆ بێکەس: ١٩٨٤: ١١).

شاعیر، لەم پارچە شیعرەدا، بەهۆی بەزاندنی سیمای هاوڕێیەتی نێوان دیارخراو و دیارخەر، چەند میتافۆرێکی دروستکردووە، وەک: { شانی ساڵ، مەرگی دەغڵ، قفڵی قوڕگ}.

**{شان، مەرگ}** لە بنچینەدا، تایبەتمەندی مرۆڤن، دراوەتە پاڵ{ ساڵ، دەغڵ }، { قفڵ} سیمای دەرگایە شاعیر خستویەتییە پاڵ{ قورگ}.

لە دروستکردنی میتافۆرەکاندا، سەرکەوتووە، توانیویەتی بەراورد لە نێوان دیاردەگەلێکدا بکات، کە لە بەیەکەوەهاتنی لێکسیمدا، گونجان و هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا وێنەکانی جوان و سەرنج ڕاکێشن.

ـ ((شعرێکی گەنجی قژ کەسکم
لەگەڵ خۆیدا، هەندێ شنەی
شینی بردوو))، (شێرکۆ:٢٠٠٧: ٤٥).

لە بنەمای چەندیەتی و چۆنیەتی و دروستی لایداوە، هیچ کام لە وشەکانی( شیعر و قژ و کەسک)، بە واتای ڕاستەقینەی خۆیان نەهاتوون، (شیعر)، قژی نییە، ڕەنگی نییە، تەم و مژی واتایی تێدایە، ناتوانێ شنە لەگەڵ خۆیدا ببات.

لە دروستکردنی میتافۆرەکاندا، هەردوو دیاردەی بەکەسکردن و هەست گۆڕکێ، بەکارهاتووە بە هۆی ناوی واتایی { گەنجی}، سیمای بەکەس کردنی بە {شیعر} داوە، {قژی کەسک} میتافۆرێکە، {کەسک} وشەیەکی ناوچەییە، بە واتای لاویی و تازەپێگەیشتن دێت، لە میتافۆری {شنەی شین } دا، هەستگۆڕکێ، لە نێوان هەردوو هەستی بیستن بەرکەوتن و بینیندا ڕوویداوە.

٤ ـ بە ئاژەڵ کردن: بریتییە لە پێدانی سیمای{ + ئاژەڵ} بە{ ـ ئاژەڵ}.

**ـ ((ئەی ژنی کوردا!**
**هەتا ئێستەش**
**تۆ پەڕەسێلکەی ناو شیعری شەرمنۆکی**
**هێلانەکەت وا لەناو لۆکەی نووستندا و**
**ئاسمانەکەت بێ چەخماخەی ڕاچڵەکینە و**
**بێدەر بەستە باڵەکانت و**
**هێدی... هێدی))**، (شێرکۆ بێکەس:٢٠١٠: ٣٣).

ژن بە پەڕەسێلکە چوێنراوە، وێنە مێتافۆرەکە، بەهۆی پەڕەسێلکەوە دروستبووە، لەبەرئەوەی لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا، پەڕەسێلکە، واتای بێدەسەڵاتی و بێهێزی و بەرائەت دەگەیەنێت.

نووستن: خوازراوە بۆ بێئاگایی لە دونیای پێشکەوتندا.

باڵ: بۆ هێزو دەسەڵات

ڕاچڵەکین: بۆ راپەڕین

لە نیوە دێرێکی دیکەدا، سیمای باڵ بە ژن دەدات: بۆخۆت لەناو بێدەنگیدا ئەفڕی!

**{شیعری شەرمنۆک}**، مێتافۆرێکی ئاوەڵناوییە،{شیعر } ناوێکی واتاییە و سیمای [+ ئەبستراکت]ی هەیە، {شەرم}یش، ناوێکی واتاییە ئەم دەستەواژەیە تازەیە و شاعیر بەکاریهێناوە، پێشتر لە زماندا بەکارنەهینراوە، بەمەش شاعیر داهێنانێکی واتایی کردووە، {شەرمنۆک}، بەم جۆرە دروست بووە: (شەرم + ن + ۆک)، وشەی(شەرم)، دوو پاشگری وەرگرتووە.

لە واقیعدا، ئاوەڵناوی (شەرمن)، بۆ وەسفکردنی مرۆڤ نەک شیعر بەکاردێت.

هەروەها، لەم دێرە شیعرەی خوارەوەدا، شاعیر خۆی لە گەڵ (ماسی)دا بەراورد دەکات:

ـ (( من ماسیەکی چکۆڵەم

لە دەریای خەم و خەفەت و غوربەت دا نـاژیم))، (هاوژین صلێوە:٢٠١٣: ٦٧).

شاعیر بەهۆی بەکارهێنانی، جێناوی خۆیی (من)، سیمای [+ ئاژەڵ]ی بە خۆی داوە.

هەندێکجار، شاعیر کۆمەڵێک ئاژەڵ و باڵندە، وەک سیفەت دەداتە پاڵ دیاردەکانی دیکە و کردەی بە ئاژەڵکردن ئەنجامدەدات:

**ـ ((کاتێ پۆلە تەیری وشە**

**بەسەر تەنافی خەیاڵدا دەنیشنەوە،**

**جۆرەها ڕستەدروست دەبێ**
**ڕستەی سپی کۆتری**
**ڕستەی ڕەشی قەڵە ڕەشی**
**ڕستەی سەوزی قەزوانی**
**ڕستەی زەردی باشوکەیی))**، (هاوژین صلیوە:٢٠١٣:٧٤ )

شاعیر سیمای [+ تەیر] ی داوە بە وشە، هەروەها سوودی لە ئاوەڵناوی ڕەنگ بۆ دروستکردنی میتافۆرەکانی(ڕستەی سپی، ڕستەی ڕەش، ڕستەی سەوز، ڕستەی زەرد) وەرگرتووە.

**{تەیری وشە}**، میتافۆرە، هەریەک لە میتافۆرەکانی ڕستەی سپی، ڕستەی ڕەش، ڕستەی سەوز، ڕستەی زەرد، بەهۆی هەستگۆڕکێ، دروست بوون، شاعیر سیمای هەستی بیستنی بە هەستی بینین، ئاڵوگۆڕ کردووە.

هەندێکجار، (ژمارە) سیمای بە ئاژەڵکردنی پێدەدرێت:
ـ (( ١٦ مارە لە نیوە شەوی ئەم ڕۆژە قرچۆکە
شازدە هەوایەکی مۆدێرنیزمی شێت))، (شیرکۆ بێکەس:١٩٩١: ١٠٦).
شاعیر سیمای [+ ئاژەڵ] ی داوە بە ژمارە (١٦) کە خۆی سیمای[ـ ئاژەڵ] ی هەیە.

هەروەها، دوو میتافۆری دیکەی بەکارهێناوە، **{ڕۆژی قرچۆک}**، بەهۆی دانە پاڵی ئاوەڵناوی (قرچۆک)، بۆ (ڕۆژ)، کە لە بنچینەدا، وەسفی مرۆڤی پێدەکرێت، ئاوەڵناوی ( شێت)، دراوەتە پاڵ( مۆدێرنیزم ).

**{نیوەشەوی ڕۆژ}**، میتافۆرێکە، بەهۆی دانەپاڵی دوو سیمای دژ بەیەک و پارادۆکس دروست بووە:

دال: ڕۆژ/ دیاردەیەکی سروشتییە.
|
مەدلوولی یەکەم (١): ڕۆژ وەک مرۆڤێکی قرچۆک وایە.
|
مەدلوولی دووەم (٢): ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی ڕووناکییەکەی قرچۆکی دەکات.

**واتای ناوەکیی** ⟸

هێڵکاری مێتافۆری دووەم:

دال: رۆژ سیمایەکە بۆ ڕووناکی، کۆتایی شەوە زەنگ و هیوا و ئاوات.

|

مەدلوولی یەکەم (١) رۆژ، سیمای (+ قرچۆک) ی وەرگرتووە.

|

مەدلوولی دووەم (٢) رۆژی قرچۆک / مێتافۆرە کاتێکی نەهامەتی و ترس و تۆقان و شوومی، لە نیوەی رۆژدا، تاریکی باڵ بەسەر شاردا دەکێشێت، ژمارەی (١٦)، ڕەمزە بۆ رۆژی ئەنفالکردن.

٥ - **بە ڕووەککردن:** بریتییە، لە پێدانی سیمای [+ ڕووەک] بە [ـ ڕووەک] (دلێر سادق: ٢٠٠٩ : ٤٣)

زۆر جار شاعیر بۆدروستکردنی مێتافۆر، سوود لەو ریگایە وەردەگرێ، ئەم شێوازە لە شیعری کۆن و نویدا، بەکارهاتووە، بۆنموونە:

- ((لێوی تۆ ئاوی بەقا من خزرم

فەیزی تۆ رەحمەت و من سەوزەگیا))، (نالی: ١٣٨٨ ە: ٩٨).کانەبی

شاعیر، بەهۆی جێناوی سەربەخۆی (من)، خۆی چواندووە، بە سەوزەگیا، لادانی واتایی بە ڕووەککردنی ئەنجامداوە.

**- ((رۆژی دوایی خەیاڵ بوو بوو**
**بە ئینجانەی بەر پەنجەرەی**
**ژوورەکەم و**
**لاسکەکانی**
**دەیان شیعری**
**ڕەنگاو ڕەنگیان دەرکردبوو!))**، (شێرکۆبێکەس: ١١١:٢٠١٠).

شاعیر، سیمای ڕووەکی داوە بە خەیاڵ، لاسکی بۆ دروستکردووە، کە دەیان شیعری ڕەنگاو ڕەنگیان دەرکردووە. سیمای {+ ڕەنگ}ی بە شیعر

داوە، کە ناوێکی واتایی و دیاردەیەکی ئەبستراکتە، میتافۆری{خەیاڵ بوو بە ئینجانە} میتافۆرێکی ناوییە.

**- ((مرۆڤ درەختێکە**

**سەری پۆقژە و دەمی گوڵ**

**هەندێ گوڵی بۆندار و هەندێ گوڵی بێبۆن))**، ( هاوژین صلیوە:٢٠١٣: ٧١).

شاعیر، سیمای ڕووەکی داوە بە مرۆڤ، ئاخاوتنیش بە گوڵ، هەندێ لە وشەکانی جوان و بۆندارن، هەندێکی تریان بێ بۆنن. هەست گۆڕکێی لە نێوان هەستی بیستن و بینیندا کردووە، وشە بە گوێ دەبیسترێ نەک بە چاو.

- ((چ زوو پیرە درەختی دڵ

سەر لە نوێ گوڵی گرتەوە!)) (حەمە سەعید حەسەن:٢٠٠٤: ١٩)

شاعیر، سیمای درەختێکی پیری بە دڵ داوە، بەهۆی ئەمەش میتافۆری{ درەختی دڵ} دروستبووە.

**- ((لە باخی سنگت دوو بەیم دی کاڵ**

**تەنیا دیتنی خستمیە گڕو گاڵ..!))**

شاعیر سیمای باخی داوە بە ( سنگ)، کە خۆی لە واقیعدا، شوێنی درەخت و ڕووەکە.

**- ((من و تۆ لە کەنار زەردایی ڕووبارێک ڕووابووین.**

**تۆ گوڵێکی یاسەمەن بووی، منیش لاسک))**، ( فەرهاد پیربال:٢٠٠٧: ٧٦).

شاعیر، هەردوو جێناوی(من و تۆ )ی بە ڕووەک چووانددووە، بە بەکارهێنانی کاری (ڕووابووین)، ئەم تایبەتمەندییەی پێداوە، ئەوی کردووە بە گوڵێکی یاسەمین و خۆشی کردووە بە لاسک.

تایبەتمەندی بە ڕووەککردن، سیمایەکی ترە، کە شاعیران بۆ دروستکردنی میتافۆر سوودی لێ وەردەگرن، کە شاعیر مرۆڤ یان دیاردەکانی تر بە ڕووەک دەچوێنێت، یان سیمای ڕووەکیان پێدەبەخشێت.

٦ ـ **بە ئەبستراکتکردن**: بریتییە، لە پێدانی سیمای [+ ئەبستراکت]، بە [ نا ئەبستراکت]، ئەمەش شێوازێکی ترە، کە شاعیر بۆ دروستکردنی میتافۆر سوودی لێ وەردەگرێت:

**ـ ئەمشە و تەمومژی رقێ**

**پەردەی دڵی داگرتبووم**

شاعیر بەهۆی بەکارهێنانی وشەی (ڕق)، سیمای [+ ئەبستراکت]ی بە تەمومژ داوە، کە خۆی دیاردەیەکی نا ئەبستراکتە، بە هۆی ئەمەش گواستنەوەیەکی واتایی، لە بەکارهێنانی (تەمومژ)، لە بواری ( کەشوهەوا) بۆ بواری ( ڕق)، ئەنجام داوە، لەم پارچە شیعرەی خوارەوەدا، سیمای سەراب، کە دیاردەیەکی خەیاڵییە، دراوە بە ژن:

**ـ ((بەم چارشێوی خەزانەوە**

**ئەمە پاییزە هاتووە ؟!**

**یان ژنێکی سەراب پۆشی**

**عەشقی ناکام ؟!**))،(شێرکۆ بێکەس: ٢٠١٠ :١١٨).

شاعیر، سیمای [+ سەراب]ی داوە بە وشەی [ژن]، کە خۆی دیاردەیەکی ئەبستراکتە.

لە دونیای ڕاستەقینەدا، ژنی سەراب پۆش نییە.

٧ ـ **بە ڕەوانکردن**: بریتییە لە پێدانی سیمای [+ ڕەوان ] بەو وشانەی کە سیمای [ ـ ڕەوان] یان هەیە.

ــ ((**من دەریایەکی ئەوەندە تەماوی نیم**))، (ئەنوەر مەسیفی، ٢٠٠٥:٣٠ )

شاعیر سیمای [ + ڕەوان]ی بە من داوە بەهۆی سوود وەرگرتن لە وشەی دەریا.

ـ ((ئەو کچە تاڤگەییەی میوانم))، (فەرهاد پیربال: ٢٠٠٩ : ٥١).

{کچی تاڤگەیی} : میتافۆرە، بەهۆی پێدانی سیمای ڕەوانکردن، بە وشەی کچ، دروستبووە.

- **((وەرە بەڵێنت پێ دەدەم**
**لە چاوما جێت بۆ ڕابخەم،**
**شەوانە بۆت ببم بە مۆم،**
**لە بەر تاڤگەی شیعرا بتشۆم))**، (حەمە سەعید حەسەن:٢٠٠٤:١٥).

**{تاڤگەی شیعر}**: مێتافۆرە، بەهۆی پێدانی سیمای ڕەوانکردن، بەو شەی شیعر، کە دیاردەیەکی ئەبستراکتە، دروست بووە.

**٧ - دژواتایی یان پارادۆکس :**

بریتییە لە بەیەکەوەهاتنی دوو وشە، کە لە زمانی ئاسایدا، بە شێوەی دژ بەکاردێن(دلێر سادق کانەبی:٢٠٠٩ :٤٦).

- **((رق نەمامێکی پیرۆزە**
**هێدی هێدی گەورە دەبێ و**
**دەبێتە درەختی بەردار))**،(حەمە سەعید حەسەن: ٢٠٠٤ : ٦٩ ).

شاعیر بۆ دروستبوونی وێنە مێتافۆرییەکە، سوودی لە هەردوو دیاردەی رق و پیرۆزیی وەرگرتووە، کە پێچەوانەی یەکترین.

- **((ئەمڕۆ هەتا تامی ژاڵە**
**شیرینە وەکوو هەنگوینە!))**، (دیوانی شێرکۆ:٢٠٠٢: ٦٧ )

گوڵی ژاڵە بەوە ناسراوە، کە تاڵە، بەڵام شاعیر سیمای شیرینی پێداوە، بەهۆی ئەمەش وێ

گوڵی ژاڵە بەوە ناسراوە، کە تاڵە، بەڵام شاعیر سیمای شیرینی پێداوە، بەهۆی ئەمەش وێنەیەکی مێتافۆری دروستکردووە.

دال: گوڵی ژاڵە/ جۆرە ڕووەکێکە
|
مەدلوولی یەکەم (١): گوڵی ژاڵە وەک تاڵییەکانی ژیان وایە
|
مەدلوولی دووەم (٢): دەشێ بەدی هاتنی هیوایەک ببێتە هۆی لەبیر چوونەوەی دژوارییەکانی ژیان .

**واتای ناوەکیی**

هێڵکاری مێتافۆری دووەم:

داڵ: ژاڵە/ سیمایەکە بۆ جوانی ڕووکەش و دژواری ناوەرۆک

|

مەدلوولی یەکەم (١): مۆم ، سیمای) + شیرینی ( ی وەرگرتووە.

|

مەدلوولی دووەم (٢): ژاڵە/ مێتافۆرێکە بۆ ئەو کەسانە دەخوازرێت، کە بەدیمەنڕوخسار هەڵدەخەڵەتێن، ڕووکەش و ناوەرۆکەکەی یەکناگرێتەوە، تاڵییەکەشی بەرانبەر ئازار و دژوارییی بەکاردێت.

**ـ ((ئەو دزێوی و ناشیرینییانەی**
**لە حەلالەوە سەرچاوە دەگرن... حەڕامن**
**ئەو جوانییانەی**
**لە حەرامەوە سەرچاوە دەگرن... حەڵا لن.** ( فەرهاد پیربال:٢١٥:٢٠٠٧)

شاعیر، وێنەیەکی پارادۆکسی لەسەر بنچینەی{ حەلال و حەرام}، دروستکردووە.

ئەمانە، چەند شێوازێک بوون، کە بە کورتی لە دروستکردنی مێتافۆردا باسمان کرد، بەڵام پێویستە تێبینی ئەو خاڵەش بکەین، کە هەندێکجار شاعیر لە چەند دێرێکدا، بە شێوازێکی نا ڕاستەوخۆ وێنەی مێتافۆری بەکاردەهێنێت، واتە:

بۆی هەیە لە هەمانکاتدا، دوو یان زیاتر لەم شێوازانە و شێوازی تریش بۆ دروستبوونی وێنەی مێتافۆری بەکاربهێنێت:

ئەگر بڕوانینە ئەم دوو دێرە شیعرەی خوارەوە، شاعیر، وەنەوشە و مێلاقەی بەرانبەر بە دوو کەس بەکارهێناوە، بۆ دروستکردنی مێتافۆرەکە، سوودی لە دوو کاری گوتن و پرسیارکردن وەرگرتووە:

**ـ ((بە وەنەوشەی گوت مێلاقە جارێک**
**لە مێژە هەمە لە تۆ پرسیارێک**

**ئەتۆ کە پەلکت وا سوور و گەشە**

**دە ڕوونت بۆچی خەڵووزی ڕەشە؟))**،( هێمن: ٢٠٠٣: ٦٤).

**٣\٥ــ٢) بەشەکانی ئاخاوتن:**

ــــ بەکارهێنــانی میتــافۆر لە شــیعردا زۆر چــالاکە، ســەرەڕای ئەم شێوازانە، چەند ڕێگایەکی دیکە هەیە، کە شاعیر سوودیان لێ وەردەگرێت، بۆ دروستکردنی میتافۆر، هەروەها شاعیر سوود لە بەشەکانی ئاخاوتن وەردەگرێت، بەهۆیەوە وێنەی خواستن دەهێنێتە کایەوە لێرەدا چەند نموونەیەک دەهێنینەوە:

**٣\٥ـ٢ـ١) ناو:**

شاعیر، ناوی سادە یان داڕێژراو و لێکدراو، بە واتای ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێنێت و بەهۆیەوە میتافۆریی ناویی دروست دەکات، وەک:

ـ ((**هەموو ڕۆژێ بوومەلەرزەیەکی تازە**

**ئەیەوێ ڕەنگی وشە و ڕێگاکان بگۆڕێ))**، (دیوانی لەتیف هەڵمەت: ٢٠٠٥: ٣٢ ).

شاعیر، سیمای <+ **ڕەنگ**>ی بە وشە داوە، کە خۆی دیاردەیەکی ئەبستراکتە و ڕەنگی نییە، شاعیر میتافۆری { **ڕەنگی وشە**}ی دروستکردووە. لەم میتافۆرەدا، دەرخراو لەگەڵ دەرخەردا ناگونجێت، ئەمەش زمانی شیعرە، کە ئەم جۆرە دەربڕینانەی تێدایە.

ـ ((**ورد بڕۆ حەز ئەگری لە ناخی هەناوتا**

**لە لەشی زیوینی ناسک و پاراوتا))** (دیوانی لەتیف هەڵمەت:٢٠٠٥: ١٨ ).

زیوین: ئاوەڵناوێکە، لە بنچینەدا، بۆ وەسفکردنی هەندێ کانزا بەکاردێت، بەڵام شاعیر گواستوویەتییەوە بۆ وەسفکردنی لەشی مرۆڤ.

{ **لەشی زیوین**}: **(لەش + ی + زیوین)**، سیمای تەن دراوە بە لەش، میتافۆرێکی ناویی دروستبووە.

لە هەندێ، بەکارهێنانی شیعریدا، شاعیر لە ڕێگای دووبارەکردنەوەی وشەیەکەوە، جۆرە ئیحا و سروشکارییەک، بە دەربڕینەکە دەدات:

**ـ ((ئەی قوڵپی خوێنی هاوین و**
**پرچی شەوانی پاییز و**
**کلووی بەفری خۆشەویستی**
**گەر تۆ نەبی؟**
**ئەبێ کێ بێ ؟!**
**ژن.ژن.ژن.ژن))**، (شێرکۆ بێکەس:٢٠١٠: ١٢٦ )

**{ قوڵپی خوێنی هاوین }، {کلووی بەفری خۆشەویستی}**، { پرچی شەوانی پاییز}، سێ میتافۆرن، کە شاعیر بۆ وەسفکردنی ژن بەکاری هێناون، شاعیر چەند دیاردەیەکی نامۆی داوەتە پاڵ یەکتری و داهێنانی ئەنجام داوە، لە نێوان مەدلوولی یەکەم و مەدلوولی دووەمدا، دەتوانین ئەمە لە هێڵکارییەکدا ڕوون بکەینەوە:

دال: { خوێن/ پێکهاتەیەکی لەشی مرۆڤە}.

|

مەدلوولی یەکەم (١): {خوێن هۆکارێکە بۆ ژیان}.

|

مەدلوولی دووەم ( ٢): {خوێن وەک هاوین گەرمە و قوڵپ دەدات}.

واتای ناوەکی ⟵

هێڵکاری میتافۆری دووەم:

دال: خوێن/{ سیمایەکە بۆ ژیان و بەردەوام بوون}.

|

مەدلوولی یەکەم (١): خوێن، سیمای(+هاوین، +گەرمی)ی وەرگرتووە.

|

مەدلوولی دووەم (٢):{ قوڵپی خوێنی هاوین/ میتافۆرە، گەرم و گوڕیی و وزەی ژیان}.

دووبارەکردنەوەی وشەی (ژن)، جۆرە سروشکاریی و ئیحایەک بە شیعرەکە دەبەخشێت، ڕەهەندی دەروونی شاعیری لە پشتەوەیە.

بەهەمان شێوە ئەگەر بڕوانینە ئەم پارچە شیعرەی خوارەوە چەند جارێک کاری (هاتوون ببن)، دووبارە بۆتەوە، کە جۆرە سروشکارییەک بە خوێنەر/ گوێگر دەبەخشێت و جەختکردنەوەی تێدایە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی دەروونی شاعیرە، لەم دەربڕینە ناڕاستەوخۆ و میتافۆڕییانەدا:

**ـ ((هاتوون ببن بە چاو بۆ شەو**

**هاتوون ببن بە باڵ بۆ ئاو**

**هاتوون ببن بە دەم بۆ دار**

**هاتوون ببن بە دەست بۆ دەشت))**، (شێرکۆ بێکەس: ٢٠١٠ : ٣٥).

لە ڕووی واتایی و بەپێی بنەماکانی هاریکاری گرایس ، لە بنەمای دروستی و چۆنیەتی و چەندییەتی لایداوە، چەند وشەیەکی تێدایە، کە بۆ واتای دیکە خوازراون:

١_{چاو}، لە ڕووی واتای پەنامەکییەوە، ئەستێرەیە، بۆ ڕووناککردنەوەی شەو، بۆیە لەم سیاقەی دەربڕیندا، وشەی چاو بەواتای بنجی خۆی نەهاتووە، بەڵکو خوازراوە بۆ ڕووناکی و ڕزگاربوون و ڕێنیشاندان، {هاتوون بۆئەوەی لە دواکەوتن و زوڵم و تاریکی ڕزگارمان بکەن}، کەواتە: چاو:ئەستێرەیە.

٢_ {باڵ}، لە ڕووی واتای ناوەکییەوە، خوازراوە بۆ گڕوتین، لەبەر ئەوەی باڵ بەواتای ڕاستەوخۆ لەناو ئاودا پێویستە گڕوتینی هەبێت، تاوەکو مرۆڤ بتوانێت مەلە بکات و نەخنکێت، واتا میتافۆرییەکەی {باڵ}، لەم سیاقەی دەربڕیندا، گڕوتین بەخشینی مەعنەوییە، بۆ ڕزگاربوون و دەرچوون لە بارودۆخێکی نالەبار و ناخۆشدا{هاتوون بۆئەوەی گڕو تینێکمان پێ ببەخشن و ڕزگارمان بکەن}. کەواتە: باڵ:گڕوتینە.

٣_ {دەست}، لەم سیاقەی دەربڕیندا وەک میتافۆڕێک خوازراوە بۆ هێز و توانا و دەسەلات، لەبەرئەوە دەست سمبولی کارکردن و ماندووبوون و بژێویی و ڕەنجبەری و ئارەق کردن و خەباتی چەکداری و بەرخودانە، {هاتوون بۆئەوەی هێز و توانا و وزەمان پێببەخشن}.

٤ _ { دەم}، خوازراوە بۆ بەرگری لەخۆکردن و هێز و توانای قسەکردن و دوای ماف وەرگرتن و ڕووبەڕوو بوونەوە{هاتوون بۆئەوەی بەرگریمان لێ بکەن و مافمان وەربگرن و ڕووبەڕووی دوژمنان ببنەوە}.کەوات: دەم بەرگری لەخۆکردنە.

**ـ ((تاڵە موو**
**هێندە خەم مەخۆ،**
**کە پێش ناسینم**
**پرچی خۆت بڕی،**
**ئەی خەمشیرینم!**
**من، کە تا ئێستا**
**قەت دەربەست نەبووم**
**کورت بێ یا درێژ**
**تاڵە مووی ژینم،**
**دەپاڕێمەوە عومرم درێژ بێ،**
**بەڵکو درێژیی پرچت ببینم! ))**، (عەبدوڵلا پەشێو: ٢٠٠٢ : ٤٦٤).

**ـ{تاڵە مووی ژین}**: مێتافۆرە، خوازراوە بۆ درێژی و کورتی تەمەنی مرۆڤ، شاعیر ئەم مێتافۆرەی بۆ بارودۆخ و ڕەهەندێکی دەروونی بەکارهێناوە، {خەمشیرین}، مێتافۆرێکە، لەسەر پێوانەی{خوێنشیرین}، هەردوو دەربڕینەکە مێتافۆرن، لە (خوێنشیرین)دا، گواستنەوەی واتایی لەبواری سەرچاوە، کە تامکردنە، ڕویداوە، بۆ بواری (خوێن)، کە ناخورێتەوە و تام ناکرێت، بۆ بواری ئامانج، کە مەبەست جوانی و شیرینی وکەوتنە بەر دڵانە، بۆیە (شیرین)، بە واتای فەرهەنگیی و بنجی خۆی بەکار نەهاتووە، بەڵکو مەبەست و واتایەکی دیکە دەگەیەنێت. لە (خەمشیرین)دا، گواستنەوەی یەک ئاڕاستەیی هەیە، لە بواری سەرچاوەوە کە (تامکردن)ە، بۆ بواری ئامانج کە (خەم)ە و ئەبستڕاکتە.

**(تاڵە مووی قژ ـــــــ تاڵە مووی ژین)**.

ـ هەندێک جۆری مێتافۆر، لە شیعردا بەهۆی گواستنەوەی جلوبەرگ و ئاکارەکانی مرۆڤەوە دەبێت، بۆ دیاردەکانی سروشت ودەوروبەر، ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەین:

**ـ ((شەو رانکو چۆغەیەکی لەبەردایە**

**قۆڵی لە قۆڵی ئەو دایە))**،(دڵشاد مەریوانی، ٢٠٠٩: ٢٨٩).

**{ڕانکو چۆغە}**، **{ قۆڵ}** کە تایبەتە بە مرۆڤ، دراوەتە پاڵ**{ شەو}**، لەم ڕووەوە، شاعیر وەک مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ شەودا کردووە، تایبەتمەندییەکی نەریتی و فسیۆلۆجی پێبەخشیوە.

{مانگرتن}، دیاردەیەکە تایبەتە بە مرۆڤ، لە بارودۆخێکی تایبەتیدا، بەڵام، لەم کۆپلە شیعرەدا، شاعیر داویەتی بە ڕەشەبا ، {ژان گرتن}، بۆ وەسفکردنی گیانلەبەران بەکاردێت، نەک بروسکە، وەک لەم پارچە شیعرەدا دەبینرێت:

**ـ ((سەرم بنێرە ناو مشتی ئەم ڕەشەبا مانگرتووە**

**بەڵکو هەرچی خەمی تیایە بیتەکێنێ**

**گوێم بئاخنە ئەم برووسکە ژان گرتووە**

**بەڵکو هەرچی ناڵەی تێدایە کوت کوتی کا))**، (دڵشاد مەریوانی:٣٣٨:٢٠٠٩).

**[ڕەشەبای مانگرتوو]**، **[ بروسکەی ژان گرتوو]** دوو مێتافۆری ئاوەڵناویین، دەرخراو و دەرخەر، مەرجی هاوڕێیەتییان بەزاندووە، دەتوانین لە هێلکارییەکدا، پەیوەندی نێوان مەدلوولی یەکەم و مەدلوولی دووەمیان بدۆزینەوە:

**{ڕەشەبای مانگرتوو}**

دال: مانگرتن/ { دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە}.

|

مەدلوولی یەکەم (١): {ڕەشەبا وەک مرۆڤ مانی گرتووە}

|

مەدلوولی دووەم (٢): {ڕەشەبا بۆ دەربڕینی ناڕەزایی ماندەگرێت}.

واتای ناوەکی ⟵

هێڵکاری مێتافۆری دووەم:

دال: ڕەشەبا/ {سیمایەکە بۆ ڕامالین و تەپوتۆز و هەلکردنی با}.

|

مەدلوولی یەکەم (١): { ڕەشەبا ، سیمای(+ مرۆڤ)ی وەرگرتووە}.

|

مەدلوولی دووەم (٢): { ڕەشەبای مانگرتوو/ مێتافۆرە، بۆ مرۆڤێکی توورە و خەمناک}.

**-{ بروسکەی ژانگرتوو}:**

دال بروسکە/ دیاردەیەکی سروشتییە.

|

مەدلوولی یەکەم (١): { بروسکە وەک مرۆڤ ژانی گرتووە}.

|

مەدلوولی دووەم (٢): { بروسکە لە کاتی باراندا گرمە گرم دەکات}.

واتای ناوەکی ⟸

هێڵکاری مێتافۆری دووەم:

دال: بروسکە/ سیمایەکە بۆ باران بارین و ناڵە ناڵ و دۆخێکی نائاسایی

|

مەدلوولی یەکەم (١): { ڕەشەبا ، سیمای(+ گیانلەبەر )ی وەرگرتووە }.

|

مەدلوولی دووەم (٢): بروسکەی ژانگرتوو/ مێتافۆرە بۆ مرۆڤی نەخۆش یان غەمبار یان بارودۆخێکی خراپ.

ـ بەشەکانی ئاخاوتن لە دروستکردنی مێتافۆردا، چالاکن لە شیعریشدا، شاعیر سوودیان لێ وەردەگرێت، دەتوانین لە چەند نموونەیەکی شیعریدا ئەمە ڕوونبکەینەوە:

**٣\٥ـ٢ـ٢) کار:**

چەنــد کارێــک بە نمــوونە دەهێنیــنەوە، کە شــاعیر بە واتــای نــا ڕاستەوخۆ بۆ دروستکردنی وێنەی مێتافۆریی بەکاریاندەهێنێت:

- تیرۆرکردن

**لەسەر سوچی جادەیەکدا**

**گیتارێکم تیرۆرکرا** (شێرکۆ بێکەس:٨١: ٢٠١٠).

**{تیرۆرکردنــی گیتــار}:** مێتــافۆرە، کــردەی تیرۆرکــردن، پێویســتی بە بەرکارێکە، کە سیمای < +گیاندار>ی، هەبێت بەڵام (گیتار) وەک بەرکارێک ئەو مەرجەی بەزاندووە.

- کوژران:

(( دارستانی کافریان کوشت

کانیاوی کافریان کوشت

ئاگردانی کافریان کوشت

تەنانەت خونچەی کافر و

کارژۆڵەی سپی کافر و

کەڵەشێری کافریان کوشت،

خوێنی ڕەز و خوێنی شەرابی ناو کوپەی

عاشقان و حیکایەتی

دایکانیان کوشت!))، (شێرکۆ بێکەس: ٢٠١٣ : ٢٣٩).

{دارستانی کافر، کانیاوی کافر، ئاگردانی کافر، خونچەی کافر، کارژۆڵەی کـافر، کەڵەشـێری کـافر، خـوێنی ڕەز، خـوێنی شـەڕاب}، چەنـد دەربڕینێکـی مێتــافۆرین، کــە شــاعیر لــە بــارودۆخێکی دەروونــی تایبــەت لــە هزریــدا دروســتبووە و دەری بڕیــون، مەبەســتی بــە پێچەوانــەوە دەربڕیــوە، لــە ڕاسـتیدا، ئەمانـە کـافرنین، بـەڵکو دوژمنـی زۆردار، خـەڵکی ناوچەکـەی پـێ کــافرە و تەنانــەت داروبــەرد و کــانی و ڕەز و کارژۆڵــە و کەڵەشــێری ناوچەکەشــی پــێ کــافرە، بۆیــە زوڵــم و زۆرداریــان بەرانبــەر دەکــات و ستەمیان لێ دەکات.

هەروەها {کوشتنی دارستان، کوشتنی کانیاو، کوشتنی ئاگردان، کوشتنی کارژۆڵــە، کوشــتنی کەڵەشــێر، کوشــتنی ڕەز}، میتــافۆرن، هەریەک لە بکەرەکانیان ئەو مەرجانەیان تێدا نییە، کە کاری کوشتن و خنکان، داوای دەکەن.

**ـ ((دەبێت بە دێرە هەڵبەستێ**

**بەیانی یان رۆژ دەتنووسێ،**

**کە زەردە پەڕیش دەکەوێ،**

**شیعر کوژەکان دەتنێژن!))**،( عەبدوڵلا پەشێو:٢٠٠٢ : ٥٠).

(شیعر کوژ)/ میتافۆرە، شیعر، دیاردەیەکی ئەبستراکتە و ناکوژرێت.

- **خەوبینین:**

**ـ ((کە قەڵەم خەو ئەبینێ**

**هەمیشە خەو بە وشەوە ئەبینێ))**، (شێرکۆ بێکەس: ٢٠١٠ : ٩١).

ـ خەوبینین، بنەمای هەڵبژاردنی بکەری بەزاندووە، قەڵەم خەو نابینێت، گوێزانەوەیەکی واتایی، لە مرۆڤەوە بۆ قەڵەم ئەنجامدراوە.

**٣\٥ـ٢ـ٣) ئاوەڵناو:**

أ ـ ئاوەڵناوی چۆنیەتی:

- **ڕوو ڕەش**

**(( قەڵەم پاندانێکی ڕوو ڕەش**

**لە باخەڵی ورگنێکی چاو چڵێسی پایپ))**، (فازیل شەورۆ:٢٠١١: ٧٢ ).

**{ قەڵەم پانــدانێکی ڕووڕەش}**، میتــافۆرە، {ڕوو} تــایبەتە بە مــرۆڤ دراوەتە پاڵ { پاندان }، ڕووڕەش، ئیدیۆمە، بەرانبەر بە مرۆڤی ناپەسەند لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەکاردەهێندرێت.

ـ ئەگەر بڕوانینە، ئیدیۆمی (ڕوو ڕەش)، تێبینی ئەوە دەکەین، کە شاعیر، سودی لەم دەربڕینە ئیدیۆمییە وەرگرتووە و دووبارە وەک بیرۆکەیەکی نوێ لە شیعردا، بەکاری هێناوەتەوە.

ئەگەر سەیری ئەم پارچە شیعرەی خوارەوە بکەین، چەند ئاوەڵناوێکی تێدا بەکارهاتووە:

- **شوڤڵێکی دڕی زاڵم**
**بەیانییەک،**
**بەچەپ و ڕاست،**
**کەوتە گیانی گەڕەکێکی ڕەق هەڵاتوو،**
**کاتی شیوان،**
**کە دیواری شانخزاو و**
**دەروازەی لەیەکترازاو**
**هاتنەوە هۆش**
**سەرنجیان دا:**
**گەڕەکەکەی جاری جاران**
**ئێستا بۆتە چوار گۆرستان** (فازیل شەوڕۆ: ٢٠١١: ٧١).

شاعیر، بە سوود وەرگرتن، لە تایبەتمەندی بە مرۆڤکردن، چەند وێنەیەکی میتافۆری دروستکردوو، وەک (**شوڤڵێکی دڕی زاڵم گەڕکێکی ڕەق هەڵاتوو، دیواری شانخزاو**).

زاڵم، لە بنچینەدا، هێمایەکە تایبەتە بە مرۆڤێک کە یاساکان پەیڕەو نەکات و زۆردار بێت، شۆڤڵ، ئامێرێکی کارکردنە، شۆڤڵێکی زاڵم میتۆنۆمییە، بۆ ئەو کەسەی کە شۆڤڵەکە لێدەخوڕێت، نەک شۆڤڵەکە خۆی دەگەڕێتەوە، ڕەق هەڵاتوو، ئیدیۆمێکە بۆ وەسفکردنی مرۆڤی هەژارو لاواز و بێ دەسەڵات یان زوڵم لێکراو بەکاردێت، لە دۆخی خستنە پاڵدا، دراوەتە پاڵ گەڕەک، کە هاوڕێیەتی لە گەڵیدا نییە. شان تایبەتمەندییەکی فسیۆلۆژی مرۆڤە، بۆ دیوار گوێزراوەتەوە، بەهۆیەوە میتافۆرێکی ئاوەڵناویی دروستبووە، شاعیر لە هەڵبژاردنی وێنە و دەستەواژە میتافۆرییەکاندا، سەرکەوتووە، دۆخێکی نالەباری ڕژێمی بەعس باس دەکات، کە چۆن بە شێوازێکی دڕندانە هێرشیان دەکردە سەر خەڵکی هەژارو بێ تاوان.

- **دڵنەرم، دڵگەرم:**
**بووکە بەفرێکی دڵنەرم!**
**لەم دیو شوشەی پەنجەرەکە؛**

**بەهارێکی سەوز سەوز،**

**شۆخە گوڵێکی دڵگەرم!** (فازیل شەوڕۆ:٣٥:٢٠١١ ).

**{بووکە بەفرێکی دڵنەرم}/** میتافۆرێکی ئاوەڵناوییە، دیارخرا و دیارخەر یەکناگرنەوە، دڵنەرم/ خۆی میتافۆرێکە بۆ وەسفکردنی مرۆڤی باش و بەزەیی بەکاردێت، پێکهاتەیەکی ئیدیۆمی(**دڵنەرم**) دراوەتە پاڵ (**بووکە بەفر** )، کە خۆی بە واتا بایۆلۆجییەکەی لە ڕاستیدا دڵی نییە، تاوەکو نەرم بێت.

**{شۆخە گوڵێکی دڵگەرم}/** میتافۆرێکی ئاوەڵناوییە، بە لێکدانی دوو میتافۆر دروستبووە، دەستەواژەی یەکەم (**شۆخە گوڵ**)، ڕیزبوونی کەرەسەکانی بەم جۆرەیە: شۆخ + ە + گوڵ.

**گوڵ**/ میتافۆرە بۆ کچێکی جوانی شۆخ خواستراوە.

**دڵگەرم**/ پێکهاتەیەکی میتافۆرییە، بۆ وەسفکردنی کەسێکی تازەپێگەیشتوو، یان غەمبار بەکاردێت، ئیدیۆمێکە و لە زمانی کوردیدا، قاڵبێکی وەرگرتووە.

- **دڵدار:**

**چەند داربەڕوویەکی دڵدار**

**دەسلەملانی یەکتر بوون و**

**پرچی سەوزی خۆیان**

**دایە بەر بارانی ماچی فێنکی هەتاو**(لەتیف هەڵمەت:٤١١:٢٠٠٥)

**{داربەڕووی دڵدار، پرچی سەوز}**، دوو میتافۆری ئاوەڵناوین، بواری سەرچاوە، دڵی مرۆڤە، کە دڵداری دەکات، بواری ئامانج، خۆشویستنی ژینگەیە و (داربەڕوو)، سیمای خۆڕاگرییە.

- **تووڕە:**

**((دێزە مەقەستێکی توڕە،**

**تابلۆیەکی شۆخ و شەنگی**

**کردە چوار لەت،))**، (فازیل ششەوڕۆ: ٢٠١١ : ٧٠).

**{مەقەستی توڕە}**: میتافۆرە، دیارخراو لە گەڵ دیارخەردا، یەکناگرنەوە و هاوڕێیەتییان نییە.

- **کوێری:**

**((ئەستێرە کوێرەکان هەمیشە خۆیان مات ئەدەن**
**چـــاوەڕێی ڕێبـــوارێکی مانـــدوو ئەکەن))** ( دیـــوانی لەتیـــف هەڵمەت:٢٠٠٥:٣١)

**{ ئەستێرەی کوێر}**: مێتافۆرە.

ئەستێرە بەوە ناسراوە، کە سیمای ڕووناکی نەک تاریکی هەیە.

ـــ (قـــووڵ)، کە ئاوەڵنـــاوێکە، وەســـفی دیـــاردەی بەرجەســـتە دەکـــات، هەندێکجار شاعیر بۆ وەسفکردنی شتی دیکەش بەکاریدەهێنێت:

- قووڵ: **لەناو کورسیەکی قوڵدام**

**لەناو وڵاتێکی قوڵدام**
**لەناو خەیاڵێکی قوڵدام** (شێرکۆ بێکەس: ٢٠٠٢: ٩٢ ).

ـ ئاوەڵنـاوی (قـوڵ)، وەک فرەواتـا، سـێ بـەکارهێنانی هەیـە (کورسـیەکی قوڵ، وڵاتێکی قوڵ، خەیاڵێکی قوڵ)، کە بواری واتایی هەریەکێکیان جیاوازە، قـوڵی کورسـی، جیـاوازە لـە قـوڵی وڵات، قـوڵی وڵاتـیش جیـاوازە لـە قـوڵی خەیاڵ.

- **تامکردن:**

**لەناو لافاوی هەورە سوێرەکانا**
**لە پێناو ئەو ئەندێشانەدا کە لە دەرگای**
**وشە و گۆرانیدا سەرەتاتکێ یانە**
**بۆ ئەوەی ئەو ئاوێنەیە تەڵخ نەبێ و کەڕو هەڵنەهێنێ (دیوانی لەتیف هەڵمەت:٢٠٠٥: ٣١).**

**{هەوری سوێر}**، مێتافۆرێکی ئاوەڵناوییە، لە دۆخی خستنە پاڵدایە، واتای دەســـتەواژەکە لە ڕیزبـــوونی ڕستەســـازییانەی کەرەســـتەکانەوە دەســـت ناکەوێـــت، دیـــارخراو و دیـــارخەر، یەکنـــاگرنەوە و هاوڕێیەتییـــان نییە.لەبەرئـەوەی ئاوەڵنـاوی (**سـوێر**)، بە واتـای فەرهەنگی بـۆ وەسـفکردنی خـواردن، نـەک (**هەور**) بەکاردێت، { دەرگـای وشـە و گـۆرانی}، مێتـافۆڕێکی ناوییە.

- **تاڵ:**

**ئەو ساڵ جێژنەمان تاڵە**

**دوژمنی زاڵم زاڵە**

ئاوەڵناوی (**تاڵ**)، کە سیمای تامکردنی هەیە، شاعیر بۆ وەسفکردنی (**جەژن**) بەکاریهێناوە، کە خۆی دیاردەیەکی ئەبستراکتە ، تاڵ، بۆ وەسفکردنی بارودۆخێکی نالەبار بەکارهاتووە، {جێژنەی تاڵ}، میتافۆرێکی ئاوەڵناوییە.

ئاوەڵناوی تایبەت بە ڕەنگ چالاکییەکی بەرچاوی لە دەربڕینە میتافۆرییەکاندا هەیە، چەندین، نموونە لەبارەی سیفەتی ڕەنگەوە دەهێنینەوە:

- **ئاوەڵناوی تایبەت بە ڕەنگ:**

هەندێک جار شاعیر، وێنەی میتافۆریی دروست دەکات، بەهۆی ئەوەی ئاوەڵناوی تایبەت بە ڕەنگ دەداتە پاڵ ئەو شتانەی، کە خۆیان ڕەنگیان نییە:

- **زەرد زەرد وەرە**

**باوەشێکی ئاڵم پیابکە**

**شین شین دێم و**

**شیعری خۆمت تیا سەوز ئەکەم** (شێرکۆ بێکەس:٢٠٠١: ١٣٠ ).

**لەم کۆپلە شیعرەدا، چەند ئاوەڵناوێکی تایبەت بە ڕەنگ هەیە، وەک:** **{زەرد زەرد وەرە}، {باوەشێکی ئاڵ}، {شین شین دێم}، {شیعری خۆمت تیا سەوز دەکەم}**. شاعیر لە بارودۆخێکی دەروونی تایبەتدا، ئەم دەربڕینە میتافۆرییانەی بە هزر و خەیاڵدا هاتووە، توانای هزریی و توانا زمانیی خۆی تێکەڵ بە یەکدی کردووە، بۆ بەرهەمهێنانی ئەم دەربڕینە میتافۆرییانە.

هاتن و باوەش، ڕەنگیان نییە، کە شاعیر ڕەنگی زەرد و ئاڵی داوەتە پاڵیان، شیعر، وەک ڕووەک سەیری کراوە، کە خۆی دیاردەیەکی

ئەبستراکتە، شاعیر توانایەکی بەرزی لە گواستنەوەی بوارە واتاییەکان و هەستگۆڕکێ و بیرە میتافۆڕییەکاندا نواندووە.

ـ لە پارچە شیعرێکی تردا، ڕەنگی سپی دراوەتە پاڵ، چەند شتێک:

- **هەموو شتێ سپی**

**فڕینی سپی.. سەرنجی سپی**

**ئاکاری سپی، پەیڤینی سپی**

**سەرو ریشی سپی و خۆشەویستی سپی و**

**هەر مەرگ ڕەش......** (شێرکۆ بێکەس:٢٠٠٤: ١٢٠).

شاعیر، بەهۆی بەکارهێنانی هەردوو ڕەنگی ( سپی و ڕەش)، کۆمەڵێک میتافۆری بەکارهێناوە. ڕەنگ پەیوەندی بە هەموو شت و دیاردەکانی دەور و بەرەوە هەیە، لە جیهانی شیعردا، دەتوانین ڕەنگ بە شتێک بدەین، کە هی خۆی نییە، وەک دیارخەریک بەکاری بهێنین، جیهانی ڕەمزیی، جیهانێکی سەرنج راکێشە، کە تێیدا، دەکرێت (( خۆری ڕەش))، (( یەکێتی شین))، ((فڕینی سپی))، ((مەرگی ڕەش))، ((درۆی سپی))، دەربڕینیان هەبێت. بەمجۆرە، چەندین وێنەی نامۆ دروست دەبێت، کە وێنەی تازە دەخوڵقێنن. شیعر بە زمانی حەرفی قسە ناکات، خۆر لە ڕاستیدا ڕەش نییە، یەکێتی شین نییە، ، شاعیر بە ڕاستەوخۆیی ئەو شتانە دەرنابڕێت، کە دەیانڵێت و بە ناوی خۆی ناویان ناهێنێت.

میتافۆر و لادانی واتا، گۆڕانی سیستەمە بۆ وێنە، جۆرە ململانێیەکە، لە نێوان پێکهاتەی ڕێزمانی و وێنای ئەبستراکتدا ڕوودەدات. دەقی شیعریی، بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی سیستەمی رێزماندا دەڕوات.

بە پێی دەربڕینی ڤالێری، شیعر ((زمانە لە ناو زماندا )) سیستەمێکی زمانی نوێیە، لە سەر بنەمای سیستەمی کۆنی زمان، بونیاتدەنرێتەوە.

**٣\٦) مەبەستەکانی میتافۆر لە شیعردا:**

شاعیر، میتافۆر بۆ زۆر مەبەست بەکاردەهێنێت، بە کورتی هەندێکیان دەخەینە ڕوو، دوو ئاست لە میتافۆردا دیاریدەکرێت، ئاستی وشەی سەنتەر و ئاستی چوارچێوە، لێرەدا وشە دەستبەرداری هەندێک لە

تایبەتمەندییەکانی دەبێت، بۆئەوەی تایبەتمەندی دیکە وەربگرێت، کاتێک دەڵێین:( **چرۆ ئاسکە**)، ئەوا ئاسک بەشێک لە تایبەتمەندییە ئاژەڵییەکەی دەبەخشێت و تایبەتمەندیی مرۆڤ بە دەست دەهێنێت، چرۆش بە پێچەوانەوە سیمای ئاژەڵی بۆ زیاد دەبێت، بەمشێوەیە لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازییەکانی نێوانیان کارلێک دەکەن و دەچنە قۆناغی یەکبوونەوە، بەمشێوەیە کاتێک شاعیر میتافۆرێک بەکاردەهێنێت، لەنێوان دوو بیرۆکە یان زیاتردا دەبێت، کە لە هەمان کاتدا پەیوەستن بە دەربڕینێکەوە.

١ ـ **دەربڕینی خەم و پەژارە**، کاکەی فەلاح دەڵێت:

**ئەی دڵ وەکو من بناڵە**

**بگری بۆ ئەو چوار مناڵە** ( عەزیز گەردی، ١٩٧٩: ٤٧).

چوار مناڵ: میتافۆرە، مەبەست هەر چوار پارچەکەی کوردستانە.

٢ ـ **دڵدانەوە:** شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

مەگری ڕەنگە بچکۆڵەکە

ڕەنگی ئاڵی ناو بەیانی (شێرکۆ بێکەس: ٢٠٠١:٦٤ ـ ٦٥).

شاعیر، بۆ دروستکردنی میتافۆرەکە، لە ڕێگای بەکەس کردنەوە، سیمای [+ مرۆڤ] ی بە ڕەنگ داوە، کاری داخوازی (مەگری) داواتە پاڵ و وەک منداڵێکی بچووک قسەی لەگەڵدا دەات و شێوازەکەی فەرمان و داخوازییە، بەڵام مەبەستی سەرەکی قسەکەر (شاعیر) دڵدانەوەیە.

٣ ـ **جوانی و خۆشەویستی:** گۆران دەڵێت:

گوڵە بە ڕۆژەی قژ زەردی چاو کاڵ

مل کەچ وەستابوو:سەرگەرمی خەیاڵ! (گۆران:١٩٨٢: ١٣٧).

شاعیر، لەسەر بنەمای بە کەس کردندا، بە نا ڕاستەوخۆیی گوڵەبەرۆژە بە کچێک دەچوێنێت، کە سەرگەرمی خەیاڵە، سوودی لە سووڕانی گوڵە بەرۆژە، لەگەڵ تیشکی خۆردا وەرگرتووە بۆ دروستبوونی وێنەکە.

٤ ـ **پێدانی هەواڵ:** شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

بوو بە یانزە

گرمەیەک و دووان و سیان

دووکەڵێک وەکو دڵی کوڕی ((عۆجە))
هەوا مردوو
ئاسمان مردوو
بەهار مردوو
دایکە و باوکە و زەرنەقووتە
لە یانزەدا
لە ژێر بنمیچی ژوورێکی بێ هەناوی هەڵەبجەدا
بوون بەسێ بەردە پەیکەری
باوەش کردوو بە یەکتردا( شێرکۆ: ٢٠٠٨: ٥٢٩ ـ ٥٣٠).

شاعیر، لەم شێوازی هەواڵگەیاندنەدا، چەند میتافۆرێکی بەکارهێناوە، {هەوای مردوو}، {ئاسمانی مردوو}، {بەهاری مردوو}، {کوڕی عۆجە، ئاماژەیە بە ((صدام))}، هەروەها، سیمای مرۆڤی بە ژوور داوە، لە دەستەواژەی (ژووری بێ هەناو) دا، {زەرنەقووتە}، وەک میتافۆرێک، بەرانبەر بە منداڵی ساوا بەکارهاتووە.

٥ ـ **سەر کۆنە:** هێمن دەڵێت:

**کوردە ئەی کوردی لە خۆشی بێ بەش!**
**بەس نییە کۆیلەتی دێوەزمەی ڕەش؟**
**باژوێ ئەسپی هەوەسی خۆی هەروا**
**بتگری بتکوژی وا بێ پەروا؟** (هێمن:٢٠٠٣:١٤٦).

{دێوەزمەی ڕەش} میتافۆرە، بەرانبەر بە دوژمن بەکارهاتووە.

٦ ـ **یادەوەری:** پیرەمێرد دەڵێت:

**دارو گیاو گیاندار پڕ نەشئە و دڵخۆش**
**من و وەنەوشە مل کەچ و شین پۆش**
**ئەو پابەندی خاک کۆنە هەواران**
**من دڵبەندی خاک مەزاری یاران** (کامل حسن:١٩٨١: ١٠٧)

بۆ بەدەستهێنانی شێوازی یادگارییەکە، شاعیر سیمای مرۆڤی بە گوڵی وەنەوشە داوە، وەک میتافۆرێک بەکاریهێناوە.

هەروەها زۆر مەبستی دیکە هەیە، کە شاعیر بە هۆی میتافۆرەوە، بە زمانی شیعر دەریاندەبڕیت و بەهۆیانەوە، هەست و سۆز و هەڵچوون و باری دەروونی خۆی بە گوێگر ڕادەگەیەنێت، ئەم مەبەستانە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، بەهەمان شێوەی زمانی شیعر، بە شێوازی جۆراوجۆر، دەربڕینیان بۆ دەکرێت، بەڵام شاعیر لە قاڵبی شێوازێکی هونەریدا، دێت، وشەیەکی ئاسایی وەک میتافۆر بەکاردەهێنێت و واتایەکی دیکەی پێدەبەخشێت، بەمەش واتای دووەم دەچێتە سەر واتای وشە فەرهەنگییەکە و زمان بە پێزترو دەوڵەمەند تر دەکات. بۆنموونە، قسەکەری کورد بە واتای فەرهەنگیی ئاشنای وشەی دڵە، کە ئەندامێکی گرینگی لەشی مرۆڤە، بەڵام شاعیران چەندین وێنەی میتافۆریان پێداوە، بێکەس دەڵێت:

**(دڵ)یٚ لە خۆیادایم تەڕ نەبیٚ**

**سەرخۆشی بادەی ڕووی دولبەر نەبیٚ**

**مەفتوونی باڵای قەد عەرعەر نەبی**

**بە جامیٚ شەڕاب کەیل و مەست نەبیٚ**

**یاخوا ئەم دڵە دایم پەستی کەی (کامل حسن: ١٩٨١ :١٠٩).**

بێکەس، وشەی دڵ، وەک میتۆنیمییەک، بەرانبە بە کەسەکە خۆی بەکاردەهێنێت، واتە پەیوەندی بەش بە گشت، سیمای سەرخۆشی و دڵداری و مەفتوونی پیٚ دەبەخشێت ، ئەم جۆرەی میتافۆر، کە لەسەر بنەمای بەشێک لە گشت دروست دەبێت، وەک دیاریکردنی (دڵ)، کە بەشێکە لە لەشی مرۆڤ، لە ڕووی دەربڕینەوە وەک جۆرەکانی دیکەی میتافۆر، کە کار لە گەڵ بکەر یان بەرکارەکەی مەرجی هەڵبژاردن دەبەزێنێت، یان ئەو جۆرەی بەهۆی دۆخی خستنە پاڵەوە دروست دەبێت بەهێز نییە.

- **ئەسیری کەزیەتە کۆتری دڵی من**

**دەبیٚ حاڵی چ بیٚ کۆتر لە تۆڕا ؟**( هێمن:٢٠٠٣:١١١).

**{کۆتری دڵ}**: میتافۆرە

دڵ، وەک کۆترێک وایە، کە کەوتۆتە داوی قژی یارەوە و هەڵبەز و دابەزین دەکات، بۆ ئەوەی لەم تۆڕە ڕزگاری بێت.

حەریق، بە واتایەکی خوازەیی وشەی دڵ بەکاردەهێنێت:

- **لەشکری ئاهم لەگەڵ جەیشی حەبەشی دەعوا ئەکا**

**حیرەتم ماوە کە چۆن ئەم دڵبەرە (دڵ)می ڕفاند(کامل حەسەن: ١٩٨١:١٠٩ ).**

لە واقیعدا، مرۆڤ بێ دڵ ناتوانێت بژیێت، بەڵام شاعیر وەسفی دۆخێکی وا دەکات، کە یارەکەی دڵی ئەوی بردووە و ئێستا بێ دڵ دەژی، کە ئەمەش تەنیا لەگەڵ میتافۆردا دەگونجێت، نەک باری ڕاستەقینە ، وشەی دڵبەریش میتافۆرە، کە بەواتای کەسێک دێت، دڵی خەڵکی ببات، کە ئەمەش لە واقیعدا نییە. پەیامی شیعر گۆڕانە لە زمان و دواتریش گۆڕان لە بیردا.

لە کۆتاییدا، بۆمان دەردەکەوێت، کە میتافۆر لە بنەڕەتدا، لەسەر کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەریدا بەندە، هەروەها بە بارودۆخە کلتووری و ئایدۆلۆژیی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤەوە پەیوەستە، ئامانجمان دەرخستنی ئەو میتافۆرانە بوو، کە شاعیران وەک ئەزمونێکی کارلێکی بەکاریانهێناون و پەیوەستن بە ئەزمونە فیزیکی و جەستەییەکانەوە، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەو حاڵەتەی کە میکانیزمەکانی میتافۆر، چۆن مەبەستەکانی شاعیر دەردەخات و میتافۆر یەکێکە لە کۆڵەگە گرنگەکانی گوتاری شیعریی، میتافۆرەکانی نێو شیعر کاریگەرییەکی گرنگ لە هزری تاکی کورددا بەجێدەهێڵن.

**٣\٧) ناونیشانی چیرۆک:**


ناونیشان: ناونانی دەقە، بە وشە یان ڕستەیان دەستەواژەیەک، دواتر پێوەی دەلکێت و دەقەکەی پێ دەناسرێتەوە، لە هەمان کاتدا وەک ئاماژەیەک وایە، دەتوانین بەهۆیەوە بە شوێن ڕاستی ئەو دەقەدا بگەڕێین، کە ئاخاوتنی لە بارەوە دەکەین.

ناونیشان، وروژێنەرێکی دەنگی یان نووسراوە، کە دەق ناوبانگی پێ دەردەکات، جا چ ئەو دەقە (تابلۆ یان چیرۆک یان ڕۆمان یان شیعر یان شانۆ... هتد) بێت.

ناونیشـان، تەنیـا ناوێـک نییە، بـۆ دیـاریکردنی ئەرشـیفی هـزر، یـان بـۆ دەرکەوتنی دەقەکە و یان بۆ یادەوەری، بەڵکو ناونیشـان پەیوەندییەکی بە تینی بە دەقەوە هەیە.

چیرۆک ناونیشـانێکی هەیە، کە پێی دەناسـرێتەوە، نووسـراو یـان وتـراو بێت، کە وەک ناسنامەیەک وایە، لە ڕووی وشەسازییەوە، زاراوەکە، لە دوو بەش پێکدێت: نـاو، کە هێمـایەکە بـۆ ناسـینەوە و هەڵبـژاردن، ((نیشـان)) کە واتــای دەرکەوتــن، مــۆر، شــوێنەواریش دەدات.هەردوو بەشــەکە واتــاکە تەواودەکەن.

ناونیشان وەک پێدانی هەواڵێکی کورتە لە بارەی دەقەوە، پێکهاتووە لە (پەیامێک ((Massage))، کە نێرەر (( Adress)) دەینێرێت بۆ وەرگر، پەیــام (کــردەیە)، هەریەک لە ناونیشــان و کــردەکە نێــراو و تەواوکەر و سەربەخۆن و (یەکێکیان ئەوی تر تەواو دەکات: ) محمد فکری:١٩٩٨: ١٦ ).




ناونیشــان، بەچەقــی چــوونە ژوورەوەی دەق دادەنــدرێت، زانیــاری ســەرەکی لەبــارەی دەقەکەوە پێشــکەش دەکــات، بیــری ســەرەکی دەقەکە هەڵـدەگرێت، لە هەمـان کاتـدا وەک باکگراونـدێک وایە بـۆ گەڕانەوەی دەق، هەڵوەشــاندنەوەی شفرەکان.ناونیشــان لە یەککاتـدا، وەرگـر بـۆ دوو لایەن ڕێنوێنی دەکات: یەکەمیان پەیوەندی بە ناوەوەی دەقەکەوە هەیە، دووەمیان پەیوەندی بە دەرەوەی دەقەوە هەیە.

ـ بە پێی شێوازی نوسینی نووسەر دوو ئاستی واتـایی لە ناونیشـانە دەقدا جیادەکرێتەوە:

**یەکەم/ ئاستی سیمانتیک**

کەرەستەی زمانی لە ناونیشانە دەقی سیمانتیکدا بە پێی توانسـتی زمـان بە شـێوەی فرێـز، ڕسـتە، ڕیزبەنـد دەکرێـت، واتـاکەی بەهـۆی نـاوەرۆکی

هێمای فەرهەنگیی یان دەوروبەری زمانیی دەقەکەوە دەستنیشاندەکرێت، بەمەش لە ئاستی پراگماتیک جیادەکرێتەوە، کە لە بە دیکۆدکردنیدا پشت بە دەوروبەری دەرەکی نابەستێت.

**دووەم: ئاستی پراگماتیک**

بەستنەوەی ناونیشانە دەق بە دەرەوەی دەق، واتای گونجاو بە دەق دەبەخشێت، خوێنەر بەبێ پشتبەستن بە دەوروبەری دەرەکییەوە، ناتوانێت پەی بە مەبەستی نووسەر بەرێت. لە سەر ئاستی پراگماتیکدا چەند جۆرێک لە ناونیشانە دەق جیادەبێتەوە: (دەقی میتافۆری، دەقی ئیدیۆمی، بە خشکەیی دەربڕین، دەقی پێشەکی شاراوە، ناونیشانە دەقی کردەی قسەیی نا ڕاستەوخۆ).

لەم پارەی لێکۆڵینەوەکەماندا، چەند نموونەیەک لە ناونیشانە دەقی میتافۆری چیرۆک و وتاری رۆژنامەدا دەهێنینەوە، لە بەرئەوەی بەکارهێنانە میتافۆرییەکان، لەم دووبوارەدا چالاکن و ڕۆڵیان لە لەدایکبوونی واتاو چەمکی نوێدا هەیە، لە فەرهەنگی زماندا، بەشێوەیەکی گشتی، لە گوتاردا وشە بە واتای ڕاستەقینەی خۆی بەکارنایەت، بەڵکو نوسەر و بەرهەمهێنی گوتار، وشەی خوازراو بەکاردەهێنن، بۆ لێکدانەوەی میتافۆریش پێویستە وەرگر خاوەن توانستێکی زمایینی باش بێت، کاتێک میتافۆر بەکاردێت، دەتوانرێت سود لە بنەمای پەیوەندی کەسی و گفتوگۆ وەربگیرێت بۆ نمونە لە دەربڕینی ئاڕاستەی بەرهەمهێنانی گوتاردا دەتوانرێت سود لە کردە زمانییەکانی فەرماندان، بانگکردن، جەختکردنەوە و میتافۆرە ناوییەکان و ئاوەڵناوییەکان و کارییەکان، وەربگیرێت.

أ ـ میتافۆری ناویی:

- **{ خەونی جاڵجاڵۆکەکان و ژنێکی منگن}**

ئەم دەقە، ناونیشانی دوو نۆڤلێتی شێرزاد حەسەنە ریزبەندی هەردوو فۆرمە وشەی < خەون، جاڵجاڵۆکە > لەسەر ئاستی جێنشینی نەگونجاوە و لێکدانەوەی سیمانتیکیانەی دەق نادروست دەبێت، بەڵام پەیوەستکردنی بە دەوروبەری دەرەکییەوە، مەبەستی نووسەر دەخاتە ڕوو:

- **{ سەگوەڕ}**

ناونیشانی رۆمانێکی موکڕییە، پەیوەندییە واتاییەکانی ڕیزبەندی هەردوو فۆرمە وشەی < سەگ، وەڕ> لەسەر ئاستی ستوونی بە واتای وەڕینی سەگ دێت، کە جۆرە ئاژەڵێکە و خاوەنی چەند سیمایەکی واتایی وەک: < + گیانلەبەر، + چوارپێ، + گۆشتخۆر + حەپین > ە، بەڵام پەیوەستکردنی بە دەوروبەری دەرەکییەوە، مەبەستی نووسەر لە بەکارهێنانی ئەم گیانلەبەرەدا، چەند تایبەتمەندییەکی سلبییە، بەو پێیەی(سەگ)، لە کلتوری کوردەواریدا، چەند سیمایەکی لاوەکی وەک لە خۆڕا حەپین و بەڕەڵایی و گازگرتن و هۆکاری نەخۆشی وەک (هاریی)، وەرگرتووە، نوسەر بە مەبەست ئەم ئاژەڵەی وەک میتافۆر بەکارهێناوە و بە مرۆڤ چوێنراوە، لەسەر بنەمای لێکچوونەکە، میتافۆرەکە دروستبووە، هەروەک تایبەتمەندی ناوکۆیی لە{ خراپ }یدا بەرجەستەدەبێت، بەو واتایەی نوسەر دەیەوێت ، ئەو واتا نەرێنییانەی مرۆڤ بەرباس بخات کە لە سەگ دەچێت بەڵام لە خەسڵەتەکانی دیکەدا دژ ئاراستەی یەکترن، چوونکە هەریەک لە دوو وشەکە سەر بە دوو کێڵگەی واتایی جیاوازن.

میتافۆری >سەگوەڕ< لە جۆری میتافۆری ناوییە، ناوی کارایە، بەم جۆرە دروستبووە:(سەگ + وەڕ)ڕەگی کار، کە بەگەڕانەوە بۆ ئاستی قووڵ دەقەکە دەبێت بە > سەگ و ئەم جۆرە مرۆڤانەی کە لە خراپیدا لە یەک دەچن < لە بەرئەوەی لێکدانەوەی ڕووکەشی ناونیشانە دەق بە فەرامۆشکردنی ئاستی قووڵ دەقەکە کەمبەها و نادروست دەکات، بەڵام بە لادان لە هەندێ سیمای سەرەکی وشەی (سەگ)، بە خشکەیی دەربڕینی میتافۆرییەکە دێتە بەرهەم، کە لەگەڵ ئاستی قووڵی دروستە زمانییەکەدا هاوتا دەبن. بواری سەرچاوە(سەگ)ە، بواری ئامانج تایبەتمەندی خراپی مرۆڤەکانە.

**ب ـ میتافۆریی ئاوەڵناویی:**

- **{ سەبری ئاگرین}**

ناونیشانی ڕۆمانێکی ئانتۆنیۆ سکارمیتایە، ئەبوبەکر خۆشناو وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بەیەکەوە هاتنی هەردوو وشەی < سەبر، ئاگرین >، لە ئاستی واتاییدا نەگونجاوە، { ئاگرین }، ناوێکی واتاییە لە وشەی(ئاگر) و پاشگری (ین)، پێکهاتووە. بۆ وەسفکردنی ناوێکی بەرجەستە بەکاردێت، کە چەند سیمایەکی دۆخی ئاگری تێدا بێت، وشەی(سەبر)، وشەیەکی وەرگیراوە لە زمانی عەرەبییەوە، لە کوردیدا بە واتای(ئارامگرتن) دێت،{سەبری ئاگرین} ناوێکی واتاییە، کە پێویستی بە سووربوون و خۆڕاگرییەکی زۆر هەیە، بەهەمان شێوەی ئەو مادەیەی کە تایبەتمەندی ئاوەڵناوی ئاگرین وەردەگرێت، پێویستی بە ماوە و توانای خۆڕاگرتن هەیە، لە سەر بنەمای ئەم وێنە ڕەمزییە، مێتافۆرەکە دروستبووە، بە گەڕانەوە بۆ ئاستی قوول، دەقەکە دەبێت بە < سەبرو مادەی ئاگرین، لە خۆڕاگریدا لە یەکدەچن >.

- **{ خەونەکانی دێڵە گورگ}**

ناونیشانی ڕۆمانێکی جەنگیز ئایتماتۆڤە، جەوهەر کرمانج لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، خەون، دۆخێکی فیزیکی تایبەت بە مرۆڤە، دراوەتە پاڵ{ دێڵە گورگ}، وشەی (دێڵە)، لە بنەڕەتدا تایبەتە بە ڕەگەزی مێینەی(سەگ)، بەڵام لە کلتووری کوردیدا، ئەم وشەیە بە واتای‌نەرێنی وەک مێتافۆر بۆ ڕەگەزی مێینەی مرۆڤیش بەکاردێت، بۆیە لەم بەکارهێنانەدا، وشەی{ خەون }، وەک نیشانەیەک وایە، کە{ دێڵە گورگ }، لە گێڵگەی واتایی خۆی بەو سیفەتەی گیانلەبەرێکی دڕندەی چاوچنۆکە بۆ فیچەری واتایی مرۆڤ گوێزراوەتەوە، مرۆڤ و گورگ لە چاوچنۆکیدا بەیەک چوێنراون، بەپێی بۆچوونی مێتافۆڕیی چەمکی بواری سەرچاوە، گورگە، بواری ئامانج چاوتێبڕین و چاوچنۆکییە.

- **{ ژانی گەل }**

ناونیشانی ڕۆمانێکی برایم ئەحمەدە، مێتافۆرێکە، لەسەر بنەمای میتۆنیمی دروستبووە، ژان لە بەشەوە بۆ گشت گوێزراوەتەوە، وشەی { ژان} لە بنەرەتدا، تایبەتە بە دۆخی منداڵبوون، دواتریش بۆ ئازاری

ئەندامەکانی تر گوێزراوەتەوە، ژانی ددان ـ ژانی گەدە...هتد خاوەنی چەند سیمایەکی واتاییە، وەک < + دۆخێکی نا ئاسایی، + نا تەندروست، + ئازار، ترس و دڵەراوکێ>، میتافۆری < ژانی گەل > پەیوەست بە دەوروبەر بە واتای ئەو زوڵم و زۆرداری و ناهەقییانە دێت، کە بەرانبەر بە میللەتی کورد ئەنجامدراوە.

هەندێکجار ناونیشانە دەقی چیرۆک و ڕۆمان، لە دوو وشە پێکدێت، بەهۆی ناوبەندە (و) لەیەک دەدرێن، بە هەردوو بەشەکە، واتایەکی میتافۆریی بە دەقەکە دەگەیەنن، وەک:{ پیرەمێرد و زەریا، بەفر و دیوار}، کە ئەمانە لە سەر ئاستی ستوونیدا نەگونجاون و پەیوەندی هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا نییە، ئەمانە وشەی فەرهەنگی نین، بەڵام کۆبوونەوەیان بەم شێوازە واتایەکی نوێ، بە دەقەکە دەبەخشێ.

**٨\١٣) میتافۆر لە وتاردا (ڕۆژنامە و گۆڤار):**

**ـ ڕۆژنامە:**

- **{مەساجی سیاسی}:**

((کەسێک خاوەنی بڕێکی کەم لە نیعمەتی ئەقل بێت، دەزانێ کە ناوچەکە لە ژێر گڕێکدا دەکوڵێ، بێ ئەوەی دیاربێت داهاتوی ئەم کوڵانە بەکوێ دەگات و دەست و قاچی کێ دەسوتێنێت یان دەبێتە گۆشتاوی سەر سفرەی کێ. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوەی خۆی بۆ ئامادە نەکات و بە هەندی وەرنەگرێت جێ دەمێنێ، دوور نییە هەر بێ جێش بێت، تا دێت شەپۆلی ئەو گۆڕانکارییانە و لێکەوتەکانی باشترو زۆرتر دەبیندرێت، ئەگەر کوردپەیوەندیشی پێیانەوە نەبێت، گۆڕانکارییەکان پەیوەندییان بەوەوە دەبێت، ئێمە لە هەسارەیەکی تر ناژین، ئەوەی ناومان ناوە (ئەزمون)، سیحری مانەوەی هەڵنەگرتووە بە ئاوی نەمری گەورە نەکراوە، نە دیوارەکانمان هێندە بەرزن، نە شەپۆلی ئاڵوگۆڕەکانیش ئەوەندە نزم، قەدەری وەرچەرخانی سیستەمە سیاسیەکان، بەدوای خۆیدا زۆر گۆڕانی تریش دەکاتە قەدەر، لەسە ڕووی هەموویانەوە جارێکی تر کەیسی کورد لە عیراق و بگرە لە ناوچەکەش، دەچێتەوە بەردەم گفتوگۆوە، ئەوەی لێرەدا

دەمەوێت بیڵـێم ئەوەیە، ئایـا سـەرکردایەتی کـورد هەروا بە خەمسـاردی سـەیری نەخشـەی ئەو دنیـا تـازەیە دەکـات کە نیـوەی دەرکەوتـووە و نیوەکەی تریشی لە فۆرمەلە بوون دایە ؟ کە دەشڵێم سەرکردایەتی کوردی مەبەسـتم هەمـوو هێـزە سیاسـیەکانە، بە تـایبەتی ئەوانەی خـاوەن بڕیـاری یەکلاکەرەوەن.

وتەیەک هەیە دەڵێـت (سیاسـی چـاوی لەسـەر سـندوقەکانی دەنگـدانە ، پیاوی دەوڵەتیش سەیری داهاتو دەکات). بەواتـایەکی تر ئەوانەی خەیاڵیـان لای ئەو هەڵبژاردنـانەیە کە بە ڕێگـاوەن لە کوردسـتاندا، کامیـان زۆرتـرین کورسی دەباتەوە و کامیان دەبنە زۆرینە، لەو جۆگەلە بچووکەشدا نەبێت ناتوانن مەلە بکەن و سیاسەتەکانیان تەنها ئەوەندە بڕدەکات، پیاوی ڕۆژی تەنگـانە نـین، بە پـێچەوانەی سیاسـی نەتەوەیـی، ئەو کەسـەی لە دەرەوەی بەرژەوەنـدی حیـزبییەوە لە ئاسـۆ دەڕوانـن، سـیتراتیژیان و دوور مەوداتـر دەبینێت، ئایـا بە ڕاسـت بـێ پێداچوونەوەی جدی بە سیسـتەمی سیاسـی وڵاتی ئێمە، بێ دروستکردنی کەشێکی تـازە لە پێکەوە ژیـان و گەڕانەوەی متمـانە بـۆ هەمـوو هێزەکـان، ، بـێ ئەوەی هەمـوان کـۆببنەوە لەسـەر پڕۆژەیەکـی سیاسـی گشـتی نەتەوەیـی و کە ئامـانج لـێی خزمەتکردنـی ئەو هاوڵاتیـانە بێـت کە نەک هەر لە چوارچێـوەی هێـزە سیاسـیەکاندا خۆیـان ڕێکنەخستووە، بەڵکو لە کاتی هەڵبژاردنەکانیشدا تاقەتی دەنگدانیان نییە.

ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد، درۆشمێکی ترە لە ئەدەبیاتی سیاسـی ئێمەدا زۆر سەرف دەکرێت، بێ ئەوەی کڕیاری ڕاستەقینە ی هەبێت، کاڵایەکە لە بـازاڕی سیاسـیماندا، دەمێکە بە کـاڵی و بە کـوڵاوی داواکـاری هەیە، بێ ئەوەی کەس بیخاتە ڕوو، لە گەڵ ئەوەشدا تەنها بە داڕشتنەوەی حکومەت و حیـزب، پەرلەمـان هێـزە سیاسـیەکان، دەسـەڵات و کـۆمەڵگە، بـازاڕ و بازرگانی و ژیـانی گشـتی، تەنهـا بەم ڕێگـایانە و هاوشـێوەکانی دەتـوانین لە زیـانی گۆڕانکارییەکـان بە دوربـین و لە دەستکەوتەکانیشـدا شـەریک و هاوبەش.بە کورتی دۆخی سیاسی ئێمە لە مێژەوە تەشـەنوجی کردووە، بە

مەساجێکی باش نەبێت نایەتەوە دۆخی تەندروست و رزگاری نابێت لە ئەگەرە خراپترەکان )، ( جەمال حوسێن:٢٠١١: ١٢).

نووسەر، لەم وتارەدا، بە توانستێکی پراگماتیکی، ئەو هێما و گوزارشتانە بەکاردەهێنێت، کە جگە لە سیما فەرهەنگیەکان هەڵگری سیمای دەرەکی دەوروبەرە، لە گۆشەی ئەو دیو شتەکان، جیهانبینییەک بۆ چەمکی گۆڕانی دەسەڵات و بەرژەوند خوازی کەسانی سیاسی دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش بە بەکارهێنانی چەند دەستەواژە و دەربڕینێکی میتافۆریی، هەوڵدەدات کار لە بیروبۆچوونی خوێنەر بکات و مەبەستەکەی بگەیەنێت:

- **{ مەساجی سیاسی}**

ناونیشانە دەق بە لێکدانی دوو چەمکی فەرهەنگی، (مەساج و سیاسی) دەست پێدەکات، کە لەسەر ئاستی جێنشینی نەگونجاوە و لێکدانەوەی سیمانتیکییانەی دەق نادروست دەبێت، مەساج وشەیەکی وەرگیراوە، خاوەنی چەند سیمایەکی فەرهەنگییە { + شێلان، + ماسوولکە، + خاوبوونەوە}. هەروەها {سیاسی} {+ ناوێکی واتایی، یاساو رێسا، + دەسەڵات، + دیبلۆماسیەت}.

بەیەکەوەهاتنی هەردوو وشەکە لە ئاستی واتادا لێکدانەوەیان بۆ ناکرێت و دیارخراو و دیارخەر، مەرجی هاوڕێیەتیان بەزاندووە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ ئەو دەوروبەرەی، کە وتارەکەی تێدا هاتۆتە بەرهەم، خوێنەر بە واتای ویستراو دەگات، دابڕانی(مەساجی سیاسی)، لە دەوروبەر، لە سنورێکی دیاریکراودا، واتا دەبەخشێت:

مەساج، خۆی کە کردەیەکی بایۆلۆجی فەسلەجییە، تایبەتمەندی ڕامیاری خراوەتە پاڵ، بەمەش لە ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی، کە شێلان و خاوبوونەوەیە، کەوتووە، بەم پێیە لێکدانی هەردوو وشەی (مەساج و سیاسی )، نەگونجاو دەبێت، لەبەرئەوەی بە تەنیا مەرجی رێزمانی پیادەکراوە، چوونکە تایبەتمەندی مەساج، بۆ شتی بەرجەستەکراوە، نەک ئەبستراکت، لەبەرئەوە لە دەوروبەردا، مەبەستەکە دەپێکێت، بارودۆخی

هەرێمـــی کوردســـتان لە ئێســـتادا خـــراپە و پێویســـتی بە گـــۆڕان و چارەسەرکردن هەیە.

لە دەقەکەدا، چەند دەربڕاوێکی میتافۆریی هەیە، وەک:((کەسێک خاوەنی بڕێکی کەم لە نیعمەتـی عەقـل بێـت، دەزانـێ کە نـاوچەکە لە ژێـر گڕێکـدا دەکوڵێ، بێ ئەوەی دیاربێت داهاتوی ئەم کوڵانە بە کوێ دەگات و دەست و قـاچی کـێ دەسـوتێنێت، یـان دەبێـتە گۆشـتاوی سـەر سـفرەی کـێ)) نووســەر، بە ناڕاســتەوخۆیی، بۆچوونەکـانی دەردەبڕێـت، وشــەکان بـۆ واتایەکی تر لە واتا بنجیەکانیان، دەگوێزێتەوە:

وشـەی (کەسێک)، کە نەناسـراوە، ئامـاژە بـۆ هەر مرۆڤێک لە دەرەوەی زمانـدا دەکـات، کە بـوونی ڕاسـتەقینەی هەبێـت و درک بە گۆڕانکارییەکـانی دەوروبەر بکـات، لە پاڕسـتەی { دەزانــێ کە نــاوچەکە لە ژێــر گڕێکــدا دەکـوڵێ}، ( نـاوچەکە) ، ئامـاژەیە بـۆ شـوێنێک (هەرێمـی کوردسـتان)، کە بوونی ڕاستەقینەی هەیە، زانیاری و کلتووری هاوبەش لە گەڵ نووسەردا، ئەم واتـایە بە خـوێنەر دەبەخشـێ، کرداری{ کوڵان }، بە واتـای فەرهەنگی خـۆی بەکارنەهـاتووە، بە گەڕانەوە بـۆ ئاسـتی قـووڵ دەقەکە دەبێـت بە < هەرێمـی کوردسـتان بە هـۆی خراپـی دەسـەڵات و بـارودۆخەوە وەک ئەوە وایە لە ژێریدا گڕێکی ئاگر هەبێت > ،

کاری (کوڵان) خاوەنی چەند سیمایەکی واتـاییە < + ئـاگر، + گەرمـی، + ئاو، شتێکی شیاو بۆ خواردن>، مەرجی هەڵبژاردنی بکەری بەزاندووە، کە (ناوچەکە) یە، بە خشکەیی دەربڕینی میتـافۆرەکە دێتە بەرهەم. پەیوەنـدی نێــوان نــاوچەکە و گۆشــتاو، پەیوەنــدییەکی ناڕاســتەوخۆیە، بە لادان لە مەرجی یەیوەندی و چۆنیەتی دروستبووە.

ــ وشــەی(گڕ) ، بە واتـای ڕاسـتەوخۆ، بەرزبـوونەوە و بڵێسـەی ئـاگر، بەکارنەهـاتووە، لە ئاسـتێکی دیـکەی واتاییـدا، مەبەسـتەکەی دەپێکێـت کە پراگمـاتیکە، بە لێکدانی لەگەڵ پێکهاتەکـانی دیـکەی دەقەکەدا و دەوروبەری دەرەکـی مەبەسـتەکەی لەوەدا لێکـدەدرێتەوە، کە نـاوچەکە لە ژێـر بـارێکی ســەختی نــاوخۆیی و دەوروبەردایە لــە ڕووی مەعنەوییــەوە، دیســانەوە

دەستەواژەکانی(دەسوتێنێت، گۆشتاوی سەر سفرە)، واتای بنجی نادەن، بەڵکو بۆ واتایەکی خوازراو بەکارهاتوون، باس لە بارێکی نالەباری ناوچەیەک دەکەن.

نووسەر، داهاتووی کولانەکە بە دوو ڕەهەندی جیاوازەوە پەیوەست دەکات:

- دەست و قاچی کێ دەسوتێنێت.
- دەبێتە گۆشتاوی سەر سفرەی کێ.

بە پەیوەستکردنی بە دەوروبەری دەرەکییەوە مەبەستی نووسەر دەردەکەوێت کە دوو بیرۆکەی دژ یەک دەخاتە ڕوو، واتە: کەس نازانێت بە هۆی ئەم گۆڕانکارییەوە، کێ سوودی پێدەگات و کێ زیانی پێدەگات.

ـ تا دێت شەپۆلی ئەو گۆڕانکارییانە و لێکەوتەکانی باشتر و زۆرتر دەبینرێت.ئەگەر کورد پەیوەندیشی پێیانەوە نەبێت، گۆڕانکارییەکان پەیوەندییان بەوەوە دەبێت. ئێمە لە هەسارەیەکی تردا ناژین، ئەوەی ناومان ناوە (ئەزموون)، سیحری مانەوەی هەڵنەگرتووە و بە ئاویی نەمریی گەورەنەکراوە، نە دیوارەکانمان هێندە بەرزن، نە شەپۆلی ئاڵوگۆڕەکانیش ئەوەندە نزم.

{شەپۆلی ئاڵوگۆڕ}: میتافۆرێکی ناوییە، ڕیزبەندی هەردوو فۆرمە وشەی < شەپۆل، ئاڵوگۆر >، لە سەر ئاستی جێنشینی نەگونجاوە و لێکدانەوەی سیمانتیکییانەی دەق نادروست دەبێت.

مەبەست لە ئاوی نەمری < ئەفسونی مانەوە و زیندەگییە >، مێتافۆرێکە، لە بنچینەدا، لە ئەفسانەوە هاتووە، لە دونیای ڕاستەقینەدا، هیچ ئاوێک نییە، کە ببێتە هۆی زیندەگی مرۆڤ، هەریەک لە وشەکانی دیوار و شەپۆل، بە واتای فەرهەنگی خۆیان نەهاتوون، دیوار بە واتای بەرجەستە بەکارنەهاتووە، بەڵکو مەبەست لە دیواری سیاسییە.

نوسەر لە بەشێکی دیکەی دەقەکەدا دەڵێت:

ــ << ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە ئایا سەرکردایەتی کورد هەروا بە خەم ساردی سەیری نەخشەی ئەو دنیا تازەیە دەکات کە نیوەی دەرکەوتووە و نیوەکەی تریشی لە فۆرمەلەبوندایە ؟ >>.

خەمساردی: پێکهاتەیەکی ئیدیۆمی ئاوەڵناوییە، کە بە شێکە لە فەرهەنگی زمان، بە پێی دەوروبەری کلتوری کوردی بە کەسێک دەوترێت، گوێ بە هیچ شتێک نەدات و خۆی هیلاک نەکات.

سارد، بۆ وەسفکردنی خەم بەکارهاتووە، دەربڕینێکی میتافۆرییە، فیچەری واتایی{ سارد}، دیاردەی بەرجەستەیە، نەک ئەبستراکت.

هەروەها دەڵێت:

ـــ << لەو جۆگەلە بچوکەشدا نەبێت ناتوانن مەلە بکەن و سیاسەتەکانیان تەنها ئەوەندە بڕ دەکات، پیاوی ڕۆژی تەنگانە نین >>.

بەهۆی بەکارهێنانی مۆرفیمی (لەو)، نوسەر ئاماژە بە شوێنێک دەکات، کە جۆگەلەیەکی بچووکی لێیە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ دەوروبەری فیزیکی بۆمان دەردەکەوێت، کە هیچ جۆگەلە ئاوێکی ڕاستەقینە ئامادە نییە، بەڵکو مەبەست لەو کەسانەیە، کە لە چوارچێوەیەکی تەسکدا دەخولێنەوە و ناتوانن بازنەی پەیوەندییەکانیان فراوان بکەن.

لە بەشێکی دیکەدا دەڵێت:

ــ << ڕێکخستنەوەی ماڵی کورد، دروشمێکی ترە کە لە ئەدەبیاتی سیاسی ئێمەدا زۆر سەرف دەکرێت، بێ ئەوەی کڕیاری ڕاستەقینە ی هەبێت، کالآیەکە لە دوکان و بازاڕی سیاسیماندا دەمێکە بە کاڵی و بە کولآوی داواکاری هەیە بێ ئەوەی کەس بیخاتە ڕوو>>.

ماڵی کورد: میتافۆرێکە لە ڕێگای وەرگێڕانەوە، کەوتۆتە ناو زمانەکەمانەوە، خەریکە شوێنی خۆی دەگرێت و لە نوسراو و ئاخاوتنە فەرمییەکانیشدا، بەکاردێت.

هەریەک لە وشەکانی{ سەرفکردن، کڕین، کالآ، دوکان، بازاڕی سیاسی، کاڵی، کولآوی} بە واتای فەرهەنگی خۆیان بەکارنەهاتوون پەیوەندییە واتاییەکانی ڕیزبەندی هەردوو وشەی < بازاڕو سیاسی > لە ئاستی

ستوونیدا، نە گونجاوە و بە لێکدانەوەی سیمانتیکییانە دەق نا دروست دەبێت، بەڵام پەیوەستکردنی بە دەوروبەری دەرەکییەوە مەبەستی نوسەر، لە چۆنیەتی شێوازی بەڕێوەبردنی ڕامیاری دەخاتە ڕوو.

هەروەها دەڵێت:

ــ << بەکورتی دۆخی سیاسی ئێمە لە مێژەوە تەشەنوجی کردووە، بە مەساجێکی باش نەبێت نایەتەوە دۆخی تەندروست و رزگاری نابێت لە ئەگەرە خراپەکان >>.

لە ئاستی واتاسازیدا ، پەیوەندییە واتاییەکانی هەردوو وشەی{ سیاسی و تەشەنوج } نەگونجاوە و مەرجی هاوڕ ێیەتییان بەزاندووە، بەڵام بە پەیوەستکردنی بە دەوروبەری دەرەکی مەبەستی نووسەر لە خراپی و گرژی دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستانە، تەشەنوج، کە بریتییە لە وێکهاتن و گرژبوونی ماسولکە و نارەحەتی، بە سیاسەت چوێنراوە، لەسەر ئەم بنەمایە میتافۆرەکە، دروستبووە، فیچەری هاوبەشی نێوانیان خراپی بارودۆخە، بەڵام لە خەسڵەتەکانی دیکەدا دژ ئاڕاستەی یەکترن هەریەک لە دوو وشەکە سەر بە دوو کێڵگەی واتایی جیاوازن.

**١٣\٨ـ١) ناونیشانە دەقی وتار:**

**أ - میتافۆری ناویی**

- **{مەرگ بۆ تۆپی پێ}**

دەستەواژەیەکی میتافۆری ناوییە، وشەی {مەرگ} بۆ دۆخی ڕاستەقینە ی خۆی بەکارنەهاتووە، کردەی گوێزانەوەی لە کێڵگەی واتایی بوونەوەرەوە، بۆ کێڵگەی واتایی تۆپی پێ، بەسەردا هاتووە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ دەوروبەری ئاخاوتن، مەبەستی نووسەر دەردەکەوێت: وەرزش ڕێگایەکە بۆ دابڕینی خەڵک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

( ئەکبەر حەسەن، ٢٠١٣: ٥).

**<< مەلا بەختیار و مەلەکردن دژی تەوژم >>**

دەستەواژەیەکی لێکدراوی میتافۆرییە، بەهۆی ئەوەی کاری (مەلەکردن)، بە واتای بنجی خاوەنی چەند سیمایەکە < + ئاو، + جووڵە، + شەپۆڵ >

بەڵام لەم دەقەدا، ئەم سـیمایانەی بەزانـدووە، بە پەیوەسـتکردنی بە دەوروبەری دەرەکییـەوە، مەبەسـتی نووسـەر بـواری ڕامیـارییە. (علـوانی مغیب، ٢٠١١ : ٨ ).

<< ئەو هونەرمەنـدەی گەردەلـوولێکی هەڵگیرسـاند، خەڵاتـی ڕێزلێنـانی وەرگرت >>

وشەی { گەردەلوول} ، میتافۆرێکی ناوییە، چەند فیچەرێکی سیمانتیکی هەیە، وەک < + تەپ و تۆز، + هەڵکردنی بـا، + بـارێکی نائاسـایی >، بەڵام بە پەیوەستکردنی بە دەوروبەرەوە، مەبەستی نووسەر لە شەڕو ئاژاوە و دۆخـی پشـێویی و ڕاپەریـن دەخـاتە ڕوو، لەسـەر بنەمـای لێکچـوون، میتافۆرەکە دروستدەبێت، بەڵام لە خەسڵەتی دیکەدا دژ ئاڕاستەی یەکترن، چونکە هەریەک لە دوو وشـەکە، سـەر بە دوو کێڵگەی واتایی جیاوازن، بە دیـوێکی تـردا، مەبەسـت لە درامـای گەردەلـوولە، کە جەلیـل زەنـگەنە نووسیویەتی. (زریان خەتاب: ٢٠١١: ٢٣ ).

ــ ((هەر دەستپێشـخەرییەکی دیـکە بێـتە ئـاراوە، دەچێـتە ژێـر چەتـری دەستپێشخەرییەکەی سـەرۆکی کوردسـتان)). (ئاسـۆ عەلی فەرەج: ٢٠١١ : ٣).

میتـافۆری > چەتـری دەستپێشـخەری < لە جـۆری میتـافۆری نـاوییە، پەیوەنـدی دیـارخراو بە دیـارخەرەوە نەگونجـاوە، چەتـر خـاوەنی چەنـد سـیمایەکی واتـاییە < + سـێبەر، + تەڕنەبوون، + هۆکارێک بۆ پاڕاسـتن > بەڵام بە پەیوەستکردنی بە دەوروبەری دەرەکییەوە، مەبەستی نووسەر لەو هەوڵانەیە کە سەرۆک بـارزانی بۆ ڕاگرتنـی هاوسـەنگی پرۆسـەی رامیـاری عێراق داویەتی.

**ب - میتافۆری ئاوەڵناویی:**

- { پەیکەرێک بۆپیاوێک لە ڕەنگ}

ناونیشـانی گۆشـەیەکی ڕۆژنـامەی چـاودێرە، < **پیاوێـک لە ڕەنـگ** > میتـافۆرێکی ئاوەڵنـاوییە، ڕیزبـوونی کەرەسـەکان بە پێـی ئاسـتی سـتوونی نەگونجـاوە و لێکـدانەوەی سـیمانتیکییانەی دەق نادروسـت دەبێـت، بەڵام

پەیوەســــتکردنی بە دەوروبەری دەرەکییــــەوە مەبەســــتی نووســــەر دروستکردنی پەیکەرێکە بۆ هونەرمەندێک (سەفین ئیسماعیل: ٢٠١١: ٨ ).

- **{ سنوری جیوە ئاسا }**

ناونیشانی وتارێکی ڕۆژنامە ئاسۆیە < سنوری جیوە ئاسا > لەسەر ئاستی جێنشینیدا نەگونجاوە، سنوری نێوان دوو وڵات، لە جیوە بچێت، کە مــادەیەکی کیمیــاییە، بەڵام بە گەڕانەوە بــۆ چوارچێــوەی ئاخــاوتن دەردەکەوێــت، کە مەبەســتی نووســەر، ســنورێکی نەپــارێزراوە، کە دەستدرێژی دەکرێتە سەر و بەزاندن و نەبەزاندنی گرینگ نییە. (شەفیقی حاجی خدر:٢٠١٠: ١٠).

ـ ((**خەڵک لێرە دڵنیایە کە بە پاکییەوە خزمەتیان دەکەم** ))، (مەسعود بارزانی:٢٠١١: ١).

پاک، ئاوەڵناوێکە، بۆ وەسفکردنی دیاردەی بەرجەستە بەکاردێت، بەڵام لەم دەقەدا، ئەو سیمایەی بەزاندووە، مەبەستی ئاخێوەر:دڵسۆزی لە کار و خزمەتکردنە...هتد.

(( بەهـۆی هەڵمەتێکـی دژە تیـرۆرەوە گـروپە چەکـدارەکان کەرکـوک خوێناوی دەکەن))، ( عیماد جەباری: ٢٠١٢ :٥ ).خوێناوی/ بۆ وەسفکردنی مـروڤ یـان گیانلەبەرێـک بەکاردێـت، کە سـیمای < + خـوێن >ی هەبێـت، میتــۆنیمییە، مەبەســت کوشــتن و برینــدارکردنە بــۆ خەڵکــی کەرکــوک دەگەڕێتەوە.

**ج ـ میتافۆری کرداربەندی:**

((ئەگەر مـادەی١٤٠ بمرێـت، ئەوا مانـای ئەوەیە کە دەسـتوور مـردووە، ئەگەر دەســتووریش بمرێــت یەکگرتــوویی عیــراق مــردووە))، (مەســعود بارزانی:٢٠١١: ٤).

دەقەکە بە ئــامرازی مەرج (ئەگەر)، دەســتی پێکــردووە، بە واتــای ڕووکەش دیارە، کە باس لە دەستوور و مادەی ١٤٠ و یەکگرتویی دەکات، بەڵام بە خشکەیی بۆچوونی خۆی لەسەر سوور بوون بۆ جێبەجێکردنی مــادەی ١٤٠ و دەســتوور دەردەخــات، بــۆ ئەم مەبەســتەش، ســوودی لە

میتافۆری (مردن)، وەرگرتووە، لە کێڵگەی واتایی خۆیەوە بۆ کێڵگەیەکی تری گواستۆتەوە، مردن بۆ شتی زیندووە، نەک مادە و دەستوور و یەکگرتوویی.

**٩\١٣) میتافۆر لە ئەدەبی تەنزدا:**

میتافۆر لە سەر بنەمای لێکچوون دروست دەبێت، بەڵام دەقی پلارو گاڵتە و گەپ، بە پێچەوانەوە، بە جیاوازی و لێکنەچوون کاردەکات. ئەو واتایەی لە دەقێکی گاڵتە جاڕیدا، دەستمان دەکەوێت، لە سەرووی فۆرمە زمانەوانییەکانەوەیە، واتایەکی ناڕاستەوخۆیە، بۆیە دەبێت، لە دەوروبەر و چوارچێوە و بۆنەی ئاخاوتندا، لێکدانەوەی بۆ بکرێت و بە دوای واتای مەبەستدا، بگەڕێین.

(لە لێکدانەوەی هەندێ دەقدا، هەندێکجار، پێویستمان بەوە دەبێ، کە بزانین، دەربڕینەکە بە تەوسەوە، یان بە پێچەوانەی واتای ئاسایی کەرەسەکەوە بەکارهاتووە )،( محەمەد مەعروف: ١٩٨٦: ١١٥). بۆنموونە، ئەگەر بڕوانینە، ئەم ئیدیۆمە، کە بە تەوسەوە دەوترێت: ( دەمی خێری پیانا). شیکردنەوەی ئەم ڕستەیە، بە واتای دەقاودەق، ئەوە دەگەیەنێ، کەیەکێک قسە و وتەی باش، بۆ یەکێکی تر بکات، بەڵام بەگەڕانەوە بۆ دەوروبەری ئاخاوتن و باری قسەکردن دەردەکەوێت، کە مەبەست بە پێچەوانەوە دەربڕاوە، بە واتای قسەی باشی بۆ نەکرد. لەم جۆرە دەقانە، نێرەر لە پشت هێماکانەوە، مەبەستەکەی دەگەیەنێت.

ئەم جۆرە دەربڕینانە، لە ئاخاوتندا، زۆر بەکاردەهێندرێن، قسەکەر بەپێی باری ئاخاوتن، چەندین دەربڕین، بە واتای پێچەوانەی خۆیەوە، بە شێوازی جیاجیا لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا، دەردەبڕێت. لەم دۆخانەدا، هێزو ئاوازەش، لە گەیاندنی واتادا، ڕۆڵێکی دیارو کاریگەریان دەبێت.

هەندێ دەقی تەوس، لە فۆرمی نەفیکردندا، مەبەست بە پێچەوانەی ریزبوونی کەرەستە و وشەکانەوە دەگەیەنێت، لەبەرئەوەی لە ڕووی نەریتی کۆمەڵایەتییەوە، واتای هەندێ شت ڕوون و ئاشکرایە، بۆ نموونە،

ئەگەر قسەکەر لە دەقێکی ئاخاوتندا، بە پلارەوە، ئەمانە بە بەرانبەرەکەی بڵێت:

١) { هەر شتێکت بە ئەمانەت وەرگرت مەیگێڕەوە}.

٢) { لە مەوعیدە موهیمەکانا هەمیشە دواکەوە}.

لەم دەربڕینەی خوارەوەدا، پەندەکە پێچەوانە کراوەتەوە: ((**چاکەت لەگەڵ هەر کەسێکا کرد، رۆژی سەدجار بیدەرەوە بە چاویا** ))، (شێرکۆ عەبدولا:٢٠١٠: ٢٢).

هەریەک لە وتەکان، بە پێچەوانەی ئەو واتا باوە وتراون، کە لە کۆمەڵدا هەیە، نەک خوێنەری کارامە، بەڵکو خوێنەری ئاسایش درک بەمە دەکات، کە نووسەر مەبەستی واتای پێچەوانەیە، ئەمەشی بە مەبەستی کاریگەری پترکردنە سەر گوێگر/خوێنەر، کردووە.

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەندێ دەقی تەوس دەخەینە ڕوو، کە میتافۆریان تێدا بەکارهاتووە، تاوەکو بۆمان ڕوونبێتەوە، کە ئەم دەقانەش، کاریگەریان بۆ سەر فەرهەنگی زمان و دەوڵەمەندکردنی ئاستی واتا لە زماندا هەیە:

**ـ ((ئسلوب بگۆڕم لە مەولا چاکە؟**

**درۆ مانگابێ و منیش شیاکە؟**

**هەر بە شێوازی جاران لێ بخورم**

**یان لە ئاسمانی خەیالا بفڕم؟** ))،(شێرکۆ عەبدولا: ٢٠١١: ١).

درۆ، لە گەورەییدا، بە مانگا چوێنراوە، نووسەر، بۆ ئەم مەبەستە، سوودی لە شێوازی{+ بە ئاژەڵکردن} وەرگرتووە.درۆ سیمای < ـ ئاژەڵ > ی هەیە و نابێت بەمانگا، سیمای < + قەبەیی > بۆ دروستکردنی میتافۆرەکە سوودی لێ وەرگیراوە مەبەستی نووسەر، بەخشکەیی، لەم دەقە میتافۆرییەدا، ئەوەیە، کە مرۆڤی سەرڕاست و پاک، لەم سەردەمەی ئێستادا، لای زۆرێک لە خەڵکی باوی نەماوە و کاری بۆ ناڕوات، هەر دەبێ لە بۆشایی خەیاڵدا، بخولێتەوە و مایەپوچ دەردەچێت، بۆیە واباشە، ئەمیش بە پێی باوی سەردەمەکە، شێواز بگۆڕێت، بۆ ئەوەی بتوانێت گوزەران بکات.

- **{ ئاسمانی خەیاڵ}**: مێتافۆرێکی ناوییە.

ئاسمان بە واتای فەرهەنگیی، سیمای زەوییە، نەک خەیاڵ.

لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، هەندێ جار، (درۆ) لە گەورەییدا، بە دیاردەکانی تر دەچوێنرێت:

- **{درۆیەکی شاخدار}**. ( هەروەک چۆن مانگا یان ئاژەڵی تر، کە گەورە دەبن شاخیان بۆ پەیدا دەبێت، درۆش ئەگەر گەورە بێت، شاخی بۆ پەیدا دەبێت) .

لە هەندێک دەربڕینی دیکەدا، (درۆ) کە خۆی دیاردەیەکی نابەرجەستەیە، بەهۆی گوێوە دەبیسترێت، بە پێی جۆرەکەی، ئاوەڵناوی تایبەت بە ڕەنگی دەدرێتە پاڵ، کە بە هۆی هەستی بینینەوە دەبینرێت، ئەمەش بەهۆی دیاردەی هەست گۆڕکێوە ڕوو دەدات، وەک: {درۆی سپی، درۆی ڕەش، شینە درۆ...هتد}.

( ڕەنگی سپی:وەک ڕەمزێک وایە، بۆ ئاشتی و کاری چاکە و ئاین، ڕەنگی ڕەش: شوومی و نەهامەتی، ڕەنگی شین: ڕەنگێکی دیار و بەرچاوە ).

- لە هەندێ دەقدا، لێکچواندن، لە نێوان شتی سەیرو نامۆدا، دەکرێت:

**((ژیان بە بێ عەشق وەک بیجامەیەکە کە لاستیکی تێ هەڵنەکێشرابێت))**، (شێرکۆ عەبدوڵا: ٢٠١١: ٢)، ژیانی بەبێ عەشق بە بیجامە چووێنراوە، کە دیاردەیەکی ئەبستراکتە، واتە: ژیانێکی لەم چەشنە، شل وشۆق و باوەڕپێنەکراوە، واتای نییە.

بەکارهێنانە مێتافۆرییەکانیتوانجلێدان، خوێنەر بەو ئاراستەیەدا دەبەن، کە بارودۆخی دەرەوەی زمان، بە ناوەوەی دەق ببەستێتەوە: **((ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن ئەم شەپۆڵی بومەلەرزەیەی راگەیاندنی ئۆپۆزیسیۆن، جێگەی مەترسی نییە))**.

ئەم دەربڕینە، بە واتای دەقاودەق، ڕستەیەکی ئاوێتەی هەواڵییە، شێوازی دڵنیاکردنەوەی تێدایە، لەوەدا، کە بەخەڵک دەڵێت: (( جێگەی مەترسی نییە)). بەڵام، لە لایەکی ترەوە، بەکارهێنانی کاری (دەڵێن)،

گومانێــک لای خــوێنەر دروســتدەکات، لەبەر ئەوەی قســەکەر خــۆی ڕاستەخۆ هەواڵەکە ناگەیەنێت، بەڵکو لە ڕێگای خەڵکی ترەوە دەیگەیەنێت. خۆشی لە ڕاست وتنی ئاخاوتنەکە دڵنیا نییە. بەگەڕانەوە بۆ دەوروبەر و ڕەچــاوکردنی پراگماتیــک، دەردەکەوێــت، کە مەبەســت بە پــێچەوانەوە دەربــڕاوە و تــوانج لەو بەرپرســانە دەگرێــت، کە لەئاســت خۆپیشــاندان و داواکاری خەڵکدا، خۆیان بێدەنگ کردووە، بێئاگایانە لە بارودۆخەکە ڕەفتار دەکەن، دەشێ لێکدانەوەی تریشی بۆ بکرێت.

**{بوومەلەرزەی ڕاگەیاندن}**: میتافۆرێکی ناوییە، وشەی (بوومەلەرزە)، بەواتای دروستی خۆی بەکارنەهاتووە:

| فیچەر سیمانتیکییەکانی بوومەلەرزە | فیچەرە سیمانتیکییەکانی ئۆپۆزیسیۆن |
|---|---|
| + هەژانی زەوی | +هەژانی دەسەڵات |
| + لەرزین | +شوێن لەق بوون |
| + کاولکردن و تێکدان و نا ئارامی | +دروستبوونی پەشێوی |
| + ترس | + ناڕازیبوون |
| ـ داواکاری | + داواکاری |

لە دروســتبوونی میتــافۆرەکەدا، ڕووداوی واتــایی جــێگەی ڕووداوی فیزیکی گرتۆتەوە.

هەروەهــا بــۆ لێکــدانەوەی ئەم دەقەی خــوارەوە، پێویســتە، ڕەچــاوی بارودۆخی دەرەوەی دەقەکە بکەین:

- **(( بێ دین ئەو کەسەیە، نەتوانێ خۆی بە ئیماندار نیشان بدات))**، (شێرکۆ عەبدوڵا: ٢٠١١ : ٢).

لە ئاستی واتای فەرهە نگیدا، وەسفی مرۆڤی (بێ دین) دەکات، کە ئەو کەسەیە ناتوانێ خۆی بە ئیماندار نیشان بدات.بەڵام پەیوەستکردنی دەقەکە بە دەوروبەرەوە دەریدەخات، مەبەستی نووسەر، توانجە لەو کەسانەی، کە خۆیان بە ئیماندار دەردەخەن و لە ڕاستیشدا وانین، مەرج نییە ئەو کەسەی خۆی بە ئیماندار نیشان دەدات، بە دین بێت.

- (( **خوا بەوەی رەحمی کردووە زیندان هەیە، ئەگینا ئەم ئازادییە ئەیکوشتین**))، (شێرکۆ عەبدولا:٢:٢٠١١).

جۆرێکە لە پارادۆکس، زیندان بە واتای فەرهەنگیی، پێچەوانەی ئـازادییە، خوێنەرێـک، کە هاوبەشـی کولتـوور و دەوروبەری زانیـاری و بـارودۆخی بەڕێوەبردنی وڵات نەبێت، بە واتای ویستراو ناگات.

واتـای نـاوەکییی دەقەکە بە خشـکەیی دەربـڕاوە، مەبەسـتی نووسـەر ئەوەیە کە، ئازادییەکەمان، جۆرێکە لە زیندان.

- ((**ڕەشـەبا هـیچ زەرەرێکـی بـۆ مـۆمی کـوژاوە نیـیە**))، (شـێرکۆ عەبدولا : ٢٠١١ : ٦).

{ڕەشەبا}، میتافۆرە، بەرانبەر بە خەڵک و خۆپیشاندان هاتووە، {**مۆمی کوژاوە**}، دەسەڵاتێکی بیهێزو بێئاگا.

واتە: جموجـۆڵ و ڕاپەریـن، کـار لە کەسـێک یـان دەسـەڵاتێک ناکـات، کە کوژابێتەوە و هێزی تێدا نەمابێت.

- ((**خەبـــات:حکومەتەکەی مـــالیکی لە بەردەم نەشـــتەرگەریی سیاسیدایە.**

**سیخورمە: بەنج نایگریَ**))، ( شێرکۆ عەبدولا:٢٠١١: ٤).

نەشتەرگەری سیاسی: میتافۆرێکی ناوییە.

((**خۆزگە تەکەتولکردنیش ڕۆژوی بشکاندایە**))، (شێرکۆ عەبدولا:٢٠١١: ٦ ).

{**رۆژو شکاندن**}: میتافۆرێکی کارییە، مەبەست کۆتـایی هێنـان بە پابەند بوونە.

ـ هەنـدێکجار، لە دەقـی تەنـزدا، سـیمای گیانـدار بە بەر شـتی بێگیانـدا دەکرێت.

- ((**دە ئینجـا بـزانە سیاسـەت چەنـد پـیس و خوێنـاوییە، ئەوەتـا راوچـیش بە راوچیتـی خـۆیەوە نـاوێرێ تـوخنی بکەوێـت**)) ، ( **شێرکۆ عەبدولا: ٢٠١١ : ٧**).

خـوێن، سـیمای گیانـدارە، خوێنـاوی، بـۆ شـتی بەرجەسـتە بەکاردێت، بەڵام (سیاسـەت)، دیـاردەیەکی ئەبسـتراکتە، وەسـفی سیاسـەت، بەهـۆی هەردوو،

ئاوەڵنـــاوی (پـــیس، خوێنـــاوی)یەوە کـــراوە. نووســـەر بە خشـــکەیی، سیاسەتمداران، بە ڕاوچی دەچوێنێت، کە چۆن ڕاوی نێچیرەکانیان دەکەن.

{ **سیاســـەتی خوێنـــاوی**}: میتـــافۆرێکی نـــاوییە، سیاســـەتی پـــیس، میتافۆرێکی ئاوەڵناوییە.

- لە هەندێ دەقی گاڵتەجاریدا، شێوازی ڕەسمی لەگەڵ ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەدا، تێکەل بەیەکدی دەکرێن:

- **((بەمەبەستی حەسانەوە باوکم پرۆسەی بێجامە لەبەرکردنی ئەنجامدا.**

**ــ دایکم ئەمشەویش پرخە پرخەکەی نەنکمی مەحکوم کرد.**

**ـ پرۆسەی نانخواردنی ئێوارەمان بایکۆتکرد))**، ( شێرکۆ عەبدولا: ٢٠١١: ٢ ).

ڕستەکان، لە ڕووی ڕێزمانەوە تەواون، بەڵام قسەکەری کورد، بەم شـێوە فەرمیـیە، ئاخـاوتن ناکـات، دەسـتەواژەکانی(پرۆسـە، ئەنجامـدان، مەحکـومکردن، بـایکۆتکردن)، زیـاترلە شـێوازی ڕەسـمیدا بەکـاردێن، نەک شـێوازی ڕۆژانـە، بەهـۆی تێکەڵکردنـی هەردوو شـێوازەکە، دەقەکە شـێوەی گاڵتەجاڕیی وە رگرتووە.

هۆکارێکی تری دروستبوونی دەقی توانجتێگرتن، گواستنەوەی وشـەیە، لە بـوارێکەوە، بـۆ بـوارێکی تـری بەکارهێنـان ، کە ئەمەش هۆکـارێکە بـۆ دروسـتبوونی میتـافۆر و دواتتریش لەوانەیە ئەم بەکارهێنـانە میتافۆرییـانە بکەونە ناو فەرهەنگی زمانەوە و دەوڵەمەندی بکەن، وەک لەم دەربڕینانەی خوارەوەدا، دەردەکەوێت:

+ نەخۆشییە سیاسیەکان ))
+ ڕوو تانەوەی جەماوەر
+ ئیفلیجی ڕێکخراوەیی زگماکی
+ قورحەی ویژدان
+ شیزۆفرینیای ئایدۆلۆجی
+ هەوکردنی ئەندامانی درۆزنە
+ خوتبە چۆرکێی موناسەباتی

+ حوممای موزاهەرە)) ، (شێرکۆ عەبدوڵا:٢٠١١: ٢ ).

هەریەک لە وشـــەکانی )( نەخۆشـــی، ڕووتـــانەوە، ئیفلیجـــی، قـــورحە، شـیزۆفرینیا، هەوکـردن، شـەوکوێری، خـوتبە، حوممـا )) لە فیڵـدی واتـایی خۆیـــانەوە، بـــۆ فیڵـــدێکی تـــر گێـــزراونەتەوە، بەو هـــۆیەش میتافۆریـــان دروستکردووە.

ـ هەندێکجار، ئەم دەقانە، کە بە گاڵتە یان توانج دەوترێن، دەچنە بواری وشەبازی و ڕەوانبێژییەوە بۆنموونە: ((رقم لە رقە))، ( شێرکۆ لا:٢:٢٠١١ ).

میتـافۆرێکە، بە دووبـارەکردنەوەی هەمـان ئاوەڵنـاو دروسـت بـووە، بەگەڕانەوە بـۆ ئاسـتی قـوولی ڕسـتەکە، ریزبـوونی کەرەسـەکان ، بەم جۆرەیە: من رقم لە رق دەبێتەوە.

رق، خاوەنی ئەم سیما واتاییانەیە < ـ خۆشەویستی، ـ حەزکردن >.

ـ((ئەم شەکرەیە ژیانی تاڵ کردووم ))، ( شێرکۆ عەبدوڵا:٢:٢٠١١ ).

شـــەکر، ســـیمای < + شـــیرینی > ی هەیە، کە پـــێچەوانەی تـــاڵییە ، بەگەڕانەوە بـــۆ دەوروبەری ئاخـــاوتن، لە واتـــای مەبەســـت دەگەیـــن، کە قسەکەر(شـــەکر) ی وەک میتـــافۆر بەواتـــای نەخۆشـــی بەکارهێنـــاوە، لەو کاتەدا، دەشێ شەکر ژیان تاڵ بکات.

لە کۆتاییـدا بۆمـان دەردەکەوێـت، کە دەقـی تەنـزو تـوانج تێگـرتن بە ڕێژەیەکـــی زۆر میتـــافۆری تێـــدادەردەکەوێت، واتـــابە ناڕاســـتەوخۆیی دەگەیەنرێـت و بە گەڕانەوە بـۆ دەوروبەر لە واتـای مەبەسـت دەگەیـن، تەنـانەت هەنـدێ جـار سـوود لە وشـەبازی و هونەرەکـانی ڕەوانبێـژیش وەردەگیرێـت، ڕسـتەو دەربـڕینە توانجیەکـان زۆربەی جـار بـۆ تێگەیشـتن پێویسـتیان بە ورد بـوونەوە و بیرکـردنەوە هەیە، بـۆ ئەوە دەوتـرێن، کە کاریگەری زیاتر لە سەر گوێگر یان خوێنەر دروست بکەن ، بۆ نموونە: ((ئەگەر ڕاسـتت ئەوێ، باشـتر وایە ڕاسـتت نەوێ ))، ( شـێرکۆ عەبـدوڵا: ٢٠١١ : ٦)

لە ئاستی واتاسازییدا، وتنەکە، لە دوو ڕستەی لێکدراوی ئەرێ و نەرێ پێکهاتووە

ڕستەی یەکەم، بە ئامرازی مەرج (ئەگەر)، دەستی پێکردووە، مەبەستی پراگماتیکی لە بەکارهێنانی (ئەگەر)، پەیوەستە بە ئەنجامدانی کردارەوە، ( ڕاست) و (نا ڕاست)، پێچەوانەی یەکترین، لە ڕووکەشدا، ڕستەکە پێماندەڵێ، باشتر وایە هەڵە و نا ڕاستیمان بوێت، نەک ڕاستی، بەڵام ، مەبەستی نووسەر شتێکی ترە، بارودۆخی ئەم سەردەمە، زیاتر پشتگیریی کەسانی نا ڕاست دەکات، ئەگەر بەرژەوەندی خۆمان بپارێزین، باشتر وایە نا ڕاست بین. لە هەندێ لێکچواندندا، وشەکە بە پێچەوانەکەی دەچوێنرێ:

- ((**بەختەوەری، جۆرێکە لە بەدبەختی**)) ، (شێرکۆ عەبدوڵا: ٢٠١١ : ٢).

ئەدەبی تەنز، لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و وتاری رۆژنامە و گۆڤارو چیرۆک و شیعریشدا، بە شێوازی جیاجیا بوونی هەیە، نووسەر هەوڵدەدات، هەواڵ و بارودۆخە کۆمەڵایەتی و رامیارییەکان، کە لە واقیعدا بوونیان هەیە، بە شیوازی ساتیرو گەپ، بە سوود وەرگرتن لە میتافۆر بگەیەنێتە، خوێنەر یان گوێگر، بۆ نموونە: ((خەونم دیت کەر لەناو پۆلی کۆلێژەکاندا موحازەرەیان دەدایەوە)) ( فەرهاد پیربال: ٢٠٠٩:٣٢) ڕستەکە، لە ڕووکەشدا، لە دۆخی رانەبردوو دایە، باس لە حالەتێکی فیزیکی نووسەر دەکات، کە خەوبینینە، لەیەکەم تێروانیندا، وا دەردەکەوێت، کە وتەکە، خەونە و لە واقیعدا، بوونی نییە.

، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ بنەماکانی هاریکاری گرایس و بۆ خوێنەرێک، کە زانیاری هاوبەش و پێشینەی لەگەڵ نووسەردا هەبێت، بۆمان دەردەکەوێت، کە مەبەستی شتێکی ترە، نووسەر ئاستی وانەبێژیی ناو کۆلێژەکانی کوردستان دەردەخات، بۆ ئەم مەبەستەش، کەڵکی لە میتافۆر(کەر)، وەرگرتووە، کە بەواتای نا ڕاستەوخۆ بەکارهاتووە.

کەر: جۆرە ئاژەڵێکە

کەر: وانەبێژ

ئەو میتافۆرانەی، کە بەهۆی تەوس و بواری گەپەوە دەردەبڕدرێن ، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، بە ریژەیەکی فراوان بەکاردێن، کە مەبەست بە نا

ڕاستەوخۆیی دەردەبڕدرێن، بۆیە ئێمە پێمان وایە، بواری گاڵتەکردن و تەوس و توانج لێدان لە بەکارهێنانی میتافۆردا چالاکە، نەک هەر لە رۆژنامە و ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، بەڵکو لە شیعری گاڵتەجاری و چیرۆک و بوارەکانی تریشدا، دەتوانین، ئاماژە بە چەند دەربڕینێک بکەین، لە ئاخاوتنی ڕۆژانە دا

- بۆن دەکا(بە کەسێک دەوترێ، کەهەستی بە بوونی شتێکی شاراوە کردبێت ).
- وەک پشیلە وایە (سپڵەیە).
- قازی باش هاتوون (خوێنکاری قۆناغی یەکەم).
- گوێ درێژەکە هات ( کەسێکی بێ مێشک).
- لووت تەرۆزی ( لووتی درێژ).

**١٠\١٣) دەقی ئیدیەمی:**

- **{بنەمۆم}**

ــ بەپێی دەوروبەری کلتوری بەکارهێنانێکی هەیە، بە کەسێکی کورتە باڵای قەڵەو دەوترێت

- ***{ بازاڕی گەرمە}***

< **بازاڕی گەرم** > بە واتای فەرهەنگی بەکارنەهاتووە، ڕووداوی مەعنەوی جێگەی ڕووداوی فیزیکی گرتۆتەوە.

هەندێکجار، دەقی ئیدیەمی، دەبێتە ناونیشانە دەقی شیعر یان رۆژنامە یان چیرۆک و بابەتی تر: ((**بانێک و دوو هەوا**))، ( ئومێد موحسن حمە ئەمین: ٢٠١٢: ١٧).

< **بانێک و دوو هەوا** > بە واتای ئیدیۆمی بەکارهێنراوە، نووسەر بە خشکەیی ڕەخنە لە کەسێک دەگرێت، کە هەندێ دیاردە بۆخۆی بە ڕەوا دەزانێت و بۆ خەڵکی تر پێی وایە نەشیاوە.

**١١\١٣) پەندی پێشینان:**

**پەندی پێشینانی کوردی، ڕەنگدانەوەی بیر و هزری مرۆڤی کوردن، لە چوارچێوەی کلتوور ودابونەریت و کۆمەڵگای کوردەواریدا، بەهۆی**

**ئەزموونی ژیانەوە سەریان هەڵداوە، بەشێکی گرینگی پێکهاتەی زمان و کەلەپوری نەتەوەی کورد پێکدەهێنن، واتا لەم پەندانەدا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێت، کە پەیوەستە بە بارودۆخ وچوارچێوە و بۆنە و پەیوەندی نێوان ئاخێوەران و ئەو سیاقەی کە پەندەکەی تێدا دەگوترێت، بۆیە پەندەکانیش دەچنەوە چوارچێوەی دەربڕینە مێتافۆڕییەکان و واتای خواستراویان تێدایە، لێرەدا چەند نموونەیەک دەهێنینەوە، دەربڕاوە مێتافۆڕییەکان لە پەندەکاندا دەردەخەین:**

- **ئەگەر بەد نەبێ، مەڕو گورگ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە.**

لێکدانەوەی واتایی ئەم پەندە، بریتییە لە: ئەگەر مرۆڤ و کەسی خراپ و پیاو خراپ نەبێت: دادپەروەریی سەر دەگرێت و خەڵک دەتوانن بەبێ کێشە و بە ئاسودەیی پێکەوە بژین و ژیان لەگەڵ یەکتریدا بەسەر بەرن. (**مەڕ و گورگ**)، دوو مێتافۆڕن خوزراون بۆ مرۆڤی چاک و خراپ، بواری سەرچاوە (مەڕوگورگ)ە، بواری ئامانج: نەبوونی خراپەکاریی و بەرقەراربوونی دادپەروەرییە. بەواتای ئەگەر کەسانی خراپ و بە قسەوقسڵۆک و دوو ڕوو، نەبن تەنانەت ئەو شتانەش کە زۆر دژ و پێچەوانەی یەکترین و تاڕادەی دوژمنایەتیش وەکو مەڕ و گورگ، دەتوانن بەیەکەوە هەڵبکەن و کێشە دروست نەکەن.

- **ئەگەر نازانیت پشتی سەریشم چاوە!**

لەم پەندەدا، واتا بە ناڕاستەوخۆیی دەربڕدراوە، زیادەڕەویی لە ئاخاوتندا تێدا دەبینرێت، لەبەرئەوەی لێکدانەوەی کەرەستەکان بە واتای فەرهەنگی خۆیان نادروست دەردەچن و لە دونیای ڕاستەقینەدا مرۆڤ لە پشتی سەریدا چاوی نییە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ دەوروبەر و سیاقی دەربڕین، واتا ئاگام لە هەموو کار و کردەوەیەکت هەیە، بواری سەرچاوە بریتییە لە (چا)، بواری ئامانج بریتییە لە (بە ئاگایی و هەبوونی زانیار).

ـ ئاماژە بە هەندێک جۆری مێتافۆڕ دەکەین، کە لە دەقەکاندا بەکارهاتوون:

**- مێتافۆریی ناویی:**

- **{ پەڕو باڵی پێوە نەهێشتم}**

بە پێی کلتوری کوردی، پەندێکی پێشینانە، { پەڕوباڵ}، بە واتای فەرهەنگیی سیمای < + باڵندەیە > بەڵام لەم بەکارهێنانەدا، ئەم سیمایەی بەزاندووە، پەیوەست بە دەوروبەری دەرەکی مەبەست نەمانی پارە و پوول و سامان و ماڵی دونیایە.

وشەی (باڵ)، لەم دێرە شیعرەدا، بە واتای خوازراو بەکارهاتووە:

**مێرووله که خوا غەزەبی لێ گرت**

**کاتێکت زانی لە پڕ باڵی گرت** (پەندەکانی پیرەمێرد ١٩٩٥:٢٩).

وشەی (باڵ) لێرەدا، بە واتای بنجی بەکارنەهاتووە، لە چوارچێوەی ئاخاوتندا، بە مەبەستی لووتبەرزی لەخۆگۆڕانی کەسێک بەکاردێت.

- **{ ئیشی بە پینە و پەڕۆ، هەر دەگاتە نیوەڕۆ}.**

وشەی < **پینە و پەڕۆ** > وەک میتافۆرێکی ناویی بەکارهاتووە، لە باری واتایی خۆی، کە وەسفکردنی{ جل و بەرگ }ە، بۆ بوارێکی تر گوێزراوەتەوە، دراوەتە پاڵ**{ئیش}**.

**ـ (سەگ، هەر سەگی لە پاش بەجێ دەمینێ.**

**ـ ئەوەی لە مشک بێ جەواڵ ئەدڕی.**

**ـ گورگ و مەڕ بەیەکەوە ناژین.**

**ـ بزن تارەت هەڵناگرێ.**

**ـ هەرچۆنێک بێت، هێستر دایکی ماینە و باوکی کەرە** )، ( هێمن عەبدولحەمید:٢٠١٣:٩٨).

هەریەک لە وشەکانی( **سەگ، مشک، گورگ، بزن، هێستر، ماین، کەر**)، سەر بە کێڵگەی واتایی ئاژەڵن، بەڵام لەم پەندانەی سەرەوەدا، بەهۆی ڕێبازی میتافۆرەوە بۆ کێڵگەی واتایی مرۆڤ گوێزراونەتەوە، هەریەک لە وشەکان، لە گەڵ کردەوەی مرۆڤدا، بەراورد کراون.

**هەندێک لە پەندەکان، بە شێوازی نەرێکردن، گیانلەبەرانی تر بە مرۆڤ دەچوێنن.**

**ـ ئینسان گا نییە، تا دەمرێت لە پێستێکدا بمێنێتەوە.**

**مرۆڤ یەکسان نییە بە گا.**

**ـ دژیەکی: مریشکی ڕەش هێلکەی سپی دەکات.**

**ب ـ  مێتافۆری کرداربەندی:**

ـ چاو لە چاو شەرم دەکا

بەرتیلیش بەرد نەرم دەکا!

< **بەرتیل بەرد نەرم دەکا** > لە جۆری  مێتافۆری کارییە، بەلادان لە شامەرجی چۆنیەتی دەربڕینی مێتافۆرەکە دێتە بەرهەم، ( بەرد) بەرانبەر بە مرۆڤی دڵڕەق بەکارهاتووە.

**ـ  مێتافۆری ئاوەڵناویی:**

ـ هەندێک لە ڕەنگەکان، وەک مێتافۆر لە پەندی پێشیناندا بەکاردێت:

- **بەختم لە هەموو شتێکدا ڕەشە، لە شووتیدا نەبێت سپییە.**

< **ڕەش و سپی**> وەک  مێتافۆر بۆ وەسفکردنی  مێتافۆر بەکارهاتووە ، کە دیاردەیەکی ئەبستراکتە و نابینرێت.

**ـ بڵێ ماست ڕەشە، باوەڕی پێ دەکەم.**

< **ڕەش**> وەک مێتافۆرێکی دژ، بۆ وەسفکردنی  ڕەنگی ماست بەکاردێن.

ـ ماستی سپی ـ ماستی ڕەش

ـ ئاڕەقی  ڕەش و شینی کردووە.

< **ڕەش و شین**>  مێتافۆرە، بۆ وەسفکردنی ئارەق بەکارهاتووە، لە بواری واتایی خۆی پەڕیوەتەوە بۆ بوارێکی تر.

بێجگە لە ڕەنگ، هەندێ لە جۆرەکانی تری ئاوەڵناو، وەک  مێتافۆر، بۆ وەسفکردنی دیاردەی تر بەکاردێن:

ـ تا تاڵی نەنۆشی بیر لە شیرینی ناکەیتەوە.

(( تاوانبار دەرچوو لە تافی دەوا،

بێ تاوان گیرا لە شیرین خەوا)) ( عەلی شارەزووری:١٩٨٠: ٦٠).

وشەکانی < تاڵی، شیرینی >، خاوەنی سیمای واتایی < + بەرجەستە، + تام ، + هەست> ن، بەڵام لەم بەکارهێنانەیاندا، ئەم سیمایەیان بەزاندووە، بە واتای فیزیکی بەکارنەهاتوون:

ـ شیرینی شەکر ـ شیرینی خەو.

## ئەنجامەکان:

گرینگترین ئەنجامەکانی تویژینەوەکەمان لەم خالانەی خوارەوەدا دەخەینە ڕوو:

١ ــ میتافۆر دیاردەیەکی زمانییە و لە ئاستی پڕاگماتیک و سەرووی ڕیزبوونی کەرەسەکانی ڕستەوە لیکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ دەکریت، بەڵکو لە دەوروبەرو بوارو سیاقی بەکارهینانیدا لە واتای وشە و دەربڕینە میتافۆرییەکان تیدەگەین.

٢ ــ تا سەردەمیکی دوورودریژ ئەو تیڕوانینە زاڵبوو کە میتافۆری لە ناو ئەدەبەوە دەبینی، ئاشکرایە کە میتافۆر پەیوەندییەکی قولی بە ئەدەبەوە هەیە، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نایەت کە لە بواری زماندا، نەتوانین لیکۆڵینەوە لەو بارەوە بکەین، ئیستا بە پیچەوانەوە میتافۆر بە بابەتیکی زمانەوانی دادەنریت و لە ناو لیکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا تیشکیکی زۆری خراوەتە سەر.

٣ ــ زمان بە بەردەوامی لە گۆڕان و نویبوونەوە دایە، کەرەستەی نویٚ و دەربڕینی نویٚ پەیدا دەکات، میتافۆریش لەو جۆرەیە، زمانی کوردی لەم سەردەمەی ئیستادا، گۆڕانیکی گەورەی بە سەرداهاتووە، بەکارهینانی وشەیە بۆ بواریکی تر لەو بوارەی کە بۆی دانراوە، بە واتایەکی تر لە واتای فەرهەنگیی وشەکان ، پیویستە زمان لەگەڵ کات و شوین و سەردەمدا خۆی بگونجینیت، هەروەک چۆن بوونەوەرە زیندووەکان، لەگەڵ ژینگە و دەوروبەردا بە مەبەستی پەرەسەندن خۆیان دەگونجینن.

٤ ــ واتای وشە بە جیگیریی نامینیتەوە و بە پیی دەوروبەری جیاواز واتاکەی دەگۆڕیت، بۆیە هەندیک زمانەوان پییان وایە، واتای فەرهەنگی لە بنچینەدا، فرەواتایە، ئەمەش وادەکات هەر وشەیەک جگە لە چەقیکی واتایی، چەند واتایەکی تریش وەربگریت، کە ڕیگایەکە بۆ دروستبوونی میتافۆر، لە بەکارهیناندا، بەپیی کات و شوین و بۆنە و جۆری پەیوەندییەکان، دەتوانین واتای میتافۆری بە زۆربەی دەربڕینەکانی زمان بدەین، هەربۆیە زۆربەی کات لیکدانەوەی میتافۆر لە دەوروبەردا سەرکەوتوو دەبیت.

٥ ــ بەهۆی ئەوەی لە میتافۆردا، گواستنەوەی واتایی هەیە و وشە بە واتای نا ڕاستەوخۆ بەکاردەهێندرێت، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەو ئەنجامە گەیشتووین، کە دیاردەکانی وەک: درکە و ئیدیۆم و فرەواتاش پەیوەندییان بە میتافۆرەوە هەیە و بە واتای ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێندرێن ، بۆنموونە: ئیدیەم دارشتەیەکە و لە فەرهەنگی زماندا، پێکهاتەیەکی ئامادەکراوە، بەڵام واتاکەی لە واتای ڕاستەوخۆی کەرەستە و دەربڕینەکانەوە نایەت، درێژ، ئاوەڵناوێکە و بە واتای بنجی بۆ پێوانە بەکاردێت، بەڵام لە دەربڕینی (زمان درێژ) دا، ئەم سیمایەی بەزاندووە.

٦ ـ زمان و پەرەسەندن، پەیوەندییەکی بە تینیان بەیەکەوە هەیە، بەبێ زمانێکی دەوڵەمەند و پەرەسەندوو، ناتوانین دەربڕین، لە بوارەکانی تەکنۆلۆژی و پێشکەوتن بکەین، لە هەمان کاتیشدا، پێشکەوتنی ژیان هۆکارێکە، بۆ ئەوەی واتا و چەمکی تازە بکەوێتە ناو زمانەوە و بەهۆیەوە دەربڕین لە دیاردە نوێیەکان بکەین.

٧ ــ هەرچەندە هەندێک میتافۆری هابەش لە نێوان زمانەکاندا هەیە، بەڵام دروستبوونی میتافۆر، پەیوەندی بە کات و شوێن و قۆناغ و سەردەمەوە هەیە، شێوازو چەندییەتیەکەی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت و جیاوازە، لە لایەکی ترەوە، بۆی هەیە، بەهۆی پەیوەندی و کاریگەری نێوان زمانەکان لە گەڵ یەکتریدا و لە ڕێگای وەرگێڕانەوە هەندێ میتافۆر لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بپەڕێتەوە، زمانی کوردیش سوودی لەم ڕێگایە وەرگرتووە ، بە هۆیەوە فەرهەنگی زمانەکەی دەوڵەمەند بووە.

٨ ـ دروستبوونی میتافۆر، پەیوەندی بە دابونەریت و کلتوور و جۆری بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئەو کۆمەڵگایەوە هەیە، کە تێیدا دێتە کایەوە، وشە بە پێی جۆری کۆمەڵگا، چەند سیماو پێکهاتەیەکی واتایی بارکراو وەردەگرێت.کە مەرج نییە لە کۆمەڵگایەکی تر بە هەمان شێوە بێت.

٩ ــ زمان بەمەبەستی پاراستنی سیستەمەکەی، چەند کۆتێک لە سەر قسەکەر ان دادەنێت، وەک کۆتی ڕێزمانی و کۆمەڵایەتی و واتایی، لەگەڵ

ئەو پەیوەنـــدییەی کە لە نێــوان پەرەســـەندن و کــۆتە زمانییەکانــدا هەیە، وشەکان چەند کۆتێکی واتایی دەبەزێنن، واتا لە بوارێکەوە دەگوێزرێتەوە بـۆ بــوارێکی تــر، کە ئەمەش بە هەنگاوێـک بـۆ دروســتبوونی مێتــافۆر دادەندرێت.

١٠ ــ زمـان بە پـلەی یەکەم بـۆ واتـا نییە، بەڵکـو بـۆ هەڵسـوکەوت و بەڕێــوەبردنی کاروبــارو مــامەڵەکردن لەگەڵ بوونەکــانە (الموجــودات)، ڕێککەوتنی کۆمەڵە بۆ ناونـان و هێماکردن، توانـای گەلە بۆ داهێنـان و بەر ڕۆشنایی دانی دیاردەکان.

١١ ـ هێما و ئاماژە  مێتافۆرییەکان، ئەرکەکانیـان لە چوارچێوەی سیاق و دەوروبەردا دەردەکەوێــت و شــیدەکرێتەوە، تەنــانەت ئەگەر نەتــوانین، واتـای هەنـدێ وشـە و دەسـتەواژە لێکبـدەینەوە، چوارچێـوەی بەکارهێنـان، واتـاکە ڕوون دەکـاتەوە، بەکارهێنـانی مێتـافۆریش لە دەقـدا، پەیوەسـتە بە جـوانی دەربـڕین و راکێشـانی سـەرنج و کـاریگەری دروسـتکردن لە سـەر بەرانبەر، دەربڕینە  مێتافۆرییەکانی دەق، پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە و بە هۆکارێـــک دادەنـــدرێن، بـــۆ ئەوەی زمـــان دەوڵەمەنـــد بـــکەن، لە لێکۆڵینەوەکەمانــدا، بەوئەنجــامە گەیشــتووین، کە زۆربەی بەکارهێنـــانە مێتافۆرییەکـانی دەق، کاریگەریـان بـۆ سـەر ئاسـتی چەمـک و بیرکـردنەوە هەیە، بۆی هەیە بە تێپەڕ بوونی کات ببن، بە بەشێک لە فەرهەنگی زمان.

١٢ ـ لە دەقی شیعریدا، مێتافۆر بە ڕادەیەکی زۆر بەکار دەهێندرێت، کە ئەمەش کـاریگەری بـۆ سـەر ئاسـتی واتـا و فەرهەنگـی زمـان دەبێـت، لە بەرئەوەی زۆربەی ئەو مێتافۆرانەی کە لە شیعردا بەکاردێن، بۆی هەیە لە سەرەتادا تـارادەیەک نـامۆ بن، بەڵام بە تێپەڕبوونی کـات و وەرگرتنیـان لە لایەن ئاخێوەرانەوە دەشێ بکەونە ناو زمانەکەوە و دەوڵەمەندی بکەن.

١٣ ــ لە دەقــی چیـرۆک و وتــاری ڕۆژنـامەدا، دەربڕینــی مێتــافۆریی بەرچاودەکەوێـت، هەنـدێک لە ناونیشـانی دەقەکـانیش بە  مێتـافۆر دەسـت پێدەکەن، کە کاریگەری بۆ سەر دەوڵەمەند بـوونی ئاسـتی واتـا و فەرهەنـگ هەیە.

ئەدەبی تەنز، لە بەکارهێنانی مێتافۆردا، دەوڵەمەندە لەگەڵ ئەوەدا، زۆربەی دەربڕینە زمانییەکان لە سەر بنەمای لێکنەچوون پێکهاتوون.

١٤ ـ لەدایکبوونی وشەی نوێ، دەربڕینی نوێ، زاراوەی نوێ. جۆری یەکەم: پەیوەندی بە ژیان و مردنی وشە یان وشەی سست و چالاک، وشەی وەرگیراو و خواستن لە زمانانی ترەوە هەیە، هەروەها بەکارهێنانی وشە بە واتایەکی تر و بوارێکی دیکە، لەو واتا و بوارە بنجییەی کە بۆی دانراوە، هەروەها ئەو سیاقە زمانیی و نازمانیانەی، کە لە بەکارهێناندا، کار لە واتا و چەمکی وشەکانی زمان دەکەن. بەڵام دەربڕین بە ڕستە، پەیوەندیی بە بارودۆخی قسەکەرەوە هەیە لە دەربڕینی مەبەستە زمانییەکانیدا، بە شێوەیەکی گشتی و تایبەتی، لە ڕووی خودیی و بابەتی، هەستی و هزریی، سۆز و زانیاریەکانەوە. هەرسێ بواری لەدایکبوون، پەیوەندیی بە قسەکەر ی زمان و پلانیی زمانییەوە هەیە.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: بە زمانی کوردی

ـ ئارام سالْح، ئەوین ژەن ـ شیعر، چاپخانەی زانا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٣.

ـ ئاسۆ عەلی فەرەج، هەر دەستپێشخەرییەکی دیکە بێتە ئاراوە دەچێتە ژێر دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی کوردستان، ڕووداوەکانی ڕۆژ، ڕۆژنامەی خەبات، پێنج شەممە ١٦ / ٦ / ٢٠١١ ژمارە ( ٣٨٠٠).

ـ ئاڤێستا کەمال مەحمود، پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

ـ ئاوات ئەحمەد، خەیاڵ و ڕۆح، چەند تێڕوانینێک بۆ شیعری کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی , ٢٠٠٤.

ـ ئەکبەر حەسەن، مەرگ بۆ تۆپی پێ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، ڕۆژنامەی چاودێر، ڕەخنەی چاودێر، ژمارە (٢٩٧)، دووشەممە، ٢٣/ ١/ ٢٠١٣.

ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف (د.)، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د.)، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی بەغدا، ١٩٧٧.

ـ ئەوڕەحمانی حاجی مارف (د.)، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (( دەستەی کورد))، بەرگی پازدەهەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٦.

ـ ئەورەحمانی حاجی مارف (د.)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی، سلێمانی ٢٠٠٤.

ـ ئەنوەر مەسیفی، جارێکی تر خۆرباران، کۆواری شین، ژ ١٥، هەولێر، (٢٠٠٥).

- ئومێد موحسن حمه ئەمین، بانێک و دوو هەوا، ڕۆژنامەی هاووڵاتی، ژمارە (٨٥٤), یەکشەممە، ٢٢ /٧ / ٢٠١٢.

- باباڕەسول نوری ڕەسول، شیکردنەوەی دەق، نوکتە بە نموونە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٣.

ــ بـابەک ئەحـمەد، و:مەسـعودبابایی، پێکهـاتە و ڕاڤەی دەق، کتێبـی دووهەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر , ٢٠٠٠٥.

ــ بـارگەی یـاران، سـەرجەمی شـیعری هـێمن، دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.

- بەرزان مەلا تەها، ئەدەبی فەلسەفی، هەفتەنامەی هاووڵاتی، ژ (٣٢٥)، چوارشەمە، ٩/٥/ ٢٠٠٧.

ــ بەسـام قطـوس، و: مـحەمەد تاتـانی، دەروازەیەک بـۆ میتۆدەکـانی رەخنەی هـاوچەرخ، پێداچوونەوەی هشـیار زەکـی، شـڤان، چـاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١.

ــ بەکـر عـومەر عەلـی، میتـافۆر لە ڕواگەی زمـانەوانییەوە، (نـامەی دکتۆرا)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.

- بەکر عومەر عەلی، ئازاد ئەحمەد حسەین، دەوروبەری زمانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B) ، ژمارە(٢٤).

- پەخشـان عەلـی ئەحمەد، شێوازی شـیعری گۆران، (نـامەی ماسـتەر)، کۆلێجی زمان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٧.

- پیتەر هالبێرگ و دانەرانی تر، ئامادەکردن و وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠.

- پەنـدەکانی پیرەمێـرد، کـۆکردنەوە و سـاغکردنەوەی (فـائق هۆشـیار، مستەفا سالح کەریم، محمود ئەحمەد محەمەد، محمد نوری توفیق، ئەحمەد زرنگ)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا، ١٩٩٥.

ـ تەها فەیزی زادە، فەرهەنگی وشە دووانەکانی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی، ورمێ، ١٣٦٧ی هەتاوی.

ـ تریفە عومەر ئەحمەد، مەبەستی پراگماتیکیی لە وتاردا، (نامەی ماستەر) زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٨.
ـ تریفە عومەر ئەحمەد، پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی، (تێزی دکتۆرا)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
ـ جەلال مەحمود، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٠.
ــ جەمال حسێن، مەساجی سیاسی، مانشێت، رۆژنامەی چاودێر، سلێمانی، کوردستان، ژمارە (٢٥٢) دوشەممە ١٩ ١٢ ٢٠١١.
ــ جەمال عەبدول، بەرکولێکی زانستە زاراوەسازیی کوردی ، یەکەم چاپ ، قەشەنگ، سلێمانی، ٢٠٠١.
ــ جەمال عەبدول، بەرکولێکی زاراوەسازیی کوردی، دووەم چاپ، کوردستان ــ هەولێر، ٢٠٠٨.
ــ حەمە سەعید حەسەن، ئەو پەیڤانەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن ــ شیعر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
ــ حەمید عەزیز، لۆجیکی ئەرستۆ، دەزگای موکریان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٩.
ــ حەمید ڕەشاش، پەندی کوردی، هەولێر، ٢٠١٠، چاپی یەکەم، چاپخانەی سپیرێز, دهۆک، ٢٠١٠.
ــ حسێن یەعقوبی، و:ئیسماعیل زارعی، زمان و وەرگێڕان و پەیوەندی کولتوورەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧ .
ـ حوسێن محمد عزیز، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠٠٥.
ــ خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو، بەرکار لە زمانی کوردیدا بە پێی ڕێبازی فۆڕمی چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.
ــ دەریا جەمال حەوێز، وێنەی ڕوونبێژی لە دیوانی (شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات)ی قوبادی جەلی زادە، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨.
ـ دڵشاد مەریوانی، کۆبەرهەم، ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

ــ دلێر صادق کانەبی، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، نامەی ماستەر، چاپخانەی. خانی (دهۆک)، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

ـــ دیار عەلی کەمال، گوتاری سیاسی کوردی لە ڕوانگەی پێشگریمانەوە، (نامەی دکتۆرا)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان، هەولێر، ٢٠٠٩.

ـ دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا ەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عبدالکریم ; پێداچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم، کوردستان، سنە، دووەم چاپ، ١٣٧٩ە.

ــ دیوانی نالی، عەبدولکەریمی مودەریس، چ١، پیتچنی ئاشنا، سنە، ١٣٨٨ە.

ـ رەحیم قادر سورخی، ڕۆڵی واتا لە پرۆسیسی پێوەندییە گشتیەکاندا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ، ٢٠٠٥.

ــ ڕۆژان نوری، لادانی واتایی لە شعرێکی هاوژین صلێوەدا، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە(١٠٨ ) ، کۆیە، ٢٠١١.

ــ ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (١٠٦٠)، یەکشەممەی(٥)ی حوزەیرانن، ٢٠١١ .

ـ زریان خەتاب، ئەو هونەرمەندەی گەردەلوولێکی هەڵگیرساند، خەڵاتی ریزلێنانی وەرگرت، رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیستەم، ژمارە (٥٤٩٧)، یەکشەممە،ژمارە ٦٥ ـ٢٠١١.

ـ ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ڕامان، ژمارە ٦٦، (٥)ی کانوونی یەکەم، ٢٠٠١.

ــ سازان ڕەزا موعین، واتا و دەوروبەر، (نامەی ماستەر)، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، (٢٠٠٥).

ـ سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠ـ ١٩٩١)دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

ـــ سەفین ئیسماعیل، رۆژنامەی چاودێر، ساڵی بیستەم، ژمارە (٣٥٣) دوشەممە ٢٦ ١٢ /٢٠١١.

ـــ سەلام ناوخۆش بەکر، زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانناسیی کوردی)کۆمەڵە لیکۆڵینەوەیەکی زمانناسی یە، لەبڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، چاپخانەی (ئەژین)، هەولێر، ٢٠٠٤.

ـ سەلام ناوخۆش، زمانناسی، سەنتەری روناکبیری هەتاو، ژمارە ، ژمارە (٤٣)، هەولێر ٢٠٠٨.

ـ شەفیقی حاجی خدر، عیراقی نۆژەن)٦ ( ـــ سنووری جیوە ئاسا، رۆژنامەی ئاسۆ ـ بیرورا، ژمارە ( ١٢٤٧) چوارشەممە ٢٣ / ٦ / ٢٠١٠.

ـ شێرکۆ بابان (د.)، رێزمانی پاشگری دووپا تیی ((ەوە))، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، چاپیەکەم، ٢٠٠١.

ـ شێرکۆ بێکەس، ڕووبار، لە بڵاوکراوەکانی ئەمینداریەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی علاء، ١٩٨٤.

ـ شێرکۆ بێکەس، دەربەندی پەپوولە ـ قەسیدەیەکی درێژە، ستۆکهۆڵم، ١٩٩١.

ـــ شێرکۆ بێکەس، ژن و باران ب (١)، چاپخانەی ئۆفیستی دلێر، سلێمانی، ٢٠٠٠.

ـــ شێرکۆ بێکەس، ڕەنگدان ـ قەسیدەی درێژ، چ (١) چاپخانەی خاک، سلێمانی، ٢٠٠١.

ـ شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، ب (٢)، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی ٢٠٠٢.

ـ شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، ( ب ٣) ، (چ ٢) ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٢.

ــ شێرکۆ بێکەس، خۆم ئەو وەختەی باڵندەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
ــ شێرکۆ بێکەس، پرۆژەی گشتی دانسقە (٢)، سەنتەری چاپ و پەخشی نما، ٢٠٠٢.
ــ شێرکۆ بێکەس، پاییزە میوان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
ــ شێرکۆ بێکەس، ئێوە بە خۆشەویستم ئەسپێرن ــ شیعر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
ــ شێرکۆ بێکەس، س ڕووده بەردینەکان، چیرۆکە شیعر یان تێکستێکی والا، دەزگای پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
ــ شێرکۆ بێکەس، کورسی ــ دەقی والا، چ (١)، چاپخانەی تیشک، ٢٠٠٥.
ــ شێرکۆ بێکەس، س ڕووده بەردینەکان، چیرۆکە شیعر یان تێکستێکی والا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
ــ شێرکۆ بێکەس، حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧.
ـ شێرکۆ بێکەس، ڕۆژنامەی چاودێر، ڕەخنەی چاودێر، ژمارە (٦٥)، ١٤ / ٥ / ٢٠٠٧.
ــ شێرکۆ بێکەس، ملوانکە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧.
ـ شێرکۆ بێکەس، زێ و زنە- شیعر، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨، ٥٢٩ ـ ٥٣٠.
ــ شێرکۆ بێکەس، شیعر و پەخشان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.
ــ شێرکۆ بێکەس، هەست ونەست، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.
ـ شێرکۆ عەبدولا، حەزئەکەی نالەبار بێت؟ سیخورمە، ژمارە (٢٠٤ ـ ٢٠٥ ـ ٢٠٦)، ساڵی سیانزەیەم، حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٠.

ـ شێرکۆ بێکەس، خێراکە... مردن خەریکە بگات !، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣.
ــ شێرکۆ عەبدولا، وردە قسەی زل، سیخورمە، ژ ( ٢٠٧)، ساڵی سیانزەیەم، حەمدی، سلێمانی، ٢٠١١.
ـ شاخەوان جەلال فەرەج، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
ـ شێرکۆ عەبدولا، وردە قسەی زل، سیخورمە، ژ ( ٢١٢ ـ ٢١٣ ـ ٢١٤)، حەمدی سلێمانی، ٢٠١١.
ــ شێرکۆ حەمەئەمین قادر، مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماجستێر، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٢.
ــ صباح ڕەشید قادر، هاوبێژی و فرەواتایی لە( گیرەکدا)، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٠ .
ــ طالب حوسین عەلی، فۆنۆلۆجی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا ، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٩.
ــ طالب حوسێن عەلی، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستەو واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٨.
ــ طالب حسین علی، تیۆری سیاقی و شیکردنەوەی واتا لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانستی و مرۆڤایەتی ژمارە (٢٥) زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
ــ طالب حوسێن، چەند تێبینییەک دەربارەی فەرهەنگی کوردی، کۆمەڵێ نووسەر، ژمارەی تایبەت بە سیمیناری فەرهەنگی، نووسەری نوێ، ژمارە (١٩)، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠١.
ـ طالب حسین علی، واتاسازی (چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە)، چاپخانەی رۆژهەلات، چاپی یەکەم هەولێر، ٢٠١١.

ـ عەبدوڵڵا پەشێو، دیوانی دکتۆر عەبدوڵڵا پەشێو ـ بابەت: شیعری نوێ، چاپی یەکەم، ۲۰۰۲.

ـــ عەبدورەحمانی زەبیحی، قامووسی زبانی کوردی، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەیوبی، ورمێ ۱۳٦۷ی هەتاوی.

ـ عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی دووەم، ماردین، هەولێر ۲۰۱۱.

ـ عەبدولواحید موشیر دزەیی، لێکسیکۆلۆجی، زانکۆی سەلاحەدین، ماردین، هەولێر ، چاپی یەکەم، ۲۰۱۱.

ـــ عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا، شەڕی زمان لە پێناو تەئویلکردنی دەقدا، چاپخانەی کارۆ، وەزارەتی رۆشنبیری سلێمانی، ۲۰۱۰.

ـ عبدالله عزیز محمد، گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ۱۹۹۰.

ـ عبد الرحمن محمد ڕمین زەبیحی، قاموسی زمانی کوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا، ۱۹۷۹.

ـ علوانی مغیب، مەلابەختیار و مەلەکردن دژی تەوژم، ، وەرگێڕانی چاودێر، رۆژنامەی چاودێر، ژمارە (۳۳۸)، دووشەممە ٥ ـ۹ ـ ۲۰۱۱.

ـ عەلی تاهیر حسەین، رەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپە یەکەم، سلێمانی، ۲۰۰۸.

ـ عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا، شەڕی زمان لە پێناو تەئویلکردنی دەقدا، چاپخانەی کارۆ، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ۲۰۰۸.

ـ عەبدولوەهاب شێخانی، فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، خانی، هەولێر، ۲۰۰۹.

ـ عەبدوڵلا گۆران، دیوانی گۆران، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ۱۹۸۰.

ـــ عەزیز گەردی(۱۹۷۲)، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغداد.

ــ عەزیــز گەردی، ڕەوانبێــژی لە ئەدەبــی کــوردی دا، بەرگــی دووەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٥.
ـ عەزیز گەردی، (٢٠٠٤) هونەری شیعر، سلێمانی، چاپخانەی گەنج.
ـ عەلی شارەزووری، پەندی پێشینان، هەولێر، ١٩٨٠.
ـ عیماد جەباری و شالاو محەمەد، کۆنترۆڵی هەموو شوێنێکمان پێناکرێت، ڕۆژنامەی هاوولاتی، ژمارە)٨٥٥ ( چوارشەممە ٢٤ / ٧ / ٢٠١٢.
ــ علاءالــدین ســجادی(١٩٧٨)، خۆشــخوانی(گوزارەکاری. ڕەوانکــاری. جوانکاری)، چاپخانەی مەعارف،بەغداد.
ــ فەرهــاد پیربــاڵ، ســەرجەم بەرهەمە شــیعرییەکانم، چاپخــانەی پــاک، هەولێر، ٢٠٠٧.
ـ فەرهاد پیرباڵ، خەوننامەی فەرهاد پیربـاڵ / ٢٧ پـارچە ئێسـقان، مـاڵی شەرەف خانی بەتلیسی، هەولێر ، ٢٠٠٩.
ــ فازیـل شــەوڕۆ، کۆترێـک لە ئـاگر، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی شــەهاب، هەولێر، ٢٠١١.
ـ فاروق عومەر صدیق، لە دایکبوونی وشە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١١.
ـ قەیس کاکل تۆفیق، پەیوەندییەکانی نێو دەق،( نامەی ماستەر)، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٢.
ــ قوبـادی جەلـی زادە، شــەهید بە تەنیـا پیاســە دەکـات، دیـوانە شـیعر (١)، چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥.
ـ کارزان عوسمان عەلـی، پەنـدە باوەکـان، چـاپی یەکەم، سـلێمانی، لە بڵاوکراوەکـانی خـانەی چـاپ و پەخشـی ڕێنمـا، چـاپە مەنـی گەنـج، سـلێمانی ٢٠٠٩.
ـ کاروان عومەر قادر، سیسـتەمی درکپێکردن وەک بنەمایـەکی ڕێزمـانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە (٢٤).
ــ کلۆد جێرمـان، ریمـۆ لۆبلان، و: یوسـف شـەریف سـەعید، چاپخـانەی وەزارەتی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

ــ کامـل حەســەن بەسـیر(د.) ، زاراوەی کـوردی، زانکـۆی سـلێمانی، سلێمانی، ١٩٧٩.

ـ کامل حەسەن بەسیر، زانستی ئاوەڵواتا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨١.

ـ کەمال، محەمەد (٢٠٢٠)، فەلسەفەی ئەزموونگەرایی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

ـ کەمال مەعروف، ئەدەبیاتی کلاسیکی نوێخوازی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ژین ، ٢٠٠٣.

ــ کەمریێ، جێرید دایەمەند، دەوگ واڵن، ک.دەیڤید هاریسن، و: کامیل محەمەد قەرەداغی، زمان، چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، وەزارەتی رۆشنبیری بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٧.

ــ کەوسەر عەزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازیی کوردی، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٠.

ــ کریستین نۆردنستام، و:غازی عەلی خورشید، زمان لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە، رەنج، سلێمان، ٢٠٠٩.

ــ گیو موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، چاپی یەکەمین، چاپخانەی کوردستان، هەولێر،١٩٦١.

ــ لەتیف هەڵمەت، دیوانی لەتیف هەڵمەت، ، چاپی دووەم بەرگی یەکەم:سلێمانی، ٢٠٠٥.

ــ لوقمان رەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، چ ١، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

ـ ماجید نوری، گەشتەکانی تێڕوانین، دەروازەیەک بۆ بەرهەمهێنانی زمانی بینراو.

ــ محەمەدی مەحوی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١)، ٢٠٠٠.

ــ محەمەدی مەحوی، مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی، زنجیرە چاپکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، ٢٠٠٤.

ــ محەمەد ێالح ئیبراهیمی، گەنجینەی فەرهەنگ و زانین، چاپ اول، چاپخانە خۆشرنگ، تهران ١٣٧١.

ـ محەمەدی کوڕی مەلا عوسمانی بالخی، دەقی دیوانی مەحوی، بە پێی دەقی نوسخەکەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، کوردستان، ١٣٨٥ ە.

ــ محەمەد مەعروف فەتاح، دیسان ئیدیەم ــ پێداچوونەوەیەک لەبەر ڕۆشنایی زمانەوانیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی پازدەهەم، بەغدا، ١٩٨٦.

ــ محمد معروف فتاح، زمانەوانی ( سەرەتایەک لە زمانەوانی بە کەرەسەی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، ١٩٨٧.

ـ محەمەدمەعروف فەتاح ، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی ئاداب، مطابع دار الحکمە، هەولێر ، ١٩٩٠.

ـ محمد معروف فتاح، صباح ڕەشید قادر، تیۆری دۆخ لە چوارچێوەی Gb دا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە٦ , ٢٠٠٦.

ــ محەمەد معروف فتاح، صەباح ڕەشید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی چاپخانەی. ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٦

ــ محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی شێروان حسێن خۆشناو، شێروان میرزا قادر، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.

ــ محەمەد ڕەزا باتنی، دەربارەی زمان، وەرگێڕانی: ئاکۆ عەبدوڵڵا کەریم، سلێمانی، زنجیرەی پەنجەرە(٢٠١٥).

ــ مەحمود زامدار، گەردانکردنی ناو لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

ــ مستەفا زەنگەنە، ڕەنگ لە زمانی کوردیدا، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە٢٠٠٠.
ــ مەسعود بارزانی، ئەوەی هەمە بۆ خزمەتکردنی گەلە، بەبێ ئەوە من هیچم نییە، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (١٠٦٠)، ٥ ٦ ٢٠١١.
ـ مەسعود محەمەد، زاراوەسازیی پێوانە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.٢٠١١.
ـ علوانی مغیب، مەلا بەختیارو مەلەکردن دژی تەوژم، ڕۆژنامەی چاودێر ـ تایبەت، ژمارە (٣٣٨) دوشەممە ٥ / ٩ / ٢٠١١.
ـ مەلا عەبدولڕەحمانی بارامی شارەزووری، دیوانی راجی، پێداچوونەوەی
ــ مەسعود محەمەد، ئامادە کردن و ساغکردنەوەی عوسمان دەشتی ئیسماعیل راجی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.
ـ نەسرین فەخری، هەندێ زاراوەو ئیدیۆمەی کوردی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیان لە ڕوویزمانەوە، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، ژمارە (١٩)، زانستگای بەغدا ، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا، ١٩٧٦.
ــ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ڕوانگە و رەخنە، ماناکانی جێندەر، چاودێر، ژمارە ٣٧، دووشەممە ٣ ١ ٢٠١١.
ــ نەوزاد رەفعەت، پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، بەفری گەرم، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
ــ نوزت أحمد عثمان، ڕوونبێژی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ــ بە نموونەی مەلای جەزیری و نالی، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، کانوونی یەکەمی ١٩٩١.
ــ هاوژین صێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.
ـ هاوژین سڵێوە عیسا، مۆسیقای نامۆیی، چاپخانەی کەمال، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٣.

ــ هەژار موکریانی، هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کوردی، فارسی، چاپی یەکەم، سروشت تهران ١٣٦٧ ی هەتاوی.
ـ هێمن عەبدولحەمید شەمس، هەژمونی زمان لەسەر کەسێتیی کورد) پەندی پێشینان بە نمونە (نامەی دکتۆرا)، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە، ٢٠١٣.
ـ هیتلەر ئەحمەد حەمە، وێنەی شیعری لای نالی، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، هەولێر ، ٢٠٠١.
ــ وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
ـ وریا عومەر ئەمین، پیتۆکەکانی زمانەوانی (کۆمەڵە وتار)، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠١١.
ــ یوسف شەریف سەعید، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆرو هەندێ لایەنی ڕستەسازیی کوردی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩.

**دووەم :بە زمانی عەرەبی**

ــ ابراهيم أنيس ( د.)، دلالة الالفاظ، مكتبة الأنجلوالمصرية، القاهرة، ١٩٦٣.
–ابراهيم أنيس ( د.)، دلالة الالفاظ، مكتبة الانجلو المصرية، ط ٥، ١٩٧٦
ـ ابراهيم أنيس ( د.)، دلالة الالفاظ، مكتبة الانجلو المصرية، ط ٥، ١٩٨٤.
ــ ابراهيم أنيس ( د.)، من أسرار البلاغة، مكتبة الانجلو المصرية، الطبعة الثامنة، القاهرة، ٢٠٠٣.
ــ ابراهيم فتحي، معجم المصطلحات الادبية، دار الشرقيات للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٠.
ـ ابراهيم السامرائي ( د.)، التطور اللغوي التاريخي، دار الأندلس، ط٣، بيروت، ١٩٨٣.
ــ ابن جنى (ابو الفتح عثمان): الخصائص، تحقيق محمد على النجار، دار الكتاب العربى بيروت، ١٩٥٥ \ ٢٠٠٠ ( ٣ اجزاء).

ـ ابن عبد اللة شعيب، الميسر فى البلاغة العربية، علم البيان، علم المعانى، علم البديع، دروس و تمارين، دار الهدى، عين مليلة، الجزائر) ب.ت ).
ـ أبى هلال الحسن بن عبداللة بن سهل العسكرى، كتاب الصناعتين(الكتابة و الشعر)، تحقيق: على محمد البجاوى، محمد ابو الفصل ابراهيم، ط١، دار احياء الكتب العربية،مصر، ١٩٥٢.
ـ أحمد حماد ( د.)، عوامل التطور اللغوي، دار الأندلس، بيروت، ١٩٨٣.
ـ أحمد محمد قدور ( د.)، مبادىء اللسانيات، دارالفكر، دمشق و بيروت، ١٩٩٦.
ـ احمد مختار عمر، علم الدلالة، دار العروبة للنشر و التوزيع، الكويت، ١٩٨٢.
ـ أحمد مختار عمر، علم الدلالة، عالم الكتب، ط٣، ١٩٩٢.
ـ احمد مختار عمر، علم الدلالة، عالم الكتب، ط٥، ١٩٩٨.
ـ أحمد مدارس، لسانيات النص( نحو منهج لتحليل الخطاب الشعري )، الطبعة الثانية، عالم الكتب الحديث، اربد ـ الاردن، ٢٠٠.
ـ احمد درويش، نظرية الشعرية، دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع، القاهرة، ٢٠٠٠.
ـ أ حمد مطلوب (د.)، معجم النقد العربى القديم ـ الجزء الثانى (ر– ى)، وزارة الثقافة و الاعلام العراقية بغداد، دار الشؤون الثقافية العامية، ١٩٨٩.
ـ أدب الكاتب، تحقيق و شرح محمد محى الدين عبد الحميد، مطبعة السعادة بمصر، دار الجيل بيروت ، ط٤، ١٣٨٢ هيجرى.
ـ أدونيس، الثابت و المتحول (٣ _ صدمة الحداثة)، دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع، ط٥، ١٩٨٦.
ـ ارسطوالخطابة، ترجمة: عبدارحمن البدوي، دار الشؤن الثقافية، بغداد، الطبعة الثانية، ١٩٨٦.
ـ أندرية، جاك ديشين، استيعاب النصوص و تاليفها، ترجمة هيثم لمع المؤسسةالجامعية للدراسات و النشر و التوزيع _ بيروت _ ١٩٩١.

ــ اوز محمود محمد، الصورة الفنية فى شعر عبدالوهاب البياتى، رسالة ماجستير، كلية لغات، قسم لغة العربية و آدابها، جامعة السليمانية، ١٩٩٩.
ـ أومبيرتو ايكو: التاويل بين السيميائيات و التفكيكية، ترجمة سعيد بنكراد، المركز الثقافى العربى، بيروت، ٢٠٠٠.
ـ بارت، رولان (و الآخرين)، نظرية النص (فى) آفاق التنصية، ترجمة محمد خيرى البقاعى, الهيئةالمصرية العامة للكتاب ـ القاهرة ـ ١٩٩٨.
ــ باودين كريم مولود، البنية الشعرية فة مسرحيات محى الدين زنكنة، دراسة اسلوبية، (رسالة دكتوراه)، جامعة سليمانية، ٢٠٠٧.
ــ بوزبوحة عبدالقادر ، نضرية السياق عند اللغويين و البلاغيين العرب، (رسالة دكتوراه)، جامعة وهران ــ السانيا ــ كلية الاداب و اللغات و الفنون ٢٠١٧.
ــ بسام قطوس و محمد درابسة، اشكالية المصطلح النقدى المعاصر (السيمولوجيا نموذجا) , حوليات جامعة وهران للبحوث الانسانية و العلمية، ١٩٩٥.
ــ بشير امام زكريا، أساسيات علم المنطق، ط١، ٢٠٠١.
ــ بعلبكى (رمزى منير) ، معجم المصطلحات اللغوية (انكليزى _ عربى) (معجم) ، دار العلم للملايين، بيروت ١٩٩٠.
ــ بغورة، الزواوى، أرسطو فى الفلسفة العربية _ الاسلامية، ج١، مؤلف جماعى ، مطبوعات منتورى جامعة قسنطية، الجزائر، ط١، ٢٠٠١.
ــ بول ريكور، الاستعارة و المشكل المركزى للهرمينوطيقا، مجلة الكرمل، العدد ٦٠، ١٩٩٩.
ــ بول ريكور، نظرية التأويل(الخطاب و الفائض المعنى، ت(سعيد الغانمى)، مركز الثقافى العربى، دار البيضاء مغرب، ٢٠٠٦.
ــ بيارغيرو، ترجمة انطوان أبوزيد، علم الدلالة، منشورات عويدات، بيروت، ط١، ١٩٨٦.

ـ بيرس، تصنيف العلامات، ترجمة فريال غزول، ضمن كتاب ((مدخل الى سيميوتيقا))، اشراف سيزا قاسم و نصر ابو زيد، دار الياس العصرية، القاهرة ١٩٨٦.

ـ بيير جير، ترجمة:منذر العياشى، الاسلوب و الاسلوبية، بيروت، ١٩٩٤.

ـ ترنس هوكز، البنيوية و علم الاشارة، ترجمة مجيد المشاطة، بغداد، دار الشؤن الثقافية العامة ، ١٩٨٦.

ـ تودروف، ( تزفيتان ، باختين ( المبدأ الحوارى) ــ ترجمة فخرى صالح الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة، ١٩٩٧.

ـ جابر عصفور (د.)، الصورة الفنية فى التراث النقدى و البلاغى عند العرب، دار البيضاء، المركز الثقافى العربي، بيروت ـ الحمراء، الطبعة الثالثة، ١٩٩٢.

ـــ الجرجانى( على بن محمد بن على الجرجانى)، التعريفات، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٩٠.

ـ جمال حمود، فلسفة اللغة عند لودفيغ فتغنشتاين، الطبعة الأولى، مطابع الدار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٩.

ـ جان كوهن، ترجمة: محمد الولى و محمد المعمرى، بنية اللغة الشعرية، تم نشر هذا الكتاب ضمن سلسلة المعرفة الادبية، دار البيضاء، الطبعة الاولى، ١٩٨٦.

ـ جان مارك فيرى، ترجمة: عمر مهيبل (د.)، فلسفة التواصل، الطبعة الاولى، منشورات الاختلا، المركز الثقافى العربى، لبنان بيروت، ٢٠٠٦.

ــ جورج فندريس، ترجمة: عبد الحميد الدواخلى و محمد القصاص ، اللغة، مكتبة أنجلو لمصرية، بغداد، ، القاهرة، ١٩٥٠.

ـ جورج لايكوف و مارك جونسون، الاستعارات التى نحيا بها، دار التوبقال للنشر، دار البيضاء، ١٩٩٦.

ـ جون لاينز، اللغة و المعنى و السياق، ترجمة:عباس صادق الوهاب، دار الشوؤن الثقافية العامة , ١٩٨٧.

ـ جيرارد و لودال، ترجمة: عبد الرحمن بو علي، السيميائيات او النظرية العلامات، دار الحوار، الطبعة الثانية، ٢٠١١.

ـ حاتم صالح الضامن (د.)، علم اللغة، التعليم العالى، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٩.

ــ حسن ظاظا، كلام العرب (من قضايا اللغة)، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٧٦.

ــ حسين الحاج حسن، أدب العرب فى عصر الجاهلية، الطبعة الثالثة، الؤسسة الجامعية للدراسات النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٩٧.

ـ حسين الأسود، اصول العلاقة بين البلاغة و النقد القديم، مجلة اللغة العربية بدمشق، مجلد(٨١) الجزء (١)، سوريا، ٢٠٠٦.

ـ حلمى خليل، الكلمة، دراسة لغوية ومعجمية، دار المعارف الجامعية، الاسكندرية، ١٩٩٣.

ـ خليل بن ياسر، الترابط النص فى ضوء التحليل اللسانى للخطاب، ط١، دار جرجير للنشر والتوزيع, عمان ـ اردن، ٢٠٠٩.

ـ رابح بوحوش (د.)، اللسانيات و تحليل النصوص، عالم الكتب الحديث، اربد، الأردن، ٢٠٠٩.

ــ رجب عبد الجواد ا برا هيم، دراسات فى الدلالة والمعجم، دار الغريب للطباعة والنشر و التوزيع، القاهرة ٢٠٠١.

ــ رمظان عبد التواب، التطور اللغوي، مظاهره و علله و قوانينه، مكتبة الخانضى، القاهرة، ١٩٨١.

ــ روبير مارتان، ترجمة: عبد القادر المهيرى (د.)، مدخل لفهم اللسانيات، ايبستمولوجيا اولية لمجال علمى، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الا ولى، بيروت، ٢٠٠٧.

ـ روز غريب، تمهيد فى النقد الحديث، ط١، دار المكشوف، بيروت، لبنان، ١٩٧١.

ـ ريكور، بول، من النص الى الفعل، ص:١٠٥ _ ترجمة محمد برادة، حسان بورقية ـ عين الدراسات و البحث الانسانية و الاجتماعية، القاهرة، ٢٠٠١.

ـ ريتشاردز، ايفور، ارمسترونغ، الفلسفة البلاغة، ت:سعيد الغانمى، ناصر الحلاوى، افريقار الشرق، المغرب،٢٠٠٢.

ـ سالم شاكر، مدخل الى علم الدلالة، ترجمة:محمد يحياتن، ديوان المطبوعات الجامعية ، الجزائر، ١٩٩٢.

ـ ستيفن أولمان، دور الكلمة فى اللغة، ترجمة: كمال محمد بشر، الطبعة العاشرة، مكتبة الشباب، ١٩٨٦.

ـ سعيد حسن بحيرى، علم لغة النص المفاهيم و الاتجاهات، الطبعة الاولى مؤسسة المختار، القاهرة، ٢٠٠٤.

ـ سعيد بنكراد، السيميائيات و موضوعها مكناس، المغرب، العدد (١٦)، ١٩٩٨.

ـ سعيد بنكراد، مسالك المعنى الطبعة الاولى، دار الحوار، سورية، ٢٠٠٦.

ـ سمير شريف استيتية، اللسانيات المجال، و الوظيفة، و المنهج، عالم الكتب الحديث، عمان الاردن، الطبعة الثانية ٢٠٠٨.

ـ السيوطى (جلال الدين): ـ الاقتراح فى علم أصول النحو (الاقتراح)، تحقيق و تعليق أحمد محمد قاسم، مطبعة السعادة، القاهرة ١٩٧٦.

ـ شهرزاد بن يونس ـ التغير الدلالي. أسبابة و أشكالة www.lahajat.vanan.net. ١/ ١٢ / ٢٠٠٩.

ـ صابر الحباشة، نوافذ المعنى، عالم الكتب الحديث، الطبعة الاولى، الاردن، ٢٠١٢.

ـ طالب محمد اسماعيل (د.) ، مقدمة لدراسة علم الدلالة، فى ظوء التطبيق القرآنى و النص الشعرى، الطبعة الاولى، دار الكنوز المعرفة العلمية للنشر و التوزيع، الاردن، عمان، ٢٠١٠.

ـ طاهر احمد الملكى، الشعر العربى المعاصر روائعه ومدخل لقراته، مصر، طبع بدار المعارف، ١٩٨٠.

ـ طاهر حمودة، دراسة المعنى عند الاصوليين، الدار الجامعية للطباعة و النشر و التوزيع، الاسكندرية، بدون تأريخ.

ـ عباس محمود العقاد، أشتات المجتمعات فى اللغة والادب، دار المعارف، ط ٥، بدون تأريخ.

ـ عبد السلام المسدى (د.) اللسانيات و اسسها المعرفية، المطبعة العربية، تونس، ١٩٨٦.

ـ عبد السلام المسدى: النواميس اللغوية والظاهرة الاصطلاحية، ص ٢٣، مجلة الفكر العربى المعاصر، عدد ٣٥- ٣١، ١٩٨٤.

ـ عبد السلام المسدى (د.)، الأسلوبية و الأسلوب، دار سعاد الصباح، ط٤، الكويت، ١٩٩٣ .

ـ عزالدين اسماعيل، لغة الادب الحديث، بيروت، ٢٠٠٠.

ـ عبد الفتاح أحمد يوسف، لسانيات الخطاب وأنساق الثقافة( فلسفة المعنى بين نظام الخطاب و شروط الثقافة )، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠١٠.

ـ عبد القاهر الجرجانى – تحقيق (د. محمد رضوان الداية و د. فائز الداية) دلائل الا عجاز، مكتبة \ سعد الدين ط (٢) دمشق – ١٩٦٥.

ـ عبد العزيز عتيق (د.)، علم البديع، دار النهضة العربية، بيروت – لبنان، بدون تأريخ.

ـ عبد القدوس أبو صالح، ديوان ذى الرمة، مؤسسة الايمان، بيروت، الطبعة الثانية، الجزء الثانى، ١٩٨٢.

ـ عبد الملك مرتاض ( د.)، الكتابة من موقع العدم ـ كتاب الرياض (٦١، ٦٢) ـ مؤسسة اليمامة الصحيفة، الرياض ـ ١٩٩٩.

ـ عبد الواسع الحميري، الطبعة الأولى، فى آفاق الكلام و تكلم النص، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠١٠.

ـ عزالدين اسماعيل (د.)، لغة الادب الحديث، بيروت، ٢٠٠٠.

ـ عزالـدين ا سـماعيل (د.)، الأ سـس الجماليـة فـى النقـد العربـى، دار الفكـر، بيروت، ١٩٥٥.

ـ عزمـى اسـلام، مفهـوم المعنـى دراسـة تحليليـة، حوليـات كليـة الأداب، الحولية السادسة، جامعة الكويت، ١٩٨٥.

ـ علـى عبـد الـوافى(د.)، اللغـة والمجتمـع، دار احيـاء الكتـب العربيـة، القـاهرة، ١٩٤٦.

ـ علـى عبدالواحـد وافـى (د.)، علـم اللغـة، دار النهضـةللطبع والنشـر، القـاهرة ، ١٩٨٤.

ـ علـى زويـن، مـنهج البحـث اللغـوى _ دار الشـؤون الثقافيـة العامـة – بغـداد، ١٩٨٦.

ـ علـى القاسـمى (د.)، مقدمـة فـى علـم المصـطلح، الجمهوريـة العراقيـة، دار الشؤون الثقافية و النشر، وزارة الثقافة و الاعلام، بغداد، ١٩٨٥.

ـ عبـد القـادر الفهـرى الفاسـى، اللسـانيات و اللغـة العربيـة، منشـورات عويدات، بيروت ، ط١٩٨٦.١.

ـ علي زوين، منهج البحث اللغوي بين التراث و علـم اللغة الحديث، دار الشوؤن الثقافية العامة ، بغداد، ١٩٨٦.

ـ غازى مختـار طليحـات، فـى علـم اللغـة، دار طلاس للدراسـات و الترجمـة و النشر، الطبعة الثانية، دمشق، ٢٠٠٠.

ـ فيتجنشن لدفيج، رسالة منطقية فلسفية، ترجمة:عزمى اسلام، مكتبـة الانجلـو المصرية، القاهرة، ١٩٦٨.

ـ القزوينى، نجم الدين، تحقيق:مهدى فضل اللة، الشمسية فى القواعد المنطقية، المركز الثقافى العربى، بيروت ، ط١، ١٩٩٨.

ـ قاسم و نصر ابو زيد، دار الياس العصرية، القاهرة، ١٩٨٦.

ـ كامل حسن البصير، بناء الصورة الفنية فـى البيـان العربـى، المجمـع العلمـى العراقى، ١٩٨٧.

ـ مجدى ابراهيم محمد ابراهيم، دراسـات فـى علـم اللغـة، دار العصـاء، سورية ـ دمشق، الطبعة الاولى، ٢٠١٣.

ـ محمد شندول، التطور اللغوى فى العربية الحديثة، المعهد العالى للغات بتونس ـ جامعة قرطاج، اربد ـ الاردن ، ٢٠١٢.
ـ محمد بركات، الدلالة و الحركة، وادي النيل، القاهرة، ٢٠٠٥.
ـ محمد بركات، غواص فى بحر اللغة، الطبعة الأولى مكتبة ابن سينا مطابع العبور الحديثة، الناشر اطلس للنشر و الانتاج، وادى النيل، القاهرة، ٢٠٠٥.
ـ محمد المبارك، فقه اللغة وخصائص العربية، دار الفكر، بيروت، ط٦، ١٩٧٥.
ـ محمد محمد يونس على، وصف اللغة العربية، دراسة حول المعنى وظلال المعنى (طرابلس: منشورات جامعة الفاتح، ١٩٩٣.
ـ محمد محمد يونس على (د.)، مدخل الى اللسانيات، دار الكتب الوطنية، ليبيا، الطبعة الاولى، ٢٠٠٤.
ـ محمد محمد يونس علي ـ نظريات الدلالة، النظرية السياقية (٢٠١٠)ـ www.ta٥atub.com.
محمد داود ـــــ نظرية السياق Contexttheory ـ٢٠١٣ www.mohameddawood.com.
ـ محمد زكى العشماوى، قضايا النقد الادبى و البلاغى، دار الكتاب العربى، القاهرة، ١٩٧٦.
ـ محمد العزام، النص الغائب، منشورات اتحاد الكتب العرب، دمشق، ٢٠٠١.
ـ محمد غاليم الحاج، امعنى و التوافق، عالم الكتب الحديث، اربد ـ الاردن، ٢٠١٠.
ـ محمد فكرى الجزار، العنوان و سيميوطيقا الاتصال الادبى، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة ١٩٩٨.
ـ محمد كريم الكواز، أبحاث فى بلاغة القرآن الكريم، ٢٠٠٦.

ـ محمد على الخولى، معجم علم اللغة النظرى، انكليزى – عربى، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٨٢.
ـ محمد الولى، قضايا شعرية، دار البيضاء، ١٩٨٨.
ـ محمودالسعران (د.)، اللغة و المجتمع، القاهرة، ١٩٦٣.
ـ محمود السعران (د.)، علم اللغة مقدمة للقارىءالعربى، دار الفكر العربي، ط٢، ١٩٩٢.
ـ محمود عكاشة، التحليل اللغوى فى ضوء علم الدلالة، دار النشر للجامعات، مصر، ٢٠٠٥.
ـ محمود فهمى زيدان، فى فلسفة اللغة، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٥.
ـ مخلوف سيد أحمد، اللغة و المعنى، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، الطبعة الاولى، الجزائر، ٢٠١٠.
ـ منذر عياشى(د.)، اللسانيات و الحظارة مساهمة فى علم طرح القظايا و انشاء، الطبعة الاولى، عالم الكتب، ٢٠١٣.
ـ منقور عبد الجليل، علم الدلالة، ممنشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق ٢٠٠١.
ـ ميجان رويلى (د.)، سعيد البازعى، دليل الناقد الادبى، المركز الثقافى العربى، بيروت ط٢، ٢٠٠٠ .
ـ ميلكا افيتش، ترجمة: سعد عبد العزيز مصلوح، وفاء كامل فايد، اتجاهات البحث اللسانى، المجلس الاعلى للثقافة، طبع بالهيئة العامة لشؤن المطابع الأميرية، ٢٠٠٠ .
ـ مهدى صالح السا مرائى (د.)، المجاز فى البلاغة العربية، دار الدعوة، حماه ـ سورية، الطبعة الاولى ، ١٩٧٤.
ـ نور الهدى لوشن(د.)، علم الدلالة (دراسة و تطبيق)، المكتب الجامعى الحديث، الازاريطة ـ الاسكندرية ٢٠٠٦.

ـ هدسن، ترجمة: محمود عبدالغنى عياد، عبدالا مير الاعسم، علم اللغة الاجتماعي، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الاولى، العراق – بغداد، ١٩٨٧.

ـ يحيى الشيخ صالح، شعر الثورة عند مفدى زكريا، الجزائر، ١٩٧٨.

**ـ بە زمانی ئینگلیزی:**

_ Abrams, M.H.& Harpham, G.G., A glossary of literary terms (١٠ ed). Boston, MA: Wadsworth Cengage Learning, (٢٠١٢).

_Adam J.M, Textes types et prototypes , recit , description , explication et dialogue , Nathan ,paris, ٤ edition, ٢٠٠١.

_Aitchison . J, Metaphors, models and language change(٣٩_٥٤), (٢٠٠٤).

_ Chomsky (N): Aspects de I a theorie syntaxique ; trad: j.c M Iner, ed seuil, paris, ١٩٩١.

_ Crystal D. Adictionary of lingustique general , Payot, Paris,١٩٧٢.

_ Crystal D. The cambridge Ensc niversitf language , newyor: combridge university press (١٩٩٧)

.

_Crystal D. Adictionary of lingustics and niversity , ٢nd edition basil black well,Uk, ١٩٨٧.

_Evans,V,&Green,M.Cognitive linguistics: An introduction. Edinburgh: Edinburg University press,(٢٠٠٦).

_ EVANS, V. (Ed.), The structure of time: language, meaning and temproral cognition. John Benjamins publishing, (٢٠٠٣ ).

_ Evans, V, Green. M. (٢٠٠٦). Cognitive linguistics : , An introduction. Edinburg University press.

_ EVANS, V, BERGEN, B AND ZINKEN, J.. The cognitive linguistics enterprise, an onverview. London, Equinox, (٢٠٠٧).

_ Hadot Pirre,Wittgenstein et les Limitesdu Langage , ed.Vrin ,paris, ٢٠٠٥.

_Jon dean foder ,Semantics ,the theory of meaning in ٢ Generative grammar, and New York ,Harvant university Press.١٩٨٢.

_ J.Ells, (( on contextual meaning)). in Bazell and Others (eds). in memory of J.R firth , (Longman.١٩٧٩).

_John lingustic Terms and concepts, macmillan study guid Geoffery- finch.

_ KNOWLES, M. & MOON, R.. Introducing Metaphor. London\New York, NY: Routledge Taylor and francis Group, (٢٠٠٦).

_Lyons Johon. Semantics, Vol, Cambridge - university.Press, ١٩٧٧.

_ Lakoff, G. & Johnson, M. Metaphors We live by, Chicago and London: University of Chicago press, ١٩٨٠.

_MarkJ. Landau, Michael D. Robinson, and Brian P. Meier (٢٠١٤) in The power of metaphor (Ed. By Mark J. Landau, Michael D. Robinson, and Brian p. Meier) American psychological Association.

_Mahmoudian(M):Linguistique fonctionnelle;PUF, paris ,١ ٩٧٩.

_Martinet (A):_ Elements de lingustique general ,٣eme ed. Amand Colin , paris ,١٩٩١.

_ Palmer,F,R ,Semantics A new outline ,Newyork, cambridge University press,١٩٨١.

P.A Seuren, P. A. M., Western Linguistics: An HistoricalIntroduction, Oxford;BlackWell Publishers Ltd ,١٩٩٨.

_ PARTRIDGE E. A Short Etymological Dictionary of Modern English. London: Routledge & Kegan paul.٧, (١٩٨٥).

_ John D. Jump Rhetoric, peter Dixon, The Critical Idiom ,fonder Editor: (١٩٦٩- ١٩٧٦) , Methuen London and new York.

_ Saussure (f.de): cours de lin guistique general ; payot ,pari , ١٩٧٢.

_Stephan C. Levinson ,Pragmatics,cambridge university press,١٩٨٣.

_ Sebstian Lonber , Understiang SEMANTICS ,ARNOLDa member of the hodder Geoup,London, ٢٠٠٢.

.

_Stagaberg, Anintroductory English Grammar , normane.Stagabery, universty of northern, Iowa.
-Schon,D.A.,(١٩٧٩),Generative Metaphor. A perspective on problem setting in Social policy, in A. Ortony(ed) Metaphor and Tought,pp ٤٤-٥٦ Cambridge: Cambridge University Press.

_ Ungerer, F. & Schmid, H.J. An Introduction to Cognitive linguistics ( ٢ nd ed ). United Kingdom: pearson Education, (٢٠٠٦).

-V.J.cook&Mark Newson , Chomskys Universal saunders College Publishing, ١٩٩٧. _ Grammar,seend edition

_ Victoria Fromkin, Robert Rodman Nina Hyams , An Introduction To Language , seventh edition , thmson heinle ,library of congress ,٢٠٠٢.

_Vendrys Joseph ,( Langage Oral
et Langage Par) le Geste en Grammair Psychologis , Paris, ١٩٥٠.

PARTRIDGE E.(١٩٥٨). A SHORT E

## الملخص

البحث سلوا الضوء على ظاهرة الميتافور، و دورها فى اثراء اللغة، و الهدف من هذا البحث هو دراسة أسباب المعانى و ظواهرها، و أسباب تغيير المعنى و تشكيل الميتافور، و استعمال الكلمة بمعنى آخر، فضلا عن المعنى الأصلى للكلمة، و يعزى ذلك الى عدم محدودية المعنى و تطوره، مما يصعب للغة أن تجد لكل مفهوم أو معنى تعبيرا جديدا، و لسد هذه الثغرات اللغوية، استطاعت اللغة أن تنهل من ظاهرة الميتافور، وتعيد تشكيل المعانى فى أصول الكلمات. ان التخلق فى ركب العلم و المعرفة يسبب فى التخلق فى المجالات اللغوية، فحين يبتكر عالم فى مجاله , ويخترع شيئا جديدا حينذاك يحاول أن يجد مصطلحا ملائما له , لذا ان الأمم التى لها ابداعات علمية لديهم ابداعات لغوية ايظا. ان اللغة تأثير كبير فى حياة الانسان ولم تفقد اللغة هذا التأثير طوال العصور الماضية , لا بل بمرور الزمن شهدت اللغة تطورات نوعية كبيرة , حاولت أن تمتد الى مساحات أرحب كى تواكب الظواهر و المستجدات الدخلية على حياة الانسان خلال العصور الصابقة.

فى هذه المرحلة على الدارسين أن يرعوا المجالات اللغوية و يهتموا بإثراء اللغة و ذلك لمواكبة التيارات التقدمية و العلمية فى العالم.

البحث يحتضن ثلاثة فصول رئيسية, و تليها الخاتمة و المقترحات. خصصنا الفصل الأول للميتافور و التغير فى المعنى, عرض فيه أسباب التغير و أشكالها , و التغيرات التى تطرأ على الحياة و تنعكس على اللغة من ثم تغييرالمصطلح و المعنى , و مرور الكلمات و التعابير بممر المعانى , و من حقل دلالى إلى آخر , و هو عامل كبير لتشكيل الميتافور , من ثم عرض لوسائل الاثراء المعجمى للغة , و هناك مجموعة من الطرق تلجأ إليها اللغة الكوردية لإغناء معجمها اللغوى. وإن المتافور إحدى أهم الوسائل فى الكلام اليومى و التعابير اللغوية.أما الفصل الثانى فيدرس ظاهرة الميتافور فى المعجم , لأن الكلمات فى المعجم بمرور الزمن تهب معانى أخرى , مما

يعنى إثراء المفاهيم و المعانى فى اللغة , و يعرض الفصل أنماط السياق و الكودات التى تأخذ اللغة على عاتقها الحفاظ عليها و التكلم بها , مثل الكود

التكوينى والكود المعجمى. و عرض فيه مفاهيم مفادها أن ظاهرة الميتافور فى اللغة فى بعض الأحيان تخسر الكودات.

وفى الفصل الثالث تطرقت الباحثة الى ظاهرة الميتافور فى النص , و بينت فيه أن ظاهرة الميتافور ظاهرة مشهورة ومنتشرة تساهم بصورة كبيرة فى اللغة الكتابة و الكلام. كما أشارت الى بعض الميتافورات المستخدمة فى النص قصد تثبيت المعنى و جمال التعبير. بإمكان هذه الميتافورات و بمرور الزمن أن تجتاز الكلام اليومى و تثرى المعجم اللغوى. فعلى سبيل المثال إن لغة النص الشعرى تفوق لغة الكلام , و كذلك تستخدم الميتافورات فى النص القصصى و النص الصحفى و النصوص الفكاهية.

ختاما فإن البحث يعطى أهمية كبيرة لأجواء التى تعبر فيها الميتافورات المعجم اللغوى و تثريه لوجود علاقة و طيدة تربط اللغة بالأدب.

# Abstract

This study focuses on the phenomenon of metaphor and its role in enriching language. The aim is to explore the semantic factors and phenomena which cause change in meaning and create metaphor i.e. using words with meanings different from their original ones. Since meaning has no limits in language and it is increasing all the Tim, language cannot provide new utterances for all new concepts and meanings. To fill in this gap, language cannot provide new utterance for all new concepts and meanings. To fill in this gap, language can make use of metaphor by using words with new meanings. Lack in advancement in science and technology results in lack of advancement in terminology. New inventions need new terms; thterefore, the nations that make inventions in the field of science are also creativ in terminology. Language plays an important role in human life and its role has been effective throughout history and with the passage of time it has made improvements in quality and has been enriched in order to cope with the successive advancements and changes that have occurred in human life. In its present stage, Kurdish language needs to be enriched in the field terminology in order to be able to cope with the rapid process of advancement.

The study consists of three main chapters followed by results and recommendations.

The first chapter deals with metaphor and semantic change, the factors and types of semantic change, the changes that occur in the different phenomen in life and which are reflected in language resuliting in change in the concepts and meanings. Words and expression undergo semantic change and are transferred from one semantic field to another, a factor leading to the creation of metaphor.The chapter also explores the ways of enrich its vocabullary.There are different ways which Kurdish language resort to in order enrich its vocabulary. One of these is metaphor

which is considerably usedintheDailyconversations and other lingustic cexpression.

he second chapter discusses metaphor in dictionary words. Dictionary word aquir newmeaningwiththepassageof time and this is a way of enriching concepts and meaning in language. The chapter also deals with context and the restriction that language imposes on speakers in order to preserve itself such as morphological and dictionary restrictions can create metaphor. The third chapter explains the use of metaphor. The third chapter explains the use of metaphor in Texts and it generally explains that metaphor is a widespread linguistic phenomenon used In both spoken and written texts.Examplesofmetaphorsused in texts for strengthening meaning and for aesthetic purposes have also been given. These metaphorical usages can be gradually transferred to daily speech and enrich language of conversation and the texts of Stories, journals and humour.what is important about the state where the metaphors enter the language dictionary and enrich it since.  The astrongre lation ship between language and literature.